زمان و زار

ساڵی چوارەم- ژمارە (١٨) (پووشپەڕی -٢٧٢٥) (هاوینی-٢٠٢٥)

گۆڤاڕێکی زمانناسیی وەرزییە

خاوەن ئیمتیاز:
د. تەها ڕەسوڵ

سەرنووسەر:
فەرەیدوون سامان

سەرنووسەری فەخری:
تۆفیق وەهبی بەگ

زمان و زار

بەڕێوەبەری نووسین:

سالم سەلمان کوببەچی

دەستەی راوژێکاری:

د. وریا عومەر ئەمین

د. هۆگر مەحمود

د. مزگین چالی

د.بێستوون حەسەن ئەحمەد

کامران رەحیمی

کۆمەڵگای پەروەردەیی مارگرێت دەری دەکات

بۆ پەیوەندی بە گۆڤاری زمان و زار

fereydunsaman61@gmail.com

00964 750 448 0493

راوێژکاری کارگێڕی:
ئەڤین ئەحمەد

هەڵەگری: داستان شەریف
دیزاین: ئومێد محەمەد
چاپ: ٢٠٢٥
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٥٠٠٠ دینار
چاپ: چاپخانەی پاندا

هەموو ئەو بابەتانەی بڵاوەکرێنەوە:
گوزارشت لە راوبۆچوونی نووسەرەکەی دەکات

پێڕست

- زمانی کوردی و هێژموونی زمانە بیانییەکان.....فەرهێدوون سامان.....٧
- گرێوگۆڵی زمانەوانی و پرسی دروستکردنی.....د. ئیبراهیم حاجی زەڵمی.....٣١
- رێنووس بەیاسا دروست دەکرێت، یاساش بەپێوەر دادەڕێژرێت.....کازم عەباس زەندی.....٤٣
- زمانی نەرم لە پەیوەندی و گوتاردا.....پ.د. عەباس مستەفا عەباس.....٦٥
- هاوواتا لە ئیدیۆمدا.....عەبدولوەهاب شێخانی.....٨١
- لێکەوتەکانی نەبوونی وانەی کوردی لە قوتابخانە ناحکومییەکاندا.....محەمەد سۆران.....٨٧
- فەرهەنگی زارەکیی موکریان، ئینسایکلۆپێدیایەکی ناوچەیی تاقانە.....د. ئەحمەد ئەحمەدیان.....١٠١
- یاسای زمانە فەرمییەکانی نێوان وڵاتانی ئەورووپا و عەرەبی و.....پ.د. کەمال سەعدی مستەفا.....١١٩
زمانکوژی و نکۆڵیکردن لای " دانینگ-کرۆگەر " و هەڵەفەرەکانی کورد.....د. کازیوە سالّح.....١٣١

دۆسیەی ژمارە: زمانی کوردی لە دامەزراوە بازرگانی و گەشتیارییەکاندا

- پەراوێزخستنی زمانی کوردی لە دیمەنی زمانیی کەرتی گەشتیاری و.....م.ی. جیهان یوسف ئەحمەد.....١٥١
- هێمای بازرگانی و ناولێنان لە تابلۆی شوێنکاردا.....پ.د.رۆژان نوری عەبدوللا.....١٩٥
- سیاسەت و پلانی زمانی لە بۆتەی یاسای زمان و رۆڵیان لە.....م. ی. شالاو سالّح حەمەغەریب..٢٤٣
- رۆڵی یاسا لە پاراستن وپێشخستنی زمانی کوردیدا.....پ.د .شۆرش حەسەن.....٢٦٩
- یاسای پاراستنی زمانی کوردی.....سالم سەلمان سلیمان.....٢٧٥
- هەژموونی زمانی و کاریگەری کولتووری تابلۆکانی.....پ.ی.د. ئازاد ئەمین باخەوان...٢٨١
- زمانی کوردی لەنووسینی تابلۆی شوێنە گەشتیارییەکان.....کازم عەباس زەندی.....٢٩٩
- ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان.....ئازاد وەڵەدبەگی.....٣١٣

- قۆناغەکانی دەرچواندن و ئالنگارییەکانی جێبەجێکردنی یاسای.....پ.د.سامان فەوزی عومەر.....٣٤٧
زبانشناختی نام ابیرادوش در کتیبه باستانی کاخ آپادانا(شوش دانیال).....نامدار جابری.....٣٦٩
فاردی نوشتن زبان کردی و تغییرات زبانی.....کمال مولودپوری.....٣٨٣
جەژنەوالّەی خەلّاتی قەلّەمی هەژار.....فەرەیدوون سامان.....٣٩٧

زمانی کوردی و هێژموونی زمانە بیانییەکان

فەرهیدوون سامان

زانایانی زمان، ئەم زمانە کوردییەی ئەمڕۆ کە پتر لە پەنجا ملیۆن کەس پێێ دەدوێت، بە ڕەسەنتر لە فارسیی نوێ دەزانن و بە میراتگری ڕاستەوخۆی زمانی ئاوێستایی دادەنێن، کە ئاوێستا زمانی میدییە باووباپیرەکانی دێرینی ئێمەی کوردن، بە تێپەڕبوونی کات و ئاڵوگۆڕی سروشتی، پرۆسەی تەواوکاری و سادەبوونەوە، گۆڕانکاریی تێیدا ڕوویداوە. ئەوەیش پێداهەڵدان نییە بە شان و شکۆی زمانەکەماندا، ئەوەتا کەسێکی وەکوو (جێمس دارمیستێتەر)ی زانای ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی، زمانی ئاوێستا بە زمانی میدییەکان دەناسێنێت. کە باڤ و کالی کوردانن، لە هەندێک بەڵگەی دۆزراوەی ئەو سەردەمەدا، وشە کوردییە بەکارهێنراوەکانی ئەورۆکە دەقاودەق بەکار بردراون و کەسی کورد بە باشی لێیان تێ دەگات، بۆیە وا دیارە دوو زاری یەک زمان بن، کە زمانی میدییەکانە. کەچی کەسانێکی

ڕەگەزپەرست نەک ئەمەیان پێ هەرس ناکرێت، بگرە ئەو زمانە کۆنە کوردییەی سەردەمی میدییەکان بە (فارسیی کۆن) دەناسێنن و وەک هەڵەیەکیش جێیان لە لای ڕۆژئاواییەکانیش بۆ کردووەتەوە.

لەدوای پەیماننامەی لۆزان و دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوارەوڵەتی نەتەوەییدا، بە دژایەتی کردنی کورد و قەدەغەکردنی ناسنامە و کەلتوورەکەی دەستیان پێکرد، زمانی کوردی کەوتە بەردەم هەژموونی زمان و کەلتووری نەتەوەسەردەست و زمانە بیانییەکان، زمانی کوردییان لە ڕەوشێکی سەخت و نالەباردا هێشتەوە، لە ماوەی سەدەیەکدا بە پلان و ئەجیندای تایبەت کوردی بێ خاوەنیان ڕووبەڕووی جینۆسایدی کەلتووری کردەوە.

هەبوونی کورد وەک گەلێکی جیاواز و ڕەسەن لەسەر خاکی زەوتکراوی نیشتمانی خۆی، دابەشکراو لەنێوان وڵاتانی تورکیا و ئیران و عێراق و سووریادا، کە هەریەکە لەو دەوڵەتانە بەشێک لە نیشتمانەکەی کوردیان بەسەردا بەشکرابوو، ئەوەی ئاشکرا کرد کە دوای سەدەیەک لە بەزۆر پێکەوەژیانی ناچاری، کە مێژووی نەتەوە ستەمدیدەکان خۆیان دووبارە دەکەنەوە و ڕووداوە کارەساتبارەکانی کۆمەڵکوژیی وەک ئەنفال و کۆچبەری و پاکتاوی نەژادی دیسان سەڵماندییەوە کە نەتەوەی سەردەست نەک هەر باوەڕی بە مافە ڕەواکانی کوردی بندەست نییە، بەڵکو پرسی پێکەوەژیان، جگە لە ئەفسانەو درۆیەکی شاخدار هیچیتر نییە، چونکە جیاوازی ئیتنیکی و کەلتووری کورد لەگەڵ کەلتووری ئەو سێ نەتەوە دەوڵەتدارە، کە ناسنامەیەکی جیاوازی ئیتنیکیان لەگەڵ کورددا هەیە، لە ئەنجامدا چەندان ڕاپەڕین و یاخیبوونی شۆرشگێڕانەی بەخۆوە بینی.لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە ئاماژە بەو هۆکار و خاڵە جیاوازانە بکەین کە نەتەوە سەردەست سەبارەت بە هۆکارگەلی دەوڵەتداری مێژوویی و کەلتووری جیاوازی خۆیان کاریگەرییان بەسەر زمان و چاندی کوردەوە هەبووە، بۆیە تێگەیشتن لە بۆچوونە کەلتوورییەکانی نێوان کورد و ئەوانیدی، بریتییە لە ناسین و زانینی باکگراوندی مێژوویی و زمان و دابونەریت و پێکهاتەی کۆمەڵایەتییان، کەم و زۆریش ئەو نەتەوە سەردەستانە هەژموونی داگیرکەرانەیان بەتایبەت لە بواری زماندا، بەسەر زمان و کەلتووری کوردا هەبووە و هەیە، دەکرێت لێرەشدا ئاماژە بەو هۆکاران بکەین کە زمان و فەرهەنگی کوردی کەوتۆتە بەر هەژموونی زمانە بیانییەکان:

-هۆکاری سروشتی و جوگرافی

کوردستان هەرێمێکی جوگرافییە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، هەڵکەوتەی جوگرافی خاکەکەشی کەوتۆتە نێوان سنووری چوار دەوڵەتی تورک و فارس و عەرەب، لەڕووی دیمۆگرافیشەوە زۆرینەی دانیشتووانی ناو ئەو جوگرافیایەیە لە خەڵکی کورد و چەند کەمینەیەکی وەک ئازەری و عەرەب و فارس و تورکمان و کلدان و پێکدێن. کوردستان لە ئێستاشدا لە چوار پارچەی باکوور(ڕۆژهەڵات و باشووری تورکیا)، باشوور(باکووری عێراق)، ڕۆژهەڵات(ڕۆژاوای ئێران)و ڕۆژاوا (باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا) پێکهاتووە. لە مێژوودا کوردستانی سووریش(یەکێتیی سۆڤیەتی جاران) وەکوو بەشێک لە کوردستان هەژمارکراوە. مخابن لەسەردەمی ستالیندا خەڵک و خاکەکەی جینۆسایدکرا، دیارکردنی سنووورەکانی کوردستان یەکێکە لە دۆزە پڕ تەنگ و چەڵەمەکان، چونکە ئەو وڵاتانەی لە خاکی کوردستاندا باڵادەستن وەکوو یەکەیەکی جوگرافی یان نەتەوەیی دان بەبوونی کوردستان نانێن، بەڵکوو بە بەشێک لە مووڵکی خۆیان دەزانن و زیاتر بە ناوچە کوردنشینەکان ناوی دەبەن. بۆیەش لە ڕوانگەی ڕامیارییەوە، هەرێمی کوردستان لە باشووری کوردستاندا و خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژاوا لە ڕۆژاوای کوردستاندا کە دوو حکوومەتی خۆبەڕێوەبەری کوردین، کوردی بۆ خۆی لەم دوو بەشەی نیشتمانداا باڵادەستن، لە ئێراندا ژبلی پارێزگاکانی کوردستان و ئازەربایجانی غەربی و کرماشان و ئیلام و لوڕستان، ناوچە کوردنشینەکانی خۆراسان و مازەندەران و گیلان، هەر بەتەنێ ئوستانی کوردستان بە فەرمی وەکوو پارێزگایەکی کوردی ناسراوە. لە تورکیاش باکووری کوردستان لەلایەن دەوڵتی تورکەوە بە فەرمی نەناسراوە و ناوی کوردستان لە تورکیا نایاساییە.

وەک ئەوەی لە زانستنامەی بریتانیادا نووسراوە، ڕووبەری کوردستان نزیکەی ۱۹۰،۰۰۰ کیلۆمەتری چوارگۆشە دەبێت وەک «زانستنامەی ئیسلام» دەڵێت، لەڕووبەری ۳۹۲،۰۰۰ کیلۆمەتری چوارگۆشە، ۱۹۲،۰۰۰کیلۆمەتری لە تورکیا، ۱۲۵،۰۰۰کیلۆمەتری لە ئێران و ٦٥۰۰۰ کیلۆمەتری لە عێراق و ۱۲،۰۰۰ لە سووریادایە. کوردستان لە ئێراندا پارێزگای کوردستان و زۆربەی پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژاوا، کرماشان، ئیلام و لوڕستانی لە خۆدەگرێت. کوردستان لە عێراقدا بە شەش بەش بەشکراوە، سێ لەوانە و بەشێک لەوانی دیکەش ئێستا لەژێر

دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندایە. کوردستانی سووریا لە ڕۆژهەڵاتی ئەم وڵاتەدایە و بەشێکی زۆری کەوتووەتە پارێزگای حەسەکە. شارە گەورەکانی ئەم بەشە قامیشلۆ و حەسەکەن.

لە سەردەمی کۆندا لەم ناوچەیەدا هۆزەکانی گۆتی، هووری، ماننا‌کان و مادەکان ژیاون. ژینگەی سەرەکی هۆزی ماننا‌کان باشوور و ڕۆژهەڵاتی زەریاچەی ورمێ بووە، و دەتوانین بڵێین ناوچەی قەڵایچی لە دەوارندەوری ئێستای شاری بۆکان. لە سەردەمی داریووشی سێیەم و ئەسکەندەر، مادەکان هاتنە ژێر فەرمانی پارسەکانەوە.

اشایەتی کاردۆخ (کاردۆکان)

کۆنترین بەڵگەیەک کە بەکارهێنانی ناوی کوردستان تێیدا دەسەلمێنێت، دەقێکی میژوویی ئەرمەنییە، کەسێک بە ناوی matteos urhayci نووسیوە. ئەو باسی شەڕێک دەکات و دەڵێ کە لە شوێنێک نزیکی شاری ئامەد لە ١٠٦٢ لە کوردستان ڕوو دەدات، بەڵگەی دووەم پەراوێزێکە لە ئینجیلێکی دەستنووسی ئەرمەنی کە لە ١٢٠٠ی زایینیدا نووسراوە. سێیەم بەڵگەی بەکارهێنانی وشەی کوردستان، لە نوزهات ئەلقلوب حەمدوڵڵا موستەوفی (١٣٤٠ی زایینی) بینراوە.

نەخشەی کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی

لە سەدەی ١٦ی زایینیدا، دوای شەڕی خاچهەڵگرەکان، کوردستان لەنێوان سەفەوییەکان و عوسمانییەکاندا بەشکرا. پڕۆسەی دابەشکردنی کوردستان، دوابەدوای شەڕی چاڵدێران لە ١٥١٤ی زایینیدا ڕوویدا کە دواتر تەنها بە ڕواڵەت، لە گرێبەستی (سەرپۆل زەهاو، قەسرشیرین) لە ساڵی ١٦٣٩دا بە فەرمی کرا. لەکاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، زۆربەی کورد لە پارێزگای کوردستان و لەسەر سنووری عوسمانییەکان بوون. دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتوری عوسمانی، هێزە یەکگرتووکان واتە وڵاتانی: فەڕەنسا، بەریتانیا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئیتالیا و ژاپۆن، بڕیاریاندا لەسەر سنووری پێشووی عوسمانی، چەند وڵاتێکی نوێ دامەزرێنن. بەپێی پەیمانی سێڤر، کوردستان و ئەرمەنستانیش یەکێک بوون لەم وڵاتانە. دوای داگیرکردنەوەی ناوچەکە لەلایەن هێزەکانی ئاتاتورک، هێزە یەکگرتووکان لە پەیمانی لۆزاندا ڕێککەوتن و سنووری نوێیەکانی کۆماری تورکیا

دیارکرا و کوردەکان بێ ناوچەیەکی سەربەخۆ مانەوە. بەشێکی لە ناوچە کوردنشینەکان کەوتە ناو سنووری نوێی تورکیاوە و بەشێکی دیکەی لکێندرا بە سووریا و عێراق کە لەژێر دەسەڵاتی فەڕانسا و بەریتانیادا بوون.

هۆکاری ئایینی و ئایدۆلۆژی

عەرەب بە حوکمی ئەوەی دوای هاتنی لەشکری ئیسلام بۆ ناوچەکانی کوردستان، دوای بەرخودان و قوربانی زۆری کورد و تێکەڵبوونیان بە کۆمەڵگای ئیسلامی لە ڕێگای ئایینە تازەکەیاندا، لەعێراق و سووریادا کە خاوەن ئایدۆلۆژیایەکی ئایینین و بە شێوەیەکی سەرەکی بە زمانی عەرەبی قسە دەکەن، واتە زمانێکی هاوبەش و کلتورێکی یەکگرتوو لەنێوانیاندا هەیە، سەدان ساڵیشە خاوەنی دامەزراوەی دەوڵەتن، هەروەها فارسەکان کە لە ڕووی کەلتووری و مێژوویییەوە لەگەڵ کورد تا ڕادەیەک هاوبەشن، بوونیان لە وڵاتانی ئێران و تاجیکستان و بەشێک ئەفغانستان و ئۆزبەکستاندا قوڵاییەکی مێژوویی زمان و فەرهەنگێکی دێرینیان هەیە، کاریگەرییان بەسەر کەلتووری کوردیدا هەیە، هەروەها تورک زمان و کەلتووری جیاوازیان لە وڵاتانی تورکیا و ئازەربایجان و بەشێک لە تورکزمانەکانی ئاسیای ناڤین هەیە، هەمان جومگەکانی دەسەڵاتی زمان و کەلتووری خۆیان هەیە. بەرامبەر بەوە کورد لە ماوەی پێنجسەدەی ڕابردوو دوای پەیماننامەی چالدێران زۆربەی دەوڵەت و میرنشینەکانی خۆی لەدەستدا، سەرباری تایبەتمەندێتی زمان و کەلتووری تایبەتەکەی خۆی، بەڵام لەچاو نەتەوە دراوسێیەکانیدا لە پاشەکشێدا بووە، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو توانەوە و کۆمەڵکوژیەشدا ناسنامەو زمان و کەلتوورەکەی خۆی بە زیندوویی پاراستووە.

ئایینی کوردان کە زۆرینەیان موسڵمانن(سوونەو شیعەن). لەگەڵ ئەوەشدا ئایینی دیکەشیان هەیە وەک (ئێزیدی و یارسان و شەبەک و کەمینەیەکی جووڵەکە و مەسیحی کورد)یش هەن، کوردانی یارسان و ئێزیدی لە ڕێگای ئایینەکەیانەوە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان پاراستووە و توانیویانە کاریگەریان لەسەر نەریتی کەلتووری کوردا هەبێت. هەبوونی ئایینی یارسان و ئێزیدی لەناو کورداندا بە درێژایی مێژوو هۆکارێکی گرنگ بووە لە پاراستنی کەلتوور و زمانی کوردی و ناسنامەی کوردبوونداا. بە پێچەوانەی کوردی مسوڵمان کە لەژێر کاریگەری

کەلتووری هاوبەشی ئیسلامدا بە سەدان هەزاریان لێ تواوەتەوە بوون بە عەرەب و تورک و فارس .

زۆرینەی گەلانی عەرەب، عەرەبی ئاخێوەرن، کتیبی پیرۆزی قورئان هۆکارێکی سەرەکی بووە کە یەکێتی نەتەوەی عەرەبی پاراستووە و ئایینی ئیسلام بۆتە ئایدۆلۆژیای دەسەلاتەکەیان، تورک و فارسەکانیش بە ئایین موسڵمانن و سەرەڕای هەبوونی چەندان ئایینزای وەک سوونەو شیعە لە نێویاندا، کوردیش بە گشتی وەک نەتەوەکانی تر پەیڕەوی ئایینی ئیسلام دەکات و بە ئایینزا و ڕێبازە جیاوازەکانی و چەند کەمینەیەکی ئایینیش وەک ئێزیدی و یارسان و زەردەشتی و بەهایی و جوو و کریستانی لەناویاندا دەژین. لەماوەی چواردە سەدەی ڕابردوو کەمینە ئایینەکانی کوردستان لەبەردەم پرۆسەی قڕکردندا بوونە، هەر بۆ نموونە کوردە ئێزدییەکان ڕووبەڕووی ٧٤ فەرمانی قڕکردن بوونەتەوە. تازەترین کۆمەڵکوژی ئیزیدییەکانیش لە ئابی ٢٠١٤ بوو لە شنگال و دەوروبەری.

-کورد بە زار و بنزار و دەڤۆکی ناوچە جیاوازەکانی بە زمانی کوردی قسە دەکەن، کە زمانێکی زاگرۆسییەو هەرچەند لای زمانناسان بە زمانێکی هیندی و ئەوروپی ناسراوە. ئەم زمانە کوردییە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پاراستنی ناسنامەی کوردبووندا، سەرەڕای ئەوەش کورد بە ناچاری بۆ کاروباری کارگێڕی و بازرگانی بە زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی قسە دەکەن .

- هۆکاری داگیرکاری و پاکتاوی نەژادی:

کورد بە حوکمی بندەستی و سیستەمی داگیرکاریی تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێرکاریگەری کەلتووری بنەماڵە و خێڵەکی ئەوانیتردا ماوەتەوە بەتایبەت لە باکوور و باشووری کوردستاندا، کۆمەڵگای کوردی بە زۆری گوندنشین و دەشتنشین و چیانشینن، شارە گەورەکانیان وەک موصل و کەرکووک و ئامەد و هەمەدان و تەوریز کەوتنە بەر شاڵاوی سیاسەتی بە عەرەبکردن و تورککردن فارسکردن.

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی لە مێژوودا لە دەوری پێکهاتەیەکی خێڵەکی و فیۆدالی هاوشێوەی کۆمەڵگا عەرەبییەکاندا سوڕاوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، شارنشینی و مۆدێرن بوون کاریگەری لەسەر گۆڕانکاریی لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. ئەوان بڕوایان بە ژیانێکی ئاشتییانە لەگەڵ ئەوانی تردا هەیە و بڕوایان بە پلۆرالیزم (نەتەوەیی، ئایینی و سیاسی) هەیە.

- زمانی کوردی و میدیای فرەزمان

کەم و زۆر سۆشیالمیدیا کاریگەری ئەرێنی و نەرینی لەسەر زمان و کەلتووری کوردیدا هەیە، ئەو میدیایانەی لەلایەن دەوڵەتەوە پاڵپشتی دەکرێن، کە ناوەڕۆکی مژارەکانیان بە زمانی بیانییەکان پێشکەش دەکەن، ڕاستەوخۆ باندۆریان بەسەر هەست و هزرو ئاوەزی تاک و کۆی کورد هەیە، بەتایبەت لە ڕێگای پێشکەشکردنی گۆرانی و دراما و سینەمادا. هەرچەند کەلەپووری کولتووری کورد، میراتێکی فەرهەنگی دەوڵەمەند و تایبەتی خۆی هەیە لە ئەدەبیاتی کلاسیک و لەگەڵ هونەرەکانی گۆرانی و مۆسیقا، سەما و جلوبەرگی نەریتی جیاواز تایبەتمەندیتی خۆی پاراستووە. بۆیەش خەباتی کورد بۆ سەربەخۆیی و دانپێدانان یارمەتیدەر بووە بۆ بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی. لە سایەی شەپۆلی جیهانگیرییدا خەریکە ئەم نەریت و کەلەپوورەش کاڵ دەبێتەوە.

ئاڵوگۆڕی کەلتووری

بە درێژایی سەدەکان، لە نێوان کورد و نەتەوەکانی تردا هەبووە، کە لە ئەنجامدا ئاڵوگۆڕی داب و نەریت و نەریتی دیارکراو بووە. کورد و عەرەب لە سووریا و عێراقدا ئیسلامیان وەک ئایینێکی هاوبەش پاراستووە. هەرچەندە جیاوازی لە نێوان ئیسلامی سوننە و شیعەدا هەیە، بەڵام ئایین ڕۆڵێکی گرنگ لە پێکهاتەی کەلتووری هەردوو نەتەوەدا دەگێڕێت. هەر لەو سۆنگەیەدا بە دەیان هزرمەند و فەیلەسوفی کورد وەک سۆرەوەردی و شارەزووری و دینەوەری و ئیبن جەزری و ئیبن ئادەم و ئیبن خەلەکان و تد...خزمەتی گەورەیان بە مرۆڤایەتی بەگشتی و ئیسلام بە تایبەتی کردووە.

بنیاتنانی لێکتێگەیشتن و پتەوکردنی پەیوەندییە نزیکەکانی نێوان کۆمەڵگای عەرەب و کورد چەند ئامرازێکی ناوبژیوانی تێدایە کە دیالۆگ و ئاڵوگۆڕی کەلتووری و ڕێزی هاوبەش بەرز دەکاتەوە. ئەمانە چەند ڕێگایەکی گونجاون و کە دەبێت دەسەڵاتی عەرەبی لە عیراق و سوریادا بە فەرمی دانی پێدا بنێت، وەک زمانی کوردی سیستەمێکی سەربەخۆ و ناسراوی دەنگ، فۆرم و پێکهاتەی ڕستەسازیی کە جیاوازی لە زمانەکانی دی هەیە، کەچی داگیرکەرانی کوردستان بەرگەی ئەو ڕاستییە ناگرن، ئەم ڕەهاییە پرشنگدارە ببینن و دەیانەوێت بەری خۆر

به بێژنگ بگرن. بۆ نموونە، عەرەبەکان وایان داناوە، دەبێت زمانی کوردی دەستەونەزەر لە خزمەتی زمانی ئەواندا بێت، چون هیی ئەوان پیرۆزترین و بێخەوشترین و چی و چیتربینە. دیارە فارس و تورکیش هەمان خەڕەک دەڕێسن.

زمانی کوردی لە دیکۆمێنت و بەڵگەنامەکاندا

بایەخی ئارشیف و بەڵگەنامە و دەستنووسەکان لای گەلان بەتایبەت ئەو نەتەوانەی دەمێکە خاوەنی قەوارەی سیاسی خۆیانن پڕ بەهای زانستی هەیە، چونکە هەر لە ڕێگای خوێندنەوەی مێژووی کۆن و نوێیان و لە ناساندنی جوگرافیای وڵاتەکەیان و ئەو گۆڕانکارییە دیموگرافییانەی کە سەبارەت بە جەنگ و داگیرکارییەکان ڕووبەڕووی وڵاتەکەیان بۆتەوە، تەنانەت لە ڕووی کەلتووری و فەرهەنگییەوەش باشترین بەڵگەنامە و دیکۆمینتارین بۆ سەڵماندنی ڕەسەنایەتی زمان و ئەدەب و هونەر و کەلەپووری نەتەوەکەیان، بەڵگەنامە کۆنەکان بۆ ناسینی مێژوو بەسوودن و کۆڵەکەیەکی ڕاستەقینەن کە تۆێژەران پشتی پێ دەبەستن، هەموو ئەو بوویەرانەی کە لە سەدەکانی ڕابردوودا ئێمە نایزانین، تێیدا دەدۆزینەوە، کە زۆرێک لەو بەڵگەنامانە ڕووداوە مێژوویەکان پشتڕاست دەکەنەوە.

ئەمڕۆ سەرەڕای پێشکەوتنی زانستی لە وڵاتانی جیهاندا، هێشتا بایەخی بەڵگەنامە و دەستنووسە مێژووییەکان ماوەتەوە و سەرچاوەی سەرەکی زانیارییەکانن، کە تۆێژینەوەی زانستی جۆراوجۆری لەسەر دامەزراوە، وەک داوونەریتی گەلان بەڵگەنامە و کەلەپووری مرۆیی بایەخێکی زۆریان پێدەدرێت و بەدرێژایی سەردەمەکانیش بایەخی دۆکیۆمێنت و دەستنووسەکان بە گەشەی ڕاستەقینەی خەڵک دادەنرێن، چونکە کاریگەری ئەرێنیان لەسەر پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایە هەیە کە بە درێژایی نەوەکان. بەها و ڕەوشت و ناسنامەی خۆیان لێوە وەردەگرن.

لەو سۆنگەیەوە نزیکترین وڵات کە مێژوو و جوگرافیا و کەلتووریکی هاوبەش لە نێوان ئێمەی کورد و ئەواندا هەبێت، تورکیا و ئێران و وڵاتانی عەرەبین، هەڵبەت من لێرەدا قسە لەسەر ئارشیف و دەستنووسی کتێبخانە تایبەتی و کەسییەکان ناکەم، کە خاوەندارێتی تاکەکەسن، بەڵکو ئەوانەی لە کتێبخانە گشتییەکاندان، کە زیاتر ئارشیف و بەڵگەنامەی دەوڵەتین، و سیستەمێکی ڕوونیان هەیە و

کتێبخانەکانیان بە شێوەیەکی مەزن و نایاب هاوکاری تۆێژەران دەکەن، ئەگەر تۆێژەرەکان کە ئامانجی تۆێژینەوەکەی بسەلمێنێت دەتوانێت وێنەیەکی داواکراوی بە دەست بهێنێت.

لەم ڕوانگەیەوە دامەزراوەی نیشتمانی بۆ دۆکیۆمێنت و ئارشیف بایەخێکی زۆر بە دەستنووس و بەڵگەنامەکان دەدات، چونکە وەک شایەتێکی مێژوویی باس لە ڕابردوو و ئێستای نەتەوە دەکات، لەو وڵاتانەدا دەسەڵاتی سیاسی بایەخ بە کۆکردنەوە و پاراستنی بەڵگەنامە و دەستنووسەکان دەدەن بە ئامانجی دروستکردنی هاوسەنگییەکی دۆکیۆمێنتاری کە ڕێگا بە تۆێژەران بدات لە تۆێژینەوە جۆراوجۆرەکاندا سەیریان بکەن و سوودیان لێوەربگرن، هەر کاتێک باسی ئارشیفخانە و بەڵگەنامە و دەستنووسەکانم بۆ بکرێت یەکسەر هزرو خەیاڵم بۆ بنکەی تۆێژینەوەی ژین لە سلێمانی و تەقەلاکانی مامۆستایان ڕەفیق و سدیق سالح دەچێت، چونکە تاکە ناوەندێکی ئەکادیمییە بۆ پاراستنی ئارشیفی دیکۆمینت و دەستنووس و بەڵگەنامەکان، بۆ ئێمەی کوردی بێ دەوڵەت لە ڕووی کەلتوورییەوە بەتایبەت ئەو تێکستانەی کە نزیکەی هەزار ساڵێکە بە میرات ماونەتەوە وەک دەقە شیعرییەکانی باباتاهیری هەمەدانی و کتێبی ئایینی سەرەنجامی یارسان... تد، بە زمانی کوردی لەکی و گۆران نووسراون، باشترین بەڵگەنامە و دەستنووسن و سەرمایەی مێژووبین بۆ نەوەکانی ئیستاو داهاتوومان، هەڵبەتە مێژوو بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بەو سەرمایە مەعنەویە دەبەستێت، بۆیە دەگوترێت ئەگەر سەرمایەکان بزر بن، مێژووی نەتەوەیەک لەدەست دەچێت.

بایەخی بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتەکان

دیکۆمینت و بەڵگەنامە نووسراوەکان یەکەم سەرچاوەن بۆ هەر تۆێژینەوەیەکی مێژوویی، شایەتحاڵێکن کە وردەکارییەکانی ڕووداوە مێژووییەکان لە کات و شوێن و کەسایەتی و بەشەکانی بۆ ڕۆژگاری ئیستامان دەگوازنەوە، بەڵگەنامە تۆمارێکی جێگیری ڕووداوەکانە لە کاتی ڕوودانەکەیدا بە شێوەیەک کە وردەکارییەکانی بابەتەکە بپارێزێت لە هۆکارەکانی گۆڕان و زیادبوون و کەمبوونەوە، کە لە ئەنجامی گۆڕانی بیروڕا و ڕەوتەکان و لێکدانەوەکانی دواکەوتووان و

شێواندنەکانیان یان بە مەبەست لە ئەنجامی مەزاجی شەخسی، یان بێ مەبەست لە ئەنجامی نەزانی و فەرامۆشکردن کە سروشتی ڕۆحی مرۆڤە.

د.مەحمود ئەلماردینی توێژەرێکی کوردی نیوە باکوور و باشووڕە و سالانێکی زۆر کارمەندبوو لە کتێبخانەی نیشتمانی تورکیا لە ئەنقەرەی پایتەخت، ئاگادار لە بەڵگەنامەکان لەو کتێبخانەیە، لەو بارەوە دەڵێت کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بایەخی زۆری بە ئارشیف و بەڵگەنامەکانی داوە کە لە جیهانی ئیسلامیدا بێ هاوتا بوون، چونکە بەڵگەنامەکانی عوسمانی مۆدێلی بەڵگەنامەکانی زۆر گرنگ و سوودبەخشن، ماوەیەکی زەمەنی درێژ دەگرێتەوە، دەرکەوتنی بەڵگەنامەکانی عوسمانی بە ئەرشیفی عوسمانی لە ئەستەنبوڵ دەستی پێکرد کە 150 ملیۆن بەڵگەنامە و هەروەها دەفتەر و تۆماری هەندێک بەڕێوەبەرایەتی و کتێبخانە کۆنەکانی تێدایە کە کانێکی دەوڵەمەندی گەنجینەی نێژراو و دەوڵەمەندێکی زانیاری بەنرخمان نیشان دەدەن. بەدڵنیایی هەر لەو ئارشیفخانە دەوڵەمەندەدا نزیکەی ٢٠ ملیۆن دەستنووس و بەڵگەنامە هەیە تایبەتن بە پرسی کورد وکوردستان. مخابن هێشتا هیچ دەزگایەکی فەرمی و نافەرمی لە کوردستاندا هەوڵی ئەوەی نەداوە ئەو بەڵگەنامانە بۆ زمانی کوردی وەربگێڕدرێن و تا کەڵکیان لێ وەربگرین.

دەسەڵاتدارانی تورکیا پسپۆڕییەکیان لە زانکۆکانی تورکیادا دامەزراندووە کە تایبەتە بە وەرگێڕانی بەڵگەنامە کۆنەکان، چونکە ئێستا زمانی تورکی کۆن نەماوە و کەم کەس دەیزانێت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بۆیە بوونی ئەو جۆرە وەرگێڕانە لەوانەیە سوودێکی زۆری بۆ توێژەران هەبێت. بەتایبەت بۆ ئێمەی کورد کە پتر لە پێنجسەدە لە ژێر هێژموون و دەسەڵاتی ئەو ئیمپراتۆریایە بوون.

زمانی کوردی لە بەڵگەنامەکانی وڵاتانی دراوسێدا

ئەو وڵاتانەی دوای پەیماننامەی چالدێران و لۆزان ستەمکارانە کوردستانیان بەسەردا بەشکرا، سەرباری نکۆڵی کردن لە ناسنامەی نەتەوەیی کورد، بەردەوامیش بوون لە پرۆسەی جینۆسایدی کولتووری بەتایبەت توانەوەی زمان و گۆڕانکاری دیموگرافی لە خاکی بەرفراوانی کوردستاندا و لە سیاسەتی بە تورککردن و فارسکردن و عەرەبکردندا سڵیان نەکردەوە، لە هەمانکاتدا ئەگەر بۆ ئامانجێکی کاتی و قۆناغێکی دیارکراویش بێت وەک مانۆرێکی سیاسی هەوڵیانداوە

پرسی کورد به هەندێ دەسکەوتی سیاسی و مافی کولتووری چارەسەر بکەن، دواجاریش جگە لە فریودان و خۆڵکردنە چاوی خەڵک، لە ئەنجامدا پەژیوان بوونەتەوە و حاشاکردنبووە لە بەڵێن و پەیمانەکانیان، هەر بۆ نموونە لە پڕۆژەی قانوونی ئۆتۆنۆمی کورد لە 10ی شوباتی 1922دا کە لەلایەن ئەنجوومەنی بەرزی نیشتمانی تورکەوە. لە ئەنقەرەی پایتەخت ئاماژە بە بەندی 15 دەکات کە مەرجێکی زۆر لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوری دادەنێ و لەوێدا دەڵێ: "زمانی تورکی تاکە زمانی ئەنجومەنی نیشتمانی کورد دەبێ، لە فەرمانگاکانیشدا هەر دەبێ زمانی تورکی بەکار بهێنرێت." بەڵام زمانی کوردی بۆ خوێندن لە قوتابخانەکاندا بەکاردێت، پارێزگارەکان دەتوانن هانی بەکارهێنانی زمانی کوردی بدەن بەو مەرجەی لە ئایندەدا، داوانەکەن زمانی کوردی ببێتە زمانی ڕەسمی حکومەت. لە ئەنجامیشدا دوای شکستی شۆرشەکانی کورد و لەسێدارەدانی سەرکردەکانیان، هەر بە فەرمی لە ساڵی ١٩٢٥ دەستووری تورکیای نوێدا تا بە ئێستا دەگات زمانی کوردی قەدەغە کرا.

لەسەردەمی سۆڤیەتی جارانیشدا کە ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی ئیزیدی لە ئەرمەنستان بوون هەر لە سەرەتای سییەکانی سەدەی بیست خۆشبەختانە دەرگای خوێندن بەڕووی منداڵانی کورد کرایەوە، ڕێگا بە لە چاپدانی کتیب و دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی وەک (ڕێیا تازە) درا، هەر لەو قۆناغەشدا تەنانەت کەسایەتی زمانناسی بە بنەچە نەتەوە ئەرمەنی وەک (ئابۆڤیان) ڕێنووسیان بۆ خوێندنی زمانی کوردی داناو دەیانی زانای وەک (قەناتی کوردۆ و حاجی جندی و ئەمینێ عەڤدال و عەرەبی شەمۆ و جاسمێ جەلیل...تد) لەو خوێندنگایەدا دەرچوون و بڕوانامەی باڵایان وەدەست هێنا، گەورەترین خزمەتیان بە زمان و چاند و وێژەی کوردی کرد، لێ مخابن دواجار لە ڕۆژگاری ڕەشی دەسەڵاتی ستالیندا، گشت خوێندنگا و چاپەمەنییە کوردییەکان داخران و تەنانەت کەسایەتیەکی مەزنی وەک عەربی شەمۆ بۆ پتر لە نۆزدەساڵ دوورخرایەوە و ڕەوانەی سیبیریا کرا.

لەعیراق لەساڵێ ١٩٣١ بەو مەرجەی بە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان(عصبة الامم) پەژرێنرا، ئەویش بە دەرکردنی یاسای زمانە ناوخۆییەکان (قانون اللغات المحلية) کە مەرجە دان بە زمانی کوردی بنێت و لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن و تەنانەت فەرمانگا حکومییەکانی وەک دادگاکان کار بە زمانی کوردی بکرێت. بەڵام

تا دەگات بە دەستووری نوێی عیراقی دوای رووخانی ڕژێمی بەعس کە بە فەرمی بڕیاردرا زمانی کوردی هاوتای زمانی عەرەبی لە هەموو عیراقدا کاری پێ بکرێت، بەداخەوە نەک لە ناوەڕاست و باشووری عیراق کە نزیکەی دوو تا سێ ملیۆن کوردی فەیلی تێدا دەژیت، تەنانەت لەناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستانیشدا بە ئاشکرا دەستووری عیراق پێشێل دەکرێت و دژایەتی زمانی کوردی دەکرێت.

لەکۆماری سوریای عەرەبیش هەمان سیاسەتی پاکتاوی نەژادی لە هەمبەر زمانی کوردیدا پەیرەو کراوە. هێشتا بە ڕەسمی دان بە زمانی کوردی و ناسنامەی هاوواڵاتیانی ڕۆژاوای کوردستان نەنراوە. تاکە بەڵگە و دیکۆمێنتێکیش کە ئاماژە بە زمانی کوردی بکات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا، لە سەردەمی شۆرشی سمکۆی شکاک و دواتر کۆماری جوانەمەرگی کوردستان بووە، دەرچوونی چەندان ڕۆژنامەو گۆڤار بووە بە زمانی کوردی.

لە دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێرانیش ساڵی ١٩٧٩ی ئەو وڵاتە لە ماددە ١٥، ئاماژە بە خوێندن لە ناوچە کوردییەکان دەکات لە چوارچێوەی سنووردێکی دیارکراودا، بەڵام لە پراکتیکدا هێشتا زمانی کوردی ڕووبەڕووی توانەوە بۆتەوە، ئەویش لە ڕێگای سیاسەتی ناساندندنی زارو بنزارە کوردییەکانی وەک لەک و لوڕ و کەلهور و گۆران وەک زمانێکی جیاواز لە زمانی کوردیدا ، تەنانەت بە تاوانی خوێندن چەندان کەسایەتی وەک موژگان کاووسی و زارا محەمەدی بە زیندان حوکم دراون.

زمان و دیالۆگ نێوان ئێمەو ئەوان

زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و جیهاندا زمانێکی گرینگە، بەڵام زۆرن ئەوانەی پەییان بەم گەورەییەی زمانی کوردی نەبردووە، زانایانی زمان ئەم زمانە کوردییەی ئەورۆ بە ڕەسەنتر لە تورکی و فارسیی نوێ دەزانن و بە میراتگری ڕاستەوخۆی زمانی ئاوێستایی دادەنێن، کە لە ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی دێرینداکتێبی پیرۆزی زەردەشتییەکان بوو، بە تێپەڕبوونی کات و ئاڵوگۆڕی سروشتی و دەستکرد، پرۆسەی تەواوکاری و سادەبوونەوە، گۆڕانکاری تێدا ڕوویداوە. ئەوەیش پێداهەڵدان نییە بە شان و شکۆیدا، ئەوەتا کەسێکی وەکو (جێمس دارمیستێتەر)ی زانای ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی، زمانی ئاوێستا بە زمانی مادەکان دەناسێنێت. لە

هەندێک دیکۆمێنت و بەڵگەی دۆزراوەی ئەو سەردەمەدا، وشە کوردییە بەکارهێنراوەکانی ئەورۆ دەقاودەق بەکار بردراون و تا ئەمڕۆکەش کەسی کورد بە باشی و سانایی لێیان تێناگات، بۆیە وا دیارە دوو زاری یەک زمان بن، کە زمانی مادەکانە. کەچی کەسانێکی ڕەگەزپەرست نەک ئەمەیان پێ هەرس ناکرێت، بگرە ئەو زمانە کۆنە کوردییەی سەردەمی مادەکان بە (فارسیی کۆن) دەناسێنن و وەک هەڵەیەکیش جێیان لە لای ڕۆژئاواییەکانیش بۆ کردووەتەوە.

زمانی کوردی، سیستەمێکی سەربەخۆ و ناسراوی دەنگ، فۆرم و پێکهاتەی ڕستەسازیی جیاوازی لەگەڵ زمانەکانی دیکە هەیە، دەروازەی زانایی تاکی کوردە و هەزاران پەند و سەربردە و ئەفسانەو داستان... تاد، پێداناوە. کەچی داگیرکەرانی کوردستان بەرگەی ئەوە ڕاستییە بەڵگەنەویستە دیرۆکییە ناگرن، ئەم ڕاستییە پرشنگدارە ببینن و دەیانەوێت بەری خۆر بە بێژنگ بگرن. بۆ نموونە، نەتەوەی سەردەست وایان داناوە، دەبێت زمانی کوردی دەستەونەزەر لە خزمەتی زمانی ئەواندا بێت، چون هیی ئەوان پیرۆزترین و بێخەوشترین و چی و چیترییەنە .

زمان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لە دروستکردنی ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەڵبەتە دیالۆگ بە واتایەکی ڕەخنەیی واتە گفتوگۆکردن لەسەر پرسە چارەنووسساز و چارەسەرنەبووەکان لە کۆمەڵگایەکی کراوەدا، نەک کۆمەڵگای داخراوەکان کە هەمیشە لە ڕەوشی مەنەلۆگدا دەژین و بڕوایان بە تێزەکانی دیالۆگ نییە، لەو بوارەدا زمانی ڕەخنە شوێنی شیاوی خۆی دەگرێت، لای فوکۆ ئەو حەقیقەتە کۆمەڵایەتییە بونیاتێکی دیسکۆرسییە(گوتار)ییە لە ڕێگای زمانەوە، زمان لە ڕێگای دیالۆگەوە گوتار دەخەملێنێ، دیالۆگ و گوتار بنەمای پەرەسەندنی زمانن.

لە خوێندنەوەی کتێبی)ئارکیۆلوژیای مەعریفە(ی میشیل فوکۆدا، لە بڕگەیەکی نووسینی خۆیدا بەو واتایە دەبێژێت: مرۆڤەکان بە تەنها بکەر و کارەکتەر نین، بەڵکو بەرهەمهێنەری گوتاریشن، بابەت بەتەنێ ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکە پەیوەستە بەوەی کە چۆن ئەو بکەرانە، شتەکان لە ڕێگای زمانەوە، دەهێنەنە هەبوونەوە. خوێندنەوەی کتێبی(ئارکیۆلوژیای مەعریفە) لەم ڕووەوە سوودێکی زۆری دەبێت. نەک هەر بۆ سیاسییەکانی ئێمە، هەنووکە تەنانەت بۆ زۆرینەی ڕۆشنبیرانی کوردی بەتایبەت سیاسییەکان لە ئاست زمانی کوردی ئەوەندە خەمساردن و هێشتا نەیانتوانیوە خۆیان لە دەڤۆکی خێل و بنزاری ناوچەگەرێتی دەرباز بکەن، لە ڕەوشێکدا باشترین دەقی ئەدەبی یان گوتاری

سیاسی به زاری گوندەکەی یان خێڵەکەی پێشکەش دەکات، باشترین دەقی ئەدەبی بە دەڤۆکی ناوچەکەی یان شارەکەی دەنووسێت، بە ئاشکراو نهێنی تەنانەت لە کەناڵەکانی سۆشیالمیدیا بە شانازییەوە قسە لەسەر سەربەخۆیی و جیاوازی زارەکانیان دەکەن، لەهەمانکاتدا بانگەشەی نەتەوەسازی و نەتەوەپەروەری دەکەن، زمانی کوردیش وەک زمانێکی فەرمی یان ستاندارد دەخەنە کونجی پەراوێزەوە، لەکاتێکدا هەر لە ڕێگای ئەو زمانە ستانداردەیە دەتوانن پەیام و ئامانجەکانی خۆیان بە کۆمەڵانی خەڵک بگەیەنن و لەگەڵ هەزرو ئیدۆلۆژییە جیاوازەکانیشدا دیالۆگ بکەن.

تیۆرەکەی هابرماس کە پەیوەستە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەو واتایە دەڵێت: بۆ ئەوەی دیموکراسییەت بە تەواوی بەرپا بێت، دەبێت لە ڕێگای دیالۆگەوە بێت، کە زمان تیایدا ڕۆڵێکی سەرەکی و گەورە دەبینێت، بەبێ ئەوەی لەم دیالۆگەدا، جیاوازی لە میانی زمانەکانەوە بکرێت.

بەم جۆرە زمان هۆکاری بەیەکگەیشتنی مرۆڤەکانی سەر زەوینە، زمان وێڕای ئەوەی کە هۆکارێی لە یەکگەیشتنە، بەڕێوەبەری هەموو جۆرە سیاسەتکردنێک و کۆڕ و کۆبوونەوەکانیشە، زۆرجاریش ڕوویداوە کە خراپ بەکارهێنانی زمان لە گفتوگۆکاندا، بۆتە هۆی شەڕێکی تووش و هەراوزەنای سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ناوەتەوە، بۆیە سەرەتای دەستپێکردنی هەر بزافتێکی دیپلوماسی، ڕاهێنان و کۆکردنەوەی ئەزموونی زمان و کاریگەرێتیە زمانەوانییەکان لەبەرچاو دەگیرێت، بایەخێکی بەپێز بە پرسی زمان دەدرێت .

ئەمڕۆ لە کوردستاندا تاک و تەرا نەبێت لە کەسانی دڵسۆزی زمانەکەمان، کەس لە خەمی زمانیان نییە، بەتایبەت کەناڵەکانە فەرمییەکانی دەسەڵات، هەر لە کایەکانی سۆشیالمیدیاوە بگرە تا دەگاتە فەرمانگەکانی پەروەردەو فێرکردن، مەگەر بە دەگمەن نەبێت ئەگینا جگە لە ئیلیتی ئەدیب و نووسەرانی بە ئەزموون، کەسی دیکە بایەخ بە بەهاکانی زمانی ستانداردی کوردیی نادات، بە بەڵگەوە دەیسەڵمێنم کە بە گشتی تاکە میللەتی سەرزەویین کە زمانی دایکی خۆمان لا گرینگ نییە، تەنانەت لە ڕووی سیاسیشەوە بایەخی پێنادرێت، هەر بۆ نموونە سەرۆکی پێشووی دامەزراوەیەکی ئەکادیمی نووسینی کوردی نەدەزانی و نەیدەتوانی نامەیەک بە زمانی کوردی بنووسێت، گشت نامەکارییە ڕەسمییەکانی لەگەڵ فەرمانگە

حکومییەکان هەر بە زمانی عەرەبی بوون، دواجاریش ئەو دامەزراوە بەناو زانستییە دەبێتە دامەزراوەیەک یان ڕێکخراوێکی بێ بەرهەم، لە کاتێکدا دەبوو لە ماوەی سێ دەیەی حکومڕانی کورد لەو هەرێمەدا دامەزراوەیەکی ئەکادیمی زمانی کوردی هەبێت، چونکە ڕەوشی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی نەتەوەکانی دراوسێمان جیاوازە، ئەوان خاوەنی دامەزراوەی دەوڵەتین و خاوەنی زمانێکی ستاندارداردن، خاوەنی دەیان دامەزراوەی ئەکادیمی زمانناسیین و سالانەش دەیان کۆنگرە و کۆنفرانسی زانستی لەسەر پرس و ئاریشەکانی زمانی خۆیان بەڕێوە دەبەن و بگرە سەدان ملیۆن دۆلاریش بۆ پەرەپێدانی زمانی نەتەوەیی خۆیان تەرخان دەکەن.

بەر لە چەند ساڵێک وەزارەتی خوێندن و فێرکردنی باڵا بە بڕیارێک زمانی کوردیی بەهەند هەڵنەگرت و لە ئەزموونە گشتییەکانی خوێندنی دواقۆناغی ئامادەییدا، وانەی زمانی کوردیی کردە ئارەزوومەندانە و پشتگوێی خست، لە ڕووی وەدەستهێنانی پلەی ئەزموونەکاندا، وەک وانەیەکی بێ باوک حسێبی بۆ کرد و و زمانی کوردی نەکەوتە بەر مەرجەکانی پلەی وەرگرتنی خوێندکاران لە زانستگا و پەیمانگاکان، لەکاتێکدا نەتەوەکانی دراوسێمان زمانەکانی خۆیان هێندە لا پیرۆز و خۆشەویستە، کردوویانە بە مەرجی سەرەکی ئەم مەودایانە.

بەداخەوە ئەمە خەمساردییەکی گەورەیە لەو بارەوە دەسەڵات دەینوێنیت، جا لەم بارە ناهەمواردا زمانی کوردی کە چەندان سەدەیە نەفەوتاوە، ئەوە لەم سەردەمەدا، بە مەبەست یاخود بە سیاسەتی کاڵفامی کولتووری، وردە وردە زمانەکەمان مۆرانەی نەشارەزایی و نەزانی لێیدەدات و هەموو جەستەی کون کون دەکات.

لە یەکێ لە کۆنفراسە گەورەکانی تاران، لەبارەی پرسی زمان باس لەوە کراوە کە لە سەرەتادا بۆ داڕشتن و پێشخستنی زمانی فارسی، چەند سوودیان لە فەرهەنگی وشەو زاراوەکانی زمانی کوردی وەرگرتووە، کەچی لە کوردستانی ئێمەدا، بەناو چەندان ناوەندی کەلتووری و دامەزراوەی ئەکادیمی و بەشە کوردییەکانی زانکۆکانی کوردستان هەیە، گوایە ئامانجیان خزمەتکرن بایەخدان بە زمانی کوردییە و بەڵام لە پراکتیکیشدا هێشتا نەیانتوانیوە ئاریشە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی زمانی کوردی لە کایەکانی پەروەردەو فێرکردن لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و سۆشیالمیدیا تۆڕینەوەی زانستی لەسەر بکەن و هەوڵی

چارەسەرکردنی کێشەکانی زمانی کوردی بدەن، لەم ولاتەی ئێمەدا تەنانەت لە بۆنە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکانیشدا کۆنفرانسێکی زانستی سالانەی فراوانیش ناکرێت، بۆ تاوتوێکردنی زمانی کوردی، هاوکات لە زانستگایەکانی دونیادا سالانە بەرهەم و لێکۆڵینەوەی گرنگ سەبارەت بە زمانی خۆیان دەخەنە ڕوو.

بە گشتی هەموو ئەوانەی لە کوردستان خەریکی کاری زمانەوانین، ئیش لە ناو بونیاتی ڕێسایی دەکەن و تەنها کار لەناو یاسا و ڕێسای زمانی کوردیی دەکەن، کەم لەوانەم بینیوە، کار لە ناو لێکۆڵینەوەی گوتاری هونەری زمانی کوردی بکەن، وەک پەرەسەندنی گوتاری زمانەوانی لە ڕووی پەیوەندییەکانی زمان بە کۆمەڵگا و سیاسەت و ڕێبازی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییەوە، دەخوازم بڵێم شیکردنەوەی سۆسیولوگی زمان و بونیاتی مەعریفی و ژینگەی زمان، ئەم سەرەقەڵەمانە لە ناو ئێمەدا بوونیان نییە، ئەگەر هەشبن زۆر کەمن، ئەمەشیان ئەو ڕاستییە دەسەڵمێنێت، بەو پێیەی کە زانستگایەکانمان گەورەترین دەزگای بەرهەمهێنەری مەعریفین، بەڵام لە ڕاستیدا دوورن لە دونیای مۆدێرنە و گوتارە گرینگەکانی دەرەوەی خۆیان.

لە ئەوروپا لە ماوەی کورت کورتدا بە هەزاران بابەتی تازەی مەعریفی جۆراوجۆر دێتە کایەوە، کە زانستگایەکانی ئێمە لێی ئاگادار نین، جا ئەوە لە هەموو بەشەکانی زانستی و ئەدەبییەوە، گەورەترین گرفتاری ئێمە لەوەدایە، تۆێژینەوەی زمانەوانی و زمانناسیی هیچ بایەخێکی نەماوە، کەس نازانێ کام دەزگا و کام لایەنی کەلتووری کوردستان، لە ڕووی کتێب و زمانەکەمان بەڕێوە دەبات؟ لە کاتێکدا من تۆێژەر وزمانناسیی کوردانی تاراوگە(دیاسپۆرا) و تەنانەت بیانیش دەناسم سالانێکە زۆر بە زانستییانە و ئەکادیمیانە ئیشیان لەسەر زمان و زارە کوردییەکان کردووە، لەو بوارەدا چەندان کتێبی بەهاداری چاپکراویان هەن، بەڵام بەهەر هۆکارو بیانگەیەک بێت هێشتا کتێبەکان بۆ زمانی کوردی وەرنەگێڕدراون.

لە کوردستانی ئێمەدا لە دوای ڕاپەڕین ئەوەی هەبوو هەموویمان لە دەست دا، ئیستاش نەچووە بچێت دەبێ مشووری ئەوە بخۆین تا تۆێژینەوەی جیدی بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانەکەمان و وەستانی مەعریفە لە کوردستاندا بکەین.

ڕۆژی زمانی کوردی یان ڕۆژی زاری کورمانجی

سالانە و لە ١٥ی گوڵاندا بۆنەیەک دێتە ئارا بەناوی (ڕۆژی زمانی کوردی) ، با بزانین سەرچاوەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە، لەسالی ١٩٣٢ ئەو ڕۆژەی کە جەلادەت

بەدرخان لە ئاوارەیی لە شام یەکەم ژمارەی (گۆڤاری هاوار)ی دەرکرد. لەوساوە بۆتە قسەکردن لەسەر ڕۆژی زمانی کوردی لای بەشێک لە ڕۆشنبیرانی کرمانجی ئاخێوەر، کە لە ڕاستیدا بەڕا مەن ڕۆژی زاری کرمانجییە و نەک ڕۆژی زمانی کوردی، ئەوەی ئێمە لەم چوارچێوەیەدا مەبەستمانە کاتێک باسی زمانی کوردی دەکەین، ئەو زمانەیە کە هەموو کورد بە زار و بنزارەکانییەوە قسەی پێدەکەن.

بە لێوردبوونەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم ڕۆژە لە ڕاستیدا ڕۆژێک نییە بۆ "زمانی کوردی"، بەڵکو ڕۆژێکە بۆ "زاری کرمانجی" ، کە یەکێکە لە زارە سەرەکییەکانی زمانی کوردی بۆ کوردانی کورمانجی ئاخێوەر، کە لە غیابی زمانی ستانداردی کوردیدا ئەم زارە ڕۆڵی زمانی ستانداردی گێڕاوە بۆ کوردانی دەڤەرەکانیان و بە تێپەڕینی کات گۆڕانکاریی بەسەردا هاتوو و بۆتە زمانی هاوبەشی زۆرینەی ئەو خەڵکە لەو بەشەی کوردستاندا. هاوکات دەبینین ئاخێوەرانی زاری کوردی ناوەڕاست_زاری سۆرانی و شێوەزارەکانی گۆران و کوردی خوارین- لەک و لوڕ و کەلهور ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی زمانی کوردی نازانن، بەم پێیە دەستەواژەی "زاری کرمانجی-ڕۆژی زمان" لە چوارچێوەی مێژوویی سەرهەڵدانی ئەم ڕۆژەدایە و هۆکاری هەڵبژاردنەکەی لە ڕاست بوون نزیکترە. بەو پێیەی گۆڤاری هاوار بە تایبەتی ئاراستەی ئەو کوردانە نەکرابوو کە بە شێوەزارە کوردییەکانی دیکە قسە دەکەن، جگە لە هەندێک بابەت کە لە گۆڤارەکەدا بە بنزاری سۆرانی و بە تیپی عەرەبی بڵاودەکرانەوە، تا ژمارەی ژمارە ٢٣ ئەو کوردانەی کە بە زاری کوردی ناوەند- سۆرانی قسە دەکەن (کە یەکێکە لە زارە سەرەکییە دووەمەکان، هەروەها بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە و بووەتە زمانێکی فەرمی لە کوردستانی باشوور و عیراقدا، جیاوازییەکی سەرنجڕاکێشی لەگەڵ کۆمەڵەی زاری لەکی و گۆران هەیە، بۆیە ڕاستە کە ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەڵێین "زمانی کوردی"بە ئەلفوبێیەکی جیاواز لەو ئەلفوبێی لاتینی دەستکاری کراوە دەنووسن کە جەلادەت بەدرخان بۆ یەکەمجار لە گۆڤارەکەیدا کە پێشتر ئاماژەی پێکردبوو بڵاوی کردەوە (لەگەڵ پێویستی ئاماژەدان بەوەی کە جەلادەت یەکەم کەس نەبوو کە ئەلفوبێیەکی لاتینی بەکارهێنابێت، بەڵکە ئەلفابێتاکەی جەلادەت دەستکاری کراو و نزیکتر لە ئەلفابێتای تورکیی سەردەمی ئەتاتورک بووە، پێش جەلادەت بەدرخان بۆ ئەلفابێتای زمانی کوردی ژمارەیەک ڕۆژهەڵاتناس و

زمانەوانی کورد تەنانەت زمانناسی بیانی وەک ئابۆفیانی ئەرمەنی لەناو کوردانی قافقاس پێش ئەو کەوتوون، کە ئەلفوبێی عەرەبی دەستکاریکراوە. هەروەها قسەکەرانی گرووپی زاری گۆرانی و لەکی لە نووسیندا هەمان ئەلفوبێی عەرەبی دەستکاری کراو بەکاردەهێنن. زمانی کوردی یەکەم زمانی فەرمییە لە هەموو پارێزگارەکانی هەرێمی کوردستاندا، لە خوێندنگا، زانکۆ، فەرمانگە و دامەزراوە حکومییەکان و لە هەموو ئاسانکارییەکانی گشتی ژیاندا بەکار دەهێنرێت، دووەم زمانی فەرمیشە لە عێراقی فیدرالیدا، بەڵام ئایا ئەم "زمانی کوردی"یە، ئەو دەستەواژەیەی لە بەڵگەنامە فەرمییەکان بەکاردێت، نوێنەرایەتی هەموو زارە کورددییەکان دەکات؟ بێگومان نەخێر. ئەم "زمانی کوردی" یە نوێنەرایەتی لقی دوو زارە سەرەکییەکە دەکات: کە شێوەزاری کرمانجی باکوور(ژووروو)- بنزاری بادینی) و شێوەزاری کرمانجی باشوور(ژێری-بنزاری سۆرانی)یە و ئەم لقانەش بریتین لە بنزارەکانی سۆرانی و سلێمانی و گەرمیانی و موکریانی و ئەردەلانی لە پارێزگاکاندا باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و هەروەها بنزارەکانی بادینی و بۆتانی و شەمدینانی لە پارێزگاکانی باکوور و باشوور و ڕۆژاوای کوردستان و کوردانی قافقاس و خۆراسان و پارێزگای ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ئاسیای ناوین.

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی سنووری دان پێدانراوەکانی ئێستای هەرێمی کوردستاندا، ١٥ی گوڵان بە ڕۆژێکی زمانی کوردی نازانێت.

کەواتە کێ ١٥ی گوڵان بە ڕۆژی زمانی کوردی دەزانێت؟

تەنها ئەوانەی کە لە ئەلفوبێی لاتینی دەستکاریکراو کەڵک وەردەگرن، کوردانی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان و تاراوگەن، کە جەلادەت بەدرەخان لە ماوەی سێزدە ساڵدا کاری لەسەر پەرەپێدانی کردووە، لە ساڵی ١٩١٩ تا ڕێکەوتی یەکەم ژمارەی یەکی گۆڤاری هاوار لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری ١٩٣٢، جگە لە کوردەکانی قافقاس بە هەمان شێوە؛ پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە بۆ ماوەیەکی زۆر ئەلفوبێی سێیەمیان بەکارهێناوە، جگە لە ئەلفوبێی دەستکاری کراوی عەرەبی و لاتینی کە بە سیریلیک ناسراوە کە ئەلفوبێیەکە لە ئەلفوبێی ڕووسییەوە پەرەی

سەندووە، وەرگرتنی ١٥ی گولان وەک ڕۆژی زمانی کوردی لەم بارودۆخەی ئێستایدا لەسەر دوو ڕەهەندی سەرەکی دامەزراوە:

یەکەم: ڕەهەندی زمانەوانی (ڕەهەندی دیالێکتیکی): ئەم ڕۆژە بۆ قسەکەرانی زاری کرمانجی بایەخێکی زۆری هەیە، ئەو ڕۆژەیە کە جەلادەت بەدرخان یەکەم ژمارەی گۆڤاری هاوار دەرچوو، کە تێیدا بەشی یەکەمی زنجیرەیەک کە ئەلفوبێی نوێی دەستکاری کراوی کوردی-لاتینی بلاوکردەوە، بەڵام ئەم ڕۆژە بۆ قسەکەرانی زارە کوردییەکانی تر هەمان بایەخی نییە، چونکە ئاخێوەرانی کرمانجی نوێنەرایەتی هەموو کوردەکانی کوردستان ناکەن، بەڵکو بەشێکن لە کورد، زارەکەیان یەکێکە لەو زارە کوردییەکان، بەم پێیە دەتوانرێت بە سادەیی بڵێین پانزەی گولان بۆ قسەکەرانی زارە کوردییەکانی دیکە هیچ مانایەکی نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە ئەو ڕۆژە دیار دەکات کە جەلادەت بەدرخان، لە ئاوارەییەکەی لە وڵاتی شام، ژمارەی یەکەمی گۆڤاری هاوار دەرکرد. ئەوە تەنها شتێکە.

پێویستە لەم چوارچێوەیەدا جەخت لەسەر خاڵێکی زۆر گرنگ بکرێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەم پێشنیارە بە هیچ شێوەیەک لە گرنگیی جەلادەت بەدرخان و گۆڤارەکەی کەم ناکاتەوە و بەم پێیەش ئەلفوبێی دەستکاریکراوی کوردی-لاتینی بە گشتی، بەڵکو مەبەست لە پشتی لەگەڵ جەختکردنەوەیەکی بەهێز لەسەر ئەوەی کە گۆڤاری هاوار پەیوەندییەکی نزیکتری لەگەڵ کوردانی زاری کورمانجی لە هەردوو باکوور و باشووری ڕۆژئاوای کوردستاندا هەبووە، وەک لەوەی لەگەڵ ئەو کوردانەی کە بە زمانی کوردی دیکە قسەیان دەکرد

دووەم: ڕەهەندی سیاسی: بە فەرمی ئەم ڕۆژە کە پانزەی مانگی گولانی هەموو ساڵێکە، لە ساڵی ٢٠٠٦ لەلایەن کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (کەنەکە) لە بڕۆکسل بە "ڕۆژی زمانی کوردی" دەستنیشان کرا، لەو ڕێکەوتەوە تا ئێستاش داب و نەریتی لە ڕوانگەی فەرمییەوە لانیکەم - بۆ ئاهەنگگێڕان لەم ڕۆژەدا بە ئەنجامدانی کۆمەڵێک چالاکیی ڕۆشنبیری پەیوەست بە زمانی کوردی لە ناوچەکانی هەردوو باکوور و ڕۆژئاوای کوردستاندا، لە ماوەی سێ ڕۆژی یەک لە دوای یەک لە چواردەی گولان دەست پێدەکات و لە ڕۆژی شانزەهەم (بڕوانە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ٢٠٠٩).

ڕەهەندی سیاسی لێرەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت. کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ڕێکخراوێکی سیاسی نزیک بە پارتی کرێکارانی کوردستانە، کە زۆرترین چالاکی لە فەزای کوردی زماندا هەیە. کاتێک ڕۆژی ١٥ی گوڵانی کردە ڕۆژێک بۆ زمانی کوردی، بە ڕوونی بابەتەکەی بە سیاسی کرد. بە هەڵبژاردنی ئەم ڕۆژە و بانگهێشتکردنی کورد بۆ ئاهەنگگێڕانەکەی وەک دەسەڵاتێکی ئاماژە پێکراو زارێکی ئەو ناکۆکییەی کە لە نێوان خۆی و تەوەرەکەی هەولێردا هەبووە هێندەی تر قوواڵتر کردەوە.

ئەم بڕیارە سیاسییە کاریگەری لەسەر ناوچە کوردنشینەکانی سوریاش هەبوو. ئیدارەی خۆسەر لە ئێستادا پانزەی گوڵان بە ڕۆژی زمانی کوردی دەزانێت، هەروەک چۆن یەکێک لە دامەزراوە زمانەوانییە گرنگەکانی خۆی، کە دەزگای زمانی کوردییە (س.ز.ک: سازیا زمانێ کوردی)، بۆیە پێویستە بۆ ڕۆژی زمانی کوردی بەدوای هاوبەشییەکی میژوویی فراوانتردا بگەڕێین، بەجۆرێک کە هەموو کورد بگرێتەوە، ئینجا وەک ڕۆژێکی نێونەتەوەیی بۆ زمانی کوردی وەریبگرین، لەکاتێکدا ڕۆژی دەرچوونی ژمارەی یەکەمی گۆڤاری هاوار کە پێشتر باسمان کرد، ڕێکەوتێک نەبووە کە لە نێوان هەموو ئەو کوردانەی کە بە زارە جیاوازەکان قسە دەکەن، ڕێککەوتنی لەسەر کراوە، و بەو پێیەی لە چوارچێوەیەکی تەنیا زمانەوانی ناوچەیی تایبەت بە گروپێکی دیارکراو و نەک ئەوانی دیکەدا هاتووە (نەک زمانەوانییەکی گشتگیر) و سیاسی (ئیرادەی کەنەکە بۆ ئەم ڕۆژە لە فۆرمی فەرمی خۆیدا)؛ پاشان پێویستە لە لایەک لە دەرەوەی جەمسەرگیری زمانەوانی و جەمسەرگیری سیاسی- ئایدیۆلۆژی لە لایەکی دیکەوە بە دوای چارەسەری دیکەدا بگەڕێین.

بە سیاسی کردنی ئەو پرسە لە لایەن لایەنێکی سیاسی دیار کراوەوە کە بە نوێنەرایەتی حیزب و تەوەرێکی کوردستانی (ڕێکخراوی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان)، بە قەڵەمدانی وەک پرسێکی زاری کرمانجی خۆی زۆر مەودای زیاتر کردووە لە نێوان دوو فەزای سەرەکیی کولتووری و زمانەوانیی کوردیدا. ئەم دووری و دابەشبوونە جگە لەو دابەشبوونە جوگرافییەی کە لە بنەڕەتدا زاڵە بەسەر واقیعی ئێستای کوردستاندا (سنووورەکانی کوردستان وەک خاکێکی میژوویی بۆ کورد) و دابەشبوونی سیاسی (تەوەرەکانی قەندیل و هەولێر) و ئەمەش ئەوەیە کە

دۆخی پارچەبوون و بڵاوبوونەوە لە ئاستە جیاوازەکاندا. لە سەردەمێکدا کە دەبێت هەوڵەکان لەسەر کارکردن لەسەر پێناسەکردنی زمانێکی ستانداردی کوردی و دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی زمانی کوردی، پەرەپێدانی فەرهەنگێکی هاوبەش کە هەموو زارە کوردییەکان لەخۆ بگرێت، و پردێک لە فەزا کولتوورییە جیاوازەکانی کوردیدا بێت، بەجۆرێک کە ئەوان ببنە فەزایەک کە سنوورە نێودەوڵەتییەکان دەبڕن کە کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی و ناوچەیی بەسەر کورددا سەپێنراون؛ ئێمە بەرەو دابەشبوون و جیابوونەوە و پارچەپارچەبوونی زیاتر دەڕۆین، هەموو ئەمانە لە هۆشیاری پێشووترەوەن. ئەوەی ئێستا پێشنیاری دەکەم تەنها ڕەشنووسێکە کە مخابن هەبوونی دوو ئەلفابێتای لاتینی و ئارامی بۆ نووسینی زمانی کوردی و هێشتا گەورەترین کۆسپ و تەگەرەن لەبەردەم زمانی ستانداردی کوردی، دەتوانرێت لەناو بازنەی کولتووری پەیوەندیدار و لێهاتوودا باس و گفتوگۆی لەسەر بکرێت. بۆ قسەکردن لەسەر پرسی زمانی کوردی کە پرسێکی سیاسی نەتەوەییە نەک پرسی ئایدۆلۆژی وحیزبێک و ناوچەیەک و خێڵێک و بنەماڵەیەک، ڕۆژی زمانی کوردی لە غیابی مەرجەعێکی زانستی و ئەکادیمی وەک کۆڕی زانیاری زمانی کوردی دوور لە دەمارگرژی ناوچەگەرێتی و تەزکیەی حیزبایەتی و ئینتمای ئایدۆلۆژی، گەرەکە کۆمیتەیەک لە کەسانی زمانناس و ئەکادیمی لەهەر چوارپارچەی کوردستان و دیاسپۆرادا کۆوەبن و بڕیاری دیارکردنی ئەو ڕۆژە بدەن کە بە ڕۆژی زمانی کوردی ناودێرکراوە .

گرێی کوردی پەتی

لەدوای ساڵی ١٩٧٥ کە هێشتا مێرمنداڵ بووم، ئەوسا بۆ بەرپەچدانەوەی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی بەعس و بە عەرەبکردنی کوردستان، ئەویش لە ڕێگای دژایەتی کردنی زمان و کەلتووری کوردی، دیاردەیەک لەناو تۆیژی خوێندەوار و ڕۆشنبیرانی ئەوسادا سەریهەڵدا، دیاردەی قسەکردن و نووسین بوو بە کوردییەکی پەتی و پاراو و دوور لە بەکارهێنانی وشەی بیانی و بەتایبەت عەرەبی بوو، هەرچەند مێژووی چیرۆکی کوردی پەتی بۆ سەرەتای ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیست و هەوڵی میجەرسۆن دەگەڕێتەوە کە لە شاری سلێمانی لە هەفتەنامەی (پێشکەوتن)دا یەکەم ژمارەی لە ٢٢ی نیسانی ١٩٢٠ بڵاوبۆتەوە، دواتریش لە یادی سەدسالەی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، سەرجەم ژمارەکانی لە

دووتوێی بەرگێکدا چاپکراوەتەوە، مێجەرسۆن لە بانگەوازەکەیدا هانی نووسەرانی کورد دەدات کە بە کوردی پەتی بنووسن و هەر لەو سۆنگەیەش پاداشتێکی دراوی بۆ تەرخان کردبوون. بۆیەش قسەکردن بە کوردی پەتی لەو ڕۆژگارە سەختەدا بەڕاستی جۆرێک بوو لە خەبات و بەرخودانی نەتەوەیەک لەبەردەم هەرەشەی تواندنەوەی زمان و جینۆسایدی کەلتووری کوردی، هەڵبەتە وێڕای دڵسۆزی خەمخۆرانی ڕۆشنبیرانی کورد لەو سەردەمە بۆ ئەو پرسە نەتەوەییە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا هەندێ وشەو زاراوەی دەسکرد و نامۆی هینایە نێو زمانەکەمان .

دوای سەدەیەک تێپەڕین بەسەر ئەم دیاردەی کوردی پەتی نووسینە، با بزانین تاچەند سوودمان لەو تێزە وەرگرتووە و خزمەتی بە زمانی شیرینی کوردی کردووە. هەر لە ناوەڕاستی هەفتایەکانەدا لەکاتی خۆیدا ڕەوانشاد زانا و فەرهەنگنووسی کورد ئاورەحمانی زەبیحی کە بەرگی یەکەمی(قامووسی زمانی کوردی) بەچاپ گەیاند، یارۆیەک لە هەفتەنامەی هاوکاریدا گلەییەنامەیەک نەک ڕەخنە (چونکە ڕەخنە گەرەکە بە میتۆدیکی ئەکادیمی و زانستی بنووسرێت) نەک هەڵچوونی سۆزداری و بی بنەما، یارۆ نووسیبووی قامووسەکەی تۆ پڕە لە وشەی عەرەبی و فارسی و تورکی و بیانی)، جەنابی عولەماش هەر بەچەند وشەیەک وەڵامی یارۆی دابووە و تێیدا نووسیبووی: کاکی خۆم من نەهاتووم قامووسی وشەی کوردیت بۆ دابنێم، من قامووسی زمانی کوردیم داناوە.

بەهەرحاڵ ئەز لە ئەزموونی نووسینی خۆمدا هەردەم هەوڵمداوە بە کوردییەکی ڕەوان وشەو زاراوەی ڕەسەن بەکار بهێنم، بەڵام هەقیقەتێک هەیە ئێمە لەگەڵ گەلانی دراوسێی وەک عەرەب و فارس و تورک و ئەرمەن و سریان سەدان ساڵە لە ناوچەیەک دەژین و مێژوو و کەلتوورمان هاوبەشە، کەواتە کەم و زۆر زمانەکەشمان کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەبووە و دەشبێت، بۆ نموونە گەر ئاسایی بێت هەزاران وشەی عەرەبی لە ناو زمانەکانی فارسیی و تورکیدا هەبێت، بۆچی ئاسایی نەبێت لەناو زمانی کوردیشدا هەبێت، بە دڵنیاییش بە هەزاران وشەی کوردیش چۆتە ناو زمانەکانی فارسی و تورکی و تەنانەت عەرەبیش، هەر لە دەقەکانی قورئانی پیرۆزیشدا چەندان وشەی کۆنی ئاوێستایی (کە زمانی کوردەمیدییەکانە) هەن وەک (بەرزەخ، خندق- کەندەک، بەرید- بردن، جهنم- جیهاننیم،سراب- سەراڤ، شارع-شارێ، نموذج- نموونە، تازج-تازە.. هتد ...

ئەم دیاردەی پەتی نووسینە لای زانایەکی بەریتانی وەک پرۆفیسۆر ڕۆی کاساگراند، مامۆستای مێژوو و دکتۆرای لە زانستە سیاسییەکان لە کۆلێژی ئۆستن لە ئەمریکا، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە ڕاگری ئەم کۆلێژەیە لە زانکۆی تەکساس. ئەم بیرمەندە ماوەی چەند ساڵێکە لە مەکۆی گشتی و ئەکادیمیدا وەک شیکەرەوەی پرسەکانی کۆمەڵگای عەرەبی ناسراوە بە یەکێک لەو تۆیژەرە دیارانەی دادپەروەرانە سەیری مێژووی جیهانی عەرەبی و کۆمەڵگە عەرەبییەکانی کردووە، تەنانەت لە بابەتی زمانەوانی عەرەبی، سەرسامییەکانی خۆی نەشاردۆتەوە. لە وتارێکیدا ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی زمانی ئیسپانی پیتی(خ)ی نییە. لە ماوەی ئەم حەوت سەدەیەدا لە ئەندەلووس زمانی ئیسپانی بووبوو بە زمانێکی تێکەڵاو، تێکەڵەیەک لە زمانی لاتینی و عەرەبی. لە سەرەتای سەدەی پازدەهەمدا ئیسپانییەکان بڕیاریاندا زمانەکەیان لە بە عەرەبکردن ڕزگار بکەن. بۆیەش دەستیان کرد بە هەڵکەندنی فەرهەنگەکانیان، هەر وشەیەکی عەرەبییان دۆزیبوایەوە فڕێیان دەدا و هاوتاکانیان بۆ دەدۆزینەوە.

کاساگراند کە خۆی بە ڕەچەڵەک ئیسپانییە، دەڵێت: بێگومان ئیسپانییەکان لەم پاککردنەوەی زمانەوانییەدا شکستیان هێنا، بەجۆرێک کە تەنانەت ئەمڕۆش 30%ی وشەکانی زمانی ئیسپانی ڕەگ و ڕەچەڵەکی عەرەبییان هەیە، بەڵام پورتوگالییەکان لە پاککردنەوەی زمانەکەیاندا سەرکەوتووتر بوون، هەمان پرۆفیسۆری زانکۆی ئۆستن لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: ئەم پاککردنەوە زمانەوانییە تەواو بەرهەمە زمانەوانی و ئەدەبییەکانی ئەو وڵاتەی نەزۆک کرد.

کاتێک ئیسپانییەکان بینیان کە ناتوانن هەموو وشە عەرەبییەکان لە زمانەکەیاندا نەهێڵن، هەوڵێکی دیکەیان دا بۆ ئەوەی بە تەواوی هەندێک پیت نەهێڵن، کە پێیان وابوو دەنگێکی عەرەبی زیاتریان لە ئەلفوبێی خۆیاندا هەیە و ئەوەندە چڕ و ناپێویست بوو کە عەرەبییە، بە تەواوی لە زمانی ئیسپانیدا لایان برد بۆ ئەوەی زمانی ئەوان کەمتر کاریگەریی عەرەبی لەسەر بێت، هەروەک چۆن لە زمانی ئەڵمانیدا، تا ئەمڕۆ(CH) ، کە دەنگەکانی خ و خ لێیەوە لەدایک دەبن، بۆ نموونە لە وشەی وەک بوخ و ئیخ... و هەروەها لە چەند زمانێکی دیکەی ئەوروپیشدا، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە دەنگی "خ". تایبەت نییە بە زمانی عەرەبی. بەڵام ئیسپانییەکان بەهۆی بوونی حەوت سەدەی عەرەب لە وڵاتەکەیاندا، ئەوەندە هەستەوەرییان بەم

وشەیە و ئەو دەنگانەی لێیەوە بەرهەم هاتبوو هەیە، بۆیە بڕیاریان دا بیسڕنەوە و لە زمانی ئیسپانیدا لابببەن، چونکە گەورە بوون و ڕقیان لێی بووەو نەیدەویست گەلانی تر بە عەرەب بزانن .

لە ئەنجامدا من دەمێکە ئەو باوەڕەم لا دروستبووە کەم و زۆر کوردی پەتی بەقەد ئەوەی سوودی زۆری بە زمانی کوردی گەیاندووە، هاوکات زیانی زۆریشی پێگەیاندووە، چونکە ئەمڕۆ ئێمە لە سەردەمێک دەژین کە سەردەمی کرانەوەی کۆمەڵگانە بە ڕووی دیالۆگ و یەکتردا لەڕێگای سۆشیالمیدیاوە، ئێستا بێ مۆڵەت و سانسۆر زمانی کوردی بە گشت زار و بنزار و دەڤۆکەکانییەوە دەگاتە ناو ماڵی هەموو تاکێکی کورد لە هەرکوێیەکی ئەو جیهانە پان و پۆرەدا بێت، هاوکات زمانە بیانییەکانیش هەر ئاوا بە سانایی دەگەنە ناومااڵەکانمان، بۆ نموونە منداڵی کورد بێ بەشداریکردن و خوێندنی کۆرسەکانی زمانەکانی وەک ئینگلیزی و ئەلمانی و فرەنسی و تەنانەت چینی و ژاپۆنیش لە ماوەیەکی زەمەنی کەمدا فێرە ئەو زمانانە بووە و دەبێت، لەهەمانکاتدا چەندان هاووڵاتی بیانیش هەن لە دوورترین وڵات و کیشوەرەکانەوە فێری زمانی کوردی بوون، کەواتە ئاساییە زمانی کوردی بکەوێتە ژێر کاریگەری زمانە بیانییەکان و هەروەها زمانە بیانییەکانیش بە سەدان وشەیان لە زمانی کوردی خواستووە. بۆیە بەڕای من ناشێت لە پێناو پاراستنی شکۆی زمانی کوردی هەرچی وشەو زاراوەی بیانی هەیە لە ئاخاوتن و تێکستی نووسینەکانماندا تورِی هەڵدەین و پەنا ببەینە بەر وشەی داتاشراو و نامۆ، لەکاتێکدا هەر لە زار و دەڤۆکە کوردییەکاندا گەر بۆیان بگەڕێین بە سانایی دەتوانین هەمان وشە و زاراوە بدۆزینەوە و بەکاریان بهێنین و خزمەتێکی باشتر بە زمانی شیرینی کوردیمان بکەین .

*خوێنەرانی هێژا دەتوانن سوود لەو لینکەی خوارەوە وەرگرن بۆ گەڕان بەدوای چەمک و واتاکانی وشە و زاراوە
کوردییەکان(
https://lex.vejin.net/?fbclid=IwAR2ICrMHGFaW8AZ8jOZb8JOUXhQVmN8atvYIGxSZwcs6QF8Gipbt9cJVjxA.

گرێوگۆڵی زمانەوانی و پرسی درووستکردنی نیگار بۆ هەندێ دەنگ، لە شێوەزاری هەورامیدا

د. ئیبراهیم حاجی زەڵمی

لاکردنەوەیەکی مێژوویی:

مێژووی نووسین بەو(ئەلف وبێ)ی ناسراو بە (ئەلف و بای عەرەبی)یەی لای ئێمەی کورد، بابەتێکی زۆرکۆن نیە و قسەوباس و لێوردبوونەوەی ئەوتۆی دەوێت. ئەوەی سەبارەت بە مێژووی ئەم جۆرە ڕێنووسەش وتراوە و خراوەتەڕوو لە چەند نووسین و وتار تێناپەڕن، بایی ئەوەندەش مشتومڕو وەستان لەسەریان بەشێوەیەکی زانستی کە پێویست بووە وەک زمانەکانی تر، لای لێنەکراوەتەوە.

ئاشکرایە مێژووی نووسین بەشێوەیەکی گشتی پشت بە نووسین و دەق و قەبالّەکۆنەکان دەبەستێت، کە دەبینین لای ئێمە میللەتی کورد ئەو دوو شتە کەم و هەبووی تەمەن کورتن و بایی ئەوەندە مێژوویان درێژ نیە کە پشتیان پێ ببەستین، بەتایبەت لەبواری ڕێنووسی(ئەلف وبێ)دا و بیانکەینە پێشەنگ، هەر چەندە هەندێک نووسەر ڕایانوایە کە ئێمەی کورد پێشتر خاوەنی ڕێنووسی خۆمان بووین.([1]) بۆ نموونە پەڕتوکی(شوق المستهام فی معرفه رموز الاقلام) لە نووسینی

١- ئیبراهیم حاجی زەڵمی :خەمێ...ڕۆژنامەی هاناو ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٦ز لا٨.

(**ابوبکر النبطی**)، که له ساڵی ٢٤١ کۆچی نووسیویەتی، نمونەیەک له (ئەلف و بێ)ی دەستنیشان کردووەو واپیشانی داوە که ئەمجۆرە (ئەلف و بێ)یە هی نووسینی کوردی بووە که له پیشاندانیدا نیگاری (٣٧) پیتی کێشاوە.

نووسەرانی کورد لەوانە مەسعود موحەمەد و د. کەمال فوئاد و چەند کەسی تر، بایەخی ئەم کتێبە وئەم بۆچوونە زۆر لەبەرچاو ناگرن و پێیان وایە شتی وەها ناموکینە!. بۆنمونە مەسعود موحەمەد لە کتێبی(لسان الکرد) دەنووسێت: سەرچاوەکان باس لە کتێبێک دەکەن لەبارەی دەرهێنانی ئاو کە لەلایەن (ابن وحشیە) پێش نزیکەی هەزار ساڵ لەمەوبەر بە زمانی کوردی دابنابێت !! هەروەها دەڵێن: ئەو ئەلف بایەی کە(ئیبن وەحشیە) لە کتێبە عەجیبەکەیدا (شوق المستهام)باسی دەکات دروستکراوە([٢])..!

زۆرێک لە نووسەرانیش بۆچوونیان وایەو لەسەر ئەو ڕایەن کە ئێمەی کورد پێشتر وەک فارسەکان نووسیومانە و ئەو هێماو نیگارانەمان بەکارهێناوە کە ئەمڕۆ بە ئەلف بای عەرەبی ناسراون. بۆ ئەو دەنگە کەمە کۆنسنانتانەی کە لە هێماو پیتە کۆنسنانتەکانی عەرەبیدا نەبوون و نیگاریان لەو شێوازە نەبووەو دەستنەکەوتووە و بە دانانی سێ خاڵ چارەی ئەو کێشەیان کردووە! بۆنمونە (پ، ڤ، چ،...)هتد.([٣])

بۆ نمونە دیوانی (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) لەساڵی (١٢٦٠ک -١٨٤٤ز) لە چاپدراوە، شیعرە کوردییەکانی کۆن بە هەمان ڕێنووسی فارسی یانی وەک شیعرە فارسییەکانی مەولانا چاپ کراون .([٤])

بەڵام دواتر بەتایبەت سەرەتاکانی نووسین، دوای دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان) لەلایەن بەدرخانییەکانەوە، لەچاپدانی کتێبە جۆربەجۆرەکانی تر بە کوردی، بۆ نموونە گۆڤاری ڕۆژی کورد(١٩١٣) (ئینجیلی مەتا_مقدس) لە ساڵی (١٩١٩) گۆڤاری کوردستان، ١٩١٩-١٩٢٠، ئەستەموڵ، ڕۆژنامەی پێشکەوتن (١٩٢٠-١٩٢٢)دیاری کوردستان (١٩٢٥-١٩٢٦)، ڕۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨) پاشان سەردەمی گۆڤاری گەلاوێژ (١٩٣٩-١٩٤٩). دواتر بڵاوبوونەوەی چەندان

2- عمرعبدالعزیز: نمونە دەگمەنەکەی ئیبن وەحشیە: گۆڤاری پەیامی راستی، ژمارە (80) تەممووزی 2007زلاپەرە 8.

٣- ئیبراهیم حاجی زەڵمی :خەمێ..اهەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

٤- د.ئەورەحمانی حاجی مارف :کورتەیەکی میژوویی ڕێنوسی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراقی(دەستەی کورد)بەرگی هەشتەم، چاپخانەی کۆر، بغداد،1981م،لاپەرە(68).

کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە، دواتریش دروستبوونی کۆڕی زانیاری کورد، دوای ڕاپەڕینیش لەسەر هەمان ڕێتم و ڕێوشوێن تا ئەمڕۆ بەردەوامی هەیە.

لێرەوە ئەم ڕێنووسە کوردییە جوانەی ئێستەمان کە ئەمڕۆ پێی دەنووسین، بەرهەمی دەستپێشخەری و ڕەنج و تەنانەت قوربانیدانی گەورە نووسەرو ڕۆژنامەنووسانی نەتەوەکەمانە، کە هەوڵیاندا کەم تا زۆرێک لەو ڕێنووسە دەقاودەق عەرەبی و فارسییە رزگارمان بکەن و بە ڕێنووسێکی گونجاو وشایستە ئاشنامان بکەن، بایی ئەوەندەی کە ئاسانتر بێت بۆ نووسینەوەی فەرهەنگ و کەلتورەکەمان بەم پیتانە بەهرەمەندمان بکەن یانی بەم شێوازە کە:

لەپیتی (ب).....(پ) یان دروستکرد

لەپیتی (ج).....(چ) یان دروستکرد

لەپیتی (ز).....(ژ) یان دروستکرد

لەپیتی (ف).....(ڤ) یان دروستکرد

لەپیتی (ل).....(ڵ) یان دروستکرد

لەپیتی (ک).....(گ) یان دروستکرد

ئەمە سەبارەت بەدەنگە (بزوێنە=کونسنانت)ەکان، بەڵام هەرچی (ڤاوڵ)ەکانی عەرەبین کەمتر بوون! بۆیە بەم شێوازە دروستکران و دانران:

سەرەی کورت .... ه ـه

واوی کورت.....و

واوی قووڵ.....وو

واوی کراوە.....ۆ

یای کورت.....ی

یای کراوە.....ێ

سەرەی کراوە.....ا.(٥)

نوسین بە شێوەزاری هەورامی:

مخابن زەمەنێک بوو کە بە شێوەزاری هەورامی نەنووسرابوو، دیارە لایەنە فەرمییەکانیش تا ئیمڕۆ لایەکیان لەمەش نەکردوەتەوە، ئەوەی نووسرابێت ئەو

٥- دڵشاد مەریوانی: ڕێنوسی کوردی و ئاهەنگی شیعری کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2006ز، لاپەرە(5).

نووسەرانە بوون کە بە تەنها و بۆخۆنووسیانە، دەتوانرێت نووسینەکان و نووسەرەکان بە پەنجەی دەست بژمێررێن.! زمانی کوردی کە ئاماژەمان پێدا، پێشتر لای ئێمە هەر بەهەمان ڕێنووسی نووسەرەکانی پێشتر کە هێمای(ئەلف و بێ ی عەرەبییان بەکارهێناوە، نووسیویانە. بۆیە بێ گوێدان گەر بەهەر شێوەزارێ نووسیبێتیان هەر هەمان(ئەلف وبێ)یان بەکارهێناوە (بێجگە لە کوردەکانی باکوری کوردستان کە بە ئەلفبێی لاتینی نووسیویانە و ئەلف وبێی لاتینیان بەکاربردووە!) بۆیە کەسێک و بابایەکی هەورامی، گەر هەرشتێکی نووسیبێت، هەر بەهەمان (ئەلف و بێ)ی ناسراو بە ئەلف و بای عەرەبی نووسیوە.! دیارە لەم دواییەدا بەتایبەت دەیەی دوایی ڕاپەڕین کۆمەڵێک نووسەر وەک لاکردنەوەیەک لە نووسین بە شێوەزاری هەورامی هەستاون بەدیارکردنی چەند نیگارێگ بۆ کۆمەڵێک دەنگ، کە جۆرێک لە قەبەکردنی زمان و قورسکردنی هێنابوویەئارا. ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە دەیانویست شێوەگۆکردنێکی ناوچەیی (دووسێ گوندی هەورامان) کە لەڕووی فۆنەتیکەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە و بیکەنە بنەما، نەک دەقەکۆن و نووسراوەکان، دیارە ئەو شێوەگۆکردنە ناوچەییە وسەپاندنی و گشتاندنی وەک سەرچاوەیەک بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێزمانی هەورامی، هەڵەیەکی زمانەوانییە کە ئەمڕۆ پاشاگەردانییەکی دروستکردووە کە بەتەواوی!، هەم زمان و هەم ڕێزمانی هەورامی بەرەو ئاڵۆزترکردنی بردووە. وەک ئەوەی لە ئەمڕۆدا دەیبینین کە ڕاناوە کەسییە لکاوەکانیان بۆ چەند پێڕو دەستە بردووە و چەند ئەلەفۆن وەک فۆنیم ئەژمارکراوە.! بێ ئاگاداری بنجی زمانەکە چەند نیگار هەر لەخۆوە دروستکراون لەملاو لەولا بەکار دەهێنرێت.

هەندێک نووسەر ئەم ڕاستییەیان هەستپێکردوە ئەوەتا لە (ڕۆژنامەی هاناو)دا نووسەرو لێکۆڵەر حەمەڕەشیدی ئەمینی بانگەواز دەکات کە: شێوە قسەکردنی گوندێک یان چەند گوندێک بە کەرەستەی نووسینی ئەدەبی هەورامان ناکرێت !! کە لە نووسینەکەیدا هاتوە کە نووسەران لە مەتن و وتارە هەورامییەکاندا تەنها شێوەزاری (گوندێ! یان چەند گوندێک !)یان ناوچەیەک نەکەن بە کەرەستەی نووسینی ئەدەبی هەورامی، چونکە نووسین بە شێوەزاری هەورامی مێژوویەکی دێرینی هەیە و کۆنترین دەقی ئەدەبی و ئایینی کوردی هەر بەم شێوەزارە بووە،

کوردواتەنی" چ عەجەب دوای چەند سەدەیەک وابزانین ئێستە نووسین بە هەورامی دەست پێدەکات دەبێ ئەلف و بێی نوێی بۆدابنێن؟([٦])

ئیمە نابێ ئەوەمان لە بەرچاو بێت کەبەستەرەی جوگرافیای ئەدەبی هەورامان لەکاتی خۆیا تا کوێ پەرەیسەندوە و کەسانی تریش بوون، کەهەورامی زمان نەبوون ، کەچی بەجوانی توانیویانە کەڵک لەم زاراوەیە وەربگرن و بنووسن پێی، بۆ ماوەیەکی دریژیش بەشی گەورەی کوردستانیش لە ژێر ڕکێفی خۆیگرتووە و جوانترین شاکارەکانی ئەدەبیاتی زمانی کوردی پێ بخولقێنن. ئایا ئێمە ناتوانین زۆرتر لە نووسەرەکانمان لەباتی ئەوەی سەیری ناوچەگەری بکەین پەیرەوەی لە کەسایەتییە گەورەکانمان وەک : بێسارانی و مەولەوی و خانای قوبادی و سەیدی و میرزا عەبدولقادر ... بکەین ئەگەر چی ئەوە شیعرە و ئەمە نووسراوە و لەباری ڕێزمانییەوە دوو قۆناغی جیاوازن، کەچی بە ئاسانی ناتوانین لەو ئەدەبەش بێ لایەن بین.

لەم ڕوانگەوە حەزدەکەم سەرنجی خوێنەر بۆ دووخاڵی گرنگ ڕابکێشم:

یەکەم: لەم ماوەیەدا هەوڵێک درا کە ئەلف بێیەکی تایبەت بۆ نووسین بە شێوەزاری هەورامی، پەرەی پێبدرێت و بتوانرێت لەو پاشاگەردانیەو هەرکەس بۆخۆیە ڕزگار بکرێت،. ئەوەبوو لیژنەیەک دروستکرا، ئەگەرچی من هەرلەسەرەتاوە دەستخۆشیم هەبووە، وەک ئەندامێکی لیژنەکەش بەشدار بووم، پێم وایە ئەو هەوڵانە بۆ سنووردارکردنی ئەو هەرکەس بۆخۆیە کارێکی ئەرێنی و شایەن بەدەست خۆشی بوە، لەوهەنگاوەش لیژنەکە سەرکەوتوبوو، توانی دواجار بڕیار بدات؛ هەڵبەتە بەزۆرینەی دەنگی ئامادەبوانی کۆبونەوەی کۆتایی؛ بڕیاربدەن چوار نیگار دیاری بکرێت کە ئەمانەن : دالی سواو و تائی سواو: (د) دیاری بکرێت کە سێ خاڵی بەسەرەوەیە، بۆ واوی نیمچە کراوە: (و) کە هێمای هەشتی لەسەربێت.

بۆ واوی نزیک لە ڤ: (کە ئەم دەنگە دەنگێکی ڕەسەنی هەورامانە، بەڵام(و) جێگەی گرتوەتەوە لەزۆرینەی هەوراماندا) (و) کە هێمای سێخاڵی لەسەربێت بۆی دەستنیشان کرا. دیارە بۆ (ی) نیمچەکراوەی گۆکراو لەهەورامان (ی) کە هێمای هەشتی لەسەرە دانرا.

٦- حەمەڕەشیدی ئەمینی: ڕۆژنامەی هاناو، ژمارە (6)2006ز لاپەرە(6)

مـن پـێم وایە قۆنـاغی یەکەم لە یەکخسـتنی ئەو پیتـانەدا بەوەی کە کۆکبـوون لەچەند هێماییەوە کرانەوە چـوار نیگـاری پەسـەندکراو، دووەمـیش ئەگەرچـی ئەمە کـارێکی زانسـتیە بەڵام جۆرێـک لە نێوەنـدگیری تیـابوو لەوەی هەبـوو زیـاد لەو ٤نیگـارەی چەندجۆریشـی هەبـوو، ئەمـانە هەمـووی ڕێکخـران ووتیـان بەڵێ ئەوەتـا بۆچـوونی ئێـوەش وەرگیـرا، بـۆ ئەونوسـەرانەش کە پێیـان وابـوو کە ڕاسـتیەکەی ئێمەی نوسەرانی هەورامان بۆ نووسین بەهەورامی، پێویستمان بە هـیچ نیگـارێ تر نـیە بـۆ نووسـین بەهەورامـی و ئەلـف بـێ کـوردەواریە بـاوەکەی نووسـینی کـوردی بەشمان دەکات. کەبەندە یەکێک بوولەوانە، دەرگای نووسین و ڕەخنەگرتن ولەوەی کە ئەنجامـدراوە، کـراوەیەو دەتـوانین پێـی نەنوسـین. هەربـۆیە ئەمە یەکەم نوسـینی ڕەخنەیـیە لەسـەر ئەوکـارەو ئەوەی پێویسـت بێـت بەکـورتی و زانسـتیانە لەسـەر هەرچـوار نیگـارە نـوێیەکە دەنووسـم، سـەرەتاش ئەم نوسـینە تەرخـانە بـۆ (نیگـاری دالی سواو، کە (د) سێ خاڵی خراوەتەسەر، وەک لەوێنەکەدا هاتوە.

دووەم: ئـێمە پێمـان وابـوو کە دالـی سـواو هەمـان داڵە کەلەسـەرەتای وشـەوە گۆدەکرێت، پێویستی بەنیگار نیە، هۆکارەکەش تێنەگەیشتنە لە دووچەمکی : فۆنیم (Phoneme)و ئەلەفۆن (Allophone)

١. فۆنیم: (Phoneme) فۆنیم بچکۆلەترین یەکەی دەنگیـیە کە واتـای وشـەکانی زمـان جیاوازدەکـات. ئەمە دەنگێکـی بنەڕەتیـیە کە گـۆڕینی لێکـدانەوەی لە وشـەدا بۆچـوونی وشـەکە دەگۆڕێت .(٧)بـۆ نمـوونە، لە فۆنیمەکـانی(p/ پ /وb/ ب /) لە وشـەکانی(پار "par" و بار "bar") واتـا جیـاواز دەکەن،p/ پ /وb/ ب /) یـان لە فۆنیمەکـانی(q/ ق /وb/ ب /)وشـەکانی(قاز "qaz" و باز "baz") چـونکە گۆڕینیـان واتای وشەکە دەگۆڕێت.

٢. ئەلەفۆن :(Allophone) ئەلەفـۆن شـێوەی جیـاوازکراوەی فـۆنیمێکە کە لە زماندا بەدەنگ لەیەکناچن و جیان، بەڵام بۆچوون و واتای وشەکە ناگۆڕن. (٨).

ئاشـکرایە پیتـی (د) پیتـێکە لەپیـتە کۆنسـنانتەکان(نەبزوێن)ە، لەڕووی (فـۆنەتێکی ئۆرگـانی)یەوە شـێوەی دروسـتبونی لەنـاو دەمـو قـورگی مـرۆڤەوە کەدەنگێـک لەخۆدەگرێـت، لەڕێـی داخسـتن و بەرزکـردنەوەی نەرمە مەڵاشـو بـۆ ئاسـمانەی دەمەوە کە دەچێتە ریزی ئەو پیتانەوە کەبەپیتە (تەقیوەکان)دەناسـرێن کەپیتەکـانی

7 – Ladefoged, P., & Johnson, K. (2014). A Course in Phonetics (7th Ed.). Cengage Learning.
8 - Roach, P. (2009). English Phonetics and Phonology (4th ed.). Cambridge University Press.

(ب،ت،ک،د،گ،پ) دەگرێتەوە بەڵام دیارە شێوەو کردنەدەری (دەنگی دال) لەدەمدا جۆرێ تریش وەسفدەکریت بەو پێیەی پیتی(د)یەکێکەلە پیتەکانی (پوک) کەبۆ دروستبوونی سەری زمان لەپووک دەدرێت. یانی سەری زمان دەداتە ئەو شوێنەی کەبێخی ددانەکان لەو شوێنەی کەچەقیوەتە نێو پووکەوە! ئەوانیش(ن،ت،د،س،ز).

پاشان پیتی(د)ی پیتێکی سەرەکیە لەزمانی کوردیدا بەهەموو زار وشێوەزارەکانیەوە، بەڵام ئەبێت ڕاستیەک هەیە بزانرێت و لەبەرچاوبێت کە(ئەلف و بێ)بۆ زمان و ئەدەبیات ونوسین دادەنرێن نەک بۆ شێوە زوانی گفتوگۆپێکردن .! ڕاستە (دەنگ) بەردی بناغەی گشت زمانێکە، بەڵام نوسەر دەبێت پەیوەندی نێوان نیگارو دەنگ (پیت)و (فۆنیم) بزانێت، هەر دەنگێک توانی ببێت بە(فۆنیم) واچاکترە کەنیگارێکیشی بۆ دیاریبکرێت. بەڵام ئەگەر دەنگەکە لەحاڵەتی (ئەلەفۆن)دا مایەوە واتا نەگۆڕا، ئیتر خۆماندوکردن و سەرلێشێواندنە! هەستن نیگاری تر دروستبکەن پۆی .!.بۆ نمونە (ل) ی سوک و(ڵ) ی قەڵەو ئەبێت(ڵ) بە فۆنیم بژمێررێت و نیگاری جیای خۆی هەبێت لە(ل).چونکە جیاوازی گەورە هەیە لەنێوان ماناو ناولێنانیانەوە کە فۆنیمی جیاواز لەجێی یەکتر دابنرێن بۆ نمونە:

(کەل ، کەڵ) (گەل ، گەڵ) ،بەڵام جیاوازی نیە لەنێوان (شارذ شەوە . شارتشەوە،مەردا..مەرذا، ئەدا... ئەدˆا) دا نیە، ئیتر بۆ(د) ی سواو نیگاری هەبیت؟.

من دەڵێم کاتێک دروستکردنی نیگار هیچ جێگایەک ناگرێت، ئیتر ئەم سەرئێشاندنی خۆیە لەپای چی؟! کەلە(د) هەستین(دˆ) کەنیگارێ تری دروستکەین! دیارە ئەوگۆکردنە ناوچەیە دەبێت بشوبهێنرێت بەو شێوەگۆکردنەی ناوچەی سلێمانی کەبۆ پیتی (د)ی دەکەن. چونکە لەناوچەکانی تر پیتی(د) بەکاردەهێنرێت و ناسوێت[٩].

٩- نمونەی جیاوازی گۆکردنی ناوچەی دوسێ گوندی لهۆن بەرچاوە لەگەڵ ئەو ووشانەی کە مۆرفیمی (ەو) بە دویدا پیتێکی کۆنسنانت هات ئەوا لە هەندێک لە گوندەکانی ناوچەی لهۆن دەبێت بە (ۆ) ووشە هەورامیەکان لە ناوچەکانی تر ی هەوراماندا گۆڕانکاریان بەسەردا نایت!!

بۆ نموونە.. هەندێ ووشە هەیە لە دیالێکتی ناوچەییدا بەم شێوازە دەردەبڕێت :

ناوچەی سلێمانی	هەندێ ناوچەی لهۆن	هەورامانی تەخت و شەمیان
کەوت ———	کۆت ——	کەوت
صەوت(عەرەبیە) ———	سۆت ——	صەوت
حەوت ———	حۆت ——	حەوت
هەور ———	هۆر ——	هەور

مامۆستا تۆفیق وەهبی نوسیویەتی (د)سواو دەبێت بەجارێک بکرێتە دەرەوەی زمانە ئەدەبیەکەمان. ئەوشوێنەی(دˆ)سواو یان کلۆر بوە یان دەگۆرێت بۆدەنگێ ت، لەکاتی نوسیندا(د)ی پتەو بخرێتە جێگەی. ئێمە لێرەدا بەنمونەوە ئەو دۆخانەی سوان و ونبونی (د) ی تیادا هەیە لەگۆکردنی هەورامانی لهۆن و ناوچەی سلێمانی بەنمونە وەک بەراوردێک دەخەینە ڕوو لەهەمانکاتدا (د) ی پتەو دەخەینە جێگەی کە دەبینین هیچ مانا ناگۆرێت!

بۆچۆنیەتی خوێندنەوەی پیتی (د=دال)و دەرکەوتنی لەسەر زمانی خەڵکی لەنێو وشەکاندا دەڵێین:

هۆکاری سوانی پیتی (د) هەمیشە هۆکاری بەدواداهاتنی پیتە بزوێنەکانی(ە، ا، و، ی)ە لەگەڵ پیتی (د) ا، یاخود هاتنی پیتی هاوشێوەی خۆی وەک پیتی (ت).

وەک لەم خشتەیەدا هاتوە:

ووشەلە نوسیندا	بەدوای یەک هاتنی پیتەبزوێن و نەبزوێنەکان	ضۆنیەتی تەلەفوزکردنی لة شیوەزاری هەورامی لهۆن
بەندە ئادەم قەدەم خەیر زەدە یازدە نادانی	د+ە	بەنند، یان سوانی دال دˆ ئایەم، ئاڵەم ، یان سوانی دال دˆ قەوەم خەیر یان سوانی دال دˆ زەوە، زەیە،یان سوانی دال دˆ (من زەدەی هیجران دڵەی پرزووخاو کەوتمەخەیاڵی دنیایی ناتەواو(خەڵوەزەیی [10]) سوانی دال دˆ

لێرەدا دەبینین (ەو) لە کاتی تەلەفوزکردندا بە (ۆ) دەیخوێنەوە، وەک چۆن پاشگر و ئامرازی پەیوەندی (وە)هەربە (ۆ) گۆ دەکەن! ئەمەش هۆکارە بۆ تیکدانی جێناوەکان ، پێم وایە ئەم دۆخە پەیوەندی بە باری فۆنۆتیکی سروشتی ناوچەکەوە هەیە، تەنانەت لە شێوەزاری ناوچەی جافدا بە تایبەت (ەوە) دەگۆڕن بۆ (ۆ) واتە ئەم حاڵەتە تەنها لە ناوچەی لهۆن نی یە بۆ نموونە :

نووسینی کوردی		شێوەزاری جاف
قەدی چاوگ	**قەد + ەوە مۆرفیمی دووپاتی**	**قەد + ۆ یاخود قەد+ گۆ**
هات	هات +ەوە= هاتەوە	هات + ۆ= هاتۆ هاتگۆ
ڕۆیشت	ڕۆیشت + ەوە= ڕۆیشتەوە	ڕۆیشت + ۆ = ڕۆشتۆ ڕۆییگۆ

تەماشای بابەتی: چاکی مەکە باخراب نەبێت /لەنوسینی ئبراهیم حاجی زەڵمی، ڕۆژنامەی هەورامان، ژمارە (4) بکە.

١٠- علی کمال باپیر: خەڵوەزیی شاعیر، شاعیرە ناو ونبوەکانی کورد، 1972 سلێمانی

		یانزه(نەمانی دال) نادانی..بەسوانی(دال) ، نایانی سوانی دال دˆ
ئەدا مدام قەدافەت	د+ا	ئەیا، ئەلا.ئەوا (نەمانی دال)یاخود .ئەدا(دال بەسواوی) میام(نەمانی دال)یاخود .ئەدا(دال بەسواوی) قەیافەت(نەمانی دال)یاخود . (دال بەسواوی)
شمشاد بادیە حەمەمراد بەغداد	ا+د	شمشاڵ، شمشاد(نەمانی دال)یاخود .شمشاد (دال بەسواوی) دˆ باییە(نەمانی دال)یاخود .بادیە (دال بەسواوی) دˆ حەمەمراد(نەمانی دال) یاخود حەمەمراد (دال بەسواوی) دˆ بەغغا(نەمانی دال) یاخود بەغدا (دال بەسواوی) دˆ
موريد بۆرییەر	ی+د	موريد (دال بەسواوی) دˆ بۆرییەر(نەمانی دال)یاخود دال بەسواوی دˆ
مەحمود	و+د	مەحمود(دال بەسواوی) دˆ
ئاندەوئاندە پاندەو پاندە چندە دەوڵەمەند	ن+د	ئاننەو ئاننە(نەمانی دال) پاننەوپاننە(نەمانی دال) چننە(نەمانی دال) دەوڵەمەن(نەمانی دال)
نمەد بەد بەدبەختی سەد	ە+د	نمەیـ /گۆڕانی بەپیتێکی تر، یان بەسوانی (دال)دˆ بەیـ / گۆڕانی بەپیتێکی تر، یان بەسوانی (دال)دˆ بەوبەخت/ گۆڕانی بەپیتێکی تر، یان بەسوانی (دال)دˆ صەو، سەت / گۆڕانی بەپیتێکی تر، یان بەسوانی (دال) دˆ
مدو مدیۆ	د+و	میۆ/ میۆ: گۆڕانی بەپیتێکی تر، یان بەسوانی (دال)دˆ
شاردتەوە واردتەوە	د+ت	شارتتۆ/ گۆڕانی بەپیتێکی تر، یان بەسوانی (دال)دˆ وارتتۆ گۆڕانی بەپیتێکی تر، یان بەسوانی (دال)دˆ
گرد	ر+د	گر نەامان یان سوانی پیتی (دال) دˆ

چونیەتی فۆنۆتیک کردنی پیتی (د=دال)لەناوچەی سلێمانی دەوروبەری!

ووشەلە(نووسین)دا	چۆنیەتی بەدوای یەکهاتنی پیت	چۆنیەتی تەلەفوزکردنی لە شێوەزاری ناوچەی سلێمانیدا
دەخۆم دەروات حەڤدە	د+ه	ئەخۆم ونبونی پیتی (د) ئەروات ونبونی پیتی (د) حەڤدە ونبونی پیتی (د)
سەد	ه+د	صەت ونبونی پیتی (د)
منداڵ شاردیەوە	د+ا د+ی	منااڵ ونبونی پیتی (د) شاریەوە ونبونی پیتی (د)
بەغداد	ا+د	بەغدا- ونبونی پیتی (د)
چەند هونەرمەند خوێندکار	ن+د	چەن- ونبونی پیتی (د) هونەرمەن- ونبونی پیتی (د) خوێنکار- ونبونی پیتی (د)
سود مەحمود	و+د	سوو ونبونی پیتی (د) مەحموو ونبونی پیتی (د)
جاردان فرێدان	د+ا	جاڕان ونبونی پیتی (د) فڕێیان ونبونی پیتی (د)
هەڵیدە	ی+د+ه	هەڵییە ونبونی پیتی (د)
شاردتەوە	ر+ت	شارتەوە ونبونی پیتی (د)

دووەم: فۆنیمی (د) کەدەسوێت لەسەرزاران لە هەورامان جۆرە دەنگێکی نوێ دروووست دەکات، کە ئیمڕۆ نیگارێکی نوێیان بۆدروووستکردوە، کە (دˆ) سێ خاڵی لەسەرە، کە لەڕاستیدا ئەمەی دروووست دەبێت دەنگی دوەمی هەمان فۆن و پیتە (د) تەنها لە کاتی بەدواهاتنی پیتێکی قاوڵ ئەم دەنگە ڕەسەنەی خۆی دەگۆڕێت. گەرنا هەمان پیت بهێنەوە سەرەتای وشە دیسان دەنگە ڕەسەنەکەی خۆی وەردەگرێتەوە، تەنانەت فۆنیم و پیتی (ت) هەمان دەنگ دروووست دەکات، بەهەمانجۆر، هەربۆیە ئێمە پێمان وایە ئەو دەنگە دوەمەی بەو جۆرە دروووستدەبێت ئەلەفۆنەو پێویست ناکات(نیگاری نوێی بۆدروووستبکرێت) ئێمە چەند نموونە دەخەینە ڕوو:

یەکەم: لە چاوگدا(د) وەک فۆنیمی ڕاستەقینەی خۆی، تەلەفوز دەکرێت، تەنانەت لە قەددا بەهەمان شێوە، بەڵام کاتێک دەکەوێتە ناو وشەوەوە پێتێکی ڤاوڵی پێدەگات، دەنگەکە دەسوێت بۆ ئەلەفۆنێک، کەلەڕاستیدا ناکرێت نیگارێکی نوێی بۆزیادبکرێت، لەکاتێکدا کە نە واتا دەگۆڕێت و نە ماهیەتی پیتەکە وندەبێت بەڵکو تەنها دەسوێت لەسەرزاران و دەنگێکی جیا دروست دەبێت لە شێوەقسەکردندا. وەک لەم خشتەیەدا دەیهێنین:

١/ لە قەدو چاوگدا (د) وەک خۆی تەلەفوز دەکرێت، بەڵام هەمان دەنگ و پیت کەدەکەوێتە ناو وشەوەو پیتی ڤاوڵی بەدوادا دێت، ئیتر ئەلەفۆنەکەی دێتە کایەوە. وەک لەم خشتەدا هێناومانە:

چاوگ	قەد	کاری ڕانەبردوو م+ڕەگی کار+جێناو	کاری داخوازی ب+ڕەگی کار+جێناو	جۆری فۆنیم
دیای	دیا	مد^یەو	بد^یە	د
هوردای	هوردا	هوردمد^ەو	هوربد^ە	د
دوای	دوا	مد^وو	بد^وە	د

٢/ فۆنیم وپیتی (د) وەک خۆی تەلەفوز دەکرێت لە هەندێک وشەدا وەک چاوگ وقەد، کەچی هەمان پیتو دەنگ وندەبێت لە کاری ڕانەبردو و کاری داخوازیدا وەک لەم نموونانەداو لەم خشتەیەدا هاتوە:

چاوگ	قەد	کاری ڕانەبردوو م+ڕەگی کار+جێناو	کاری داخوازی ب+ڕەگی کار+جێناو	جۆری فۆنیم
بەردەی	بەرد	مبەرو	ببەرەش	د
کەردەی	کەرد	مکەرو	بکەرەش	د
واردەی	وارد	موەرو	بوەرەش	د

٣/ فۆنیم وپیتی (د) وەک خۆی تەلەفوز دەکرێت لە هەندێک وشەدا وەک چاوگ وقەد، بەڵام کاتێک هەمان قەدەکان وەک کارجێناوی لکاوی (ت/بۆکەسی دووەمی تاک) زیاد دەکرێت بۆیان، د تەلەفوز دەکرێت، لە جیاتیدا دەنگو پیتی جێناوی (ت) دەگۆڕێت بۆ هەمان دەنگی دروستبوو لەدالی سواو د^ ، واتە هەمان دەنگیش لە (ت) دروستدەبێت، ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت، کە زیادکردنی نیگارێکی نوێ کێشە بۆ ئەمەش دروست دەکات! چونکە ناکرێت ئەلەفۆنی (د^) بۆ سوانی پیتیتری وەک (ت)ش نیگار بکرێت. وەک لەم خشتەیەدا هاتوە:

چاوگ	قەد	کاری ڕابردوو+جێناو	جۆری فۆنیم	فۆنیمی گۆڕاو
بەردەی	بەرد	بەردت^	د	ت
کەردەی	کەرد	کەردت^	د	ت
واردەی	وارد	واردت^	د	ت

هەربۆیە بەڕای من ناکرێت و نازانستیە یەک نیگار د^ بۆ دوو ئەلەفۆنی (دالی سواو) و(تائی، سواو) دروستبکرێت.

دیارە بۆ نیگارە نوێکانی تریش هەمان تاسو حەمامە، بە بەڵگەی زانستی سەلماندوومە بەدرێژی و پیشانی ئەو لێژنەیەم داوە کە ئەو نیگارانەیان دروستکردوە، لە ژمارەکانی تردا بڵاوی دەکەمەوە.

سەرچاوەکان:

١- ئیبراهیم حاجی زەڵمی : خەمێ...ڕۆژنامەی هاناو ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٦ز لا٨.

[2]- عمرعبدالعزیز: نمونە دەگمەنەکەی ئیبن وەحشیە: گۆڤاری پەیامی راستی، ژمارە (80) تەممووزی 2007زلاپەرە 8.

[٣] - د.ئەورەحمانی حاجی مارف :کورتەیەکی مێژوویی ڕێنوسی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراقی(دەستەی کورد)بەرگی هەشتەم، چاپخانەی کۆر، بغداد،1981م،لاپەرە(68).

[٤]- دڵشاد مەریوانی: ڕێنوسی کوردی و ئاهەنگی شیعری کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2006ز، لاپەرە(5).

[٥] - حەمەرەشیدی ئەمینی: ڕۆژنامەی هاناو، ژمارە (6)2006ز لاپەرە(6)

٧- علی کمال باپیر: خەڵوەزیی شاعیر، شاعیرە ناو ونبوەکانی کورد، 1972 سلێمانی

[٨] - Ladefoged, P., & Johnson, K. (2014). A Course in Phonetics (7th Ed.). Cengage Learning.

٩ - Roach, P. (2009). English Phonetics and Phonology (4th ed.). Cambridge University Press.

ڕێنووس بەیاسا دروست دەکرێت، یاساش بەپێوەر دادەڕێژرێت

کازم عەباس زەندی

نووسین لەکاتیکدا بۆ ڕێنووس دەگۆڕێت، کە بە یاسا ڕێکخرابێت، بەڵام بە مەرجێک یاسایەکان بەپێی چەند پێوەرەک داڕێژرابن، کە لە تایبەتمەندییەکانی نووسینی زمانەکە هەڵهێنجرابن، چونکە لەم حاڵەتەدا وەک دەستووری لێدێت، کە جێبەجێکردنی بەپێویست بزانرێت.

ڕێنووس و ڕێزمان دوو کرداری پەیوەست بەیەکتر و دوا قۆناغی پێشکەوتنی زمانەکان پیشان دەدەن، چونکە بەیەکەوە گەشە و گۆڕانی زمان لە ڕووی ئاخاوتن و نووسین دەردەخەن، ئەمەش وایکردووە ئاسانکاری بۆ دروستکردنی یەکتر بکەن، بۆیە هەر کاتێک کە هەوڵی دروستکردنی زمانی ستاندارد و ڕێزمانێکی یەکگرتوو دەدرێت لەگەڵیدا دروستکردنی ڕێنووسیش بۆ ئەو زمانە بەپێویست دەزانرێت، بەڵام نووسین کە دیوی دووەمی ئاخاوتنە، کرداری گۆکردنی پێ دەردەخرێت، بە لاسایی و هەڕەمەکی دەستی پێکردووە، ئینجا بە تێپەڕینی چەندان قۆناغ گۆڕانی بەسەردا هاتووەو پێشکەوتووە تا گەیشتۆتە قۆناغێک، کە وەک زانست لێی بڕوانرێت و پێویستی بەوە بێت یاساو ڕێسای تایبەت بەخۆی بۆ دابنرێت.

نووسینی کوردی لە سەرەتادا بە هونەر لێیڕوانراوە، بۆیە بە هەڕەمەکی و لاسایی دەستی پێکردووە و توانراوە بە پێشنیار ڕێک بخرێت و بەڕێنمایی دەستکاری بکرێت، بەڵام لەقۆناغی یەکەمدا زیاتر تێکەڵی فارسی بووە، کە تەنها بەرامبەرکردن و دەرخستنی دەنگەکانی تێدا بەهەند وەرگیراوە، چونکە هەر لەدوای لەناوچوونی مادەکان لەسەر دەستی هەخامەنشییەکان(شەشسەدە بەر لەزایین) دەسەڵاتی لە دەست دەرچووە و کتێبە ئاینییەکەشی کە ئاوێستا بووە وەرگێردراوەتە سەر زمانی هەخامەنشییەکان، لەم کاتەوەشڕا تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، کە دەوڵەتە نەتەوەییەکان دروستکران، لەبەر ئەوەی هەردەم زمانی دەقیکی ئایینی زمانی خوێندن بووە، بۆیە بەردەوام بەو زمانە نووسینی پێکراوە، کە زمانی ئایینی پەیڕەوکراو بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی تایبەتمەندی بۆ دروست دەبوو، بۆیە نووسینەکەی گۆڕاوە و قۆناغەکی ترو دووەمی بەدوادا هاتووە، کە بەهیچ یاساو ڕێسایەک پابەند نەبووە، بەڵکوو هەر جوانناوسی و خۆشنووسی تێدا ڕەچاوکراوە، ئەم دوو قۆناغەش تا داهاتنی ئیسلام نزیکەی دوازدە سەدە بەردەوامبووە، بۆیە دەست ڕاهاتنی نووسەران لەسەر شێوە نووسینەک دروستبووە، بەڵام ئەمە تاسەر بەردەوام نەبووە، چونکە بەهۆی داهاتنی ئیسلام قۆناغەکی تری بەدوادا هاتووە کە لە قۆناغەکانی پێش خۆی دابڕیوە، ئەم قۆناغەش بەقۆناغی سێیەم دادەنرێت، چونکە ئەمجارەیان لەجیاتی زمانی ئاڤێستا، زمانی قورئان بەکارهاتووە، کە عارەبی بووە، چونکە زمانی ئاینی پەیڕەوکراوبووە، بۆیە لەم قۆناغە بەدواوە نووسینەکەی بەکاریگەری نووسینی عارەبی بووە، لەئەنجامی ئەم ئاڵوگۆڕەشدا نووسینەکی جیاواز بۆ زمانی کوردی بەرهەمهات، کە زیاتر تایبەتمەندییەکانی تێدا ڕەچاو دەکرا، چونکە زمانی عارەبی وەک فارسی هاوڕیشەی زمانی کوردی نەبوو، تا لاساییکردنەوەیان بۆ یەکتر ئاسایی بێت و جیاوازییان لەنێواندا دەرنەکەوێت، بەڵکوو زمانی کوردی و عارەبی دوو زمانی لەیەکتر دووربوون، کە جیاوازی دەنگسازیان لەنێواندا هەبوو، هەندێ دەنگ لەکوردی بەکاردەهات کەچی لەعارەبیدا نەبوو لەهەمان کاتدا بەپێچەوانەش هەر ڕاستبوو، چونکە هەندێ دەنگ لەعارەبی بەکار دەهات کەچی لەکوردیدا نەبوو، ئەمەش وایکرد لەلایەکەوە نووسینی کوردی لەفارسی دابببڕێت، لەلایەکی دی لەعارەبیش جیاوازبێت، چونکە بەرامبەرکردن و بەکارهێنانی فۆنیمەکانی تێدا بەهەند وەردەگیرا، بەمەش ئاڕاستەیەکی سەربەخۆی وەرگرت و لەگەڵیدا زەمینەی بۆ

هاتنی قۆناغەکی دیکە سازاند، کە بووە هۆی ئەوەی نووسینی کوردی نەلاسایی فارسی بێت و نە لەعارەبی بچێت، بەڵکوو وەک نووسینی زمانەکی جیا بنەماو تایبەتمەندییەکانی خۆی تێدا دەردەخرا، ئەم قۆناغەش بەکۆکەرەوەی هەموو ئەو تایبەتمەندییانە دادەنرێت کە لە قۆناغەکانی پێشتردا بۆی دروستببوو، چونکە ئەوەی بۆی دروستببوو پەیڕەودەکرا ئینجا لەگەڵیدا گرنگترین بنەمای تێدا ڕەچاودەکرا، چونکە وشەیەک چۆن گۆدەکرا ! چۆن دەبیسترا ! وا دەنوسرا، ئەمەش وایکرد قۆناغەکی دیکەی بەدوادابێت، کە بەقۆناغی چوارەم بزانرێت، لەم قۆناغەش بەدواوە شێوە نووسینی (فۆنەتیکی، فۆنیمی) لەنوسینی کوردیدا وەک پاساو بۆ ڕاستنووسی بەکار هێنرا، لێرەشدا دەتوانین بڵێین لەم کاتەوەڕا نووسینی کوردی قۆناغی هەڕەمەکی و لاسایی تێپەڕاندو ڕێکنووسی تێدا بەرهەمهات، چونکە بەردەوام هەوڵ دەدرا لەم ڕێگەیەوە لەچوارچێوەی پێشنیارو ڕێنماییدا نووسینی دەستەواژەکان یەک بخرێت، بەڵام لەم قۆناغەدا گۆڕانەکی بنەڕەتی لەنووسینی کوردیدا ڕووید، چونکە لەئەلفبێیەک زیاتری بۆ بەکار هێنرا، ئەمەش لەدوای دروستکردنی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی ترک و فارس و عارەب بوو، کە لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە، لەو بەشەی داگیرکراوو ژێر دەستەی ترکەکان بوو، بەناچاری ئەلفبێی عارەبی بەلاتینی گۆڕدرا، لەبەشی ئەرمینیا ئەرمینی یان سلاڤی بۆ بەکارهێنرا، ئەمەش وایکرد جگە لە گۆڕینی ئەلفبێیەکە شێوە نووسینە پەیڕەوکراوەکەش گۆڕانی بەسەردابهێت، لەجیاتی شێوەنووسینی (فۆنەتیکی ، فۆنیمی) شێوە نووسینی (فۆنەتیکی ، برگەیی)ش پەیڕەو بکرێت و لەگەڵ ئەلفبێیە بەکارهێنراوەکانی ولات و زمانە سەردەست و زاڵەکان بگونجێنرێت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی نووسینی کوردی بە دوو ئاڕاستەی جیاوازدا بڕوات و نووسەرانی بەیەکتر نامۆببن، لەهەمان کاتدا وایکرد نەتوانرێت ڕێنووسەکی یەکگرتووی بۆ دروست بکرێت، چونکە بێجگە لەنەبوونی دەسەلات و پارچەپارچەبوونی خاکەکەمان، لەلایەکەوە نووسینەکەی دوو ئەلفبێی بۆ بەکار دەهێنرا، لەلایەکی دیکەوە دوو شێوە نووسنی تێدا پەیڕەودەکرا، بەمەش هەر پارچەیەک و بەشەکی داگیرکراوی بە ئەلفبێیەکی نووسی، بۆیە خزمەتکردن و گۆڕانەکانی تێدا بەڕێڕەوەکی جیادا ڕۆیشت، لەهەمان کاتدا زمانەوانان لەڕێگەچارەی گرفتەکانی یەکتریش بێ ئاگابوون، لەئەنجامی ئەمەشدا ناچاربوون بۆ ڕێکخستن نووسینەکانیان، پشت بەدانانی پێشنیار ببەستن، لەپێشنیارەکانیشدا ڕەچاوی دەربڕینی تایبەت بە شێوەزارەکانیان بکەن ئینجا

نووسینی خۆیانی لەسەر ڕێک بخەن، چونکە وەک زمان و نووسینی نەتەوە باڵادەستەکان، ئەو زەمینەیەیان بۆ نەدەڕەخسا تا لەپڕۆسەیەکی فێرکردنی گشتیدا ڕێنووسەکی یەکگرتوو پەیڕەو بکەن، بەڵام لەمەدا، لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا، ڕێکنووسییەکی تا ڕادەیەک لەیەکچوو لەنێوان چین و بەشەکی هاوڕا دروستبوو، چونکە نووسەرانی هەر بەشەکی هەوڵیان دەدا لاسایی یەکتر بکەنەوەو وەکوو یەک بنوسن، بەمەش زەمینەیەکی لەبار بۆ داهاتنی قۆناغەکی تر ڕەخسا کە بەقۆناغی پێنجەم دادەنرێت، چونکە لەم کاتە بەدواوە سەرنجی شارەزایان و زمانەوانان لەهوونەری نووسین بۆ زانست گۆڕا، ئەم قۆناغەش بەدوا قۆناغی نووسین دەزانرێت، چونکە دەبێت نووسین یاسای بۆ دابنرێت، کە بۆ هەموو زمانی کوردی بشێت نەوەکوو بۆ شێوەزارەک یان بۆ پارچەیەکی ببێت، بۆ ئەم مەبەستەش وا پێویست دەکات وەک زانستەک مامەلە لەگەڵ نووسیندا بکرێت. کە یاساو ڕێسای تایبەت بەخۆی هەبێت، چونکە هیچ زانستەک بێ یاسا نابێت، بۆیە ئەگەر بمانەوێت ڕێنووس بۆ نووسینی کوردی دروست بکەین، دەبێت یاسای نووسینمان هەبێت، کە هەموو کەسەک بتوانێت پێی فێر ببێت، چونکە هەبوونی یاسا وادەکات ڕاست و هەڵەی نووسین دەستنیشان بکرێت، ئەمەش بە گرنگترین مەرج لەدروستکردنی ڕێنووس دەزانرێت.

نووسینی کوردی لەنێوان ڕێنووس و ڕێکنووسیدا

ڕێنووس و ڕێکنووسی دوو قۆناغی جیان لە نووسینی زمانەکاندا، بەڵام ڕێکنووسی بەقۆناغی پێش ڕێنووس دەزانرێت، چونکە زەمینەی دروستکردنی ڕێنووس دەڕەخسێنێت، ئەمەش وا دەکات هەریەکەیان پێناسەیەکی تایبەت بەخۆی وەربگرێت، ڕێکنووسی بەهوونەر بزانرێت کەچی ڕێنووس بە زانست لێی بڕوانرێت

هونەری ڕێکنووسی بەئاخاوتنەوە گرێ دەدرێت، بۆیە دەتوانرێت بەپێشنیارو ڕێنمایی ڕێک بخرێت، کە دەربڕینی کەسی و تایبەتمەندی شێوەزاری تێدا ڕەچاو دەکرێت ئینجا لەڕێی هێنانەوەی چەند نموونەیەک داوادەکرێت نموونە بەنموونە بچوێنرێت و لاسایی بکرێتەوە، بەمەش لەوانەیە نووسینی کەسانەک یان دەزگایەک یان کۆمەڵەیەک یان چینەکی دیاریکراوی هاوڕا لە کۆڤارەک یان کتێبەک یان نوسراوەک وەکوو یەکتری لێ بێت و نووسینەکی لەیەکچووی جوان و ڕێکوپێک لەنێوانیاندا بەرهەم بهێت، بەڵام لەبەر ئەوەی مەرج نیە پێشنیارەکان لەسەر بنەمایەکی زانستی ڕۆنرابێت و ڕەچاوی پێوەری تێدا کرابێت تا بۆ زمانەکە بەگشت

شـــێوەزارو جیاوازییەکـــانیەوە بشـــێت، بـــۆیە هەرگیـــز هەمـــوو نووســـەران بەپێشـنیارەکانەوە پابەنـد نـابن، تـا لەڕێـی پێشـنیارەوە ڕێنـووس دروسـت بکرێـت، بەڵکـوو تەنیـا ڕێکنووسـی لەنێـوان چینەکـی دیـاریکراودا بەرهەم دەهێنێـت، کە پێشـنیارەکەیان لەگەڵدا دەگونجێت، لەمەشـدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەو نووسینەی ئێستاکە بۆ زمانی کوردی دەکرێت ڕێکنووسییە نەوەکوو ڕێنـووس، چـونکە ئەگەر سـەرنج بـدەینە نووسـینی نووسـەران و هەمـوو ئەو نووسـینانەی کە لەدەزگاو کتێب و گۆڤارو بڵاوکراوە کوردییەکان پەیڕەو دەکرێت، دەبینین هەمـووی بەپێی ئەو پێشنیارو ڕێنماییانە دەکرێت کە لەڕێی بیروبۆچوونە تاکە کەسییەکانەوە دانـراوەو تێیـدا پشـت بەدەربـڕین یـان ڕەچـاوی دەسـت ڕاهـاتن دەکرێـت نەوەکـوو بەیاسـای گشـتگیربێت کە بـۆ هەر حـالەتەک داڕێژرابێـت و بەسـەر وشـەی هەمـوو شێوەزارەکاندا جێبەجێ ببێت، لەئەنجامی ئەمەشدا زۆربەی وشـەکان بەدوو شـێوەو زیاتر دەنوسرێن و هەرکەسەش نووسینی خۆی لەیەکەکی دیکە بەڕاستتر دەزانێت، هەروەها بۆتە هـۆی ئەوەی هەر کـۆمەڵێیەک لەنووسـەران بەپێی چەند پێشـنیارەک نووسـینی خۆیـان ڕێـک بـخەن، چـونکە دەتوانرێـت لەبەرامـبەر هەر پێشـنیارەکدا پێشـنیارەکی دیـکە بکرێـت، کە جیـاوازو دژڕاش بێـت، بەڵام بەدارشـتنی یاسـا دەتوانرێـت ڕێنـووس دروسـت بکرێـت، چـونکە زانسـتی ڕێنـووس، نووسـین بەڕێزمانەوە گرێ دەدات، بۆیە دەبێت وەک ڕێزمان یاسای بۆ هەر حالەتەک هەبێت، بەڵام لەدانـانی یاسـاکاندا، دەبێـت چەنـد پێـوەرەک ڕەچـاو بکرێـت، کە لەتایبەتمەندییەکانی نووسین هەڵهێنجرابێت تاوەکوو هێزی جێبەجێکردنیان لەگەڵدا بێـت و بتوانرێـت ڕاستنووسـی و نادروسـتی نووسـینی پـێ دەستنیشـان بکرێـت لەهەمان کاتدا گرفتەکانیشی پێ یەکلایی بکرێتەوە ئینجا کە وشەیەک یـان حالەتەکی لەیاسادەرچوومان هاتەپێش بە ناوازەی دابنێین.

نەبوونی یاسا وایکردووە چارەسـەری زۆربەی گرفت و جیاوازییەکانی نووسینی کـوردی بەدووشـێوە بکرێـت، هەرکەسـەش بیروبۆچـوونی خـۆی بەڕاسـتتر بزانێـت، ئەمەش پـێچەوانەی ڕێنووسـی زمانەکـانە، چـونکە نووسـینی هەر زمـانەک ئەگەر بەیاسـا نەتوانرێـت ڕاسـت و هەڵەی لـێ دەستنیشـان بکرێـت بەڕێنـووس هەژمـار ناکرێت، بۆیە ئەو نووسینەی کە ئێستاکە بۆ زمـانی کـوردی دەکرێـت ڕێکنووسـییە، بەڕێنـووس هەژمـار ناکرێـت، بەڵام بەداخەوە زۆر لەشـارەزایانی نووسـینی کـوردی، ئەو ڕێکنووسـییە تێکەڵـی ڕێنـووس دەکەن و بەیەکتریـان دەزانـن، لەکاتەکـدا دوو

قۆناغی جیاوازن، کە یەکتر تەواو دەکەن، ئەمەش وایکردووە هەردەم بڕەو بەو بیروبۆچوونە بدەن، کە نووسینی کوردی چۆن دەکرێت با هەروەکوو خۆی بێت، بەلایانەوە، دەست لێ نەدانی بەپەسندتر دەزانرێت، چونکە وا دەزان ئەگەر دەستی لێ بدرێت وەک بڕینەکی قەتماغەگرتوو دەکولێتەوەو پێمان چارە ناکرێت یان وەک گرێکوێرەیەک کردنەوەی ئاڵۆزتر دەبێت، لەئەنجامی ئەمەشدا دەڵێن چۆن هاتووە با هەروا بێت، چونکە وا هەست دەکەن ئەو ڕێکنووسییەی کە بەرهەمهاتووە تێک دەچێت و ناتوانرێت باشتر بکرێت لەکاتەکدا دەتوانین لەو ڕێکنووسیەدا ڕێنووس دروست بکەین، ئەگەر نووسینەکەمان بەیاسایی بکەین، چونکە لەم قۆناغەدا نووسینی کوردی سوووڕی پێگەیشتنی تەواوکردووەو قۆناغی هەڕەمەکی و هوونەری تێپەڕاندووە، ئەمەش زەمینەیەکی لەباری بۆ شارەزایان و نووسەران و فێرخوازانی زمان ڕەخساندووە، تا لەم ڕێکنووسییەدا ڕێنووس دروست بکەن، چونکە بۆتە هۆی ئەوەی هەموان ئاشنای تایبەتمەندی و بنەماکانی ببن، کە بەدرێژایی قۆناغەکان لەنووسینی کوردیدا پەیدابووە، بۆیە ئەگەر یاسا بۆ نووسینی کوردی بەڕەچاوی پێوەر دابنرێت، هێزی جێبەجێکردنیان لەپەیڕەوکردنی پێشنیارەکان بەهێزتر دەبێت، چونکە بەپاساوی یاسایی، جیاوازی لەنێوان نووسەران و شارەزایان کەم دەبێتەوە یان هەر نا مێنێت، بەمەش دەتوانرێت ئاسانتر کۆدەنگی و ڕێککەوتن لەسەر گرفتەکانی ڕێنووس بکرێت و ڕاستترین ڕێڕەوو بەڵگەدارترین شێوە نووسین پەیڕەو بکرێت، کە لەوانەیە بەشی هەرەزۆری نووسەران بەلایانەوە پەسندتر بێت، هەر بەمەش چارەسەرکردنی گرفتەکان بەلایەکدا ساغ دەبێتەوە، چونکە بەیاسا چوارچیوە بۆ نووسین دادەنرێت، کە ڕاست و هەڵەو ناوازەی پێ دەستنیشان دەکرێت.

بە یاسایی کردنی نووسینی کوردی

ڕێکخستنی نووسینی کوردی کارەکە، زۆر لەمێژە لەڕێی خەمخۆرە تاکە کەسییەکانەوە بەدانانی پێشنیار هەوڵی بۆ دەدرێت، وەک دەزگایەکی فەرمییش لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو، لەسەردەمی کۆڕی زانیاری کوردەوە هەوڵی یەکخستنی دراوە، بەڵام هەرگیز هێزی سەپاندنی لەڕێی پاڵپشتی دەسەڵاتەکەوە لەگەڵدا نەبووە، تا چاوئاشنایی و دەست ڕاهاتن و زەمینەی یەک ڕایی لەلای نووسەرانی دروست ببێت، چونکە لەهیچ سەردەمەکدا، خوێندەواری

کورد ناچارنەکراوە یان ڕاستتر بڵێین فێر نەکراوە تا لەپڕۆسەی خوێندن و دەمودەزگاکانی حوکمڕانیدا یەک شێوە نووسین پەیڕەو بکات، بەڵکوو ئەو پێشنیارانەی کە بۆی دادەنرا، هەندەکی پەیڕەو دەکراو هەندەکی پشتگوێ دەخرا، ئەمەش وایکرد زۆربەی گرفتە کێشە لەسەرەکانی دوو ڕایی و زیاتری لەسەر دروست ببێت، چونکە بەردەوام پێشنیارەک بە پێشنیارەکی دیکە دەگۆڕا، لەدوای ڕاپەڕین ١٩٩١یش کە ئەکادیمیای کوردی وەک میراتگری کۆڕی زانیاری خۆی ناساند، بەداخەوە بە هەمان ڕێرەو بەردەوام بوو ئەگەرچی دەتوانرا کاری زۆر باشتری تێدا بکرێت، چونکە هەموو پێداویستییە مادی و مەعنەویەکان لەدەستی خۆماندابوو، بۆیە دەتوانرا بەکۆکردنەوەی شارەزایان پاڵپشتی هەموو هەوڵەکی دڵسۆزانە بکرێت کە خزمەتکردنی زمانەکە بەئاراستەیەکی تەندروستدا ببات، دەتوانرا لەپڕۆسەی خوێندن و فێرکردندا بناغە بۆ یەکخستنی نووسین و دروستکردنی زمانی ستاندارد دابنرێت، دەتوانرا لە بوارەکانی ژیان و ئابووری و حوکمڕانی بایەخ و بەها بۆ زمانی کوردی دروست بکرێت، بەڵام بەداخەوە کە نەکرا

ئاشکرایە کە لەو کاتەی نووسینی کوردی بەئەلفبێی عارەبی دەکرێت، شێوە نووسینی (فۆنەتیکی – فۆنیمی) پەیڕەو دەکرێت، چونکە تەنیا دەنگ و فۆنیمی تێدا بەرامبەر بەیەکتر دەکرێت، بەڵام کە نووسینی کوردی بەئەلفبێی لاتینی دەکرێت، شێوە نووسینی (فۆنتیکی – بڕگەیی) تێدا پەیڕەو دەکرێت، چونکە لەپاڵ ئەوەی دەنگ و فۆنیم بەرامبەر بەیەکتر دەبێت، وشەکان بڕگە دەکرێن ئینجا بنەماکانی وەک هەبوونی بزرۆکەو جیاکردنەوەی بزوێن و نەبزوێنی (و ، ی) لەگەڵ چەند تایبەتمەندییەکی تری تێدا دەردەخرێت، ئەمەش وایکردووە نەتوانرێت ڕێنووسەکی یەکگرتوو بۆ زمانی کوردی دروست بکرێت، چونکە بۆتە هۆی ئەوەی لەهەر ئەلفبێیەکدا گرفتەکانی بەشێوەیەک بێت و چارەسەریەکانی دوو ئاراستەی جیا وەربگرێت .

بۆ بەیاساییکردنی نووسینی کوردی دەبێت ئەم هەنگاوانە هەڵ بهێنین :

هەنگاوی یەکەم/ ڕێککەوتن لەسەر دەستنیشانکردنی گرفتەکانی نووسینی کوردی بکرێت.

هەنگاوی دووەم/ پێشنیارەکان بەیاسا بگۆڕدرێن ئینجا یاسا بۆ هەر حالەتەک دابنرێت، یاسایەکانیش بە پێوەر پشت ئەستوور بکرێن، تاوەکوو بتوانرێت هێزی جێبەجێکردن و سەپاندنیان لەگەڵدا بەکار بهێنرێت .

هەنگاوی سێیەم/ وشە لێکدراوەکان بکرێنەوە سادە ئینجا نووسین بەبڕگە ڕێک بخرێت و لەبڕگەی وشەکاندا بنەماکان دەستنیسان بکرێت، تاوەکوو کە شیکردنەوەی ڕێنووسی بۆ هەر حالەتەک دەکرێت، دروستی و نا دروستی نووسین و دەرخستنی بنەماکان لەبڕگەی وشە سادەکاندا دەربکەوێت، بەمەش جیاوازییەکان کەم دەبێتەوەو ڕێنووسەکی یەکگرتوو بۆ دەستەواژەکان دروست دەبێت.

ئەم هەنگاوانە بەگرنگترین مەرجی دروستکردنی ڕێنووس دەزانرێت، چونکە بەپاساوی یاسایی، ڕاستی و ناڕاستی نووسین دەردەکەوێت، بۆیە ئەگەر بمانەوێت ڕێنووس بۆ نووسینی زمانی کوردی دروست بکەین، دەبێت ئەم هەنگاوانە جێبەجێ بکەین.

بەباوەڕی ئێمە نووسینی کوردی چوار گرفتی سەرەکی هەیە، کە جیاوازی نووسینیان لێ دەردەکەوێت، ئێمەش لێرەدا گرفتەکان دەستنیشان دەکەین ئینجا بەشێوەیەکی گشتی و بەپوختەکراوی ئەو یاسایانە دەنووسینەوە، کە لەکتێبی (ڕابەری ڕێنووسی کوردی بەئەلفبێی عارەبی و لاتینی ٢٠٢٣) بەدوورو درێژی و بەپێی هەر حالەتەک دامانناوە، گرفتەکانیش بریتین لە:

گرفتی یەکەم : بڕگەکردنی وشەکان

بڕگە بەبچووکترین بێژە لەوشەدا هەژمار دەکرێت، ئەگەر بەپێی بنەماکانی نووسینی کوردیش بێت، هیچ بڕگەیەک بێ بزوێن نابێت، بۆیە ئەگەر بزوێنی تەواو نەبێت، بزرۆکەیان لەباتی دادەنرێت ئینجا پێگەی لەوشەو لەبڕگەدا دەردەخرێت، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی لەژماردنی بڕگەدا پێوەر لەهەبوونی بزوێن لەوشەدا وەربگیرێت.

بەسەرنجگرتن لەبڕگەکردنی وشە کورددییەکاندا دەبینین بەدوو شێوە بڕگە دەکرێن، هەندەکیان پێویستییان بەداڕشتنی یاسا نییە، چونکە لەهەموو حالەتەکدا بەیەک شێوە بڕگە دەکرێن وەک (کێو ، بووک ، ڕیش ، سا / وار ، گر / یان ، دە / ڤەر ، مێ / وان ،.....تاد ، بەڵام هەندێ وشەی دیکەمان هەیە کە بەدوو شێوەو زیاتر بڕگە دەکرێن، بۆیە پێویستییان بەداڕشتنی یاسا دەبێت، تاوەکوو بەپێی یاسا شێوەیەک لەشێوەکان بەڕاستتر بزانرێت و جیاوازی بیروڕا لەخوێندنەوەی بڕگەکانیاندا نەمێنێت، ئەم وشانەی خوارەوەش چەند نموونەیەکن لەو حالەتانەی کە بەدوو شێوەو زیاتر بڕگەدەکرێن:

(شوان) (ش .. / وان) (شوو / وان)

- (گیان) (گ .. / یان) (گیی / یان)
- (پڕووشک) (پ .. / ڕوو / ش .. ک) (پڕوو / ش .. ک)
- (مریشک) (م .. / ری / ش.. ک) (مری / ش .. ک)
- (ڕێزمان) (ڕێز / مان) (ڕێ / ز .. / مان)
- (شێرەسوار) (شێ / رەس / وار) (شێ / ره / س .. / وار)
- (هەڵ دەگرێت) (هەڵ / دەگ / رێت) (هەڵ / ده / گ .. / رێت)
- (میلەت) (میل / لەت) (شەقاو) (شەق / قاو) .....تاد

(بۆ بەیاساییکردنی بڕگەکردنی ئەم جۆرە وشانە، دەبێت پێوەر لەئاڵوگۆڕکردنی پیتە بزوێنەکان بەبزوێنەکی دی یان نەبزوێنەکان بەنەبزوێنەکی دیکە وەربگرین، چونکە ئەمە وادەکات وشەکان بەیەک شێوە بڕگە بکرێن، بەمەش ڕاستترین شێوەی بڕگەکردنی وشەکانمان بۆ دەردەکەوێت)

یاسای یەکەم

ئەگەر وشەیەک بەزنجیرەی(CCV) بوو، بەڵام نەبزوێنی (و) لەسەرەتای وشەکەدا بوو وەک (وزە – وچان) (وڕێنە، وشە) دەتوانین لەئاڵوگۆڕکردنی (و) بەنەبزوێنەکی دی پێوەر وەربگرین .

بۆ نموونە : ئەگەر (وزە) بکەینە (قسە) ...(وچان) بکەینە (کچان) دەبینین (قسە ، کچان) بەیەک شێوە بڕگە دەکرێن (ق .. / سە)(ک .. / چان) لەمەشدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە نەبزوێنی سەرەتا لەگەڵ بزرۆکە بڕگە دروست دەکات ئینجا بڕگەی تری بەدوادا دێت، بۆیە شێوە بڕگەکردنی (و .. / زە)(و .. / چان) لەگەڵ هەموو ئەو وشانەی کە بەهەمان زنجیرە دروست دەبن لەوانی دیکە ڕاستترە.

یاسای دووەم

ئەگەر وشەیەک بەزنجیرەی (CCV)دروست دەبوو، بەڵام (و ، ی) دەنگی نەبزوێنی دووەم بێت ئینجا بزوێنەکی دی بەدوادا بێت وەک (شوان ، چواس ، ڕوەک ، دوین ، خوێن ، گیان ، پیاو ، سیار) دەتوانین لەئاڵوگۆڕکردنی (و ، ی) بە نەبزوێنەکی دی، پێوەری ڕاستی بڕگەکردن وەر بگرین .

بۆ نموونە : ئەگەر (شوان) بکەینە (شڤان) ... (گیان) بکەینە (گلان) دەبینین (شڤان ، گلان) بەیەک شێوە بڕگە دەکرێن (ش .. / ڤان – گ .. / لان) لەمەشدا ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت کە لە (ش .. / وان – گ .. / یان)یشدا لەگەڵ ئەو وشانەی کە

بەهەمان زنجیرە دروست دەبن ئەم شێوە برگەکردنە لەوانی دیکە ڕاستترە، کە نەبزوێنی سەرەتا لەگەڵ بزرۆکە بڕگە دروست بکات ئینجا برگەکانی تری بەدوادابێت.

یاسای سێیەم

ئەگەر وشەیەک بە زنجیرەی(CCV) دروست دەبوو، بەڵام بزوێنی (و، ی) یان بزوێنەکی دی لەپێگەی سێیەم دابوو ئینجا نەبزوێن و برگەی دیکەی بەدوادا دەهات وەک لە (پڕووشک – مریشک - مراویی – گلێنە) دەتوانین لەیاسای یەکەم و دووەم پێوەر وەربگرین، لەم حالەتەشدا دەبێت نەبزوێنی سەرەتا لەگەڵ بزرۆکە برگە دروست بکات ئینجا برگەکانی تری بەدوادابێت، بۆیە (پ .. / ڕوو / ش.. ک)(م .. / ڕێی / ش.. ک)(م..ڕا / ویی)(گ .. / لێ / نە) بەڕاستتر دەزانرێت .

یاسای چوارەم

وشە ناسادەکان بکرێنەوە سادە ئینجا برگە بکرێن تاوەکوو هەر وشەیەک بەپێی یاسا دانراوەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم بنەماکانی خۆیان تێدا دەربخرێت، لەم حالەتەشدا وشەی وەک (ڕێزمان) (شێرەسوار) (گێلەپیاو) شێوە برگەکردنی (ڕێ / ز .. / مان) (شێ / ڕە / س .. / وار) (گێ / لە / پ .. / یاو) بەڕاستتر دەزانرێت.

یاسای پێنجەم

هەرگیز برگەی نیشانەو پێشگر تێکەڵی وشەکان نەکرێت، تاوەکوو هەر بێژەیەک بەپێی یاسای خۆی بنوسرێت و بنەماکانی تێدا دەربکەوێت.

بۆ نموونە : – (هەڵ دەگرێت) بکرێتە (هەڵ / دە / گ .. / رێت) نەوەکوو (هەڵ /دەگ / رێت)

–(دە / ف .. / رۆ/شێت) نەوەکوو (دەف /رۆ / شێت)

یاسای شەشەم

ئەگەر وشەیەک لەبڕگەکردندا پیتەکی تێدا لەت دەبوو وەک (مەک / کە – کەل / لۆس - کوپ / پە – میل / لەت) ئەگەر واتای دەگۆڕا، بە دووباد بنوسرێت، بەڵام ئەگەر واتای نەدەگۆڕا دووبادەکە دەرنەخرێت.

بۆنموونە : (مەککە) بە دوو باد بنوسرێت (مەک / کە) چونکە ئەگەر بەدوو باد نەنوسرێت بە (مەکە) واتایەکی دیکە دەدات بەهەمان شێوە (کەل / لە)(گول / لە)(شەم / مە) نابێت بە (کەلە ، گولە، شەمە) بنوسرێت، چونکە واتای تری لێ

دروست دەبێت، کە جیاوازە لەواتای دوو بادەکە، بەڵام دەستەواژەی وەک (کوپ / پە – کەل / لۆس – شەق / قاو ....تاد ئەگەر بە بێ دووبادیش نەنوسرێن ئاساییە، چونکە بە (کوپە – کەلۆس – شەقاو) واتایان ناگۆڕێت.

گرفتی دووەم : جیاکردنەوەی پلەبزوێنەکانی (و ، ی)

ئاشکرایە کە لەزمان و ئاخاوتنی کوردیدا دەتوانرێت زۆربەی دەنگەکان درێژو کورت بکرێنەوە، بەڵام تەنیا کورتکردنەوەو درێژکردنەوەی (و ، ی) بزوێن لەنووسیندا ڕەچاو دەکرێت، ئەمەش وایکردووە بزوێنی (و ،ی) بۆ سێ پلە دابەش ببێت، یەکەمیان پلەی تەواوە، کە لەشێوەی هەموو ئەو دەنگانە دایە، فۆنیمی بزوێن و نەبزوێنیان لە ئەلفبێی کوردیدا لێ دروست دەبێت، بەڵام لەبزوێنە تەواوی (و ، ی) دوو پلەی تر پەیدا دەبێت، کە یەکەکیان کورتەبزوێنە، بەبزرۆکە دەچوێنرێت، ئەوی دیکەیان پلە بزوێنی درێژە، کە لەئەلفبێی عارەبیدا بۆ (و)ی درێژ جووت (وو) دادەنرێت، بەڵام بۆپلە بزوێنی (ی) درێژ وەک ئەوەی لەوشەی (تییر ، ماردیین ، دیلان)دا هەیە، هەر بەتاک و تەواوەکەی (تیر ، ماردین ، دیلان) دەردەخرێت، ئەمەش بەهۆکاری ئەوەیە کە پلە بزوێنی درێژ لەیەکگرتنی فۆنیمە تەواوی (و ، ی) و بزرۆکە پەیدا دەبێت، بەڵام هەروەک دەزانین لەئەلفبێی عارەبیدا بزرۆکە دەرناخرێت، بۆیە (ی) دووەم کە بزرۆکەیەو بەکورتە ژێرەی (ی) دەزانرێت، لەئەلفبێی عارەبیدا هەر بەتاک دەنوسرێت، چونکە ئەو (ی)یەی کەدرێژی دەکاتەوە ڕۆڵی بزرۆکە دەبینێت، بەڵام بۆ دەرخستنی پلە بزوێنی درێژی (و) پیتە (و)ەکی تری لەدوا دانراوە، چونکە وا دادەنرێت کە بزرۆکە بەدەنگی (و) دروست نابێت، لەکاتەکدا بە (و)ش دروست دەبێت، بۆیە دەبێت دەرخستن و نووسینی (و ، ی) درێژ بەیەک یاسا ڕێک بخرێن و هەروەکوو یەک لێکدانەوەیان بۆ بکرێت.

) بۆ بەیاساییکردن و جیاکردنەوەی پلە بزوێنەکانی تەواوو کورت و درێژی (و ، ی) لەیەکتر، دەبێت پێوەر لەکەوتگەیان وەربگیرێت، بەواتای ئەوەی ڕێنووسی هەر پلەیەک بەپێی پێگەی لەوشەو لەبڕگەدا دەستنیشان بکرێت نەوەکوو لەشێوەی دەربڕینیاندا، تا کورتکردنەوەو درێژکردنەوەی ئاخێوەر ڕەچاو نەکرێت(

١-بزوێنی تەواوی(و ، ی)

ئەم بزوێنە ئەو دەنگەیە کە لەئەلفبێی کوردی بەفۆنیمی تەواو هەژمار دەکرێت، لەئەلفبێی لاتینی بەنیگاری (u – i) دەردەخرێت، لەعارەبیدا بەتاک(و ، ی) دەنوسرێت.

یاسای یەکەم

ئەگەر (و) یان (ی) لەبڕگەو وشەیەکی یەک بڕگەیی بەزنجیرەی (CVCC)هاتبوو، بەبزوێنی تەواوو بەتاک بنوسرێن وەک لە(کورد ، گوند ، پونگ، د .. /روست ، س .. /روشت ، لینگ ، ڕینگ ، بیست .....تاد

یاسای دووەم

ئەگەر (و ، ی) کەوتنە نێوان دوو نەبزوێن لەبڕگەی وشەیەکدا، بەڵام بڕگەیەکی تری بەدوادا دەهات کە بنجی وشەکە بێت، بەبزوێنی تەواوو بەتاک بنوسرێن وەک لە (چون/ کە) ، (بوخ / چە) ، (نوس/تن) ، (با / گور / دان) ، (ڕوخ / سار ..... (جیق / نە) ، (جیل / وە) ، (نیش /ت / مان) ، (دیج / لە .....تاد

یاسای سییەم

ئەگەر (و ، ی) ئەرکەکی ڕێزمانی ببینن لەکۆتایی وشە یان لەنێوان دوو وشە یان ڕستە کە نەبزوێنەکیان لەپێشدا بێت، بەبزوێنی تەواوو بەتاک بنوسرێن وەک لە(کێو – کێوی)(جوان – جوانی)(هەولێر – هەولێری)(باخەوان – باخەوانی)(زمان کورد – زمانی کوردی)(هەولێر زاخۆ – هەولێرو زاخۆ)(نان ڕۆن – نان و ڕۆن).....تاد

٢ –پلە بزوێنی بزرۆکەی (و ، ی)

بەپێی بنەماکانی نووسینی کوردی، ئەگەر لەوشەو بڕگەیەکدا، بزوێنی تەواو نەبێت، بزرۆکەیان بۆ دادەنرێت، چونکە وشەو بڕگە بێ بزوێن نابێت، ئەم پلەیەش لەئەلفبێی لاتینی بەنیگاری (i) دەردەخرێت، بەڵام لەعارەبیدا لەگەڵ ئەوەی دان بەبوونیدا دەنرێت کەچی دەرناخرێت، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنیا بۆ دەرخستنی پێگەی لەوشەو لەبڕگەدا دوو خاڵی (..) بۆ دادەنێین.

یاسای یەکەم

ئەگەر لەوشەیەکدا، پیتی سێیەم بزوێنەکی تەواو بێت، نەبزوێنی سەرەتا لەگەڵ بزرۆکە بڕگە دروست دەکات وەک لە(ب.. / را) (خ .. / وێ) (پ .. / یاو) (و .. / لات) (م .. / رۆڤ) ..... تاد

یاسای دووەم

ئەگەر لەوشەیەکی سەربەخۆ یان لەبڕگەیەکدا، دوو نەبزوێن لەپاڵ یەکبوون و بزوێنیان لەگەڵدا نەبێت، بزرۆکەیان بۆ دادەنرێت وەک لە (م ..ن)(م .. ر/ د .. ن)(با /

و .. ک)(دا / ی .. ک) (س .. / تێ / ر.. ک) (م .. / ش .. ک)(ب ،، / ر .. نج)(د .. / ڕ .. ک.....تاد

یاسای سێیەم

ئەگەر پلە بزوێنی درێژ لەهەر وشەو بڕگەیەکدا هەبێت، بزرۆکەش هەیە، چونکە بزوێنی درێژ لەیەکگرتنی بزوێنەکی تەواوو بزرۆکە دروست دەبێت.

٣ -پلە بزوێنی درێژی (و ، ی)

لەئەلفبێی لاتینیدا پلەبزوێنی درێژی (و ، ی)یان بەیەک حالەت داناوە، بۆیە لەنووسیندا پلەبزوێنی درێژی (ی)ش هەروەکوو (و)ی درێژ هەژمارکراوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەردوو پلە بەدانانی کڵاوە لەسەر (û î) نیگاریان بۆ دروستکراوە، لەمەشدا لاسایی ئەلفبێی عارەبی نەکراوەتەوە، کە جووت (وو) یان بۆ پلەبزوێنی درێژی (و) بەکارهێناوە، بەڵام پلە بزوێنی درێژی(ی) هەر بەتاک نوسراوە، لەمەشدا ئەو بنەمایەیان ڕەچاوکردووە کە دەڵێت (نابێت دوو بزوێنی تەواو بەدوای یەکتردا بهێت و بەیەکەوە فۆنیمەکی سەربەخۆ دروست ببێت)، بۆیە بە دوو(uu – ii)یان دەرنەخستووە، بەڵکوو هێمای کڵاوەیان بۆ هەردوو پلە بەکارهێناوە.

بەکارهێنانی دوو(وو) بۆ پلەبزوێنی درێژ لەئەلفبێی عارەبیدا، هەروەک دوکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف لەگۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ١٩٨١ لا١٩١(لەبابەتی (کورتەیەکی میژوویی نووسینی کوردی بەئەلفبێی عارەبی) دەنووسێت، یەکەم جار ئەم نیگارە لەکتێبی کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی و قانوونی هەڵبژاردن لەسەڵی ١٩٢٥ز بەکارهات، ئەم پێشینەیەش وایکرد لەدواتردا نووسەران دەست ڕاهاتنیان لەسەری دروست ببێت و لەگەڵیدا زمانەوانان لێکدانەوەی خۆیانی لەسەر بنیات بنێن، بۆیە ئەگەر لەو کاتەوە پلەبزوێنی درێژ بەجووت (وو) نەنووسرابوایەو هەر لەسەرەتاوە هەروەک ئەوەی کە لەئەلفبێی لاتینیدا پەیڕەوکراوە، ئەمانیش لەو کاتدا هێمایەکیان بۆی بەکار بهێنابوایە، بەدڵنیاییەوە لەئێستادا ڕێنووسی پلە بزوێنی درێژ لەئەلفبێی عەرەبیشدا بەشێوەیەکی تر پیشان دەدراو لێکدانەوەیەکی تری بۆ دەکرا، کە جیاوازی تاک و جووت نووسینی لێ پەیدا نەدەبوو.

بەباوەڕی ئێمە وا چاکترە لەئەلفبێی عارەبیشدا، بۆ دەرخستنی پلەبزوێنی درێژی(و ، ی) لەجیاتی جووت (وو) ، هێمای (سەرە) لەسەر (و) هەروەها (یـ ,

ی)ش دابنرێت، تەنیا لەو چەند وشە دەگمەنەیەدا نەبێت کە بەتاک و جووت نووسینی(و) واتای وشە دەگۆڕێت، ئەم وشانە وەک ناوازە بەدوو(وو) بنووسرێن وەک لە :

- (کوڕ) (Kûr کووڕ Kuur)

یاسای یەکەم

ئەگەر لەوشەیەکی یەک بڕگەییدا بزوێنی (و ، ی) لەنێوان دوو نەبزوێندابوو، بەپلە بزوێنی درێژ هەژمار بکرێن وەک لە (بووک – بییک)(تووڕ – تییر)(سوور – سییر)(پوول – پییل)(سووڕ – سیین)(لووس – لییس)

یاسای دووەم

ئەگەر (و ، ی) لەنێوان دوو نەبزوێنی دوا بڕگەی وشەیەکدابوون، بەپلەبزوێنی درێژ هەژمار بکرێن وەک لە (بـا/کوور – ف .. / را / قیین)(دە/روون – سە/ریین)(سە/موون – سە/فیین)(خە/زوور – پە/نییر)(خە/لووز – مە / تیین)

یاسای سێیەم

ئەگەر (و،ی)لەوشە یان لەبڕگەیەکدا، لەنێوان دوو نەبزوێنی هاوشێوەدا بن، بەپلەبزوێنی درێژ هەژمار بکرێن وەک لە (کەر/کووک – هەرییر) (کا/نوون – ک .. / لییل)(قووق – سییس)

یاسای چوارەم

ئەگەر (و ، ی) لەکۆتایی وشە یان بڕگەیەکدا، نەبزوێنیان لەپێشدا بوو، بەپلە بزوێنی درێژ هەژمار بکرێن وەک لە (کوو/لەکە – دییا/لان)(خە/سوو-ماسیی)(خانوو– خانیی)(نوو / سین – نییـ / سان)

گرفتی سێیەم : لکاندن و نەلکاندنی وشەو ئەفێکسەکان

بەڵگەنەویستە کە زمانی کوردی زمانەکی لێکدراوە، چونکە زۆربەی وشەکانی بەلێکدانی وشەو پاشگرو پێشگر دروست دەبێت، بەڵام لەمەدا جیاوازی لەنووسینی دەستەواژەکاندا دروستبووە، چونکە دەتوانرێت وشە لێکدراوەکان بەلکاوی و بە نەلکاوی بنوسرێن بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر گۆڕینی واتادا هەبێت، ئەمەش وایکردووە نووسەران بەیەک شێوە نووسین پابەند نەبن، بەڵکوو زیاتر دەست ڕاهاتن و ئاسانی و دەرخستنی جوانی وشەکان بەپێی بیروبۆچوونی خۆیان ڕەچاو بکەن، لەمەشدا جیاوازییەکی زۆر لەنووسینی وشەکاندا دەر دەکەوێت کە سیماو

ئەدگارەکی کرێتی بەنووسینی کوردی بەخشیوە، بۆ چارەکردنی ئەمەش پێویستە یاساو پێوەرمان هەبێت، کە لە چ حالەتەکدا بلکێنرێن و لە چ حالەتەکدا نەلکێنرێن تاوەکوو لەهەموو حالەتەکدا نووسینی وشەکان وەک یەکتری لێ بهێت .

(بۆ بەیاساییکردنی لکاندن و نەلکاندنی وشەو ئەفێکسەکان، دەبێت پێوەر لەجیاکردنەوەی بەشەکانی ئاخاوتن و بێژە رێزمانییەکان وەربگرین ئینجا یاسای رێنووسیان لەسەر دابڕێژین) بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانین بەم شێوەیە رێنووسی وشەکان رێک بخەین.

١-لکاندن و نەلکاندنی جێناوەکان

یاسای یەکەم

هەردەم جێناوە لکاوەکان بە بێژەی پێش خۆیانەوە بلکێنرێن، بەڵام بەنیشانەو پێشگرەکانی دوایاندا نەلکێنرێن وەک (کەسمان نییە ، لێم مەپرسە ، تێی دەکرد ، باوەڕتان پێ ناکەم .....تاد

یاسای دووەم

لەکاری ڕابوردووی (نزیک ، دوور ، تەواو)دا بەبێژەی پێش و دوای خۆیانەوە بلکێنرێن وەک (هەڵمگرت، باوەڕمکرد ، هەڵیانبژاردبوو، ڕزگاریکردووە.....تاد

یاسای سێیەم

هەردەم جێناوە سەربەخۆیەکان بە نەلکێنراوی بنوسرێن وەک (ئێمە لەگەڵ ئێوە دەچین بۆ سەیران)

یاسای چوارەم

جێناوی خۆیی و جێناوە لکاوەکان بەیەکەوە بنوسرێن، بەڵام بەپێشگرو نیشانەکانی دوایانەوە نەلکێنرێن وەک (خۆی دەسووتێنێت ، خۆتان بپارێزن ، خۆت مەکوژە ، خۆت ڕابگرە ، خۆیان تێهەڵ دەقورتاند) بەڵام لەگەڵ کاری ڕابوردوودا جێناوەکە بلکێنرێت وەک (خۆیسووتاند ، خۆتانپاراست)

٢ -لکاندن و نەلکاندنی نیشانەکان

یاسای یەکەم

هەرگیز نیشانەکان بەبێژەی پێش و دوای خۆیانەوە نەلکێنرێن ئینجا ئەگەر ئەرێنی یان نەرێنی بن وەک (کەی دەچیت بۆ بازاڕ ، گەنم دەفرۆشێت، گەنمم دەفرۆشت، گەنمەکەت بفرۆشە، گەنم مەفرۆشە، گەنمەکەت نافرۆشێت)

یاسای دووەم

نیشانەی نەرێنی (بێ) : ئەگەر ناو یان ناسناوەکی دروست دەکرد بلکێنرێت وەک (بێکەس هۆزانڤانەکی بەرزە) بەڵام ئەگەر هەر بۆ نەرێنی بەکار دەهات نەلکێنرێت وەک (گەلی کورد گەلەکی بێ کەسە)

٣ –لکاندن و نەلکاندنی ئامڕازەکان

یاسای یەکەم

هەردەم ئامڕازەکانی پەیوەندی بەسەربەخۆیی بنوسرێن وەک (کاوە بۆبازاڕ دەچێت ، من لەهەولێر دەژیم ، باوکم بەپێ دەچێت بۆ قووتابخانە)

٤–لکاندن و نەلکاندنی وشە پەیوەندیدارەکان

وشە پەیوەندیدارەکان دوو وشەی سەربەخۆن، بەڵام بۆ مەبەستەک پەیوەستی یەکترەبن یان وشەیەکی لێکدراو دروست دەکەن، ئەم وشانەش لەزمانی کوردیدا بەدوو شێوە دروست دەکرێن، هەندەکیان بەبێ نێوەند دروست دەبن، هەندەکی تریان پیتە بزوێنی (ە ، ا ، ێ) و بزوێن و نەبزوێنی (ی ، و)یان لەنێواندا دادەنرێت.

یاسای یەکەم

ئەگەر دوو وشە بەدوای یەکتردا دەهاتن، بەڵام وشەی دووەم تەنیا بۆ دەرخستنی سیفەتی وشەی یەکەم بەکار دەهات ، بەیەکترەوە نەلکێنرێن، بەڵام ئەگەر وشەی دووەم پیتە (ی) ئاوەڵناوی پێوە بێت بلکێنرێن وەک (دڵ پەشێو دڵپەشێوی)(مل هوڕ ، ملهوڕی)(ڕەنگ زەرد ، ڕەنگزەردی) .....تاد

یاسای دووەم

هەرگیز ناوو ناو یان ناوو ناسناو بەیەکترەوە نەلکێنرێن وەک (کارزان ئەحمەد ، حەسەن زیرەک ، محەمەمەدی مەلێ ، مەلا کەریم ، نەجمەدین مەلا، کەریم ئاغا.....تاد

یاسای سێیەم

ئەگەر دوو وشەی لەیەکچوو بەدوای یەکتردا دەهات یان ئەگەر دوو وشە بەیەکەوە زاراوەیەک یان ناو یان ناسناوەکیان دروست دەکرد بەیەکترەوە بلکێنرێن وەک (ئاوی زمزم ، قەڵای دمدم ، ڕیزمان ، دلشاد ، گولبەهار، خاوەنشکۆ.....تاد

یاسای چوارەم

ئەگەر ژمارەیەک بەدووبارەیی یان بۆ مەبەستی ژماردن بەکار دەهات نەلکێنرێن، بەڵام ئەگەر بۆ دروستکردنی زاراوەیەک یان بۆ ناوەکی تایبەت بەکار دەهات بلکێنرێت وەک (یەک یەک وەرنە ژوورەوە ، سێ چوار کەس دانیشتبوون ، تەمەنی ئەم منداڵە شەش جۆخینە – سێگۆشە ، یەکشەممە ، حەفتیانە.....تاد

یاسای پێنجەم

دەستەواژەکانی(ســـەد ، هەزار ، ملیـــۆن ، ملیـــارو.....بەو ژمـــارەوە بلکێنـــرێن کەلەگەڵی بەکار دەهێنرێت وەک (سێملیارو پێنجملیۆن و حەفتەهەزارو شەشسەد دینار(

یاسای شەشەم

ئەو ڕەگە چاوگە تێپەڕانەی کە بکەر دروست دەکەن، هەردەم بەبێژەی پێش خۆیـــانەوە بلکێنـــرێن وەک (ڕوونگـــۆڕ ، ماســـتفرۆش ، نـــانکەر ، جلشـــۆر، ولاتپارێز.....تاد

یاسای حەفتەم

ئەگەر (بـوو) لەچـاوگی لێکـدراو یـان لەگەڵ کـارەکی ڕابـوردوو بەکارهـاتبوو بلکێنرێت وەک لە (ولاتەکەمان کاولبوو، منداڵەکە نوستبوو) ، بەڵام ئەگەر تەنیا بۆ دەرخستنی کـاتی ڕابـوردوو بەکـار هێنرابـوو نەلکێنرێت وەک لە (مەلای جزیـری هۆزانڤان بوو، دەستەواژەکە کوردی بوو.....تاد

یاسای هەشتەم

ئەگەر پیتە (ه ، ا) لەکۆتـایی وشـەی یەکەمدا بێت، هەردەم دوو وشـەکە لەنزیک یەکتـــــر بنوســـــرێن وەک (بەســـــتەزمان ، کەمەرەشـــــل ، نڤیســـــینالاتینی ، کوردستاناباکوور.....تاد

یاسای نۆیەم

ئەگەر کۆتـایی وشـەی یەکەم بزوێنـی (ی ، ێ) بـوو، لەنێـوان هەردوو وشـەدا بۆشایی هەبێت وەک (زمانی کوردی شیرینە ، زمانێ کوردی شیرینە – دڵی من ، دلێ من.....تاد

یاسای دەیەم

ئەگەر پیتە (و) لەنێوان دوو ڕستە یان دوو چاوگ و کار یان دوو کار یان دوو جێنـاوی سـەربەخۆ یـان دوو ژمـارە یـان دوو وشـەی سـەربەخۆ لەواتـا یـان هـاو

مەبەست یان دژواتا دابوو نەلکێنرێت، بەڵام هەردەم لەنزیک وشەی یەکەمەوە دابنرێت وەک لە (ئەمرۆ بۆ سلێمانی دەچم و ئێوارە بۆ هەولێر دەگەڕێمەوە)(هات و ڕۆیشت ، بڕی و بمرە ، خوێندن و نووسین)(من و تۆ ، ئەوان و ئێمە)(پێنج و شەش ، حەفتاو هەشت)(هێلکەو ڕۆن، بەفرو باران)(کورت و درێژ ، هاوین و زستان).....تاد

یاسای یازدەیەم

ئەگەر پیتە (و) لەنێوان دوو ڕەگی چاوگ و کار یان دوو وشەی جیاوازدابوو، بەڵام زاراوەیەکی سەربەخۆیان دروست دەکرد ، هەردەم بەوشەی یەکەمەوە بلکێنرێت وەک (جموجۆڵ، پرسوڕا ، هاتوچۆ – دەنگوباس ، کشومات ، کەسوکار.....تاد

٥-لکاندن و نەلکاندنی پێشگرەکان

پێشگرەکان بێژەی واتادارو بێ واتان لەئاخاوتندا، بەڵام بەیەکگرتنیان لەگەڵ وشەی تردا، بێژە واتادارەکان دەستەواژەی لێکدراو، بێژە بێ واتایەکان دەستەواژەی داڕێژراو بەواتای جیاواز دروست دەکەن .

یاسای یەکەم

هەردەم پێشگرە سادەو ناسادە داڕێژەرو لێکدەرەکان هەریەکەیان بەجیا بەچاوگ و کارە ڕابوردووەکانەوە بلکێنرێن وەک (هەڵگرتن، پێهەڵگرتن – ئارامگرتن ، پشتگوێخستن ، پێشێلکردن) (پێکهێنان ، تێهەڵهێنان ، شکستهێنان، دڵشکاندن)

یاسای دووەم

هەرگیز پێشگرە سادەو ناسادە داڕێژەرو لێکدەرەکان بەکاری فەرمان و ڕابوردووی بەردەوام و ڕانەبوردوو نەلکێنرێن وەک (هەڵ بگرە، هەڵ دەگرت، هەڵ دەگرێت – ئارام بگرە، ئارامم دەگرت، ئارام دەگرێت، دڵی دەشکێنێت)(پێیهەڵ بگرە، پشتگوێی بخە، پێشێل مەکە ، پێشێل دەکات ، پێشێلی دەکرد)

یاسای سێیەم

ئەو چاوگ و کارە ناسادانەی کە بەتێکەڵبوونی پێشگری داڕێژەرو لێکدەر دروست دەبن، هەردەم داڕێژەرەکان بەجیا بەیەکترەوە بلکێنرێن، لێکدەرەکانیش بەجیا بنوسرێن ئینجا ئەوەی لەپاڵ چاوگ و کاری ڕابوردوودا بێت، پێیەوە بلکێنرێت، بەڵام بەکاری فەرمان و ڕابوردووی بەردەوام و ڕانەبوردوو نەلکینرێت، چونکە نیشانەیان لەگەڵدا بەکار دەهێنرێت وەک (ڕێ پێدان ، ڕەگی هەڵکێشا،

ڕاپێچکردن ، پێم ڕازیبوو، ڕێم پێ دەدات ، ڕەگیان هەڵ دەکێشێت ، ڕا پێچیان بکە ، پێم ڕازی دەبوو)

٦-لکاندن و نەلکاندنی پاشگرەکان

پاشگرەکانیش هەروەک پێشگرەکان بێژەی واتادارو بێ واتان، کە وشەی لێکدراوو داڕێژراو دروست دەکەن، بەڵام لەهەموو حالەتەکدا بەوشەی پێش خۆیانەوە بلکێنرێن وەک (ئاسنگەر، دەسەڵاتدار ، فرۆشیار، دەرمانساز، بەرخۆکە، نەمامگە.....تاد

گرفتی چوارەم : وشە وەرگیراوەکان

ئاشکرایە کە زمانی کوردیش وەک هەر زمانەکی دیکە لەدنیادا، بەهۆی تێکەڵبوون و کاریگەری ئاین و دەسەڵات و زانست و تەکنەلۆجیا.....تاد چەندین وشەی بیانی وەرگرتووەو هەر وشەیەک بۆ مەبەستی خۆی کەلێن و بۆشاییەکی پڕکردۆتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی مەرج نیە هەندێ لەم وشانە لەگەڵ دەنگسازی کوردیدا هاوشێوەبن، بۆیە پێویستە لەڕێنووسدا ڕەچاو بکرێن و پێوەرو یاسای تایبەتیان بۆ دابنرێت، چونکە ناتوانرێت لەزمانەکەماندا دەربهاوێژرێن.

)بۆ بەیاساییکردنی وشە وەرگیراوەکان، پێویستە ئەم دوو پێوەرە ڕەچاو بکرێت(

پێوەری یەکەم : بکوردێنرێن، بەواتای ئەوەی هەمان یاسای وشە کوردییەکانیان بەسەردا جێبەجێ بکرێت.

پێوەری دووەم : نەگۆڕدرێن، بەواتای ئەوەی لەزمانەکەی خۆیاندا ڕێنووسیان چۆنە وا بنووسرێن.

ئێمە لەو باوەڕەداینە، ئەگەر نووسینی کوردی بەپێی ئەم پێوەرانە یاسای بۆ دابنرێت، دەتوانرێت نووسینەکەی یان ڕاستتر بڵێین ئەو ڕێکنووسییەی کە هەیە ڕێنووسی لێ دروست بکرێت، چونکە بەمە قۆناغی دانانی پێشنیار جێ دەهێلێت، کە تێیدا تەنیا پشت بەدەربڕین و ئاخاوتن دەبەسترا، بەمەش نووسینەکەی قۆناغی هوونەری تێ دەپەڕێنێت و دەگاتە قۆناغەک کە بەزانست بزانرێت، چونکە ڕاست و هەڵەی نووسینی تێدا بەپێی یاسا دەردەخرێت، ئەم ڕاستییەش لەبەراوردکردنی نووسینی زمانەکی وەک ئینگلیزی دەردەکەوێت، چونکە لەئینگلیزیدا، ڕێنووسە ڕاستەکەیان بەو نووسینە دەگوترێت کە بەیاسا ڕێکخرابێت، ڕێنووسە هەڵەکانیشیان بەو نووسینە دەزانرێت کە لەیاسا دەرچووبێت، بۆیە نووسینی کوردیش تا بەیاسا

ڕێک نەخرێت و یاساکانی بەپێی چەند پێوەرەک دانەڕێژرێت، ڕێنووسی بۆ دروست نابیت .

ئەگەر ئەم یاسایانە وەک پڕۆگرامی فێربوون لەقۆناغەکانی خوێندن بخوێنرێت، لەدوور مەودادا سوودی بۆ زمانەکەمان دەبێت، چونکە فێرخوازو نووسەران دەستیان بەشێوە نووسینەک ڕادەهێت کە بەپاساوی یاسایی بەڕاستتر دەزانرێت، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت کتێبەکانی خوێندن لەیەکەم پۆلەوە بەپێی یاسایەکان ڕێک بخرێت و پێداچوونەوە بەڕێنووسی کتێبەکانی خوێندندا بکرێت لەهەمان کاتدا وا بکەین بابەتی ڕێنووس لەقۆناغەکی خوێندندا بەپێی ئەم یاسایانە بخوێنرێت، تا نووسینی کوردیش بەڕێنووس بزانرێت .

ئاشکرایە کە هەردوو ئەلفبێی عارەبی و لاتینی لە ئێستاکە بۆ نووسینی کوردی بەکار دێت، بەمەش جیاوازییەکی زۆری لەنێوان نووسەران و خوێنەرانی کورددا دروستبووە، چونکە سەرەڕای جیاوازی نیگاری فۆنیمەکان لەنێوان هەردوو ئەلفبێدا، لەهەر ئەلفبێیەکیشدا شێوە نووسینەک پەیڕەو دەکرێت، ئەمەش کاریگەری لەسەر دەرخستن و ونکردنی هەندێ لە بنەماکاندا کردووە، کە بۆتە هۆی ئەوەی خوێندنەوەو نووسینی خوێنەران و نووسەرانی ئەلفبێیەک بۆ ئەلفبێیەکەی دیکە زەحمەت و نامۆ بێت و وەک نووسینی دوو زمانی جیا دەربکەوێت، بۆ چارەکردنی ئەم گرفتەش پێویستە ڕێگە چارەیەک بدۆزرێتەوە کە نووسین بەهەردوو ئەلفبێ لەیەک نزیک بخاتەوە، تا ببێتە هۆی ئەوەی خوێنەرو نووسەرانی کورد بەیەکتر ئاشنا ببنەوە.

هەر وەکوو لەبەر چاوە، لەداڕشتنی ئەم یاساو پێوەرانەی سەرەوەدا، زیاتر ڕەچاوی دەرخستنی فۆنیمەکان کراوە نەوەکوو بنەمایەکان، بەڵکوو تەنیا لەکاتی شێکردنەوەی حالەتەکاندا ئاماژە بەبنەمایەکانی وەک هەبوونی بزرۆکەو بەدوا دا نەهاتنی بزوێنەکاندا کراوە، ئەمەش لەئەنجامی ئەوەدایە، کە بەکارهێنانی ئەلفبێی عارەبی وا دەخوازێت، چونکە وای لەگەڵدا ڕێک دەکەوێت، بەڵام ئەگەر نووسین بەئەلفبێی لاتینی بکرێت، دەتوانرێت زۆربەی بنەمایەکان دەربخرێت، ئەمەش وایکردووە لەو کاتەی کە نووسین بەهەردوو ئەلفبێ بەراوردی یەکتر دەکرێت، وا دەربکەوێت کە بۆ دوو زمانی جیا دەکرێت نەوەک بۆ زمانەک کە هەمان ڕێڕەوو بنەمای هەبێت، لێرەشدا لەوانەیە هەندێ کەس ئەو ڕایەیان بۆ دروست ببێت کە

ئەگەر نووسینی کوردی بەلاتینی بکرێت لەوانەیە شیاوتر بێت، هەندەکی دیکە بەهۆکاری مێژووی دوورو درێژی نووسینی کوردی بەئەلفبێی عارەبی و دانەبڕان و بەهۆی گونجانی، هەر هێشتنەوەی ئەلفبێی عارەبی بەڕاستتر دەزانن، بەڵام بەباوەڕی ئێمە بۆ لێک نزیککردنەوەی نووسینی کوردی بەهەردوو ئەلفبێ، وا ڕاستترە نووسین بەهەردوو ئەلفبێ هاوتای یەکتر بکرێت، چونکە بەپێی ئەو واقیعەی کە ئێمەی کوردی تێدایە زەحمەتە لەئێستادا بتوانین، زەمینەیەکی لەبارو سەقامگیر بڕەخسێنین کە واز لە ئەلفبێیەکیان بهێنین و یەک ئەلفبێ بسەپێنین، بۆیە لەم قۆناغەدا باشترین چارەسەر ئەوەیە، کە تەنیا جیاوازی نیگاری فۆنیمەکان لەنێوان هەردوو ئەلفبێدا بهێلینەوەو دەرخستنی بنەماکان لەهەردوو ئەلفبێدا وەکوو یەک لێ بکەین ئینجا لەگەڵیدا ئەم هەنگاوانە جێبەجێ بکەین:

یەکەم : لەهەردوو ئەلفبێدا هێمای هاوشێوە بۆدروستکردنی ئەو فۆنیمانە بەکاربهێنین، کە نیگاری تایبەتییان بۆ نییە.

دووەم : هەروەکوو ئەوەی لەئەلفبێی عارەبیدا پەیڕەودەکرێت، پلەبزوێنی بزرۆکە لەئەلفبێی لاتینیشدا دەرنەخرێت.

سێیەم : هەروەکوو ئەوەی لەئەلفبێی لاتینیدا هەیە، کە هێمای بۆ (ÛÎ) دادەنرێت، بۆ پیشاندانی پلە بزوێنی درێژی (و، ی) لەئەلفبێی عارەبیشدا هێما لەسەر (و ، ی) دابنرێت.

چوارەم : هەروەکوو ئەوەی لەئەلفبێی عارەبیدا هەژمار دەکرێت، کە نیگاری (ئـ) بۆ هەمزە دادەنرێت، بەهەمان شێوە لەئەلفبێی لاتینیشدا هەژمار بکرێت و نیگارەکی تایبەتی بۆ دەستنیشان بکرێت .

پێنجەم : لەهەردوو ئەلفبێدا شێوە نووسینی (فۆنەتیکی – فۆنیمی) پەیڕەو بکرێت ئینجا لەشیکردنەوە ڕێنووسییەکاندا، بۆ دەرخستنی بنەماکان پشت بەبڕگەکردنی وشەکان ببەسترێت.

بەباوەڕی ئێمە ئەگەر ئەم هەنگاوانە جێبەجێ بکرێت، بەدڵنیایی جۆرە نووسینەک بۆ زمانی کوردی بەرهەم دێت، کە وا دەکات نووسەرو خوێنەرانی ئەلفبێیەک بەئاسانی بتوانن نووسین بە ئەلفێبیەکەی دیکە بخوێننەوە ئەگەر بەهەمان ئەلفبێش نەیانخوێندبێت، چونکە جیاوازی نێوانیان تەنیا لەناسینەوەی فۆنیمەکاندا قەتیس دەبێت، فێربوون و ناسینەوەی نیگاری فۆنیمەکانیش بۆ فێرخوازو نووسەرو

خوێنەری ئاسایی ئاسانە، بۆیە لەم قۆناغەدا هاوتاکردنی نووسین بەهەردوو ئەلفبێ باشترین چارەسەرە ئەگەر بەم شێوەیە بکرێت، چونکە وا دەکات خوێنەری هەردوو ئەلفبێ ئاشنای یەکتر ببنەوە لەهەمان کاتدا لەهەردوو ئەلفبێ یەک شێوە نووسین پەیڕەو بکرێت، ئەمەش سوودی بۆ دروستکردنی ڕێنووسەکی یەکگرتوو دەبێت، چونکە ئاسانکاری بۆ دەکات ئەگەر زەمینەی بۆ بسازێت و هەوڵی بۆ بدرێت .

زمانی نەرم لە پەیوەندی و گوتاردا

پ.د. عەباس مستەفا عەباس

چەمکی زمانی نەرم لە پەیوەندی و گوتاردا بە تێپەڕبوونی کات لە ڕێگای کاریگەرییە جۆراوجۆرەکانی کەلتوری و سیاسی و ئەکادیمییەوە پەرەی سەندووە، جۆرج ئۆرویڵ لە وتارەکەیدا لە ژێر ناونیشانی "سیاسەت و زمانی ئینگلیزی"دا کە لە ساڵی 1946دا بڵاوکرایەوە، بیرۆکەی هاوشێوەی خستەڕوو. ئۆرویڵ بە تایبەتی و ڕاستەوخۆ زاراوەی "زمانی نەرم"ی بەکارنەهێناوە، بەڵام ڕەخنەکانی لەسەر بنەمای تێگەیشتن لەوەی کە چۆن دەتوانرێت زمان بەکاربهێنرێت بۆ ئاڵۆزکردنی مانا یان دەستکاری کردن و تەومژاوی کردنی تێگەیشتنەکان.

بە تێپەڕبوونی کات بیرمەندان و زمانناسان و شرۆڤەکاران ڕوانگەیان بۆ زمانی لێکتێگەیشتن فراوانتر بوو لەسەر ئەم بیرۆکانە و بەشداریان لە تێگەیشتن لە زمانی نەرم و ڕۆڵی ئەم جۆرە زمانە لە سیاسەت و کەلتوردا.

زمانی کۆدکراو

سیاسەت و کەلتوری زمانی نەرم بە شێوەیەکی تایبەت ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی زمان لە گوتاری سیاسی و چوارچێوەی کەلتوریدا بۆ گەیاندنی بیرۆکە، باوەڕ، یان کارنامەیەکی دیارکراو بە شێوەیەکی ورد و ناڕاستەوخۆ، ئەمەش دەتوانێت قەدەغە، زمانی کۆدکراو، یان زاراوەی سیاسی ڕاست و دروست لەخۆبگرێت کە بۆ گەیاندنی کاریگەری تایبەت لەسەر تێڕوانین و هەڵوێست و ڕەفتارەکان بەکاربهێنرێن بە بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ باسیان لێوەبکرێت.

زۆرجار ئەمجۆرەی زمانی نەرم بەکاردێت بۆ چوونە نێو بابەتگەلێکی هەستیار، چارەسەرکردنی پرسە کۆمەڵایەتییەکان، یان داڕشتنی ڕای گشتی کە لە هەمانکاتدا کەمترین تاوان یان مشتومڕ بهێنێتە ئاراوە.

چەمک و زاراوەی "زمانی نەرم" بە تێپەڕبوونی کات لە چوارچێوەی جۆراوجۆردا بەکارهاتووە، بەڵام دەستنیشان کردنی سەرچاوەی تایبەت یان یەکەم بەکارهێنانی ئاسان نییە بە وردی بەدی بکرێت. لە باسەکانی ڕێتۆرێکی سیاسی، دیپلۆماسی، گوتاری کەلتوری و دەستکاری کردنی زماندا بەکارهێنراوە. بەکارهێنانی چەمکی زمانی نەرم بۆ گەیاندنی پەیام بە شێوەیەکی نادیار یان ناڕاستەوخۆ وەک ستراتیژێک لە پەیوەندی کردن و قایلکردندا بە درێژایی مێژوو سەریهەڵداوە و لە نیوەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕاستگۆیی سیاسی و زیادبوونی هەستیاری بەرامبەر بە زمان لە گوتاری گشتیدا سەرنج و خواستی بەکارهێنان و پێڕەوی کردنی تایبەتی بەدەستهێنا.

با وشەکانمان بە ژیرانە هەڵبژێرین، چونکە ئەوان هێزی ئەوەیان هەیە کە ئەو جیهانە لە قاڵب بدەن کە ئێمە دەمانەوێت تێیدا نیشتەجێ بین.

هەڵبژاردنی جۆری زمان

زمانی نەرم وەک پەروەردەکردن، خۆشگوزەرانی، پێکەوەژیان و خۆشەویستی لە چارەسەرکردنی زۆرێک لە گرفتەکانی نێو کۆمەڵگادا، کاریگەری زۆری هەیە.

لە تابلۆی ئاڵۆزی پەیوەندی و کارلێکەکانی مرۆڤدا، زمان چ وەک پردێک و چ وەک بەربەستێکیش کاری خۆی دەکات و هێزێکی بێئەندازەی لە داڕشتنی تێڕوانینەکان هەیە، کاریگەری لەسەر ڕەفتارەکان و لە کۆتاییدا، پێناسەکردنی کوالێتی پەیوەندییەکانمان، بۆیەش کاتێک باس لە مامەڵەکردن و چاودێری

کۆمەڵایەتی دەکرێت، هەڵبژاردنی جۆری زمان دەتوانێت کاریگەری قوواڵی خۆی هەبێت لەسەر خۆشگوزەرانی و پێکەوەژیان و خۆشەویستی لە نێو گرووپ و دەستە و کۆمەڵگاشدا.

زمانی نەرم کە بە نەرمی و هاوسۆزی و ڕێزگرتن تایبەتمەندە، بەردی بناغەی پەروەردەکردن و فەراهەم کردنی ژینگەیەکی پەروەردەی مەدەنی دروستە. زمانی نەرم جوانی سروشتی هەر تاکێک لە نێو کۆمەڵگەکەیدا بە بێ حوکمدان و ئیدانەکردن ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانیان دەناسێنێت. لە چوارچێوەی چارەسەرکردندا، بۆ تەندروستی دەروونی بێت، ئالوودەبوون بێت، یان هەر حاڵەتێکی دیکە، زمانی نەرم دەبێتە ئامرازێکی پێویست و کاریگەر بۆ هێورببوونەوە و تەنانەت چاکبوونەوەش.

پێش هەموو شتێک زمانی نەرم فەزایەکی تەندروست بۆ تاکەکان دەستەبەر دەکات کاتێک بە ئاشکرا و ڕاستگۆیانە خۆیان نیشانبدەن و بۆچوون و ڕاکانیان دەرببڕن. بە بەکارهێنانی ئەو وشانەی کە تێگەیشتن و قبوڵکردن دەگەیەنن، تاکەکانی کۆمەڵگا دەتوانن دیوارەکانی ترس و شەرمەزاری بشکێنن و نەهێڵن هاوڕێیەتی و مرۆڤدۆستی لەبار ببات و بە پێچەوانەوە دەتوانرێت ببنە هەوێنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی و پێکەوە ژیانی ئاشتییانە.

جگە لەوەش زمانی نەرم هەستی سەربەخۆیی و پەیوەندییە جیاجیاکانی تاکەکان لەنێو کۆمەڵگادا دەچێنێت. کاتێک تاکەکان هەست دەکەن گوێیان لێدەگیرێت و بەهایان بۆ دادەنرێت، ئەگەری ئەوە زیاتر و زاڵتر دەبێت کە بەشداری لە چارەسەرکردنی گرفتەکان بکەن و چالاکانەتر بێنە مەیدانی پەروەردەکردن و دابینکردنی کەشێکی هاوسۆزی هەر بۆیەش کۆمەڵگاکان دەتوانن بە هۆی زمانی نەرم و لێکتێگەیشتن لە هاودەنگیدا یەکبگرن بۆ تێپەڕاندنی ئاستەنگەکان، پێکەوە ئاهەنگی سەرکەوتنەکان بگێڕن.

جگە لەوەش زمانی نەرم وەک دژە ژەهرێکی بەهێز بۆ چەواشەکاری و هەڵاواردن کاریگەری خۆی هەیە ئەویش بە دووبارە داڕشتنەوە و گێڕانەوەی متمانەی تەندروستی دەروونی و پرسە جیاجیاکانی تر، لێرەشدا مرۆڤ دەتوانێت ڕووبەڕووی چەشنە کۆنە تەقلیدییەکان ببێتەوە و کەلتورێکی گشتگیری پڕ تێگەیشتن بە ئاراستە و ڕووەو پێش هەنگاو هەڵبگرێت. زمانی نەرم لەبری ئەوەی تاکەکان بە پشتبەستن بە هێز و توانا و خەبات و تێکۆشانەکانیان ناوزەد بکات،

سەرنج دەخاتە سەر خاڵە ئەرێنییە بەهێزەکانیان و خۆڕاگری و توانای گەشەکردنیان زیاتر دەکات.

وەرگرتنی زمانی نەرم لە مامەڵەی کۆمەڵایەتیدا تەنیا پەیوەندی بە واتاسازییەوە نییە؛ ڕەنگدانەوەی پابەندبوونی بەکۆمەڵمانە بە بەزەیی و هاوسۆزی و خۆشەویستی.

بە وەرگرتن و بەکارهێنانی زمانی نەرم، دەتوانین جیهانێک دروست بکەین کە هەموو کەسێک هەست بەها و مرۆڤبوونی خۆی بکات، جیهانێک کە خۆشگوزەرانی و پێکەوەژیان و خۆشەویستی تەنها خەیاڵ نەبێت، بەڵکو لۆژیک و ژیانەوە بێت.

بۆیە با وشەکانمان بە ژیرانە هەڵبژێرین، چونکە ئەوان هێزی ئەوەیان هەیە کە ئەو جیهانە لە قاڵب بدەن کە ئێمە دەمانەوێت تێیدا نیشتەجێ بین و پەیوەندی و گوتارەکانمان ببنە کەلتوری هاوبەش و هەموان پێکەوە ئاسۆ ڕوونتر ببینین.

ڕۆڵی زمان لە داڕشتنی ناسنامەی تاک و گروپدا

زمان پێکهاتەیەکی بنەڕەتییە لە داڕشتنی هەردوو ناسنامەی تاک و گروپدا. لەسەر ئاستی تاکەکەسی، ئەو زمانەی مرۆڤ قسەی پێدەکات بەشداربیەکی بەرچاوی هەیە لە هەستکردن بە خودی خۆیان. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە زمان زیاترە لە تەنها ئامرازێکی پەیوەندیکردن پاشخانی کەلتوری مرۆڤ و پرۆسەی بیرکردنەوە و دەربڕینی سۆزداری لەخۆدەگرێت. بۆ نموونە، تاکەکان لە ڕێگەی زمانەوە کەسایەتی خۆیان دەردەبڕن و پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دروست دەکەن کە تایبەتمەندی زمانەوانی هاوشێوەیان هەیە، بەمەش ناسنامەی کەسیی خۆیان بەهێزتر دەکەن.

هەر بۆیەش لودویگ ڤیتگنشتاین 1953 (LudwigWittgenstein) دەڵێت: «سنووری زمانەکەم بە مانای سنووری جیهانەکەم دێت». ئەم لێدوانە کە لە کتێبی لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکانی ڤیتگنشتاینەوە سەرچاوەی گرتووە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە زمان چۆن تێڕوانین و تێگەیشتنمان بۆ جیهان سنوردار دەکات، بەمەش کاریگەری لەسەر هەردوو ناسنامەی تاکەکەسی و گروپ دروست دەکات. بۆ نموونە

زۆرجار گروپە کەمینەکان زمانی زگماکی خۆیان دەپارێزن بۆ پاراستنی ناسنامە کەلتوورییە ناوازەکانیان لەناو کەلتورێکی بالادەستدا

زمان له ئاستی گروپدا

ئەگەر بە زمانی خۆی قسە لەگەڵ کەسێکدا بکەیت، ئەوە دەچێتە دڵی و سەرکەوتنی گفتوگۆکەش مسۆگەرتر دەبێت، لە ئاستی گروپیشدا بە هەمان شێوە زمان وەک هێزێکی تۆکمە دێتە پێش، هەستکردن بۆ سەربەخۆیی و کۆمەڵایەتیبوون دروست دەکات، زمانی هاوبەش لەناو گروپێکدا ڕێگا بە گواستنەوەی بەها و بیروباوەڕ و نەریتە هاوبەشەکان دەدات، کە ئەو بەها و متمانەیە یەکگرتوویی و بەردەوامی گروپەکە زیاتر بەرجەستە دەکات. بۆ نموونە لە کۆمەڵگا فرە کەلتوورییەکاندا، زۆرجار گروپە کەمینەکان زمانی زگماکی خۆیان دەپارێزن بۆ پاراستنی ناسنامە کەلتوورییە ناوازەکانیان لەناو کەلتووریێکی بااڵدەستدا (کورد بەو ڕێگا سەختە و لەنێو ئەو ئااڵنگارییە دژوارەی ڕێگرییەکانی کەلتورە بااڵدەستەکانیدا، بوێرانە پارێزگاری لە ناسنامەی تاکی خۆی کردووە).

ماندێلا (Nelson Mandela) تیشک دەخاتە سەر پەیوەندی قووڵی نێوان زمان و ناسنامە، بەتایبەتی چۆن قسەکردن بە زمانی زگماکی کەسێک دەتوانێت پەیوەندییەکی قووڵتر و کەسیتر و لێکتێگەیشتنێکی باشتر و نموونەیی تر فەراهەم بکات. ئەم جیاوازییە زمانەوانییە یارمەتیدەرە بۆ پاراستنی میراتی گروپەکە، هەستێکی بەهێزی هەماهەنگی، هاودەنگی و پشتیوانی یەکتر پێشکەش دەکەن.

ئێدوارد ساپیرEdward Sapir

ئێدوارد ساپیر (1929)دەڵێت: «زمان ڕێنماییە بۆ واقیعی کۆمەڵایەتی و مرۆڤەکان پەیڕەوی دەکەن.» زمان ڕۆڵێکی ئەرێنی دەبینێت بۆ ئەوەی مرۆڤ نەوەک لە سنووورێکی دیارکراودا و بە تەنها لە جیهانێکی بابەتیدا بژی، یان تەنها لە جیهانی چالاکیی کۆمەڵایەتیدا وەک ئەوەی بە شێوەیەکی ئاسایی لە یەکتر تێدەگەین، گوزەر بکەین و بمێنین. زمان ڕۆڵێکی دروست و تایبەتمەندی هەیە کە بووەتە میدیای دەربڕین بۆ تەواوی کۆمەڵگاکەی. ئەم لێدوانەی ساپیر جەخت لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەکاتەوە کە زمان نەک هەر شوناسە تاکەکەسییەکان، بەڵکو واقیعی دەستەجەمعی گروپەکانیش ڕێکدەخات، کاریگەری لەسەر چۆنیەتی هەستکردن و کارلێککردنیان لەگەڵ جیهاندا دەستەبەر دەکات.

زمان وەك نیشاندەر

جگە لەوەش زمان وەک نیشاندەری سنووری گروپەکان گەشە دەکات، تاکەکان لە گرووپەکان جیادەکاتەوە. ئەم جۆرە سنووردارکردنە، دەتوانێت لە زاراوەی پیشەیی، زاراوە ناوچەییەکان، یان سۆسیۆلێکتەکاندا ببینرێن، کە ناسنامەیەکی هاوبەش لە نێوان تاکەکان و ئەندامانی کۆمەڵگەکە دروست دەکەن و لە هەمان کاتدا جیایان دەکەنەوە لەوانی تر. لە سەردەمی خەباتی کۆمەڵایەتی یان سیاسیشدا زمان دەتوانێت ئامرازێکی گرنگی بەرخودان و بەهێزکردن بێت، کە گروپەکان بتوانن ناسنامە و مافەکانیان بپارێزن، زمانی کوردی نموونەیەکی دیار و دەگمەنی مانەوەی ناسنامە و پارێزگاری کردنە لە کەلتوری خۆی کە لە تاکەکەسیەوە بۆ گرووپ و دواجاریش بۆ کۆمەڵگەیەکی زیندوو هەنگاوی دروستی نا، ئەمڕۆ بۆتە واقیعێکی دیار و خەریکە دەچێتە نێو زمانەکانی تری جیهانی و سنورەکان دەبەزێنێت وە جێگە و پێگەی خۆی لە گۆڕانکارییە نوێکانیشدا زامن دەکات.

سەرەڕای هەموو ئەو ئالنگارییانەی ڕووبەڕووی کورد بوونەتەوە، زمانی کوردی وەک هێمایەکی بەهێزی خۆڕاگری و ناسنامەی کەلتوری ماوەتەوە. نەک هەر وەک ئامرازێکی پەیوەندی ڕۆژانە، بەڵکو کورد لە ڕێگەی زمانەکەیەوە هەستی یەکگرتوویی و جیاکاریی کولتووری پاراستووە و هەوڵیداوە بۆ بوژاندنەوە و بەرەوپێشبردنی زمانی خۆی، لەوانەش پەروەردە، ئەدەب، میدیا، لە بەهێزکردنی ناسنامەی کورد و پەروەردەکردنی هەستی شانازی و سەربەخۆیی لەنێو کۆمەڵگە نێونەتەوەیی یەکاندا ڕەنگیداوەتەوە .

زمان بە شێوەیەکی ئاڵۆز بەستراوەتەوە بە هەردوو ناسنامەی تاکەکەسی و گروپییەوە. مرۆڤەکان خۆیان و پێگەکانی خۆیان لە جیهاندا بە زیندوویی دەهێڵنەوە. زمان وەک دەفرێکی بەها کەلتورییەکان و ئامرازێک بۆ جیاکاری کۆمەڵایەتی، ڕۆڵێکی پێویست دەگێڕێت لە پرۆسەی بەردەوامی پێکهاتن و پاراستنی ناسنامە و کەلتور.

زمانی کوردی زیاترە لە شێوازێکی پەیوەندی کردن؛ بەردی بناغەی شوناسی کوردە، بەرجەستەی خۆڕاگری و میرات و خواستەکانی کۆمەڵگایە بۆ چارەنووسی خۆی.

هێزی وشە و ستراتیژییەکانی زمان لە هونەری دانوستاندندا

پەیوەندیی نازارەکی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە دانوستانەکاندا. زمانی جەستە، جوڵە و پیشاندانی دەموچاو و تۆنی دەنگ دەتوانێت پەیامە زارەکییەکان بەهێز بکات یان تێکبدات. زمان لە هونەری دانوستاندا ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگ دەگێڕێت. وشە و ستراتیژییەکانی زمان پێکەوە دەتوانن پەیوەندیی کاریگەر بۆ سەرکەوتن یان شکستی دانوستانەکان دیار بکەن، جا لە بازرگانی، دیپلۆماسی سیاسی، کۆمەڵایەتی یان کارلێکی ڕۆژانەی نێوان کەسەکاندا ڕوو بدەن .

لایەنێکی دیار بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی چارەنووسساز، توانای بەکارهێنانی زمانی قایلکەرە، کە بریتییە لە ستراتیژی چۆنییەتی خستنەڕووی هەڵوێستی مرۆڤ بە ڕوونی و لە هەمان کاتدا تێگەیشتن بۆ چارەسەرکردن و گەیشتنە بە بەرژەوەندیی هاوبەش و لابردنی نیگەرانییەکانی لایەنی بەرامبەر.

گوێگرتنی دروست یەکێکی ترە لە ستراتیژییە گرنگەکانی بەکارهێنانی زمان. تەنها بیستنی ئەو وشانەی لایەنی بەرامبەر نییە، بەڵکو تێگەیشتن لە هەست و مەبەستە بنەڕەتییەکانیش دەگرێتەوە و زۆر جاریش زانین و دەستنیشانکردن و دەرخستنی پەنهانەکانە لە ناخی بەرامبەر بۆ گەیشتن بە ئاستی مەبەستناس. ئەم ستراتیژە یارمەتیدەرە لە دروستکردنی پەیوەندی و متمانە دروستکردن، کە پێکهاتەی سەرەکین بۆ دانوستانە سەرکەوتووەکانی نێوان لایەنەکان. سەرەڕای ئەوەش، گوێگرتنی کارا و دروست ڕێگە بە دانوستانکاران دەدات کە خاڵە هاوبەشەکان و بوارەکانی ئەگەری سازشکردن دەستنیشان بکەن.

ستراتیژێکی تری گرنگی زمان

بۆ گەیشتن بە چوارچێوەیەکی تۆکمەی کارا بۆ لێکتێگەیشتن، ستراتیژی زمان هەنگاو دەنێت بەرەو پێشکەشکردنی زانیاریی بە شێوەیەک کە تیشک بخاتە سەر سوودەکانی یان دەرخستنی کەمترین لە کەموکوڕییەکان، دانوستاندکاران دەتوانن لە ڕێگەی بە وردی هەڵبژاردنی وشە و پێکهاتە و دروستکردنی ئارگیومێنتەکانەوە کاریگەرییان لەسەر تێڕوانین و بڕیارەکانی لایەنی بەرامبەر هەبێت. بۆ نموونە دەتوانێت جەخت لەسەر دەستکەوتی ڕێککەوتنێکی هاوبەشی پێشنیازکراو و سەرنجڕاکێشتر بکات و پێداگیر بێت بۆ بە دەستهێنانی زۆرترین دەستکەوت، لە کاتی دانوستانەکانی سالانی نەوەدەکاندا بۆ ڕێککەوتنی بازرگانی ئازادی ئەمریکای

باکوور(NAFTA) ، نوێنەرانی ئەمریکا رێککەوتنەکەیان وەک دۆخێکی بردنەوە – بردنەوە لە چوارچێوەیەکدا خستەڕوو، جەختیان لەسەر سوودە ئابووریيە هاوبەشەکان کردەوە، کە ئەمەش یارمەتیدەر بوو لە کۆکردنەوەی پشتیوانی هەردوو مەکسیک و کەنەدا.

ستراتیژێکی تری گرنگی زمان، بەکارهێنانی میتافۆر و لێکچوونە. ئەم ئامرازە زمانەوانیانە دەتوانن پرسە ئاڵۆزەکان سادە بکەنەوە و گرێکوێرە نەهێڵن و تێگەیشتنێکی هاوبەش دروست بکەن. رێککەوتنەکانی کەمپ – دەیڤید Camp) (David Accordsلە نێوان میسر و ئیسرائیل کە لەلایەن ئەنوەر سادات سەرۆکی میسر و سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل مێناخیم بیگین لە 17ی ئەیلوولی 1978 واژۆکرابوون نموونەیەکی سەرەکین بۆ ئەم جۆرە ستراتیژە. جیمی کارتەر سەرۆکی پێشووی ئەمریکا زۆرجار میتافۆرەکانی ئاشتی و سەقامگیری بەکاردەهێنا، کە دەنگی دایەوە و بووە هۆی ئاسانکاری بۆ رێککەوتنێکی میژوویی نێوان هەردوو وڵات.

بێڕێزیکردن بەرامبەر یەکتر

هەروەها ستراتیژییەکانی ڕێز ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن. پاراستنی ڕێز و نیشاندانی ڕێز دەتوانێت ڕێگری بکات لە تێکچوونی دانوستانەکان بەهۆی هەستکردن بە سووکایەتی کردن یان بێڕێزی کردن بەرامبەر یەکتر یان لایەنێک بەرامبەر لایەنیتر.

لە دانوستانەکانی کە بووە هۆی رێککەوتنی بێلفاست کە ب Good Friday (Agreementڕێککەوتنی هەینی پیرۆزیش ناسراوە، ڕێککەوتنی هەینی پیرۆز، رێککەوتنێک بوو لە نێوان حکومەتی بەریتانیا و ئیرلەندای باکوور لە ساڵی 1998 کە حوکمڕانی لە ئیرلەندای باکوور چۆن بەڕێوەبچێت، دانوستاندکاران وریا بوون لە بەکارهێنانی زمانێک کە دان بە ناسنامە و نیگەرانییەکانی هەردوو لایەن بنێن، ئەمەش هۆکارگەلێکی بنەڕەتی بوو بۆ گەیشتن بە کۆدەنگی و رێککەوتن.

هەروەها پەیوەندیی نازارەکی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە دانوستانەکاندا. زمانی جەستە، جوڵە و پیشاندانی دەموچاو و تۆنی دەنگ دەتوانێت پەیامە زارەکییەکان بەهێز بکات یان تێکبدات. بە شارەزایی و زانینی ئەم ئاماژانە و وەڵامدانەوەی گونجاو دەتوانرێت کاریگەری تاکتیکییەکانی دانوستاندنەکان، ببنە رێچکەیەکی

دروست و مرۆڤ بەرز بکاتەوە و سەری بخات بۆ قۆناغێکی گرنگ و پڕ دەستکەوت. بە پێچەوانەوە خراپ بەکارهێنانی ستراتیژییەکانی زمان دەرئەنجامی کارەساتبار بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

تۆوی ناڕەزایی چاند

پەیمانی ڤێرسای (The Treaty of Versailles) لە 28ی حوزەیرانی 1919 لەلایەن (Germany and the Allied Nations) ئەڵمانیا و هاوپەیمانەکانەوە واژۆ کرا و بە فەرمی کۆتایی بە جەنگی جیهانی یەکەم هێنا. مەرجەکانی پەیماننامەکە داوایان دەکرد ئەڵمانیا قەرەبووی دارایی بداتەوە و لە چەک دابماڵرێت و خاکەکەی لەدەست بدات و دەستبەرداری هەموو کۆلۆنییەکانی دەرەوەی وڵات بێت. ئەم پەیمانەی ڤێرسای کە لە ساڵی 1919 کۆتایی بە جەنگی یەکەمی جیهانی هێنا وەک شکستێک لە زمانی دیپلۆماسیدا ئاماژەی پێدەکرێت و بووە هۆی نیگەرانی لایەنێک. ئەو زمانە توند و سزابەخشەی کە لە پەیماننامەکەدا دژی ئەڵمانیا بەکارهاتبوو، تۆوی ناڕەزایی چاند، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی نازیزم و توندڕەوی کە دواجار خۆئامادەکردن بۆ دەستپێکردنی جەنگێکی وێرانکەر و ئەوە بوو جەنگی دووەمی جیهانی لێکەوتەوە و هیتلەر بێ هیچ خۆپارێزی و نەرمی نواندنێک رق و قینەی تۆڵەکردنەوەی کردە کردار و جەنگی دووەمی جیهانی بەدواداهات و بووە هۆی وێرانکارییەکی گەورە و دەیان ملیۆن مرۆڤیش بوونە قوربانی.

بەڵگەنامەکانی دانوستاندنە سەرکەوتووەکان گرنگی ئەم ستراتیژیانەی زمان دەردەخەن. دەقی ڕێککەوتنی پاریس سەبارەت بە گۆڕانی کەشوهەوا زمانێکی ورد نیشان دەدات کە هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکانی زیاتر لە 190 وڵاتدا دروست دەکات و هاوکاری و هەماهنگی نێودەوڵەتی بەرەوپێش دەبات. بە هەمان شێوە ئەو زمانەی کە لە ڕێککەوتننامەکانی هێلسنکی ساڵی 1975دا بەکارهاتووە، یارمەتیدەر بووە لە کەمکردنەوەی گرژییەکانی جەنگی سارد لە ڕێگای بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ و هاوکاری ئابووری.

لێرەدا دەمەوێت بڵێم بەکارهێنانی ستراتیژەکانی زمان لە دانوستاندنەکاندا، جۆرێک لە پەیوەندیی قایلکەر، گوێگرتنی کارا و چالاک، چوارچێوە و سنوردانان، بەکارهێنانی میتافۆر، ئەدەب و ڕێز، ئاماژەی نازارەکی لەخۆدەگرن بۆیە بە بوونی ئەزموون و شارەزابوون لەم ستراتیژیانە دەتوانرێت لایەن و دانوستاندکارەکان

بـــگەنە لـــوتکەی لێکتێگەیشـــتن و ئەمەش ببێـــتە هـــۆی دەرئەنجـــامە ئەرێنـــی و ســـــەرکەوتووترەکان، بە لێزانیـــی و پەیڕەوکردنـــی بنەماکـــانی بەکارهێنـــانی ســـتراتیژەکانی زمـــان رێککەوتنەکـــان ســـوودبەخش دەبـــن بـــۆ هەمـــوو لایەنە پەیوەندیدارەکان. وەک مێژوو نیشانی داوە، هێزی وشـە لە دیپلۆماسیدا دەتوانێت چارەنووسـی گەلان و مرۆڤـایەتی لە پێنـاو ئاشـتی و بەدەسـتهێنانی دەسـتکەوتی گەورەتر بۆ خۆشگوزەرانی زۆرتری مرۆڤایەتی بەدیبهێنێت و جیهان بەو ئاراستەیە لە قاڵب بدات

کاریگەریی هەڵەی زمانەوانی و پرۆتۆکۆڵەکانی پەیوەندیکردن لەسـەر ئاسایشـی ئەلیکترۆنـی لە سـەردەمی دیجیتـاڵی ئەمـڕۆدا، زمـان رۆڵێکـی سـەرەکی دەگێڕێت لە ئاسایشـی ئەلیکترۆنیدا و لێکەوتەی راستەوخۆی لە پاراسـتن و درکانـدنی نهێنـی و زانیـارییە هەسـتیارەکان دەبێت. بە ئەمەش لە رێگەی کـۆدکردنەوە(Decoding) ، پرۆتۆکۆڵی پەیوەندیکردن(Communication Protocol) ، یان کارلێکی مرۆڤەوە (Human Interaction)، زمان ئاڵوگۆڕی داتاکان، چـالاکتر دەکـات. هەڵە لە زمـان یـان دەسـتکاریکردنیدا دەشـێ ببێـتە هـۆی گرفتێکـی گەورە و بەرچـاوی ئەمنـی. زۆرجـار هێرشـبەرانی (هـاککەران) ئەلیکترۆنـی نـاڕوونی زمـانەوانی یـان هەڵەکـان دەقـۆزنەوە بـۆ دزەکـردنە نێـو سیسـتەمی پـارێزراوەوە، بە تـایبەتی ئەوانەی پەیوەنـدییان بە ئاسایشـی نیشـتمانییەوە هەیە. ئەم پێشـێلکارییانە دەبـنە مـایەی هەڕەشـەی قـۆڵ و کـاریگەر لەسـەر ئاسایشـی نیشـتمانی. ئەمەش تەنهـا زمانەکـانی کۆدکردنی تەکنیکی نـاگرێتەوە، بەڵکـو ئەو زمـانەش دەگرێتەوە کە لە سیاسـەتەکانی ئاسایش و پەروەردەی بەکارهێنەر و وەڵامدانەوەدا بەکار دێن، بۆ نمـوونە هێرشـی فیشینگ زۆرجار لاوازییە زمانییەکان دەقۆزێتەوە، زمانی فریودەر بەکاردەهێنێت بۆ فێڵکردن لە تاکەکـان بـۆ ئاشـکراکردنی زانیـاری. ئەگەر بەکـارهێنەران ئاگـاداری ئەم تاکتیکانە نەبن یان لە رێنماییە ئەمنییەکان تێنەگەن ئەوا بێ ئەوەی بە خۆیـان بـزانن، دەبنە هۆکاری درکاندن و ئاشکرابوونی نهێنیی گرنگ و هەستیار.

لە ئاسایشـی ئەلیکترۆنیـدا، هەڵەی زمـانەوانی، وەک کـۆدی خـراپ نووسـراو، رێنماییە ناڕوونەکـان، یـان تەنـانەت پەیوەنـدیی هەڵە لە نێـوان ئەنـدامانی تیمەکانـدا، کەلێن دروست دەکەن و هێرشبەرانیش بۆ تێکدان و وێرانکردن، ئاسان دەیقۆزنەوە.

هەڵەی زمـــانەوانی و بێئاگـــایی لە پرۆتۆکۆڵەکـــانی پەیوەنـــدیی لـــێکەوتەی دوورمەودای لەسـەر ئاسایشی نیشتمانی و ئەلیکترۆنیدا دەبێت هێرشی فیشینگ

هێرشی فیشینگ (Phishing Attacks) یەکێکە لە باوترین ئەو ڕێگایانەی کە تاوانبارانی ئەلیکترۆنی بەکاریدەهێنن بۆ ئیستغلالکردنی لاوازییەکانی بنەمای زمان. هاککەرەکان ئیمەیڵ یان پەیامی فریودەر دروست دەکەن کە فێڵ لە تاکەکان دەکەن، لە نێویاندا کارمەندانی ئاسایش، بۆ ئاشکراکردنی زانیاری هەستیار. ئەم هێرشانە زۆرجار سوود لە هەڵەی زمانەوانی یان لێکدانەوەی هەڵە وەردەگرن.

پارێزەرانی ئاشتی

لە 24ی تشرینی دووەمی 2014، کۆریای باکوور لە هێرشێکی ئەلیکترۆنیدا لە ڕێگەی گروپێکی هاککەر کە بە «پارێزەرانی ئاشتی (Guardians of Peace) ناسرا بوون، کۆمەڵێک زانیاری و نهێنی زۆری کۆمپانیای Sony Pictures Entertainment (SPE)یان دزەپێکرد. دزەپێکردنەکە بریتی بوو لە زانیاری کەسی زۆر هەستیار سەبارەت بە کارمەندانی سۆنی و خێزانەکانیان، گفتوگۆی ئیمەیڵی تایبەت، وردەکاری دەربارەی مووچەی کارمەندان، کۆپی فیلمە بڵاونەکراوەکان، پلانەکانی بەرهەمهێنانی داهاتوو، سیناریۆی فیلم و زۆر شتی تر. پاشان هێرشبەرەکان جۆرێک لە بەرنامەی زیانبەخشی (Shamoon wiper) یان بەکارهێنا بۆ لەناوبردنی ژێرخانی کۆمپیوتەرەکانی سۆنی، ئەمەش وایکرد گەڕاندنەوەی سیستەمەکان لەڕادەبەدەر قورس بێت. هەرچەندە ئەم هێرشە ڕاستەوخۆ هێزەکانی ئاسایشی نیشتمانی نەکردە ئامانج، بەڵام جەختی لەسەر توانای هێرشە ئەلیکترۆنییەکان لەسەر بنەمای زمان کردەوە بۆ تێکدانی ئۆپەراسیۆنەکان و ئاشکراکردنی زانیارییە نهێنییەکانی کۆمپانیا و حکومەت.

مشتومڕێکی بەرفراوانی دروستکرد

نموونەیەکیتر لە ساڵی 2016 ڕوویدا کاتێک (phishing attacks) هێرشی فیشینگ زۆرێک لە ئیمەیڵ و داتاکانی ئاشکرا کرد و بووە هۆی ئاشکرابوونی زانیارییە نهێنییە هەستیارەکان کە کاریگەریی لەسەر هەردوو سیاسەتی نیشتمانی و نێودەوڵەتی هەبوو.

ئەم پێشێلکارییە کە لە کاتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ڕوویدا، سەرنجی لەسەر کۆمیتەی نیشتمانی دیموکراتەکان (Democratic National Committee)خستەڕوو. داتا دزراوەکان کە پەیوەندییە ناوخۆییەکانی

لەخۆگرتبوو، بۆ رای گشتی بڵاوکرانەوە و مشتومڕێکی بەرفراوانی دروستکرد. دزەپێکردنەکە تیشکی خستە سەر لاوازی جدی لە سیستەمی ئاسایشی ئەلیکترۆنی کە لەلایەن کەسە سیاسییە باڵاکانەوە بەکاردەهێنرێن. ئەم ئاشکراکردنە بووە هۆی مشتومڕ لەسەر لاوازییەکانی ئاسایشی دیجیتاڵی و یەکپارچەیی هەڵبژاردنەکان، بەتایبەتی سەبارەت بە بەکارهێنانی پەیوەندییە ئەلیکترۆنییەکان و ئەگەری دەستوەردانی دەرەکی.

هێرشی رانسۆمویێر

لە ساڵی 2017دا، هێرشی رانسۆمویێر (Ransomware Attack) رووێدا، ئەم هێرشە لاوازیەیە جیاوازەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی (Cybersecurity)دەرخست کە هەندێکیان پەیوەندییان بە پرۆتۆکۆڵەکانی پەیوەندیکردن(Communication Protocols) و هەڵەی زمانەوانییەوە (Linguistic Error)هەبوو لە کۆدی سیستەمدا. ئەم بەرنامە رانسۆمویێرە گاپێکی لە سیستەمی کارپێکردنی ویندۆزدا قۆستەوە و دامەزراوە گشتییەکانی کردە ئامانج، لەنێویاندا دامەزراوە گشتییەکانی وەک خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی بەریتانیا (UK (NHS) National Health Service) بە تایبەتی زیانێکی زۆریان بەرکەوت، سیستەمی پەیوەندییەکانیان تێکچوو، تۆماری نەخۆشەکان دەستنەکەوتن و بەو هۆیەشەوە چەندین نەشتەرگەری گرنگ هەڵوەشێنراوە.

هێزە ئەمنییەکانی جیهان خەریکی کۆنترۆڵکردنی هێرشەکە بوون، چونکە زانیارییە گرنگەکانی لە زیاتر لە 150 وڵاتدا کۆد کرد. ئەمەش لاوازییەکی بەرچاوی لە پرۆتۆکۆڵەکانی پەیوەندییە دیجیتاڵییەکان ئاشکرا کرد.

تەقینەوەکانی ئەم دواییەی بەکارهێنەرانی ئامێرەکانی پەیجەر (Pager Devices)لە 17ی ئەیلولی 2024 دا، ئەندامانی حزبوڵڵای لوبنانی کردە ئامانج.

ئەم رووداوە لە ڕاستیدا بە یەکێک لە گرنگترین دزەکردنە نێو ئاسایشی ئەلیکترۆنی دادەنرێت، چونکە هێرشەکە تەقاندنەوەی ئامێرەکانی پەیوەندیی لە دوورەوە لەخۆگرتبوو.

هەرچەندە ئەم جۆرە هێرشە، پێشێلکارییەکی تەقلیدی ئاسایشی ئەلیکترۆنی نییە (وەک هاککردن یان ئاشکراکردنی پەیام و ئیمەیلی دیجیتاڵی)، بەڵام ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی تەکنیکە پێشکەوتووەکانی هاککردن بۆ دزەکردنە نێو ئامێری پەیوەندیی

بۆ تێکدانی ئاسایش و ئاسایشی ئەلەکترۆنی و جۆرێکیتری بڕینی هێڵی سووری ئاسایشی ئەلیکترۆنییە و لێکەوتەی سەخت و قوربانی زۆریشی لێکەوتەوە.

ئەم ڕووداوانە ئەوەمان پێدەڵێن کە هەڵەی زمانەوانی و بێئاگایی لە پڕۆتۆکۆڵەکانی پەیوەندیی لێکەوتەی دوورمەودای لەسەر ئاسایشی نیشتمانی و ئەلیکترۆنیدا Cybersecurity دەبێت. بۆیە پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا، لێمان دەخوازێت جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆڵی بەهێز لەسەر بنەمای زمان بۆ پاراستنی زانیارییە نهێنییەکان و پاراستنی سیستەمەکان لە پێشێلکارییە ئەگەرییەکان، ئاگایی و خۆپارێزی زیاترمان هەبێت چونکە پەیوەندیی قوڵی زمان و ئاسایشی ئەلیکترۆنی وریایی و هەستیاری بەردەوامی پێویستە بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی و پارێزگاری کردن لە زانیارییە هەستیارەکان لە جیهانی ئێستای بەیەکەوە گرێدراوی ئەلەکترۆنیدا.

سەرچاوەکان:

1. Florêncio, D., & Herley, C. (2010). Phishing and the language of deceit. IEEE Security & Privacy, 8(5), 36–41.

2. Verizon Data Breach Investigations Report (2021). «Human Errors and Their Impact on Cyber Security.

ڕۆڵ و هێزی زمان لە شەڕی دەروونی و ستراتیژەکانی پەیوەندیی دیجیتاڵیدا

زمان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە شەڕی دەروونی و ستراتیژەکانی پەیوەندیی دیجیتاڵیدا و ئامرازێکە کاردەکات بۆ دەستکاریکردن، رازییکردن و کۆنترۆڵکردنی تێڕوانینەکان بۆئەوەی دەستکەوتێک بەدەستبهێنێت. لە چوارچێوەی شەڕی دەروونیدا، زمان بەکاردەهێنرێت کە کاریگەری هەبێت لەسەر هەست، بیروباوەڕ، ڕەفتاری دوژمن، سەرلێشێواویی و دواجار ترس و بێمتمانەیی دەهێنێتە ئاراوە. چ لە ڕێگای پروپاگەندە یان لە ڕێگای زانیاری هەڵەوە، گۆڕین و بەکارهێنانی شێوازی جیاجیای زمان، ئامانج لێی تێکدان و دابەزاندنی مۆراڵە و لە هەمانکاتدا کاریگەریی دروستکردنە لەسەر توانای بڕیاردانی بەرامبەر.

لە کاتی شەڕی ساردا، ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیەت هەڵمەتی پروپاگەندەی بەرفراوانیان بڵاوەدەکردەوە. پەخشی ڕادیۆی ئەوروپای ئازاد Extensive Propaganda Campaigns هاوولاتیانی ئەوروپای خۆرهەڵاتیان دەکرد ئامانج، بە بەکارهێنانی زمانی پوخت و داڕێژراو بۆ بەرنگاربوونەوەی ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیست و پیشاندانی ئەرێنی بەها باڵا دیموکراسییەکانی خۆرئاوا. بە پێچەوانەوە سۆڤیەت بۆ چاندنی ترس و بێمتمانەیی لە نێو هاوولاتییاندا، زاراوەی سووکایەتیکردن بە سەرکردەکانی خۆرئاوا وەک دەستدرێژیکاران ئیمپریالیستی Imperialist Aggressorsناوزەدی دەکردن.

لە جەنگی دووەمی جیهانیدا هێزەکانی هاوپەیمانان Allied Forces ملیۆنان نامیلکەیان بەسەر خاکی دوژمندا فڕێدەدایە خوارەوە، زمانی قایلکەریان Persuasive Language بەکاردەهێنا بۆ نەهێشتنی مۆراڵی سەربازانی بەرەکانی شەڕ. پەیامی وەک «سەرکردەکانتان لە پێناو دۆزی ونبوودا ئێوە دەکەنە قوربانی» بۆ دروستکردنی گومان و نائومێدی لەنێو سەربازەکاندا، دادەڕشت. ئەم تاکتیکانە هێزی دەروونی زمانیان Psychological Power of Language لە شەڕدا نیشان دەدا.

ئینتەرنێت Internet وەک پەیوەندیی دیجیتاڵی، دیمەنی ئۆپەراسیۆنە دەروونییەکانی گۆڕیوە، ڕێگەی نوێی بۆ پەیوەندییە ئامانجدارەکان دابینکردووە. دەتوانرێت پەیامەکان بە شێوەیەک دروست بکرێن کە سەرنجی گروپە تایبەتەکان ڕابکێشن لەسەر بنەمای شیکاری داتا، ئەمەش پروپاگەندەی دیجیتاڵی Digital Propaganda لە جاران کاریگەرتر دەخاتەروو. ئەو ئامار و زانیاریانەی کە بۆ گەورەکردنی هەندێک جۆری ناوەڕۆک داڕێژراون، دڵنیایی دەدەن لەوەی کە پەیامە قایلکەرەکان دەگەنە زۆرترین ئامادەبووان، دەنگدانەوەی وا بە هێز دروستدەکەن، کە زانیارییە درۆینەکان دەتوانن بەبێ پشکنین بڵاوببنەوە و بگەنە هەموو شوێنێک.

لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا لە ساڵی2016 دا، سۆشیالمیدیا بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست و وروژاندنی دووبەرەکی لە نێوان خەڵکدا بەکارهات. ئەو گروپانەی پێیان دەگوترا کێڵگەی ترۆڵ Troll Farmsهەزاران ئەکاونتی ساختەیان دروستکرد بۆئەوەی ئەو پۆستانە بڵاوبکەنەوە کە سوودیان لە ناکۆکییەکانی هەنووکەیی نێو کۆمەڵگادا وەرگرتووە. زاراوەی وەک هەواڵی ساختە Fake News بۆتە جێی بایەخ، زمان وەک ئامرازێک بەکاردێت بۆ تێکدانی متمانەی خەڵک بە میدیای تەقلیدی و لە قاڵبدانی تێڕوانینی دەنگدەران.

لە شەڕی دیجیتاڵیدا زۆرجار زمان وەک چەکێک بەکاردێت بە هەڵبژاردنی وشە یان دەستەواژەیەک کە هەست و سۆزی بەهێزی لێبکەوێتەوە، ئەمەش دەتوانێت سووکایەتییکردن بە نەیارەکان بە ناوی نەرێنی یان گێڕانەوەی چیرۆکێکەوە، کە وایان لێدەکات خراپ یان هەڕەشەئامێز بیانخەنەڕوو.

لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست گروپەکانی وەک داعش ISIS سۆشیالمیدیا بەکاردەهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی پەیام و راکێشانی سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆیان. داعش زاراوەی وەک جەنگاوەری پیرۆز Holy Warriorیان شەهیدبوون Martyrdom بۆ تاکەکانی خۆیان بەکاردەهێنن، بۆئەوەی کارەکانیان بە راست و رەوان پیشانبدەن و شوێنکەوتووان بۆ خۆیان رابکێشن، لە هەمانکاتدا دوژمنەکانیان بە «کافر Infidels یان چەوسێنەر Oppressor ناودەبەن بۆ ئەوەی بە خراپ و دێوەزمە بیانناسێنن. ئەم جۆرە زمانە دەتوانێت کاریگەرییەکی بەهێزی هەبێت لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوەی مرۆڤ، وایان لێدەکات زیاتر باوەڕیان بە پروپاگەندە هەبێت لەوەی راستییەکان وەک خۆی ببینن.

لە سەردەمی کۆڤید-19دا هەندێک کەس زانیاری ناڕاستیان لە سۆشیالمیدیا بڵاودەکردەوەو سەرلێشێواویی و بێمتمانەییان لەبارەی ڤاکسین و ئامۆژگارییە تەندروستییەکانیان دروست دەکرد. وشەکانی وەک پەتای توند Plandemic بەکارهێنران بۆئەوەی ئاماژە بەوە بکەن کە پەتاکە، پیلانێکی بە ئەنقەست بووە و زیانی بە هەوڵە جیهانییەکان گەیاندووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسەکە.

لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانکاریی و بەرەوپێشەوەچوونی سۆشیالمیدیا و تەکنۆلۆجیا، شێوازەکانی بەکارهێنانی زمان لە شەڕی دەروونیشدا بە هەمانشێوە دەگۆڕدرێن. کۆنترۆڵکردنی زمان وەک ڕێگەیەکی بەهێز دەمێنێتەوە بۆ دروستکردنی کاریگەریی لەسەر مرۆڤ و داڕشتنی بۆچوون و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە ئاراستەی جیاجیادا.

سەرچاوەکان:

1. McCuen, J. (2020). «The Power of Words in Psychological Warfare.» Journal of Military Strategy.

2. Jamieson, K. H., & Campbell, K. K. (2019). The Interplay of Media and Power in Political Communication. Oxford University Press.

3. Wardle, C., & Derakhshan, H. (2017). «Information Disorder: Toward an Interdisciplinary Framework for Research and Policy Making.» Council of Europe.
4. Vargo, C. J., et al. (2021). «Digital Propaganda: The Weaponization of Language in Modern Conflicts.» Global Media and Communication Journal.

*دکتۆرا لە زمانناسی/ پراگماتیکس
مامۆستای زانکۆی سلێمانی

هاوواتا لە ئیدیۆمدا

عەبدولوەهاب شێخانی

هاوواتا لە ئیدیۆمدا: چەند ئیدیۆمەک یەک واتایان هەبێت لەم جۆرە ئیدیۆمە گەلێک زۆرە، چونکە زمانی کوردی دەوڵەمەندە لە ئیدیۆم گەر بە تەواوی هەموو بن زارەکانی کوردی بگەڕێین لەوانەیە یەکجار ئیدیۆمی زۆر هەبێت یەک واتایان هەبووبن، من (150) ئیدیۆم دەرهێناوە یەک واتایان هەبوو، ئەویش (عەمرێ خوای کرد) کە لە کۆتایی فەرهەنگی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا چاپم کردووە لە چاپی دووەمدا لە هەولێر.

(عەمری خوای کرد) هاوواتاکانی لە ئیدیۆمدا (ئەمرێ خوای کرد) (چوویە بەر دلۆڤانیا خودێ) (ئامانەتەکەی تەسلیم کرد) (بەقوربانی حازریان بوو) (عومری بەنگۆ بەخشی) (بە قوربانی ئەنگۆ بوو) (ئەمری خودای بەجێ هێنا) (کۆچی دوایی کرد) (خودا لۆ خۆی بردەوە)، (خودا بۆ خۆی بردەوە) (بەر بەزەیی خوا کەوت و دنیای ڕوونی بەجێ هێشت) (چاوی لە دنیا پۆشی و بادەی مەرگی نۆشی و لەو دنیا کەوتە خۆشییەوە) (سەری نایەوە) (سەری نایە سەر ئاسۆی ئاوابوون) (بەرەو شەوی بێ بڕانەوەی مەرگ بەڕێ کرا) (عەمری خوای کردووە) (گیانی پاکی بەرەو بەهەشتی بەرین کەوتە فڕین) (گیانی پاکی بە کورد و کوردستان بەخشی) (گیانی

پاکی بۆ بەهەشت بانگ کرا) (گیانی پاکی بە خودای نەمر ئەسپاردووە) (تروسکەی ژیانی کوژاوە) (سەریان تێدا چوو) (خۆی لەسەر دانا) (لە کۆڵ خەمان بۆوە) (لە کۆل دنیایان کردەوە) (زۆر لە خۆشی دنیادا نەمایەوە) (دنیای پڕ لەخەمی بەجێ هێشت و بە یەکجاری سەری نایەوە) (بەجێمانی هێشت) (ژیانی کەوتۆتە خۆرنشینی مەرگەوە) (گیانی پاکی بە خودای تاک سپارد) (گیانی بێ تاوانی بە بینای چاوان سپارد) (بەرەو نەمان ڕۆیشت) (ڕوو بەنەمان رۆی) (کۆچی یەکجاری کردووە) (کۆچی یەکجاری لێ کردین)

(بەهەشتی بەرینی لەسەر زەمینی بەرتەنگ باشتر زانی) (جیهانی بەرچاوتەنگی بەرهەڵدا کرد) (خێوەتی سەربەرزی لەبەر بارەگای یەزدانی مەزن بەرپا کرد) (بەربەزەیی خوا کەوت) (خوای چارەساز لەکۆڵ کڵۆڵ و بێچارانی کردەوە بۆ خۆی بردەوە) (بۆ هەمیشە چاوی لێکنا) (پەڕیوەی ئەو دونیا بوو) (سەرزەمینی دنیای ڕوونی بەجێ هێشت) (لە کۆر خەمان بۆوە) (لەسەر بەردی گۆڕیچە بۆ یەکجاری دەخەو ڕاچوو) (نوست، و ئیتر بەخەبەر نەهاتەوە) (مردن بەر سینگی گرت) (بەهەشتی پەروەردگاری کردە هێلانەی یەکجاری) (ڕەوانەی مەڵبەندی نەمان کرا) (مەرگ هێرشی کردە سەر و لە دونیای فانی چاوی نوقاند) (مردن مەودای نەدا و دەستی لە هەوکێ نا) (مەرگ سەری داو دەسەڵاتی لێ برا) (فەرمانی گەڕانەوەی بۆ مەڵبەندی نەمان بۆ هات دەخەڵاتەوە پێچرا) (لەسەر دونیا نەما) (لەژێر خاکدا خەوت) (پێمێردی خودا لەدووی نارد و بەدووگەز خاکی سپارد) (بەرەو نەمان رەتێندرا) (لەشکری مەرگ بەسەری داداو بەتیری گیان کێشانی پێکا) (سوڵتانی مەرگ لەقەڵای گۆڕستاندا بەندی بآ بڕانەوەی بۆ بڕیەوە) (کۆچ باری بۆ گۆڕستان برد) (مەرگ کۆمەکی پێ کرد و ژیانی لەشڕیدا بڕیبۆوە) (دەستی لەدنیا شت و پەیمانی دەگەڵ مەرگدا بەست) (لەسەر فەرمانی مردن مرد) (پەنجەی پڵنگی دەکڕکڕاگەی گەردنی هاڵاو ڕێکی کوشی و ئاو و ژیانی پآ هیشک کردوو بۆ تاریکستانی گۆڕی نارد) (میرزای مەرگ لەناو سیایی مردووانیدا ناونووس کرد شای مەرگ مۆڵەتی نەدا و تەقەڵە کوت هەڕای کردآ و لەناو گڵکۆدا خپی کرد) (لەسەر ئەسپ پەڕیو وەخۆ نەهاتەوە) لەشاخی هەلێدراو ئەغیار نەبۆوە) (پشتی لەژیان کرد و شانی لەگۆڕستان توند کرد) (گیانی بە پێمێردی خودا ئەسپارد) (خودای خاوەن بەزەیی لەدونیای پڕ لەگزی بافیشی هەڵپچڕیو لەکۆڵی کردەوە)

(خودا لەکۆڵی کردەوە) (لەکۆڵ دنیایێ بۆوە) (دەردی پیری مردنی وەبیر هێنایەوە) (تالاوی مەرگی لەدەستی عیزرائیل چێشت) (گاشەی مەرگی هات بەسەرداو دەستی پێ لە دونیایێ بەردا) (رۆژی تەمەن و ژینی کەوتە خۆرنشینی مەرگەوە ئاسۆی دونیای پێ ئاوا بوو) (بلێسەی ژیانی لە ئایسیان کەوت و ئاوگڵ کوژاندییەوە) (سەری نایەوە) (مردن هێرشی لەناکاوی کردە سەر و لەدنیای برد) (خوا چیدی پێ ڕەوا نەدی و دایە دەست مەرگ و لە تەختی گۆڕدا جێگەی بۆ کرایەوە) (بەرە و مەڵبەندی نەمان ڕێی گرت) (رووی لەدنیا وەرگێڕاو کۆچی یەکجاری کرد) (بارگە و بنەی بە ڕێکردە ناوجەرگەی سەرخۆشانی شاری خامۆشان لەبەهەشتی خودادا لە نهۆمی پیاوی مەرد و ئازادا جێگەی بۆ کرایەوە) (لە دنیا مالاّوایی کرد و بە ڕەحمەت چوو) (مانگی ژیانی لە ئاسۆی نەماندا ئاوابوو) (کەوتە زەردەپەڕی ژیان و گیانی پاکی لە ڕکەی کەلاکی خاکی دەرکەوت و بەرەو داکی دڵسۆزی و چاکی بۆ بەهەشتی بەرین سەرکەوت) (چرای ژیانی لەسەر دەلاقەی جیهان بە بای مەرگ کوژایەوە) (مەیگێڕی مەرگ پیاڵەی بۆ پڕکرد و پەیمانە سڕی کرد و گیانی شڕکرد) (گواستییەوە خانووی یەکجاری و کەوتە بەر بەزەیی پەروەردگارەوە) (بەرگ و باری قیامەتی سازداو ڕووی کردە بارەگای خوای بێ نیاز) (تووشی گۆڕستانی کرد) (لە دنیا کۆچی کردووە و لە بەهەشت نیشتەجێ بووە) (مردن بەربینگی گرت) (بەرگی ژیانی داماڵییەوە لەدنیای نەدیوەوە) (ڕۆستەمی مەرگ تیری لە چاوی داوە و لە ئارادا نەماوە) (دەستی مەرگ خاوی کردۆتەوە) (سەرچاوەی زیندەگانی وشکاوی هات) (پەلکی سەوزی ژیانی پڕ بەسۆزەی شەختەی مەرگ زەرد هەڵگەڕا) (بادەی مەرگی لە دەست فریشتەی خوا فڕکردووە) (کۆچی لە دنیا کرد) (دنیای بەرچاوتەنگی بە جێهێشت) (مردن کردیە قەرەبرووت) (کوێخای مردن بەسەری کردەوە و بۆخۆی بردەوە) (کۆچی لەسەر ڕووی زەمین کردووە و لە گۆڕستان خەوتووە) (سەرزەمینی بە جێهێشت و لەناو گۆڕدا نیشتەجێ بوو) (مەرگی کتوپڕ تەمەنی بڕی) (سەرزەوی جێ هێشت) (مەیگێڕی مردن ژەهراوی مەرگی بە گەروودا کرد) (لە هەڕەتی لاوی ئاوێتەی گڵ بوو) (مەرگ فریای کەوت) (بووە میوانی گۆڕستان) (عەمری خودای بە جێ هێنا) (مالاّوایی لەژیان کرد) (پەیکی مردن تووشی هات و لە دنیای ڕوونی بردەوە) (پیری ژیانی لەبەر چنگوڕکی مەرگدا هەڵتڵیشا) (پەیمانی دەگەڵ ژیان هەڵوەشاند و بۆ خۆی ڕفاند) (پادشای مەرگ

بەسەریا داو بەرەو دنیای نەمانی برد) (ڕەشەبای مەرگ پەلکی لکی ژیانی هەڵوەراند و دایوەراندە ناو چاڵەوە) (تەیموور لەنگی مەرگ بەسەری کردەوە و خوای گەورە بۆ خۆی بردەوە) (فریشتەی گیانکێشان ناوی لە سیایی خەڵکی دنیا ڕەش کردەوە و بەرەو بەهەشتی بەرینی بەڕێ کرد) (پادشای مەرگی لێ بوو بە میوان و ناردیە دیوانی ڕازپۆشانی شاری خامۆشان و لە گۆشەی گۆڕی تەنگەبەردا جێی بۆ چاک کرا) (گیانی دەبەر جەنگی مەرگدا لە فڕین کەوت و لە ژێر تۆپی ئاخدا لێی خەوت) (دە پێمێردی خودا هەڵەنگوت و دنیای پڕ ئاژاوە و هەرای بەجێ هێشت) (گیانی بەر تاڵانی مەرگ کەوت) (زۆری بەمەرگ نەشکاو ژیانی شکا و لە بەین چوو) (گیانی بە بینایی چاوان سپارد) مردنی پێ گەیشت و دنیای پڕ لەگێرە و نێرەی پێبەجێ هێشت) (مەرگی بە دیاری بۆ هات و بە گۆڕیچەیان سپارد) (ڕۆستەمی تووش هات و کەمەندی لێ هاڵاند و لە گۆڕستانی توند کرد) (خوا بۆخۆی بردەوە) (سەری تێداچوو) (دنیای بێ پیری دایە پشتەوە و چوو بەلای حۆرییەکانی بەهەشتەوە) (ئاهۆی مەرگی پێوەنووسا و تیرێژی و دمی لەو دنیای نەمردا چروسایەوە) (دنیای بەجێ هێشت) (مالاوایی لە ژیان خواست و ڕاستەڕێی مەرگی گرتەبەر) (بەسەر دارەبازی مەرگەوە نیشتەوە) (سوپای مەرگ بەسەری دادا و لە لارەشای گۆڕیچەدا جێی بۆ کرایەوە) (شای مردن بەسەری کردەوە بۆ دەوڵەتی خۆی بردەوە) (سێبەری لەسەر زەوی نەما) (چووە بن گڵەوە) (دنیای پیریان بەجوانی بەجێ هێشت) (ماڵ و منداڵ هەمووی جێ هێشت) (سەفەری مەرگی هاتە بەر) (بەر تاڵانی عیزرائیل کەوت) (لەسەر بانی قەڵای ژیانەوەدا کەوتوو لەژێر خاکدا لێی خەوت) (ڕۆزی لەسەر دنیا بڕا) (لە گۆڕستاندا حەسایەوە) (بەرە و گڵکۆ بەر و بوخچەی کۆکردەوە) (بەر پەلی مەرگ کەوت و لە چاڵی دەخمەدا لێی خەوت) (مەرگ ماوەی نەداو جێگەی لەناو گۆڕیچەدا بۆ دیار کرد) (پێمێردی خودای گەیشتە سەرو گیانی سپارد) (بەرەو نەمان بایدایەوە) (گیانی نەمری ڕووی کردە مەڵبەندی هەرمانەوە) (مەرگ لە دووی نارد و بردی) (مەرگ هاتە بەرایێ و بردی) (مەرگ لەدوای نارد و بەخاکی سپارد) (لە دنیا کۆچی کرد) (هاتە سەر تەختەی داربەست و ڕەوانی گۆڕستان کرا) (مەرگ هاتە سەردانی و لەژیانی زویر کرد) (مالاوایی لەژیان کرد) (پێمێردی خودا بەرەو گۆڕستانی خشاند) (ڕۆزی لەسەر دنیا نەما) (بەشی لەدنیا نەبڕا) (مەلی گیانی بەرەو بادەی پاکی بەهەشت و حۆری و

غیلمانەکانی فڕی) (مەلی گیانی لە قەفەزی سینگی فڕی) (دەگەڵ ئاکار باشاندا لە بەهەشتی خودا جێگیر بوو) (مەرگی لێ مێوان بووە) (بە قوربانی حازریان بوو) (بەهاری ژیانی کەوتە بەر پایزی مەرگ و لە هێڵی زیندووان بەجێ ماو لە گۆڕستان هەڵیدا) (بەناچاری دنیای پڕ ئازاری وەلا نا) (کاروانی ژیانی تووشی ڕێگری مەرگ هات) (دەرزی مەرگی لە دڵ ڕاچوو) (بار و بنەی یەکجاری بەرەو گۆڕ تێکنا) (لەو دنیا دەرچوو) (لە تەختی گۆڕدا جێگەی گرت و گیانی پاکی بەخودای تاک سپارد) (دەستی لە ژیان بەرداو زۆر بە ڕووسووری ڕووی کردە بارەگای خودای خۆی) (دنیای بەجێ هێشت و مرد) (ماڵ ئاوایی لە ژیان کرد و ڕووی کردە جیهانی هەرمانەوە) (ماڵاوایی یەکجارەکی لێ کردین) (لە دنیا دەرچوو) (ڕسقی خەلاس بوو) (ڕۆژی تەواو بوو) (ڕۆژی خەلاس) (ڕسقی لەسەر دنیای نەما) (ڕۆژی لەسەر دنیا نەماو پەنای بۆ گۆڕستان برد) (سەری نایەوەو لە گۆڕی تەنگەبەردا بەبێ ترس حەسایەوە) (ئەوسا پێمێردی خودا سەری داوە و دەگەڵ کفن و پۆشان بەرەو شاری خامۆشانی ناردووە، هەڵوەدای بیابانی نەمانی کردووە) (سەرزەمینی بەجێ هێشتووە) (بەرەو گۆڕخانە لێی نیشتووە بۆ مەرگستان ڕۆیشتووە) (چۆغەی بێ گڕوگاڵی ژیانی بە شڕۆڵی کەوتە بن گڵەوە) (عەمری خوای بەجێهێناوە) (ماڵاوایی لە ژیان کردووە و بەرەو مەڵبەندی نەمان چووە) (سوڵتانی مەرگ بەسەریدا داو بەرەو گۆڕستانی ڕاداو) (دەبەر دەستی مەرگدا سارد کرایەوە) (ناردیە گۆڕەوشار) (ئەو ئاهۆیە بێتان و پۆیەیان لەکۆڵ بۆوە) (سەری دانا و گڕی کلکەی نەوتینە بە خاکی گۆڕ کوژایەوە بەری دووزمانی لە داری سۆزمانی بۆ نەخورا) (دنیایێ پێ بەجێ هێشت) (لە بەردەڵانی مێژوودا نێژرا) (وەک هەموو گیانلەبەرێ: گیانی پاکی بەخودای تاک ئەسپارد) (لەئاسۆی ژیان ئاوابوو) (ڕووی کردە باغ و باغاتی بەهەشتەوە) (بەرەو سەراو پەردەی نەمان لای کردەوە) (خودای بێ هاوتا ئەویش لە سەرزەوی هەڵکەند و بۆ مەڵبەندی نەمانی بردەوە) (بارگەی بەرە و بەهەشت لێنا) (بارگەی بەرە و نەمان تێکناو دەستی مەرگ بەرگی کتێبی ژیانی لێکنا.

لێکەوتەکانی نەبوونی وانەی کوردی لە قوتابخانە ناحکومییەکاندا

محەمەد سۆران

پێشەکی:

لە کوردستان بەگشتی لە ماوەی داهاتوودا زمانی دووەم لە هەموو لایەنێکەوە گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت. دایک و باوکیش هەمیشە دەیەوێت داهاتوویەکی باش بۆ نەوەکەی فەراهەم بکات. بەڵام ئێمە بەشێوازێکی هەڵە وەرمانگرتووە، بەجۆرێک کە منداڵەکانمان لەپێش باخچەی ساوایان دەمانەوێت فێری زمانی دووەم ببن، زۆر خێزانیش بارێکی قورسی دارایی دەخەنە سەر خۆیان و منداڵەکانیان لە باخچە و قوتابخانەی ئینگلیزی دادەنێن .

لەم تۆێژینەوەیەدا قوتابخانەی سەرەتاییمان وەرگرتووە و لەسەری دەدەوێین کە لە دوو بەش پێکهاتووە و هەر بەشە لە دوو تەوەر پێکهاتووە. لە بەشی یەکەم، تەوەری یەکەم هەوڵماندواوە باسی زمان بەگشتی بکەین. لە تەوەری دووەم باسی زمانی کوردی دەکەین.

لە بەشی دووەم تەوەری یەکەم باسی کاریگەری زمانی دووەم دەکەین لەسەر سیستەمی پەروەردە و قسەکردنی منداڵ، لە تەوەری دووەمیش باسی ئەو لێکەوتانە دەکەین کە لە ئەنجامی نەبوونی وانەی کوردی یان زمانی کوردی لە خوێندندا دروست دەبێت بۆمان لە داهاتوودا .

لەوانەیە قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە کاتی زۆر بوێت و قسە زۆر هەڵبگرێت بەڵام بە هیواین هەنگاوێک بێت بۆ ئەوەی ئاوڕێک لەم بابەتە بدەینەوە .

ئامانجی توێژینەوە:

ئامانج لەم توێژنەوەیە ئەوەیە دایکان و باوکان زیاتر ئاگادار بکاتەوە کە دەبێت منداڵەکەیان زمانی خۆیان خۆش بوێت و بایەخی پێ بدەن نەک زمانی بێگانە.

میتۆدی توێژینەوە:

لێرەدا بەمیتۆدێکی ڕەخنەیی قسە لەسەر ئەو لێکەوتانە کراوە کە لەئەنجامی نەخوێندنی زمانی کوردی لەقوتابخانە ناحکومییەکاندا دێنە پێشمان لەداهاتوودا.

سنووری توێژینەوە:

ئەم حاڵەتەی کە باسکراوە لە باخچەی ساوایانەوە کاریگەری هەیە هەتا زانکۆ. بەڵام لێرەدا زیاتر قسەم کردووە لەسەر قۆناغی سەرەتایی لەپۆلی ١-٦.

کێشەی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیدا باسی ئەو کەسەیە دەکەم کە زۆر کەس هەیە لەبەر ئەوەی کە گرنگیەکی زۆری بەزمانی دووەم داوە، تەنانەت ناتوانێت بە زمانی خۆیشی قسە بکات. ئەمەش دەگەڕێنمەوە بۆ خەمساردی دایک و باوک، دواتر سیستەمی خوێند کە بەشێکی زۆر لەو کەسانە لە قوتابخانەی ناحکومیین.

بەشی یەکەم:
دەروازەیەك بۆ زمان، لە نێویدا زمانی کوردی
تەوەری یەکەم - دەروازەیەك بۆ زمان

زمـان دیـاردەیەکی فـراوان و فرەڕەهەنـدە و تـێکەڵ بە هەمـوو کایەکـانی ژیـان دەبێت. لەگەڵ ئەوەشـدا پەیوەندەیەکی پتەوی لەگەڵ زانسـتەکانی تـردا هەیە، وەکو وتـراوە زمـان هەوێنـی دروسـتبوونی شارسـتانیتەتی مـرۆڤە. دەرکەوتە و ڕیشـەی سوڕانی زمان دەگەڕێتەوە بۆ فەلسـفەی زمانناسـی فنگنشـتاین. ئەو هەوڵیدا وەڵامـی ئەو پرسیارە بداتەوە کە چۆن زمان نوێنەرایەتی جیهانی دەرەوە لە ڕێگەی هـزرەوە دەکات. لەقۆناغی یەکەمدا فنگشتاین باوەڕی بەتوێری وێنە هەبوو .

بەکـورتی ئەم ڕێبـازە دەتوانرێـت بەو بیـرۆکەیە پوخـت بکـرێتەوە کە زمـان دەتوانێت جیهانی دەرەوە لەهزری سوژە، واتە مرۆڤدا نیشانبدات. (سـەروەر، ٢٠٢٤، ٢٥)

بەڵام دۆخێکی واقیعی نییە کە تێیدا نەتەوە زمـانی نەبێت، بەڵکو مەبەسـتمان لە ساتێکە زمانی نەتەوە وەک چەپێنراوێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. ئەمە ساتێکە تێیدا هەستی نەتەوەیی بە مردنی خۆی لەڕێگای هەستییەوە دەبێت بەبێدەنگی زمـانەکەی، بەقەدەغەبوونی یان بێ بەهابوونی. لێرەدا زمانێکی بێدەنگ واتە نەتەوەیەکی مردوو، بێدەنگی و مردن بە فۆبیایەکی زۆر قـوڵەوە لەگەڵ زمـان و مـاهییەتی زماندا تێکەڵ دەبن. هەموو کێشەکی زمان، هەموو ترسێک لەسـەر زمان، دەبێتە ئامـاژە بۆ مردنـی نەتەوە و لەناوچوونی. (بەختیار، ٢٠٢٤، ٢٤)

لەگەڵ ئەوەشـدا کـۆنترۆڵکردنی زمـان کە بەکـۆنترۆڵکردنی هـزر کۆتـایی دێـت. وادەکـات لەگەڵ هەمـوو تـوڕەیی و ناڕازیبوونێکیشـدا، کەسـانی تـوڕە و نـاڕازی نەتـوانن شـتێکی جیـاواز لەوەی هەیە بەرهەمبهێـنن، چـونکە لەکۆتاییـدا ئاسـۆکانی بیرکـردنەوە و خەیاڵیـان هەمـان ئاسـۆی بیرکـردنەوە و خەیـاڵی ئەوانەیە کە حکـوم دەکەن. کاتێک زمـان شـتێکی جیـاوازتر لەوە بەرهەمبهێنێت کە هەیە، تـاکە ڕێگە بـۆ کردنەوەی دەرگایەکی دی، ئاگـادارییە لەو جڵەوە ناوەکییـانەی زمـان بەسـەر هـزردا دەیسەپێنێت، تاکە کەسێک بتوانێت لە ئـابڵوقەی ئەو مانایـانە دەربچێت ڕۆشـنبیرانن. دیارە هەموو ڕەنگەکانی ناو شەبەنگی ڕۆشـنبیریش نـاتوانن لەو ئـابڵوقەیە دەربچـن،

تەنیا ئەوانە نەبێت کە لە ڕێگای سیستەمێکی هەزرییەوە دەروازەکانی زمانێکی دی دەکەنەوە. زمانیش بۆ ئەوەی خۆی ئازاد بکات دەبێت ببێتە هەڵگری هزرێک، وردە وردە لەناوەوە خۆی لەسیستەمە باوەکانی تەعبیر جیابکاتەوە. (بەختیار، ٢٠٢١، ٢٦٦-٢٦٧)

زمان هۆیەکە بۆ دروستبوونی شارستانیەت، ئێمەش وەک نەتەوەی کوردی لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتیەوە خاوەنی شارشتانیەت بووینەوە. بەڵام لەدوای دابەشبوونی وڵاتەکەمان بۆ چوار پارچە(زۆرێک لەسەرچاوەکان دەڵێن پێنج پارچە بە کوردستانی سوریشەوە). وای کردووە کە زمانەکەمان لەژێر هەڕەشە و سڕینەوەدا بێت، هەر ئەمەش وای کردووە کە نەتوانین زمانێکی ستاندەر دروست بکەین. بەڵام پێش ئەوەی باسی زمانی ستاندەر بکەین، باشترە چەند زاراوەیەک لە یەکدی جودابکەینەوە کە زۆر جار تێکەڵی دەکەین. ئەوانیش : زمانی یەکگرتوو، زمانی نەتەوە، زمانی نیشتیمانی، زمانی فەرمی، زمانی ستاندەر .

ئەوانە زۆرجار بەهاوتای یەکدی دادەنرێن. بەڵام ئەمە هەموو کاتێک یان لەهەموو شوێنێک ڕاست نییە .

چەمکی زمانی یەکگرتوو لەناو کورددا لەڕێگەی زمانی ئەدەبەوە بڵاوبوەتەوە، بەتایبەتی لەخوێندن و کارکردن لەسەر ئەدەبی قوتابخانەی بابان : (نالی و مەحوی و کوردی). ئەو جۆرە زمانە زۆر گرنگی پێدرا. بەجۆرێک شاعیرانی ناوچەکانی تری کوردستانیش بەو زمانە شیعریان نووسیوە .

ئەحمەدی خانی بە زمانی نەتەوەکەی داستانێکی نەتەوەیی نووسیوە، بۆ ئەوەی میرانی کورد و تاکەکانی نەتەوەکەی لە هەڕەشەی گەلانی هاوسێی کورد هۆشیار بکاتەوە. زمانی کوردی لای ئەحمەدی خانی زمان و ناسنامەی نەتەوەی کوردە، ئەم ڕەوتە لەلای حاجی قادری کۆیی زیاتر پەرەی پێدرا. (نەریمان و سەلام، ٢٠١٠، ١٨٤)

لێرەدا باسێکی زمانی ستاندەر بکەین : زمانی ستاندەر زمانی خوێندنەوە، زمانی دایک نییە، زمانی ئاخاوتن نییە، زمانی نووسینە، ئەو نەتەوەیەی ناسنامەی نەتەوەیی لەهەڕەشەدا بێت. تەنیا بەزمانی ستاندەر دەتوانێت بەرگری لەمانەوەی خۆی بکات.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، کە ئایا زمانی ستاندەر چۆن دروستدەبێت؟

ستاندەربوونی هەموو زمانێک بە دوو ڕێگە ڕوودەدات :

یەکەم : ڕێگەی کلاسیک

ئەم ڕێگەیەش بەچەند شێوازێک ڕوودەدات:

١ –زمانی کتێبێکی ئاسمانی، وەک قورئانی پیرۆز.

٢ –هەژموونی سیاسی زارێک.

٣ –دەسەڵاتی سیاسی وڵات.

٤ –ئەکادیمیای زمان یان ئەکادیمیای زانستی زمان.

٥ –دەستەی ڕۆشنبیرانی وڵات.

دووەم: ڕێگەی پلانی زمان

ئەمیش بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت :

١ –هەڵبژاردنی زارێک.

٢ –بەسیستەمکردن.

٣ –بەهەمەلایەنکردن .

٤ –جێبەجێکردن.

٥ –قەبوڵکردنی جەماوەریی. (نەریمان و سەلام، ٢٠١٠، ١٨٥)

ڕوونە کە ئێستا زمانی کوردی لە ژێر هەڕەشەیەکی گەورەدایە و لەماوەی پێشوویشدا بەردەوام لەژێر لەناوبردن و جینۆسایددا بووە لەلایەن دوژمنان و وڵاتانی دراوسێوە. هەمیشەش ئەم ناوچەیە چەقی ململانێکان بووە و چاوی زۆر لەسەر بووە. بۆیە هەنگاوی پیویست نەبینراوە بۆ ئەوەی کە زمانێکی ستاندەر دروستبکردێت و هەموو کاری پێبکەین. تەنیا هەوڵی دیار لە ١٩٧٠ سەدەی ڕابردوودا کە کۆڕی زانیاری کورد دامەزرا لە بەغداد و کاری باشیان کرد، بەڵام ئەوەش زوو کۆتایی پێهات .

دەکرێت بگوترێت بۆ کورد ستەمی نەتەوایەتی لەسروشتی چەپانێکی زمانەوانیدا بەرجەستەبووە، واتە دەکردن لە مێژوو هاوڕێی بەستن و چەپاندن و بێدەنگکردنی زمان بووە، لێدان لەنەتەوە بەر لەهەر شتێک لێدان بووە لەزمانەکەی. لێرەوە لەسەرەتادا کوردبوون لەکوردی ئاخاوتن جیانەکراوەتەوە. بەڵام تا ئەم ساتەی لێرەدا من باس لەکێشەکە دەکەم لەخەیاڵی زۆربەی کورداندا کوردبوون و کوردی ئاخاوتن لێک ناترازێن و دوو شتی چونییەک و پێکەوە نووساون .

بۆیە زمان ئامرازێکی سەرەکییە بۆ مانەوەی نەتەوە. چونکە وەک لە سەرەوە باسمان کرد، ئێمە وەک کورد دەبێت ژیرانەتر لە زمانی خۆمان بڕوانین و بەهایەکی بەرزی بۆ دابنێین بەتایبەت لە ناوەندەکانی خوێندن و فێرکردندا .

تەوەری دووەم- دەربارەی زمانی کوردی

میژووی زمانی کوردی

شەست هەزار ساڵ لەمەوپێش ئەو ناوچەی کە ئێستا پێی دەڵێن کوردستان، ئاوەدان و شوێنی حەسانەوە و دالگەی مرۆڤگەلێک بووە کە زمانێکیشیان بۆ ئاخاوتن بووە، بۆیە لەگەڵ ڕووناکی تیشکی خۆری (٥٧،٢٠٠) ساڵان، لە سەر شاباڵی کات و بڕینی تەمەن خۆمان دەگەیەنینە کاتێ کە نەژادی ماد خۆیان گەیاندۆتە ئێرانی هەنووکە و ڕۆژئاوای ئاسیا و -ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ نەژادەکانی خورژیایی، لۆلۆ، گوتی، کاسی، (خۆری یان هۆری) کە لە نزیک شاخەکانی ئەلبۆرز دەژیان و تا ڕادەیەکی گونجاو ژیانی خۆیان ڕێکخست بوو و کۆمار و شارستانیەتێکی تا ڕادەیەک پێشکەوتویان بنیات نابوو .

مادەکان لە ماوەی (٢٠٠)ساڵ دا هەموو ئەم حکومەتانەیان لەناوبرد و لە ساڵی (٦١٢)ی بەر لە دایک بوونی عیسای مەسیح ئیمپراتۆری گەورەی مادیان بنیات نا و بەم جۆرە بوو کە زمانی دایک بوو بە زمانی ڕەسمی. لەو کاتەوە تا بڵاوبونەوەی ئیسلام لە کوردستان، سێزدە سەدە تێپەڕی. لەم ماوە دوور و درێژەدا شانشینی ماد گەورە و بچووک بووە و مەملەکەتەکانی تر پێی پەیوەست بوون. لە بابەت سیاسی و سەربازییەوە ئاڵووێڕی زۆر کراوە لەو هەرێمانەدا و دەسەڵاتی سیاسی کەوتۆتە دەستی کەسانی جۆراوجۆر کە زمانەکەیان جیاواز بووە لەگەڵ زمانی مادەکان. هەر دەسەڵاتدارییەک کە هاتۆتە سەرکار زمانی خۆی وەک زمانی ڕەسمی داسەپاندووە بەسەر ئەم ناوچەدا. لە بارودۆخی ئەو سەرودەمەدا کە گشت بوونە کۆمەڵایەتیەکان کز ببوون و ڕوو لەنێوچوون بوون، ئەم ئاڵوگۆڕە سیاسیانە نەیاندەتوانی لەسەر بوونە کۆمەڵایەتیەکان کارتێکەرییان نەبێت. میژوو هەندێک لە ڕووداوەکانی تۆمار کردووە کە لەودا دەسەڵاتی سیاسی بەسەر هەرێمێکدا، بۆتە هۆی گۆڕانی بنچینەیی نەژادی و چەق بەستنی زمانەوانی. ئەمڕۆکە شوێن پێی کاریگەری ئاڵووێڕی دەسەڵاتی سیاسی لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆری ماددا بە

ڕوونی دەبێندرێت. بەپێچەوانە لە بەشی لە ڕۆژئاوای هەرێمی ماددا بنیاتەکان هەروەک خۆی ماونەتەوە. حوکمڕانی مادەکان هاوسەنگی ڕەچەڵەکی و زمانەوانی هەندێک لەو هەرێمانەی کە پەیوەست بوون بە ئیمپراتۆری مادەکانەوە، گۆڕیوە و پەلکێشی گەشەی بابەتی مادەکانی کردوون و هاوشان لەگەڵ بەشی ڕۆژئاوای دەسەڵاتداریێتی خۆیان، بۆتە هۆی گەشەکردنی ئەوانیش.(محەمەد، ماڵپەری زانیاری ٢٠١٨)

زۆربەی مێژووناسانی بەناوبانگ لەسەر ئەوبڕوایەن کە کوردەکانی ئەمڕۆ نەوەی مادەکانی دوێکەن. "ئەگەر کوردەکان نەوەی مادەکان نەبن، کەواتە نەتەوەیەکی وەها کۆن و بەهێز چی لێ بەسەر هاتووە و ئەم هەموو خێڵ و تیرە جیاوازەی کورد کە بە زمانێکی ئێرانی و جیا لە زمانی ئێرانیەکانی تر قسە دەکەن، لەکوێوە هاتوون؟ "

ئەمڕۆ دانیشتوانی ئەم ناوچە واتە مادستانی کۆن، کوردەکانن کە بە نەوەی میدیەکان دەژمێردرێن. زمانی کوردی زمانێکە کە لە کۆتایی گەشەو پەرەسەندنی زمانی مادەکانەوە دەستی پێکردووە، هەموو بەڵگە مێژوویەکان کە زانایان بە مەبەستی خزمەتی زانستی داویانەتە بەر توێژینەوە و باس، ئەم ڕاستییەیان ئاشکرا کردووە کە زمانی کوردی ئەمڕۆ ئاسەوار و هێماکانی پەرەسەندووی زمانی مادی دوێکەی تێدایە.

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە کە بە پێی ڕێسا دیاری کراوەکانی خۆی دەگۆڕدرێت، پەرەدەستێنێت و لە ڕەوتی پەرەستاندنی خۆیدا کارتێکەری لەسەر زمانەکانی تر دەبێ و زمانەکانی تریش کاریگەرییان لەسەر ئەو دەبێ و جاری وایە لەم بێنەو بگرە دا، زمان دەمرێت. زمانی دایکیش لەم ڕێسایە بەدەر نیە و کارتێکەی لە گشت ئەو زمانانەی کە بە هۆی پشتگیرییەک لە لایەن دەسەڵاتێکی سیاسیەوە لە مەملەکەتی ماددا ڕەسمی بوون، کارتێکەری وەرگرتووە و کاریگەری لەسەریان بووە و تا ئەمڕۆ زیندوو ماوە.

بەتایبەت زمانی پارت (فارسی.. پەهلەوی ئەشکانی) کە بە بڕوای زمانناسان لەگەڵ زمانی دایک بەشێکە لە زمانەکانی باکووری ڕۆژهەڵات و خێزانی زمانە ئێرانیەکانە، زیاتر لە هەر زمانێکی تر کاریگەری لە زسەر زمانی مادی بووە و ئەمڕۆکەش ئاسەواری ئەم کاریگەرییە لە زاراوەی ئایینی زمانی کوردی دا دەبێندرێت.

لەبارەی رێنووسی زمانی کوردی

بابەتی رێنووسی کوردی بابەتێکی ئاڵۆزە و تائێستا لەنێو زمانی کوردیدا شێوەیەکی یەکگرتووی نییە و بەچەند شێوە لەنێو پەرتوکە زمانەوانییەکاندا بەشێوەیەکی جۆراوجۆر ئاماژەی پێکراوە و چەندین هەوڵیش هەبووە بۆ ئەوەی کێشەی رێنووسی زمانی کوردی چارەسەر بکرێت .

ئەم هەوڵانەش لە(مێجەرسۆن)ەوە لەساڵی (١٩١٣)وە دەستیپێکرد کە لە لەندەن کتێبێکی بەچاپ گەیاند .

دواتر هەوڵەکانی مامۆستای ئەرمەنی (ئیسحاق مۆرگۆڵف و عەرەبی شەمۆ) کە ئەلف بێی لاتینییان لەنێو کوردەکانی سۆڤیەتدا دانا و بۆ ماوەی هەشتجساڵ کاری پێکرا لەنێوان ساڵانی (١٩٣٠-١٩٣٨). هەروەها هەوڵەکانی جەلادەت بەدرخان و دوای ئەویش جەمال نەبەز لەساڵی (١٩٥٦) کتێبێکی بەناوی (نووسینی کوردی بەلاتینی) دەرکرد .

لێرەدا ئاماژە بەرێنووسی کوردی گرنگە، لەبەر ئەوەی لەکۆی زیاتر لە (١٠٠) فەرهەنگی کوردی جۆراوجۆر و زانستی و پیشەیی ئەو رێنووسەی کە بەکارهاتووە لەسەر هەمان رێمووس و رێزبەندی زمانی عەرەبی بەکارهاتووە، چونکە زۆربەی ئەو بەرێزانەی لەبواری فەرهەنگسازیدا لاریان کردووە سەرچاوە و پێشینەی زانستییان زمانی عەرەبی بووە.

لەبەر ئەوە هەموو ئەمانە پێویستیان بەرێکخستن و پێداچوونەوە و زمانێکی لەقاڵبدراو و بەرنامە بۆ دارێژراوی تۆکمە هەیە. هەنگاوی یەکەم دروستکردنی دەزگایەکی تایبەت بێت بەم بوارە و لەئەلفی زماممایسییەوە دەستپێبکات بۆ یای زمانناسی، هەموونەو هەوڵانەی کە لەم بوارانەشدا نراوە و دەنرێت مایەی دڵخۆشییە و بەهەموو کەم و کوڕیانەشەوە هەبوونی باشترە لە نەبوونی. (هاشم، ٢٠٢٤، ٣٢٥-٣٢٦)

لەگەڵ ئەوەشدا بەڕای من رێنووسی کوردی بێ کێشەترین رێنووسە لەچاو چەند زمانێکی دیاری دونیا. ناکرێت بڵێین هەڵە نییە، بەڵکو هەڵە هەیە بەڵام زۆر کاریگەری لەسەر واتای وشەکان ناکەن. دەتوانین بەلێژنەیەکی بەئەزموون و شارەزا هەموو هەڵە بچووکەکان دیاری بکەین بۆ ئەوەی نووسەران پەیڕەوی بکەن. بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا ئەو هەوڵە نەدراوە و ئەوەیشی هەیە هی تاکە کەسە، دیارترینیان دیاکۆ هاشمی.

بەشی دووەم
سیستەمی پەروەردە و لێکەوتەکانی نەبوونی وانەی کوردی
تەوەری یەکەم:
کاریگەری زمانی دووەم، لەسیستەمی پەروەردەدا.

سیستەمی پەروەردە بەتایبەت لە قوتابخانە حکومییەکاندا هەڵەی زۆر تێدایە. لەگەڵ ئەوەشدا لەمندالییەوە فێری بیرکردنەوە ناکرێین بەڵکو هەوڵدەدەین توتی ئاسا مامۆستا چی گووت ئێمەش وەریگرین و دووبارەی بکەینەوە. لەکاتێکدا بێ ئاگاین لەوەی کە کاریگەریەکانی هەتا دوای زانکۆش بەردەوام دەبێت و ئەو کەسە بێبەش دەبێت لەو لۆژیکەی کە لەمێشکیدا هەیە .

پێویستە بگوترێت فێرخوازی ئێمە زیاتر لەوەی کە یەکەم بێت پێویستی بەبیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و لۆژیک هەیە لەبەر ئەوەی بتوانێت خەیاڵ بکات. هەموو کەسایەتی مرۆڤیش لەقۆناغی مندالییدا دروست دەبێت و لەهەرزەکاریدا کاریگەریەکانی دەردەکەون .

دواتر لەکاتی نەبوونی لۆژیک و پەستانی دایک و باوک و مامۆستاکان، بۆ فێر بوونی زمانی دووەم زۆر ماندووی دەکات و لەتەوەری داهاتوودا باسی دەکەین کە ئەو منداڵە یان ئەو کەسە هەستی نامۆبوونی کۆمەڵایەتی بۆ دروست دەبێت.

دواتر ئایدیای جیاواز و بیرکردنەوە دروست نابێت و هەموو وەک مەڕ یەک جۆر دەبین و هەمان شت دەڵێنەوە .

هەموو قوتابیەکانی گەنجینەی گەورەی ئینسانی ئێمەن، هەریەکەیان بەهرەمەندە لە لقێک لەلقەکانی زانست و ئەدەب و هونەر و پیشە دەستییەکاندا، ئەوە بێدەسەڵاتی هزری و پەروەردەیی ئێمەیە کە ناتوانین ئەو بەهرە و توانا شاراوەیە بدۆزینەوە. ئەو گوناهەی مەرجە ئێمەی پەروەردەکار خاوەنی بین، دەیخەینە ئەستۆی ئەو کچ و کوڕانە کە پڕن لەهێز و وزەی عەقڵی و جەستەیی کە پڕن لەداهێنان و خەیاڵ و جوانی کە ئیمە وانە بە وانە، ڕۆژ بە ڕۆژ، ساڵ بە ساڵ هەر هەمووی دەکوژین. ئەوەی ئێمە دەیکەین ئەوپەڕی تەمەڵی و کاڵفامی و سادەگۆیی و سادەڕوانینە، خۆ دزینەوە لەحەقیقەتی کاری خۆمان کە دروستکردنی مرۆڤە بەهەموو خەسڵەتە جوان و شکۆمەندی ئادەمییانەی خۆیەوە. هیچ منداڵێک نییە کە

لەناو ڕوحیدا موعجیزەیەکی هەڵنەگرتبێت کە ئێمە سووک و ئاسان دەیکوژین و بەتاڵی دەکەینەوە. (شێرزاد، ٢٠٢٢، ١٧٤)

پێویستە سەرەتا بپرسین، سەرەتایی وەرگرتنی زمان لەلای منداڵ چییە؟

چەمکی زمانپژاندن بەواتای وەرگرتنی زمان دێت لەلایەن منداڵەوە ژە ڕاستەوخۆ دوای لەدایکبوون ئەم پڕۆسەیە بەچەند قۆناغێک دەستپێدەکات. تاوەکو منداڵ بەتەواوی زمان وەردەگرێت و توانای بەکارهێنانی دەبێت، بەشێکە لەزمانوەرگرتن واتا تیۆریەکانی زمانپژاندن بەشێکە لەتیۆرییەکانی زمانوەرگرتن. لەبەر ئەوەی زاراوەی زمانوەرگرتن هاپێۆنیمێکە، زمانپژاندنی منداڵ و فێربوونی زمانی دووەم دەگرێتەوە. (تابان، ٢٠٢٤، ١١)

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ قۆناغە سەرەتاییەکانی زمانپژانی منداڵ ئەوا دەردەکەوێت کە دەربڕینی (تاکە وشەیەک) سەرەتایی گەشتی ئەو منداڵەیە لەجیهانی دەربڕینی هزردا. ئەم قۆناغە ساکارەی منداڵ بەسو بۆ ئەوەی بیرە سادەکانی پێدەربڕێت کە بۆ بەردەوامبوونی ژیانی پێویستن. واتە ئەم (تاکە وشە)یە گرنگە بۆ منداڵەکە و مەبەستی دەربڕینەکەیەتی. (کاروان، ٢٠٠٨، ١١)

هەر منداڵێک کاتێک لەدایکدەبێت زمان نازانێت و تەنیا گریانی هەیە کە بەهۆیەوە داوای پێداویستییەکانی دەکات، بەڵام وردە وردە فێری زمانی دایک دەبێت. چۆمسکی دەڵێت: منداڵ کاتێک دێتە ژیانەوە هەر لەسەرەتاوە گەنجینەیەک لەبیرۆکەی ناوەکی دەربارەی سروشتی سینتاکس هەیە. هەر لەسەر پێشنیازەکەی چۆمسکییە کە زمانەوانان دەڵێن بۆ زانینی ڕێسا و یاسا زمانییەکان پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئاوەزی مرۆڤ.(تابان، ٢٠٢٤، ١٤٧)

پ٢/هۆکاری دواکەوتنی فێربوونی زمان چییە؟

بوونی زیاتر لەزمانێک لەماڵەوە، باوک زمانێک بەکاردەهێنێت جیاواز لە زمانی دایک. ئەمەش کاریگەری لەسەر گەشەی زمانی منداڵ دروست دەکات، لیکۆڵینەوەکان دەریانخستووە بوونی زیاتر لەزمانێک لەدەوروبەری منداڵ کاریگەری هەیە لەسەر پێشکەوتن و وەرگرتنی زمانی ئەویش بەبوونی جیاوازی نێوان ڕێکخستنەکانی زمان هەر زمانێک بگەڕێتەوە لەسەر (ڕستە و بنەنای فۆنۆلۆجی) بنیادنراوە.منداڵ تووشی تێکەڵ بوونی نێوان دوو زمانەکە دەکات و لەدەستدانی توانایەتی بۆ بەدەستهێنانی زمان. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەو منداڵانەی لەسەرەتاوە فێری دوو زمان دەکرێن لەداهاتوودا زەرەرێکی گەورە بەر فێربوونی

زمانیان دەکەوێت چونکە ناتوانن بەتەواوەتی فێری هەردوو زمانەکە ببن. بەڵکو بەنیوەچڕی و ناتەواوی فێری هەردوو زمانەکە دەبن. هەر زمانێک ڕێگر دەبێت لەبەردەم فێربوونی زمانەکەی تر بەتەواوی. (تاڤگە، ٢٠٢٠، ١٤)

ئایا چ تەمەنێک گونجاوە بۆ فێربوونی زمانی دووەم؟

فێربوونی زمانی بیانی لەتەمەنێکی بچووکدا فاکتەری سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی پڕۆسەی فێربوونەکە، هەندەک توێژینەوەش هەن کە دەڵێن : سەرخستنی پڕۆسەی فێربوونی زمان تەنیا پەیوەست نییە بەکارامە بوونی بواری سیستەمی دەنگی و وەتەرەکانی دەنگ، بەڵکو پەیوەندی بە سیستەمی ڕێزمانیشەوە هەیە. بەڵام توێژینەوەکانی دیکە پاڵپشتی بیروبۆچوونەکانی ترن و دەڵێن کە مرۆڤ توانایی فێر بوونی زمانی بیانی لەتەمەنی پاش منداڵییەوە هەیە، ئەو توێژنەوانە خاوەن لۆجیکێک و لێکدانەوەیەکی ئەوتۆی زانستیتین کە شایەنی گرنگی پێدانێکی چڕ و فراوانن .

هەندێک لەتوێژینەوەکان لەسەر بابەتی زیرەکی و هۆشیاری پاڵپشتی ئەم بۆ چوونە دەکەن کاتێک کە تۆمار دەکەن کە (٢٠٪) ی زیرەکی لەساڵی یەکەمدا بەرەوپێش دەچێت. و (٥٠٪)ش لەساڵی چوارەم، (٨٠٪)ش لەگەڵ ساڵی هەشتەم و ڕێژەی (٩٢٪) لەگەڵ ساڵی سێزدەدا. بەڵام سەبارەت بەتوانا ئەقڵیەکان (بلۆم) پێی وایە کە مرۆڤ لەتەمەنی حەڤدە ساڵیدا پێنج ئەوەندی تواناکانی منداڵی یەک ساڵەی هەیە. بۆیە بەگشتی توێژینەوە و لیکۆڵینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە باشترین کات بۆ فێربوونی زمانێکی بیانی لەدوای ١٠ ساڵییەوە گونجاوە. پێویست ناکات منداڵەکان لەتەمەنی پێنج ساڵییەوە بخەینە نێو زمانێکی نوێوە کە لەکاتێکدا ئەو تەنیا لەقۆناغی وەرگرتندایە و نەچەسپاوە. (نەریمان و سەلام، ٢٠١٠، ٣٩٤-٣٩٥)

تەوەری دووەم:
لێکەوتەکانی نەبوونی وانەی کوردی،
لەقوتابخانە ناحکومیەکاندا

لەچەند ساڵی ڕابردوودا لێشاوێکی گەورەی تەکنەلۆژیا و کۆمپیانیا گەورەکان ئێمەی گرتەوە. دواتر نەخۆشخانە و قوتابخانە ناحومییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیان کرد. ئەمەش وای کرد زمانی کوردی بەشێوەیەکی بەرچاو کاڵ ببێتەوە و بەشێکی زۆر لەکەس و خێزانەکان منداڵەکانیان لەسەرەتاوە فێری زمانی دووەم

بـکەن. ئەمە نـاو دەنرێـت سیسـتەمی سـەرمایەدار، لەگەڵ ئەوەشـدا گەورەتـرین کارەسـات ئەوەیە کە لەقوتابخانەکانـدا زمـانی کـوردی پشـتگوێخراوە و زۆربەیـان بەزمانی ئینگلیزین. ئەمە لەئێستادا لەوانەیە بەسوودیش بێت کاتێک بەڕووکەش لێی دەڕوانـین. بەڵام لەچەنـد سـاڵی داهـاتوودا دەرئەنجـام و لێکەوتێکـی تەواو نەرێنـی لەدوای خۆی جێدەهێڵێت. هەوڵ دەدەین بەچەند خاڵێک باسی بکەین.

یەکەم : نەمانی هەستی نەتەوایەتی و کوشتنی ناسیۆنالیزم

ناسیۆنالیزمی کورد

سەبارەت بە کورد ناسیۆنالیزمی کورد بەرهەم و مەراتگری کلتووری و مێژوو واقعێکـی بەش بەس و لێکـدابڕاو لەهەر بەشـێکی کوردسـتان بەجیـا و دابـڕاو لەبەشەکانی دیکەی کوردستان دەرکەتووە و ڕەوشـی خۆی بڕیـوە و ڕووبەرووی گیروگرفـت و ئەرکەکـانی خـۆی بـۆتەوە، لەهەریەکەیـان بەجیـا لەیەکـدی هەوڵـی خۆگونجانـدنی لەگەڵ کلتـووری زاڵـدا داوە، لەهەمـان کاتـدا پەیوەنـدیەکی بەهێـزی نەتەوەیی و کلتووری و جوگرافی و سیاسی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی بەشەکانی دیکەی کوردسـتاندا نەبـووە، ئەو بەپـێچەوانەی ناسـیۆنالیزمی عەرەب و فـارس و تـورک سـامانێکی گەورەی هـزری و کلتـووری و سیاسـی وای نەبـووە تـا لەبنچینەیەکـی ئایدۆلۆجی بۆ دروست بکای و یـارمەتی بدات لەخۆی و دیاردەکانی دەوروبەری بگات. (ئازاد، ٢٠١٦، ٢٩)

زمانەکەمـان لەلایەن سـێ دەوڵەتـی زل هێـزەوە هەوڵـی سـڕینەوە و نەمـانی دەدرێـت. لەکاتێکـدا وڵاتـانی تـر هەر لەمنـدااڵییەوە هەوڵـدەدەن خۆشەویسـتی زمانەکەیان لەلا زیاد بکەن و هەوڵبدەن بۆ زیندوو ڕاگرتنی زمانەکەیان. ئەی بۆچی ئێمە ئاوا نەبین؟ بۆچی زمانی خۆمان بەدەستی خۆمان لەناوببەین؟

لەکاتێکدا زمانەکەمان یەکێکە لەزمانە زیندووەکانی دونیا و فەرهەنگێکی تەواو جـوانی هەیە، کلتـووریکی شایشـتەمان هەیە و لەپـێش زۆربەی وڵاتـانی نـاوچەکە شارستانیەتمان هەبووە .

بـۆیە ئەم سیسـتەمە زیـاتر خـزمەت بەبێگـانە دەکـات نەک خۆمـان و کـار بـۆ دروسـتکرنی تاکێـک دەکـات کە بـێ ئاگـا لە مێژوو، بـێ ئاگـا لە ئەدەب و هـونەر و هەمـوو جوانیەکـانی خۆمـان. لەگەڵ ئەوەشـدا لەنـاوبردنی هەسـتی نەتەوایەتـی کارەساتی گەورەی لێدەکەوێتەوە لەداهاتوودا.

دووەم: نامۆبوون.

گومانی تیا نییە کە چەمکی نامۆبوون یەکێکە لە چەمکە باوەکانی سەردەم، جا چ بە هۆکاری ئابووری و سیاسی بێت یا هۆکاری کۆمەڵایەتی و کلتووری و ئایینی و پیشکەوتنی تەکنولۆجیاو گۆڕانی سەردەم بێت. لێرەدا بە دوو بەش تەوەرەکە دەخەینە روو بەمەبەستی ئاشنا بوون بە نەرێنی دیاریدەکەو رێگەچارەی گونجاو بۆ کەمبوونەوەی لە کۆمەڵگادا. لە رووی زانستییەوە نامۆبوون بارودۆخێکی دەروونی و کۆمەڵایەتییە, رووبەڕوی مرۆڤ دەبێتەوە و بااڵ دەست دەبێت بەسەریدا, دەبێتە کەسێکی دوورەپەرێز ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا دەژی ئەم هەستە لە ناخی ئەو کەسەدایە ناتوانێت لەگەڵ واقیعەکەیدا بگونجێ, نامۆیە بە ئامانج و پێشکەوتنی کۆمەڵگاکەی. هەروەها بارودۆخێکە بەسەر مرۆڤدا دێت و بااڵ دەست دەبێت بەسەریدا وای لێدەکات هەست بە نامۆیی بکات و لە هەندێک الیەنی واقیعی کۆمەڵایەتی دوور دەکەوێتەوە.(پەیمان، ماڵپەڕی چاوی کورد ٢٠٢٤)

ئەگەر دیاردەی نامۆبوون لەڕووی سایکۆلۆجییەوە ئەنالیزە بکەین، ئەوە بۆ گرێی کەمبوون دەگەڕێتەوە، گرێی کەمبوونیش لە یەک حاڵەتدا خۆی بەرجەستە ناکات، بۆ نموونە تۆ زمانێکی دیاریکراو نازانی لە بەرامبەر دەسەاڵتی ئەو زمانە کە دوو کەس قسەی پێ دەکەن، تۆیش دەستەپاچە راوەستاوی هەست بە کەمی دەکەیت یان هەندێ جار گرێی کەمبوون وابەستەیە بە حەقیقەتەوە، بۆ نموونە خەڵکی شار لە بەرامبەر خەڵکی الدێدا پێیان وایە حەقیقەتی پێشکەوتن الی خۆیانە یان شارە گەورەکان بەرامبەر شارە بچووکەکان .

لەسەر ئەم بناغەیە کێبەرکێیەکی شارستانی هەیە لە هەناوی کۆمەڵگە، ئەم کێبەرکێیانە گرێی کەمبوون و نامۆبوون دێنێتە کایەوە، کاتێ تۆ زانیارییەک نازانی بەرامبەر یان ئەویتر دەیزانێ، دیسان ئەمە دیاردەی نامۆبوونی لێ پەیدا دەبێ کە پێی دەڵێن نامۆبوونی مەعریفی، بەاڵم لەڕووی هومانیزمەوە مرۆڤ مرۆڤە بەدەر لە شوێن و زانیاری و ئاستی مەعریفی، بۆیە ئەگەر مرۆڤ ئینتیمای بۆ ویژدانی دەستەجەمعی کۆمەڵگە هەبێ، ئەم دابەشکارییە ناهێنێتە ئاراوە و خەڵک بەرامبەر دووچاری دڵەڕاوکێ و سەرئێشە و شەڕی دەروونی ناکات. (هاوڕێ، ماڵپەری وشە ٢٠١٧)

ئایا چۆن نامۆبوون دروست دەبێت؟

لەم حاڵەتەدا دوو جۆر کەسایەتی هەیە بۆ منداڵ دروست دەبێت، بەشێکی زۆریان بەرەو نامۆبوون دەچن. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی کە کاتێک لەگەڵ منداڵانی دیکە پەیوەندی دروست دەکەن و تەماشایی میدیاکان دەکەن، زمانەکەیان لەلا نامۆ دەبێت و زۆر شتی نازانن ئەمەش وادەکات منداڵ گۆشەگیر بێت و زیاتر لەماڵەوە بەتەنیا بەسەربەبات و لەدوای ئەوە کاردانەوەی نەرێنی زۆر زیاتر دەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا چەند جۆرێک نامۆبوون هەیە، ئەو جۆرەی کە زۆر جار تووشی ئەو کەسانە دەبێت نامۆبوونی کۆمەڵایەتیە. بۆیە پێویستە بپرسین نامۆبوونی کۆمەڵ یان کۆمەڵایەتی چییە؟

ئەگەر تاک لەگەڵ ئەو کۆمەڵەی کە تێیدا دەژی هەستی بەپچڕانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کردوو لەگەڵ ئەوەشدا حەز و ئارەزوو و ئاوات و ڕا و بۆچوونەکانی (کە لەجیهانی ناوەوەی تاک پێک دێن) دژ بەئاوات و ڕا و بۆچوون و داب ونەریتی کۆمەڵەکە بوو (کە جیهانی دەرەوەی تاک پێک دێنێت) و نەتوانرا لێک نزیک بکرێنەوە و بەردەوام مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵ و دامەزراوەکاندا لەململانێدا بوو. لەم کاتەشدا مرۆڤ هەست بەنامۆیی کۆمەڵایەتی دەکات و خۆی بەتاکێکی ئەو کۆمەڵە نازانێت و بەردەوام هەوڵی ڕاکردن و دەربازبوون دەدات. واهەست دەکات کە خەون و ئاوات و ئارەزووەکانی لەناو ئەم کۆمەڵەدا جێگەیان نابێتەوە و وەک بڵقی سەر ئاون و ڕەش مار ئاسا لە گەردنی ئاڵاون و مانەوەی بەرەو تاساندن و خنکاندنی دەبات.(کەریم، ٢٠١٠، ١٨٩)

سێیەم : دواکەوتنی کۆمەڵگا.

لەکاتێکدا کە ئێمە بەهای زمانی خۆما نەزانین ئەوا لەداهاتوودا کۆمەڵگاکەمان دوا دەکەوێت و نابینە خاوەنی زانست و پێشکەوتنی خۆمان، هەمیشە تەماشایی نەتەوەکانی دیکە دەکەین بۆ ئەوەی شتەکانیان لێ وەربگرین .

لەئێستاشدا بەشێوەیەکی بەرچاو هەیە، دەبێت زیاتر گرنگی بەزمانەکەمان بدەین بۆ ئەوەی زانست و فەلسەفە و هزر بەزمانی خۆمان بنووسین و بخوێنین.

کۆمەڵگاش کەوتوەتە ژێر ئەم لێشاوە بەهێزەی تەکنەلۆژیاوە کە ناتوانین خۆمان بەرەوپێش ببەین. بەشێوەیەکی چەق بەستوو لەنێو بازنەیەکدا دەخولێینەوە. تەنیا تەماشایی ئەو شتانە دەکەین کە بەچاو دەیبینین نازانین چ کاریگەریەکی لەسەرمان دەبێت .

ئەنجامەکان :

١-کۆمەڵگای ئێمە بەشێوازێکی نادروست لەفێربوونی زمانی دووەم تێگەیشتووە.

٢ -پێویستە زمانی خۆمان بایەخی زیاتری پێ بدرێت لەلایەن خێزانەکان و ناوەندە ئەکادیمییەکان .

٣ -پێویستە تاکی ئێمە هۆشیارانە تر مامەڵە لەگەڵ زمانی خۆی بکات چونکە زمانی ئێمە هیچی کەمتر نییە لەزمانەکانی تری دونیا، بەڵکو ئەوە خۆمانین کە ئەم دۆخە مەترسیدارەمان دروستکردووە .

٤ -دەرکەوت کە زمانی کوردیش زمانێکی ستاندەرە، لە سەردەمی شێخ مەحمودەوە بناغەی دانراوە.

لیستی سەرچاوەکان:

کتێب :

١ -ئەمین، هاشم، تۆێژینەوەکانی کۆنگرەی زانستی نێودەوڵەتی شێخ محمدی خاڵ و هەوڵە زانستیەکانی، دەزگای جەمال عیرفان، چاپی یەکەم .

٢ -حەسەن، شێرزاد، گۆشتەکەی بۆ ئێوە، ئێستقانەکەی بۆ من، ناوەندی غەزەلنووس، چاپی یەکەم.

٣ -خۆشناو، ناوخۆش، نەریمان و سەلام، زمانەوانی، چاپخانەی منارە/ هەولێر، چاپی یەکەم .

٤ -سەعدوڵا، سەروەرسالّەح، وەرچەرخانی زمان، گۆڤاری گوڵچن، ژمارە

٥ -شەریف، کەریم قەرەچەتانی، نەخۆشی و گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، چاپخانەی پەیوەند/ سلێمانی، چاپی دووەم.

٦ -عەلی، بەختیار، لەدیارەوە بۆ نادیار، ناوەندی ڕەهەند،چاپی سێیەم.

٧ -عەلی، بەختیار، پاسەوانی ئاسۆ دووەکان، ناوەندی ڕەهەند، چاپی یەکەم.

٨ -عومەر، کاروان قادر، ڕستەی باسمەند لەزمانی کوردیدا، چاپخانەی تیشک/ سلێمانی، چاپی یەکەم .

٩ -قادر، تاقگە ئیبراهیم، فێربوونی زمان و ئاستەنگەکانی فێربوون لەتەمەنی (٢-٣) ساڵیدا، تۆێژینەوەی بەکالۆریۆس.

١٠ -گوڵەدین، ئازاد، ناسۆنالیزم و هەستی نەتەوایەتی لای مەولانا خالیدی نەقشبەندی، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما.

١١ -محمد، د. تابان سەعید، ڕیفۆرمی پەروەردەیی بەرپرسیارێتی و ئەرک، دووەمین کۆنفرانسی زانستی کۆلێژی پەروەردە- زانکۆی چەرموو، چاپی یەکەم.

ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان :

١- https://search.app/FGLqbxCtYQuogGdo7
٢-https://search.app/?link=https%3A%2F%2Fchawykurd
٣-https://search.app/nQ7ckVezsMmJegNr7

فەرهەنگی زارەکیی موکریان، ئینسایکلۆپێدیایەکی ناوچەیی تاقانە لەسەر بناغەی زمانوێنەی"ئاپۆرەی خەڵك

د. ئەحمەد ئەحمەدیان

زۆر لەمێـــژە دەســـت بەکـــاری دانـــــانی "وشـــەدان (Lexicon)②"و تۆمـــارکردنی وشـــەی کـــوردی کـــراوە و وەک ئاشکـــــرایە، ماوەیەکـــە دیـــاردەی "وشـــەنووسیی (Lexicography)"و "فەرهـــەنگنووسیی(Dictionary Making) " کوردی خەریکە جێگای شیاوی خۆی لە ژیانی ڕۆشنبیریی و زانستیی گەلی کورددا دەدۆزێتەوە و هەندێک مامۆستای دڵسۆز لەم مەیدانە پیرۆزەدا هەنگاوی گەورەیان ناوەتەوە. ئەو پسپۆڕانە لە دەرگایەکی فراوانەوە چوونەتە ناو مێژووی ڕۆشنبیریی کوردەوە، بەوەی هەریەکەیان لـە سـنووری توانسـت و زانسـت و بڕشـتی خـۆی‌دا، ئەوەی لە باری دابووە و ئەوەی لە تواناى‌دا بووە، بۆ پاراستنی زمـانی نەتەوەکەی دڵسـۆزانە جـێ‌بەجێـی کـردووە. ئەوەی شـایانی باسـە ئەوەیـە کـە ئەم کـارە هەر بەردەوامە و بەرەی نوێی گەلەکەمان لەگەڵ مامۆستا لێهـاتوو و بەتواناکانمـان‌دا لەم مەیدانە سەخت و تاقەت‌پڕوکێنەدا خەریکی ئافراندن و تۆمـارکردنی وشـە و دانـانی فەرهەنگ و وشەنامە و ئەم چەشنە بەرهەمە زمانەوانی‌یانەن.

ئەوەی ڕووی و ئاشـکرایە ئەوەیـە کـە مـوفرەداتی زمـانی کـوردیی، قـاڵبۆوەی سـاڵانی دوور و درێـژی مێـژووی گەلـی کـوردە و سـۆرەوتۆرەی چەنـدین پلـە و قۆناخی هەڵسوکەوتی بـاری ژیـان و هـاتونەهـاتێتی. لەومـاوە درێـژ و بەرفـراوانەدا کە بە سروشت لەکەو دراون، گێژەوکراون و گورگە و بنژیل و زیوانیان لێ گیراوە، لـە زۆر ڕووی گـرنگەوە پـتەو بـووە و بەخـۆدا هـاتۆتەوە و دەوڵەمەنـد بـووە (پرۆفیسـۆر ئەورەحمـانی حاجی‌مـارف: هەوڵێکـی مەزنـی نـوێ لـە جیهـانی فەرهەنگنووسیی کوردی‌دا، کاروان، ژ17، ساڵی دووەم، شوباتی 1984، ل22).

ئەوەی ڕاستی بێ تا ئەم دواییانە لە بواری کەلەپوور و کەلتووری ئاپۆرەی خەڵـک و زمانـــی ئاخـاوتنی جەمبـوورەی جەمـــاوەری کـــورد، لـە هیچکـام لـە بەشـەکانی کوردسـتان‌دا، ئاســـەواریکـــی وا کـە بە پێـــی پێوەر و پێوانـــەکانـــی زانسـتی زمانناسـیی پراکتیک (Criteria of Applied Linguistics)و هەروەها لقی"فەرهەنگنووسـیی" ئەم زانسـتە، تەنـانەت هەڵگـر و خـاوەنی بەشـێکی کەم لـە تایبەتمەنـدی‌یەکانی چەمکی"فەرهەنـگ" بـێ، نەهـــاتبووە بەرهەم. ســـەرجەم ئەم بەرهەمـانەی تـا ئێسـتا لەم بـوارەدا (واتـە بـواری کەلتـووری کـوردی) نووسـراون، کۆکراوەی بابەتییانەی بەشێک لـە کـەلتووری کوردی‌یـە کـە دەکرێ وەک: «پەندی پێشینیان، بەیت، گۆرانی، مەتەڵ و هتد» پۆلێن‌بەندی بکرێن. ڕووی و ئاشـکرایە کـە ئەم بابەتانە سەربەخۆ و جیاجیا کۆکراونەتەوە و بڵاوکراونەوە و هیچکام لـە ڕێسـا

و یاساکانی فەرهەنگنووسی لەم ئاسەوارانەدا وەبەرچاو نایە و خۆ نانوێنێ و لە بنەڕەتدا بە بیچم و ڕەنگ و قەوارەی فەرهەنگ نەنووسراون. ئەوا بۆ هەوەڵین جار، ماکە زمانیەکانی زمانی کوردی (زاراوەی موکریان) کەوا توخمی کەلەپوور و کەلتووری ئاپۆرەی خەڵک و زمانی ئاخاوتنی کوردی ئەم ناوچە و ژێردیالێکتە (Sub-dialect)یان تێدا بەدی دەکرێ کۆکراونەتەوە و لە دیمەنی فەرهەنگێکی ناوچەیی/دیالێکتی(DialectalDictionary)و لە ژێر ناوی (فەرهەنگی زارەکیی موکریان) هاتووەتە بەرهەم و بڵاوبووەتەوە. هەروەک ئاماژەی پێکرا، ئەم فەرهەنگە هاوکات لەخۆگری"زمانوێنەی ئاپۆرەیی"(=زبانگونەی عامیانە و روزمرە (Colloquial language Variety=و "زمانوێنەی ڕەشۆکی =) " زبانگونەی عوامانە و چالەمیدانیSlang Language Variety=یە؛ هەر بەو بۆنەیەوە جێی خۆیەتی سووکە ئاوڕێکی تێپەڕ بدەینەوە لە گەلێک تایبەتمەندیی ئەو دوو «زمان-وێنە»یە. ئەم تەکنیک و گەمەزمانیانە و هەروەها ئەم ڕێکارانەی لە خزمەت زمانی ئاپۆرەی خەڵک و زمانی ڕەشۆکیی دان و لەم فەرهەنگەشدا بە باشی وێنە جیاجیاکانی دیاری کراوە و نیشان دراوە، بریتین لە: 1- ئاوێتەیی هاوڕێ دەگەڵ بەرهەمهێنانی وشەی لێکدراو =) ادغام با تشکیل کلمەی مرکب(condensation with formation of composite word= ؛

2- ئاوێتەیی هاوڕێ دەگەڵ گۆڕان (=ادغام با تغییر = condensation with modification)؛

3-ڕەگەزدۆزی(=جناس(pun =؛ 4- تەوس=) طعنە(irony=؛

5- جوانوێژیی(=حسن تعبیرeuphemism=)؛

6- ناحەزوێژیی(=قبح تعبیرdysphemism=؛cacophemism)؛

7 – خواستە(=استعارەmetaphor=)؛

8- سەروا(=قافیەrhyme=)؛

9- دووپاتکراوەیی(=اتباعreduplication=)؛

10- دەنگەناو(=نامآواonomatopoeia=)؛

11- کورتەوشە(=سرنامacronym=)؛

{FSIAhmad PDI FSIAhmedyan PDI, 16/03/2025 07:29م}

12-کورتکراوەیی(=کوتەسازیabbreviation=)؛

13- سووکەڵەنێو(=نام یا لقب تمسخرآمیزnickname =)؛

14- تێکدانی بزوێن (=تحریف مصوتphonetic distortion =)؛

15- ناوی تایبەت بۆ ئاماژە بە مرۆڤی ئاسایی بە ئامانجی درکە یا لاتاو =) اسم خاص همچون لقب کنایی .(antonomasia =هەروەکوو پێشتر ئاماژە کرا ئەم ئاسەوارە لێورێژ و تەژیە لە سەرجەم تەکنیک و گەمە زمانیەکانی گۆرین و زۆربەی هەرە زۆری لایەڕەکانی ئەم فەرهەنگە لەخۆگری، لانیکەم یەک دوانێک، لەم تەکنیک و گەمە زمانیانەیە.

» فەرهەنگی زارەکیی موکریان»③، کە بەرهەمێکی «زمانەوانی – کەلتووری»یە و بەرهەمێکی بەنرخ و پڕبایەخە و وەک سەرچاوەیەکی خاوەنمرخی زمانەوانی-کەلتووری(linguistic & cultural)، تەژیە لە بابەتی هەمەچەشنەی (زمان-وێنەی ئاپۆرەیی) و (زمان-وێنەی ڕەشۆکی) و زمانی لاوەکی و ئاخاوتنی جەمبوورەی جەماوەری خەڵک و، لە ڕاستیدا پرۆژەیەکی تاقەتپروکێن و درێژخایەنە و کەلەبەرێکی یەگجار گەورە لە کتێبخانەی کوردی و لە بواری زمانەوانی و کەلتووری لاوەکی و کەلەپووری ئاپۆرەی خەڵکی پڕ کردووەتەوە و وەک سەرچاوەیەکی دانسقە و تۆکمە و هەروەها وەک متورفەیەکی پڕبایی پێداویستیی تاقمێکی زۆر لە تویژەران و هۆگرانی زمان و وێژە و کەلەپوور و کەلتووری کوردی دابین کردووە.

بە بڕوای دوای چاپ و بڵاوبوونەوەی سەرجەم 15 بەرگەکانی ئەم ئاسەوارە، ئیتر زمەهڕی تەمەنێکی دوور و درێژی نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان داخراوە و لە قاتیوقڕیی بەرهەمی چڕوپڕ و بەپێزی «زمانەوانی- کەلتووری» کە داگری زۆربەی هەرەزۆری ڕەهەندەکان و دەڤەرەکانی زمانی ئاخاوتنی جەمبوورەی جەماوەر لەو ناوچەیە بێ، ڕزگاری بووە. ئەوەی ڕاستی بێ تا ئێستا تەنیا هەشت بەرهەم، لە لایەن حەوت فەرهەنگنووس، لە درێژایی مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردیدا بڵاوکراونەتەوە کە دەکرێ بە پێی پێوانەکانی زمانناسی و وشەنووسی وەک «فەرهەنگ» نێودێر بکرێن کە، بەبێ شک و گومان، یەکێک لەو هەشت ئاسەوارە «فەرهەنگی زارەکیی موکریان»ـە. حەوت ئاسەوارەکەی تر بریتین لە: 1- قامووسی زەبیحی (کوردی- کوردی؛ ناتەواو)؛ 2- فەرهەنگی کوردی ((کرمانجی)) – ڕووسیی پڕۆفیسۆر قەناتی کوردۆ؛ 3- فەرهەنگی کوردی ((سۆرانی)) – ڕوسیی پڕۆفیسۆر قەناتی کوردۆ؛ 4- فەرهەنگی کوردی کرمانجی – ڕووسیی پڕۆفیسۆر

باکایاف؛ 5- فەرهەنگی کوردی ((کرمانجی))- ئینگلیزیی پڕۆفیسۆر مایکل چایت؛6- فەرهەنگی میدیا، پڕۆفیسۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف (کوردی- کوردی؛ ناتەواو)؛ 7-فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردیی عەلی نانەوازادە(کوردی_کوردی؛ 6بەرگ).

ئاشکرایە "هەنبانەبۆرینە" و "فەرهەنگی[وشەنامەی]کوردستان" و "فەرهەنگی[وشەنامەی] خاڵ"، هەرچەند سێ بەرهەمی سەرکەوتووی زمانەوانی لە ئەژمار دێن، بەڵام بە پێی پێوانەکانی وشەنووسی و زمانناسی کە لەم وتارەدا ئاماژەیان پێکراوە «وشەنامە (Thesaurus =) «لە ئەژمار دێن نەک «فەرهەنگ»، کە وابوو لەم پۆلێنبەندییەی سەرەوەدا ناگوونجێن و ناکرێ دەگەڵ «فەرهەنگی زارەکیی موکریان» بەراوردیان بکەین. ئا لێرەدا بەردەنگی شارەزا و هۆگر بە بابەتی زمانەوانی حەقیەتی پرسیار بکا: خاڵی هاوبەشی ئەم حەوت فەرهەنگانە لە چ دایە؟ ئایا بەپێی ئەوەی یەکیان فەرهەنگی یەکزمانە =) (monolingualیە و ناتەواوە و تەنیا دوو پاژی بڵاو بووەتەوە، دووبان فەرهەنگی دووزمانە(bilingual=)ی کوردی- ڕووسین و یەکیان فەرهەنگی کوردی- ئینگلیزییە و. دواهەمین بەرهەم فەرهەنگێکی ناتەواوی یەکزمانەی کوردی- کوردییە و تەنیا یەک پاژی بڵاو بووتەوە، ئەوانە چلۆن دەگەڵ یەک بەراورد دەکرێن؟ لە وەڵامدا دەکرێ بڵێین ئەم هەشت بەرهەمە خاوەنی چەندین تایبەتمەندیی هاوبەشی بنەڕەتی و گشتین کە ئەم ئاسەوارانە لە شوێنەوارگەلی تری «بەناو فەرهەنگ» هەڵدەهاوێرێ و جیایان دەکاتەوە. ئەم چەند خاڵە هاوبەشە بنەڕەتی و گشتییە کە بووەتە هۆی هەرماوی و تۆکمەبوون و جیاوازیی ئەم حەوت بەرهەمە زمانەوانییانە بریتیین لە:

1 - هەرکام لەم حەوت ئاسەوارە نەریتێکی نوێیان لە گۆڕەپانی فەرهەنگنووسیی کوردی ڕۆناوە و بوونەتە پێشڕەو و مەشخەڵداری ڕێچکە و ڕێبازێکی نوێ و شێوازێکی «نوێباو» لە هەرێمی هەراوی فەرهەنگنووسیدا؛ بۆ وێنە ئێستاشی دەگەڵدا بێ «فەرهەنگی زارەکیی موکریان» هەوەڵین فەرهەنگی «زمانەوانیی- کەلتووریی» ڕێسامەند و زانستییە کە لەسەر ماکە زمانی و کەلتووریەکانی ناوچەیەکی کوردستان بە بەربڵاوی و گشتگریی تایبەتی و بێوێنەوە نووسراوە و هاتووەتە بەرهەم.

جیا لەوەی کە ئاسەوارگەلێکی کە لەم دەڤەرە زمانیەدا بڵاو بوونەوە هیچکام خاوەنی بیچم و تایبەتمەندیی و قەوارەی «فەرهەنگ» نین بەڵکوو پتر وەک «ماکەی خاو»ی فەرهەنگ لە ئەژماردێن.

2 - هەرکام لەم هەشت بەرهەمە لە ڕوانگە و گۆشەنیگای بەردەنگ و خوێنەری شارەزا و پسپۆڕ و خاوەن ڕاوبۆچوون، خاوەنی ئاوا بایەخ و مرخ و پێگەوجێگە و موستەوایەکن کە بە تایبەتی لە سەریان نووسراوە و هەڵسەنگێندراون و دەگەڵ بەرهەمگەلی تر بەراورد کراون. هەروەکوو لەمەڕ "فەرهەنگی زارەکی موکریان» لە هەرکام لە 15بەرگەکەی ئەم ئاسەوارە بەپێز و بەهێز و تۆکمە و تەکووزە، گەلێک وتاری بەپێز و زانستی و شوێندانەر، وەک وتاری بەڕێز پڕۆفیسۆر ئەمیر حەسەنپوور، مامۆستا ئەحمەد قازی، پڕۆفیسۆر مایکل چایت/شایت، دوکتۆر هاشم ئەحمەدزادە، دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان، دوکتۆر جەعفەر شێخولئیسلامی و... لە سەر ئەم ئاسەوارە نووسراون «بڕوانە پێشەکیی سەرجەم 15 بەرگی فەرهەنگی زارەکیی موکریان»؛ کە دەکرێ لە داهاتوودا تێکڕای ئەم پێشەکییانە، لە دووتوێی کتێبێکی سەربەخۆدا بڵاو بکرێنەوە.

3 - ئیشی بەردەوامی ڕاوێژکارانە و مەیدانیی (جیا لە تۆێژینەوەی کتێبخانەیی) نووسەرانی ئەم هەشت ئاسەوارە بە تەواوی بەرچاوە و بە ڕوونی لە ئاسەوارەکانیاندا هەستی پێدەکرێ. بۆ وێنە دانەری فەرهەنگی زارەکیی موکریان جگە لە ژێدەر و سەرچاوەی نووسراو، کە لە زۆربەی لاپەڕەکانی ئەم فەرهەنگەدا کەڵکی لێ وەرگرتوون و ئاماژەی پێ-کردوون، لە زۆربەی هەرە زۆری لاپەڕەکانی ئەم فەرهەنگە، لە ژێدەر و سەرچاوەی زارەکیی جێمتمانەی جیاجیا و جۆراوجۆر و بەربڵاو کەڵکی گونجاو و شیاوی وەرگرتووە کە ئەمە خۆیلەخۆیدا هەروەک «ئیشی ڕاوێژکارانە و ئیشی مەیدانی» ڕادە و ڕێژەی «بەوەج بوون (=Validity) «و «جێمتمانە بوون (= Reliability)«و هەروەها «سوودبەخش بوون و وەڵامدەر بوون«

(= Efficiency&Practicality)

و«یەکتر گرتنەوە(= Relevance)«ی ئەم بەرهەمە تا ئاستێکی یەگجار زۆر بەرز دەکاتەوە. وێ-دەچێ دانەری ئەم فەرهەنگە بۆ ئەم هەموو پێشکەوت و سەرکەوتنە، لەم ڕێبازەدا و لە سۆنگەی ئەم ئاسەوارە پڕپێتوبەرەکەتەوە ڕەنج و مەینەتێکی زۆری کێشابێ و تەقەلا و هەوڵێکی بێوێنە و لە ڕادەبەدەری لە خۆ

نیشان دابێ. بە بڕوای من بە بەراوردکاری و هەڵسەنگاندنێکی بێلایەنە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە دانەر دەبێ تا ئێستا زۆربەی هەرە زۆری گوند و دێهات و شارۆچکە و شارەکان و تەنانەت هەوار و کوێستانی ئەم ناوچەیەی کوردستانی تەقاندبێتەوە و تەگبیر و ڕاوێژی تایبەتیی دەگەڵ چینوتوێژ و پیشە جۆراجۆرەکانی ناو کۆمەڵگای ڕابردوو و ئێستای کوردەواری وەک: ڕەنگڕێز، خمگەر، هەورگەر، تەونگەر، بگێڕ، لێفەدروو، زینەدروو، کورتاندروو، سەڕاج، ئاسنگەر، جۆڵا، کەڵاشکەر، نالبەند، باغەوان، وەرزێر، ئاژەڵدار، عەللاف، خەڕاز، هەللاج، چێودار، شایەر، حەکایەتخوان، شوان، گاوان و سەپان کردبێ، و لە داهاتووشدا، بۆ نووسینی بەرگەکانی تری ئەم فەرهەنگە، ئەم ڕێچکە و ڕێبازە دووپات و چەندپات بکاتەوە.

4 – خۆپاراستنی بەرچاو و بەرهەست لە ((کۆپینووسیی)) و ((ڕوونووسیی)) و ((کۆپی لێهەڵگرتن)) لە فەرهەنگەکانی تری هاوشێوە. بە پێچەوانەی ئەم حەوت ئاسەوارە بایەخدار و سەرکەوتووە کە تەژیێە لە ئافراندن و خوڵقاندن و سەربەخۆیی، بە ڕاشکاوی و بە متمانەوە دەکرێ ئەم ڕاستیێە بدرکێنین کە سەرجەم ئەم بەرهەمانەی تر کە تا ئێستا ((بە ناو فەرهەنگ)) بڵاو بوونەوە و لەبەر دەستی خوێنەری کورددان، کەم یا زۆر تووشی ئەم چەواشەکاری و ئەم پەتایە هاتوون.

5 – سەرجەم دانەرانی ئەم حەوت ئاسەوارە بەپێز و هەرماو و زانستییانە، لانی کەم یا: 1– ((زمانزان)) و ((هۆگر و دواکەوتووی تاقمێکی زۆر لە بڕیارەکان و ڕێساکانی زانستی زمانناسیی لەمەڕ فەرهەنگەنووسیی)) بوون، یان: 2– ((زمانناس)) و «هۆگر و دواکەوتووی بێتەکولۆی سەرجەم بڕیارەکان و ڕێساکانی زانستی زمانناسیی لەمەڕ فەرهەنگنووسیی» بوون؛ وە لانیزۆر، هاوکات: 1) ((زمانزان)) و 2) ((زمانناس)) بوون؛ واتە لەیەکەوە خاوەن توانایی و لێهاتوویی و شارەزایی و چێشکەیەکی زمانی هەستیار (sensitive intuition)بوون، لەلایەکی تریشەوە ((مامۆستا و پسپۆڕی زانستی زمانناسیی)) ــ بەتایبەتیی بەشی وشەنووسیی ــ بوون.

هەروەک خوێنەری شارەزا و هۆگر بە زانیاری زمانەوانی ئاگاداری ئەم ڕاستیانەیە کە ئاماژەی پێکرا ئاگاداری ئەوەش هەیە کە فەرهەنگنووسیی وەک زانستێک دوو دیوی هەیە: تیۆری و پڕاکتیک.

یەکەمیان لەو کێشانە دەکۆڵێتەوە کە لە دانانی هەر فەرهەنگێکدا سەرهەڵدەدەن و لە ڕێگای زانستییەوە ڕێگا و ڕێبازی ڕاست بۆ چارەسەرکردنیان دەدۆزێتەوە و ئەمیش لەسەر بناغەی ئەو تیۆرییە و لەبەر ڕووناکیی ئەو ڕێگە و ڕێبازەی بۆی دانراوە کاری دانانی فەرهەنگ بەجێ دەگەیەنێ. بێگومان دابەشکردنی فەرهەنگنووسیی بەسەر ئەم دوو لایەنەدا شتێکی ڕاستە.

ئەو دوو لایەنەی فەرهەنگنووسی هەمیشە شانبەشانی یەکتر دەڕۆن و تێکئاڵاون(ئەوڕەحمانی حاجیمارف: لە بواری فەرهەنگنووسی کوردیدا،بەغدا،1987،ل3و4). پسپۆڕی فەرهەنگنووسی تەنیا بە خەریکبوونی بە تیۆریی ڕووت و کارنەکردنی لە سەر کەرستەی خاو و خۆتاقیکردنەوە بە دانانی فەرهەنگەوە سەرناکەوێ. بە پێچەوانەشەوە هیچ فەرهەنگنووسێک ئەگەر وەک زانستێک زانیاری لە کێشە گرنگەکانی فەرهەنگنووسییدا پەیدا بکا، ڕاست نییە خۆی بهاوێتە دەریای فەرهەنگ دانانەوە. جا لە یەک کاتدا بایەخ دان بە هەر دوو بنکەی فەرهەنگنووسیی زۆر پێویستە (ل.پ.ستوپین: باروبنکەی تۆژەرانی سۆڤێت لە بارەی فەرهەنگنووسیی ئەوروپا و ئەمریکاوە >هەواڵەکانی زانکۆی لێنینگراد<، 1967،ژ20،ل161، بەگێڕانەوە لە: سەرچاوەی پێشوو).

بەڵام بایەخ دان بە هەردووک لایەنی تیۆری و پڕاکتیک پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بەم بارودۆخە دەگمەن و زۆر کەمویۆنەیە کە وا فەرهەنگنووس هاوکات («زمانزان)» و «زمانناس» بێ.

"جیاوازیی فەرهەنگی زارەکیی موکریان"

لە ژێر ئەم تەوەرەدا بە کورتی باس لە چەند خاڵی بەهێز دەکەین کە بوونەتە هۆی جیاوازیی ئەم بەرهەمە لە بەروارد دەگەڵ فەرهەنگەکانی تر:

1 –بۆ نووسینی ئەم فەرهەنگە لە ڕاوێژکارییەکی بەربڵاو و گشتگیر کەڵک وەرگیراوە، واتە لە تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا یارمەتی وەرگیراوە و ڕاوێژیان دەگەڵ کراوە(بۆ وێنە لە بنکێرتکەکانی 503، 504، 539، 548، 1300 و ژێرنکێرتکەکانی «تاجی»، «ترێ»، «تفەنگ»، «تووتن»، «تەندوور» و «تەون»). بە وتەیەکی تر ئەم ئاسەوارە پتر بەرهەمی ئیشێکی «مەیدانی»یە نەک «لێکۆڵینەوەیەکی کتێبخانەیی»، بەپێچەوانەی ئەم ئاسەوارە، زۆربەی هەرە زۆری فەرهەنگەکانی تر، بەرهەمی «لێکۆڵینەوەیەکی کتێبخانەیی»ن.(تەنانەت تاقمێک لە فەرهەنگەکان بەرهەمی «کۆپیهەڵگریی کتێبخانەیی»ن).

2 -وێنە و عەکس و شێوە و نیگارەکان لەم بەرهەمەدا بە چەشنێکی یەگجار گونجاو و «ڕێنوێنیکەر» دانـدراوە و کەڵکی شیاوی لێ وەرگیراوە؛ بە پێچەوانەوە لە فەرهەنگەکانی تردا یا وێنە و عەکس و شێوە و نیگارە نابیندرێ، یان وێنە و عەکس و شێوە و نیگارەکان تەواو کلیشەیی و نەگونجاو و «دێکۆڕاتیو»ن و هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ بە خوێنەر نابەخشن و هیچ ڕێنوێنییەک ئاڕاستەی بەردەنگ ناکەن. خوێنەری لێزان ئاگاداری ئەم هەموو حەول و تەقەلا و تێکۆشان و بەدواداچوونەیە کە دانەری ئەم فەرهەنگە بۆ بەدەستهێنان و دانانی ئەم عەکس و وێنە و... تووشی هاتووە.

3 -ئەو سەرچاوە گشتگر و فرەلایەن و فرەڕەهەند (=multi-dimension source)و بەربڵاوە وا بۆ هەڵێنجانی دەروازەکان و سەروشەکان Lemmata) (Entries &کەڵکی لێ وەردەگیرێ پێی دەگوترێ «جەستەی زمانی =)«پیکرەی زبانی/ تنوارەی زبانی .(linguistic corpus/ئەم جەستە زمانییە لە مەڕ بەرهەمێکی وەک «فەرهەنگی زارەکیی موکریان»، لە لایەکەوە ئەم پەڕتووک و کتێب و سەرچاوە چاپکراوانە لەخۆ دەگرێ کە لە بابەت ئەدەبی فولکلۆریک و ئەدەبی زارەکی و زمانی ئاخاوتنی جەمبورەی جەماوەری خەڵکی ئەم ناوچەیە نووسراون و لە لایەکی دی بریتییە لەم سەرچاوە «زیندوو» یانە کە «زمانوێنە» ی ئاخاوتنی ئەم ناوچەیە لە وێنەی «توانستی زمانی =)« (language competenceلە مێشک و زەین و "ذاکرە" و بیرگەیاندا تۆمار کراوە و دانەری فەرهەنگ دەبێ لە چەشنی «کردەی زمانی (=language performance)«بەشێکی زۆر لەم «توانستی مانی»یە کە وەک «زانستی ناکارای زمانی

(=passive knowledge of language)نێودێر کراوە و لە حاشارگەی زەینیی ئاخێوەرانی زمانزان شاراوەیە، بە پرسیار و لێکۆڵینەوە و کاری مەیدانی و هاندانی ئەم چەشنە ئاخێوەرە زمانزانانە بۆ ئاخاوتن و وەقسەهاتن و حیکایەت گێڕانەوە و... ڕاگوێزێتە ناو دەقەری«کردەی زمانیی»، کە لە لایان زمانناسان وەک زانستی کارای زمانی

(=active knowledge o language)نێودێرکراوە

بـە خۆشـیەوە دەکـرێ بڕیـار بـدەین کـە دانەری «فەرهەنگـی زارەکیـی موکریـان» لـە هەردووک ڕەهەند و بـواری پێشـوودا و لـە هەردووک سـەرچاوەی «نقیسـار» و «ئاخـاوتن»، شـارەزایانە و پسـپۆڕانە و بـە چەشـنێکی گشـتگر و هەمەلایەن کەڵکـی شـیاوی لـە ماکـە زمانیـیەکـانی پێویسـت و گونجـاو بـۆ هەر«دەروازە» و «سەروشە»یەک وەرگرتووە و لەم بابەتەشـەوە ئەم بەرهەمـە – هەر وەک بابەت و تایبەتمەندیـیەکانی تر– زۆر دەوڵەمەند و سەرکەوتوویە.

4– ئەمەی جێی سەرنج و ئاماژەی تایبەتیـیە ئەو ڕاستیـیەیە کـە دانەری ئەم فەرهەنگـانەی بڕیـارە لـە چەنـد بەرگدا(پتـر لـە دوو یـان سـێبەرگ) بـڵاو ببـنەوە، وردەوردە دوای نووسـینی بەرگـی یەکەم (وە لانـی زۆر، دوای نووسـینی بەرگـی دووهەم)، دڵسارد و بێوەرە و بێتین دەبن و لە گەڕ دەکەون و ئەم وزە و توانست و بڕشتەی پێشوویان نامێنێ و ئەم باردودۆخە و ئەم دیاردەیە بـە ئاشـکرایی خـۆی لە بەرگی دووهەم و دواتری ئەم فەرهەنگ و بەرهەمە زمانەوانیـیانهدا نیشـان دەدا و تەنانەت زۆر پڕۆژەی فەرهەنگنووسیی چەند بەرگی دوای هاتنەئارا و زاڵبوونی ئەم بارودۆخە و ئەم کەش و هەوا نەخواستراوە، وازی لێدەهێندرێ و بە ناتەواوی دەمێنێتەوە؛ بـۆ وێنـە دەتـوانین ئامـاژە بە «فەرهەنگـی هەرمـان» بکەیـن کـە دوای تێپەڕبوونی پتر لە بیست ساڵ لە بڵاو بوونەوەی بەرگی یەکەم، تەنیا بەرگێکی تری بە دوادا هاتووە و وازی لێ هێندراوە. بەڵام ئەم دیاردە لەمەڕ «فەرهەنگی زارەکیی موکریان»دا، تەواو پێچەوانەیە و تا ئێستا تێکڕای 15 بەرگەکەی ئەم پڕۆژە گەورە زمانەوانییە، یەک لە دوای یەک و بێپسانەوە و بێدابڕان بڵاوبوونەتەوە و تەنانەت ئەوەی جێی سەرسوڕمانە بەرگی دووهەم لە چاو بەرگی هەوەڵ و بەرگی سێهەم تـا پـانزدەهەم، بەتەرتیـب لـە بەراورد دەگەڵ بەرگەکـانی چـوارەم تـا چـاردەهەم، زانستیانەتر، ڕێسامەندتر، بەپێزتر و ڕێکوپێکترە. واتـە دانەری ئەم فەرهەنگە ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ ئـەزموون و وەرە و وزە و زیپـک و تـین و گـڕی زیـاتر بـووە و سەرخۆشتر لە پێشوو بەردەوام بووە لە ئافراندن و خوڵقاندنی بەرهەمێکی هەرماو و جێمتمانە و پێشڕەو لـە بـواری فەرهەنگنووسـیی کەلتـووری و نـاوچەیی بـەپێی ماکە زمانیـیەکانی زمان–وێنەی«ئاپۆرەی خەڵک» و «چینی ڕەشۆکیی.«

سـەرکەوتوویی لـە ڕادەبەدەری ئەم بەرهەمـە بەشـێکی زۆری دەگەڕێتەوە بـۆ ئەم ڕاسـتیـیە کە کـاک سـەلاح، وەک تـاکەکەس، لـە ڕادەبەدەر هـۆگر و ئەوینـداری

کەلتوور و زمانی ئاپۆرەی خەڵکە و لەو بوارەدا، جیا لەوەی زۆر لێهاتوو و بلیمەت و پسپۆڕ و شارەزایە، ئەوینێکی لەکۆڵ و دەروونێکی گڕگرتوو و لەجۆشی هەیە لە حاند گەشاندنەوەی سکڵەکانی نیوەڕۆمرکاوی ئاورگەی پیرۆزی کەلتوور و ئەدەبی زارەکی.

دوا وتە لە زمان (سامۆئێل جانسون)، فەرهەنگنووس و زمانناسی ناوداری ئینگلیسیی: «دانەر و نووسەری هەر بەرهەمێک پتر چاوەڕوانی ئەوەیە کە لە لایەن خوێنەرانەوە پەسن بکرێ و پێی‌دا هەڵبگوترێ، بەڵام چاوەڕوانی و ئاواتی تاقانەی فەرهەنگنووسێک پتر ئەوەیە کە بە دوور بێ لە لۆمە و لەقەم و گازندە و بناشتی بەردەنگەکان؛ ئەم تاقە ئاواتەی فەرهەنگنووسیش نەسیبی تاقمێکی یەگجار زۆر کەم لە فەرهەنگنووسان بووە کە ڕادەیان لە ئەنگوستەکانی دەست پتر نییە»؛ کە بە دڵنیاییەوە یەکێک لەم «تاقمە یەک-جار زۆر کەمە»، دانەری «فەرهەنگی زارەکی موکریان» دەبێ.

تێبینییەکان:

»①زمان-وێنە (Language Variety)«زاراوەیەکی گشتییە و بە هەر شێوە دەربڕینێک لە پانتایی زمان‌دا دەگوترێ کە دۆخی بەکارهێنانەکەی لەلایان چەشنە جۆراوجۆرەکانی «پێگەوجێگە»ی ئاخێوەران وەک پلەی کۆمەڵایەتی، پیشەیی، ناوچەیی و... دیاری بکردرێ. ئەم زاراوەیە هەروەها لە واتایەکی زۆر تەنگەبەردا وەک چەشنێک لە چەشنەکانی دەربڕینی زمان کە لە بواری «جێگەوپێگە» ی بابەتی‌دا جیاوازی‌دەرە بەکار دەهێنرێ، بۆ وێنە: «زمان-وێنەی زانستی»، «زمان-وێنەی ئایینی»، «زمان-وێنەی یاسایی»، «زمان-وێنەی فەرمی»، «زمان-وێنەی ئاخاوتن» و...

» .② وشەدان (Lexicon=) «چەمکێکی گشتییە و بە هەموو چەشنە بەرهەمێکی زمانەوانی دەگوترێ کە لەخۆگری وشەکان و مانای وشەکان یان هاوتا و هەمبەری وشەکان بێ. «وشەدان»، لە سەرەتایی‌ترین دابەشبوون‌دا دابەش دەبێ بە دوو جۆری: 1ـ «فەرهەنگ (Dictionary=) «و 2ـ «وشەنامە « » .(Thesaurus=)فەرهەنگ» و «وشەنامە» بەوە لێکتر جیاوازی پەیدا دەکەن کە «وشەنامە» تەنیا لەخۆگری «سەروشە(Lemma=)«، »هەمبەر و هاوواتا « (Equavelent& Synonym)ی سەروشەکانە. جاری‌واشە جیا لەم دوو

«ماکە» زمانیە، ماکەیەکی تریشی پێوە زیاد دەکرێ وەک: 1ـ «هاوواتا» ی سەروشە لە زمانێکی تردا (جیا لەو زمانەی «سەروشە» و «هاوواتا« سەرەکییەکانی پێ نووسراوە) یان: 2ـ ناوچەی بەکارهێنانی «سەروشە»کان.

باشترین و زانستیترین و جێمتمانەترین «وشەنامە»کانی کوردیی بریتین لە: «فەرهەنگی [=وشەنامەی] خاڵ»، وشەنامەی «کوردستان»ی گیوی موکریانی و «فەرهەنگی[=وشەنامەی]هەنبانەبۆرینە»ی هەژار موکریانی.

بەڵام «فەرهەنگ»، دەبێ لەخۆگری زۆربەی (یان باشتر وایە بڵێین «سەرجەم») ئەم تایبەتمەندییانەی ژێرەوە بێ:

1 ـ «سەروشە»؛ 2ـ «وتەزا(part of speech=)«؛ 3ـ ڕەچەڵەکناسی (Etymology=)ـ شاهید و وێنە و نموونە لە ڕووی "بەکارهێنان « (Pragmatics=)ـەوە؛ 5ـ وێنە و عەکس و نیگارکێشیی ڕێنوێنیکەر؛ 6ـ جیاوازی بەکارهێنان(Usages=) ؛ 7ـ لێکدراوەکان(compound words=) ؛ 8ـ زاراوە و ئیدیۆمەکان(Idioms and Expressions=)؛ 9ـ دەڤەر و ساحەی بەکارهێنانی سەروشە بۆ وێنە: پزیشکی، مێژوو، کشتوکاڵ، فەلسەفە؛ 10ـ هاوواتای جۆراوجۆر و جیاواز بۆ سەروشەی «فرەمانا(Polysemous=)«؛ 11ـ دەنگناسیی و فۆنەتیکیی سەروشەکان(Phonetics=) ؛ 12ـ دژواتا (Antonym=)و هاوواتا(Synonym=) ی سەروشەکان؛ 13ـ شێوازی بەکارهێنان وەک: فەرمی؛ نافەرمی؛ زارەکی؛ تابۆ؛ زانستی؛ ئەدەبی و... 14ـ جیاکردنەوەی وشە «هاوبێژ»ەکان (Homonymous=) و تۆمار کردنی ئەوان لە ژێر دوو یا چەند سەروشەی جیاواز؛ 15ـ وشەزا (Category=) یان «جۆرەکانی وشە» وەک: کات، ژمارە، کەس، تێپەڕ و تێنەپەڕ (transitive &intransitive=)، بژاردە و نەبژاردە (countable & uncountable=).

هەروەک ڕوون و ئاشکرایە، بەشێک لەم خاڵانە لە ڕووی زانستی «وشەنووسی»، پێویست نییە لە سێ چەشنە فەرهەنگی «کلتووریی، ناوچەیی و زارەکیی» کە لە پۆلێنبەندیی چەشنەکانی وشەداندا، دەکەونە ژێر جۆری«فەرهەنگی دیالێکتی(Dialectal Dictionary=) «، تۆمار بکرێ و ئەم تۆمار نەکردنە بە کەمایەسی و زەدەی ئەم چەشنە فەرهەنگانە لە ئەژمار نایە.

(هەرچەنـــد بـــاشتر وایە زۆربەی هەرە زۆری ئەم خـــالانە «نەک ســـەرجەمی خاڵەکان» لەم چەشنە فەرهەنگانەشدا ڕەچاو بکرێ و تۆمار کرێ.)

لە ڕووی هـــــــاوڕەنگیی و هاوشـــــــێوەبوونی زۆربەی هەرە زۆری ماکەزمانیەکـانی ئەم چەشـنە فەرهەنگـانەش (کەلتـووریی، نـاوچەیی، زارەکیـی)، هەروەهـا سروشـتی ئەم «زمـان-وێنە (=language variety)»وا لەم چەشـنە فەرهەنگـانەدا بەکارهێنـدراوە و تۆمـار کـراوە، نـاکرێ و نـاگونجێ کە تاقمێـک لەم خاڵانە بەکار بهێندرێ و ڕەچاو کرێ، وەک: خاڵی 4 و خاڵی 8 (تەنانەت خاڵی 3). لە ڕاستیدا تۆمارکردنی ئەم خـاڵانە بە هـۆی سروشـتی تـایبەتیی ماکەزمانیەکـانی ئەم چەشـنە فەرهەنگـانە، «حشـو (=Redundancy) «لە ئەژمـار دێ و بە «دربڕـژدادڕی» لە قەڵەم دەدرێ. (لەمەڕ خـاڵی 3، تۆمـار کردنـی ڕەچەڵەکناسـیی سەروشەکان لە ئەم چەشنە فەرهەنگانە نە تەنیا «دربڕژدادڕی»(=حشو) لە ئەژمـار دێ، بەڵکـوو وەک «نقـصِ غـرض» و دوور کەوتـنەوە لە ئامـانجی سـەرەکی فەرهەنگ یان «دژوازی ئامانج و مەبەست» بەراورد دەکرێ).

جیا لە تەواوی ئەمانە، سـەرچاوەی سـەرەکیی بەشـێکی یەک-جار زۆر لە زاراوە و لێکدراوەکـان و مەتەڵ و پەنـد و... ئەم چەشـنە فەرهەنگـانە، ناسـراو و دیتـراو و ڕووون و بەرهەست نییە و بە وتەیەکی تر ئەوەی کە هەوەڵین جار کێ و لە کوێ و چـۆن و چلـۆن ئەم زاراوە و لێـکدراو و مەتەڵ و پەنـد و... بەکـار هێنـاوە، دیـار و ناسـراو و ڕووون نییە. بـێجگە لەم ڕاسـتیـانە لە ڕووی زانسـتی وشەنووسـیشـەوە دیاردەی ڕەچەڵەکناسی پتر لەمەڕ «وشە»کان بەکار دەهێندرێ و تۆمار دەکرێ و دەدۆزرێتەوە نەک لەمەڕ زاراوە و لێکدراو و مەتەڵ و پەند و ...

③.پڕۆژەی فەرهەنگنووسیی زارەکیی موکریان تا ئێستا(2024)، سـەرجەم 15 بەرگی فەرهەنگی ئەلفوبێیی لێ بڵاوبۆتەوە(هەروەهـا دووبەرگی سـەربەخۆی دی، واتە: «فەرهەنگـی زارەکیـێ موکریـان، خـورد و خـۆراک» و «فەرهەنگـی زارەکیی، بەشی ژنان» لە 856 لاپەڕەدا).

پڕۆژەی فەرهەنگی زارەکیی موکریان بە چاپ و بڵاوبوونەوەی بەرگی 15ی، وەک دوایـین بەرگ، کە ئەمسـاڵ بڵاوبـووەتەوە، هەنگـاوی نـاوەتە قۆنـاغ و وارگەی کۆتاییی دڵئەرخەیانکەر و جێگرتوو و سـەقامگیر کە وەک هەتـاوی پڕتین و تـاوی هاوینانی سـارا و گەرمێنـان تیشـک و پڕشـەنگی زێڕینـی هاویشـتووەتە گشـت قەد و

لاپاڵەکانی گەرمێن و کوێستانی کوردستان و لق و پۆپی داکوتاوەتە ناو هەناوی دڵبزوێن و ڕۆحەهەژێنی جەستەی فەرهەنگنووسیی کوردیی سەردەمەوە .

مامۆستا سەلاح پایانیانی وردەبەرز و لێهاتوو و بەئەزموون، وردەوردە و وارگەوارگە پێی سەلماندین کە دەکرێ زمانی کوردیش وەک زمانانی تری خاوەن پلەوپایەی گەردوون، دەراوی ڕوون بەخۆیەوە ببینێ و ببێتە خاوەنی فەرهەنگێکی زانستیی وەڵامدەر و کارا و داگر و تەکووز، لەسەر بنچینەی ماکە زمانییەکانی زمان-وێنەی زارەکیی ئەم بەشەی کوردستان .

گەر بە چاوێکی وردبینانە و شرۆڤەکارانە و لێزانانە و پێزانانەوە بڕوانینە مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردی، لە سەردەمی ئەحمەدی خانییەوە تا چاخی ئێستا، تاکوتەرا بیرۆکەی وەگەڕخستنی «پڕۆژەی فەرهەنگنووسیی کوردی»، لە بیرگەی زمانناسان و زمانزانانی کورددا گەرای خستووە، بەڵام یەکێک لە دەگمەن پڕۆژەکانی فەرهەنگنووسیی کوردی کە تا ئێستا توانیبێتی لە وارگەی بیرۆکەی گەرا خستنەوە بۆ قۆناغی کردەیی، وەگەڕ و گەڕیان کەوتبێ و بەو جێگەوپێگە دڵئەرخەیانکەر و سەقامگیر و جێگرتووە گەیشتبێ، پڕۆژەی بێمیناکی فەرهەنگنووسیی زارەکیی موکریان ە؛ بەتایبەت کە ئەم فەرهەنگە هەرماوە گەیشتووەتە قۆناغی دوایی و کۆتایی و وارگەی دڵنیایی و بستووی دڵئەرخەیانی، لە بەستێنی داهێنان و ڕۆنان و ئافراندن و خوڵقاندنی فەرهەنگنووسیی گشتگیردا. بەئەوپەڕی دڵخۆشی و گەشە و نەشەوە دەبێ ڕایگەیێنم کە گەمییەوانی فەرهەنگی زارەکیی موکریان بەم دواییە گوژمە، گەمییەکەی لە زەریای بێبنی فەرهەنگنووسی و کەلتوورناسی و زمانەوانیدا و بەسەر شەپۆلە فیتەر و زەبەلاح و باڵکێشەکانی ئەم زەریا زراوتۆقێن و پیرۆزەدا گەیاندە ڕۆخی دڵنیاییی کۆتایی و کەناری ئاکامی پڕپیت و فەڕی دوایی .

ئەو دیاردەیەی وا جێی تێڕامان و ئاماژەیە ئەوەیە کە ئەم پڕۆژەیە هەتا هاتووە هەم لە باری ناوئاخن و کاکڵەوە و هەم لە بواری تویکڵ و ڕواڵەت و دیمەنەوە بەرەژوورتر چووە و هەنگاوی تەرز و بەرزی ناوەتەوە و گەشەونەشەی بەردەوامی بەخۆیەوە بینیوە، بەو نێونیشانەیەی وا لە دواییە بەرگیشدا، هەر وەک هەشت بەرگەکەی پێشوو(واتە بەرگەکانی7 و 8 و 9 و 10و 11و12و13و14)،

جیـــا لەوەی بەهـــۆی بەئەســـتۆگرتنی ئەرکـــی تـــاقەتپرووکێن و دژواری «پێداچوونەوەی زانستی» لەلایەن مامۆستا عەزیز ئالی، وەک پێداچۆرەوەیەکی لێهاتوو و شارەزا و وردبین و پسپۆڕ، نرخ و بایەخی ئەم ئاسەوارە بەپێز و بەهێزە، هێندەی تر بەرزبۆتەوە، هەروەها مامۆستا عەزیز ئالی لە ژێرەوەی بەشێکی زۆر لە ماکە و نێرتکە زمانیەکانی ئەم دواپین بەرگەدا تێبینی و شرۆڤە و لێکدانەوەی وردبینانە و زانستیانە و ڕوونکەرەوە و بەراوردکارانەی لە بواری ڕێزمان و وشەناسی و ڕەچەلەکناسی و ئێتیمۆلۆژیی وشەکان و زاراوەکان بەدەستەوەداوە کە بەبێ پیاهەڵگوتن و «مُجاملە»، جیا لەوە کە نرخ و بایەخ و ئاستی ئەم ئاسەوارەی فرە پێ چۆتە بان، لەلایەکی تریشەوە پتر لە پێشوو ئاستی بەرزی زمانزانی و زمانەوانیی خۆی بە خوێنەری زیت و لێزان و وریا ناساندووە و سەلماندووە. مامۆستا عەزیز ئالی لە ڕاستیدا ئەو بۆشاییەی لەو فەرهەنگەدا پڕکردووەتەوە کە ماوەی نیوسەدە دەبێ لە فەرهەنگە پێشکەوتووەکاندا لە ژێر سەردێڕی «بەکارهێنانی کردەیی(practical usage=) «، وەک بەشێکی پێویستی ڕێزمانی و وشەناسی و ڕەچەلەکناسی، لە ژێر تاقمێک لە ماکە و نێرتکەکان کە پێویستییان بە تێبینی و لێکدانەوەیە، تۆمار دەکرێ.

بڕیار وایە، لەم دوو ساڵەی داهاتووش دا، شەش بەرگەکەی هەوەڵی ئەم فەرهەنگە، واتە بەرگەکانی 1 هەتا 6، ڕێک هەر وەک بەرگەکانی 7 هەتا 15، بە پێداچوونەوەی زمانەوانی و زانستیی مامۆستا عەزیز ئالی، سەرلەنوێ چاپ و بڵاو ببێتەوە.

پێناسە و پرۆفایڵی نووسەر:

_دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان، ساڵی 1973، لە شاری مەهاباد لەدایکبووە؛ ساڵی 1991، دیپلۆمی لە زانستە ئەزموونی_تاقیکارییەکان وەرگرتووە.

ساڵی 1997، بەکالیوریۆسی فیزکاریی زمانی ئینگلیسی، لە زانستگای تەورێز وەرگرتووە. ساڵی 2002، ماستەری زماننناسی لە زانستگای عەللامە تەباتەبایی تاران وەرگرتووە. ساڵی 2022، دوکتۆرای زماننناسی لە زانستگای زەنجان(علوم و تحقیقات)، وەرگرتووە.

_ماوەی 32 ساڵ مامۆستای زمانی ئینگلیسیی قوتابخانە دواناوەندییەکان بووە لە مەهاباد. _هاوکات 23 ساڵ مامۆستای زمانی ئینگلیسی بووە لە زانستگای ئازادی مەهاباد، زانستگای پەیامی نووری مەهاباد و زانستگای پەیامی نووری بۆکان و زانستگای عیلمی_کاربوردی مەهاباد.

_پتر لە 100 وتاری زانستی_لێکۆڵینەوەیی و پتر لە 400 یادداشت، کورتەیادداشت و وتاری ڕۆژنامەوانی لە بوارەکانی زمانناسی، فەرهەنگنووسی، کتێبناسی، کەسایەتیناسی، ڕەخنەی ئەدەبی، مێژوو، وەرگێڕان و... ، بە زمانەکانی کوردی، فارسی، ئینگلیسی نووسیوە و چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە.

_بۆ ماوەی 5ساڵ لە کاناڵی تلەڤیزیۆنی ناوەندی مەهاباد، نووسەر و کارناس و پێشکەشکاری بەرنامەی فەرهەنگی و زمانەوانی و ئەدەبیی«گوڵستان» بووە کە بینەر و بەردەنگێکی ئێجگار زۆری هەبوو.

_هاوکاری کردووە و پێداچوونەوەی زانستی و زمانەوانی کردووە، لە دانانی چەندین پڕۆژەی فەرهەنگنووسی گەورەی کوردی بە کوردی و کوردی بە فارسیدا، لەوانە: فەرهەنگی ڕەنگەکانی پازار لە 9 بەرگدا؛ فەرهەنگی مەڕداری؛ فەرهەنگی حوجرە؛ فەرهەنگی زارگوتنی فارسی بە کوردی و...

_پێداچوونەوەی زانستی کردووە بۆ پتر لە 20 کتێب لە بابەتەکانی مێژوویی، ئایینی، کەلتووری، زمانەوانی.

*** زمانناس و لێکۆڵەر و مامۆستای زانستگا.**

یاسای زمانە فەرمییەکانی نێوان وڵاتانی ئەورووپا و عەرەبی و هەڵوێستی یاسادانەری هەرێمی کوردستانی عێراق

پ.د. کەمال سەعدی مستەفا

پێشەکی

یاسای زمانە فەرمییەکان ئامرازێکی یاساییە کە پێناسەی ئەو زمانانە دەکات کە بە فەرمی لە دەوڵەتێکدا دانپێدانراون و لە دامەزراوە حکومییەکانی و پەروەردە و میدیای فەرمی و مامەڵەی کارگێڕی و دادوەریدا بەکاردەهێنرێن. ڕێکخستنی زمانە فەرمییەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت بە پشتبەستن بە پێکهاتەی دیمۆگرافی و مێژووی سیاسی و ئەو تەحەدایە کولتووری و کۆمەڵایەتیانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. لەم بابەتەدا باس لە چوارچێوەی یاسایی زمانە فەرمییەکان دەکەین لە وڵاتانی ئەورووپا و عەرەبیدا، تیشک دەخەینە سەر لێکچوون و جیاوازییەکانیان.

یەکەم: یاساکانی زمانی فەرمی لە وڵاتانی ئەورووپا

وڵاتانی ئەورووپا ڕێسای یاسایی جۆراوجۆریان هەیە بۆ زمانە فەرمییەکان، ئەمەش بەندە بە سروشتی فرەچەشنی زمانەوانی لە هەر وڵاتێکدا. وڵاتانی ئەورووپا لەم چوارچێوەیەدا دەتوانرێت بەم پۆلانە پۆلێن بکرێن: وڵاتانی تاک زمان بە فەرمی هەندێک وڵات تەنها یەک زمان وەک زمانی فەرمی دەناسن، وەک فەرەنسا کە لە دەستوورەکەیدا هاتووە کە زمانی فەرەنسی تاکە زمانی فەرمییە (مادەی دووەمی دەستووری فەرەنسا).

بەڵام فەرەنسا لە هەندێک ناوچەدا دان بە زمانە ناوچەییەکان دەنێت، وەک باسکی لە باشوور و کەتەلۆنی لە هەندێک ناوچەی وڵات، بەڵام پێگەی فەرمی پێنادات.

وڵاتانی فرە زمان بە فەرمی:

هەندێک وڵاتی ئەورووپی زیاتر لە زمانێکی فەرمی دەناسن، وەک بەلجیکا کە سێ زمانی فەرمی هەیە (هۆڵەندی، فەرەنسی و ئەڵمانی).

سویسرا نموونەیەکی دیکەیە، کە دان بە چوار زمانی فەرمیدا دەنێت (ئەڵمانی، فەرەنسی، ئیتاڵی و ڕۆمانش) و هەموو هاووڵاتییەک مافی ئەوەی هەیە زمانەکەی بەکاربهێنێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیدا.

زمانی ناوچەیی و کەمینەکان:

زۆرێک لە وڵاتانی ئەورووپا بەبێ ئەوەی وەک زمانی فەرمی بیانناسن، پێگەی تایبەت بە زمانە کەمینەکان دەدەن. بۆ نموونە ئیسپانیا کە زمانی ئیسپانی زمانی فەرمی نیشتمانییە، زمانە ناوچەییەکانی وەک کەتەلۆنی، باسکی و گالیسی لە ناوچەکانی خۆیاندا دەناسێت.

هەندێک لە وڵاتان یاسایان هەیە بۆ پاراستنی زمانە ڕەسەنەکان، وەک فینلاند کە هاوشانی زمانی فینلاندی سویدی دەناسێت و مافی قسەکەرانی هەردوو زمانەکە بە یەکسانی دەپارێزێت.

یەکێتی ئەورووپا و فرە زمانەوانی یەکێتی ئەورووپا دان بە 24 زمانی فەرمیدا دەنێت و هەر وڵاتێکی ئەندام مافی ئەوەی هەیە زمانی نەتەوەیی خۆی لە دامەزراوە ئەورووپییەکان بەکاربهێنێت.

دووەم: یاسای زمانی فەرمی لە وڵاتانی عەرەبی

زۆربەی وڵاتانی عەرەبی زمانی عەرەبی وەک زمانی فەرمی خۆیان هەیە، بەڵام جیاوازی هەیە لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ زمانەکانی تر لەناو هەر وڵاتێکدا.

ئەو وڵاتانەی کە زمانی عەرەبی تەنها وەک زمانێکی فەرمی وەرئەگرن دەستووری زۆربەی وڵاتانی عەرەبی باس لەوە دەکەن کە زمانی عەرەبی تاکە زمانی فەرمییە، وەک میسر و سعودیە و جەزائیر و یەمەن.

لەم وڵاتانەدا زمانی عەرەبی لە پەروەردە و ڕاگەیاندن و دەسەڵاتی دادوەری و هەموو مامەڵە فەرمییەکان بەکاردێت.

ئەو وڵاتانەی دان بە زمانەکانی تردا دەنێن جگە لە عەرەبی عێراق زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی دووهەم لە پاڵ زمانی عەرەبیدا دەناسێت، لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستانی فیدرالی.

مەغریب لە دوای هەموارکردنی دەستووری ساڵی (2011)ەوە زمانی بەربەری وەک زمانێکی فەرمی شانبەشانی زمانی عەرەبی ناساندووە و مافی زمانەوانی لە بواری پەروەردە و کارگێڕی و میدیادا بە قسەکەرانی داوە.

سودان (پێش جیابوونەوە) لە هەندێک بواردا شانبەشانی زمانی عەرەبی ئینگلیزیی ناسی، بەڵام دوای جیابوونەوەی باشووری سودان، زمانی عەرەبی بوو بە تاکە زمانی فەرمی.

ئەو وڵاتانەی کە زمانە بیانییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنن بەبێ دانپێدانانی فەرمی هەندێک لە وڵاتانی عەرەبی زمانە بیانییەکان وەک زمانی کارکردن لە هەندێک کەرتدا بەکاردەهێنن، سەرەڕای نەبوونی دانپێدانانی فەرمی. بۆ نموونە زمانی فەڕەنسی لە مەغریب و جەزائیر و تونس بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرێت و لە وڵاتانی کەنداو و لوبنانیش زمانی ئینگلیزی بەکاردێت.

لە لوبنان، فەرەنسی و ئینگلیزی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە بواری پەروەردە و ڕاگەیاندن و ئابووریدا بەکاردەهێنرێن، هەرچەندە لە دەستووردا تەنیا ئەوە هاتووە کە زمانی عەرەبی زمانی فەرمییە.

سێیەم: تەحەددیات و ڕەوتی داهاتوو

1- لە وڵاتانی ئەورووپا مشتومڕ لەسەر پاراستنی زمانە ناوچەییەکان وەک کەتەلۆنی لە ئیسپانیا یان ویلزی لە بەریتانیا بەردەوامە.

کاریگەری کۆچبەری لەسەر هەمەجۆریی زمانەوانی، وەک هەندێک زمانی غەیرە ئەوروپی (وەک زمانی عەرەبی و تورکی) لە هەندێک شارە گەورەکاندا باو بوون.

2- لە وڵاتانی عەرەبیدا گرنگیدان بە پاراستنی زمانە ڕەسەنەکانی وەک بەربەر و کوردی پەرەسەندن بووە، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە هەندێک دەستووردا بە فەرمی ناسێنران.

ڕۆڵی زمانە بیانییەکانی وەک فەرەنسی و ئینگلیزی، لە کاتێکدا هەندێک وڵات ڕووبەڕووی داواکاری دەبنەوە بۆ پێدانی پێگەی فەرمییان لە هەندێک کەرتدا.

یاسای زمانی فەرمی هەر وڵاتێک ڕەنگدانەوەی تێکەڵەیەک لە هۆکارە مێژوویی و سیاسی و کولتوورییەکانە و هاوسەنگی لە نێوان پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و ڕێزگرتن لە فرەچەشنی زمانەوانیدا ڕەنگ دەداتەوە. لە وڵاتانی ئەوروپادا فرە زمانی فەرمی بە پلەی جیاواز زاڵە، لە کاتێکدا لە وڵاتانی عەرەبیدا هێشتا زمانی عەرەبی وەک زمانی فەرمی زاڵە، بە هەندێک ئیستسنای سنووردار.

بەڵام پێشهاتەکان بەرەو داننان بە زمانە ناوخۆییەکان و پێشخستنی فرە زمانەوانی لە هەندێک وڵاتی عەرەبیدا لە زیادبوونداون، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گۆڕانکارییەکانی داهاتوو لە سیاسەتەکانی زماندا.

پابەندبوونی وڵاتان بە جێبەجێکردنی یاساکانی زمانی فەرمی لە کەرتە تایبەتەکانی وەک چێشتخانە، دوکان، کارگە، کۆمپانیاکانی دەرمان، و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕیکلام لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە بە پشتبەستن بە تۆندی یاساکە و میکانیزمی جێبەجێکردنی. سیاسەتی وڵاتان لەم بوارەدا دەتوانرێت بۆ چەند مۆدێلێک پۆلێن بکرێت: 1- ئەو وڵاتانەی کە پابەندبوونێکی تۆند بە بەکارهێنانی زمانی فەرمی دەسەپێنن هەندێک وڵات یاسای تۆندیان هەیە کە پێویستە هەموو کەرتە تایبەتەکان زمانی فەرمی بەکاربهێنن لە هەموو مامەڵەکاندا، لەوانە تابلۆی فرۆشگا، مینیو، ڕیکلامی دەرمان، و میدیا.

فەرەنسا (نموونەیەکی زۆر - یاسای توبۆن 1994): هەموو کۆمپانیاکان بەپێی یاسا پێویستە زمانی فەرەنسی لە ڕیکلام و گرێبەست و بەرهەم و بروشوردا بەکاربهێنن.

ئەو کۆمپانیایانەی یاساکە پێشێل دەکەن، ڕووبەڕووی غەرامە و سزای یاسایی دەبنەوە.

تەنانەت لە کۆمپانیاکانیشدا کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کاردەکەن، گرێبەست و بەڵگەنامە سەرەکییەکان دەبێت بە زمانی فەرەنسی بن.

جەزائیر و مەغریب (ڕەوتی گەشەسەندن بەرەو بڵاوبوونەوەی زمانی عەرەبی و ئەمازیغ): لە جەزائیر یاسا هەیە کە داوا لە دامەزراوەکان دەکات زمانی عەرەبی بەکاربهێنن، بەڵام هێشتا زمانی فەرەنسی بە شێوەیەکی بەرفراوان قسە دەکرێت.

لە مەغریب، بەکارهێنانی زمانی بەربەری شانبەشانی زمانی عەرەبی، بەتایبەتی لە بەڵگەنامە فەرمییەکان و تابلۆی گشتیدا پەرەی پێدراوە.

3-ئەو وڵاتانەی کە سنووردارکردنی بەشەکی یان نەرم و نیان دەسەپێنن هەندێک وڵات داوا لە ڕێکخراوەکان دەکەن کە زمانی فەرمی تەنها لە هەندێک بواردا بەکاربهێنن، وەک بەڵگەنامەی حکومەت یان گرێبەستەکان، بەڵام ڕێگە بە بەکارهێنانی زمانی دیکە دەدەن لە ڕێکلام و هێماکاندا.

کەنەدا (نموونەی فرە زمانەوانی لە بازرگانیدا): لە کیوبیک یاسای زمانی فەرەنسی داوا دەکات زمانی فەرەنسی لە هەموو نیشانە بازرگانییەکان و ڕێکلامەکاندا بەکاربهێنرێت، بەڵام ڕەنگە ئینگلیزی بەکاربهێنرێت بە مەرجێک فەرەنسی زیاتر دیار بێت.

لە باقی کەنەدا یاسای زمان نییە، بەڵام زۆربەی دامەزراوەکان پابەندن بە تێکەڵەیەک لە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی.

عێراق (عەرەبی و کوردی بە نەرمییەکی زۆرەوە):

هەرچەند زمانی عەرەبی و کوردی زمانی فەرمین، بەڵام ئازادییەکی بەرفراوان هەیە بۆ بەکارهێنانی زمانەکانی دیکە لە میدیا و ڕیکلامە بازرگانییەکاندا.

هەندێک کۆمپانیا ئینگلیزی و فەرەنسی بەکاردەهێنن، بەتایبەتی لە بەغدا و هەرێمی کوردستان.

4-ئەو وڵاتانەی سنووردارکردنی توند ناسەپێنن، وڵاتانێک هەن کە مەرج نییە کۆمپانیاکان زمانی فەرمی بەکاربهێنن، ئەمەش دەبێتە هۆی بەکارهێنانی بەربڵاوی زمانی بیانی بەتایبەتی ئینگلیزی.

لوبنان و ئیمارات و وڵاتانی کەنداو: هەرچەندە زمانی عەرەبی زمانی فەرمییە، بەڵام زۆرێک لە کۆمپانیاکان بە ئازادی زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی لە ڕیکلام و چالاکییە بازرگانییەکان بەکاردەهێنن.

لە ئیمارات دەستپێشخەری نوێ هەیە بۆ بەرەوپێشبردنی بەکارهێنانی زمانی عەرەبی، بەڵام هێشتا لەڕووی یاساییەوە پابەندکەر نین.

چۆن پابەندبوون جێبەجێ دەکرێت؟

لەو وڵاتانەی کە یاساکان بە توندی جێبەجێ دەکرێن، ئەمە لە ڕێگەی: غەرامە و سزاکانەوە ئەنجام دەدرێت: وەک لە فەرەنسا و کیوبیک، ئەو کۆمپانیایانە کە پابەند نابن، ڕووبەڕووی سزای دارایی دەبنەوە.

پشکنین و کۆنترۆڵ: لایەنە پەیوەندیدارەکان چاودێری تابلۆ و ڕیکلامەکان دەکەن و دڵنیا دەبن لە پابەندبوون بە یاسا.

هاندان نەک سزا: هەندێک وڵات هاندەری بەکارهێنانی زمانی فەرمین بە پێشکەشکردنی هاندانێکی دارایی بۆ ئەو کۆمپانیایانە کە پابەندن.

پوختەیەک هەندێک وڵات یاسای تۆندیان هەیە کە پێویستە کەرتی تایبەت زمانی فەرمی بەکاربهێنێت، وەک فەرەنسا و کیوبیک.

وڵاتانی دیکە ڕێبازێکی نەرم و نیان دەگرنەبەر، وەک عێراق و کەنەدا (جگە لە کیوبیک).

هەندێک وڵاتی عەرەبی وەک ئیمارات و لوبنان ڕێگە بە بەکارهێنانی بەربڵاوی زمانە بیانییەکان دەدەن لە ڕیکلام و کەرتی تایبەتدا.

میکانیزمەکانی جێبەجێکردن لە نێوان سزاکان، چاودێریکردن، یان هاندانەکانی ئەرێنیدا جیاوازن.

ئایا ئارەزووی نموونەیەک یان وڵاتێکی دیاریکراو دەکەیت بۆ ئەوەی زیاتر دەربارەی سیاسەتەکانی بزانیت؟

مەترسی پابەندنەبوون بە یاسای زمانە فەرمییەکان و پەیوەندییەکەی بە ئاسایشی نیشتمانییەوە:

پابەندنەبوون بە یاسای زمانە فەرمییەکان لەوانەیە چەندین مەترسی بەدوای خۆیدا بهێنێت، لە کاریگەریکردن لەسەر ناسنامەی نەتەوەییەوە تا هەڕەشەکردن لەسەر ئاسایشی نیشتمانی وڵاتێک. لە خوارەوە شیکارییەک بۆ گرنگترینی ئەم مەترسیانە و پەیوەندییان بە ئاسایشی نەتەوەییەوە دەخەینەڕوو :

یەکەم: کاریگەری لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی و کولتووری هەڵوەشاندنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی زمانی فەرمی توخمێکی بنەڕەتیە لە بنیاتنانی ناسنامەی نەتەوەیی و پابەندنەبوون پێیەوە ڕەنگە ببێتە هۆی وەرینی هەستی سەربەخۆیی

نەتەوەیی، بە تایبەت لەو وڵاتانەی کە ڕووبەڕووی ئاستەنگەکانی پەیوەست بە هەمەجۆریی زمانەوانی دەبنەوە.

بڵاوبوونەوەی زمانی بیانی لەسەر حیسابی زمانی فەرمی، کولتووری نەتەوەیی لە بەرژەوەندی کولتوورە بێگانەییەکان لاواز دەکات، ئەمەش کاریگەری لەسەر بەهاکان و یەکگرتوویی کۆمەڵگا دەبێت.

لاوازکردنی پێگەی زمانی نەتەوەیی کاتێک زمانی فەرمی لە بوارەکانی وەک پەروەردە و ڕاگەیاندن و بازرگانیدا کەم دەبێتەوە، کۆمەڵگا زیاتر وابەستەی زمانە بیانییەکان دەبێت، ئەمەش مەترسی لەسەر توانای درێژخایەنی زمانی ڕەسەن دروست دەکات.

ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی کە نەوەکان نەتوانن بە شێوەیەکی کارا مامەڵە لەگەڵ زمانی دایکی خۆیان بکەن و پەیوەندی ناوخۆیی نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لاواز بکات.

دووەم: کاریگەری لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و سەروەری نەتەوەیی

دروستکردنی کەلێنی نێوان هاوواڵتیان و دەوڵەت کاتێک دەوڵەتێک زمانێکی فەرمی بەکاردەهێنێت کە کەرتی تایبەت یان میدیا پابەندی نییە، هەندێک هاوواڵتی هەست بە دوورخستنەوەی زمانەوانی دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی پەرەسەندنی گرژییە کۆمەڵایەتییەکان.ئەم دابەشبوونە زمانەوانییە ڕەنگە لەلایەن ئەکتەرە ناوخۆییەکان یان دەرەکییەکانەوە بۆ هاندانی ململانێی ناوخۆیی یان پێشخستنی مەیلی جوداخوازی بقۆزرێتەوە.

وابەستەیی زمانەوانی بە وڵاتانی بیانی بەکارهێنانی زمانە بیانییەکان لە بوارە ئابووری و زانستی و بازرگانییەکاندا وادەکات وڵاتێک زیاتر وابەستەی ئەو وڵاتانە بێت کە ئەو زمانانە قسە دەکەن، بەمەش سەربەخۆیی کولتووری و سیاسی کەم دەبێتەوە.

لە هەندێک حاڵەتدا ڕەنگە سیاسەتی پەروەردەیی یان ئابووری بسەپێنرێت کە زمانێکی بیانی لە زمانی نەتەوەیی کاریگەرتر بکات و سەروەری دەوڵەت بەسەر دامەزراوەکانیدا لاواز بکات.

هەڕەشەی ئاسایشی زانیاری و تەکنەلۆژی پابەندنەبوون بە زمانی فەرمی لە دامەزراوە حکومییەکان و کەرتی تایبەتدا، وڵات زیاتر بەرەوڕووی پێشێلکارییە ئەمنییەکان دەکاتەوە، بەتایبەتی لە بواری داتا و زانیاری ستراتیژیدا.

بـــۆ نمـــوونه ئەگەر زۆربەی ئەو نەرمەکـــاڵا و سیســـتەمانەی کە لە بـــانکی و پەیوەندییەکان و ئیدارەی حکومەتدا بەکاردەهێنرێن، لەسەر بنەمای زمانە بیانییەکان بن، ئەوا لەوانەیە لەلایەن لایەنی سێیەمەوە کۆنترۆڵ بکرێن.

لاوازکردنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و زیادبوونی مەیلی جیاکاری لەو وڵاتانەی کە چەندین پێکهاتەی زمانەوانییان هەیە، پابەندنەبوون بە یاساکانی زمانی فەرمی ڕەنگە مەیلی جیابوونەوە پەروەردە بکات.

نموونەی ئەمەش گرژی زمانەوانییە لە ئیسپانیا (کەتەلۆنیا) یان بەلجیکا (لە نێوان فلاندەرز و فەرەنسی)دا، کە پرسی زمان ڕۆڵی هەبووە لە سووتاندنی ململانێ سیاسییەکان.

سێیەم: کاریگەری ئابووری و کارگێڕی لاوازکردنی کارایی ئیدارەی حکومەت

ئەگەر دامودەزگاکانی حکومەت پابەند نەبن بە بەکارهێنانی زمانی فەرمی، ئەمە ڕەنگە ببێتە هۆی گرفتی پەیوەندی نێوان حکومەت و هاووڵاتیان و لاوازبوونی ئەدای کارگێڕی و کاریگەری لەسەر کوالێتی خزمەتگوزارییە گشتییەکان.

لە هەندێک وڵاتدا کە پێویستیان بە بەکارهێنانی زمانی فەرمی نییە لە گرێبەست و ڕێککەوتنەکانـــدا، ڕەنـــگە نـــاکۆکی یاســـایی بەهـــۆی مەرجە ناڕوونەکـــانی بەکارهێنراوەوە سەرهەڵبدات.

ڕێگریکردن لە گەشەسەندنی زانستی و پەروەردەیی پشتبەستنی زۆر بە زمانە بیانییەکـان لە خوێندنی بـاڵا و تـوێژینەوەی زانسـتیدا ئەکادیمییەکـان لە کۆمەڵگـا دادەبڕێت و زانیـاری سـنووردار دەکـات بـۆ ئەو کەسـانەی کە شـارەزای زمـانە بیانییەکانن.

ئەمەش وا دەکات گواستنەوەی زانست بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا قورس بێت، توانای بەدەستهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام لاواز دەکات.

چوارەم: نموونەی کاریگەری زمان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی فەرەنسا و یاسای توبۆن

فەرەنسا یاسایەکی تۆندی سەپاند کە پێویستی بە بەکارهێنانی زمانی فەرەنسی بوو لە هەموو بوارەکاندا، بە ئامانجی بەرپەرچدانەوەی هەژموونی کولتووری و ئابووری ئینگلیزی و پاراستنی شوناسی نەتەوەیی.

ئیسـرائیل و یاسـای نەتەوە و دەوڵەت ئیسـرائیل یاسـایەکی دەرکـرد کە زمـانی عیبری کردە تاکە زمانی فەرمی، سەرەڕای ئەوەی ڕێژەیەکی زۆر لە عەرەبەکان بە

زمـانی عەرەبـی قسـە دەکەن، ئەمەش مشـتومڕی لەسـەر پەراوێزخسـتنی زمانەکانی دیکە و کاریگەرییەکانی لەسەر پەیوەندییە ناوخۆییەکان دروستکرد.

عێـراق و مەغریـب و دانـان بە زمـانە کەمینەکـان دانپێدانانی زمـانی کـوردی لە عێـراق و بەربەری لە مەغریـب لە چوارچێـوەی پاراسـتنی یەکڕیزیـی نەتەوەیـی و پێشـگرتن لە ململانێـی زمـانەوانی هـاتە ئـاراوە کە دەتـوانێ دووبەرەکـی نـاوخۆیی لێبکەوێتەوە.

دەرەنجام: بۆچی پابەندبوون بە یاسای زمانە فەرمییەکان گرنگە؟

پاراستنی سەروەری نەتەوەیی و پتەوکردنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی.

ڕێگـرتن لە دەسـتێوەردانی دەرەکـی و کەمکـردنەوەی وابەسـتەیی زمـانەوانی و کولتووری بە وڵاتانی دیکە.

پێشخسـتنی سـەربەخۆیی زمـانەوانی و تەکنەلـۆژی، و پاراسـتنی ئاسایشـی زانیاری.

دووربـکەونەوە لە مەیلـی جوداخـوازی و سـەقامگیری شوناسـی نەتەوەیـی مسۆگەر بکەن.

بـۆیە پابەندبوون بە یاسـای زمـانە فەرمییەکان تەنیـا پرسـێکی کولتـووری نییە، بەڵکو پرسێکی سەروەری و ئەمنییە کە کاریگەری لەسەر سـەقامگیری و داهـاتووی دەوڵەت هەیە.

یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق :

یاسـای زمـانە فەرمییەکـان لە هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق کە بە یاسـای ژمـارە (٦)ی سـاڵی ٢٠١٤ ناسـراوە وەک هەمـوارکراوەتەوە، چوارچێـوە یاسـاییەکانی بەکارهێنانی زمانەکان لە نـاوچەکەدا دیـاری دەکـات. بە پێی ئە م یاسـایە لە هەموو داموده زگاکانی هەرێمدا زمانی کوردی و عەرەبی بە زمانی فە رمی دادە نرێت.

جگە لەوەش، یاساکە مافی بەکارهێنانی زمانەکانیان وەک زمانی فەرمی لەو یەکە ئیداریانەی کە زۆرینەی دانیشـتووانیان تێدا پێکدەهێنن، دەداتە نەتەوەکـانی دیکە، وەک تورکمـان، سـریانی و ئەرمەنـی. ئەمەش لە ڕێگەی ڕیفراندۆمێکی نـاوخۆییەوە ئەنجام دەدرێت کە تێیدا دانیشتووان بڕیار دەدەن زمانی خۆیان شانبەشـانی زمـانی کوردی وەک زمانی فەرمی بازرگانی ناوخۆیی وەربگرن.

ئەم یاسایە ئامانجی پێشخستنی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و داننان بە فرەچەشنی کولتووری و زمانەوانییە لە هەرێمی کوردستان، هاوکات دەستەبەرکردنی مافی هەموو پێکهاتەکان بۆ بەکارهێنانی زمانەکانیان لە بواڕە پەروەردەیی و کارگێڕییەکاندا.

بەڵام لە ئەرزی واقیعدا، ئەم یاسایە لە هەرێمی کوردستان وەکو پێویست کاری پیناکرێت، زۆربەی تابلۆی فرۆشگاو کۆگاو مۆڵ و مارکێت و هوتێل و پڕۆژە بازرگانی و گەشتیارییەکان تەنانەت زانیاری دەرمان و ناوی دەرمانەکانیش تا دەگاتە ناوی منداڵەکانیش بە زمانی بێگانەو عەرەبی نووسراونەتەوە بە چەشنێک دەتوانم بڵێم بوونەتە هەڕەشە لە سەر ئەمنی قەومیمان و زمانی کوردی کە لە هەرێمی کوردستان زمانی کوردییە و بە پێی دەستووری عێراقی زمانی فەرمییە، خەریکە لەناودەچێت.

ئەم پەتایە زانکۆکان و سەنتەرە ئەکادیمی و زانستییەکانیشی گرتۆتەوە.

سەرچاوەکان:

"*Language Policy in the European Union"
Author: Nikolaos Gouboulis
Publisher: Springer
Published: 2004.
"*Language and National Identity in Africa"
Author: Alexander K. Bolton
Publisher: Oxford University Press
Published: 2008.
"*Language Policy and Language Planning: From Nationalism to Globalization"
Author: Susan Wright
Publisher: Palgrave Macmillan
Published: 2004.
"*Language Planning and Policy in Europe"
Editors: Robert B. Kaplan and Richard B. Baldov
Publisher: Multilingual Matters

Year of Publication: 2008

"*Language Policy in the Arab World"

Author: Abdullah Al-Jubouri

Publisher: Dar Al-Fikr Al-Arabi

Year of Publication: 2010

"*The Politics of Language: Conflict, Identity, and Cultural Pluralism in Comparative Perspective"

Author: Abdi Iskandar

Publisher: Routledge

Year of Publication: 2013

"*Language Policies in Education: Critical Issues"

Author: James W. Tilly

Publisher: Routledge

Year of Publication: 2002

"*Language and Minority Rights: Ethnicity, Nationalism, and the Politics of Language"

Author: Stephen May

Publisher: Routledge

Year of Publication: 2001

"*Language Policy and Political Development"

Author: Brian Webber

Publisher: Lexington Books

Year of Publication: 2011

"*Language and Politics in the Middle East"

Author: Yasser Suleiman

Publisher: Oxford University Press

Year of Publication: 2004

"*لغة الأمة ولغة الأم: عن واقع اللغة العربية في بيئتها الاجتماعية والثقافية"

الكاتب: عبد السلام المسدي

دار النشر: المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات

سنة النشر: 2013

"*Linguistic Europe"

Author: Group of Authors

Publisher: British Council

Year of Publication: 2011

"*الدساتير العربية واللغة"
الكاتب: مجموعة مؤلفين
دار النشر: المؤتمر الدولي للسياسات اللغوية
سنة النشر: 2016
"*اللغة العربية في إريتريا... صراع هوية ووجود"!
الكاتب: مجموعة مؤلفين
دار النشر: قراءات إفريقية
سنة النشر: 2023
*اللغات الرسمية والسياسات اللغوية في الدول المتعددة الثقافات
- الكاتب: د. علي عبد الوهاب محمد
- دار النشر: مركز الدراسات السياسية والدولية، بغداد
- سنة النشر: 2018

*السياسة اللغوية في الدول العربية بين الوحدة والتنوع
- الكاتب: د. محمد عابد الجابري
- دار النشر: مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت
- سنة النشر: 2015

*اللغات الرسمية في الدساتير العربية: دراسة مقارنة
- الكاتب: د. هيثم الكسار
- دار النشر: المعهد العربي للبحوث والدراسات الاستراتيجية، القاهرة
- سنة النشر: 2019

*حقوق الأقليات اللغوية في القانون الدولي والدساتير الوطنية
- الكاتب: د. نوري عبد الرحمن
- دار النشر: دار الزمان، دمشق
- سنة النشر: 2017

*اللغات الإقليمية في أوروبا: دروس مستفادة للعالم العربي
- الكاتب: د. إبراهيم أحمد
- دار النشر: دار الفكر، بيروت
- سنة النشر: 2020

*اللغة والقانون في الشرق الأوسط
- الكاتب: د. رشيد الخيون
- دار النشر: دار الجمل، بيروت
- سنة النشر: 2018

زمانکوژی و نکۆڵیکردن لای
" دانینگ-کرۆگەر " و هەڵەفەڕەکانی کورد

د. کازیوە سالّح

سیری سورەیا ئۆندەری تورک دەڵێت: کوردێک دەتوانێت ببێت بە سەرۆک؛ بە سەرۆک وەزیران؛... بەڵام کورد ناتوانێت ببێت بە کورد.
کوردیش دەڵێت : لە بەر ئەوەی گۆڤاری گەلاوێژ و هاوکاری و ئاسۆ و ڕەنگین لە عێراقدا هەبوو، چەند شاعیرێک توانیویانە شیعر بڵاوبکەنەوە، مانای ئەوەیە کورد لە عێراقدا تووشی جینۆسایدی زمانەوانی نەبووەتەوە!

پوختە:

زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی ڕووبەڕووی دووبەرەکانێتری جینۆسایدبوون بووەتەوە لە هەموو بەشەکانی کوردستانی پارچەکراوەدا. لە ڕووی مێژووییەوە، ئەوەندەی پاراستن و هێشتنەوەی زمان میتۆدی جیاواز و هەنگاوی شۆڕشگێڕانە و نیشتمانپەروەرانەی دەوێت ؛ زۆر زیاتر ڕێگەی جیاواز لە لایەن داگیرکاران و زمانکوژانەوە کارا دەکرێت بۆ زیندووکردنەوەی زمانی کوژراو هێشتنەوەی کاریگەرییە سەختەکانی زمانکوژی لە سەرشوناس و لایەنی دەروونی و سیاسی وکۆمەڵایەتی قسەکەرانی ئەو زمانە. بەڵام هەندێجار زمانکوژراو خۆی خۆبەخۆ یان بێئاگا و بەئاگا هاوکاری بکوژ دەکات لە پرۆسەی زمانکوژی و پاشانیش لە پرۆسەی زیندووکردنەوەی کاریگەرییەکانی لە نێو کۆمەڵگەدا. ئەم وتارە باسی یەکێک لە ئەو میتۆدانە دەکات بەرهەمهێنانی کارەکتەرێکی دانینگ-کرۆگەری__لایەنگیری و هەڵفەڕی هەندێک لە نێوان درۆ و خۆگەورەبینیدا، یان نەزانی خۆ بەزلزان، کە ڕۆڵی کارا دەگێڕێت لە بڵاوکردنەوە و بەرهەمهێنانی نەزانی. لەم ڕوانگەیەوە دوو مشتومڕ خراونەتەڕوو، یەک: نەزانی خۆ بەزلزان تەنها بەرهەم هێنانەوەی ڕەوایەتی بە جینۆسایدەکانی ڕابردوو نادات، بەڵکو نکۆڵیشیان لێ دەکات، نکۆڵیکردنیش ترسناکترین میتۆدی جینۆسایدە. دوو: جەخت لە سەر ئەو بۆچوونە دەکاتەوە، کە بوونی ئەم جۆرە کارەکتەرە لەپاش ڕزگاربوونی نەتەوەیەک واتای بوونی دەستەواژەکەی فرانز فانوون(١٩٦١) بۆرژوازی وەکو نوێنەری داگیرکار' دەگەیەنێت. ڕاڤەی دوو کەیسی زیندووهاوکاری سەلماندنی ئەم مشتومڕە دەکەن.

وشە کلیلەکان: زمانکوژی، کۆڵۆنیالیزم، بەرهەمهێنانی نەزانی ،خۆ-نکۆڵیکردن، ڕەزامەندی خۆبەخۆ

پێشەکی

مردنی زمان بەهۆی ئاسمیلەکردن/ توانەوەی زۆرەملێ، یان توانەوە لە نێو کولتووری هەژموونەگردا لە سەرانسەری جیهاندا تۆمارکراوە. نموونە ئەوانە: **یوچی[11]–لە ئەمریکا ،زمانی هاوولاتیانی ڕەسەنی یۆچی بوو؛ گۆتیک لە ئەوروپا، بە تایبەت ئەڵمانی[12]؛ مانچو لە چین؛[13]لیڤۆنی .یەکێک لە زمانە فینۆ-یوگریک بوو، [14]کە لە لاتڤیادا قسەی لەسەر دەکرا [15] قیبتی (وەک زمانێکی قسەکردن) – میسر (بە عەرەبی جێگەی گرتووەتەوە، وەک زمانێکی لیتۆرگی ماوەتەوە)[16] زمانی کوردیش چەندین زار ، بنزار و شێوەزاری کوردی یان لە ناوچوون یان بەشێکیان تواونەتەوە لە نێو زمانەکانی دیدا. لەوانە ، لەکی، شکاکی، گۆتی ،Hittite، ئەو کرمانجییە لە ناوچەی ئەناتۆل بەکارهاتووە، بەشێکی هەورامی لە سۆرانیدا تواوەتەوە، بەشێکی زازایی لە کرمانجیدا تواوەتەوە.**

بەڵام زمانی کوردی هەموو چەشنەکانی لە ناوچوونی تاقیکردوەتەوە لە جینۆسایدی زمان، توانەوەی زۆرملێ و توانەوە بە هۆی هەژموونی کولتوورییەوە لەگەڵ زمانی داگیرکارانی کوردستاندا، هەتا توانەوەی ناوخۆیی نێوان زمان و هەندێک لە زارە کوردییەکان. ئامانجی ئەم وتارە باسکردنی توانەوەی ناوخۆیی زمانی کوردی نییە، بەڵکو ئاماژەیە بە ڕەوایەتیدان بە زمانکوژی زۆرەملێ، واتە جینۆسایدی زمانەوانی، کە بەپێی بەندەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٤٨دا پەسەندکراوە، وەکو جینۆساید هەژمار دەکرێت. لە بەر ئەوەی چەندجاری دیکە بە ئینگلیزی لەسەر زمانکوژیم نووسیوە و هەندێک وەرگێڕدراوە بۆ کوردی و[17] هەروەها باسم لە کاریگەری ئایدۆلۆژی ئیسلامی و چەپ کردووە لە مەسەلەی دنەدانی ڕەوایەتیدان بە جینۆسایدی زمانی کوردیدا. ئەم بابەتە تەرخانە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ڕەوایەتیدان بە زمانکوژی لە ڕێگەی ڕەفتاری دانینگ-کرۆگەری

11**Yuchi**
12**Gothic**
13**Manchu**
14David Crystal, Language Death (Cambridge: Cambridge UP, 2000)
15**Livonian**
16Coptic
17Salih, K. (2019). Kurdish linguicide in the "Saddamist" state. Genocide Studies International, 13(1), pp. 34–51. University of Toronto Press.

و[18] بـاڵاڕاگرتنی نەزانـی کە زۆرجـار دەبـن هابیتەسـی تـاک و درێـژدەبنەوە بـۆ جومگەکانی دی کۆمەڵگە.

بەڵام لەبەر ئەوەی دیـاردە کۆمەڵایەتییەکـان لە دەرەوەی دیـاردە و خواسـتە سیاسییەکان نین، ئەم وتـارە سـەیری ئەو دۆخە سیاسـیەش دەکـات کە ڕێگە دەدات بەرهەمهێنانەوەی فۆرمەکانی جینۆساید و ڕەوایەتیدان و نکۆڵیکردنی ڕووبدەن. ئەو ژیـنگە سیاسـییەش دوانـن، یەکێکیـان لە سـەردەمی داگیرکـاری وژیـانکردنە لەگەڵ کۆڵۆنیـالیزمی نیشـتەجێ، ئەوەی دییـان پـاش قۆنـاغی ڕزگـاری دێـت ،تەنهـا ئەگەر فەرمانڕەوایەتی ئەو قۆناغە خزمەت بە داگیرکار بکـات، واتە وەکو فـانوون دەڵێت بۆرژوازی نوێنەری داگیرکـار بێت، ئەگینـا بەروارد بە هەر وڵات و نەتەوەیەکی بێ وڵاتیش کە وەکو کورد چەوسابێتەوە لە سەد ساڵی ڕابردوودا ئەم دیـاردەیە تەنهـا لە ناو کورددا هەیە، سەد ساڵ بەر لە ئێستا لە ناو ئەفریقیەکانیشدا هەبووە.

پـاڵنەری ئەم بـژارە دەستنیشـانکراوە ئەوەیە لە سـاڵانی ڕابـردوودا دوو گەنجـم بینـی دەیانویسـت لە سـەر لینگۆسـاید یـان جینۆسـایدی زمـانەوانی بنووسـن، بەڵام هێندە بە هەڵە لێێ تێگەشتبوون کە نووسینەکەیان لە بری سـوود زیـانی بە کـورد و زمانەکەی دەگەیەنێت. ئەوان وا تێگەشتبوون لەبەر ئەوەی چەند گۆڤارێکی کوردی هەبـووە، چەنـد کتێبێـک چـاپکراوە مانـای ئەوەیە کـورد کە عێراقـدا ڕووبەڕووی جینۆسایدی زمانەوانی نەبووەتەوە. سەرچاوەی زانیارییەکانیان دوو کەس بوون کە بەشـی مامۆسـتای کۆنیـان تەواوکـردووە و هـیچ پەیوەنـدی و تێگەشـنێکیان لەم بابەتەدا نییە. لەوە خراپتریش کۆنەبەعسی بـوون. ئاسـاییە گەنجێک بکەوێتە هەڵەوە لە تێگەشـتندا و لەگەڵ هەڵکشـانی تەمەنـدا پسـپۆڕی وەربگرێـت ، بەڵام پرسـیاری خوازراو ئەوەیە، لە چ جۆرە سیاسەتێکدا نکۆڵی لە تێگەشتن و پەرەسەندنی هـزری گەنـج دەکرێـت، تاکەکـانی وەکـو ئەو دوو گەنـجە، لە تەمەنـی ٢٥ سـاڵێدا هێشـتا لە مێـژووی ئـازاری گەلەکەی خـۆی تێنەگەشـتووە؟ کـام ژیـنگە سیاسـییە ڕێـگە بە کۆنەبەعسی و تاکی نەشیاو و نەزانی خۆ بەزلزان دەدات لە جۆرە پۆستێکدا بێت، سی ساڵ پاش بە دەستهێنانی ئازادی هێشتا بتوانێت بەرنامە و کولتووری بەعس لە نێو کۆمەڵگەکەیدا بژێنێتەوە؟

18 Dunning, D., & Kruger, J. (1999). *Unskilled and unaware of it: How difficulties in recognizing one's own incompetence lead to inflated self-assessments.* Journal of Personality and Social Psychology, 77(6), 1121–1134.

لە توانای تاکە وتارێکدا نییە هەموو لایەنەکانی ئەو دوو پرسیارە و هەردوو لایەنی بێ ئاگایی و بە ئاگایی وێژدانی کوردی سەبارەت بە دۆزی جینۆسایدی زمانەوانی بە سەر بکاتەوە، بە ئومێدی ئەوەی لە دوو بابەتی جیاوازدا هەمووی ڕاڤە بکرێت. بۆیە ئەم بابەتە زیاتر متمانە دەخاتە سەر کردار و ئاکارانەی بە ئاگاوە ئەکرێن. واتە جەختی ئەم بابەتە زیاتر لە سەر هۆکارەکانی بە مەبەست نەبینی جینۆسایدی زمانی کوردییە، لەلایەن کورد خۆییەوە ، یان زمانکوژراو.

میتۆدۆلۆژی

ئەم بابەتە متمانە دەخاتە سەر شێوازی چۆنایەتی فرە ڕەهەند و شیکاری گوتاری ڕەخنەیی، کە شێوازێکە بۆ شیکردنەوەی زمان و تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی دەق و گفتوگۆکان پەیوەندییەکانی دەسەڵات، وەکو پلەبەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئایدۆلۆژیاکان و بەهێزکردنی. بەدواداچوون بۆ شێوازەکانی بەکارهێنانی زمان دەکات کە دەبن بە هۆی دروستکردن و بەردەوامکردنی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و گریمانە شاراوەکان ئاشکرا دەکات.[19] بۆ ئەم مەبەستەش دوو کەیس لە کۆمەڵێک لە کۆمەڵێک گروپی تۆێژینەوە و گفتووگۆی گروپی سەلێکراو کە بۆ ماوەی سااڵێک چاودێریم کردوون بە کار هێناوە. ژمارەی بەشداربووانی ئەم دوو کەیسە ١٠ دە کەسن و شەش کەس لە کەیسی یەکەمدا و چوار لە دووەمدا. جگە لە باشووری کوردستان، دوانیان لە بنەمادا خەڵکی ڕۆژهەاڵتن، چوار کەسیان لە دەرەوەی کوردستان دەخوێنن، بە مەبەستی تێگەشتن لە کارلێکەری تاکی کورد لە دەوری پرسێک، داینامیک گروپ، کۆدەنگی و ناکۆکی و بەدواداچون بۆ بابەتێکی ئااڵۆز یان هەستیار وەکو جینۆسایدی زمانەوانی. لایەنی تیوریش، بۆ کورت ڕاگرتنی بابەتەکە، لەگەڵ ژێرناونیشانەکاندا ڕاڤە دەکرێت.

بابەتەکە سەرەتا ئاماژە بە پێناسەی زمانکوژی یان جینۆسایدی زمان دەکات[20] و پاشان لێکدانەوە بۆ دەستەواژەی دانینگ-کرۆگەر لە بەرهەم هێنانەوەی

19Skutnabb-Kangas, T. (2000). *Linguistic Genocide in Education – or Worldwide Diversity and Human Rights?* Mahwah, NJ: Lawrence Erlbaum.

٢٠سااڵنێکی زۆر ئەوانەمان لە سەر کەیسی جینۆساید کارمان دەکرد، داد و بێدادمان بوو لە سەر ئەوەی کورد تێ بگەیەنین کە جینۆساید ژمارە نیە، کە جینۆساید مانای ئەوە نیە کە بە کۆمەڵ سەدەهامرۆڤت لێ

زمانکوژی دەکات، جگە لە ڕاڤەکردنی کەیسەکان، ئەم بابەتە ڕووناکی دەخاتە سەر هەندێک لە کاریگەرییە خراپەکانی کارەکتەری دانینگ-کرۆگەر لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی.

جینۆسایدی زمانەوانی و پرۆسەی کوشتنی زمان چیە؟

پسپۆڕی فنلەندی تۆڤێ سکوتناب-کانگاس (1940- 2023)کە یەکێک لە باشترین کەسەکانی بواری زمانناسی و وەرگری خەڵاتی لینگواپاکس کە دەدرێت بەو تاک و ڕێکخراوانەی بەشداریيە نایابیان لە مەسەلەی زمانەوانی و پێشخستنی پەروەردەی زماندا هەیە. لە کتێبەکەیدا جینۆسایدی زمانەوانی لە پەروەردەدا – یان هەمەجۆریی جیهانی و مافەکانی مرۆڤ (2000) کە ڕێککەوتننامەی جینۆسایدی نەتەوە یەکگرتووەکان، (1948) هەروەها جارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافەکانی گەلانی ڕەسەن کە لە ساڵی ٢٠٠٧ دا پەسەندکرا، بۆ چوارچێوەی زمانەوانی بەکاردەهێنێت و دەڵێت ڕەتکردنەوەی خوێندن بە زمانی دایک جۆرێکە لە جینۆسایدی کولتووری. پاشان لە میانەی چوار خاڵی سەرەکییەوە پێناسەی جینۆسایدی زمانەوانی دەسەلمێنێت، بە بڕوای سکوتناب-کانگاس، جینۆسایدی زمانەوانی کاتێک ڕوودەدات کە: ١-سیاسەتەکانی دەوڵەت زمانە ڕەسەنەکان قەدەغە بکەن، یان دەڵەDiscourage کورد کردویە بە بێ ئومێدکردن، لێرەدا شکاندن و هانەدان دەکات._لەم خاڵەدا نەک تەنها حکومەتی عێراقی، بەڵکو لە ناوچەکەشدا حکومەتێک، دەسەڵاتێک نادۆزینەوە هانی زمانی کوردی بدات. ٢-بە دەرکردنی زمانی دایک لە سیستەمی پەروەردەدا – منداڵان ناچارن پەروەردە تەنیا بە زمانی باڵادەست وەربگرن، ئەمەش ڕێگریيان لێدەکات کە توانا زمانەوانی و مەعریفیەکانیان بە زمانی زگماکی خۆیان بە تەواوی پەرەپێبدەن.

٣-بە تێکچوونی گواستنەوەی زمانی نێوان نەوەکان – ئەگەر ڕێگری لە منداڵان بکرێت لە فێربوونی زمانی باوباپیرانیان، ئەوا دەتوانێت لە ماوەی چەند نەوەیەکدا

کوژرابێت بۆ ئەوەی ڕەوایەتی پێ بدەیت جینۆساید کراویت؛ جینۆساید یەک ژمارە نیە ، دوو تەنها کوشتن نیە ، ئێستاش بە هەمانگیژاوداین کورد تێ بگەیەنین لینۆساید یان زمانکوژی ئەوە نیە ئەو تێنێ گەشتووە . بۆیە، لە گەڵ ئەوەی لە بابەتەکانی ترمدا ئەم کارەم کردووە، ئەم وتارە شدا دووبارەم کردووەتەوە.

بمرێت. وەکو زمانی ئەم نەوەی دوای ڕاپەڕین کە باسمان کرد، و زمانی میدیای ئەمڕۆمان.

٤-کەمکردنەوەی زمان و پەیوەستکردنی بەهەستی بە کەمزانی: واتە گێڕانەوەی کۆمەڵایەتی زمانە کەمینەکان وەک دواکەوتوو یان نەگونجاو بۆ بەکارهێنانی مۆدێرن نیشان دەدەن، ئەمەش فشار دەخاتە سەر قسەکەران کە وازیان لێبهێنن [٢١].

لە گەڵ ئەوەی زمانی کوردی کە سەر بە بنەماڵەی زمانی هیندۆئەوروپییە، لە پلەی ٤٠هەمین زۆرترین قسەکردنەزمان لە جیهاندا[٢٢]. تەنها لە ڕووی سیاسییەوە نا، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و زانستیشەوە بە کەم نرخێنراوە بوونی ئەم دیاردەیەش هەر خۆی لە بنەمادا هەڵقۆڵای کولتووری جینۆسایدە کە سەدان ساڵە و لەو سەردەمەی دەسەڵاتی داگیرکەرانی کورد لەسەر پشتی حوشترێک و هێزی چەند عەشیرەتێک کە پیشەییان چەتەگەریی بووە هەتا ئەمڕۆ ئەم کولتوورە بوونی هەبووە. بۆ نموونە، بە ناوی لێژنەی زانستییەوە بۆ میتۆدی خوێندن، بە بیانووی ئەوەی زمانی کوردی زمانی قورئان نییە، زمانی عەرەبی پیرۆزە چوون زمانی قورئانە بە چەندان شێوە لە ڕابردوو و ئێستادا لە لایەن بکوژانی زمانی کوردی و یاوەرە و دواکەوتە کوردەکانیان، زمانی کوردی نابووت کراوە و لە میتۆدی خوێندن دەرهێنراوە[٢٣] . لە سەردەمی ڕژێمی پەهلەووە هەتا ئەمڕۆ، زمانە نا فارسییەکانی بە کوردیشەوە بە شێوەزاری "دێهات" یان "دواکەوتوو" ناوزەد کراوە نەک زمانێکی ڕەوایەتی پێدراو؛ هەتا ئەمڕۆش، کە خەوتووترین کۆمەڵگە جیهانییەکان بە خەبەر هاتوون، ژمارەیەکی زۆر ئێرانی[٢٤] پێی شەرمە بە کوردی قسە بکات، دەڵێت " زمانی کلاس نییە" مەبەستی زمانی چینی باڵانییە،، بۆ ئەوەی کڵاس بێت بە فارسێک قسە دەکات لێوان لێوە لە وشەی کوردی و عەرەبی.

لە تورکیادا، زۆر بەر لە ئێستاو، زمانی کوردی بە تورکی شاخی مۆرکراو هێندە قێزون بووە لایان ، ئەم بەستەیان لە سەر داناوە:

---

21 Skutnabb-Kangas, 2000

22 Gunter, M. M. (2011). *The Kurds Ascending: The Evolving Solution to the Kurdish Problem in Iraq and Turkey*. Palgrave Macmillan.

23 Salih, K. (2019). Kurdish linguicide in the "Saddamist" state.

24 Salih, K. (2024). Genocide culture: Cultural habitus, ethnic engineering and religious doxa. Abingdon, London & New York: Routledge.

Arabic is the Alpha and Omega :
Persian is (as sweet as) sugar ,
Turkish is a work of art ,
Kurdish is a donkey's fart[25] .

عەرەبی ئەلفا و ئۆمیگا" واتە زمانی عەرەبی بە سەرەتا و کۆتایی، یان کۆتا و تەواوترین زمان دادەنرێت، دەستەواژەی "ئەلفا و ئۆمیگا" لە ئەلفوبێی یۆنانییەوە هاتووە، کە ئەلفا (A) پیتی یەکەمە و ئۆمیگا (Ω) کۆتا پیتە.

فارسی (هێندەی) شەکر شیرینە،
تورکی کارێکی هونەرییە،
کوردی تڕی کەرێکە. [٢٦]

ئەگەر سەیری ئەو پێناسانەی جینۆسایدی زمانەوانی و هەروەها سەیری بەندەکانی جینۆسایدی نەتەوە یەکگرتووەکان، بابەتە شیکارییە بڵاونەکراوەکانی ڕافایل لەمکن بکەین ،[٢٧] تێدەگەین، کورد لە هەموو قۆناغەکاندا لە ناو عێراق و تورکیا و سوریا و ئێراندا ڕووبەڕووی جینۆساید زمانەوانی کراوەتەوە ، هەتا ئێستاش جینۆسایدی زمانەوانی لە باشوری ئازدادا جێبەجێ دەکرێت . وەکو چۆن ئەو دەنگە هاوبەشە هەبووە لەنێوان سەفەوی، عوسمانی و جەزیرەی عەرەبیدا شاعیرانە کوردی نابووت بکەن ؛ لە ئێستاشدا ئەو وڵاتانە لە سەر هیچ کۆک نین لەسەر جینۆسایدی کورد، سڕینەوەی مێژوو ، زمان و کولتوورکوردی و نکۆلێکردنیان نەبێت.

بکوژی زمان هەموو هەوڵێک دەدات بۆ هێشتنەوەی بەرنامەکەی، کە لەلایەن هەموو نەتەوە داگیرکراو و جینۆسایدکراوەکانی دنیادا ناوی نراوە بەرنامەی کۆڵۆنیالیزمی، تێگەشتوون بە دەرنانی داگیرکار لەسەر خاکیاندا، مانای ڕزگاربوونیان ناکات لە داگیرکاری؛ لەبەر ئەمە پاش ڕزگاربوونی خاکیان، پرۆگرامی دژەکاردانەوە دریژخایەن دروست دەکەن و بە دەیان ساڵ خۆیان لە

٢٥بابەتەکەی مامۆستا جەمال نەبەز لای من بە ئنگلیزیە. لە بەر ئەوە من ئنگلیزێکەم داناوەتەوە، هەروەها خۆم وەرگێڕانەکەیم کردووە. و نازانم لە بنەمادا بە کوردی نوویسویەتی یان کردویەتی بە کوردی، ئەگەر کرابێت لەوانەیە جیاوازی بە دی بکەیت.

26 Nebaz , J. (2005 *The Kurds: History and Cultur*e.London: WKA Publications.

٢٧ زۆربەی ئەو پێناسانە لەم بابەتدا هەیە بۆیە دووبارەیان ناکەمەوە.

سەر ئەو بەرنامانە ڕادەهێنن و خوێندەوار دەکەن هەتا لە ناخەوە ڕزگار دەبن. ئەگەر ئەمە نەکرێت وەکو کورد خۆیان دەبنەوە بە بکوژی خۆیان و خزمەتکاری بکوژەکەیان، بەئاگا و بێئاگا بەرنامەی داگیرکارەکەیان بەرهەم دەهێننەوە. وەکو وتم ئەم بابەتە سەیری بەشە بێ ئاگاکەی کە کاریگەری دەروونیەکانن وا دەکات قوربانی جەلاد بە ڕاست بزانێت و ڕاو و ژیان و عەقڵ و کرداری ئەوی پێ باڵاتر و ڕاستر و جوانتر بێت. بەڵکو ئەو بەشەی کۆمەڵگە کە بە ئاگاوە ڕێگە نادەن و کاریگەری بکوژ لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا بڕەوێتەوە ، لەوە خراپتریش دەیگۆڕێننەوە نێو نەوەی نوێ، لە ڕێگەی کارکتەرەکانی دانینگ-کرۆگەر وچیەتی وچۆنیەتی بوونیان دەکات.

دانینگ-کرۆگەر Dunning_Krugerو هەڵەفەرەکانی کورد

چەمکی دانینگ-کرۆگەر بە ناوی نووسەرەکانی دانراوە، لە ساڵی ١٩٩٩ لەلایەن دەروونناسانی کۆمەڵایەتی دەیقید دانین و جەستن کرۆگەرەوە دەستنیشانکراوە. چەمکێکە بۆ بواری سایکۆلۆژیای - کۆمەڵایەتی دروست کراوە بۆ ئەوەی باسی ئەو لایەنگیریە هەندێک یان هەڵەفەرەی نێوان درۆ و خۆگەورەبینیدا .داهێنەرانی ئەم چەمکە ئەوە ڕوون دەکەنەوە ئەو کەسانەی کە زانیاری و یان لێهاتووی سنووردارییان هەیە تواناکانیان زیادە دەخەملێنن ،بە متمانەوە زانیاری درۆ یان ناتەواو جەخت دەکەنەوە و دەبێتە هۆی خۆبەزلزانین. بەپێچەوانەوە ئەوانەی شارەزایی زیاتریان هەیە، سنووری زانیارییەکانیان دەناسن.ئەم دیاردەیە بە بێتوانایییەکی میتاکۆگنیتیڤ تایبەتمەندکراوە: ئەوانەی کە ناکارامەن زۆرجار ئاگاداری بێتوانایی خۆیان نین، ئەمەش وایان لێدەکات هەڵسەنگاندنی هەڵئاوساوی خۆیان ئەنجام بدەن. ئەم کاریگەرییە بە تایبەتی مەترسیدارە چونکە تاک بەرگری لە فێربوون یان ڕەخنە دەکات، پێی وایە شارەزایی لە پێشینەی هەیە [٢٨].

لە قسەی ڕۆژانەی کوردیدا زۆر جار وشەی نەزانی و خۆبەزلزانین دەبیستین، لە گەڵ ئەوەی هێندە زەقبووتەوە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا بووە بە دیاردە بەڵام پێ ناچێت لە ڕووی زانستیەوە بە دواداچوونی بۆ کرابێت . ئەمانە دووکارەکتەری تەواو کەری ی یەکتر و گەشەکاری دانینگ کرۆگەرن، چونکە نەزانی متمانەی زیادەڕ پەروەردە دەکات، لە کاتێکدا خۆبەزلزانین دووری دەخاتەوە لە

28 Dunning, D., & Kruger, J. (1999). *Unskilled and unaware of it: How difficulties in recognizing one's own incompetence lead to inflated self-assessments.* Journal of Personality and Social Psychology, 77(6), 1121–1134.

بەدواداچوون بۆ زانین. ئەم دیاردەیە لە ئەدەبیاتی دەروونی و فەلسەفیداگفتووگۆی زۆری بە دوای خۆیدا هێناو .

لە ڕووی سیاسییەوە، کاریگەری دانینگ-کرۆگەر ڕێگە بە سەرکردە یان گروپە ناشایستەکان دەدات لەسەر بنەمای متمانەی هەڵە نەک شایستەیی یان شارەزایی بەرزبینەوە بۆ دەسەڵات. زۆرجار ئەم جۆرە تاکانە ئەجێندای تایبەت بەرەوپێش دەبەن، ناڕەزایەتییەکان سەرکوت دەکەن و ڕێنماییە زانستی یان ئەخلاقییەکان پشتگوێ دەخەن. نەزانییان بە ڕیتۆریکی پۆپۆلیستی دەمامک کراوە و بە خۆبەزلزانین بەهێز دەکرێت، ئەمەش وایان لێدەکات بەرگری لە ڕەخنە بکەن. ئەم هەڵوێستە سیاسییە دەتوانێت زیانێکی زۆر بە گوتاری دیموکراسی و مافی کەمە نەتەوەیەکان بگەیەنێت.[٢٩]

تاک لەم جۆرە هاوکێشە سیاسیەدا ئامرازە بۆ گەشتن بە ئامانجی سیاسی ، ئەم لایەنە سیاسیە زیاتر لە لایەن وڵاتانی فرە ڕەگەز و فرە کولتوور و ئاینی بێگانەی وەکو ئەمەریکا و بەریتانیاو کەنەدای ژێردەستی هەردوو لایان جێبەجێ دەکرێت بۆ هەبوونی بیانوویەک هەموو ئەوانەی بە ناوی پەناهەندەوە دەیان ساڵە لەو وڵاتانەدان دەژین هەمیشە وەکو خزمەتکاری چینی سەردەست بمێننەوە . بەڵام کاتێک ئەمە لە لایەن دەسەلاتی کۆمەڵگەیەکی داگیرکراو ی وەکو کورد پەیڕەو دەکرێت ، واتای بوونی" بۆرژوازی نیشتمانی وەک نوێنەرایەتی کۆلۆنیالیزم" کەی فرانز فانوون دەکات، لە ڕوانگەی کولتووری کوردییەوە دەتوانین پێی بڵێین جاش دەسەڵات و جاش ئاوەز.

فانۆن)١٩٦١(بە توندی ڕەخنە لە بۆرژوازی نەتەوەیی دوای سەربەخۆیی دەگرێت - ئەو چینەی سیاسەتمەدار و نوخبە ناوخۆییەیانەی کە دەست بەسەر ئیدارەی کۆلۆنیالیزمدا دەگرن. لەبری ئەوەی پێکهاتەکانی هەژموونی کۆلۆنیالیزم بگۆڕن، تەنیا بە میرات دەیانگرن، سیستەمی کۆلۆنیالیزم لە ژێر پەردەی ناسیۆنالیستیدا دەپارێزن [٣٠].ئەمەی سەبارەت بە هزر و ئاوەز و کولتووری سیاسی سەروو سەد ساڵ پێش ئێستای مرۆڤی ئەفەریقی داگیرکراو ئەزمونکاری سەروو سەدەیەک کۆیلایەتی نووسراوە، دەڵێیت بۆ ئەمڕۆی سیاسەت و کۆمەڵگەی کوردی نووسراوە ، بە تایبەت باشوور .

29 Stanley, J. (2018). *How Fascism Works: The Politics of Us and Them.* New York: Random House.

30 Fanon, F. (2004[1961]). *The wretched of the Earth* (R. Philcox, Trans.). Grove Press.

ئەوەی قەیرانی بن بەست دروست دەکات لە ئامادەی دانینگ-کرۆگەر ی و جاش دەسەلات و هاوڵاتیانەدا چەند خاڵێکی چارەنووسازە : یەک، ئەم باوەڕەی لابوو بێت بە دۆکسا ، واتە بە شێوەیەک بەرگری لێ بیکات بە ڕاستێکی پرسیار نەکراو،تەنانەت هەندێ جار پیرۆزیش، وەکو دیاردەی کوردایەتێ نمایشکاریەکەی باشوور . لێرەوە ئیتر هەموو لایەنەکانی ژیان بارگاوی، پڕ کێشەی بن بەستکراودەبن، خودی ژیان دەبێت بە ژیانکردنێک نمایشکارانە. [31]دووەم بەردەوام ئەم جۆرە دەسەڵاتە کەلێنیکی ئاسانی هەیە بۆ دەست تێوەردانی کاروبارەکانی ناوخۆی لە لایەن کارکتەرەکان و دەستی دەرەوە ؛ ئەم جۆرە هاوڵاتیەش لە لایەن دوو کارەکتەری سیاسیەوە دەنگ و بۆچۆنیان زوڵاڵ یان باڵا دەکڕیت . ئەوانیش لایەنی داگیرکار___لە دۆخی کورددا تورک و عەرەب و فارس_ زۆر جار بە هۆی دەیان کاریگەری دەروونی لە بابەتێکی تایبەدا دێمەوە سەری بکەرخۆبەخۆ بەشداری لە کەم نرخاندنی جینۆسایدەکانی خۆی، یان بەرهەمهێنانەوەی کولتووری جینۆسایدا دەکات، واتە ئەوەی گرامشی پێێ دەڵێت ڕەزامەندی خۆبەخۆ یان بێ ئاگایانە. [32]سێهەم، ئەگەر دەسەڵاتی پاش قۆناغی داگیرکاری ئەوە بێت فانون وێنا کردووە، یان جاش دەسەڵات ، خۆشی ئەم جۆرە دەردەچیت، چوون لە بنەمادا دانینگ-کرۆگەرە، نموونەکانی دەوری و ئەوانەی دەبن بە کارکتەری سەرەکی بەڕێوبردن لە نموونەی خۆین. بە شێوەیەکی بەرچاو هەردوولا دەبن بە هۆی بەرهەمهێنانەوەی بە ئاگاو بێ ئاگای کوشتنی ناسنامە و زمان و فەرهەنگ و کولتوور لە گەڵ کاتدا دەگۆڕێت بۆ کوشتنی هاوڵاتی و دروستبوونەوەی جینۆسایدی فیزیکیش. ئەم دۆخانەش هەتا ئێستا باسکرا ژیانی کورد و ئەو کەیسانەش لێرەدا باس دەکرێن بە شیوەیەک داگیرکردووە ، لە داهاتووی نزیکداڕوودانەوەی جینۆساید بە گشتی نەک تەنها نابووتکردنی زمانەوانی لە ناو کورددا دەکات بە کارێکی ئاسایی و خوازراو، ڕوودانیشیان بێ ئاگا و بە ئاگاوە بەرهەم دێتەوە.

31 Salih, K. (2024). *Genocide Culture: Cultural Habitus, Ethnic Engineering And Religious Doxa*. London, New York: Routledge.

32 **Gramsci, A.** (1971). *Selections from the prison notebooks* (Q. Hoare & G. N. Smith, Eds. & Trans.). New York: International Publishers .

تویژینەوەی کەیسەکان

بە کارهێنای ڕۆژانەی هەر وشەیەکی بیانی ، بە تایبەت زمانی داگیرکار کوشتنی وشەیەکی زمانەکەی خۆت دەکات.

لێرەدا مەبەست ئەو نەوەی ڕابردوو تر کە بە زۆر زمانی داگیرکارانیان بە سەردا سەپێنراوە لە قوتابخانەی ماڵەوە فیری کوردی بوون ،خوێندنی عەرەبی و فارسی و تورکی بووە ، دەکرێت بە ئاسایی وەبگیرێت چوون مرۆڤ کاتێک خۆبەخۆی قسە دەکات ئەو زمانە راستەوخۆ دێتە سەر زمانی کە پێی خوێندەوار بووە،هەتا ئەو زمانەی لە ماڵەوە قسەی پێ دەکات.. لەم دۆخەدا تەنانەت کاتێک وشەیەکیشی بیر دەچێت یەکەم جار بە زمانە زاڵەکە واتاکەی بیر دەکەوێتەوە.

هەروەها مەبەست گۆڕینی هەندێ چەمک نیە لە ڕووی نێو دەوڵەتیەوە هەموو زمانەکانی دنیا وەکو خۆی وەریگرتوون و نەیکردوون بە زمانی ناوخۆ، بە پێچەوانەوە ،پێوسیتە لاسایی عەرەب نەکرێتەوە ە لە گۆڕینی هەندێ وشەدا کە زمانی کوردی هێندە دەوڵەمەندە لە ڕووی ژمارەی پیتەکانەوە دەتوانرێت وەکو خۆی دەربڕێت ، بەڵام دەیگۆڕێت، وەکو وشەی جینۆساید کە دەکرێت بە ژنیۆساید ، ئەمە بە تەواوی هەڵەیە و تەنانەت مانای وشەکەش بە هەڵە دەگەیەنێت. یاخود هەندێ وشەی ئنگلیزییە هەیە بە زۆر هەوڵ دەدرێت بکوردێنیرێت، گوایە وشەی بێگانەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو وشانە پیویستان بە گۆڕین نیە ، چوون لە بنەمادا لاتینین کە ڕەگی زمانی کوردیە و وەکو یەکێک لە زمانە ڕەسەنەکان هەندێکی لە وشەکانی وەکو سەردەمی کۆنی وەشانی زمانەکەی ماوەتەوە

. ئەوەی لێرەدا مەبەستە نەوەیەکانی پاش ڕاپەڕین و ئەوانەن کە زمانی دایکیان هێندە لا گرنگ نیە خۆیان فێر بکەن. بۆیە لەم بەشەدا تەنها دوو کەیس دەخرێتە ڕوو کە ئەنداماکانی هەردوو گروپ هەموو لە دایک بووی دەیەیەک پاش ڕاپەڕینن، هەردوو لە چوارچێوەی ئەو باسەی تا ئێستا کراوە ڕاڤە دەکرێت .

کەیسی یەکەم: گەنجانێک پاش وەدەرنانی حزبی بەعس لە کوردستان لە دایک بوون ، خۆیان لە بەرگی شۆڕشگێری ڕۆڵەی شۆڕشگێڕ و قوربانیدا دەبینین، پارەیان لە دەزگاکانی وڵاتی خۆیان کوردستان)لەوانەیە عێراق (وەرگرتووە و لە دەرەوە بڕوانامە بە دەست بهێنن، گوایە بگەڕێنەوە خزمەتی وڵاتی خۆیان بکەن. لە دەرەوە دەکەونە مامەڵەی نووسین لە سەر ئۆبژەی هەستەوەری وەکو جینۆسایدی زمانەوانی کە بواری ئەوان نیە. بەڵام ئەمەیان تەنها کاتێک کێشەیە کە مرۆڤ بە تەواوێتی خۆی خوێندەوار نەکردبێت لەو بوارەدا لە ڕووی خوێندنەوە و بە

دوادچوونـــدا دەبێـــت بە کێشـــە. بەڵام ئەم کەســـانە دوای مـــۆدێلە دۆڕاوەکەی کوردستان کەوتوون. شێوازی ئەتککردنی خوێندەواری لە پێناوی بە دەست هێنانی بڕوانـامەدا نەک خوێنـدەوار بـوون. لەم کەیسـە تـایبەتەدا وەکـو ژمـارەی زۆری ئەوانەی راستەوخۆ بڕوانامەکە ناکڕن ،بەڵام کۆمەڵێ وەڵام و قسەی ئاسایی کەڵکە دەکەن بە بێ بەدواداچـوون، لە گەڵ ئەوەشدا بە فەرمـانی پاشـا و توانـای کـوردی دەبێت بە نامەی ماستەر و دکتۆرا. گرنگ نیە لە بنەمادا و بە میتۆدی خوێندەواری جیهان بڕوانامە بە کاری وا وەدەگیرێت یان نا ، وە تا چەند بەرهەمی خوێندنەکەی دەبێت بە بەڵا بـۆ گەلەکەی لە بـری هاوکـاری. ئەم جۆرەیـان سـەرنج پێدانەوەی پسپۆڕانە وەرناگرێت؟

کەیسی دووەم: میدکاری لە دایک بـووی سـاڵی ٢٠٠٠کـانن . تێدایە لە ژیانیـدا یەکجـار سـەفەری کردووە، ئەویش بـۆ تورکیـا بـووە و هـیچ شـاریەکی عەرەبیـان نەبینیوە. عەرەبی زانین، بەڵام لەدیدار و بەرنـامە تەلەفزیونەکانیـدا هێنـدە وشـەی عەرەبـی دەخەنە نێـو قسـەکانیانەوە و تەنهـا ئـامرازای پەیوەنـدیەکان بە کـوردی دەمێنێـتەوە، ئەمە لە کاتێکـدا ڕووئەدات هەنـدێکیان ئەوەنـدە بـێ ئاگـانلە زمـانی عەرەبی، هەندێ جار وشەی عەرەبی بە هەڵە لە بری کوردێکە بە کار دەهێنێت. ئایە ئەمە پـێ ڕاهـاتنە؟ لە کـوێی جیهانـدا کەسـێک بە زمانێـک ڕادێـت هەتـا لە نـاو ئەو کولتورەدا بـۆ مـاوەیەکی درێژ نەژیابێت و ناچـار نەبووبێت بەو زمـانە قسـە بکـات، واتە ئاسمیلەیت نەبووبێت؟

لە زۆربەی کردارەکانی مرۆڤدا لایەنی خۆبەخۆ یـان بـێ ئاگـا و بە ئاگـای تێدایە. ئەو کەیسـانەی سـەرەوە بـێ ئاگـای کەیسـی دووەم لایەنە دەروونیەکـانە کە بـابەتی ئەم وتارە نیە، لایەنی بە ئاگایی خـۆ ڕیخسـتنە لە گەڵ چینی نەزان، ئەو هاوسـۆزە ناڕاست ، نمایشکایانەی پێکەوە ژیـان. کە پێچەوانەی کەیسـی پێکەوە ژیـانی نەتەوە چەوساوەکانی سەر ئەم گۆی زەوییە. کەیسـی دووەم بە ئاگـاوە ئەکرێت ، خەڵکێک دوای گێـژاوی کولتـووری ئیسـتای باشـوور و عەرەبـی هەنـدێ نـاوچە کەوتـووە ، ئارەزوو زانستخوازی و پلانی فێربوونی نیە و لە بێستانی خەڵکی دییەوە خوانێک دەڕازێنێتەوە، بەڵام خواردەنەکـانی سـەری پلاسـتیکی و ژەهـراوین.بەو بەڵگەی ئەم کەیسـانە تـاقیکراونتەوە بەوەی سـەرنجیان دراوەتـێ و پێشـنیازی هاوکاریشـیان بـۆ کراوە. بەڵام ڕەتکراونتەوە.و ڕێگە کورتەکەیان گرتووە.

ئەمەش پەرچەکردارێکـــی چـــاوەڕوان کـــراو بـــوو، وەکـــو لێکۆڵینەوەکـــان دەریانخسـتووە لە ڕووی دەروونیـیەوە کـاریگەری دانینـگ-کـرۆگەر بەربەسـت

لەبەردەم خۆئاگابوون دروست دەکات چوون خۆبەزلزانینی فیکرییەرهەم دەهێنێت. کاتێک نەزانی لەگەڵ خۆبەزلزانیندا یەکدەگرێتەوە، تاکەکان لە ڕووی سۆزداریيەوە بەرهەم هێنـــان دەکەن، بەرگـــری لە دیـــدگا هەڵە و کەموکوڕییەکانیـــان دەکەن. زۆرجـار ئەمە وەک بەرەنگـاربوونەوەی فیـدباک/ سـەرنج، بەرگریکـردن و تەنـانەت شـەڕانگێزی بەرامـبەر بەو کەسـانەی کە بە هەڕەشـە لە سـەر جیهـانبینی خۆیـان دەیبینن. ئەم جۆرە ڕەفتارانە فێربوونی بەکۆمەڵ و هاوسۆزی تێکدەدەن- پێکهاتە ســـەرەکییەکانی گەشەســـەندنی تەندروســـتانەی تـــاک و کـــایە کۆمەڵایەتیەکـــان هەڵدەوەشـــێننەوە.[٣٣] هەر بە ئاگاشـــەوە بەشـــداری لەم هەڵوەشـــاندنەوەیە دەکەن ، چوون بە شێوەیەک ناواخنی کرداری حزبەکانیان کردووە هەر هاوڵاتیەکی بێ دەسەڵات بووە بە سیاسیەکی داگیرکار لە کایەیەک لە ڕەهەندەکانی ژیانیی کورددا. هاوشـێوەی ئەو نـاواخنکردنەوەی کە لە کولتـووری جینۆسـایددا ئامـاژەم پێکردووە کە کۆمەڵگەی عێراقی پڕە لە وردە سەدام بە کۆتایی هاتنی سەدامێک دەیانی دی لە شوێنێدا دەمێنێتەوە.[٣٤]

نەزانـی بە ئاسـتێک بە پەیـژەی لـۆژیکی کوردیـدا سـەردەکەوێت لە ئاسـتی مامۆسـتای زانکۆ، و پۆسـتی هەسـتەوەری نیشـتمانیدا ، بڵێت" زمـانی کـوردی بە عەرەب کـراوە، بەڵام جینۆسـایدنەکراوە . "ئەی گـوایە بە عەرەب کـردن جینۆسـاید نـیە؟ پێیـان وایە مـادام هەنـدێ نووسـەر هەبـوون لەو سـەردەمەدا بە کـوردی نووسیویانە ،مادام جار جار گۆڤارێک بە کوردی دەرچووە ئیتر کورد جینۆسایدی زمـانەوانی و کولتـووری نەکـراوە ، کەگۆڤارەکـان یـان ئەدەبـی یـان بەعسـی بـوون ، واتە بە کـوردی بـوون بـۆ ئەوەی کولتـوور و بەرنـامەی بەعـس ئاسـانتر لە نێـو کۆمەڵگەی کوردیدا بڵاو بکەنەوە ،نەک سیاسی[٣٥]. ئایە کاتێک پاش سـەروو سـێ دەیە ئـازادی تاکێـک کـورد کە زۆربەیـان ئەنـدامێ حـزبن ، بەم سـاویلکەیە کیشـەی نەتەوەی و نیشـتمانی خـۆی لێـک دەداتەوە. نـالۆژیکیە چـاوەڕوان بکرێـت هێـزی دەرەکـی بەڕێـوبەردن و فەرمـانڕەوایی ئەو نـاوجەیە لەئـاوەز و توانـای فکـری هاوڵاتیانی باشتر هەڵبەسەنگندرێت.

33 Sedikides, C., Campbell, W. K., Reeder, G. D., & Elliot, A. J. (2004). *The self in self-perception: Matching self-views and attributions.* Journal of Personality and Social Psychology, 86(4), 674–687.

34 Salih, K. (2024). Genocide culture: Cultural habitus, ethnic engineering and religious doxa. Abingdon, London & New York: Routledge.

35 Salih, K. (2019). Kurdish linguicide in the "Saddamist" state. Genocide Studies International, 13(1), pp. 34–51. University of Toronto Press.

لە خوێندنەوەی بۆ هابیتەس___سیستەمێک لە مەیلی بەردەوام گۆڕاو کە ئەزموونەکانی ڕابردوو وەکو ماتریکسی تێگەشتن ، بەهازانی و کردارەکان زۆر جار تێکەڵ دەکات_ و دۆکسە___ئەو باسنەکراو وپەیوەندی ەی بە شتێکی پرسیارنەکراو وەدەگیرێت___ی کۆمەڵگەی، مرۆڤ دەتوانێت ئێستە ڕابردوو و داهاتووش بخوێنێتەوە . بەڵام لە ڕێگەی پرسیاری لۆجیکیشەوە هەر دەتوانێت . با بۆ ساتێک گریمانەی ئەوە بکەین کە مرۆڤێک تەواو لە زانست ناگات ، لەو پێناسانەش تێ ناگات ،یان لاوێکیت و هێشتا زۆرت ماوە لە زۆر چەمکی زانستی بگەیت تەنها چەند پرسیارێکی لوژیکی دەتگەیەنێت بە زۆر ڕاستی: ئایە بوونی گۆڤاری گەلاوێژ ، هاوکاری و ئاسۆ و ڕەنگین و ..تد، بەگری لە ڕوونەدانی جینۆسایدی زمانەوانی کردووە؛ بابەتێکی تێدایە لە سەر جینۆساید کورد و کولتوور یان زمانی؟ سەیری بۆ نموونە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان بکە، هەندێ پرسیاری لۆژیکی تر بورۆژێنە وەکو: ئایە بوونی چەندین گۆڤاری ئەکادیمی باش ، چاپبوونی سەدان کتێب بە زمانی کوردی لە ئێران بەرگری کردووە لە ڕوونەدانی جینۆسایدی زمانی کوردی؟ چونکە ئەگەر بەو لۆژیکەی دانینگ-کرۆگەر و نەزانی خۆ بەزلزانەکان مامەڵە بکەین، ئەبێت بڵێن لە ئێراندا جینۆسایدی زمانی کوردی هەرگیز نەکراوە. بەڵام دوای ئەوە وەڵامەت هەیە بۆ گرتن و سزادانی زارا محەمەدی و دەیان گەنجی دی؟ بۆچی گیراون ، ؟ئایە پێت وایە کەسێک گۆڤار لە سەر زمانی کوردی و بە زمانی کوردی دەربکات وازی لێ دەهێنن ، وە کەسێک زمانی کوردی بڵێتەوە زیندان دەکەن؟ جیاوازی نێوانیان چیە؟ ئایە پێت وایە زارا کورد پەروەربوو ئەوانی دی جاش بوون؟ یان وەکو ئەو بێگانە بە کرێگیراوانەی ئێران کە کراون بە بار بە سەر تۆژینەوەی کوردییەوە دەڵێیت''' ئێران هەموو ئاسانکاریەک بۆ کورد و زمانەکەی دەکات بەو بەڵگەی بە زمانی کوردی چەندین گۆڤار لە ئێراندا دەدەچێت و تەنانەت کتێبە کوردیەکانی باشوور لە ئێران چاپ دەکرێت. بەڵام زارا دیارە کیشەی سیاسی ژێر بە ژێری تری هەبوو"ە. [٣٦] ئایە ئەگەر ئێران ڕێگری بکات لە چاپکردنی کتێبە کوردیەکانی باشوور لە ئێراندا ،

---

٣٦ ناوی ئەو کەسە ناهێم لە بەر دوو هۆکار، یەک فێر نەبووم نەزان بکەم بە ناو ؛ دووەم چارەسەری بە هەڵە سوودوەرگرتنی کێشەی کورد لە لایەن سیخرە نێو دەولەتیەکانەوە بە سەرنجی کۆتایی چارەسەر نابێت. کەی کۆبوونەوەی نیشتمانی بۆ پسپۆران دروستکراو مافی کورد لە لایەن کورد بە هەند وەرگیرا ئەو کات زۆر زانیاری هەیە بۆ وتن.

کورد له باشووت خۆی چاپی ناکات؟ له هەموو دۆخێکدا کورد جاپی دەکات ، بەڵام له ئێراندا جاپکردنی پاره و هێزی کار چووەته وڵاتەکی ئەوه و له بری ئەوەی یەکێک لەو گەنجه بێ کار و تورانەی کورد بخاته سەر کار. کەواته کامیان سودمەند بوون؟

به بێ ئەوەی لێکدانەوەی ناوەڕۆکی ئەو گۆڤارانه بکەن. بۆ نموونه گۆڤارێکی ئەدەبی لەم دۆخەدا تەنها شیعر و چیرۆک لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بڵاو بکاتەوه چ کاریگەریەکی خراپی ئەبێت له سەر ڕژێمه چەوسێنەرەکان، یان گۆڤارێک له مەسەلەی باسکردنی مافی کورددا نەچێته دەرەوەی ئەو چوارچێوه یاسای وڵاتەداگیرکارەکه بۆی دارشتوویت چ زیانێکی گەیاندووه به داگیرکار؟ له بنەمادا، ئەو ڕژێمه داگیرکارەکان پەیمانی کۆمەڵایەتی و ژاوەژاوی سیاسی گۆماناوی له نێو کۆمەڵگەیەکی ژێر دەست له ڕێگەیکێشانی ئەو هێڵە ڕاست و چەپ و سپی و ڕەشانەوه دروست دەکات. بۆ ئەوەی خۆت نەناسیتەوه و ڕەوایەتی به کردارەکانی بدەیت، له گەڵ کاتدا تۆش ئاسمیلەیت / ئەتوێیتەوه له نێو هەمان بۆچووندا . نه زارا و هاوشێوەکانی کێشەی سیاسی دییان هەیه ، نه ئەوانەش به کوردی دەنووسن و بڵاو دەکەنەوه له ئێراندا هەموو جاشن. دیاره هیچ کۆمەڵگەیەکی چەوساوه بێ جاش نیه ، گەرچی بەو ڕێژه بەرزەی کورد نیه ،لێرەوەیه فانون دەستەواژەی بوژروازی نوێنەری داگیرکاری دروستکرد. ئەمه یەکێک له ستراتیژه زۆر و زەوەندەکانی کۆڵۆنیاڵی نیشتەجێیه که کورد له هەر چوارپارچەدا به سەریدا سەپاوه، واته له هەمان کاتدا جینۆساید دەکات و ڕێگەشت دەدات له هاوکێشەیەکی دیاری کراودا بژی ، ئەم هاوکێشەیه تا ڕادەیەک نوێی و زیاتر له سەردەمی حکومەتی دیجیتاڵدا پەرەی سەند ، بۆ چەواشەکردنی ڕای نێو دەوڵەتی. کاریگەری دروستکردنی ئەم هاوکێشەی دابڕان و گۆمانه کۆمەڵایەتی و دووبەرەکیه سیاسیانه و دنەدانی دیاردەی دانینگ-کرۆگەر که دواجار کۆیادی کۆمەڵگەی کوردی وێرانکردووه بوون به ئامرزای بەرژەوەندی کەسی بۆ زۆر کەس ، لای ئەمانەش ئاساییه ببن به بەرهەمهێنەری نکۆڵیکردن.

کاریگەری دانینگ-کرۆگەر و نکۆڵیکاران

هیچ کێشەیەک له جیهانەدا هەرچیەک بێت سروشتی ، له سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەسی،چارەسەرناکرێت هەتا به وردی دان به کێشەکەدا دەنێیت، لێی تێدەگەیت ، پاشان بیر له چارەسەری دەکەیتەوه.ئەگنۆتۆلۆژی_تۆێژینەوەی نەزانی

لە کولتووری هاندەردا ئاسان نیە، لە کولتووری خۆ-نکۆلێکاردا ـــڕەتکردنەوەی ناسنامەی خۆت، یان جیابوونەوە لە ناسنامەی خۆی لە بەرژەوەندی ناسنامەی بالا دەست ـــ نزیکی مەحاڵیشە .لێرەدا جگە لەو خاڵانەی لە سەرەوە باسکران تەنها چەند خاڵێکی کەم دەربارەی کاریگەریەکانی ئەو جۆرە کارکتەرە دەخەمە ڕوو ، کاریگەریەکانی دی لە باسێکدا پابەند بەوان باس دەکرێن.

لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، کاریگەریی دانینگ-کرۆگەر و نەزانی بەشدارن لە ڕێکخستنی هێز و بەرزبوونەوە یان زیادبوونی ڕێژەی جیاوازی. گرووپە سەرخراوەکان هزر و بیری ئەوانی دی لە تارییکدا ون دەکەن، زۆر جار ئەمە بە پلان دەکرێت ، چوون ئەم جۆرە کەسانە مانای ئەوە نیە بێ ئاگان لە نزانی و کارکتەری خۆیان ، هەروەها بیرەوەریی گرووپەکان و کەلتوورەکانی تر بە بێ هێز دەزانن. ئەمە دەبێتە هۆی گەورە ناساندنی جیاوازییەکان و ناسەنگی هێز و بەردەوامبوونی هەژمۆنیایەتییەکی تایبەتی. هەژموونگەری لای چ گروپێکەوە بالا بێت ، زۆربەی هاوڵاتیان هەوڵی خۆجێکردنەوە لەوێدا دەدەن[37].لێرەوە هەموو هاوڵاتیانی باشوور دەیانەوێت سیاسی و ئەندام پەڕلەمان بن بە بێ ئەوەی لە ئەلف و بێی سیاسەت بگەن.

کاتێک ئەوانەی لە دەسەڵاتدان تێگەیشتنیان لە زانست و کولتووره پەراوێزخراوەکان زیادەخەملێنن، زۆرجار سیاسەتێک دادەنێن کە زیان بە ناسنامەی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی گروپەکان [38]، و بەڕیوەچوونی دەزگا و دامەزراوەکان و پلەبەندییە کۆمەڵایەتیی و سیاسیەکان نەشیاوانە دەچەسپێنن.

ناسنامەی نەتەوەیی، لەو دۆخەدا، بە تایبەت لە کۆمەڵگەی پاش جێنۆسایددا کە "برژوازی نوێنەری داگیرکار"ی تێدا بااڵدەستە، زۆرجار لە دەوری گێڕانەوەیەکی بااڵدەست بنیات دەنرێت ،دەبێت بە نکۆلێکاری مێژوو و ئەزموونی قوربانی و مرۆڤە شکۆمەندە و داناکان هەر وەکو چۆن ڕژێمە چەوسێنەرەکە کردوویەتی .کاریگەری دانین-کرۆگەر ئەم وەدەرنانە بەهێزتر دەکات، چونکە سەرکردە باوەڕپێدراوەکان و زۆرینەی دانیشتوان زۆرجار زاڵبوونێکی درۆینە یان نمایشی بەسەر ڕاستیە مێژوویی ئاڵۆزەکاندا دەسەپێنێت[39]. لێرەوە نەزانیی و خۆبەزلزانینەوە سووتەمەنی پێدەدرێت، پرۆسەکانی بونیاتنانی نەتەوە دەشێوێنێت و

37 Salih, K. (2024). Genocide culture: Cultural habitus

38 Bourdieu, P. (1991). *Language and Symbolic Power* (J. B. Thompson, Ed.; G. Raymond & M. Adamson, Trans.). Cambridge: Polity Press.

39 Anderson, B. (1991). *Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism.* London: Verso.

فره دەنگی سەرکوت دەکرێت. بەم شێوەیە تاکەکانی دەرەوەی ئەو بازنە کێشراوە فشاریان لەسەرە بۆ ئاسمیلەکردن نوێی دروستکراوی ناوخۆ و بەهای پاستەقینەی نیشتمان و تاک ناچێتە دەرەوەی سنورەکانی بەرژوەندی کەسی.

ئەگەر دەسەلاتی بەرێوەبردنی پاش ڕزگاری ' بۆرژوازی نوێنەری داگیرکار' بوو، بەرهەمهێنانەوەی جینۆسایدی زمانەوانی و جینۆسایدەکانی دیش،دەبێت بە غەمی بەڵام وەکو بنبڕکردن نا، بەڵکو وەکو پلانی)ب(بۆ داهاتووی فەرمانڕەوایی خۆی .ئەگەر وردە وردە کۆمەڵگەکەی نەچوونە ژێر لە ڕکێفی بەو شێوازەی ئەو دەیەوێت لە داهاتوودا ڕووبەڕووی هەمان چارەنووسیان بکاتەوە. لێرەوە نەک هەوڵی بنبڕکردنی دۆڕانی ناسنامەی زمانەوانی و نەتەوەیی نادات، بەڵکو زیاتر دنەی زۆربوونی تاکی دانینگ-کرۆگەر و نەزانی خۆ بەزلزان و بەتاڵ دەدات ، پۆست و میدیاکانی دەخاتە خزمەتیانەوە. بە هەردوو لا دنیایەکی هەڵەفڕی وا دروست دەکەن کە ناسنامەی مرۆڤ و کایەکانی کۆمەڵگە بە شێوازێک دەدۆڕین، ناوێک نامێنێت بۆیان و بە تەواوی دوورن لە ناسنامە ڕەسەنەکەی خۆیانەوە،هەموو شت لە فۆرمی نمایشکاریدا بوونی هەیە.

بەڵام ئەگەر دەسەلاتی پاش ڕزگاری نیشتمانی بوو .ئەم جۆرە کەسانە لای دەسەلاتی نیشتمان پەروەر و هاوڵاتی بەرێوەبەر ڕسوا دەکرین و لە ناوچەکەشدا دەردەکڕین . وەکو چۆن ,پۆڵەندا لە گەڵ کورددا ساڵی ١٩٩١ ڕەزگاری بوو لە داگیرکاری ڕوسی، کە خۆی پەلکێشی کردبوو بۆ ڕزگاکردنی لە کۆڵۆنیالیزمی ئەڵمانی ، بەڵام لە گەڵ ڕزگاربوونیاندا ڕێوشوێنی جۆراوجۆری گرتۆتەبەر- یاسایی، سیاسی و ڕەمزی و شەرمەزارکردنی گشتی، بۆ لێپرسینەوە لەو کەسانەی کە پشتیوانی یان هاوکارییان لەگەڵ ڕووسیا کردووە، ئەم ڕێوشوێنانە لەسەر ئاسایشی نیشتمانی، دڵسۆزی سیاسی، نیشتمانی و بەرەنگاربوونەوەی زانیاری ناڕاستە فەراهەم هاتووە [٤٠]. هەروەها دەرکردنی ئاوارە و پەناهەندە و ئۆپۆزسیونە ڕوسیەکان.[٤١]تەنانەت کەسیەتە گشتیەکانی وەکو هونەرمەند ، وەرزشەوان ؛ [٤٢]تا

40 Associated Press. (2023, May 29). *Poland's president signs law critics say could help ruling party target opposition ahead of election*. AP News. https://apnews.com/article/poland-politics-controversial-law-tusk-kaczynski-russia-073c052351e599e149e0ecebaeb4914b؛ Barigazzi, J. (2023, April 20). *Poland dismantles Russian spy ring, says defense minister*. Politico. https://www.politico.eu/article/poland-russia-spy-ring-defense-minister-mariusz-blaszczak

41 Notes from Poland. (2022, March 23). *Poland expels 45 Russian "spies" pretending to be diplomats and arrests espionage suspect*. https://notesfrompoland.com/2022/03/23/poland-expels-45-russian-spies-pretending-to-be-diplomats-and-arrests-espionage-suspect

ئەمڕۆش کە کەیسێک دەدۆزنەوە مەیلیان بە لای ڕۆسیادا هەبووە دەردەکرێن ، دەیان مامۆستای زانکۆ و پرۆفیسۆر بەم هۆیە کاری خۆیان لە دەستدا. ئەم سیاستە پۆڵۆنیا بۆ نمایشکاری کاتی و بۆ بانگەشەی میدیای دانەڕێژراوە ،بەڵکو سیاسیەتی پاراستنی شکۆ نیشتمانی هەمیشەیی و بەردەوامی، تەنانەت لە ساڵی ٢٠٢٣شدا ئەم کارە کراوە.

نەتوە و گروپە چەوساوەکانی ئەوە تێگەشتوون وەکو خاوەن بێستانێک چۆن هەموو ساڵێک دەسکەنەی گیا زیانبەخشەکان دەکات بۆ ئەوەی ناسنامەی بێستانەکەی نەگۆڕێت بە جەنگەڵ ،ئەوانیش دەسکەنەی مرۆڤە زیانبەخشەکان دەکەن بۆ ئەوەی ناسنامەی نیشتمانەکەیان وەکو کورد نەگۆڕدرێت بە ئاشی نەزان. باخی زمانی کوردی بە هۆی نامەردی باخەوانەکانیەوە سیسە.

کۆتایی

زمانی کوردی لە گەڵ ئەوەی لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا ڕووبەڕووی درێژترین جینۆساید و توانەوە بووەتەوە و نیوە زیندوو ڕاگرتنی لە سەر دەستی تاکە مەرد و دایک و باوکە دڵسۆزەکاندا ، بە تایبەت دایک بووە، کە زمانەکەی گواستوەتەوە بۆ منداڵەکانی، پاش سەروو سی ساڵ نیمچە ئازادی لە باشووردا، سەردەمی دیجیتاڵ کە جیهانی هۆشیارکردوەتەوە، هێشتا ڕووبەڕووی جینۆسایدی خۆبەرهەمهێنەر دەبێتەوە. بە ئاستێک ئەو نەوەی دەیەیەک دوای ڕاپەڕین لە دایک بووە، عەرەبی نازانێت ، حوکمی عەرەب و وڵاتەکانیانی نەبینیوە، قسەکانی لە میدیای حزبە کوردیەکانەوە ئاخێنراوە بە وشەی عەرەبی و تورکی و فارسی. خراپتریش چینی سەردەستەی نزیک حزبەکان و بگری پۆستە نیشتمانیەکان ، تەنها ڕەوایەتی بە جینۆسایدی زمانەوانی کوردی نادەن، بەڵکو نکۆڵی لەچەوساندنەوە و جینۆسایدەکانی ڕابردوویشی دەکەن. نموونەی وەکو مادام گۆڤاری ئاسۆ، هاوکاری و رەنگین و گەلاوێژ لە عێراقدا هەبووە، ئێستا چەند گۆڤارێک لە ئێراندا هەیە ، چەند ئەدبێک بابەتی ئەدەبیان بڵاو کردوەتەوە، هەندێ کتێبی کوردی باشووری لە ئێران چاپ دەبێت، مانای ئەوەیە زمانی کوردی لە عێراق و ئێراندا نەچەوساوەتەوە و جینۆساید نەکراوە. ئەوانەش بە ناوی زمانی کوردییەوە دەچەوسێنرێنەوە دەکرێت

42Reuters. (2025, February 14). *Two Russians jailed in Poland for espionage, Wagner membership*. https://www.reuters.com/world/europe/two-russians-jailed-poland-espionage-wagner-membership-2025-02-14

کێشەیەکی سیاسی جیاوازی ژێر بە ژێریان هەبێت. ئەم وتارە ئەوەی ڕوونکردەوە کە خود-نکۆلێکردن بەرهەم هێنانی دانینگ-کرۆگەر_نەزانی خۆ بەزلزان هەمیشە لە سایەی دوو فەرمانڕەوایەییدا بڕەوی پێدەدرێت، یەکێان داگیرکار و بەرنامەی کۆلۆنیالزیم ، ئەوەی دییان فەرمانڕەوایی پاش ڕزگاریە، ئەگەر ئەو وەکو فانوون دەڵێت، فەرمانڕەوایەکی بۆژوازی نوێنەری داگیرکار بوو. جگە لە کاریگەریە سەختەکانی زمانکوژی لە سەرشوناس و لایەنی دەروونی و سیاسی وکۆمەڵایەتی قسەکەرانی ئەو زمانە و لەوانیشی خراپترتێکچوونی گشتی بەڕێوەبردنی دەزگاییە و ،بوونی هەردوو لایان بە یەکەوە، نەوەیەک بەرهەم دەهێنێت کە هیچ پابەندێکی نیشتمانی و کولتووری و فەرهەنگی نەبێت و ئەوەشی پیشانی دەدات هیچ هێمایەکی ڕاستی و بەڵگەیەکی زانستی لە پشت نەبێت ، زیاتر لە بازنەی نمایشدا بخولێتەوە، هاوشێوە نمایشە سیاسیەکانی کۆمەڵگەکەی. لە بەر ئەوەیە ئەگەر یەک ئەندامی کۆمەڵگەی داگیرکار بە وێژدانەوە لە کارەساتەکان بنواڕێت تێ دەگات کورد نەک دەتوانێت بە زمانی خۆی قسە بکات ، دەتوانێت ببێت بە سەرۆک وەزیرانیش ، بەڵام ناتوانێت ببێت بە کورد. بەڵام کورد خۆی لە سەروو هەورەکانەوە کۆمەڵگەیەکی خەیاڵی دروست کردووە.

دۆسیی ژمارە

زمانی کوردی لە دامەزراوە بازرگانی و گەشتیارییەکاندا

پەراوێزخستنی زمانی کوردی لە دیمەنی زمانیی کەرتی گەشتیاری و بازڕگانی لە شاری هەولێردا

م.ی. جیهان یوسف ئەحمەد

کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆکردییە
هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا

(نالی)

پوختە

ئەم تـوێژینەوەیە بە ناونیشـانی" پەراوێزخسـتنی زمـانی کـوردی لە دیمەنـی زمانیی کەرتـی گەشـتیاری و بازڕگانی لە شـاری هەولێردا"یە، تـوێژینەوەیەکە لە چوارچێـوەی زمـانەوانیی کـۆیەڵایەتی دایە و هەوڵـێکە بـۆ پڕکـردنەوەی ئەو کەلێنەی لەم بـوارەدا هەبـوە. دیمەنـی زمـانی هەمـو زمـانێکی بینـراوی نوسـراو دەگرێتەوە؛ جا بەهەرجۆرێک بەجەستە ببێت. واتە دیمەنـی زمـانی، مـامەڵە لەگەڵ زمانی بینراودا دەکات. جگە لەوەش ئەم تـوێژینەوەیە، تـوێژینەوەیەکی مەیدانیی کارەکییە، بۆ دەستکەوتنی ئەنجامەکانی پشت بە وێنە و ئامار و داتـا دەبەسـتێت. بـۆئەوەی بسـەلمێنیت کە تـاچ ڕادەیەک زمـانی کـوردی پەراوێز خـراوە لە هەردو

کەرتی کەشتیاری و بازڕگانییدا، جگەلەوەش سەرەڕای ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونییەکانی ئەم بابەتە ئەو ئەنجامانەی دەستدەکەون؛ دەبنە بەڵگەیەکی بەهێز بۆ زۆر بابەت و لێکۆڵینەوە، لەوانە سیاسەتی زمان، پلانی زمان، زانینی ڕەوشی زمان لە وڵاتدا....تاد.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بە شێوەیەکی کورت و پوخت بابەتەکان لە دو بەشی سەرەکیدا بخرێنەڕو. بەشی یەکەم: پێشەکییە، بەشی دوەم: دەروازەیەکە بۆ چونە ناو بابەتی دیمەنی زمانییەوە. کە تێیدا زاراوە و چەمکی دیمەنی زمانی ڕونکراونەتەوە، پاشان، دیمەنی زمانی تاکزمان و جوتزمان و فرەزمان ڕونکراوەتەوە، دواتر پەیوەندیی دیمەنی زمانی بە سیاسەتی زمان و پلانی زمانییەوە تیشکی خراوەتەسەر .

بەشی سێیەم: بەشێکی پراکتیکییە، لەم بەشەدا چوار شەقامی سەرەکیی شاری هەولێر کە دیمەنە زمانییە گەشتیاری و بازڕگانی ئەو چوار شەقامە وەرگیراون. کە ژمارەیان(646) دیمەنی زمانییە، بۆ ئەوەی ئامارەکان بەڕونی و بێ کەموکوڕی دەرکەون. بەشێوەیەکی گشتی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، بریتین لە: 1-خستنەڕوی ڕێژەی دیمەنی زمانیی تاکزمان و جوتزمان فرەزمان، 2- خستنەڕوی ڕیژەی بەکارهێنانی شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیدا.3- دیاریکردنی ڕێژەی تەکنیکی زەقکردنەوە و دیاریکردنی پلەبەندیی زمانەکان. 4-خستەڕوی ڕیژەی بەکارهێنانی زمانی تیکەڵ لەدیمەنی زمانیدا.

وشە سەرەکییەکان: دیمەنی زمانی، شاری هەولێر، پەراوێزخستن، بازڕگانی، گەشتیاری.

بەشی یەکەم

١-١- پێشەکی:

١-١-١- ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی" پەراوێزخستنی زمانی کوردی لە دیمەنی زمانیی کەرتی گەشتیاری و بازڕگانی لە شاری هەولێردا"یە، وەک لە ناونیشانەکەدا دەردەکەوێت، مەبەستمان لە لایەنی بەرجەستە و بینراوی زمانی نوسراوە لە هەردو کەرتی(گەشتیاری و بازڕگانی) لە شاری هەولێردا. بە پێویستی دەزانین لەم ناونیشانەدا دو چەمک ڕونبکەینەوە:

1 - پەراوێزخستن: " زانستی زمانەوانی و کۆمەڵناسیدا، پەراوێزخستنی زمان (Language Marginalization) بریتییە لە پرۆسەی کەمبونەوەی بەکارهێنان و ڕۆڵی زمانێک لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابوری یان سیاسی ..... تاد)

2 - دیمەنی زمانی- Language Landscape، کە کورتکراوەکەی دەبێتە LL[1]. لە زمانەوانیی کوردیدا زاراوەیەکی نوێیە و مەبەست لێی هەمو ئەو لایەنە بینراوانەی زمانە، کە لە سەر شەقام و شوێنە گشتییەکاندا بەرچاو دەکەون، وەک: ناوی شەقام وگەڕەک و ناوی شوێنە گشتی و تایبەتیەکان. ... تاد.

١-١-٢- سنور و کەرستەی خاوی توێژینەوەکە:

توێژینەوەیەکە لەچوارچێوەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدایە؛ بۆ ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، دیمەنی زمانیی کەرتی گەشتیاری و بازڕگانی چوار شەقامی سەرەکیی شاری هەولێر وەک نمونە وەرگیراوە، کە شەقامی (کۆیە، بەختیاری، شۆڕش، مەخمورن) بە هەردو ئاراستەکەیەوە (60م. بەرەو40م) (40م. بەرەو60.م)، هەمو دیمەنە زمانییە گەشتیاری و بازڕگانییەکان وەرگیراون، کە ژمارەیان(679) دیمەنی زمانییە.

١-١-٣- هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

بابەتی پەراوێز خستنی زمانی و کوردی و زاڵبونی زمانی بێگانە بەسەر زمانی نەتەوایەتیمان بەتایبەتی لە دیمەنی زمانیدا، ئەگەرچی لە میدیا و کۆڕوکۆبونەوەکاندا گفتوگۆی زۆری لەسەر دەکرێت، تەنانەت چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمش لەم بارەویەوە ئەنجامدراون. بەڵام لە چاو گرنگیی بابەتەکە و شیکردنەوەی داتاکان بە زمانی ژمارە و ئامارەوە، پێویستی بەلێکۆڵینەوەی زیاتر هەبو.

لەلایەکی تریشەوە گرنگییەکەی و هۆی هەڵبژاردنی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بزانین ئاستی جیهانگەرایی و بونی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و تورکمانی و سریانی لە شاری هەولێردا تا چ ڕادەیەک کاریگەری لەسەر دیمەنی زمانی هەبوە، هەروەها چۆنیەتیی ڕیزبونی زمانەکان لە دیمەنی زمانی و زانینی پایەی

---

١ کورتکراوەی (linguistic landscape)ە

جیاوازی زمانەکان، لە شەقامێک بۆ شەقامێکی تر و بەکارهێنانی تەکنیکی زەقکردنەوەی وشە و زاراوە بیانییەکان و سەپاندنیان بەسەر زمانی کوردییەوە. خستنەڕوی هەمو ئەمانە نەک وەکو میدیاکارێک، بەڵکو بە شێوەیەکی زانستی و بە زمانی ژمارە و ئامار هۆکارێکی تری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەن.

١-١-٤- گرنگیی بابەتەکە:

گرنگیی ئەم بابەتە لە ڕوی کارەکییەوە دەکرێت ببێتە یارمەتیدەر بۆ داڕێژەرانی پلانی زمانی؛ بە تایبەتی ئەکادیمیای کوردی و لێژنە تایبەتەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ بەرز ڕاگرتنی پێگەی زمانی کوردی لەناو زمانەکانی تردا. هەروەها دەشێت ببێتە سەرچاوەیەک یان دەستپێکێک بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتری ئەو بابەتە، بەتایبەتی بۆ شارەکانی تر؛ یان لە ڕەهەندەکانی تری وەک: دەرونی وەیژویی و سیاسی. و...تاد. سەرەڕای ئەمەش ئەنجامەکانی دەبێتە سەرچاوەیەکی بەسود بۆ پلانی زمانی لە داهاتودا، سەرەڕای ئەم لایەنەنانە، داتا و ئامارەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە وێنە و نەخشەیەکی ڕونی ململانێی زمانەکان و پایەی کۆمەڵایەتی زمانی کوردی دەکێشن. دەتوانرێت شوێن و پایەی زمانەکان لەو هاوکێشیەدا بە شێوەی ئەکادیمی بخرێتەڕو.

١-١-٥- گرفتی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لەسەر بنەمای ئەم دو گرفتە کاری کردوە:

١- نەبونی شێوازێکی یەکگرتو لەڕوی بەکارهێنانی زمانەکان؛ لە دیمەنی زمانی شاری هەولێردا.

٢- بونی چەند زمانێکی زاڵ لە دیمەنی زمانیی کەرتی گەشیاری و بازڕگانییدا بەپێی شوێنە جیاوازەکانی شاری هەولێر.

١-١-٦- پرسیاری توێژینەوەکە:

ئەوەی، کە هەستی پێدەکرێت لە کوردستاندا بە گشتی خەڵک پابەندی پلانی زمانی دەوڵەت نین و لەلایەن حکومەتەوە ئازادییەکی تەواو بە دیمەنی زمانی دراوە و سانسۆر لەسەر بەکارهێنانی دیمەنی زمانی نییە. لەم بارەیەوە لە کۆمەڵگەیەکی فرەزمانی وەک شاری هەولێردا، بە شێوەیەکی سروشتی پایەی

زمانەکان دیتە پێشەوە، لە نێوانیاندا یەک تێروانینی کۆمەڵایەتی بۆ زمانەکان دروستنابێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دەدات نەخشەی ئەو پەراوێزخستنەی زمانی کوردی بخاتەڕو لەهەمان کاتیشدا وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

١- جیهانگەرایی و زمانی ئینگلیزی بە تایبەتی لەو شوێنانەی، کە هاوچەرخن تا چ ڕادەیەک بەسەر زمانی کوردیدا زاڵە ؟

٢- پایەی زمانی کوردی و زمانی فەرمی، تاچ ڕادەیەک لە دیمەنی زمانیدا ڕەنگیداوەتەوە؟

٣- ڕیزبەندیی و پێشینەی بەکارهێنانی زمانەکانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، تورکی، فارسی، ....تاد، بە چ شێوەیەکە لە دیمەنی زمانی گەشتیاری و بازرگانیدا ؟

٤- ئایا لە سامپڵەکانی ئەم تۆێژینەوەیە، لە هەر چوار شەقامەکەدا پایەی زمانی کوردی وەکیەکە؟

١-١-٧- ڕێبازی تۆێژینەوەکە:

ئەم تۆێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیی کارەکییە، پشت بەداتا و ئامار دەبەستێت. هەروەها ڕێبازی شیکاری وەسفی بۆ شیکردنەوەی داتاکان لە دیمەنە زمانییەکانی هەر چوار شەقامی شاری هەولێردا بەکارهاتوە.

١-١-٨- ناوەرۆکی تۆێژینەوەکە

ئەم تۆێژینەوەیە سێ بەشی سەرەکی لەخۆ گرتوە: بەشی یەکەم: پێشەکییە، بەشی دوەم: ناساندنی دیمەنی زمانی بەشێوەیەکی گشتی و چەمک و پێناسە جیاوازەکانی خراونەتەڕو، هەروەها جۆرەکانی دیمەنی زمانی (تاکزمان، جوتزمان، فرەزمان) ڕونکراوەتەوە، دواتر پەیوەندی دیمەنی بە سیاسەتی زمان و پلانی زمانییەوە باسکراوە. بەشی سێیەم: لەم تۆێژینەوەیەدا، کە بەشێکی پراکتیکییە و چوار شەقامی سەرەکیی شاری هەولێر وەک نمونە و نوێنەری شاری هەولێر وەگیراون خشتە و داتا و ئامارەکان بەڕونی خراونەتەڕو. پاشان خویندنەوەیەکی ورد بۆ داتا و ئامارەکان کراوە؛ دواتر ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوە بە چەند خاڵێک خراوەنەتەڕو. هەروەها پێشنیازی پێوست بۆ لایەنی بەرپرس خراونەتەڕو. دواتر لیستی سەرچاوەکان ڕیزکراون

بەشی یەکەم

١-٢- ناساندنی دیمەنی زمانی:

دیمەنی زمانی وەک هەر چەمکێکی تری بواری زمانەوانی بە چەند شێوەیەک ناسێنراوە و پێناسەی جیاجیای بۆ کراوە. لە خوارەوە زاراوە و پێناسەکان دەخەینەڕوو:

١-١-٩- لەڕوی زاراوەوە:

دیمەنی زمانی زاراوەیەکی نوێیە لە زمانی کوردیدا، لەبەرانبەر زاراوەی ئینگلیزی "Language landscape" بەکارهێنراوە. دەستەواژە ئینگلیزیەکەش، بۆ یەکەمجار لەلایەن هەردو توێژە *Rodrigue Landry and Richard Y Bourhis* [٢] سالّی(1997) لە میانی لێکۆڵینەوە لە چەمکی دیمەنی زمانی وزیندویەتی زمانەوانی کارەکی لە توێژینەوەیەکەیاندا بەکاریانهێناوە؛ بەناونیشانی:"Linguistic Landscape and Ethnolinguistic Vitality" لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی" المشهد اللغوي _ المناظر اللغوية"ی بۆ بەکارهاتوە. هەردو زاراوەکە "مشهد–مناظر" دەتوانن بەرانبەر زاراوەی" landscape" ی ئینگلیزی بوەستن. [٣]

لە زمانی کوردیشدا زاراوەی دیمەن لە فەرهەنگی خالّدا، بە واتای" دیمان" واتە ڕوبەڕو بونەوە هاتوە.[٤] لە فەرهەنگی هەمبانەبۆرینەشدا، بەواتای "چاوئەنداز- بەرچاو-منظرە" هاتوە[٥]، بەهۆی ئەو واتا نزیکەی هەردو زاراوەکە (دیمەن- Landscape)هەیانە، لەبەرانبەر دەستەواژەی ئینگلیزی (Language Landscape)دا، دەستەواژەی(دیمەنی زمانی)لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراوە، کە دەستەواژەیەکی نوێیە و پێشتر ئەم دەستەواژەیە بەکارنەهینراوە، بەڵکو

---

(٢)ئەم توێژینەوەیە لە گۆڤاری (Journal of Language and Social Psychology) لە، ب/١٦، ژ. 1 ی سالی (١٩٩٧) لە لاپەرە (٢٣ - ٤٩) دا بڵاوکراوەتەوە. لینکی ئەلکترۆنی توێژینەوەکە لە وێبسایتی گۆڤارەکە https: //doi.org/10.1177%2F0261927X970161002

(3)Ali Alfaifi, Linguistic Landscape: The Use Of English In Khamis Mushait Saudi Arabia, Degree Of Master Of Science In Education Teaching English To Speakers Of Other Languages Department Of Language, Learning, And Leadership The State University Of New York At Fredonia،2015،P9.

(٤) شێخ محەمەدی خاڵ. فەرهەنگی خاڵ، چ/ دوەم. هەولێر، بڵاوکراوەی ئاراس، ٢٠٠٥. ل.211 .

(٥) هەژار،عبدالرحمن شەرەفکەندی، هەمبانە بۆرینە، چ/یەکەم،1991، ل.334.

دەستەواژەی "تابلۆ"ی بۆ بەکارهاتوە، هەرچەندە دەستەواژی تابلۆ بەگشتی بۆ تابلۆی هونەری بەکاردێت، بەڵام تابلۆ ئەگەر نوسراویش بێت. جۆرێکە لە جۆرەکانی دیمەنی زمانی، وەک "تابلۆی هاتوچۆ" لەگەڵ ئەوەشدا ئەو واتایە گشتییەی نیە، کە دیمەنی زمانی هەیەتی، چونکە دیمەنی زمانی هەمو ئەو دیمەنە نوسراوانە دەگرێتەوە، کە ڕۆژانە بەرچاومان دەکەون و ڕوبەڕویان دەبینەوە؛ جا لە هەر کەرستەیەکی وەکو تابلۆ یان قوماش یان دیوار یان لە بەرد و مەڕمەڕ .....تاد، بەرجەستە ببێت. کەواتە لێرەدا هەردو زاراوەی (دیمەنی زمانی Language Landscape-) هەمان واتا و مەبەست دەبەخشن.

١-١-١٠- پێناسەی دیمەنی زمانی:

زاراوەی دیمەنی زمانی بەچەند شێوەیەکی جیاواز بەدید و بۆچونی جیاوازەوە ناسینراوە - *لاندری و بۆرهیس-Bourhis and Landry* پێیانوایە، دیمەنی زمانی ((دیاردەی زمانیی بینراوە لە شوێنە گشتییەکاندا وەک نیشانەکانی ڕێگا و تابلۆی ئاگادارکردنەوە و تابلۆی بازرگانی و ناونیشانی شەقام و دوکان و نیشانە گشتییەکان لە بیناکانی حکومەتدا.)) [٦] لێرەدا مەبەستیان هەمو زمانێکی بینراوی‌بب نوسراوە، کە لە شوێنە گەشتیاری و تایبەتییەکاندا بەرچاودەکەون و دەبینرێن، هەروەها بێن *ڕافێل و شۆهامی Ben-Rafael and Shohamy* - پێیانوایە، کە ((دیمەنی زمانی ئەو نیشانانەن، کە بەهۆی زمانەوە دەوروبەر دەناسێنن.)) [٧] واتە ئێمە بەهۆی ئەو زمانەی، کە بەکارهاتوە لەو دیمەنە زمانییەدا لە پیشە و کار و مەبەستی ئەو شوێنە تێدەگەین، هەروەها کۆرتەر-*Gorter* پێیوایە: ((ئەگەر لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە دیمەنی زمانی بناسێنین دەتوانین بڵێین: ئەو زمانە بینراوەیە، کە هەڵگری پەیام و زانیاریی تایبەتییە، لە ناو کۆمەڵگەدا بەمەستی گەیاندنی سودێکی گشتی یان وەک

(6) Landry Rodrigue & Bourhis Richard, Linguistic Landscape and Ethnolinguistic Vitality, Journal of language and social psychology، Vol/16, no. 1 ،1997 ،p:25.

(7) Eliezer Ben-Rafael, Elana Shohamy and Monica Barni، ntroduction: an approach to theordered disorder Linguistic Landscape in the city،2006 ،p.:27

دروشمێکی کۆمەڵایەتی گرنگ کاردەکات.))[٨] مەبەست لە سودێکی گشتی ناساندن و خستنەڕوی نوسراوەکەیە، کە سودی بۆ خاوەنەکە و بۆ دەوروبەری دەبێت. مەبەستیش لە وەی، کە وەک دروشمی کۆمەڵایەتی کاردەکات، ئەوەیە، کە دیمەنی زمانی جگە لەوەی زانیاری دەخاتەڕو ئەرکی تریش دەبینێت وەک وشیارکردنەوە یان ڕێنمایی پێدان یان خستنەڕوی کەسایەتی و باری دەرونی....تاد. بەشێوەیەکی گشتی، دیمەنی زمانی ((هەمو ئەو 'گوتارە گونجاوانە' دەگرێتەوە، کە لە دەوروبەردا دەردەکەون.))[٩] یان ((پیشاندان و خستەڕوی تێکستە جیاوازەکانە لە شوێنی گشتی وشوێنی تایبەتیدا))[١٠] چونکە هەر دیمەنێکی زمانی کۆمەڵێک مەبەست و ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە، هەر ئەمەشە بوەتەهۆی ئەوەی، کە دیمەنە زمانییەکان بەشێوەی جیاواز بخرێنەڕو. کۆرتەر-*Gorter*پێیوایە: ((لێکۆڵینەوە لە دیمەنی زمانیLL بواریکی تازە گەشەسەندوی زمانەوانیی کارەکییە، کە گرنگی بە فۆرمی نوسراوی زمانەکان دەدات لە دەوروبەردا.))[١١] لەهەمانکاتیشدا ڕەنگدانەوەی دۆخی زمانیی ناوچەکەیە، کە نوێنەرایەتیی زمانی ناوچەکە دەکات؛ لە ڕوی هێز و ڕێژەی زمانە بەکارهاتوەکانەوە یان دەتوانین بڵێین، ناسنامەی چەندین زمانە لە ناوچەکەدا. هەندێک لە لێکۆڵەرانیش پێیانوایە، کە دیمەنی زمانی ((ڕاگەیەنراوێکە لەسەر تابلۆ یان شاشە، کە زانیاریەکی گشتی پێشکەشدەکات؛ جا نوسراو بێت یان ڕەمز.))[١٢]

---

(8) Jasone Cenoz and Durk Gorter، Introduction: the study of linguistic landscape as a new approach to multilingualism. International journal of multilingualism، 2006. P.20.

(9) Omar Alomoush، Multilingualism In The Linguistic Landscape Of Urban Jordan. The University Of Liverpool. Retrieved From Http://Search. Proquest. Com/Docview/177925334.2015، p:12.

(10) Iris Hewitt-Bradshaw ،linguistic landscape as a language learning and literacy resource in Caribbean creole contexts, Caribbean curriculum vol. 22 ، 2014، p.1.

(11)Durk Gorter ،Introduction The Study Of Linguistic Landscape As A New Approach To Multilingualism. International Journal Of Multilingualism،2006، p:2.

(12)Backhaus, Peter ،Linguistic Landscapes. A Comparative Study of Urban Multilingualism in Tokyo Clevedon–Buffalo–Toronto: MultilingualMatters Ltd ، 2007،p:41.

واتە لە دیمەنـــی زمانیـــدا هەنـــدێکجار رەمـــزیش بـــۆ زیـــاتر ڕونکـــردنەوە مەبەســـتەکانیان، یـــان بـــۆ ئـــابوریکردن لە زمانـــدا بەکاردەهێنرێـــت. *برادشۆBradshaw* وا دەبینێ، کە((زمان لە بەکارهێناندا فرە مۆدێلەLL ئەم فرە مۆدێلیە دەخاتەڕو.))[١٣] واتە دیمەنی زمانی ئاماژە بە دۆخی زمانی ناوچەکە دەکـــات؛ یـــان بەڵـــگەی ئەو زمانـــانە دەســـتەبەردەکات، کە لە نـــاوچەکەدا بەکاردەهێنرێت، بەگشتی((دیمەنی زمـانیLL تیشک دەخـاتە سـەر نـوێنەرایەتی زمانەکـــان لە دەوروبەردا.))[١٤] واتە لە هەرشـــوینێک چ زمانێـــک زۆرتـــرین بەکـارهێنەری هەبێـت، ئەو زمـانە لە دیمەنـی زمـانی ئەو شـوێنەدا بەکاردێـت. هەربۆیە لە هەرشوێنێک زمانێک خۆی زاڵدەکات و لەسـەروی زمانەکانی تـرەوە بەکاردەهێنرێت. هەرئەمەشـە بوەتەهـۆی جیـاواز دەرکەوتنـی دیمـەنە زمانییەکان، دەتـوانین بڵێین:((دیمەنـی زمـانی وەک پانۆرامـایەکی ئەدەبییە لە دیدی خەڵکی پیـادە و شـوفێراندا)) [١٥]، کەواتە چـەمکی دیمـەنی زمـانی، هـەمو ئـەو تـابلۆ نوسـراوانە دەگرێتـەوە کـە بـۆ ناسـاندنی شـوێنەکان بـەکاردێن، لەگەڵ ئەوەشـدا گرنگـی بـە زمـان دەدات لـە دۆخـی دەرکـەوتنی وەک تابلۆیـەکی ئامـاژەدەری بەرجەستە لە ژینگە و دەوروبـەردا، بـۆیە لێکۆڵینەوە لە دیمەنـی زمـانی، جۆرێکە لە لێکۆڵینەوەی زمـانەوانیی کـۆمەڵایەتی، چـونکە لە زمـان و پەیوەندیی زمـان بە کۆمەڵگەوە دەکۆڵێتەوە، ((بەڵام دواتر ئەم بوارە پەرەیسەند و فرە پسـپۆری تێدا پەیـدابو، واتە پســپۆرییەکانی لە بـواری زمـانەوانیی کـۆمەڵایەتی دەرچـون و فراوانتربـون بـواری تریشـی گـرتەوە. وەک بوارەکـانی: ڕۆشـنبیریی گشـتی و مرۆڤناسی و زمانەوانیی دەرونی و ئابوری و پەروەردە و. .... تاد))[

١-١-١١- جۆرەکانی دیمەنی زمانی لە ڕوی زمانە بەکارهێنراوەکانەوە:

لـە ڕووی ژمـارەی زمـانی بـەکارهێنراوەوە دیمـەنی زمـانی ئـەم جۆرانـە لەخۆدەگرێت:

---

(13) Iris Hewitt-Bradshaw ،linguistic landscape as a language learning and literacy resource in Caribbean creole contexts, p:158.

(14) Jing-Jing Wanglinguistic ، Landscape on Campus in Japan- A Case Study of Signs in Kyushu University، Northwest A&F University, China; Kyushu University, Japan، 2015, p:124.

(15) Jasone Cenoz and Durk Gorter، Linguistic landscape and minority languages,p:268.

١-١-١٢- دیمەنی زمانیی تاکزمان:

بریتییە لە نوسینی دیمەنی زمانی بە یەک زمان، یان (گەشەکردنی زمانێک و زاڵبونی لە ڕوی سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە، دەکرێت ئەم زمانە زمانی زۆرینەی خەڵک بێت یان زمانێک بێت، کە حکومەت خۆی دەسنیشانیبکات. یان دەکرێت ئەو زمانە زمانی ئەو وڵاتە بێت؛ یان زمانی داگیرکەربێت.)[١٦] وەک: ((لە سەردەمی حکومڕانی بەعس لە کوردستاندا بەدیدەکرا، کە ناوی قوتابخانە و مزگەوت و شارو گوندەکانی گۆڕی لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی عەرەبی بۆ نمونە، بە فەرمانی ژمارە(41) لەساڵی (1976, 11.29) ناوی پارێزگای کەرکوکی لە کەرکوک بۆ تأمیم گۆڕی))[١٧] بەڵام لە ئێستادا تاکزمان[١٨] بەگشتی لەو شوێنانە بەکاردێن، کە لاچەپ و دورەدەستن و گەشتیار و بازرگانییان بەسەرەوە نییە. شارۆچکەی بچوک و گوندەکان بەگشتی لەم چەشنە شوێنانەن؛ بەمەرجێک هاتوچۆی بیانییان بەسەرەوە نەبێت. ئەوکاتە لە دیمەنی زمانیدا تەنیا زمانی ناوچەکە دەردەکەوێت، ئینجا لەم چەشنە شوێنەشدا بەگشتی دیمەنی زمانی کەم بەکاردێت. بۆ نمونە: ڕەنگە فرۆشگایەک یان بەنزینخانەیەک لەشوێنەکە هەبێت، بەڵام هیچ تابلۆیەکی ناساندنی هەڵنەواسیبێت، چونکە لە شوێنەکە تاقانەیە و بێ ڕکابەرە؛ یان زۆر ناسراوە. هەندێکجاریش بونی هەستێکی بەهێزی نەتەوایەتی دەبێتەهۆی ئەوەی، کە دیمەنە زمانییەکە تەنها بە زمانی نەتەوایەتی بنوسێت. ئەوەش لە هەندێک شوێن لە شاری هەولێردا دەبینرێت.

لە دیمەنی زمانی تاکزماندا، هەندێکجار زمانی نەتەوەیی، هەندێکجاریش زمانی بێگانە بەکاردێت. ئەویش ئەگەر وشە و تێرمە بەکارهاتوەکە زۆر زەق و ناسراوبێت. بۆ نمونە: ڕەنگە فرۆشگەیەک لە لادێیەکی دورە دەستدا، لە تابلۆی ناساندنەکەی لەجیاتی فرۆشگە بنوسێت مارکێت یان دوکان. بەشێوەیەکی گشتی دیمەنی زمانیی تاکزمان، لەو وڵاتانەشدا بەکاردێت، کە سیاسەتی زمانیی

---

(١٦) هدى الصيفي، علاقة السياسة اللغوية بالتخطيط اللغوي، ماجستير، جامعة قطر، كلية الآداب والعلوم، 2015. ص:44.

(١٧) ئومێد بەرزان برزق، پلانی زمانی و ئاسایشی زمانی نەتەوەیی، گ/زانکۆی سلێمانی ژ:50. بەشیB. 2016، ل:21.

(١٨) بڕوانە وێنەی ژمارە 1 لە پەراوێزی ئەم توێژینەوەیەدا.

تایبەتیان هەیە بۆ سەپاندنی زمانێک یان پارێزگاریکردن لە زمانێک، هەروەها لەو شوێنانەش بەکاردێت، کە خەڵکەکەی دەمارگیرییان بۆ زمانی نەتەوەیی هەیە. زۆرجاریش لە دەوڵەتێکی فرەنەتەوەدا، یەک نەتەوە دەسەڵات دەگرێتەدەست، زمانی خۆی بەسەر هەمو وڵاتەکەدا دەسەپێنێت، ئەوکات دیمەنی زمانی لە هەمو ناوچە جیاجیاکاندا تەنیا بەزمانە سەپێنراوەکە دەبینرێت.

١-١-١٣- دیمەنی زمانیی جوتزمان:

مەبەست لەم چەشنە بەکارهێنانی دو زمانە لە دیمەنی زمانیدا[١٩]. بەگشتی لەو وڵاتانەدا بەکاردێت، کە پێشتر لە لایەن زلهێزەکانەوە داگیر کراون و پاشان سەربەخۆیی خۆیان وەرگرتوە. ئەوەش دەبێتەهۆی ئەوەی، کە زمانی داگیرکەر لە پاڵ زمانی فەرمی بەکاربهێنرێت، جگە لەوەش هۆکاری تری وەکو:(کۆچکردن و نزیکی سنوری نێوان دو وڵات یان کاریگەربون بە بیروباوەڕ و کەلتوری ئاینی وەکو کاریگەربونی گەلی کورد بە نەتەوەی عەرەب بەهۆی پەیڕەوی ئاینی ئیسلامەوە و فێری زمانی عەرەبی بون.)) [٢٠] جوتزمانی یان بەیاسا ڕێکدەخرێت یان ڕۆژگار دەیسەپێنێت. کە دەبێتە بەشێک لە ژیانی خەڵکەکە، هەندێک جاریش زمانێکی بیانی لە پاڵ زمانی نەتەوەیی وەک پێویستی نیشتمانی بەکاردێت و زمانە بیانییەکەش وەک پێویستی سیاسی یان ئابوری بەکاردێت. بۆ نمونە: ئەو وڵاتانەی لە سنوری بازنە سیاسییەکانی "فرانکۆفۆن"ین، زمانی فەرەنسی لەگەڵ زمانی نەتەوەیی بەکاردێنن. هەروەها ئەو وڵاتانەی لە بازنەی سیاسی "کۆمنۆڵث" ین، زمانی ئینگلیزی لەگەڵ زمانی نەتەوەیی بەکاردێنن. هەندێک لە لێکۆڵەران جوتزمانی بە گرفتی دەزانن بۆ وڵات، بەڵام((جوتزمانی دیاردەیەکی سروشتی و ئاساییە نەک گرفت بۆ زمان. لە زۆر وڵاتانی دونیادا پەیڕەو دەکرێت، چونکە گرنگیەکی زۆری لە بوارەکانی: بازرگانی، ئابوری، زانستی، پیشەیی،.....تاد هەیە.))[٢١]

---

(١٩)بڕوانە وێنەی ژمارە ٢ لە پەراوێزی ئەم توێژینەوەیەدا

(٢٠) هیوا مولود عەبدوللا، ئانالۆژیای کۆد گۆڕینەوە لە زمانی کوردیدا، ماستەر، زانکۆی سلێمانی، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، ٢٠١٦، ل:46.

(21) Ralph Fasold, The Sociolinguistics Of Society. Typeset By the Community Wigston, Leicester Printed In Great ritainB,1984,p:16.

جوتزمـانی هەنـدێک جـار لەسـەر ئاسـتی وڵاتێکـدا پەیڕەودەرکرێـت، واتە دەوڵەت خۆی دایدەنێت، کە دو زمـانی سـەرەکی، زمـانی فەرمـی وڵاتـبن، وەک لە وڵاتـی عیراقـی فیـدراڵ دەبینرێـت. کە زمـانی عەرەبـی و زمـانی کـوردی، زمـانی فەرمـی وڵاتـن. هەنـدێکجاریش جوتزمـانی لەنـاو هەنـدێک دامودەزگـای تـایبەت بەکاردێت. بە تایبەتی لە بواری بازرگانی یان زانستی یان پیشەییدا. بۆ نمـونە: لە هەنـدێک شـوێنی بازرگانیـدا لە پـاڵ زمـانی کـوردی لە دیمەنـی زمانیـدا زمـانی ئینگلیزیش بەکاردێت.

جۆرێکی تری جوتزمانی بریتییە لە ((جوتزمـانی پەروەردەیـی، ئەم جۆرەیـان تـایبەتە بە بوارەکـانی خوێندن.) [٢٢]ئەوەیـان لە کوردسـتاندا بە زەقـی دەبینرێت؛ بەتایبەتی لە قوتابخانە و زانکۆ ناحکومییەکاندا، کە زمانی ئینگلیزی لە خوێندن و لە دیـمەنە زمانییەکـانی نێـو قوتابخانەکانـدا، لە پـاڵ زمـانی فەرمـی وڵات و زۆرجـاریش لە سـەروی زمـانی فەرمییـەوە بەکاردەهێنرێت. زۆرجـاریش نەتەوە بچوکەکـان بـۆ مـانەوە و بەرگریکـردن لە زمانەکەیـان، وەک زمـانی کەمینـەی نەتەوەیـی لە وڵاتدا، لە شـوێنی نیشـتەجێبونیاندا دیمـەنە زمانییەکانیـان بە زمـانی تایبەتیی خۆیان و زمانی فەرمیی وڵات دەنوسن، وەک زمانی سریانی، تورکمانی لە شاری هەولێردا.

١-١-١٤- دیمەنی زمانیی فرەزمان:

لەم چەشنە دیمەنی زمانییەدا[٢٣]، زمانی نەتەوەیی و چەند زمانێکی تریش لە پـاڵ زمـانی فەرمـی وڵاتدا بـەکاردێن، پەیڕەوکردنـی فرەزمـانیش هۆکـاری زۆری هەیـە، لـەپێش هەمویانـەوە؛ بـونی دیموکراسـییە لـە وڵاتدا. ئینجـا کرانـەوەی وڵات بەڕوی گەشتیاری و بونی بازاری ئازاد و پیشەسازی و ڕۆشنبیری لـەپاڵ هـەمو ئەمانەشدا ((نەبونی دەمارگیری نەتـەوەیی وهەسـتی خۆسـەپاندن بەسـەر ئـەوانی تـردا، یارمەتیـدەرە بـۆ فرەزمـانی لەدیمـەنی زمانیـدا)) .*جۆنسـۆن و دۆرک- Jasone and Durk* پێیانوایە، کە ((جیهانگیری و کۆچبەران و گەشتوگوزار و

(٢٢) هدى الصيفي، علاقة السياسة اللغوية بالتخطيط اللغوي، ص:14.

(٢٣) بڕوانە وێنەی ژمارە ٣ لە پەراوێزی ئەم توێژینەوەیەدا

بوژاندنەوەی زمانی کەمایەتی، بوە هۆی دروستکردنی دیمەنی فرەزمانی. واتە فرەزمانی هەندێکجار دەبێتە پێویستیەک بۆ ئەو ولّات و نەتەوەیە.))[٢٤]

فرەزمانی لە ولّاتدا زۆرجار بەپێی دەستور ڕێکدەخرێت، واتە بە فەرمی فرەزمانی لە دیمەنی زمانیدا ڕادەگەیەنرێت، بەلّام هەندێکجار بەشێوەیەکی نافەرمی فرەزمانی لە دیمەنی زمانیدا بەدیدەکرێت. بەتایبەتی ئەو ولّاتانەی، کە دراوسێکانیان فرەنەتەوەن و خاوەن زمانی جیاوازن ئەمەش بۆ هۆکاری ئابوری و بازرگانی و سیاسی و گەشتیاری....تاد دەگەڕێتەوە، بۆیە لەم جۆرە ولّاتانەدا ناتوانرێت ڕێگری لە بەکارهێنانی فرەزمانی بکرێت، چونکە وەک پێویستییەک پەیڕەودەکرێت، *لاندری و بۆهیس-Landry and Bourhis* پێیانوایە:((دیمەنی زمانی ڕەنگدانەوەی ئەو زمانانەیە، کە لەو شوێنە یان لەو ناوچەیە بەرچاون و زۆرترین قسەپێکەریان هەیە))[٢٥]، لێرەشدا ئەوە ڕوندەبێتەوە کاتێک زیاتر لە زمانێک لە دیمەنی زمانیدا دەبینرێت، واتای ئەوەیە، کە ئەو زمانانە لە پێشبڕکێدان بۆ زاڵبونیان بەسەر یەکترو خۆسەپاندنیان. زۆرجار دەبینرێت، کە زمانی نافەرمی بەبێ ویست بەسەر زمانی فەرمی ولّاتدا زاڵدەبێت، بەجۆرێک وەکو زمانی فەرمی بەکاردێت. بۆ نمونە زمانی ئینگلیزی؛ لە ئیستادا وەک زمانێکی جیهانی لە زۆربەی زۆری ولّات و شارەکاندا شانبەشانی زمانی فەرمی بەکاردەهێنرێت؛ لەم بارەیەوە ڕەفیق *شوانی* پێیوایە: ((مەترسیی هەژمونی زمانی ئینگلیزی بۆ داهاتوی نەتەوەکەمان زۆر خراپ ڕەنگدەداتەوە، زمانی کوردی دەکاتە زمانی دوەمی کوردستان)) [٢٦]. بۆیە گەر پێشی لێنەگرێت و فریای زمانی فەرمی ولّات نەکەوین ئەوە وردەوردە زمانی نەتەوایەتیمان بەرەو لاوازی و سستی دەڕوات و زمانی نافەرمی بەسەر زمانی فەرمی ولّاتدا زاڵدەبێت. هەر لەم بارەیەشەوە *فسۆڵد- Fasold* پێیوایە:((فرەزمانی لەنەتەوەیەکدا دەتوانێت کێشە چارەسەربکات لە بواری بازڕگانیدا لە هەمان کاتیشدا دەبێتەکێشە لە بواری

---

(24) Jasone Cenoz and Durk Gorter, The Linguistic Landscape As An Additional Source Of Input In Second Language Acquisition, Oral – International Review Of Applied Linguistics In Language Teaching. Vol./ 46. No/ 3. 2008.

(25) Landry & Bourhis Richard, Linguistic Landscape and Ethnolinguistic Vitality.p:31.

(٢٦) ڕەفیق شوانی، لە دەسدانی زمان لە دەسدانی نەتەوەیە، ل:47.

کۆمەڵایەتیدا.)) [٢٧]واتە لەو شوێنە بازرگانییەکاندا فرەزمانی وەک پێویستییەک بەکاردێت. بەتایبەتی لەو شوێنانەی، کە هاتوچۆی خەڵکی بیانی بەسەرەوەیە. ئەوەش سودی بۆ خاوەنی شوێنە بازڕگانییەکە دەبێت و فرۆشی زیاتر دەبێت. لە هەمان کاتیشدا لەوانەیە ببێتە کێشە بۆ خەڵکی ئاسایی، بەتایبەتی ئەوانەی، کە زمانی بیانی نازانن، چونکە تێنەگەیشتن لە زمانی بیانی زۆرجار گرفت دروستدەکات.

٢-١- پەیوەندیی دیمەنی زمانی بە سیاسەتی زمان و پلانی زمانییەوە:

١-١-١٥- سیاسەتی زمان:

سیاسەتی زمان جۆرێکە لە سیاسەتی گشتیی حکومەت، لە هەمان کاتیشدا بە شێکی گرنگی سیاسەتی دەوڵەتە. ئەو سیاسەتە لەلایەن دامودەزگا پەیوەندیدارەکانەوە دادەڕێژرێت، ئامانج لێی ئەوەیە زمانی فەرمی دیاریبکرێت و لەهەمان کاتدا مافی زمانەکانی تری سنوری دەوڵەتیش لەم سیاسەتەدا ڕەچاوبکرێت. *شۆهامی-Shohamy* پێیوایە: ((سیاسەتی زمان توانای دروستکردنی زمانی هەیە و دەتوانێت دۆخی زمانێک بەرزبکاتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی نزمبونەوەی زمانەکانی تر))،[٢٨] واتە سیاسەتی زمان زۆر جار بۆ بەرزکردنەوەی زمانێک لەسەر حسابی ئەوانی تردا بەکاردێت. ((بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتی زمان چوارچێوەیەکە سەبارەت بە زمان بڕیار دادەڕێژێت. ئەم سیاسەتە دو مەبەستی لە پشتە: یەکەمیان گۆڕینی زمان دوەمیان پاراستن و پەرەپێدانی زمان.))[٢٩] جگە لەو دو مەبەستەش سیاسەتی زمان ((بۆ پاراستنی زمانی نەتەوە و ئاسایشی نەتەوەیە. هەندێک جاریش سیاسەتی زمان بەکاردێت بۆ کۆسپ و تەگەرە خستنە پێش گەشەکردنی زمانی بن دەست)) [٣٠]یان لە سیاسەتی زماندا هەوڵی سڕینەوەی زمانێک دەدرێت یان فەرامۆشدەکرێت لە

---

(27) Ralph Fasold, The Sociolinguistics Of Society,1984, p:4.

(28) Elana Shohamy, Language Policy: Hidden Agendas And New Approaches, London: Routledge, 2006, p:124.

(٢٩) سید عبدالرزاق قازی، سیاسەتی زمان و پلان داڕێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەیی هەرێمی کوردستاندا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین،2020، ل:16.

(٣٠) تارق جامباز، بونی نەتەوە و سیاسەتی زمان، هەولێر،2014، ل:7.

خوێندن و یاسا و دیمەنی زمانیدا. وەک: تورکیا و سوریا و ئێران لەئێستادا بەرانبەر بە زمانی کوردی دەیکەن.((هەندێک جاریش دەسەڵات زمان بەو ئاراستەیە دەبات، کە خۆی مەبەستیەتی.))[٣١]

دێڤید-*David* پێیوایە: ((سیاسەتی زمان ئەو ڕەفتار و کارلێکانەن، کە بە هۆیانەوە دۆخی فەرمی زمان و بڕیاری تایبەت بە زمان دەسەپێنرێت، بە جۆرێک، کە لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەدابێت.))[٣٢] واتە ((هەمو ئەو بژاردانەن، کە ئاگایانە دەستنیشاندەکرێن بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی.))[٣٣] بەگشتی سیاسەتی زمان ((لە هەمو بوارەکانیدا لە پەیوەندیی زمان بە کۆمەڵگەوە دەکۆڵێتەوە، بۆیە بە بەشێکی گرنگی زمانەوانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت.))[٣٤] دەتوانین بڵێین سیاسەتی زمان ڕێکخستنێکی سیاسیانەی مەبەستداری نەتەوەیی زمانە، کە بەو هۆیەوە پێگە و بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی ڕێکدەخرێت و زمانی بینراو و بیستراو لە هەمو بوارەکاندا یەکدەخرێت؛ بێگومان ئەم زمانەش لەلایەن حکومەتەوە هەلبژێردراوە و کراوە بە زمانی فەرمی وڵات، کەواتە سیاسەتی زمان ئەوەیە کە:(حکومەت بە فەرمی لە ڕێگەی یاسادانان و بڕیاری پەرلەمانییەوە دایدەڕێژێت، بۆ ئەوەی دیاری بکات، کە چۆن زمانەکان بەکاردەهێنرێتن)[٣٥] چ زمانێک زمانی فەرمی ئەم شوێنەیە؟ گشت یاساکانی حکومەت و بڵاوکراوە و ئاگاداری و ڕێنماییەکان بە کامە زمانن؟ زمانی ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و لێکۆڵینەوەکان چ زمانێکە؟ ڕێوشوێنە دادوەرییەکان و بریاری دادگا بە چ زمانێکە؟ لە ئالۆگۆری بازرگانی وڵات لەگەڵ وڵاتانی تردا چ زمانێک زمانی فەرمیە؟ لەپەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکاندا چ زمانێک

---

(٣١) قەیس کاکل تۆفیق، ئاسایشی نەتەوە وپلانی زمان. چ / یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، 2007، ل:48.

(32) David Cassels Johnson, Language Policy, Washington State University, USA , 2013,p:21.

(٣٣) لویس جان کالفی، حرب اللغات و السیاسات اللغویة، ت: حمزة حسن، لبنان، مرکز دراسا الوحدة العربیة، ٢٠٠٨،ص:221.

(34) Negro Dal, Local Policy And Modeling The Linguistic Landscape, New York: Routledge, 2009, p:10.

(35) Terrence G. Wiley, Language Planning And Policy, In S. L. Mckay & N. H. Hornberger Eds, Sociolinguistics And Language Teaching, Cambridge University Press,1996, p:106.

بەکاردێت؟ ئەو زمانەی لە داموەدەزگای حکومەت و ناوەندەکانی خوێندنی گەشتیاری و ناحکومیدا بەکاردێت چ زمانێکە؟ کامە زمان لەپاڵ زمانی فەرمی وڵات لە خوێندندا بەکاردێت؟ لە چ ئاستێکی خوێندندایە؟ ئەم زمانەی لە میدیاکان بەکاردێت کامە زمانە ؟ لە تابلۆی گەشتیاری و ناحکومیدا ڕێزبەندیی زمانەکان و پێشینەی بەکارهێنانیان لە دیمەنی زمانیدا چۆنە؟ هەمو ئەو پرسیارانە دەکرێت سیاسەتی زمان وەڵامیانبداتەوە

١-١-١٦- پلانی زمان:

پلانی زمان، وەکو بەشێک لە پلانی گشتیی حکومەت لە هەمو بوارە جیاوازەکانی بەکارهێنانی زماندا، ڕۆڵی بەرچاوی هەیە وەکو: فێرکردن، ڕاگەیاندن، بازرگانی، پیشەسازی، بواری فەرهەنگسازی، دیمەنی زمانی.....تاد. بە شێوەیەکی گشتی، پلانی زمان هەنگاوی دوای سیاسەتی زمانییە؛ واتە دوای ئەوەی سیاسەتی زمانیی وڵات دادەڕێژرێت، ئەوکات داموەدەزگا پەیوەندیدارەکان پلان دادەنێن بۆ چۆنییەتیی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە. بۆ نمونە: وەزارەتی پەروەردە پلان دادەنێت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی زمان لە بواری فێرکردندا، وەزارەتی ڕۆشنبیری پلان دادەنێت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی زمان لە ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەکاندا. هەمو داموەدەزگاکانی حکومەت بەهەمان شێوە، لە ڕوانگەی سیاسەتی زمانەوە لە بواری پسپۆری خۆیاندا پلان دادەنێن. واتە ((دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاوە بۆ پیادەکردنی سیاسەتی زمان.))[٣٦] کەواتە، پلانی زمان((گۆڕانێکی مەبەستدارە لە بنیاتی زمان و ئەرکی زمان، یان لە هەردوکیاندا، هەوڵدەدات کێشەکانیان بدۆزێتەوە بە دەستەبەرکردنی کاریگەرترین و باشترین بژاردەی گونجاو چارەسەریان بکات.))[٣٧]یان دەتوانین بڵێین ((پلانی زمان بریتییە لە هەڵسەنگاندنی دۆخی زمان لە ڕوی پێداویستییەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییەوە.))[٣٨]واتە لە پلانی زمانیدا، زمان بۆ

---

(٣٦) لویس جان کالفی، حرب اللغات و السیاسات اللغویة، ص:395

(37) Joan Rubin And Bjorn Jernudd, Can Language Be Planned? Sociolinguistic Theory And – Practice For Developing Nations. Hawaii, The University Press Of Hawaii1971,p: xvi

(38) Sue Wright, Language Policy And Language Planning From Nationalism To Globalization., Johnson, Washington State University, USA, 2004, p:71.

خزمەتـــی کـــۆمەڵگە و جێبەجێکردنـــی پێداویســـتییەکانی؛ یان((بەمەبەســـتی چارەســـەرکردنی ئاریشـــەکانی زمـــان.))[٣٩] بەکاردەهێنرێـت. هەنـدێکجاریش بـۆ ((دەســـتێوەردان و پـــاکردنەوە و کـــۆنترۆڵکردنی زمـــان لە نەتەوەیەکـــی دیـاریکراودا.))[٤٠] ڕێکدەخرێت. بەگشـتی ((پلانـی زمـانی بە شـێوەیەکی سـەرەکی دیزاین کراوە بۆ هەژمـارکردنی جـۆرێکی دیـاریکراو لە گۆڕانکـاری زمـانەوانی لە کـاتێکی دیـاریکراودا، ئەم چەمـکە پەرەسـەندنی زمـانێکی زاڵ لە سـەر حسـابی زۆرێـک لە زمانەکـانی تـر دادەنێـت.)) [٤١]چـونکە گرنگـی بەزمـانێکی دیـاریکراو دەدرێت لە هەمـو ڕوویەکەوە ئەو گرنگیـدانەش ((هەوڵێکـی سیاسـیی دروسـتە لە ئاکـامی هەبـونی ڕەوشـێکی سیاسـی- کـۆمەڵایەتی دروسـت دەبێـت، هەوڵـدەدات ڕەوشـی سیاسـی زمـان بگۆڕێـت.))[٤٢] بـۆ ئەوەی بتوانرێـت بە بـێ بـونی کێشـە پێداویستیی تاک و کۆمەڵ جێبەجێ بکات

پلانی زمانی لە دو ڕوی جیاوازەوە کار لەسەر زمان دەکات:

<u>ڕوی یەکەم:</u> بەشـێوەیەکی سیسـتماتیک زمـان ڕێکـدەخاتەوە؛ گۆڕانکـاری لە فۆرمی زمـان دەکـات و ئاریشـەکانی لەڕوی فەرهەنـگ، ڕێنـوس، شـێوەی فۆنـت، بەرزکردنەوەی کوالێتیی زمان، .....تاد، چارەسەردەکات.

<u>ڕوی دووەم:</u> پلاندانان بۆچارەسەرکردنی ئەو کێشـانەی، کە بەکۆمەڵەوە گرێ دراون؛ لێرەشـدا گرنگـی بە کـوالێتی زمـان نادرێـت؛ تەنهـا بـایەخ بەو پەیوەنـدیە دەدرێـت، کە لە نێـوان زمـان و کۆمەڵـدا هەیە. بـۆیە زمانەوانـانیی کـۆمەڵایەتی وپلاندارێژەرانی زمان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە پتەوکردنی ئەم پەیوەندییەدا[٤٣].

---

(٣٩) خۆشناو عەزیز حەمەئەمین و عومەر مەحمود کەریم، کورد و پلانسازیی زمان، گۆڤاری زانکۆی کۆیە ژ:42، 2017، ل:10.

(40) anaEl Shohamy, Language Policy, Hidden Agendas And New Approaches, London, Routledge, 2006,p:49.

(41) Khumbu Blasius Piusm, Perspectives For Cameroon. Chiatoh sales center For African Languages And Cultures, The University Of Buea, 2021, P:180.

(٤٢) سلام ناوخۆش، ستاندەربونی زمانی کوردی لە نێوان زمانی سیاسی و سیاسەتی زمان، ڕێخراوی زماننناسی، چاپخانەی منارە هەولێر، ٢٠١٠، ل:51.

(43) Terrence Wiley, Language Planning And Policy, In S. L. Mckay & N. H. Hornberger Eds, Sociolinguistics And Language Teaching, Cambridge University Press, 1996,p:110.

بۆیە پێویستە پلاندارێژەران ڕەچاوی ویست و ئارەزوی تاک و کۆمەڵ بکەن، چونکە ئەو پلانەی، کە لەلایەن کۆمەڵەوە پێشوازی لێدەکرێت و پەیڕەودەکرێت زۆر سەرکەوتو ترە لە چاو ئەو پلانەی کەلەلایەن کۆمەڵەوە پەیڕەوناکرێتت و پێشوازی لێناکرێتت. هەندێک جاریش هەندێک هۆکاری تایبەت هەن، دەبنە کێشە لەبەردەم جێبەجێکردنی پلانی زمانیدا، وەکو: هۆکاری دیمۆگرافی، سیاسی، ئابووری، دەروناسی، کۆمەڵایەتی، ئاینیی.....تاد. پلانی زمان بە چەند هەنگاوێک جێبەجێدەکرێت. لەم بارەیەوە ڕۆبین چوار هەنگاوی بۆ جێبەجێکردنی پلانی زمانی دەستنیشانکردوە:

١- بەدواداچونی ڕاستییەکان.
٢- پلاندانان.
٣- جێبەجێکردن.
٤- کاردانەوە. (٤٤)

واتە سەرەتا بەدواداچون بۆ گرفتەکان دەکرێت و گرفتەکان دەستنیشاندەکرێن، دواتر لایەنی پەیوەندیدار پلان بۆ چارەسەرکردنیان دادەڕێژێت، پاشان هەوڵی جێبەجێکردنی ئەم پلانە دەدرێت. قۆناغی کۆتایی وەرگرتنی ئەم پلانەیە لە ناو خەڵک، واتە پێشوازی خەڵکە بۆ ئەو پلانە، ئایا تاچەند پابەندی بریارەکانن؟ ئایا جێبەجێ دەکرێت؟ یان ڕووبەڕوی دەبنەوە ودژی پلانەکە دەوەستن؟ لەو کاتەدا حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار هەوڵدەدەن بەدو ڕێگە ئەو گرفتە چارەسەر بکەن: یەکەمیان: دوبارە بە پلانەکە دابچنەوە و دایبڕێژنەوە بە جۆرێک لەگەڵ ویستی خەڵکدا بگونجێت. دووەمیان: ئەگەر لایەنی پەیوەندیدار نەیانەوێت پلانەکە بگۆڕن ئەوکاتە هەوڵی ئەوە دەدەن هۆشیاریی بەخەڵک بدەن لەبارەی پلانەکە و لایەنی چاکی و بەسودی پلانەکە بۆ خەڵک ڕونبکەنەوە؛ لێرەدا مەبەستیان سەپاندنی بریارەکەیە.

بەگشتی پەیوەندیی سیاسەتی زمان و پلانی زمان بە دیمەنی زمانییەوە، پەیوەندیەکی زۆر پتەوە، چونکە ئێمە لەڕێگەی دیمەنی زمانییەوە دەتوانین پەی بە سیاسەتی زمان و پلانی زمانەوە ببەین. بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین ئێمە لە ڕێگەی دیمەنی زمانییەوە دەتوانین بزانین سیاسەتی زمانی و پلانی زمانی وڵات

(44) Joan Rubin, Evaluation And Language Planning, 1971,p:219.

لە چ دۆخێکدایە؟ ئایا سیاسەتی زمان و پلانی زمان خۆیان مەترسین بۆ سەر زمانی نەتەوەیی؟ واتە جێبەجێکردنی یان جێبەجێ نەکردنیان دەبێتە کێشە. هەمو ئەمانە لە دیمەنی زمانیدا بەڕونی دەردەکەوێت، لێرەدا دەتوانین بڵێین دیمەنی زمانی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە سیاسەتی زمان و پلانی زمانییەوە هەیە، بە جۆرێک، کە ((دیمەنی زمانی لە ولاتدا ڕێکدەخەن و پێگەی زمانەکان و پێشنەی بە کارهێنانیان دەستنیشان دەکەن.))[٤٥] هەروەها سیاسەتی زمانیی دەوڵەت دەبێتە هۆی چۆنیەتیی دەرکەوتنی زمانی نەتەوەیی لەناو دیمەنی زمانیدا. هەروەها دەبێتەهۆی بەهێزی و تۆکمەیی زمانی نەتەوەیی لەناو خەڵکدا، هەروەها سازانی خەڵک و ڕاگەیاندن و دەوڵەت لەسەر یەک زمانی ئاخاوتن و نوسین، هەروەها دەبێتە هۆکاری بەهێزیی دەوڵەت، بنەمایەکی گرنگیشە بۆ دروستبونی زمانی ستانداردی نەتەوەیی، لە ئەوروپای سەردەمی بوژانەوەدا، ولاتە ئەوروپییەکان پەنایان بردەبەر بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی لەجێی زمانی لاتینی، کە زمانی فەرمی زانست و دەوڵەتداریی هەمو ئەوروپا بو. ئەو ڕوکردنە زمانی نەتەوەییەشیان بۆ بەهێزبونی دەوڵەتی نوێ بو. نەتەوەکانی ئەڵمان و ئیتاڵی و ئیسپانی و فەرەنسی، هەریەکە لەسنوری ولاتی نوێی خۆیاندا، زمانی نەتەوەییان کردە زمانی دەوڵەت. لەفەڕەنسا، پاشا فرانسۆی یەکەم بڕیاریدا لەدادگاکاندا زمانی فەرەنسی ببێتە زمانی قسەکردن و نوسینی بڕیارەکان. شاژنی ئیسپانیا لە ساڵی(١٤٩٢)بڕیاریدا سینتاکسی شێوەزاری قشتالی بنوسرێتەوە و لەجیاتی زمانی لاتینی بەکاربێت [٤٦]کەواتە دیمەنی زمانی ڕەنگدانەوەی سیاسەتی زمانی و پلانی زمانی ولاتە، لەهەمان کاتدا ئەوە دەردەخات، کە داموددەزگاکانی حکومەت چەندە پابەندی ئەو سیاسەت و پلانە زمانییەن کە ولات هەیەتی. دیمەنی زمانیی نافەرمیش دەریدەخات کە هاولاتیان چەندە پابەندی سیاسەتی زمانی ولاتن، هەروەها حکومەت چەندە چاودێری هاولاتییان دەکات بۆ پابەندبون بە پلانی زمانی دیاریکراو بۆیان. جگە لەوەش وەکو *شۆهامی-Shohamy* پێیوایە: ((LL ئەوە بە ڕونی پیشان دەدات، کە چ زمانێک بالادەستەوە چ زمانێک بالادەست نییە؟ هەرچۆنیکیش بێت LL ئامرازێکە

(٤٥) هدى الصيفي، علاقة السياسة اللغوية بالتخطيط اللغوي، ص:٢٠١.

(٤٦) احلام قرقور، السياسات اللغوية الأصول و المفاهيم، ڕسالة دكتوراه، جامعه محمد امين دباغين، كلية الاداب و اللغات، جزائر، ٢٠١٨، ص:٣٥.

بۆ بەرزکردنەوەی دۆخی زمانێکی دیاریکراو لە ناوچەیەکی دیارکراودا.))[٤٧] لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە دیمەنی زمانی ئاوێنەیەکە ڕاستەوخۆ سیاسەتی زمانی و پلانی زمانیی حکومەت و هەست و سۆزو چۆنیەتیی بیرکردنەوەی خەڵک بەرانبەر بەزمان و باری ئابووری و ئاستی ڕۆشنبیری و کەلتور و باری دەرونی خەڵک بەگشتی و ڕەوشی ئێستا و داهاتوی زمان دەردەخات. جگە لەوانەش؛ دەرخستنی هەوڵی بەرپرسان لە بەرەو پێشەوەبردنی زمانی نەتەوەیی و دەرخستنی زمانی زاڵ و زمانی دووەم بە زەقی لە دیمەنی زمانیدا دەردەکەوێت .بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ئەم بابەتە بڕوانە هێلکاریی ژمارە 2-1:



هێلکاری ژمارە 1 .پەیوەندیی دیمەنی زمانی بە بابەتە پەیوەندیدارەکانەوە.

(47) Elana Shohamy, Language Policy, Hidden Agendas And New Approaches, London: Routledge, 2006, p:125.

بەشی دووەم:

٢-٢- میتۆدۆلۆجی و شێوازی چۆنیەتیی کارکردنی ئەم توێژینەوەیە:

١-١-١٧- شوێنی وەرگرتنی سامپڵەکانی ئەم توێژینەوەیە:

سامپڵەکانی ئەم نامەیە لە چوار شەقامی سەرەکیی شاری هەولێر وەرگیراون. واتە بەپێی شوێنی جوگرافی، شاری هەولێر دابەشی سەر چوار بەش کراوە."باکور، باشور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا" لە هەربەشێک بەناوبانگترین شەقام کە لەهەمان کاتدا بوەتە بازاڕ، وەک نمونە وەرگیراوە. بەم شێوەیە:

باکوری شاری هەولێر ← شەقامی شۆڕش

باشوری شاری هەولێر ← شەقامی مەخمور

ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر ← شەقامی کۆیە

ڕۆژئاوای شاری هەولێر← شەقامی بەختیاری

واتە لە هەر چارەکێکی شاری هەولێردا؛ ئەو شەقامە وەرگیراوە، کە زۆرترین هاتوچۆی خەڵکی شارەکە بەگشتی و گەڕەکەکانی دەوروبەری بەتایبەتی، بەسەرەوەیە. لێرەدا دەتوانین بڵێین هەر شەقامێک وەکو نوێنەری ئەم بەشەی شاری هەولێر وەرگیراوە. بەهەر چوار شەقامەکەش بونەتە نوێنەری دیمەنی زمانیی شاری هەولێر. ئەم شێوازەش بۆئەوەیە، کە بەشێوەیەکی یەکسان سامپڵەکان لە هەر بەشێک وەربگیرێت و جیاوازی و گۆڕانکاری لە هەربەشێکی ئەم شارەدا بەڕونی دەربکەوێت. شەقام و شوێنی وەرگرتنی سامپڵەکان لەم نەخشەیەی شاری هەولێردا دیاریکراوە:

نەخشەی ژمارە ٢ نەخشەی شاری هەولێر

١-١-١٨- میتۆدۆلۆجیی چۆنایەتی:

وەرگرتنی سامپڵەکانی ئەم تۆیژینەوەیە بەشێوەی ڤیدیۆ و فۆتۆگراف گیراون کە بە پێی شوێن و هەڵکەوتەی دیمەنە زمانییەکە وێنە و ڤیدیۆکان گیراون.

١-١-١٩- میتۆدۆلۆجیی چەندایەتی:

لەڕوی چەندایەتییەوە کارەکانی ئەم تۆیژینەوەیە بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنجامدراوە:

١. وەرگرتنی تەواوی دیمەنی زمانییە گەشتیاری و بازرگانییەکان لە هەر چوار شەقامدا.

٢. دیاریکردنی ڕێژەی دیمەنی زمانیی جوتزمان و فرەزمان لە هەرشەقامێکدا و دەرخستنی پێشینەی بەکارهێنانی زمانەکان و دیاریکردنی ڕێژەی هەریەکەیان کە لە خشتە و لە شێوەی ڕونکەرەوەدا خراوەتەڕو.

٣. دیاری کردنی ڕێژەی ئەو دیمەنە زمانیانەی، کە پابەندی ڕێنمایی پلانی زمانین و ئەوانەش، کە پابەندنین لە هەرشەقامیکدا.

٤. دیاریکردنی ڕێژەی ئەو دیمەنە زمانییانەی، کە تەکنیکی زەقکردنەوەی وشە و زاراوەیان بەکارهێناوە لە هەرشەقامێکدا. ئینجا دەرخستنی ئاماری زمانی وشە زەقکراوەکان.

تێبینی: هەرخشتەیەک ژمارەی بەش و ژمارەی تایبەتی خۆی هەیە، هەر شێوەیەکیش پەیوەندیی بەهەر خشتەیەکەوە هەبێت، هەمان ژمارەی بۆ دانراوە، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکە ڕونتر دەربکەوێت.

١-١-٢٠- دیمەنی زمانیی گەشتیاری و بازرگانی لە هەر چوار شەقامدا:

هەر چوار شەقامەکە بەهەردو ئاراستەکەیانەوە، لە(٦٠م. بەرەو٤٠م) هەروەها لە (٤٠م. بەرەو ٦٠م)، (622) دیمەنی زمانیی گەشتیاری و بازرگانی لەخۆ دەگرن. لەم خشتەیەی خوارەوەدا، ئاماری دیمەنی زمانیی هەر شەقامێک بەجیا ڕونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە 3 ژمارەی دیمەنی زمانیی گەشتیاری و بازرگانی لە هەر چوار شەقامەکەدا.

ناوی شەقام و ئاراستە	درێژیی شەقام بە مەتر	ژ.دیمەنی زمانی لە ئاراستەیەکی شەقامەکەدا	ژ.دیمەنی زمانی لە هەردو ئاراستەی شەقامەکەدا
ژمارەی شوێنە گەشتیاری و بازرگانییەکانی شەقامی کۆیە ئاراستەی ٦٠م بەرەو ٤٠م	950 م.	94	138
ژمارەی شوێنە گەشتیاری و بازرگانییەکانی شەقامی کۆیە ئاراستەی ٤٠م بەرەو ٦٠م	950 م.	٤٤	
ژمارەی شوێنە گەشتیاری و بازرگانییەکانی شەقامی شۆڕش ئاراستەی ٦٠م بەرەو ٤٠م	2000م.	٧٧	١١٤
ژمارەی شوێنە گەشتیاری و بازرگانییەکانی شەقامی شۆڕش ئاراستەی ٤٠م بەرەو ٦٠م	2000م.	٣٧	
ژمارەی شوێنە گەشتیاری و بازرگانییەکانی شەقامی بەختیاری ئاراستەی ٦٠م بەرەو ٤٠م	١٣٠٠م.	٧٧	١٤٥
ژمارەی شوێنە گەشتیاری و بازرگانییەکانی شەقامی بەختیاری ئاراستەی ٤٠م بەرەو ٦٠م	١٣٠٠م.	٦٨	
ژمارەی شوێنە گەشتیاری و بازرگانییەکانی شەقامی مەخمور ئاراستەی ٦٠م بەرەو ٤٠م	١٢٠٠م.	١٣٢	٢٢٥
ژمارەی شوێنە گەشتیاری و بازرگانییەکانی شەقامی مەخمور ئاراستەی ٤٠م بەرەو ٦٠م	١٢٠٠م.	٩٣	
کۆی گشتی			٦٢٢



شێوەی ژمارە4 ئاماری دیمەنی زمانیی گەشتیاری و بازرگانی لە هەر چوار شەقامدا بە هەردو ئاراستەکەیەوە

١-١-٢١- تاکزمان له دیمەنی زمانیی هەر چوار شەقامدا:

خشتەی ژمارە 5 ژمارەی دیمەنی زمانیی تاکزمان لەهەر چوار شەقامدا.

زمانی بەکارهاتو	شەقامی کۆیە	شەقامی شۆڕش	شەقامی بەختیاری	شەقامی مەخمور	کۆی گشتی
زمانی کوردی	15	19	10	140	184
زمانی عەرەبی	11	6	9	7	33
زمانی ئینگلیزی	20	37	67	10	١٣٤
زمانی تورکی	٠	٣	١	٠	٤
کۆی گشتی	46	65	87	157	



شێوەی ژمارە ٦ ڕێژەی دیمەنی تاکزمان لە هەر چوار شەقامدا.

بەپێی ئەم ئامارە، ڕێژەی بەکارهێنانی زمانەکان لە دیمەنی زمانیی تاکزماندا لە شەقامێک بۆ شەقامێکی تر، جیاوازە. تاکزمانی کوردی لە شەقامی مەخموردا بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەیە کە (٨٠,١%)ە. بەپێچەوانەوە لە شەقامی بەختیاریدا نزمترین ڕێژەی بەکارهێنانی تاکزمانی کوردی هەیە کە (١١,٤%)ە.

بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنانی تاکزمانی عەرەبی لە شەقامی کۆیەدایە بە ڕێژەی(23.9 %)، نزمترین ڕێژەش لە شەقامی مەخمورە بە ڕێژەی (4.4 %).

سەبارەت بە تاکزمانی ئینگلیزی، بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنانی لە شەقامی بەختیاریدایە؛ بەڕێژەی(77.2 %). لە بەرانبەردا نزمترین ڕێژە لە شەقامی مەخموردایە، بە ڕێژەی(6.3 %).

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە زۆرترین بەکارهێنانی تاکزمانی کوردی لە شەقامی مەخمور و نزمترین ڕێژەش لە شەقامی بەختیاریە، هەروەها بەرزترین ڕێژەی تاکزمانی ئینگلیزی لە شەقامی بەختیاریە و نزمترین ڕێژەش لە شەقامی مەخمورە. وەک لەم شێوەیەدا دەردەکەوێت:



شێوەی ژمارە ٧ جیاوازی لە ڕێژەی بەکارهێنانی دیمەنی زمانیی تاکزمانی ئینگلیزی و کوردی لە شەقامەکانی مەخمور و بەختیاریدا

هۆکاری ئەو ڕێژە جیاوازە بە بۆچونی ئێمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە شەقامی مەخمور، شەقامێکی کۆنی شاری هەولێرە و ئەو گەڕەکانەی، کە لە دەوروبەری شەقامەکەن، گەڕەکی کۆن و کوردنیشنی شاری هەولێرن؛ هەروەها لەڕوی ئاستی ئابوریەوە مامناوەند و خوارمامناوەندن، بۆیە فرۆشیاری مارکە بیانییەکانی خۆراک و پۆشاک و کەرستەی ناومالّ، لەو شەقامەدا نین. ئینجا ئەو شەقامە بەگشتی وەک بازاڕێکی پیشەگەریی کارەبا و تۆڕی ئاو و پیشەی تر دەردەکەوێت، ئەو مارکە بیانییانەی کە لەو شەقامەدا هەن، بەگشتی تایبەتمەندن بەو پیشانەی کە ئاماژەمان پێیداوە.

بەڵام شەقامی بەختیاری، شەقامێکی نوێی شاری هەولێرە، بوەتە بازاڕێکی هاوچەرخ بۆ گەڕەگە هاوچەرخەکانی شاری هەولێر وەک: دریم ستی، ئیتالّی1، نازستی، ئیمپایەر، گوندی ئینگلیزی، ... تاد. لەو گەڕەکانەش خەڵکێکی زۆری بیانی نیشتەجێن و نوسینگەی زۆر لە کۆمپانیا بیانییەکان لە دەوروبەری ئەم شوێنەوەن، لەپاڵ ئەمانەشدا، ئەو شەقامە بوەتە بازاڕێکی هاوچەرخی مارکە بیانییەکانی پێویستییە تاکەکەسییەکان، وەک بوارەکانی خواردەمەنی و پۆشاک و جوانکاری. هەمو ئەمانە، بونەتە هۆکاری ئەوەی لە دیمەنی زمانیدا زمانی ئینگلیزی بەسەر زمانەکانی تردا زاڵ بێت.

١-١-٢٢- شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی تاکزماندا:

شێوازی فەرمی لە دیمەنی زمانیی تاکزماندا، پێویستە زمانی کوردی بێت. بۆیە ئەو دیمەنە زمانییانەی، کە بەزمانێکی تر نوسراون؛ یان زمانێکی تێکەڵیان بەکارهێناوە، بە شێوازی نافەرمی دادەنرێن، چونکە ئەم دیمەنە زمانییانە لەلایەن خەڵکەوە بەرە و دەسەڵات ئاراستەکراون و پابەندی رێنمایی نوسینی دیمەنی زمانی نین. بەشێوەیەکی گشتی، شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی تاکزمانی هەر چوار شەقامدا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

لە شەقامی کۆیەدا، لە کۆی(46) دیمەنی زمانیی تاکزماندا، تەنها (8)یان، کە دەکاتە، رێژەی(17.3%) بەشێوەی فەرمی نوسراون و رێژەی (82.6%) بە شێوەی نافەرمی نوسراون.



شێوەی ژمارە ١١ بەکارهێنانی شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی تاکزمانی شەقامی کۆیەدا

لە شەقامی شۆڕشدا، لە کۆی (65)دیمەنی زمانیدا تەنها (16)یان، کە دەکاتە، رێژەی(24.6%) بە شێوەی فەرمی نوسراون و رێژەی (75.3%) بە شێوەی نافەرمی نوسراون.



شێوەی ژمارە ١٢ شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی تاکزمانی شەقامی شۆڕشدا

لە شەقامی بەختیاریدا زۆرترین ڕێژەی زمانی بیانی بەکارهاتوە، بەجۆرێک لە کۆی(87) دیمەنی زمانیی تاکزماندا، تەنها (5)یان، کە دەکاتە، ڕێژەی(5.7%) بە شێوە فەرمی و ڕێژەی (94.2%) بە شێوەی نافەرمی نوسراون.



شێوەی ژمارە ١٣ شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی تاکزمانی شەقامی بەختیاریدا

ئەوەی، کە ڕێژە جیاوازەکەی دروست کردوە؛ شەقامی مەخمورە، کە بەرچاوترین ڕێژەی شێوازی فەرمی لەدیمەنی زمانیدا بەکارهاتوە، لە کۆی(157) دیمەنی زمانیی تاکزماندا (116)دیمەنی زمانی، کە دەکاتە، ڕێژەی(73.8%) بە شێوەی فەرمی نوسراون. لە بەرانبەردا تەنها ڕێژەی (26.1%) بە شێوەی نافەرمی نوسراون. ئەوەش لە چاو شەقامەکانی تردا ڕێژەیەکی تەواو جیاوازە.



شێوەی ژمارە ١٤ شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی تاکزمانی شەقامی مەخموردا

کەواتە؛ زۆرترین بەکارهێنانی دیمەنی زمانیی تاکزمانی کوردی، لە شەقامی مەخمورە. بەپێی ئەم خشتەیە، زمانی زاڵ لە هەر شەقامێکدا بەو شێوەیەیە: لە شەقامەکانی" کۆیە، شۆڕش، بەختیاری" دا زمانی زاڵ لە دیمەنی زمانیی

تاکزمانیدا، زمانی ئینگلیزییه. بەڵام له شەقامی مەخموردا، زمانی زاڵی تاکزمان، زمانی کوردییه.

١-١-٢٣- جوتزمان له دیمەنی زمانیی هەر چوار شەقامدا:

جوتزمانی له دیمەنی زمانیدا، ئەم دیمەنه زمانییانه دەگرێتەوه، که به دو زمان نوسراون. لەم جۆرەیاندا زمانێک پێش زمانێکی تر دەکەوێت. واته، زمانێک له سەروی زمانێکیترەوه، یان لەپێش زمانێکی ترەوه دەنوسرێت.

خشتەی ژمارە ١٥ ئاماری دیمەنی زمانیی تاکزمان و جوتزمان له هەر چوار شەقامدا.

جۆری دیمەنی زمانی	شەقامی کۆیه	شەقامی شۆڕش	شەقامی بەختیاری	شەقامی مەخمور	کۆی گشتی
تاکزمان	46	65	87	157	355
جوتزمانی	60	40	47	58	205

٣-٣-٤-١- شێوازی فەرمی و نافەرمی له دیمەنی زمانیی جوتزمانی له شەقامی کۆیەدا:

له شەقامی کۆیەدا، له کۆی(60) دیمەنی زمانیی جوتزمانیدا؛ تەنها (11) دیمەنی زمانی، که دەکاته، ڕێژەی(18.4%) به شێوەی فەرمی و ڕێژەی (81.6%) به شێوەی نافەرمی نوسراون.



شێوەی ژمارە ١٦ ڕیژەی شێوازی فەرمی و نافەرمی له دیمەنی زمانیی جوتزمانی شەقامی کۆیەدا

٣-٣-٤-٢- شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی جوتزمانی شەقامی شۆڕشدا:

لە شەقامی شۆڕشدا، لە کۆی(40) دیمەنی زمانی جوتزماندا؛ تەنها (3) دیمەنی زمانی، کە دەکاتە ڕێژەی (7.5%) بە شێوەی فەرمی و ڕێژەی (92.5%) بە شێوەی نافەرمی نوسراون.

شێوەی ژمارە ١٧ ڕێژەی شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی جوتزمانی شەقامی شۆڕشدا

٣-٣-٤-٣- شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی جوتزمانی شەقامی بەختیاریدا:

لە شەقامی بەختیاریدا، لە کۆی(47) دیمەنی زمانیی جوتزماندا، تەنها (7) دیمەنی زمانی بەشێوەی فەرمی نوسراون، کە دەکاتە، ڕێژەی(15%) بە شێوە فەرمی و ڕێژەی (.85%) بە شێوەی نافەرمی نوسراون.



شێوەی ژمارە ١٨ شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی جوتزمانی شەقامی بەختیاریدا

٣-٣-٤-٤- شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی جوتزمانی شەقامی مەخموردا:

لە شەقامی مەخموردا، لە کۆی(58) دیمەنی زمانی جوتزماندا؛ تەنها (19) دیمەنی زمانی، کە دەکاتە ڕێژەی(32.7%) بە شێوە فەرمی و ڕێژەی (67.2%) بە شێوەی نافەرمی نوسراون.



شێوەی ژمارە ١٩ شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی جوتزمانی شەقامی مەخموردا

خشتەی ژمارە ٢٠ ژمارەی بەکارهێنەرانی شێوەی فەرمی و نافەرمی لەهەر چوار شەقامدا:

ناوی شەقام	کۆی گشتی دیمەنی زمانیی جوتزمانی	شێوازی فەرمی	شێوازی نافەرمی
کۆیە	60	9	51
شۆڕش	40	5	35
بەختیاری	47	9	39
مەخمور	58	21	37



شێوەی ژمارە 21 ڕێژەی شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی جوتزمانی هەر چوار شەقامدا

بەپێی ئەو ئامارەی سەرەوە؛ زۆرترین بەکارهێنانی شێوازی فەرمیی زمان لە دیمەنی زمانیی جوتزماندا، لە شەقامی مەخمورە؛ زۆترین بەکارهێنانی شێوازی نافەرمی لە دیمەنی زمانیی جوتزماندا، لە شەقامی شۆڕشە.

٣-٣-٤-٥- فرەزمان لە دیمەنی زمانیی هەر چوار شەقامدا:

ئەو دیمەنە زمانییانە دەگرێتەوە، کە بە دو زمان یان زیاتر دەنوسرێن. جا بە شێوەی فەرمی یان نا فەرمی نوسرابێت.

خشتەی ژمارە 22 ژمارەی دیمەنی زمانیی فرەزمان لە هەرچوار شەقامدا.

جۆری دیمەنی زمانی	شەقامی کۆیە	شەقامی شۆڕش	شەقامی بەختیاری	شەقامی مەخمور	کۆ
تاکزمان	46	65	87	157	355
جوتزمانی	60	40	47	58	205
فرەزمان	٣٢	٩	١١	10	62
کۆ	138	114	145	225	622



شێوەی ژمارە ٢٣ ڕێژەی تاکزمان و جوتزمان و فرەزمان لە دیمەنی زمانیی هەر چوار شەقامەکەدا

خشتەی ژمارە ٢٤ ڕیزبەندیی زمانەکان لە دیمەنی زمانیی فرەزماندا.

ژ	ڕیزبەندیی زمانەکان	ژمارەی بەکارهاتو
١	کوردی-عەرەبی-ئینگلیزی	12
٢	کوردی-ئینگلیزی-عەرەبی	17
٣	عەرەبی-کوردی-ئینگلیزی	16
٤	ئینگلیزی-عەرەبی-کوردی	٦
٥	عەرەبی-ئینگلیزی-کوردی	٥
٦	ئینگلیزی-کوردی-عەرەبی	٤
٧	کوردی-تورکی-عەرەبی	١
٨	کوردی-تورکی-ئینگلیزی	١
	کۆی گشتی	62



شێوەی ژمارە ٢٥ ڕێژەی زمانی بەکارهاتو لە دیمەنی زمانیی فرەزماندا

٣-٣-٤-١- شـێوازی فەرمـی و نـافەرمی لە دیمەنـی زمـانیی فرەزمـانی شەقامی کۆیەدا:

لە شەقامی کۆیەدا لە کۆی(32) دیمەنی زمانی فرەزمان؛ تەنها (10) دیمەنی زمـانی بەشـێوەی فەرمـی نوسـراون، کەواتە ڕێژەی(31.2%) بە شـێوە فەرمـی نوسراون و ڕێژەی (68.7%) بە شێوەی نافەرمی نوسراون.



شێوەی ژمارە ٢٦ شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی جوتزمانی شەقامی کۆیەدا

٣-٣-٤-٢- شـێوازی فەرمـی و نـافەرمی لە دیمەنـی زمـانیی فرەزمـانی شەقامی شۆڕشدا:

لە شەقامی شۆڕشدا لە کۆی(9) دیمەنی زمانیی فرەزمان، تەنها (1) دیمەنی زمـانی بەشـێوەی فەرمـی نوسـراوە، کەواتە ڕێژەی(11.1%) بە شـێوە فەرمـی و ڕێژەی (88.9%) بە شێوەی نافەرمی نوسراون.



شێوەی ژمارە ٢٧ ڕێژەی شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی جوتزمانی شەقامی شۆڕشدا

٣-٣-٤-٣- شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی فرەزمانی شـەقامی بەختیاریدا:

لە شـەقامی بەختیاریـدا لە کـۆی(11) دیمەنـی زمـانیی فرەزمـان، تەنهـا (4) دیمەنـی زمـانی بەشـێوەی فەرمـی نوسـراون، کەواتە؛ ڕێژەی(36.3%) بە شـێوە فەرمی و ڕێژەی (63.7%) بە شێوەی نافەرمی نوسراون.

شێوەی ژمارە ٢٨ ڕێژەی شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی جوتزمانی شەقامی بەختیاریدا

٣-٣-٤-٤- شێوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی فرەزمانی شـەقامی مەخموردا:

لە شـەقامی مەخمـوردا، لە کـۆی(10)دیمەنـی زمـانی فرەزمانـدا؛ تەنهـا (3) دیمەنـی زمـانی بەشـێوەی فەرمـی نوسـراون، کەواتە؛ ڕێژەی(30%) بە شـێوەی فەرمی و ڕێژەی (70%) بە شێوەی نافەرمی نوسراون.



شێوەی ژمارە ٢٩ ڕێژەی شیوازی فەرمی و نافەرمی لە دیمەنی زمانیی جوتزمانی شەقامی مەخموردا

١-١-٢٤- تەکنیکی زەقکردنەوە لە دیمەنی زمانیی جوتزمان و فرەزماندا:

زۆرجار لە دیمەنی زمانیدا هەوڵدەدرێت؛ وشەیەک بەشێوەیەکی زەقتر و دەرکەوتوتر بنوسرێت، ئەم زەقکردنەوەیەش یان بەهۆی گۆڕینی جۆر و قەبارەی فۆنتەوەیە یان بەهۆی ڕەنگی جیاوازەوە ئەنجامدەدرێت. ئەم تەکنیکە زیاتر لە دیمەنی زمانیی جوتزمان و فرەزماندا بەکاردێت. زۆرجار دیمەنە زمانیەکان لەڕوی چۆنیەتیی ڕیزبونی زمانەکان لە دیمەنی زمانیدا بە شێوەی فەرمی نوسراون و زمانی کوردی لە پێش زماکانی ترەوەیە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەوڵی ئەوەیان داوە، کە زمانێک بەسەر زمانی کوردیدا بسەپێنن و زەقتری بکەنەوە، ئەوەش بۆ چاوبەستکردنی حکومەت و لایەنی پەیوەندیدارە، بۆ ئەوەی پیشان بدەن، کە ئەوان لە نوسیندا پابەندی ڕێنماییەکانن، لە هەمان کاتیشدا لە ڕێنماییەکان لادەدەن.

لەم جۆرەیاندا بۆ ئەوەی پێوەری زانستیانەی زمانی زاڵی هەر دیمەنیکی زمانی بزانین، ئەوە لە ڕێگەی زەقترین وشەوە زمانی زاڵمان بۆ دەردەکەوێت، کە زمانی زاڵی ئەم وشەیە دەبێتە زمانی زاڵی دیمەنە زمانییەکە.

وێنەی ژمارە ٣٠ بەکارهینانی تەکنیکی زەقکردنەوەی وشە لە دیمەنی زمانیدا.
ئاماری زەقترین وشە لە دیمەنی زمانیی فرەزماندا:

خشته ژمارە ٣١ ئاماری زمانی زەقترین وشە لە دیمەنی زمانیی شەقامی کۆیەدا.

ژ	زمانی زەقترین وشە	ژمارەی بەکارهاتن
١	کوردی	١١
٢	ڕێنوسی لاتینی	٧
٣	عەرەبی	٧
٤	ئینگلیزی	٢١
٥	تورکی	٢
٦	فارسی	١
کۆی گشتی		٤٩

خشتە ژمارە ٣٢ ئاماری زمانی زەقترین وشە لە دیمەنی زمانیی شەقامی شۆڕشدا.

ژ	زمانی زەقترین وشە	ژمارەی بەکارهاتن
١	کوردی	٥
٢	ڕێنوسی لاتینی	٢
٣	عەرەبی	٩
٤	ئینگلیزی	٢٨
٥	تورکی	٢
کۆی گشتی		٤٦

خشتە ژمارە٣٣ ئاماری زمانی زەقترین وشە لە دیمەنی زمانیی شەقامی بەختیاریدا.

ژ	زمانی زەقترین وشە	ڕێژەی بەکارهاتو
١	کوردی	٦
٢	ڕێنوسی لاتینی	٣
٣	عەرەبی	٩
٤	ئینگلیزی	٢٣
کۆی گشتی		٤١

خشتە ژمارە ٣٤ ئاماری زمانی زەقترین وشە لە دیمەنی زمانیی شەقامی مەخموردا.

ژ	زمانی زەقترین وشە	ڕێژەی بەکارهاتو
١	کوردی	١٧
٢	عەرەبی	١٧
٣	ئینگلیزی	١٢
٤	ڕێنوسی لاتینی	١
٥	تورکی	١
کۆی گشتی		٤٨



شێوەی ژمارە ٣٥ ڕێژەی بەکارهینانی زەقترین وشە بە زمانە جیاوازەکان لە دیمەنی زمانیی هەر چوار شەقامدا

خشتەی ژمارە ٣٥ ڕیزبەندیی زەقترین وشە بەشێوەیەکی گشتی لە دیمەنی زمانیی هەر چوار شەقامەکەدا.

ژ	زمانی زەقترین وشە	ڕێژەی بەکارهاتو
١	کوردی	٣٩
٢	عەرەبی	٤٢
٣	ئینگلیزی	٨٤
٤	ڕینوسی لاتینی	١٣
٥	تورکی	٥
6	فارسی	١
کۆی گشتی		١٨٤



شێوەی ژمارە ٣٦ ڕێژەی بەکارهێنانی زمانی زەقترین وشە لە دیمەنی زمانیی هەر چوار شەقامدا

بەپێی ئەم خشتەیە و شێوەیە زەقترین وشە لە هەر چوار شەقامدا لە کۆی (١٨٤) دیمەنی زمانیدا (٨٤) دیمەنی زمانیی زەقترین وشەیان بە زمانی ئینگلیزیە، کە دەکاتە ڕێژەی (46%). هەروەها زمانی عەرەبی لە ئاماری زمانی زەقترین وشەدا ڕیزبەندیی دووەمی وەرگرتوە، بە ڕێژەی (٢٢,٨%). لە دوای ئەویش زمانی کوردی دێت؛ کە لە کۆی (١٨٤) دیمەنی زمانیدا تەنها (٣٩) دیمەنی زمانی زەقترین وشەیان بەزمانی کوردییە، کە دەکاتە ڕێژەی (٢١,١%). لەدوای ئەوانیش زمانی تورکی و فارسی دێت

کەواتە؛ بەپێی ئەم ئاماره، زمانی زاڵ لە هەر چوار شەقامدا زمانی ئینگلیزیە. پاشان زمانی عەرەبی دوای ئەویش زمانی کوردی دێت. ئەگەر شەقام شەقامیش وەربگرین لە هەرسێ شەقامی "کۆیە، شۆڕش، بەختیاری"دا، زمانی ئینگلیزی زمانی زاڵە، تەنها لە شەقامی مەخمور نەبێت، کە هەردو زمانی کوردی و عەرەبی هەمان ڕێژەیان هەیە و بەیەکەوە بون بە زمانی زاڵی ئەو شەقامە.

لێرەدا دەردەکەوێت ئەو شوێنانەی، کە هاوچەرخن لە شاری هەولێردا زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی جیهانی لە پێش زمانی فەرمیدا خۆی‌سەپاندوە. هەرچەندە هەردو شەقامی کۆیە و شۆڕش لە چاو شەقامی بەختیاری هاوچەرخ نین، بەڵام بونەتە شوێنێکی بازرگانیی گرنگ بۆ مارکە و بڕاندە جیهانییەکان.

ئەنجام

١- بەشێوەیەکی گشتی ناونیشانی فەرمانگە حکومییەکان پابەندی یاسای زمانە فەرمییەکانن، بەڵام لە ناونیشانی شەقامەکاندا، وەک پێویست پابەندی یاسای زمانە فەرمییەکان نین. ناوی شوێن و شەقامەکان بە زمانی کوردی نوسراون، بەڵام زمانی ئینگلیزی وەک زمانی دووەم و زمانی عەرەبی وەک زمانی سێیەم بەکارهاتوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە زمانی عەرەبی پاش زمانی کوردی زمانی فەرمییە و زمانی ئینگلیزی زمانی نافەرمیە لە شاری هەولێردا.

٢- لە دیمەنی زمانیی بازڕگانیدا بەرژەوەندی ئابوری دەستکەوتی مادی، زاڵە بەسەر هەستی نەتەوایەتی و خۆشەویستیی زمانی نەتەوایەتی، چونکە داتا و ئامارەکان ئاماژە بە بااڵدەستی زمانی ئینگلیزی دەکەن. لەسەروی هەمو زمانەکانەدا. لەبەرانبەر ئەوەدا زمانی کوردی زۆر بە سنورداری بەکارهاتوە. بەتایبەتی لەو شوێنانەی، کە هاوچەرخ و شوێنی بازڕگانین ئەو کاریگەریە ڕونتر دەبینرێت. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، جیهانگەرایی و ئابوری خۆی لەخۆیدا زمانی ئینگلیزی بەسەر بازاڕی ولاتاندا دەسەپێنێت. لەالیەکی تردەوەش کڕیارەکانی ئەو ناوچانەی شاری هەولێر، پێدەچێت تابلۆی بە ئینگلیزی نوسراو و ناوی مارکە بیانییەکانیان بەالوە سەرنجڕاکێش بێت.

٣- لەگەڵ ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا ڕێنمایی بۆ چۆنیەتیی نوسینی دیمەنی زمانی هەیە، بەڵام خەڵک بەگشتی پابەند نین و لە ڕێنماییەکان الدەدەن، بەشێوەی نافەرمی دیمەنە زمانییەکانیان دەنوسن، چونکە بەپێی ئامار و داتاکانی ئەم تۆژینەوەیە، دیمەنە زمانییەکان (27%) بەشێوەی فەرمی نوسراون (73%)شێوەی نافەرمی نوسراون. ئەوەش ئەوە دەردەخات، کە حکومەت و الیەنی پەیوەندیدار ئازادیەکی تەواویان بە نوسینی دیمەنی زمانی داوە. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ سانسۆرێک لەسەر بەکارهێنانی دیمەنی زمانیدا نییە. بۆیە خەڵکی پابەندی پالنی زمانی دەوڵەت نین.

٤- پێوەری زانستییانە بۆ دیای کردنی زمانی زاڵ، لەو دیمەنە زمانیانەی، کە تەکنیکی زەقکردنەوەی وشە و زاراوەیان بەکارهێناوە. بریتییە لە زمانی وشە زەقکراوەکە، کە دەبێتە زمانی زاڵ بۆ ئەم دیمەنە زمانییە. لەم توێژینەوەیەشدا، بەپێی ئامار و داتاکان ئەو دیمەنە زمانییانەی، کە ئەو تەکنیکەیان بەکارهێناوە

بەو شێوەیەیە: زمانی کوردی بە ڕێژەی (٢١,١%)، زمانی عەرەبی بەڕێژەی (٢٢,٨%)، زمانی ئینگلیزی بە ڕێژەی (٤٥,٥%).

لێرەشدا زمانی ئینگلیزی بەشێوەیەکی بەرچاو زەقکراوەتەوە بەسەر وشەکانی تری ناو دیمەنە زمانییەکە، بەشێوەی دو ئەوەندە و زیاتریش.

٥- داتاکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە زمانی نەتەوە بچوکەکان، بە شێوەیەکی بەرچاو پەراوێزخراون.

پێشنیاز

١. پێویستە حکومەت و لایەنی بەرپرس ئاوڕێکی جدی لە بابەتی دیمەنی زمانی بدەنەوە، چونکە بابەتێکی تەواو پەراوێز خراوە، هەربۆیە بێسەروبەرێکی زۆری تێدا دەبینرێت. بەشێوەیەک هەر هەر شوێنێک و هەرکەسێک و هەر لایەنێک بە ئارەزوی خۆیان دیمەنە زمانییەکانیان دەنوسن. ئەوەش بێ بەرنامەیی و کەمتەرخەمی حکومەت و لایەنی بەرپرس دەردەخات.

٢. پێویستە ئەوانەی، کە دیمەنی زمانی دەنوسن کەسانی شارەزا و پسپۆر بن ڕەچاوی لایەنی زمانەوانی بکەن لە دیمەنی زمانیدا. هەوڵبدرێت تابکرێت وشەی ڕەسەنی زمانی نەتەوایەتی بەکاربهێنن تا ئەو شوێنەی، کە ناچادەبن.

٣. هەرچەندە شاری هەولێر شارێکی فرەزمانە و هاتۆچوی وڵاتانی تری بەسەرەوەیە و ناکرێتت زمانی بیانی بەکارنەهێنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە زمانی فەرمی لەسەروی زمانی نافەرمی وڵاتدا بەکار بهێنرێت. بۆیە لەسەر حکومەت و لایەنی بەرپرس پێویستە سانسۆر و ڕەقابە بۆ ئەم جۆرە پێشێلکاریانە دابنێت، هەوەک چۆن باج لەسەر ڕوبەری دیمەنی زمانیدا هەیە و بەشێوەیەکی جدی پەیرەودەکرێت. ئاواش باج بۆ پێشێلکاریەکانی تری دیمەنی زمانی هەبێت.

لیستی سەرچاوەکان

١. ئومێد بەرزان برزۆ، پلانی زمانی و ئاسایشی زمانی نەتەوەیی، گ/زانکۆی سلێمانی ژ:50، بەشیB، (2016)

٢. بەدرخان سندی، کۆمەڵگای کوردی لەدیدی ڕۆژهەڵات ناسیدا، وەرگێرانی:ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، (٢٠٠٨).

٣. تارق جامباز، بونی نەتەوە و سیاسەتی زمان، هەولێر،(2014).

٤. خۆشناو عەزیز حەمەئەمین و عومەر مەحمود کەریم، کورد و پلانسازیی زمان، گۆڤاری زانکۆی کۆیە ژ/42، (2017).

٥. ڕەفیق شوانی، لە دەسدانی زمان لە دەسدانی نەتەوەیە، گۆڤاری توێژەر /ژمارەی تایبەت بە کۆنفراسی زمانی دایک، (٢٠١٧).

٦. سلام ناوخۆش، ستاندەربونی زمانی کوردی لە نێوان زمانی سیاسی و سیاسەتی زمان، ڕێخراوی زمانناسی، چاپخانەی منارە، هەولێر، (٢٠١٠).

٧. سید عبدالرزاق قازی، سیاسەتی زمان و پلان داڕێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەیی هەرێمی کوردستاندا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، (٢٠٢٠).

٨. قەیس کاکل تۆفیق، ئاسایشی نەتەوە وپلانی زمان، چ/1، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، (٢٠٠٧).

٩. هەژار، عبدالرحمن شرفکندی، فەرهەنگی، هەمبانە بۆرینە، چاپخانەی پویا، تهران، (1369).

١٠.هیوا مولود عەبدوللا، ئانالۆژیای کۆد گۆرینەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، (٢٠١٦).

١١.هەژار،عبدالرحمن شەرەفکەندی، هەمبانە بۆرینە، چ/1، (١٩٩١).

١٢.ئاسۆس مەحەمەد، بەکۆلێک لەبارەی مێژوی کۆنی هەولێر،(٢٠٢٢) Https://Doktorasossqader, Blogspot, Com/2010/06/Blog-Post_29, ,Html

١٣.پارێزگای هەولێر، دانیشتوانی هەولێر٢٠٢٢، Http://Www, Hawlergov, Org/App/

١٤.یاساکانی (2014) | پەرلەمانی کوردستان - عێراق(parliament,krd)

١٥.احلام قرقور، السياسات اللغوية الأصول و المفاهيم، رسالة دكتوراه، جامعه محمد لمين دباغين، كلية الاداب و اللغات، جزائر، (٢٠١٨).
١٦.لويس جان كالفى، حرب اللغات و السياسات اللغوية، ترجمة: حمزة، حسن، لبنان: مركز دراسا الوحدة العربية، (٢٠٠٨).
١٧.محمد المبشر، المشهد اللغوي في المعاهد الإسلامية يجاوى الشرقية واستخدامه كوسيلة تعليم اللغة فى معهد الامين الإسلامي للبنين برنوان سومانب و معهد نور الجديد الإسلامي بايتون بروبولينجو، كلية الدراسات العلي جامعة سونان أمبيل الإسلامية الحكومية سورابايا، (٢٠٢٠).
١٨.ميشال زكريا، قضايا ألسنية تطبيقية، دار العلم للملايين، لبنان، (1993).
١٩.هدى الصيفي، علاقة السياسة اللغوية بالتخطيط اللغوي، ماجستير، جامعة قطر، كلية الآدب والعلوم، (٢٠١٥).
1- Abdeali Bentahila, Language Attitudes Among Arabic-French Bilinguals In Morocco Multilingual, Ph.D., University Of The Wale(1983).
2- Ali Alfaifi, Linguistic Landscape: The Use Of English In Khamis Mushait Saudi Arabia, Master, The State University Of New York At Fredonia, (2015).
3- ChrisisMi Linda Loth, The Linguistic Landscape As The Construct Of The Public Space: A Case Study Of Post-Apartheid Rural South Africa, The Doctoral Degree Linguistics Lin 900 In The Department Of Linguistics And Language Practice In The Faculty Of The Humanities At The University Of The Free State, (2016).
4- David Cassels Johnson, Language Policy, Washington State University, USA, (2013).
5- Durk Gorter, Introduction: The Study Of Linguistic Landscape As A New Approach To Multilingualism, *International Journal Of Multilingualism*, (2006).
6- Elana Shohamy, Language Policy: Hidden Agendas And New Approaches, London: Routledge, (2006).
7- Eliezer Ben-Rafael, Elana Shohamy, And Monica Barni، Introduction: An Approach To theOrdered Disorder Linguistic Landscape In The City،(2006).

8- Heshell Ellaga And Paolo Nino Valdez, health scares In The Philippines, A Linguistic Landscape Analysis, De La Salle University, Manila, The Philippines, (2012).
9- Iris Hewitt Bradshaw, Linguistic Landscape As A Language Learning And Literacy Resource In Caribbean Creole Contexts, Caribbean Curriculum Vol, 22, (2014).
10-Jasone Cenoz And Durk Gorter, The Linguistic Landscape As An Additional Source Of Input In Second Language Acquisition, Oral - International Review Of Applied Linguistics In Language Teaching, Vol, 46, No, 3, (2008).
11-Jing-Jing Wang، linguistic Landscape On Campus In Japan- A Case Study Of Signs In Kyushu University، Northwest A&F University, China; Kyushu University, Japan، (2015).
12-Joan Rubin And Bjorn Jernudd, Can Language Be Planned? Sociolinguistic Theory And - Practice For Developing Nations, Hawaii: The University Press Of Hawaii, (1971).
13-Joan Rubin, Evaluation And Language Planning, Publication Article Published December, The University Press Of Hawaii, (1971).
14-Khumbu Blasius Pius, PErspectives For Cameroon, Chiatoh sales center For African Languages And Cultures, The University Of Buea, (2021).
15-Landry Rodrigue & Bourhis Richard, Linguistic Landscape And Ethnolinguistic Vitality, *Journal Of Language And Social Psychology*، Vol/16, No. 1 ،(1997).
16-Negro Dal, Local Policy, And Modeling The Linguistic Landscape, New York: Routledge, (2009).
17-Omar Alomoush, Multilingualism In The Linguistic Landscape Of Urban Jordan, The University Of Liverpool, Retrieved From Http://Search, Proquest, Com/Docview/177925334,(2015).
18-Peter Backhaus, Multilingualism In Tokyo: A Look Into The Linguistic Landscape, *International Journal Of Multilingualism*, Vol/ 3, No/ 1, (2007).
19-Ralph Fasold, The Sociolinguistics Of Society, Typeset By the Community, Wigston, Leicester Printed In Great Britain(1984)

20- Sue Wright, Language Policy And Language Planning From Nationalism To Globalization, Johnson, David Cassels, Language Policy, Washington State University, USA, (2004).
21- Terrence G. Wiley, Language Planning And Policy, In S. L. Mckay & N. H. Hornberger Eds, Sociolinguistics And Language Teaching, Cambridge University Press,(1996).
22- Terrence Wiley, Language Planning And Policy, In S, L, Mckay & N, H, Hornberger Eds, Sociolinguistics And Language Teaching, Cambridge University Press, (1996).

هێمای بازرگانی و
ناولێنان لە تابلۆی شوێنکاردا

پ.د.ڕۆژان نوری

پوختە:

ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی (هێمای بازرگانی و ناولێنان لە تابلۆی شوێنکاردا)یە، ناولێنانی تابلۆی شوێنکار و دەرخستنی گرفتی تابلۆکان لە ڕووی زۆر بەکارهێنانی وشەی بیانی و هەڵەی ڕێزمانیی و ڕێنووس و پەیڕەو نەکردنی ڕێساکان یەکێکە لە بوارەکانی کارکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە لە پێشەکیی و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا، بە شێوەیەکی تیۆری پێناسە و ئەرکی ناوی بازرگانی و پەیوەندی نێوان ناوی بازرگانی و هێمای بازرگانی و پێناسەی هێمای بازرگانی و تایبەتمەندیی یاسایی ناوی بازرگانی خراوەتە ڕوو.

لەبەشی دووەمدا: بە کارەکیی کار لەسەر دەستنیشانکردن و ڕاستکردنەوەی هەڵەی تابلۆکان کراوە، کە بریتییە لە چۆنیەتی ناولێنان لە شوێنکارێکی بازرگانیدا، ئەو مەرجانەی کە پێویستن لە ناولێنانی شوێنکارێکی بازرگانیدا هەبێت وەک: نوێکاری (نوێبوون) و داهێنان، دواتر بۆ ناولێنانی شوێنکار و شوێنە گشتییەکان، باسی چەند ڕێنماییەکمان کردووە. بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکە چەند نموونەیەکمان بە تێکەڵی لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و کۆیە و ڕانیە وەرگرتووە.

١ . پێشەکی :

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە: ئەم لێکۆڵینەوەیە بەناونیشانی (هێمای بازرگانی و ناولێنان لە تابلۆی شوێنکاردا) یە .

سنوری لێکۆڵینەوەکە: لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی زمانەوانی کارەکیی دایە.

گرفتی لێکۆڵینەوەکە: گرفتی سەرەکی توێژەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا، فراوانی تابلۆکانی ناولێنانی شوێنکاربوو، بە ڕادەیەک کۆکردنەوەی زانیاری لەسەریان کارێکی ئاسان نەبوو، هەروەها کەمی یان نەبوونی سەرچاوە بە زمانی کوردی لەسەر ئەم بابەتە گرفتێکی تری لێکۆڵینەوەکە بوو.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: ناساندنی ناو و هێمای بازرگانی شوێنکارە، لەگەڵ گرنگیدان بە ناوی بازرگانیی و پارێزگاریی لێکردنی و تێگەیشتن لە سیستەمی ناولێنانی شوێنیکار، کە یارمەتیی پێشکەوتن و پەرەسەندنی ئابووری و کێبڕکێی بازرگانی دەدات، هەروەها ڕاستکردنەوەی هەڵەی ڕێنووس و بەکارهێنانی وشەی کوردی ڕەسەن و دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی وشەی بیانی و هەڕەمەکیی ناولێنان لە تابلۆی دوکان و فرۆشگا و مۆڵ و شوێنکارەکانی باشوری کوردستان بە گشتییە.

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە: لێکۆڵینەوەیەکی کارەکییە، تێیدا ڕێبازی وەسفی شیکاریی پەیڕەوکراوە.

هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە: زمان هۆکارێکە بۆ پەیوەندی و گەیاندن، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجی و ڕۆشنبیرییە، هێمای بازرگانی و ناولێنان لە تابلۆی شوێنکاردا، پێویستی بە وردبینی و شارەزایی و ڕەچاوکردنی

دەستوری ڕێزمان و وشەسازیی زمانی کوردی هەیە. ناولێنانی تابلۆکانی شوێنکار، بابەتێکی زیندووە و پێویستی سەردەمە، جێگەی مشتومڕو باسێکی زۆربەی زمانناسان و شارەزایانی زمانە، هەروەها بێ سەروبەرییەکی زۆر لەم بوارەدا دەبینرێت، تاوەکو ئێستا بابەتێکی سەربەخۆی تایبەت بەم بوارە لە زمانی کوردیدا بەرچاو ناکەوێت، بۆیە ئێمە بە پێویستمان زانی توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر بکرێت و ببێتە دەروازەیەک بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو .

ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە: لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکییەک و دەروازەیەک و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە . بەشی یەکەم: کە تیۆرییە، پێناسە و ئەرکی ناوی بازرگانی و پەیوەندی نێوان ناوی بازرگانی و هێمای بازرگانی و تایبەتمەندیی یاسایی ناوی بازرگانی خراوەتە ڕوو .

بەشی دووەم: کە کارەکییە، بریتییە لە چۆنیەتی ناولێنان لە شوێنکارێکی بازرگانیدا، ئەو مەرجانەی که پێویستە لە شوێنکارێکی بازرگانیدا هەبێت، وەک: نوێکاری (نوێبوون) و داهێنان، هەروەها باسی چەند ڕێنماییەکمان بۆ ناولێنانی شوێنکار و شوێنە گشتییەکان کردووە، لەگەڵ کاریگەری ژینگەیی و دەروونی و ڕامیاری لەسەر پرۆسەی ناولێنانی شوێنکاردا. دواتر باسی گرفتی تابلۆکانمان کردووە، بۆ ڕوون کردنەوەی بابەتەکە، بە کارەکیی چەند نموونەیەکمان بە تێکەڵی لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی ودهۆک و کۆیە و ڕانیە وەرگرتووە، هەڵەکان شیکراونەتەوە و ڕاستکراونەتەوە لە کۆتاییشدا ئەنجامە بە دەستهاتووەکانی توێژینەوەکە، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەی باسەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو .

ڕێکاری لێکۆڵینەوەکە: دوای سەرنج دان لە تابلۆکانی شوێنکاردا، درکمان بەوەکرد کە زۆرینەی تابلۆکان بە زمانی بیانی نووسراون، یان بەتێکەڵی بە زمانی کوردی و بیانی نووسراون، جگە لەمە هەڵەی فەرهەنگیی و واتایی و ڕێنووس زۆرە، پێویستە بیر لە ڕاستکردنەوەیان بکرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا بەشێوەیەکی تیۆری باسی هێما و ناوی بازرگانی و چەند مەرج و ڕێنماییەکمان کردووە، دواتر بە شێوەیەکی کارەکیی چەند نموونەیەکمان لە تابلۆی شوێنکاری باشوری کوردستان بەگشتی وەرگرتووە، لێکدانەوەمان بۆ کردوون. لەبەر زۆری ژمارەی تابلۆکان، نەمانتوانی وێنەی هەموو تابلۆکان

بخەینە بەردەست، تەنیا چەند وێنەیەکمان هەڵبژاردووە، ئەوانی ترمان بە نووسین نیشانداوە.

دەروازە :

زمانەوانی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، ڕۆچۆتە ناو گشت بوارەکانی زانست و زانیارییەوە، ناتوانین لە بواریک لە بوارەکانی زانیاری بدوێین، ئەگەر زمانەوانی ڕۆڵێکی گەورەی تێدا نەبینیبێت، لە ڕووی ئاڕاستەکردن یان میتۆدەوە، یان لە ڕووی بابەت و لەدایکبوونی بیرەوە. لەبەرئەوەی ئەم زانستە لەسەردەمی ئێستادا بە شێوەیەکی فراوان بڵاوبۆتەوە و پەرەی سەندووە و بۆتە بنچینەی زانیاری.

زمانەوانی یارمەتی هەموو زانستەکانی تر دەدات، بۆ ئەوەی بتواندرێت لێکۆڵینەوەی سیستەماتیکییان لە بارەیەوە بکرێت. کە دەبێتە هۆی دۆزینەوەی مەزن لەهەموو بوارەکاندا. بەمجۆرە (ئێمە بە زمان لەبارەی شتەکانی دەوروبەرمانەوە دەدوێین، هەروەها بەزمان قسە لەسەر زمان دەکەین، هەر بە زمانیش باسی ئەو توێژینەوانە دەکەین، کە لەبارەی زمانەوە نوسراون، بەهەمان شێوە بە زمان بیردەکەینەوە و ئاخاوتن سەبارەت بە هزر و بیر دەکەین، بۆیە شتێکی ئاساییە کە زمانەوانی تۆمار بکەین، بەوەی کە دایکی هەموو زمانەکانە)، (عیاشی:٢٠١٣ :٥).

زمان هۆکارێکە بۆ لەیەکتر گەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا، (تەنیا کەرەستەی ناردن و وەرگرتن و لێتێگەیشتنی پەیامی نێوان مرۆڤەکان نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەوانەشدا زمان بۆ هەر شوێنێک و دەقێک کەرەستەی ناسین و ناساندنی تاک و کۆیە. هەروەها ڕەنگدانەوەی کولتوورو بەهاکانی کۆمەڵ و هۆکاری مانەوەی ئەم کلتوورو بەهایانەشە. زمان و بیرکردنەوە و کردەوەکانی مرۆڤ هەمیشە لەژیانی کۆمەڵایەتیدا لە نزیکەوە گرێدراوی یەکتر بوون و دەبن) (نۆردسنتام:٢٠٠٩ :٨)، (تاکەکانی کۆمەڵ لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانن بیر و ئەندێشەی خۆیان بۆ یەکتر بگوێزنەوە)، (باتنی:٢٠١٥: ٩).

ئەو بوارەی کە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، دەمانەوێت ڕۆشنایی بخەینە سەر، هێمای بازرگانی و ناولێنانی تابلۆی شوێنکارە، کە خۆی لە چەند پرسیارێکدا

دەبینێتەوە: ناولێنان چییە و مەرج و ڕێنماییەکانی ناوی بازرگانیی و شوێنکار چین؟ ئەو هەڵە و کەم و کورتییانە چین، کە لە تابلۆی ناولێنانی شوێنکاردا بەرچاو دەکەوێت و چۆن چارەسەریان بکەین؟ بۆچی پێویستمان بە پلانێکی زمانیی تۆکمە و گونجاو، بۆ دەستووری ناولێنان هەیە؟ هۆکاری زۆر بەکارهینانی وشەی بیانی لە تابلۆی ناولێنانی شوێنکاردا چییە؟ بواری ڕامیاری و ئابووری و دەروونی چ کاریگەری و ڕۆڵێکی لە هەڵبژاردنی ناولێنانی شوێنکاردا هەیە؟ ئەم پرسیارانە، پەیوەستن بە بارودۆخ و هەڵوێستی ڕامیاری و ئابووری و زانستی و کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی ئاکادیمی و زمانەوانی و پەروەردەیی و یاسایی ناوچەی لێکۆڵینەوە، هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە دووجۆر ناولێنان هەیە: ناوی لۆکاڵی (ناوچەیی) و ناوی نێودەوڵەتی، هەروەها ناولێنانی بازاڕیی شوێنکار و ناولێنانی بازرگانی.

گرنگی تێۆری ئەم بابەتە لەوەدایە، کە تاوەکو ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت و سەربەخۆ لەسەر بابەتی ناوی بازرگانی و ناولێنان لە شوێنکاردا نەکراوە، کە هەموولایەنەکان بگرێتەوە، بەڕادەیەک ناوی بازرگانی شوێنکارگرنگترین ڕێگای پەیوەندیی بەستنە بە کڕیارانەوە، کە نرخی ئابووری هەر پڕۆژەیەک لە دەوروبەری کردە بازرگانییەکاندا دیاریدەکات. هەروەها لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیوەندی نێوان ناوی بازرگانی و هێمای بازرگانیمان دەرخستووە و ڕوون کردۆتەوە و باسی هەریەکێکمان بە جیا کردووە، بۆئەوەی درک بەوە بکرێت، کە ئەمانە یەک شت نین: ناوی بازرگانی پەیوەستە بە شوێنی کارەوە، بەڵام هێمای بازرگانی پەیوەستە بە جیاکردنەوەی بەرهەم و کاڵاکانی شوێنە بازرگانییەکە، ناوی دوکان و شوێنی کار لەلایەکەوە پەیوەستە بە کڕیار و بەکاربەرانی شوێنە بازرگانییەکە، لەلایەکی ترەوە پەیوەستە بە پرۆژەی بازرگانییەوە، ناوی بازرگانی و هێمای بازرگانی دوو ڕەگەزی سەرەکین بۆ پەیوەندی بەستن بە بەکاربەران و پەیداکردنی ناوبانگی شوێنەکە. پەیوەندیی بەستن بە بەکاربەرانەوە ئامانجی هەر چالاکییەکی ئابوورییە، چالاکی ئابووریی ئەوەندەی پەیوەستە بە هزری ڕکابەری و قۆرخکارییەوە، هێندە بە بیری مولکایەتی و گرێبەستەوە پەیوەست نییە.

بەشی یەکەم : ناوی بازرگانی

سەرەتا:

ناو، هۆکارێکە بۆ جیاکردنەوەی کەسێک لە کەسێکی دیکە لە یەک کۆمەڵگادا، بەهۆی ناولێنانەوە دانیشتوانی ئەو کۆمەڵگایە بە ئاسانیی لەیەکدی جیادەکرێنەوە و سەرژمێریی دەکرێن. بەمجۆرە ناو ڕەگەزیی پێناسینیی کەسیی و تێکەڵاو بوونی کۆمەڵایەتییە. بەبێ ناو ناتوانین قسە لەبارەی خۆمان و خەڵکی و دەروروبەر و ڕووداو و دیاردەکانی تردەوە بکەین، هەر بەهۆی ناوەوە دەتوانین ئاماژە بەهەموو ئەو شتانە بکەین کە دەیانبیستین وهەستیان پێدەکەین. هەروەها دوکان و کۆگا و شوێنکاریش بە ئامێری بازرگان، بۆ جێبەجێ کردنی کارە بازرگانییەکەی دادەندرێت. شوێنی کار بەهۆی ئەو ناوەی کە لێی دەنرێت لە لایەن خەڵک و بەکاربەرانەوە دەناسرێت و لە دوکان و شوێنەکانی تر جیادەکرێتەوە و ڕۆڵێکیی بەرچاو و کاریگەریی لە چالاکیی ئابوریدا هەیە، زۆرجار بەهۆی ناوی شوێنەوە، کاری بازرگانیی ناوبانگێکی فراوان پەیدا دەکات، کە ئەمەش نرخی بازارگەریی و پێگەی بازرگان بەرزدەکاتەوە، جگە لەمەش، هەڵبژاردنی ناولێنانی دروست، پەیوەستە بە کلتووری کۆمەڵایەتی و ئاستی ژیاری ئەو کۆمەڵگایەوە .

ڕۆشنبیری تاکەکان، لە زمانەکەیاندا ڕەنگ دەداتەوە، گرنگی دانیش بە زمان و نەتەوە ڕەهەندێکی پەیوەست بەم بوارەیە، کاتێک تاکەکان، هەوڵی ناولێنانێکی دروستی شوێنی کارەکەیان دەدەن، کە لەگەڵ دەستور و ڕێسای زمانەکەیاندا بگونجێت و دوور بێت لە هەڵەی ڕێنووس و وشەی بیانی ئەمە بۆخۆی نیشاندەری هۆشیاری تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەیە. هەر گەل و نەتەوەیەک، بە تێپەڕبوونی کات و سەردەم، فەرهەنگی زمان و جۆری ناوەکانیان گۆڕانی بەسەردادێت، جا ئەم ناولێنانە، چ ناوی تاک و کەسەکانی ئەو کۆمەڵگایە بێت، یان ناوی شوێن و ناوچە جەگرافییەکان بێت، یان ناوی دام و دەزگا و ڕێکخراو و شوێنی کار و بازرگانی بێت، ئەمەش بەهۆی تێکەڵبوونیەتی، لەگەڵ ناوچە و گەلانی تر بە شێوەیەکی گشتی. ئەم تێکەڵبوونەش بە گەلێک هۆکاری جۆراو جۆرەوە دەبێت: وەک فاکتەری ئایینی و بازرگانی و ئابوری و ڕامیاری و زانستی و تەکنۆلۆجی و ...هتد .

هەر نەتەوەیەک، ژێر دەستی نەتەوەیەکی تر بێت، زمانەکەی دەکەوێتە ژێر کاریگەری زمانە داگیرکەر وبالا دەستەکەوە، ئەم کارتێکردنەش لە هەموو ئاستەکانی زماندا دەردەکەوێت و ڕەنگ دەداتەوە بە پێچەوانەشەوە، نموونەی وا لە مێژوودا دەبیندرێت، کە زمانی ژێردەست، کاریگەریی لەسەر زمانی داگیرکەر و بالا دەست، بەحوکمی پێش کەوتنی زانست و بیرەوە داناوە.

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە سەبارەت بە زمانی کوردی ئەم سەردەمە و دۆخی ناولێنانی تابلۆکانی شوێنکارە، کە تێبینی ئەوە دەکرێت، بەڕادەیەکی زۆر کاریگەری زمانە بیانییەکانی لە هەڵبژاردنی وشە و جۆری دەستەواژە و ڕستەکانەوەبەسەرەوە بێت، بە بیانووهێناوەی ئەوەی، کە ئەم ناوانە نوێن و لەگەڵ ڕەوتی جیهانگیریی و سەردەمدا دەگونجێن!

دوکان و کۆگا و شوێنی کار لە سەرمایەی مادیی و مەعنەویی پێکدێت، کە ڕێکخستن و هاوگونجاویی لە نێوانیاندا دەکرێت، بە ئامانجی ڕاکێشانی کڕیار بۆ شوێنەکە (قاسم:٢٠١٢،٢١٥).

هەندێکجار خاوەنکار، شوێنەکە بە ناوی خۆیەوە ناودەنێت، بەڵام هەندێکجار خاوەنی کارشوێنی کارەکەی بەناوی خۆیەوە ناکات، بەڵکو ناوێکی تری لێ دەنێت و ئەو ناوەش دەبێتە کەسایەتییەکی یاسایی بۆ دوکان یان شوێنەکە و بەهۆی ئەو ناوەوەش دەناسرێتەوە و دەبێتە کەسیەتییەکی سەربەخۆی جیاواز لەناوی خاوەنەکەی. بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت، کە شوێنی کار چالاکییە ئابورییەکانی خۆی بەهۆی هەردوو ڕەگەزی مادیی و مەعنەوییەوە جێبەجێ دەکات و ئەم دوو ڕەگەزە لەنێوان خۆیاندا هاوکاری دەکەن، بۆ ڕەخساندنی کەشێکی لەبار بۆ هەڵسوکەوتیی بازرگانیی و ڕاکێشانی کڕیار، لە چوارچێوەی ڕکابەری بازرگانیی یاساییدا، هەروەها پێویستە ئەو ڕاستییە بزانین کە دوکان و شوێنی کار مافی ئەوەی هەیە ناوێکی گونجاوی وای لێبنرێت کە سەرنجی خەڵکی و کڕیار بۆلای خۆی ڕابکێشێت.

١ ـ١: پێناسەی ناوی بازرگانیی :

ناوی بازرگانیی لە بواری کاردا گرنگییەکی زۆری هەیە، لەبەرئەوەی خەڵک شوێنی بازرگانیی بەهۆی ناوەکەیەوە دەناسنەوە. دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی

ناوی بازرگانی بکەین: (ناوێکە کە بازرگان چ کەسایەتییەکی ئاسایی یان مەعنەویی بێت وەریدەگرێت بۆ جیاکردنەوەی شوێنە بازرگانییەکەی یان پڕۆژەکەی لە شوێنە بازرگانییە هاوشێوییەکانی تری.)،(قاسم:١٩٩٧،٤٦٣)

ناوی بازرگانیی ناوێکە، کە بەهۆی پڕۆژەیەکی بازرگانییەوە دەخرێتە بەر دەست و بۆ مەبەستیی بازرگانی بەکاردەهێنرێت.ئەمەش تۆمارێکی یاساییەو لە بەڵگەنامە و پێگە فەرمییەکاندا کاری پێدەکرێت. کۆمپانیاکان ناوی بازرگانیی بەمەبەستی بازاڕکاریی بەرهەمەکانیان، هەروەها بۆ پاڵپشتیی و بەهێزکردنی هێما بازرگانییەکانیان بەکاریدەهێنن.

زانایانی هاوچەرخ، بەمجۆرە پێناسەی ناوی بازرگانی دەکەن: (ناولێنانێکە کە بازرگان بۆ شوێنە بازرگانییەکەی هەڵی دەبژێرێت، بۆ ناسین و جیاکردنەوەی لە شوێنە بازرگانییەکانی تر، هەروەها بۆئەوەی بەکاربەر و سەوداکەران جۆری تایبەت لە کەلوپەل بناسنەوە و شێوازی مامەڵەکردنی بازرگانییەکە شارەزا بن)،(البوطیی :٢٠٠٥ :٢٢٧). پێویستە ئاماژە بەوە بکەین،کە بازرگان بۆ هەڵبژاردنی ناوی بازرگانی هەوڵێکی زۆر دەدات، هەروەها کات و پارەشی بۆ تەرخان دەکات و پرس و ڕا بە شارەزایان و کەسانی خاوەن ئەزموون دەکات، بۆ بەدیهێنانی تایبەتمەندیی باشی کەلوپەلەکانی، جگە لەمە بڕێک پارە بۆ مەبەستی بانگەشە و بونیاتنانیی ناوی بازرگانی تەرخان دەکات،(عباس:١٩٧٦ :١٦٥).

١ ــ ١ ــ ٢ : ئەرکی ناوی بازرگانی :

ناوی بازرگانی دوو ئەرکی گرنگ دەبینێت، وەک :

ئەرکی یەکەم: جیاکردنەوەی شوێنێکی بازرگانی یان کۆمپانیا و ڕێکخراوێکە لە شوێنێکی دیکە، بۆئەوەی سەربەخۆیی و تایبەتمەندیی پێ ببەخشێت و بە ئاسانیی لەلایەن کڕیاران و ئەو کەسانەدا کە بەردەوام هاتوچۆی ئەو شوێنە دەکەن بناسرێتەوە.

ئەرکی دووەم: بۆئەوی خەڵکانی تر بزانن، کە ئەم بەڵێننامانە تایبەتە بەو شوێنە، نەک کاروباری بازرگانیی کەسێکی تر.

١ـ ٢ ـ ١ : پەیوەندیی نێوان ناوی بازرگانی و هێمای بازرگانی:

هێمای بازرگانیی بۆ جیاکردنەوەی بەرهەم و کەلوپەلەکان بەکاردەهێندرێت، بەڵام ناوی بازرگانی بۆ جیاکردنەوەی شوێنە بازرگانییەکە دادەندرێت. بۆنموونە: ئەگەر کۆمپانیای خوێ و سۆدا وەربگرین، دەبینین ناوە بازرگانییەکەی (کۆمپانیای خوێ و سۆدا) یە بۆئەوەی لە کۆمپانیاکانی تر جیای بکاتەوە، بەڵام ئەم کۆمپانیایە لەپاڵ ناوە بازرگانییەکەیدا ژمارەیەکی زۆر هێمای بازرگانیی بۆ جیاکردنەوەی کەلو پەلو کالاکانیی هەیە، هەروەها زەیت و سابونیش لە بەروبومەکانی ئەم کۆمپانیایەن. واتە: ناوی بازرگانی (الاسم التجاری) ئامانجی جیاکردنەوەی شوێنێکی بازرگانییە لە شوێنەکانی تر، کە لەهەمان سروشت وناوچەدان. بەڵام هێمای بازرگانی (العلامة التجارية) ئامانجی جیاکردنەوەی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانە، کە لە هەمان شوێنی بازرگانیدا دەردەچن و ئاماژە بە سەرچاوە بنچینەییەکەی کالاکە دەکات، ئەمەش نیشانەیەکە ،کە بازرگان یان پیشەساز بۆ جیاکردنەوەی بەرهەمەکانی وەری دەگرێت (طه:٦٧٨،٢٠٠٦).

١ ـ ٢ ـ ٢ : پێناسەی هێمای بازرگانی

هێما ڕەمزێکە یان ناوێکە یان دروشمێکە ،کە بەهۆیەوە کەلوپەلو شتومەک دەناسرێتەوە، چەند پێناسەیەک بۆ هێمای بازرگانی هەیە: یاسای هێما بازرگانییەکان و ئاماژەپێکراوە جوگرافییەکانی عێراقی ژمارە ٢١ ی ساڵی ١٩٥٧ لەگەڵ ڕێکخستنەوەکانی لە مادەی یەکەمدا بەم جۆرە پێناسەی هێمای بازرگانی دەکات: (هەر نیشانە یان کۆمەڵە نیشانە و ئاماژەیەک، دەتوانی هێمای بازرگانی پێکبهێنێت، کە بەهۆیەوە دەتوانین جیاوازی لە نێوان کەلو پەلی پڕۆژەیەک لەگەڵ کەلوپەلی پڕۆژەیەکی تردا بکەین، بۆئەم مەبەستەش دەتوانین نیشانەکان و هێماکان بەتایبەتی وشەکان لەناویاندا ناوی کەسیی یان پیتەکان و ژمارە ڕەمزییەکان و ڕەنگەکان هەروەها هەر تێکەڵییەک لەو ئاماژانە وەک هێمای بازرگانی تۆماربکەین. هەروەها ئەلبێرت شارین بەمجۆرە پێناسەی دەکات: (هێمای بازرگانی نیشانە یان ئاماژەیەکی هەستپێکراوە، کەلە هەربەرهەمێک دەدرێت بۆ جیاکردنەوەی لە بەرهەمە هاوشێوەکانی کە کێبڕکێی دەکەن)،(الجاف: ٢٠١٧ :١٨ ـ١٩)

دەتوانین بە شێوەیەکی گشتیی پێناسەی هێمای بازرگانی بکەین: هێمای بازرگانی، دەکرێ ناو یان وشە یان چەند پێتێک یان ژمارە یان ڕەمز یان وێنە یاخود تێکەڵەیەک لەمانە بێت، یان هەر نیشانە و ئاماژەیەک بێت کە بۆ جیاکردنەوەی بەرهەمە پیشەسازییەکان یان بازرگانییەکان یان کاری دەستی و پیشەیی و کشتوکاڵی هەر پڕۆژەیەک لە بەرهەمێکی تر شیاو بێت، ئەمەش وەک دەلالەتێک کە ئەو پڕۆژەیە، کارێک یان بەرهەمێکی نوێی دروستکردووە هێمایەکی بۆ دادەنێت، کە بۆ خاوەنی هێماکە دەگەڕێتەوە. بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت: کە هێمای بازرگانی، هۆکارێکی گرنگی مادیی و ئابورییە، لەبەرئەوەی هێمای تایبەتمەند و بەناوبانگ، لەلایەن خەڵک و بەکاربەرانەوە، دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ پێشبڕکێی بازرگانی و ڕاکێشانی سەرمایە داران و مواڵکی بیانی و سود وەرگرتن لە ئەزمونەکانیان، لە هەموو بوارەکانی بازرگانی و پیشە سازییدا، بەڕادەیک هەندێ لە هێما بازرگانییەکان بوونەتە سەرچاوەی پەیداکردنی سەروەتێکی زۆر و کاریگەر لە چالاکی بازرگانیدا، نرخی هەندێک لەم هێمایانە دەگاتە ملیاران دۆلار، وەک هێماکانی (کوکاکولا، ئەپڵ، مایکرۆسۆفت، گوگل ...هتد) هێمای بازرگانی وەک ناسنامەیەک وایە بۆ بەرهەمەکانی هەر کۆمپانیا و شەریکەیەک.

ئەو هێما بازرگانییەی کە لە بازاڕگەریی دایە، بەتەنیا نابێتە هۆی سەرنج ڕاکێشان وبردنەوە ، بەڵکو هۆکارێکی گرنگی سەرمایەی کۆمپانیاکەشە، هەروەها بەهۆی هێماکانەوە بەکاربەر دەتوانێ سەرچاوەی بەرهەم و کاڵاو شتومەک و سیفاتەکانیان بزانێت وخاوەنەکانیان بناسێت (الجاف: ۲۰۱۷، ۱۵ ـ ۱٦).

۱ ـ ۳ : تایبەتمەندیی یاسایی ناوی بازرگانی:

هەڵبژاردنی ناوی بازرگانی چەند ڕێنمایی و مەرجێکی یاسیی هەیە، وەک :

ـ پێویستە ناوی بازرگانیی بە زمانی کوردی بێت یان بە کوردی کرابێت: نابێ وشە و دەستەواژەی بیانیی تێدا بەکاربهێندرێت، ئەم بڕیارە ، ناوی کۆمپانیا بیانییەکان ناگرێتەوە، کە لەدەرەوە تۆمارکراون، هەروەها ئەو کۆمپانیایانەش ناگرێتەوە، کە ناوبانگێکی جیهانییان هەیە، لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەی کە خاوەنی سەرمایەدارییەکی هاوبەشن .

ـ لەسەر هەموو بازرگانێک پێویستە، کە ناوێکی بازرگانی وەربگرێت و لە تۆماری بازرگانیدا، تۆماری بکات. ئەو ناوەش لە ناوی خۆی لە تۆماری شارستانیدا پێکدێت، یان ناوێکی تازەیە، یان بریتییە لە هەردووکییان، هەروەها پێویستە ناوەکە ڕاگەیاندراوی پەیوەست بە جۆر و تایبەتمەندیی بازرگانییەکە بگرێتە خۆی. لەهەموو بارێکدا، پێویستە ناوەکە گونجاو بێت و دووربێت لە فێڵبازیی و هەڵخەڵەتاندن و ڕەچاوی بەرژەوەندیی گشتیی بکات.

ــ داواکردن بۆ تۆماری ناوی بازرگانی لە نوسینگەی تۆماری بازرگانیدا پێشکەش دەکرێت، لە بارو دۆخێکدا ئەگەر چەند بازرگان یان کۆمپانییایەک داوای هەمان ناو بکەن، مافی یەکەمییەتی و پێشەکیەتی دەدرێت بەو کەسە، کە یەکەم جار ناوەکەی بەکارهێناوە و پێشکەشی کردووە.

ـ دوای تۆمارکردنی ناوی بازرگانی لە تۆماری بازرگانیدا، ڕێگەپێدراو نییە بازرگانێکی تر هەمان ناو هەڵبژێرێت، لە بارودۆخێکدا، ئەگەر ناوێکی هاوشێوەی ئەو هەڵبژێردرا، پێویستە بازرگان شتێکی بۆ زیادبکات کە لەناوە تۆمارکراوەکەی پێشوو جیای بکاتەوە .

ـ نابێ ناوەکە دوبارەبێتەوە : بەتایبەتی ئەو کۆمپانیایانەی کەلە ناوچەیەکدا کاردەکەن، یان مارکێتێک کە لە شارێکدا هەبێ، نابێ هەمان ناو بەبێ مۆڵەت لە شارێکی تردا دوبارە بێتەوە(تەنیا ئەگەر هەمان خاوەنی هەبێت)، لەبەرئەوەی لە بواری یاسادا ڕێگە پێدراو نییە، بۆنموونە: (ماجدی مۆڵ)، (فاملی مۆڵ)،(گەس شۆڕش)، کە لەشاری هەولێردا هەن. هەروەها(گۆڵدن مۆڵ) لە شاری کۆیەدا، ڕێگە پێدراو نییە خاوەن کارێکی تر، لەهەمان شار یان شارێکی دیکە دا، ئەم ناوانە بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لە خاوەنە بنچینەییەکەی دووبارە بکاتەوە. چونکە سزای یاسایی لەسەرە. واتە: ناوی بازرگانی شوێنکار، تایبەتە بەو کەسانەی، کە بۆ یەکەمجار مۆڵەتی ناولێنانەکەیان وەرگرتووە. بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت، کە هەمووکەسێک (کەسێکی ئاسایی (خاوەن پڕۆژە) بەکارهێنەری تاک یان کۆمەڵ، یان کەسی مەعنەوی (خاوەن پڕۆژە نەبێت) وەک هاوبەشییەکان و کۆمپانیاکان، مافی ئەوەی هەیە، داوای پارێزگاریی لە ناوە بازرگانییەکەی بکات کە هەڵی بژاردووە. ئەگەر هات و دوچاری زیان و تێپەڕاندن بۆوە لەلایەن کەسانی ئاسایی و مەعنەویدا، بەپێی یاسای وەکالەتی تۆماری ژمارە (٤) ی ساڵی ١٩٩٤ دەتوانێ لە دادگا سکاڵای لەسەر تۆمار

بکات و سەرپێچی کردنەکە ڕابگرێت یان مافی خۆی لێ وەربگرێت (الجاف:٢٠١٧، ٤٠ – ٤١).

واتە: بەپێی یاسا، ئەو کەسەی کە بۆ یەکەمجار ناوێک بۆ شوێنی کارەکەی هەڵدەبژێرێت، دەبێتە خاوەنی ئەو ناونیشانە، ئەگەر هات و کەسێکی تر، بۆخۆی یان بۆ گروپێک یان کۆمپانیایەک ناوەکە وەربگرێت و بەکاری بهێنێت، بەبێ ئەوەی خاوەنی ناونیشانی یەکەم ئاگادار بێت و مۆڵەتی لێ وەرگرتبێت، کەسی یەکەم مافی سکاڵا تۆمارکردن و قەدەغەکردنی هەیە، هەروەها بەهەمان شێوە نابێ بەبێ مۆڵەت ناونیشانەکە لاسایی بکرێتەوە، یان هەمان ناونیشان دووبارە بکرێتەوە، تەنیا پیتێکی لێ بگۆڕدرێت، بۆنموونە شەریکەی (تۆیتا) ببێتە (تووێتا)، هەمان شت سەبارەت بە هێمای بازرگانیش، نابێت هێمایەکی هاوشێوەی پێشوو بەبێ مۆڵەت لەلایەن کەسی ترەوە بەکاربهێندرێتەوە. بۆنموونە: هێمای بازرگانی (ئەپڵ) کە وێنەی سێوێکە، ناتواندرێت بەبێ مۆڵەت دووبارە بکرێتەوە . بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت، لە ڕووی یاساییەوە قەدەغەیە کەسێکی تر لاسایی ناوێکی بازرگانی بکاتەوە و تێپەڕاندی بکاتە سەر، تەنیا بە مۆلەتی خاوەنەکەی نەبێت لەبەرئەوەی، ناوی بازرگانی و ناونیشانی بازرگانی و هێمای بازرگانی و داهێنان و دۆزینەوە مافی تایبەتی خاوەنەکەیانن (عباس:١٩٧٦ :١٧٢). ناولێنانی بازرگانی، ناوێکە بۆ دەلالەت کردن لە دامەزراوە بازرگانی و پیشەسازییەکان و دامەزراوەکانی تر بەکاردێت، تایبەتمەندیی خودیی پێ دەبەخشێت ولە دامەزراوە هاوشێوە و پێکچووەکانیدا جیای دەکاتەو، زاراوەی ناوی بازرگانی هەروەها لە پیشەسازیی کیمیایی و دەرمانیشدا بەکاردێت بۆنموونە (نایلۆن)، ناوێکی لێکدراوە ، لە Newyork + London، دروستبووە (سید: ٢٠١٦ :٢٨).

ـ سەبارەت بە ناولێنانی کۆمپانیاکانیش، مەرج و یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، کە خاڵی چوارەم تایبەتە بە تۆمارکردنی ناوی کۆمپانیا لە ژووری بازرگانیدا :

ـ بەپێی ڕەچاوکردنی کاروباری سیستەمی کۆمپانیاکان، پێویستە ناوی کۆمپانیا هەمان ناوە بازرگانییەکەی بێت، هەروەها پێویستە ناوێکی نوێ بێت و دووبارە نەبێت، ڕاگەیاندراوی پەیوەست بە جۆری کاروباری کۆمپانیاکە بگرێتە خۆی کە کۆمپانیاکە شارەزایی تێیدا هەیە.

لەبەشی دووەمدا ئاماژە بە چەند مەرج و ڕێنماییەکی ناولێنان لە شوێنکاری بازرگانیدادەکەین.

بەشی دووەم :
چۆنیەتی ناولێنان لە شوێنکارێکی بازرگانیدا:

٢ ـ ١ ناولێنان چییە ؟

(هەر لە سەرتاوە پرۆسەی دانانی ناوێک بۆ ناولێنراوێک بۆتە جێی تێڕامانی زانا و فەیلەسوفە یۆنانییەکان، واتە لەسەر بنەمایەکی فەلسەفی ئەو پەیوەندییانە لێکدراونەتەوە. قسەکردن لەسەر پرۆسەی ناونان و ئەو پەیوەندییەی لەنێوان وشە و شتدا هەیە، ماوەیەکی زۆری خەیاند، لەسەردەمی یۆنانییەکاندا، هەندێک بۆچوون بۆ پرۆتاگۆرس(٤٨٠ ـ ٤١٠ پ.ز)دەگەڕێتەوە، هەندێ بۆچوونی تریش پێی وایە بۆ پیساگۆراس (٥٧٢ ــ ٤٩٧ پ.ز) دەگەڕێتەوە (عەبدولرەحیم، ٢٠١٤ ، ٣٣) .

یۆنانییەکان پێیان وابوو پەیوەندییەکی لۆجیکی ڕاستەوخۆ لەنێوان واتای وشەکان و شێوە دەنگییەکەیدا هەیە، یان پەیوەندییەکە ڕێککەوتنە و بەهۆی ڕێکەوتەوە دروستبووە، ئەم بۆچوونە دواتر دوچاری ڕەخنە بۆتەوە، چونکە هەندێ ناو بوونێکی سروشتییان نییە تەینا لە خەیاڵ و مێشکی کەسەکەدایە و شتێکی بەرجەستەی لە بەرانبەردا نییە، وەک خێو، جنۆکە...تد.(افیتش: ١٩٩٦ :١٠)هەروەها هەندێک شت (چەمک) لەبەر گرنگی و دووبارەبوونەوەیاندا لە ژیانی کۆمەڵێکدا، چەند ناوێکیان هەیە، بۆنموونە لە زمانی (ئەسکیمۆ) دا چوار وشە بۆ بەفر هەیە، بە پێچەوانەشەوە لە زمانی (هۆپی)دا تەینا وشەیەک بۆ نموونە (باڵدار) بۆ هەر سێ شتی فڕۆکە و مێش و باڵندە بەکاردێت. بەپێی لۆجیک و بیرکردنەوەی ئەم سەردەمە، ئەستەمە لەناو کۆمەڵێکدا لەسەر دانانی ناوێک بۆ ناولێنراوێک ڕێک کەوتبن، لەگەڵ ئەوەشدا، دەکرێت گریمانەی ئەوە بکرێت کە ئەو وشەیە لە دەمی کەسێکەوە داکەوتبێت و وردە وردە لەناو کۆمەڵدا بەکارهێنرابێت و دواتر چەسپابێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەک نازانرێت لە دەمی کێ و چۆن پەیدابووە؟ چونکە وشە کاتێکی زۆری دەوێت تا دەچەسپێت، واتە وشە نە کۆبوونەوەی بۆ کراوە، نە کۆبوونەوەی بۆ دەکرێت.

سوسێر، زمانی مرۆڤی بە پەیڕەوێکی هێمایی تاریک و لەخۆوە داناوە، کە ئەمەش بە گرنگترین بۆچوونەکانی دادەندرێت. وشەی ڕوون، ئەو وشانەن کە

زیادەیەک چۆتە سەریان و وشەیەکی نوێیان دروستکردووە، وشە تاریکەکانیش لە ڕووی پێکهاتنەوە لە یەک مۆرفیم پێکهاتوون، هیچ پەیوەندییەک لەنێوان فۆرم و واتاکانیاندا بەدی ناکرێن، بەو پێیەی نازانرێت چۆن ئەو پەیوەندییە دروست بووە (عەبدولرەحیم ،٢٠١٤ ،٣٣) واتە: ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان ناو و ناولێنراودا هەیە پەیوەندییەکی لەخۆوەیە، نەک بەپێی ڕێککەوتنی چەند کەسێک.

ناولێنان هێمایە، کە بەرانبەر ڕووداو و دیاردەکانی دەوروبەر دادەندرێت، لە ژیانی مرۆڤدا ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەیە (هێمادانان بریتییە لەو کارەی کە تێیدا مرۆڤ بە ئارەزوو و خواست و ویستی خۆیان دەتوانن لەناو خۆیاندا پێک بێن شتێک دانێن بە هێما بۆ شتێکی تر) (فتاح، ١٩٩٠،٣٥)، باب و باپیرانی ئێمە هێمایان بۆ شت و ڕووداو و دیاردەکانی دەوروبەری خۆیان داناوە، ئەمڕۆش هێما بۆ هەموو ئەو وشە و دیاردانە دادەنرێت کە تازە دێنە ناو زمانەوە، دەشێ وشەیەک یان هێمایەک، لە ناو خەڵکدا بەکارهێنانی نەمێنێت، بەڵام وشەکە لەناو ناچێت، دەوترێت دەنگ ئەو کەرستەیەیە کە لەناو ناچێت، هێزی وشە بەتەنیا لەم نەمرییەییدا نییە، بەڵکو لە واتاو ئاوەزمەندیی (عەقلیەتی) دانەرەکانیشی دایە، کە باپیران و نەوەکانی پێشوو، خۆشمانین. (ئاوەزمەندیی: واتە: ئەو بیرو عەقلیەتەی کە لە وشە و دەقەکاندا هەیە، ئەمەش ئاوەزمەندیی واتاییە، ئاوەزمەندی زمانیی: پەیوەندی لۆژیکییە، لە نێوان بەشەکانی وشە یان ڕستەیەکدا هەیە.)،(مەحوی، . (www.knnc.net

فەرهەنگی زمان تێکڕای وشەی زمانێک لەخۆدەگرێت، لەبەرئەوەی جیهانی وشە فراوانە گەنجینەیەکی گەورەی زمانەکە پێکدەهێنێت، هەتا وشەکانی گەشە و نەشونما بکەن، ئەوا فەرهەنگەکەشی گەشە دەکات و زمانەکەش لە فەوتان و لەناوچوون دەپارێزرێت، دەکرێ فەرهەنگی مێشک بە دەزگایەکی گەورەی سنوردار بچوێندرێت، کە هەرگیز بە جێگیری نامێنێتەوە، بەڵکو بەردەوام وشەی نوێ فێردەبێت و وشەی سواویش لەبیردەکات (عەبدولڕەحیم،٢٠١٤ :٣)، زمانی کوردی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دووچاری لێشاوێکی گەورەی چەمک و داهێنانە تەکنۆلۆژی و زانستییەکان بۆتەوە، لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ڕامیاریی و ئابووریی و کارگێریدا، خاوەن کار و شوێنە گشتی و تایبەتییەکان و دەستگا و ڕێکخراو وکۆڕە زمانیی و زانیارییەکان، پێویستیان بە ناولێنان هەیە، کە ئەمەش

پێویستی بە وردبینی و شارەزایی و لێهاتوویی و بەکارهێنانی وشە و زاراوەی نوێ و پەیڕەوکردنی دەستور و ڕێسای زمانەوانی هەیە.

بەهۆی ئەم پێشکەوتنەوە، ژمارەیەکی زۆر وشەی نوێباو هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە (وشەی نوێباو ــ نیۆلۆگیزم ئەو وشانەن کەوا بۆ مانایەکی ناسراوی دانەیەک (وەحدە) لە زماندا بەکاردەهێندرێن و تازە هاتوونەتە زمانەوە و هێشتا نەچوونەتە ڕیزی وشەی چالاکی ئەو زمانەوە)،(مارف، ١٩٧٥، ٥٣)، بەهۆی پرۆسەی نیۆلۆگیزم چەندان وشەی نوێ هاتوونەتە ناوزمانەوە، بۆداگۆڤ لەم بارەیەوە دەڵێت:

(نیۆلۆگیزم وشەی نوێ، یا پێکهاتەی زمانیی تازەن، کە دێنە ئاراوە و پەیوەندییان بە بەرزبوونەوەی ڕادەی کلتوور و تەکنیکەوە هەیە و بە گەشەسەندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەلومەرجی ژیانی مرۆڤەوە بەستراونەتەوە)، (عەبدولڕەحیم :٢٠١٤ :٤)، بۆیە کاتێک واتایەک، بیرێک، یان دیاردەیەک لەدایک دەبێت و دێتەکایەوە، لەگەڵ خۆیدا وشەیەکی نوێ دەهێنێتە ناوەوە، کە دواتر ئەم وشە نوێیەش لەوانەیە چەندین ناو و وشەی تری لێبێتە بەرهەم و بکەوێتە ناو زمانەوە، بۆیە زمانی پێشکەوتوو پێویستە لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا خۆی بگونجێنێت، کە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا ڕەنگدانەوەی هەیە، لەم بارەیەوە، پرسیارێک دێتە پێشەوە: ئایا زمانی کوردی، تا چ ڕادەیەک توانیویەتی لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم هەموو چەمک و واتا نوێیەدا، خۆی بگونجێنێت و تا چ ڕادەیەک لە تابلۆی ناولێنانی شوێنکاردا، وشەی کوردی ڕەسەن و ناولێنانی گونجاو پەیڕەو دەکرێت؟

ئەمڕۆ بێ سەروبەرییەکی زۆر لە ناولێنانی تابلۆی شوێنکارو کۆمپانیاو سەرشەقام و شوێنە گشتییەکاندا دەبینرێ، بەڕادەیەک کە چاوت بە هەندێ تابلۆ دەکەوێت، واهەست ناکەیت کە ئەمە نووسینێکی کوردی بێت، هەرچەندە بە کوردیش نووسراوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی زۆربەی ناونیشانەکان بە زمانەکانی ترن، وەک: ئینگلیزی و عەرەبی و تورکی و فارسی ...هتد. یان زمانی کوردی و زمانێکی تر تێکەڵاو کراوە، یان دوو زمانی بیانی لە ناولێنانەکەدا تێکەڵکراون، بۆ نموونە: ئینگلیزی و عەرەبی یان بە پێچەوانەوە.

بنەمای ئابووری هۆکارێکی گرنگی ناولێنانە، بۆیە پێویستە حوکمەت لەم بوارەدا پلانی هەبێت. هەروەها تابلۆ و ناونیشانی کۆمپانیا و شوێنکارەکان بە زمانی کوردی تۆماربکرێن و بنووسرێن، تەنیا ئەوانە نەبێت کە مەرجی تایبەتی خۆیان هەیە، هەر بەرهەم و کالایەکیش، کە لە هەرێمی کوردستاندا بەرهەم دەهێنرێت و ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێت، وەکو: هەنگوین، کڵاشی پەڕۆین، بنێشت...تاد. پێویستە بە زمانی کوردی لەسەریان بنووسرێت. هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتییەکانی زمانی کوردی، حکومەتی هەرێم لەم بوارەدا پێویستە پلانی تۆکمە و گونجاوی هەبێت، پێداچوونەوە بۆ ناونیشانی تابلۆکان بکرێت و لێژنەی تایبەتی بۆ دابندرێت، لەبەرئەوەی ((زۆرگرنگە حکومەت، خاوەن دام ودەزگا بێ و عەقڵێکی مەعریفی ئاڕاستەی بکات، چونکە دەبێت حکومەت هەندە نیشتمانی بێت کە مەسەلەی زمانی پێ ستراتیژ بێ))، (ناوخۆش ٢٠١٠، ٦١)).

٢ ــ ٢ کاریگەری دەروونی و ڕامیاری و ژینگەیی لەسەر پرۆسەی ناولێنانی شوێنکاردا :

٢ ـ ٢ ــ ١ کاریگەریی دەروونی: ناولێنان و هێمای بازرگانی شوێنکار و شتومەک و کالاکان کاریگەری لەسەر خواست و کڕیار هەیە. (زمان چالاکییەکی کۆمەڵایەتی و دەروونییە و تاک بە مەبەستی گەیاندن لەگەڵ کەسانیتر ئەنجامی دەدات)،(دزەیی:٢٠١٤:١١١)، کاتێک ناوێکی ڕاست یاخود گونجاو لە شوێنی کارەکەت یان کالاکان دەنێیت، ئەوە خۆی گرینگییەکی زۆری هەیە. هەموو وشەیەک هەڵگری زانیاریی و ڕەهەندی دەروونییە، بە تایبەتی لە ڕووی دەنگ و ئاوازەی دەربڕینەوە، کە جۆرە دەربڕینێک یان سروشتێک (ئیحایەک) دروست دەکات و وەڵامدانەوەیەکی وروژێنەری دەبێت، ئەگەر ناوەکە شێوە و سەدایەکی هەڵەی تێدا بێت، کاریگەرییەکی نێگەتیڤ لەسەر کڕیارەکان دروست دەکات. وەک ئەوەی کاتێک کەوتۆتە بازاڕەوە ویستی ئەوان ڕەچاو نەکرابێ، بە پێچەوانەشەوە، هەڵبژاردنی ناوێکی گونجاو لە ڕووی دەنگ و ئاوازەوە، کاریگەرییەکی ئەرێنی و باش لەسەر خواست و کڕیار دروست دەکات. بۆ نموونە: وشەی (کۆداک)، کە ناوی جۆرە کامیرایەکی وێنەگرتنە، سەرەتا و

کۆتاییەکەی یەک دەنگە و هەستێکی تەواوکاری لە بیری مرۆڤدا دروست دەکات، زۆر جار کاریگەری لایەنی دەروونی ناوەکان وا دەکات، یەکسەر لەبیرماندا هەندێ شت گەلاڵە بێت، کاتێک ناوەکە دەبیستین، وێنایەک لەسەر ناوەکە لە هزرماندا دروست دەبێت.

یان کاتێک بە ڕێگایەکدا دەڕۆین و تابلۆی ناولێنانی شوێنکار یان کۆمپانیا و مۆڵەکان سەرنجمان ڕادەکێشن، بە بەکارهێنانی وشەی کوردی ڕەسەن یان ئەو بارودۆخەی کە ناولێنانەکە لەگەڵ شوێنی کارەکەدا یەکدەگرێتەوە، ئەوا هەستێکی تەواوکاری لەلامان دروست دەبێت بەمجۆرە، دۆخە سایکۆلۆژییەکانیش، کاریگەرییان لەسەر پڕۆسەی ناولێنانی شوێنکاردا هەیە، بۆنموونە: ناونانی شوێن، بە ناوەکانی : هەستیار و غەمبار و پەشێو و بێچارە و فرمێسک و تەنیاو ...هتد، هەروەها هەڵبژاردنی ناوێکی وەک (نۆڕینگەی سینۆهە) بۆ شوێنی نۆڕینگەیەکی پزیشکی باکگراوندێکی مێژوویی، پزیشکی دەردەخات، لە ڕووی دەروونییەوە کاریگەری لەسەر بینەر دروست دەکات، لەبەرئەوەی (زمان بەتەنیا هەڵگری بیرنییە، بەڵکو بەشداریپێکی کاریگەریشی هەیە لەپێکهێنانی بیردا)،(النعمة:٢٠١١ :٨٤) ((پەیوەندییەکی بەتین لەنێوان دەروونی مرۆڤ و زمانەکەیدا هەیە، ئەم پەیوەندییەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی زمان وەک ڕەفتارێکی مرۆڤایەتی))، (دزەیی،٢٠١٤: ١٦).

٢ــ ٢ ــ ٢ :کاریگەری بواری ڕامیاریی لە هەڵبژاردنی ناونیشاندا لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی و بیری ناسیۆنالیزمی و سەربەخۆیی لەناو گەلی کورددا، هەندێ ناوی تر سەریانهەڵداوە کە لەژێر کاریگەریی بیری نەتەوەیی و خواست و ئاوات و مەینەتی و کارەساتەکانی گەلی کورددا بوون (شەمس:٢٠٠٦ :١٣٢). بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت، کە باری ڕامیاریی کاریگەری لەسەر دەروونی تاکەکان لە هەڵبژاردنی ناونیشاندا هەیە، لەکوردستانی باشووردا بەڕوونی ئەم دیاردەیە لە ناولێنانی شوێنە گشتی و تایبەتییەکاندا بەدی دەکەین، بۆ نموونە هەڵبژاردنی ناوی (پێشمەرگە)، ڕەهەندێکی دەروونی تاکی کوردی لە پشتە، کە بەهۆی کاریگەری ڕامیاری و نەتەوەییەوە دروستبووە.

وێنەی ژمارە ١ : تابلۆی چێشتخانە و کەبابی پێشمەرگە ـ کۆیە

ـ بەهەمان شێوە، تابلۆی (خواردنگەی پێشمەرگە)، لە شاری هەولێردا هەیە، کە ئاماژیە بۆ گاریگەری ڕامیاری لە هەڵبژاردنی ناولێنراندا.

هەردوو تابلۆکە، ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ڕامیارین، لەسەر هەڵبژاردنی ناولێنانی شوێنکاردا، پێکهاتوون لە: (دیارخراو + ی + دیارخەر)، (چێشتخانە {(چێشت + (ـ خانە) + و + کەباب) + ی + (پێشمەرگە) (پێش + مەرگ + ە) ، (خواردنگە (خواردن +(ـ گە) + ی + (پێشمەرگە)}.

(چێشتخانە) ، (خواردنگە) ـــــ ناوی شوێنن.

ـــ هەروەها، تابلۆی (مۆبایل و استنساخی شەهیدان)، لە شاری کۆیەدا، ئاماژەیەکی تری کاریگەری ڕامیاریە لە هەڵبژاردنی ناونیشاندا.

ـــ تابلۆی (شیرنەمەنی دەوڵەتی کوردی!)، هەرچەندە ناوی سەر عارەبانەیەکە، بەڵام کاریگەری ڕەوشی ڕامیاری پێوەدیارە، وادیارە خاوەنەکەی خەون بە دەوڵەتی کوردییەوە دەبینێت.

٢ ـ ٢ ـ ٣ ئایین: ئایین فاکتەرێکی گرنگە، کە کاریگەری لەسەر ناولێنان و هەڵبژاردنی ناونیشاندا هەیە. هەندێک جۆری ناولێنان، پەیوەندی بە بیروباوەڕی ئاینییەوە هەیە، ناوی کوردی لە ژێر هەژموونی کلتووریی عەرەبی ئیسلامی دابووە، ئەم کاریگەرییەش بە ڕوونی لە ناولێنانی شوێندا دیارە، بەهۆی ئاییئی ئیسلامەوە ژمارەیەکی زۆر لە شوێنەکان ناوەکانیان عەرەبییە، هەرچەندە بە کوردی نووسراون، دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١، پێشبینی ئەوە دەکرا، کە بە پاڵپشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەڵمەتێکی چڕوپڕ سەبارەت بە بەکارهێنانی وشەی ڕەسەنی کوردی لە ناولێنانی شوێندا، پەیڕەو بکرێت. ژمارەیەکیش خەڵکی خەمخۆر لەم بوارەدا هەوڵیان داوە، بەڵام لەبەر بێ پشتیوانی لەلایەن حکومەتەوە ئەم هەڵمەتە دووچاری پووکانەوە هات، پێویستە لەم بوارەدا پلانی ستراتیژی و سیستەمی هۆشیارکردنەوە و پەروەردەیی هەبێت، میدیای کوردیش لەم بوارەدا، پێویستە ڕۆڵی بەرچاو و هەوڵی جدی بدات.

وێنەی ژمارە ٢ : مارکێتی ئایە ـ کۆیە

لە ڕووی زمانەوانییەوە، ناوی ئەم تابلۆیە، پێکهاتووە لە: (دیارخراو + ی + دیارخەر) ــ (مارکێت (ناو) + ی + ئایە (ناو))، وشەی (مارکێت)، لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، وشەی (ئایە) لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە، واتە پێکهاتەی ئەم تابلۆیە وشەیەکی ئینگلیزی و وشەیەکی عەرەبییە.

٢ــ ٢ ــ ٤ ژینگە و دەوروبەری کشتوکاڵی: (ناونان بەشێکی سەرەکییە لە زماندا، زمانیش ئاوێنەی تێڕوانینەکانی کۆمەڵە و بیرو بۆچوونەکانی کۆمەڵ تیایدا ڕەنگ دەداتەوە، بۆیە کارێکی ئاساییە گەر کاریگەری دەوروبەرو کۆمەڵ و تێڕوانینەکانی لەناونانی تاکەکانی کۆمەڵدا ڕەنگدانەوەیان هەبێت)،(شەمس،٢٠٠٦ :١٣٠)، بە هەمانشێوە ژینگە و دەوروبەر کاریگەرییان هەیە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵ لە هەڵبژاردنی جۆری ناولێنانی شوێنی کار و کۆمپانیا و مۆڵ و شوێنە گشتییەکانی هەرێمی کوردستاندا، بۆ نموونە (کەبابخانەی سەرسەنگ، تیپی مۆسیقای باواجی، نەمامگەی چوارجوتیار، کەبابخانەی خاڵخاڵان ...هتد) ئەم ناولێنانە، کاریگەری ژینگە و دەوروبەری کشتوکاڵین لەسەر ناولێنانی ئەم شوێنکارانە، یان گروپە میوزیکییە. هەر بەهۆی کاریگەری ژینگە و شوێنەوە، جۆرێک ناولێنان هەیە: خاوەنەکەی بە ناوی شوێن و ژینگەی خۆیەوە شوێنکارەکەی ناودەنێت، ئەم ناولێنانەی خوارەوە، تابلۆی خواردنگەیەکی شاری کۆیەیە، کە خاوەنەکەی لە بنچینەدا خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە، بەڵام لەشاری کۆیەدا نیشتەجێیە.

ـ تابلۆی (خواردنگەی ڕۆژئاوا)، ناوی تابلۆی خواردنگەیەکی شاری کۆیەیە، خاوەنکەی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە. کە ئەمەش کاریگەری دەروونی و ڕامیاری لەسەر هەڵبژاردنی ناولێنانی تابلۆ نیشان دەدات، هەروەها ڕەنگدانەوەی ژینگە و ناوچەی جوگرافییە، لە هەڵبژاردنی ناولێنانی ئەم تابلۆیەدا، بەم جۆرەش دروستبووە: (ناو +ی + ناو) ــ (خواردنگە + ی + ڕۆژئاوا) ، خواردنگە، ناوێکی داڕێژراوە، پێکهاتووە لە (خواردن) لەگەڵ پاشگری (ــ گە)، ناوی شوێنە،(ڕۆژئاوا)، مەبەست پارچەیەکی کوردستانە.

ـ هەندێکجار، ناوێنانی شوێن، باکگراوندێکی ڕامیاریشی لە پشتە، (هاڤانا)، پایتەختی کوبایە ، تابلۆی مارکێتێک لە شاری کۆیە، بەم ناونیشانە کراوە (ساردەمەنی هاڤانا)، بەم شێوەیە داڕێژراوە: ساردەمەنی)، ناوێکی بەرجەستەی داڕێژراوە، دیارخەرە، (هاڤانا)، دیارخەرە.

٢ ـ ٢ ـ ٥ تێکەڵبوونی زمانیی (التمازج اللغوی): تێکەڵبوونی زمانیی لە نێوان قسەپێکەرانی دوو زماندا ڕوودەدات، کە شێوەیەکی نوێ بە زمان دەدات (استیتیة:٢٠٠٨: ٦٠٠)، کاریگەری ئەم دیاردەیە لە زمانی کوردیدا دەردەکەوێت، پارچەکانی کوردستان لە هەر بەشێکدا، کاریگەری زمانی دەسەڵاتیان بەسەرەوە

هەبووە، هەندێک لە زارەکان کاریگەری زمانی عەرەبیان بەسەرەوەیە (ئەو ناوچانەی دەکەونە سنوری زمانێکی تر تێکەڵی دروست دەبێت، کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن، بۆ نموونە ناوچەکانی سەرووی پارێزگای دیالە و خواروی پارێزگای کەرکوک و باکور و ڕۆژئاوای موسڵ، دەکەونە دوا سنوری زمانی کوردی و لە زمانی عەرەبی نزیکتر دەبنەوە، بۆیە کاریگەری زمانی عەرەبی لەو ناوچانە لە ڕووی دەنگەوە بەهۆی وەرگرتنی وشەی ئەو زمانەوە دیارترە و زۆربەی وشەکانیان وەک خۆی وەرگرتووە و بە تەواوی بەر گۆڕانی فۆنەتیکی نەکەوتوون) (عەبدولڕەحیم:٢٠١٤، ٤١)، هەندێکی تر لە زارەکان، کاریگەری زمانی فارسی و تورکی و زمانەکانی تریشیان بەسەرەوەیە، ئەمەش لەبەکارهێنانی وشە و زاراوەی ئەو زمانانە لە زمانی کوردیدا تێبینی دەکرێت، هەروەها ژمارەیەکی زۆر زاراوەی جیهانییش، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا خۆی خزاندۆتە ناو زمانی کوردییەوە. بەریەککەوتن و تێکەڵبوونی زمان، کەوتۆتە ناو بازاڕ و شوێنە گشتییەکانیش، بەڕادەیەک وای لێهاتووە، کە شوێنکار و کۆمپانیا بازرگانییەکان لەسەر ناولێنانی بیانی لە شوێنەکانیاندا ململانێیانە، وەک لە ناولێنانی مۆڵ و مۆبایل و فاست لینک و ماکدۆنالد و پیتزا و...هتددا، دەردەکەوێت. کاریگەری ئەم جۆرە بەریەککەوتن و تێکەڵاوبوونەی زمانیی لە ناولێنانی تابلۆی ناو بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا، ڕەنگدانەوەی هەیە. بەجۆرێک بەکارهێنەرانی ئەم بوارانە هەموو ئەو وشە و زاراوانە بەکاردەهێنن و دواجاریش بۆ ئاخاوتن و قسەپێکەرانی نەوەی نوێ دەپەڕێتەوە، بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت، کە یەکێک لە هۆکارەکانی ناولێنانی تابلۆی شوێنکار بە ناوی بیانییەوە، بەریەککەوتنی زمانەکان و کاریگەرییەتی لەسەر ناونانی شوێنەکان، ئەمە لەلایەک لە لایەکی تر بەهۆی دراوسێیەتی و باری ڕامیاری و باڵادەست بوونی زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی وایکردووە ناونانی شوێنەکان بە ناوی عەرەبی شتێکی ئاسایی بێت .

هەروەها بەهۆی بەریەککەوتنی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی فارسی و هۆکاری دراوسێیەتی و بازرگانی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری وایکردووە، چەندان ناوی شوێن بە ناوی فارسییەوە ناوبنرێت. بەهەمان شێوە بەهۆی بەریەککەوتنی زمانی تورکی لەگەڵ زمانی کوردی لە باکوری کوردستاندا، زۆر شوێن بەناوی تورکییەوە ناونراوە، لەلایەکی ترەوە، بەهۆی ئەو دراما تورکییە

دۆبلاژکراوانەی کە لە کەنالّەکانی ڕاگەیاندندا پەخش دەکرێن، هەروەها هونەرمەندە ناسراوەکانیان لەوانەیە ببێتە هۆی سەرنج ڕاکێشان و سەرسامبوونی تاکی کورد و ناونانی شوێنەکان بەم ناوانەوە بۆنموونە (شوێنی تاتلّس).

هەندێ لە ناولێنانەکان، شێوازی دەستوری زمانی عەرەبییان پێوە دیارە، یان وەرگێرانێکی وشە بە وشەی زمانی عەرەبین، بۆ نموونە: لە زمانی عەرەبیدا، وشەی (محل) بۆ ئاماژەکردنی شوێن یان دوکانێک بەکاردێت، لە کوردیشدا، بە چاولێکەری زمانی عەرەبی، هەمان شێواز بەکاردێتەوە:

وێنەی ژمارە ٣ : جهێ کارین ـ دهۆک

ـ لەدوای ئازادکردنی کوردستان و بەهۆی ئەو بارودۆخە نالەبارەی کە خەڵکی کورد پێیدا تێپەڕیون، کۆچکردنی ڕێژەیەکی زۆری کورد بۆ دەرەوەی وڵات و تێکەڵبوونیان لەگەڵ زمان و کلتوری ئەو نەتەوانە، وایکردووە ژمارەیەکی زۆری خەڵک، شوێنەکانیان بەناوی ئەوروپییەوە ناوبنێن، هەروەها پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیا و بوژانەوەی باری ئابوری و بازرگانی کوردستان هۆکارێکی تری گرینگ بوون بۆ ئەوەی پاڵ بەخەڵکییەوە بنێن، کە کۆمپانیا و شوێنکارەکانیان بە ناوی بیانییەوە ناوبنێن .

٢ ـ٢ ـ ٥ ڕاگەیاندن :

ـ چەند وشە و زاراوەیەکی بیانی کە لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و هۆکاری دیکەوە کەوتۆتە ناو زمانەوە، کاریگەری لەسەر پڕۆسەی ناولێنان لە بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا هەیە، وەک وشەکانی (سوپەر،فریش، سپۆنسەر،پڕۆفیشناڵ) .

ــ (گۆشتی سوپەر فریش)، تابلۆی شوێنکارێکی ناو بازاڕی شاری سلێمانییە.

جگە لەمانە، چەند هۆکارێکی تریش هەیە، کە کاریگەری لەسەر خاوەنکار بۆ هەڵبژاردنی ناوی شوێنکارەکەی هەیە، وەک :

ـ جۆرێک لە ناونیشان هەیە، کە کاریگەری ناوی یانە و شوێن و زمانی بێگانەی، لەسەرە:

أـ ناوی یانە :

وێنەی ژمارە ٤ : کبابخانەی ریال مەدرید.

(کەبابخانەی ریال مەدرید)، خۆشەویستی و سەرسامبوون بەم یانە وەرزشییە، بۆتە پاڵنەر بۆهەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە ئەم ناوە بۆ یانەیەکی وەرزشی گونجاوترە تا کەبابخانەیەک، جگە لەوە: لە ڕووی ڕێنووسیشەوە، بەشی یەکەم (کبا) دوور لە بەشی دووەم نووسراوە، هەروەها بە ڕێنووسی کوردیش نەنووسراوە، شێوە ڕێنووسە کوردییەکە، بەم جۆرەیە (کەبابخانە)، نەک (کبابخانە).

ناولێنان به ناوی شوێنی بیانییەوە: هەندێکجار خاوەنی کار ناوی دوکان یان شوێنی کارەکانیان به ناوی شوێنێکی بیانییەوە دەکەن، وەک :

ـ شاورمە و گەسی بریتانی (سلێمانی ئۆرزدی)، دەکرا ئەم ناولێنانە بەم شێوەیە بوایە (شاورمەو گەسی سلێمانی ـ شێوازی بەریتانی).

ــ غەسلی لەندەن (سلێمانی). (شوشتنگەیەک لە کوردستانە و بەناوی (لەندەن) هەوە ناونراوە!)

ـ ((PARIS PINK، تابلۆی دوکانێکی ناو بازاڕی ڕانییەیە، بەناوی پاریس و بە زمانی ئینگلیزی ناوی لێنراوە.

ـ (کۆگای ئاسیا)، ناوی تابلۆی شوێنکارێکی شاری کۆیەیە، (ناو + ی + ناو)

ـ (کۆگا +ی +ئاسیا) .

ـ تابلۆی (جیهانی ئیڤڵ)، ناوی تابلۆیەکی شوێنکاری شاری کۆیەیە ،بەناوی بورجی ئیڤڵەوە کراوە، لە پاریس.

ــ هەندێ شوێنی کاربەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی، ناویان لێدەنرێت، وەک :

ـ(شیرنی کەشخە) ــ (سلێمانی ئۆرزدی) ، وشەی (کەشخە) کە ئاوەڵناوی چۆنیەتییە، وەک دیارخەرێک وەسفی ناوی واتایی (شیرینی) دەکات، ئەم ناولێنانە پتر بەمەبەستی سەرنج ڕاکێشان بەکارهاتووە.

ــ (چایەخانەی قەرداران) ــ (هەولێر شەقامی باتە)، جۆرە ناولێنانێکە پەیوەندی بە داهات و باری ئابوری خەڵکەوە هەیە، ناولێنانەکە لەگەڵ و شوێن و چایخانەکە یەکدەگرێتەوە، چونکە زیاتر کرێکار و خەڵکی هەژار، ڕوویان کردۆتە ئەم شوێنە، لە ڕووی زمانەوانییەوە، وشەی (قەردار) ئاوەڵناوی چۆنی لێکدراوە، وەسفی ناوی چایخانە دەکات، کە ناوێکی داڕێژراوی شوێنییە، بەمجۆرە دروستبووە: (قەرز+ دار)، (چا+ خانە).

ــ (نوسینگەی باش) ــ (سلێمانی ئۆرزدی) (باش) ئاوەڵناوی چۆنیەتییە، (نوسینگە) شوێنی فرۆشتن،یان بەکرێدانە، لەم دەربڕینەدا، مەبەست ئەوە نییە ،کە نوسینگەکە باشە، بەڵکو، مەبەست ئەوەیە: لەم نوسینگەیەدا شتی باشت دەست دەکەوێت.

ــ (زنجیرە بازاڕەکانی پایتەخت) : بەکارهێنانی وشەی (پایتەخت)، وەک ناوبانگێک بۆ شوێنی کاربەکارهاتووە.

ـ (چایخانەی مامە خەمە)،تابلۆی شوێنکارێکی ناو بازاڕی تەق تەقە .

ـ ئەم ناونیشانە تاڕادەیەک نامۆیە، خاوەنکار بە مەبەستی سەرنجڕاکێشانی کڕیارەهەڵبژاردووە، لە ڕووی زمانەوانییەوە بەمجۆرە دروستبووە:{(چایخانە) > چا + ناوبەندی (ی) +خانە > + (مامەخەمە) <مام + ە+ خەم +ە>{.

ئاوەڵناوی لێکدراوی (مامە خەمە)، وەک ئیدیۆمێک بۆ وەسفکردنی ناوی (چایخانە) بەکارهاتووە. وەک ئیدیۆمیش لەلایەن قسەپێکەرانەوە ، بۆ کەسێک کە خەمی کار و بار و ژیانی کەسانی تری هەبێت، بەکاردێت.

ـ هەندێک ناونیشانی ترهەیە، بەمەبەستی ڕاکێشانی کڕیار لە ڕووی نرخ و باری ئابووریییەوە دادەندرێن، وەک: (هەرزان بازاڕ، ئێرە هەرزانترینە،..هتد) بۆنموونە: (بازاڕێک بۆ نەهێشتنی گرانی)، لەوانەیە مەبەستە سەرەکیەکە ڕاکێشانی کڕیار بێت، نەک نەهێشتنی گرانی!

ـ (هەرزان بازاڕی شێخانی)، ناوی تابلۆی شوێنکارێکی شاری هەولێرە.

ـ (تازە و بەتام)، ناوی تابلۆی شوێنکارێکی شاری سلێمانییە، بە مەبەستی سەرنج ڕاکێشانی کڕیار.

ـ جۆرێکی تری ناولێنان، بریتییە لەو دۆخەی کە خاوەنکار بەهۆی ناوی شوێنکارەکەیەوە سەرنجی بینەر بۆ ئەو هەوڵوکۆششانە ، کە لەپێناوی کارەکەیاندا داویانە ڕادەکێشێت ، واتە :

ــ هەندێکجارخاوەن کار شوێنەکە بەناوی خۆیەوە دەکات، ناوەکەش گوزارشت لەوەدەکات کە چۆن باب و باپیرانی زەحمەتیانکێشاوە وماندووبوون، چییان بەسەرهاتووە، تاوەکو بەوکارە گەیشتون وپاراستویانە. لە هەرێمی کوردستانیشدا، ئەو دیاردەیە بەرچاو دەکەوێت، ئەگەر سەرنج بدەین، چەندین ناونیشان هەیە، کە بەناوی هۆزیان باب وباپیرانەوە کراوە، وەک هۆکارێک بۆپاراستنی ناوبانگ، بۆ نموونە لە شاری هەولێردا چێشتخانەی (ئەبوشەهاب)،خێزانییە بۆ پاراستنی ناوبانگە، هەروەها (کەباب یاسین)، بەمەبەستی پاراستنی ناوبانگ، بەهەمان شێوە (خواردنگەی شێخانی)،(مارکێتی خۆشناوان)، بە ناوی هۆز و عەشیرەتەوەن: لێرەدا، نموونەیەک دەخەینە بەرچاو:

ــ (تەلاری کەمالی عەبەی کەوەری باخەوان) ناونیشانێکی دورودرێژی تەلارێکی ناو بازاڕی شاری سلێمانییە

ــ ڕەهەندی مێژوویی:هەندێک لە ناوەکان ڕەهەندێکی مێژوویییان هەیە، بۆنموونە (ساتو قەلا)،کە ناوی ناوچەیەکی کوردستانە ڕەهەندێکی مێژوویی

هەیە، قۆناغێکی مێژوویی ئەو ناوچەیە دەردەخات، بەهەمان شێوە هەندێک ناوی شوێنکاریش،وەک: (زانکۆی چەرمۆ)، (خواردنگەی قەڵاو و منارە و شانەدەر) ڕەهەندێکی مێژوویان هەیە .

٢ ــ ٣ : ئەو مەرجانەی کە پێویستە لە ناونانی شوێنکارێکی بازرگانیدا هەبێت:

٢ ـ ٣ ـ ١ نوێکاریی (نوێبوون): پێویستە ناوی شوێنە بازرگانییەکە نوێ بێت. (قاسم:٢٠١٢،١٥٣)، مەبەست لەنوێبوونی ناوی شوێنکار ئەوەیە: پێشتر ئەو ناوە لەلایەن هیچ بازرگانێکی ترەوە بۆ چالاکیی بازرگانی و جیاکردنەوەی شوێنە بازرگانییەکەی لە شوێنە بازرگانییەکانی کێبڕکێکەری بەکارنەهێنرابێت. واتە: ئەگەر پێشتر کەسێک یان بازرگانێک ئەو ناوەی بەکارهێنابێت وتۆماری کردبێت، نابێت هیچ کەس و بازرگانێکی پێشبڕکێکەر، بۆ هەمان شێوە بازرگانی، هەمان ناو بەکاربهێنێتەوە، ئەگەر ئەمە ڕوویدا بە تێپەڕاندن و بەرانبەر بە مافی یاسایی کەسی یەکەم دادەندرێت و دەچێتە چوارچێوەی کردەی نایاسایی و سەرپێچی کردنەوە . لەبەرئەوەی مافی یاسایی لەلایەن ئەو کەسە، یان ئەو بازرگانەیە، کە بۆ یەکەمجار ناوەکەی تۆمارکردووە، کە ئەمەش مافێکی ڕێژەییە بەرانبەر چالاکی بازرگانی چوونیەک و هاوشێوە، لەم دۆخەدا دەکرێت هەمان ناو بۆ کردەی بازرگانییەکی تر بەکاربێت، کە چوونیەک و هاوشێوە نەبێت لەگەڵ بازرگانی کەسی یەکەم، چونکە لەم بارەدا ناوە بازرگانییەکە نرخەکەی لەدەست نادات. کەواتە مەرجی یەکەم لە هەڵبژاردنی ناوی شوێنکاردا ئەوەیە: پێویستە ناوەکە نوێ و گونجاو بێت .

٢ ــ ٣ ــ ٢ داهێنان و دروستکردن: پێویستە ناوی شوێنکاری بازرگانی تایبەتمەنیی داهێنانی تێدابێت، هەروەها خاوەنیی دانسقەیی و ڕەسەنایەتیی بێت و لەخودیی خۆیدا جیاوازبێت ولەناوەکانی تر جیابکرێتەوە .(علی قاسم:١٩٩٧،٤٧٢)، واتای زاراوەیی بۆ شتێکی داهێنراو پەیوەستە بە نوێگەرییەکەی، بە واتایەکی تر واتای نوێی تێدا بەرهەم بهێندرێت و بە نوێگەریی و داهێنان ناوزەد بکرێت. لێرەدا پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە ناوی بازاڕیی جیاوازە لەگەڵ ئەو ناوە بازرگانییەی کە خاوەن کار یان بازرگان بۆ ناونانی شوێنەکەی هەڵی دەبژێرێت، بۆ نموونە دەکرێ بازرگانێک ناوی(شێخانیی)

وەک ناوێکی بازاڕیی بۆ فرۆشتنی کەل وپەل وکالاکانی هەڵبژێرێت و لە بازاڕدا بەو ناوە بناسرێت، بەڵام پێویستە ئێمە جیاوازیی لە نێوان ناوی بازاڕی و ناوی بازرگانییدا بکەین، بەشێوەیەک ناوی بازرگانی پێویستە (تایبەتمەندیی داهێنان ونوێگەریی) ی تێدا بێت، کە ئەمەش لەگەڵ ناوی (شێخانیدا) یەکناگرێتەوە، بۆیە پێویستە ناوە بازرگانییەکە هەڵگریی هەموو ئەو تایبەتمەندییانە بێت، کە بە پێی دەقی یاسایی ناوی بازرگانی شوێنکار دیاریکراوە و تانەی لەسەر دراوە.

٢ ـ ٤ چەند ڕێنماییەك بۆ ناولێنانی شوێنکارو شوێنە گشتییەکان:

ـ پێویستە لە ناولێنانی شوێنکارێکی بچوکدا ڕەچاوی چەند خاڵێک بکەین ، وەک :

٢ ــ ٤ ــ ١ هــەوڵ بــدەین ناونیشــانەکە، دڵگیــر و پەیوەنــددارێ: (کاتێــک بڕیاردەدەی ناوێک لە شوێنی کارەکەت، دوکانەکەت بنێیت، پێویستە هەوڵی دۆزینەوەی ناوێکی گونجاوبدەیت. وەک ئەوەی: کە تۆکێیت و کارەکەت چییە؟ هەروەها ناوەکە دەربڕین لە شتێک بکات، کە دڵگیر بێت، بەتایبەتی ئەگەر بتەوێت ریکلامی بۆ بکەیت، پێویستە سەرنج ڕاکێش بێت، پێویستە خاوەن کارەکان هانبدەین، بۆناولێنانی شوێنەکانیان بەپێی ئەو ڕێنماییانە: (ناو، لۆگۆ، ناوەرۆک)ی کارەکە لەیەکەوە نزیک بن .

ـ واتە: هێمای بازرگانی (لۆگۆ) پێویستە لەگەڵ ناولێنان و ناوەرۆکی بابەت یان شتەکە یەک بگرێتەوە، بۆ نموونە هێمای بازرگانی (ئەپڵ) هێمایەکی گونجاوی کۆمپانیای ئەلیکترۆنی ئەمریکییە، و لەگەڵ ناولێنانەکەدا، یەکدەگرێتەوە.

وێنەی ژمارە ٥ : هێمای بازرگانی کۆمپانیای ئەپڵ

ـ ((Super LGهێمای بازرگانی ((LG، لۆگۆی کۆمپانیایەکی تۆمارکراوی بازرگانی ئێلیکترۆنیی و تەکنۆلۆجیای زانیارییە لە جیهاندا، چەند لقێکی هەیە. ، لەگەڵ ناوە بازرگانییەکە یەکدەگرێتەوە، لە شاری هەولێر.

ــ ئەگەر کۆمپانیایەک بواری کارکردنەکەیان کشتوکاڵ و چاندنی نەمام و دروستکردنی دیمەن و ئەو جۆرە شتانە بێت و ناولێنانەکەی لە سروشتەوە نزیک بێت و ئارمەکەی گەڵای داریک بێت، ئەم جۆرە ناولێنانە گونجاوە و لە تۆرەکۆمەڵایەتییەکانیشدا زۆر کاریگەر دەبێت. بە وێنە ، ئەگەر ئەم ناوانە بۆ ناولێنانی کارەکەی هەڵبژێرێت: (باخی سروشت)، (دیمەنی شار)...هتد ، هەر لەم ڕوانگەیەوە (باخی ڕەیحانە) ، کە ناوی باخێکی شاری کۆیەیە، پەسەند و گونجاوە. بەڵام بەپێچەوانەی ئەمەی سەرەوە، لەناوچەیەکی پیشەسازیی (سەناعە)، شوێنی چاککردنەوەی ئۆتۆمۆبیلدا، ناونیشانی (پێشانگای باخچە) بۆ ناولێنانی دوکانێکی فیتەریی ئەو ناوچەیە گونجاو نییە. چونکە ناولێنانەکە، لەگەڵ ناوەرۆکی کارەکەدا یەکناگرێتەوە، هەروەها ناولێنانێکی وەک: (باخچەی ساوایانی پەپولە)، بۆ باخچەیەکی ساوایانی منداڵان گونجاوە. بەڵام ناوی (ئاسنگەریی پەپولە) بۆ ناولێنانی دوکانێکی ئاسنگەریی زۆر گونجاو نییە. هەروەها (خواردنگەی پەپولە)، ناوێکی زۆر گونجاونییە، بەپێی بواری بەکارهێنانەکەی. بەهەمان شێوە: ناولێنانی (شیرنەمەنی شیرین)، بۆ دوکانێکی فرۆشتنی شیرینی گونجاوە. چونکە ناونیشانەکە لەگەڵ جۆری کارەکەدا یەکدەگرێتەوە، بەڵام (دەرمانخانەی شیرین)، کە بە تەنیشتییەوەیەتی، زۆر گونجاو نییە، چونکە ناولێنانەکە لەگەڵ ناوەرۆک وجۆری کارەکەدا یەکناگرێتەوە، جگە لەوە لە یەکەم بینیندا، جۆرە لێڵییەک دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت، بۆی هەیە، بینەر وا تێبگات (دەرمانەکانی ناو ئەم دەرمانخانەیە شیرینن!)، یان بە مەبەستێکی تر لێکبدرێتەوە، کە ئەم دەرمانخانەیە بە ناوێکی تایبەتییەوە ناو نراوە، واتە: (شیرین) ناوی کەسێکە، لە لێکدانەوەی یەکەمدا، پێکهاتەی دەستەواژەکە، بەمجۆرەیە: (ناو + ناوبەند + ئاوەڵناو)، (دەرمان (ـ خانە) + ی + شیرین)، بەڵام لێکدانەوەی دووەمی دەستەواژەکە، بەمجۆرەیە: (ناو + ناوبەند + ناو)، (دەرمان (ـ خانە) + ی + شیرین (ناوێکی تایبەتی) .

ــ (پێشانگای ماڵەکەم) ــ تابۆی شوێکارێکی شاررای کۆیەیە، کە فەرش و ڕایەخی ناوماڵ دەفرۆشێت.

ـ ئەم ناولێنانە، تاڕادەیەکی باش گونجاوە، لەبەرئەوەی کەلوپەلو پێویستی ناو ماڵی تێدا دەفرۆشرێت و سەرنجی کڕیاریش ڕادەکێشێت، بە وشەی ماڵەکەم کە ناسراوی و جۆرێک خۆشەویستی بۆ ماڵ و ژیان تێدا دەردەکەوێت.

ـ (کۆمەڵگای پزیشکی سەلامەت) ـ تابلۆی کۆمەڵگایەکی پزیشکیی شاری هەولێرە، بەکارهێنانی وشەی (سەلامەت) لەگەڵ کاری پزیشکی گونجاوە، بەڵام پێویستە وشەی (پزیشکی) بە دوو (ی) بنوسرێت (کۆمەڵگای پزیشکیی سەلامەت) .

ـ جۆری ناوی ئاوەکان،وەک: (ئاوی کانی)، (ئاوی ژیان)، عەرەبییەکەی (الحیاة) ، ئینگلیزییەکەی(لایف)، گونجاون.

٢ ـ ٤ ـ ٢ ناوەکە کورت وپوخت بێت: واباشترە ناوی شوێنی کار، کورت و پوخت بێت، چونکە لەوانەیە، ناوەکە بچێتە ناو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە، یان بچێتە ناو پرۆفایلی خاوەنەکەیەوە، هەروەها بۆئەوەی لەبواری بانگەشەکردندا ئاسان بێ و لەبیرنەچێتەوە.بۆنموونە: (چاڤی لاند) (چاوی نیشتیمان ـ زەوی) ناوێکی خۆش و کورتە و بەئاسانیش گۆدەکرێت.

٢ ـ٤ ـ ٣ هەوڵ بدرێت ناوەکە وەسفی و وێنەیی بێت: واتە ناونیشانەکە بە ڕاستەوخۆیی باسی بابەت و شتەکە بکات. بەشێوەیەک، هەر کە ناوەکە دەبینی یەکسەر وێنای وێنای بابەت و شوێنەکەمان دێتە بەرچاو، بۆنموونە ناونیشانێکی وەک: (مارکێتی تابلۆ) بۆ شوێنێک، کە وێنە و تابلۆ و ئەوجۆرە شتانەی لێ بفرۆشرێت گونجاوە، چونکە بەهۆی ناو لێنانەکەوە وێنای بابەتەکەمان دێتە بەرچاو .

٢ ـ ٤ ـ ٤ پەیوەست نەبوون بە ناونیشانی کەسیی و تایبەتی: خاوەن کار و دوکانەکان، وا باشترە لە کاتی هەڵبژاردنی ناونیشاندا خۆیان پەیوەست نەکەن بە ناوی کەسیی، تایبەتی و ناونیشانێکی گشتی هەڵبژێرن، چونکە ئەمە بواری ناولێنانەکە چڕ وتەسک دەکاتەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەگەر بیانەوێت، نەتوانن فراوانی بکەن. هەروەها ناونانی شوێنی کار بەناوی خاوەنەکەی یان خێزانەکەی، لەوانەیە ببێتە کێشە یان ڕێگر بۆئەوەی بیفرۆشن، بۆنموونە:ئەگەر ناوی چێشتخانەیەک (تکە وکەبابی کۆیە) بێت، دواتر خاوەنەکەی بیەوێت فراوانی بکات وشلە وبرنجیش بفرۆشێت، ئەمە دەبێتە ڕێگر چونکە ناوەکە تۆماردەکرێت. دواتر گۆڕینی ئاسان نییە، هۆکارەکەی ئەوەیە : خەڵک سەرەتا کە دەست بە کارێک

دەکات، پەلە لە ناولێنانەکەیدا دەکات و بیر لەوە ناکاتەوە کە چۆن خۆی کۆت کردووە، هەر بۆیە لە دۆخێکی وەک ئەمەی سەرەوەدا، ناو لە شوێنەکە بنرێ (خواردنگە ی کۆیە) باشترە، چونکە هەموو جۆرە خواردنەکان دەگرێتەوە .

ـ (کەبابخانەی ئالان)، ناونیشانی تابلۆی دوکانێکی ناو شاری کۆیەیە، کە بەناوی کەسییەوە کراوە، ئەگەر خاوەنەکە بیەوێت بیفرۆشێت بە کەسێکی تر یان فراوانی بکات. لەوانەیە دوچاری دوبارە تۆمارکردن و گۆڕینی ناونیشان ببێتەوە.

٢ ـ ٤ ـ ٥ ناونیشانی دوکان یان شوێنی کارەکە لەگەڵ ناوەرۆک و جۆری کارەکە یەکبگرێتەوە: بۆ نمونە : ئەمەی خوارەوە ناونیشانی دوکانێکی شاری کۆیەیە، لەسەر تابلۆی دوکانەکە ناونیشانی (گص نۆش) نوسرابوو، کەچی دوکانەکە سەوزەفرۆش بوو.

وێنەی ژمارە ٦ : تابلۆی گص نۆش

٢ ـ ٤ ـ ٦ : هەندێك ناونیشان تارادەیەك نامۆن !

ـ (دەرمانخانەی لاکێش)، تابلۆی دەرمانخانەیەکی شاری هەولێرە.

٢ ـ ٤ ـ ٧ باشتر وایە ناوەکە لە رووی ڕێنووسەوە ڕوون بێ، بەیەک جۆر ڕێنووس بنوسرێت و دووربکەوینەوە لە هێڵی بەیەکگەیاندنی دوو وشە . (board-full)

٢ ـ ٤ ـ ٨ ڕەچاوکردنی ناولێنان بە زمانی کوردی :پێویستە لە هەڵبژاردنی ناونیشاندا ڕەچاوی بەکارهێنانی وشە و زاراوەی کوردی و پاراستنی فەرهەنگ و دەستوری زمانەکە بکرێت و بەبی هۆکار وشەی بیانی و زمانەکانی تر

بەکارنەهێنرێت، هەروەها ڕێسای دەنگسازیی و وشەسازیی و ڕێزمانی زمانی کوردی ڕەچاو بکرێت، هەروەها پێویستە هەوڵبدرێت بۆ دامەزراندنی دەزگایەکی پتەوی دروستکردن و سازکردنی زاراوەی کوردی، تاوەکو زمانی کوردی بکەینە زمانی زانست وبتوانێ شان بەشانی زانستی ئەمڕۆ هەنگاو بنێت و بتوانین ناوی کوردی لە بەرانبەر ناوە بیانییەکان بەکاربهێنین. گرنگی بە زمانی کوردی وەک بنەڕەتێک بۆ ئاسایشی نەتەوەیی بدرێت:

٢ـ ٤ ـ ٩ پەیڕەوکردنی پلانێکی زمانیی گشتگیر: لەم سەردەمەی ئێستادا هەرچەندە تا ڕادایەک سەربەخۆیین، بەڵام یەکێک لەو تەنگژانەی (لەبەردەم زمانی کوردی دایە، نەبوونی پلانێکی زمانی (Language Planningیە، پلانی زمان هەندێ بنەماو شەنگەستی هەیە، (زنجیرەیەک پەیوەستن بەیەکەوە، ئەو بنەمایانە هەنگاوبە هەنگاو پەیڕەو دەکرێن و باشترین چارەسەری زمانەوانین بۆ گەورەترین کێشەی سۆسیۆ سیاسی لە کۆمەڵگادا، بنەماکان ئەو پێنج قۆناغەن: هەڵبژاردنی زارێک لە زارەکانی زمانێکی نەتەوەیی، بەکۆدکردنی زمانەکە (زارەهەڵبژێردراوەکە)، پڕۆسەی دوان لەسەر هەمەلایەنەی زارەکە، جێبەجێکردنی بڕیاری ستانداربوونەکە، پەسەندکردنی خەڵک) (ناوخۆش: ٢٠١٠: ٦٧)، ((هەستی نەتەوایەتی و خۆشەویستی نیشتمان هۆکارێکی سەرەکی پلانسازیی زمانە، زۆربەی زۆری دەوڵەتە نەتەوەیی یەکان، لەسەر بناغەی زمانی نەتەوەیی دامەزراون)) (خۆشناو، کەریم : ٢٠١٧ : ١٥).

لە کۆتاییدا دەپرسین ئایا بەندی یاسایی لە کوردستانی باشوردا، سەبارەت بە پرۆسەی ناولێنان لە شوێنکار و شوێنە گشتییەکاندا، تا چەند کاری پێکراوە؟ پێویستە حکومەت لەم بوارەدا پلانی هەبێت، لەبەرئەوەی بەشێک لەو پاشا گەردانییەی کە ئێستا دوچاری زمانی کوردی بۆتەوە، نەبوونی پلانێکی زمانیی گشتگیر و بەهێزە، بەهۆی جیهانگیریی و شۆڕشە زانستییە یەک لە دوای یەکەکان، کە بەردەوام لە جیهانی ڕۆژئاوادا ڕوو دەدەن پێویستییە زمانییەکانی ئەم جیهانە بەسەر زمان و کۆمەڵگاکانی دیکەدا دەسەپێنێت، ئەم دۆخە بەزۆری لە ناونانی شوێنکاردا دەردەکەوێت. کاتێک دیاردەیەکی نوێ سەرهەڵدەدات، خاوەنکارەکان بەهەر هۆکارێک لە هۆکارەکان ناوی ئەو دیاردانە لە زمانە بیانییەکان وەردەگرن و لە ناولێنانی شوێنی کارەکانیاندا بەکاری دەهێنن، بۆیە پێویستە پلان هەبێت، دەقی یاسایی تایبەتمەند سەبارەت بە بەکارهێنانی زمانی بیانی لە تابلۆی ناولێنانی شوێنکارەوە بخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

٢ ـ ٥ گرفتی تابلۆکان :

ئەگەر تێبینی ناولێنانی تابلۆی شوێنکار بکەین، لە هەرێمی کوردستاندا بەگشتی، کێشە و گرفتی جۆراو جۆر بەرچاودەکەون، بەسەرنجدان لە تابلۆی شوێنکار و کۆمپانیا و شوێنە گشتییەکاندا، لێکۆڵەر تێبینی ئەوەی کردووە کە گرفتەکان لە چەند خاڵێکدا کورت دەکرێنەوە، لەگەڵ دەرخستنی گرفتەکان باسی چارەسەرەکەشیان دەکەین:

٢ ـ ٥ ـ ١ بەکارهێنانی ناونیشانی بیانی : ئەوەی جێگای سەرنجە، لە ئێستادا بەشێکی زۆری ناونیشانی تابلۆکانی باشوری کوردستان بە زمانی بیانین، کە گرنگە ئاوڕێک لەم لایەنە بدرێتەوە و لایەنی پەیوەنددار، هەوڵی چارەسەرکردنی بدات . لەبەرئەوەی کاتێک بە هەندێک شەقامدا گوزەر دەکەیت، یان سەرنج لە تابلۆی ناونیشانی هەندێ شوێن دەدەیت، واهەست ناکەیت لە کوردستانیت و بە زمانی کوردی ئاخاوتن دەکەیت، زۆربەی ناونیشانەکان، ئینگلیزی یان عەرەبی و تورکی یان زمانەکانی ترن، کە ئەمەش لەگەڵ ڕەوتی هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان و بە ستانداردکردنی زمانی کوردیدا یەکناگرێتەوە. هەتاوەکو وشەی کوردی هەبێت، نابێ وشەی زمانانی تر وەربگرین، چونکە زیان بە زمانەکەمان دەگەیەنێ و فەرهەنگەکەی پڕ دەبێ لە وشەی نامۆ و ناڕەسەن، بۆیە پێویستە یاسایەک بۆ چۆنیەتی نوسین و بەکارهێنانی وشەی بیانی دابندرێت چونکە (ئەمە مەترسییەکی گەورە و ترسناکە بۆ داهاتووی زمانی کوردی، کە تابلۆی بازاڕ و شوێن و دامەزراوە جیاجیاکانی کوردستان پڕکراوە لە وشە و زاراوەی بێگانە کە لەبەرکردن و وەرگرتنیان بۆ ڕۆشنبیر و خوێندەواریش زەحمەتە، ئەمجا چ جای بۆ نەخوێندەواری میللەتەکەمان) (شوانی : ٢٠١١ : ١١٩).

ـ هەندێکجار خاوەن کۆمپانیاکان، کاتێک کە لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان کارێک دەکەن، بۆئەوەی سەرنجی بیانیەکان بۆخۆی ڕابکێشێ، لەوانەیە ناوێکی بیانی نەک کوردی لە کۆمپانیاکەی بنێت، چونکە کاریگەری لەسەر کارەکەی هەیە و خاوەن کارە بیانییەکە ناوەکەی بەلاوە خۆشترە، بۆ نموونە خاوەن کۆمپانیاکە ناو لە کۆمپانیایەکەی دەنێت)) Lands capeواتە : (سروشتی لادێکان) .

لێرەدا چەند ناونیشانێک کە بە زمانەکانی بیانین، دەخەینە ڕوو:

ـ ناولێنانی عەرەبی:

وێنەی ژمارە ٧ : شركة مير العقارات

ـ (مطعم جبل عقرة)، تابلۆی چێشتخانەیەکی شاری ئاکرێ ـ تاقگەی سپییە، بەزمانی عەرەبییە.

ـ (رشاقه و لەش جوانی جوانیتا)، تابلۆی شوێنێکی وەرزشی شاری کۆیەیە، ئەم نموونەیە جۆرە تێکەڵیەکە: لەنێوان زمانی عەرەبی و کوردیدا.

ـ (مختبر ئاریۆ)، ناوی تاقیگەیەکی شاری هەولێرە ،دەتوانرا ناوی لێبنرێت (تاقیگەی ئاریۆ)

ـ (ملائكة الرحمة) ، ناوی شوێنکارێکی شاری هەولێرە.

ـــ هەندێ ناونیشان هەیە ، عەرەبی و کوردی تێکەڵە، لە ڕووی ڕێنووسیشەوە، بە کوردی دەنوسرێت، وەک: (کۆگای ملاعیبی کانێسکان) ـــ سلێمانی . (ئەم نموونەیە، جۆرە تێکەڵیەکە، لەنێوان زمانی کوردی و عەرەبیدا، وشەکانی (کۆگا،کانێسکان) کوردییە، وشەی (ملاعی) عەرەبییە).

ـ (مطعم نهاد)، تابلۆی چێشتخانەیەکی شاری کۆیەیە، بە زمانی عەرەبییە.

ـــ (الخطاط سەرکار)، تابلۆی دوکانێکی شاری هەولێرە. جۆرە تێکەڵییەک، لەنێوان زمانی کوردی و عەرەبیدا، دەبینرێت. لە سەرەوە نوسراوە (الخطاط سەرکار)، وشەی (الخطاط) عەرەبییە، بەڵام (سەرکار) کوردییە، بە ڕێنووسی کوردیش نوسراوە، بەڵام لە مینای دوکانەکە سەرتا بە کوردی نوسراوە (خۆشنووس)، دواتر بە زمانی عەرەبی نوسراوە(الخطاط سرکار)، وشەی (سرکار) لە جاری دووەمدا، بە ڕێنووسی عەرەبی نوسراوە.

ـ (مجمع الطبی البزاز ـ کۆمەڵگای پزیشکی)، تابلۆی کۆمەڵگایەکی پزیشکییە، سەرەتا بە عەرەبی، دواتر بە زمانی کوردی نوسراوە، هەندێک لە تابلۆکان، بەتێکەڵی لەنێوان زمانی عەرەبی و کوردیدا، دەنوسرێن.

ـ (صفا مۆڵ)، ناوی مۆڵێکی شاری کۆیەیە، ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم تابلۆیە، دەستەواژەی (صفا مۆڵ)، وشەی (صفا) عەرەبییە، بە ڕێنووسی عەرەبیش نوسراوە، بەڵام وشەی (مۆڵ) لە بنچینەدا ئینگلیزییە، بە ڕێنووسی کوردی نوسراوە.

ـ ناولێنانی ئینگلیزی :

ـ ژمارەیەکی زۆر تابلۆ لە هەرێمی کوردستاندا بە زمانی ئینگلیزی ناونراون، ئێمە تەنیا سەرنجمان لە شەقامێکی شاری کۆیە دا،تێبینی ئەوەمان کرد، ناوی زۆربەی تابلۆی دوکان و شوێنکارەکان، بە زمانی ئینگلیزی یان زمانە بیانییەکانی ترن، ئەمە سەبارەت بە شارەکانی تری هەرێمیش هەمان شتە، ئێمە لێرەداەبەر زۆری ژمارەی تابلۆکان، تەنیا یەک وێنە دەخەینە ڕوو، چەند تابلۆیەکیش تەنیا بە نووسین، باس دەکەین:

وێنەی ژمارە ٨ : Dé cor Land ـ سلێمانی.

ـ ((FASHION، تابلۆی دوکانێکی شاری هەولێرە.

ـ ((Women s Secret، تابلۆی شوێنکارێکی شاری هەولێرە.

ـ ((SHOP FASHION، تابلۆی شوێنکارێکی شاری هەولێرە.

ـ ((FLORMAE، تابلۆی شوێنکارێکی ناو شاری هەولێرە.
ـ ((Nutella Home، تابلۆی شوێنکارێکی شاری هەولێرە.
ـ (٤ (YOU، تابلۆی شوێنکارێکی شاری هەولێرە.
ـ (کافتریای(Pop، تابلۆی کافتریایەکی شاری هەولێرە.
ـ (شیرنەمەنی مەڵتی فروتی)، تابلۆی شوێنکارێکی شاری هەولێرە، وشەی (شیرنەمەنی)، کوردییە، وشەی (مەڵتی فروتی) لە ئینگلیزییە. واتە: لەم ناونیشانەدا، زمانی کوردی و ئینگلیزی تێکەڵکراوە.
ـ (هوم کینگ زیبرا پەردە)، تابلۆی شوێنکارێکی پەردە فرۆشیی، شاری هەولێرە. لەم ناولێنانەدا، (هوم کینگ، زیبرا) ئینگلیزییە، وشەی (پەردە) ش کوردییە، لە دەستەواژەی (زیبرا پەردە) دا، دیارخەر پێش دیارخەر خراوە، کە دەبوایە بەمجۆرە بێت: (پەردەی زیبرا)ـ (دیارخراو(ناو) +ی + (دیارخەر).
ـ ((KAVIN GROUP، تابلۆی شوێنکارێکی شاری دۆهۆکە.
ـ (سەرتراشخانا (KINGـ تابلۆی سەرتاشخانەیەکی شاری دهۆکە.
ـ ((GUVEN COMPANY، تابلۆی کۆمپانیایەکی شاری ئاکرێیە.
ـ ((D SHOP FASHION، تابلۆی فرۆشگایەکی جلوبەرگ فرۆشیی شاری ڕانیەیە .
ـ) (Freestyle، تابلۆی شوێنکارێکی شاری ڕانیەیە .
ـ ((BRZ Electronics، تابلۆی شوێنکارێکی شاری سلێمانی.
ـ (استنساخ فۆتۆکۆپی ـ سەنتەری زنار)، تابۆی شوێنکارێکە، بە تێکەڵی نووسراوە، سەرەتا عەرەبییە ، دواتر هەردوو وشەی (فۆتۆکۆپی)، (سەنتەر)، لە بنچینەدا ئینگلیزین .
ـ جگە لەمانەی پێشوو، هەندێک ناونیشان هەیە، تەنیا بە یەک زمانی بیانی نانووسرێت، بەڵکو چەند زمانێک تێکەڵ دەکرێت، وەک : ئینگلیزی و تورکی و عەرەبی و فارسی .. هتد، بۆنموونە:
ـ (کۆمپانیای شەهربام عایق)، تابلۆی کۆمپانیایەکی شاری سلێمانییە.
ـ (مەسبەح تودەی) تابلۆی مەلەوانگەیەکی شاری سلێمانییە. (مەسبەح) عەرەبییە، (تودەی) ئینگلیزییە.
ـ (پاشا دۆڕ)، تابلۆی شوێنکارێکی شاری سلێمانییە. (پاشا) کوردییە، (دۆڕ) ئینگلیزییە.

ـ لەم توێژینەوەیەدا، سەرنجمان تەنیا لە یەک شەقامی ناو بازاڕی شاری کۆیە دا، تیبینیمان کرد، کە زۆربەی تابلۆی شوێنکارەکان، بە زمانی ئینگلیزی و بیانین،وەک :

ـ ((ITALIAN PIZZAـ تابلۆی خواردنگەیەکی شاری کۆیەیە.

ـ ((KARINA MODAـ تابلۆی شوێنکارێکی جلوبەرگ فرۆشتنی شاری کۆیەیە .

ـ Beautiful(Beauty Salon)، تابلۆی شوێنکارێکی جوانکاریی شاری کۆیەیە .

ـ (Cosmetic Koya، تابلۆی شوێنکارێکی جوانکاریی شاری کۆیەیە.

ـ ((VALETINE CAFÉ، تابلۆی کافێیەکی شاری کۆیەیە .

ـ ((HOLLAND Cafe، تابلۆی کافێیەکی شاری کۆیەیە.

ـ ((FAMILY SHOPPIN، تابلۆی چەند کۆگایەکی شاری کۆیەیە .

ـ ((NECHER FASHION، تابلۆی جلوبەرگ فرۆشێکی شاری کۆیەیە.

ـ ((BARBER SHOP، تابلۆی سەرتاشخانەیەکی شاری کۆیەیە.

ـ ((BARBER STYLE ZERAKـ تابلۆی سەرتاشخانەیەکی شاری کۆیەیە.

ـ ((ZAGROS MOBILEـ ـ تابلۆی مۆبایل فرۆشێکی شاری کۆیەیە.

ـ ((REKAN PHONـ تابلۆی مۆبایل فرۆشێکی شاری کۆیەیە.

ـ ((HAMA PHONـ تابلۆی مۆبایل فرۆشێکی شاری کۆیەیە.

ـ ((HOZ PHONEـ تابلۆی مۆبایل فرۆشێکی شاری کۆیەیە.

ـ ((BAREZ PHONE ـ تابلۆی مۆبایل فرۆشێکی شاری کۆیەیە.

ـ ((EZERAK BARBER STYLـ تابلۆی سەرتاشخانەیەکی شاری کۆیەیە.

ـ ((REKAN BUTIKـ تابلۆی دوکانێکی شاری کۆیەیە.

ـ (تیم مارت سوپەر مارکێت)، تابلۆی شوێنکارێکی شاری کۆیەیە.

ـ (گۆڵدن مۆڵ)، تابلۆی مۆڵێکی شاری کۆیەیە .

ـ (شوێنی ئێڤری گرین) ـ تابلۆی شوێنکارێکی کشتوکاڵیی شاری کۆیەیە، بە ڕێنووسی کوردی نوسراوە، شەی (شوێن)، کوردییە، وشەی(ئێڤری گرین)، بیانییە.

ـ هەندێ لە تابلۆکان، بە تێکەڵی بە زمانی کوردی و ئینگلیزی نووسراون:
ـ (شوێنی چێلسی (Chelsea Place، تابلۆی دوکانێکی شاری کۆیەیە.
ـ (شوێنی ئێڤری گرین) تابلۆی دوکانێکی شاری کۆیەیە .
ـ (خواردنگەی ڤایلاند) ـ تابلۆی خواردنگەیەکی شاری کۆیەیە .
ـ (صفا مۆڵ)، تابلۆی مۆڵێکی شاری کۆیەیە،بە تێکەڵی نووسراوە، وشەی (صفا)، عەرەبییە، وشەی (مۆڵ) ئینگلیزییە، واتە: هەندێ لە تابلۆکان، بەشی یەکەمیان وشەیەکی عەرەبییە، بەشی دووەمیان ئینگلیزییە، یان بەپێچەوانەوە.

٢ـ ٥ ـ ٢: وەرگێڕانی وشە بە وشە: ئاریشەیەکی تر لە ناولێنانی تابلۆی شوێنکار و شوێنە گشتییەکاندا، وەرگێڕانی وشە بە وشەی زمانەکانی ترە بۆ زمانی کوردی، ((وەرگێڕان بریتییە لە دۆزینەوەی نزیکترین هاوتا بە ئەو زمانە کە وەرگێڕانی پێ دەکرێ،لەپێشدا لەباری واتاو پاشان لەباری دارشتنی شێوازەوە))(مستەفا، پەروین عوسمان، ٢٠٠٩: ١٨) ، وەرگێڕ دەبێ لە وەرگێڕانی وشە بە وشە کە هەم زیان بە ناوەڕۆکی دەقە ئەسڵییەکە دەگەیەنێ و هەم جوانی دەربڕین دەشێوێنێ، خۆی بپارێزێت، وەرگێڕ وشەکان بە جۆرێک هەڵبژێرێ و ڕێک بخات ، هەموو لایەن و ڕاوێژی دەقە ئەسڵییەکە لە وەرگێڕانەکە دا پارێزراو بێت (چەند نووسەرێک ،٢٠٠٥ :١٩)، ((لە پڕۆسەی گواستنەوەدا هەندێک بەربەست و کۆمەڵە لەمپەرێک کاریگەرییان لەسەر شێوازی وەرگێڕ دەبێ ، ئەمەش لەگەڵ بەکارهێنانی هەندێ زاراوەی هێماناسیدا ،دەشێت ئەم زاراوانە لە هەردوو فەرهەنگی زمانی سەرچاوە و زمانی ئامانجدا وەک پێویست یەکسان نەبن)) (پەروین عوسمان مستەفا ، واتاو وەرگێڕان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، ٢٠٠٩ ، ٣٣) ئەگەر سەرنجی تابلۆکانی هەرێمی کوردستان بە گشتی بدەین، درک بەوە دەکەین ، کە بەشێکی زۆریان ڕاستەوخۆ و وشە بە وشە لە زمانەکانی تری وەک عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی و تورکی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراون کە ئەمەش لە ئاستی واتا و ڕێزماندا دەبێتە گرفت و لەگەڵ سەلیقەی زمانی کوردیدا ناگونجێت ، بۆ نموونە :

ــ (جیهانی گۆشت) ـــ ارجان قصاب ــ عالم اللحوم ارجان قصاب)

ئەم تابلۆیە،(جیهانی گۆشت ارجان قصاب ــ عالم اللحوم ارجان قصاب) ، بەشەکوردییەکە (جیهانی گۆشت ارجان قصاب) وەرگێڕانێکی وشە بە وشەی عەرەبییەکەیە(عالم اللحوم ارجان قصاب) ، لە ڕووی ڕێنووسەوە تەنیا (جیهانی گۆشت) بە زمانی کوردی نوسراوە (ارجان قصاب) بە عەرەبی نوسراوە، کە دەبوو هەردوویەشەکە بە ڕێنووسی کوردی بنوسرێت ، جگە لەمە مۆرفیمی (ی) ئامرازی خستنەسەر نەنووسراوە، لە ڕووی ڕێنووسەوە ، دەبوایە بەم شێوەیە بنوسرێت (جیهانی گۆشتی ئەرجان قەساب) .

٢ ــ ٥ ــ ٣ گرفتی واتایی و فەرهەنگیی: ئەوەی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا تێبینیمان کردووە، سەبارەت بە کێشەی ناولێنان لە شوێنکاردا، ئەگەر چی لە زمانی کوردیدا بە پێی تایبەتمەندی خۆی زۆر ڕێگای بۆ دروستکردن و داڕشتنی وشە و زاراوە هەیە، بەڵام لە تابلۆکانی ناولێنراندا زیاتر ڕێبازی وەرگرتن و وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ سەرنج ڕادەکێشن، چەند وشە و زاراوەیەکی بیانی لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و بازرگانی و زانست و هۆکاری دیکەوە کەوتونەتە ناو زمانی کوردییەوە، کاریگەری لەسەر پرۆسەی ناولێنراندا هەیە، وەک وشەکانی (سوپەر، فریش، مۆڵ ...هتد) زۆربەی نوسراوی سەر تابلۆی شوێنکارەکان، ڕەچاوی دەستوری ڕێزمانی کوردی تێدا نەکراوە، لە ڕووی فەرهەنگەوە هەوڵ نەدراوە وشەی کوردی ڕەسەن لە شوێنی وشەی بیانی و نامۆدا بەکاربهێندرێت، هەندێکجار، خاوەنکار تەنیا بە مەبەستی سەرنج ڕاکێشانی کڕیار ناوێک هەڵدەبژێرێت، کە نامۆ دەردەکەوێت، بۆ نموونە ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم ناونیشانەی خوارەوە:

ـ (قەیران نەمایە)، تابلۆی خواردنگەیەکی شاری دهۆکە.

ــ ئەمەی خوارەوە ناونیشانی خواردنگەیەکی شاری دهۆکە، بە مەبەستی سەرنج ڕاکێشانی کڕیار ، بنەمای دروستی بەزاندووە، چونکە لە ڕاستیدا ، قەیران هەر ماوە و تەواو نەبووە:

٢ ـ ٥ ــ ٤ : پێش و پاش خستنی ڕیزبوونی کەرەسەکان: لەهەندێک ناونیشاندا، پێش وپاش خستنی کەرەسەکانی ڕستە،بەهۆکاری وەرگێڕانی وشەبەوشەیی، یان هۆکاری تڕەوە بێت، دەبینرێت.بۆنموونە: (زیو سەعاتی ئاسۆ)، ناونیشانی دوکانێکی ناو بازاڕی شاری سلێمانیی شەقامی

مەولەوییە،کەرەستەکانی ڕستەکە پێش وپاش خراون، کورد بەم شێوەیە ئاخاوتن ناکات، ڕاستییەکەی بەمجۆرەیە: (سەعاتی زیویی ئاسۆ)، (سەعات) دیارخراوە،(زیویی) دیارخەرە،(ئاسۆ) خاوەنی فرۆشگاکەیە.

٢ ــ ٥ ــ ٥ : هەڵەی ڕێزمانیی و واتایی: لە ژمارەیەکی زۆری تابلۆی شوێنکار و شوێنە گشتییەکاندا، هەڵەی ڕێزمانی و واتایی دەبیندرێت، کە پێویستە لایەنی پەیوەنددار،بە دواداچوونی بۆ بکات و بەهەندیان وەربگرێت و بایەخیان پێ بدات، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین،کە (هەڵەی ڕێزمانی تەنیا لە ئاستی ڕێزمان و ڕێنووسدایە و کاریگەری لەسەر واتای بیرە دەربڕاوەکە نییە وەک:(بیرەدەربڕراوەکە ــ بیرەدەربڕاوەکە).مۆرفیمی (ر)،مۆرفیمی نادیاریی لەڕستەی بکەرنادیاردا ئەرکێکی ڕێزمانی هەیە،نوسین و نەنوسینی،لێرەدا،کار لە واتا ناکات و گرفتی تێگەیشتن ناهێنێتە ئاراوەبەڵام هەڵەی واتایی،جگە لەئاستی ڕێزمان ،هەژموون و کاریگەری دەپەڕێتەوە بۆ ئاستی واتا وگرفتی واتایی دروست دەکات،کە زۆر جار کێشەی کۆمەڵایەتیش بەدوای خۆیدا دەهێنێت)(شەمس:٢٠١٧،١٤٢)، ئێمە لێرەدا چەند نموونەیەک دەخەینە بەرچاو:

ـ (مارکت زیتون بازار)، تابلۆی مارکێتێکی شاری هەولێرە.

ناونیشانێکی تێکەڵە، هەڵەی ڕێزمانی و ڕێنووسی تێدایە، کاتێک سەیری دەکەیت وا هەست ناکەیت، کە ئەمە زمانی کوردی بێت . وشەی (مارکت) بە هەڵە نووسراوە(مارکێت)، (ی) ئامرازی خستنەسەر دوای وشەی مارکێت نەنووسراوە (مارکێت)+(ی)، وشەی (زیتون) بەکوردی نە نووسراوە (زەیتون).

(مارکێتی زەیتون) ــــ (مارکێت) ـ دیارخراوە، (ی) ئامرازی خستنەسەرە، (زەیتون) دیارخەرە، لەبەرئەوەی وشەی (مارکێت) لەسەرەتادا هەیە،پێویست ناکات وشەی (بازاڕ) دووبارە بنوسرێتەوە، یان هەردەبوایە لە سەرەتادا وشە کوردییەکە (بازاڕ) بنووسرابایە. (مارکێتی زەیتون) یان (بازاڕی زەیتون).

هەڵەی ڕێنووس :

ئەگەر تێبینی ڕێنووسی تابلۆ و ناونیشانی شوێنکار لە هەڕێمی کوردستاندا بەگشتی بکەین، بە شێوەیەکی گشتی هەڵەی جۆراوجۆر بەرچاو دەکەوێت، وەک: نەنوسینی پیتی (ی)، لە ئەرکەکانی ئامرازی خستنەسەر یان بەستن و ناوبەندو...هتد. ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، چەند نموونەیەک دەخەینە ڕوو:

وێنەی ژمارە ٩ : سەمونخانەی حەجەری کاردۆ ـ شاری کۆیە.

ـ لەم نموونەیەدا، وشەی (حەجەری) بە (ی) کۆتایی دێت، بۆیە پێویستە (ی) ئامرازی پەیوەندی بنوسرێت، واتە: ڕاستیەکەی بەمجۆرەیە: (سەمونخانەی حەجەریی کاردۆ) .

ـ (کولێرە بە ڕۆنی ئاسۆ)، تابلۆی نانەواخانەیەکی شاری سلێمانییە.

ـ لەم نموونەیەدا، پێویستە، (ی) ناوبەند بنوسرێت،چونکە هەڵەی ڕێنووس زۆرجار، هەڵەی واتاییش بەدوایخۆیدا دەهێنێت، لەبەرئەوەی لەیەکەم تێڕوانیندا، وا دەردەکەوێت: کە ئەمە کولێرەیەک بێت و بە ڕۆنی ئاسۆ بکرێت، بەڵام مەبەست لە تابلۆی ئەم ناونیشانە، ئەوەیە، کە ئەم کولێرە بەڕۆنە، خاوەنەکەی ئاسۆیە، بۆیە ڕاستییەکەی بەمجۆرەیە: (کولێرە بە ڕۆنیی ئاسۆ) .

ـ (یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان)، تابلۆی ڕێکخراوێکی شاری کۆیەیە.

ـ ئەم نموونەیە، پێویستە بەمجۆرە بنوسرێت: (یەکێتی لاوانی دیموکراتیی کوردستان) .

ـ (سەمونخانەی بەردی فارس) تابلۆی سەمونخانەیەکی شاری هەولێرە.

لەم نموونەیەدا، وشەی (بەردی) بە (ی) کۆتایی دێت، بۆیە پێویستە (ی) ئامرازی پەیوەندی بنوسرێت. وشەکە بەم جۆرە پێکهاتووە: ناوی بەرجەستە (بەرد) + (ی) ـــ (بەردی) ناوی واتایی.

(سەمونخانە) + (ی) + (بەردی) + (ی) + (فارس) ـــــــ (سەمونخانەی بەردیی فارس).

ــ (سەنتەری پێوانەکردنی چڕی ئێسک ــ سلێمانی)، تابلۆی سەنتەرێکی پزیشکیی شاری سلێمانییە.

لەم نموونەیەدا، وشەی (چڕی) بە (ی) کۆتایی دێت، بۆیە پێویستە (ی) ئامرازی پەیوەندی بنوسرێت. وشەکە بەم جۆرە پێکهاتووە:

ڕادە (چڕ) + (ی) ـــ (چڕی) ناوی واتایی. لە دەستەواژەی(چڕی ئێسک) دا، مۆرفیمی خستنە پاڵی (ی) نەنووسراوە.

(سەنتەر) + (ی)+ (پێوانەکردن) +(ی)+ (چڕ)+ (ی) +(ئێسک) ____ سەنتەری پێوانەکردنی چڕیی ئێسک

ــ (کۆمەڵگەی پزیشکی کۆماس)، تابلۆی کۆمەڵگەیەکی پزیشکیی شاری کۆیەیە.

ــ وەک نموونەی پێشوو، وشەی پزیشکی بە (ی) کۆتایی دێت،پێویستە (ی) ئامرازی پەیوەندی بنوسرێت ، واتە ڕاستیەکەی بەمجۆرەیە:

(کۆمەڵگەی پزیشکیی کۆماس) .

ــ لەم نموونەیەدا، (تاقیگەی سەلیم ــ بۆ شیکاری نەخۆشیەکان)، وشەی (نەخۆشی) کە ناوێکی واتاییە، بە (ی) کۆتایی هاتووە، پێویستە (ی) ناوبەند، بنوسرێت:

نەخۆشی (ی) + (ی) + (هکە) + (ان) ـــــــ نەخۆشییەکان .

ـ پێویستە هم جۆرە بنوسرێت :(تاقیگەی سەلیم بۆ شیکاری نەخۆشییەکان) .

ــ (تاقیگەی کۆماس بۆ شیکاری نەخۆشیەکان)، تابلۆی تاقیگەیەکی شاری کۆیەیە.

ـ بەهەمان شێوەی نموونەی پێشوو، پێویستە وشەی (نەخۆشیەکان) بە دوو (ی) بنوسرێت، بەمجۆرە: (تاقیگەی کۆماس بۆ شیکاری نەخۆشییەکان) .

ـ (چاویلکە سازی کلاسیک)، تابلۆی شوێنکارێکی شاری کۆیەیە.

ـ لەم نموونەیەدا، وشەی ناسادەی (چاویلکەسازی)، پێویستە بەسەریەکەوە بنوسرێت،لەبەرئەوەی یەک وشەیە، هەروەها وشەی(سازی) بە (ی) کۆتایی هاتووە، پێویستە (ی) ئامرازی پەیوەندی بنوسرێت،(چاویلکە) +(سازی) +(ی) +(کلاسیک)، واتە: بەم شێوەیە بنوسرێت: (چاویلکەسازیی کلاسیک) .

ـ (سەمونخانەی هەولێر دێرین)، تابلۆی سەمونخانەیەکی شاری هەولێرە.

لـــەم نموونەیـــەدا، (ی) ئـــامرازی خســـتنە ســـەر دوای وشـــەی (هـــەولێر) نەنووسراوە:(سەمونخانە) +(ی) +(هەولێر) +(ی) +(دێرین)، واتە دەبێت بەمجۆرە بنوسرێت: (سەمونخانەی هەولێری دێرین).

ـ (غەسلی دەستی ڕەهەند)، تابلۆی شوێنکارێکی شاری سلێمانییە.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەم جۆرە هەڵانە لە ڕێنووسدا، هەڵەی وتاییش بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەگەر بڕوانینە ئەم نموونەیە: (غەسلی دەستی ڕەهەند)، لە ڕووی واتاییەوە وا دەردەکەوێت، کە ئەم غەسلە هی دەستی (ڕەهەند) بێت، نەک غەسلێکی دەستیی بێت و خاوەنەکەی (ڕەهەند) بێت، هەروەها وشەی (غەسل) لە بنچینەدا لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە،دەکرا لە جێگای ئەم وشەیە (شوشتنگە) بەکاربهێندرێت.

لەم ناولێنانەدا، وشەی (دەستی)، بە (ی) کۆتایی دێت، پێویستە (ی) ئامرازی پەیوەندی بنوسرێت: (غەسل) + (ی) +(دەستی) +(ی) + (ڕەهەند) ـــــ غەسلی دەستیی ڕەهەند.

واتە: ببێتە (غەسلی دەستیی ڕەهەند)، لەبەر ئەوەی، لەم دەربڕینەدا، وشەی (دەستی)، ناوێکی واتاییە، بەمجۆرە دروستبووە:

ناوی بەرجەستە + مۆرفیمی (ی): (دەست) + (ی) ـــــ دەستی، جگە لەمە دەکرێت، لەشوێنی (غەسل)، وشەی (شوشتنگە) بەکاربهێندرێت.

ـ هەندێ ناونیشان هەیە، لە ڕووی ڕێنووسەوە وشەکان بە هەڵە دەنوسرێن. ئەگەر سەیری ئەم ناونیشانە بکەین(مالی بووچوک)، سێ زمان تێکەڵ کراوە، تورکی و عەرەبی و کوردی، سەرەڕای ئەوەش وشەناسادە کوردییەکە (مالی بووچوک) لە ڕووی ڕێنووسەوە هەڵەیە، وشەی (مالّ) نووسراوە(مال)،هەروەها پێویستە بنوسرێت(بچوک)، نەک (بووچوک)، وا گونجاوتربوو، بەزمانی کوردی بنوسرێت: (چێشتخانەی مالّی بچووک) .

ـ (بازاری هەڵوی شار)، تابلۆی بازاڕێکی شاری هەولێرە، پێویستە بکرێتە: بازاڕی هەڵۆی شار.

ـ (دکتور یارا قادر حمد)، تابلۆی نۆڕینگەیەکی پزیشکیی، شاری کۆیەیە.

ـ لە ناولێنانی ئەم تابلۆیەدا، ئەگەر بڕوانینە وشەی (دکتور)، تێبینی ئەوە دەکەین، کە قسەپێکەرانی زمانی کوردی، نالّێن (دکتور)، بەڵکو دەڵێن (دکتۆر)، واتە: لە ڕووی ڕێنووسەوە، دەبوایە بنوسرایە (دکتۆر)، نەوەک (دکتور) .

ـــ (هـۆڵی چالاکیـەکانی ڕێکخـراوی گەشـەی لاوانـی کوردسـتان)، تـابلۆی ڕێکخراوێکی شاری کۆیەیە.

لەم ناولێنانـدا، وشـەی (چالاکیـەکان)، لـە ڕووی ڕێنووسـەوە پێویسـتە بـە دوو (ی) بنوسرێت، بەمجۆرە: (هۆڵی چالاکییەکانی ڕێکخراوی لاوانی کوردستان).

لـە کۆتـایی ئـەم بەشـەدا، بۆمـان ڕوون بـۆوە، کـە یـەکێک لـە هۆکارەکـانی ناولێنانی نادروستی شوێنکار، ئەوەیە کە حکومەتەکەمان فەلسـەفەیەکی سیاسـی بـۆ زمـانی کـوردی نییـە، ئێمـە کـوردین و لـە کوردسـتان دەژیـن و زمانەکـەمان کوردییە، کەچی کەمینەن ئەوانەی خەمخۆری زمانی کوردین و ڕێزی لێ دەگرن. پێویسـتە: لـە کوردسـتاندا هـەوڵی دروسـتبوونی زمـانی سـتاندارد بـدرێت ولـە نووسـینی هێمـا و تـابلۆی شـوێنکار و کۆمپانیاکانیشـدا پـەیڕەو بکرێـت، زمـان بنەمایەکی سەرەکی نەتەوەیە، بۆیە دەبـێ پارێزگـاری لـێ بکـەین و ڕێگـە نـەدەین دووچـاری ئـاڵۆزی و تێکچـوون بێـت و وشـە و دەسـتەواژەی نـامۆ، ڕایەڵـە سەرەکییەکانی بشێوێنن. زەمینەیەک سـاز بکرێـت بـۆ ئـەوەی دەسـتوری گونجـاو لە ناولێنانـدا پـەیڕەو بکرێـت، ئێمـە تـاوەکو ئێسـتا خـاوەنی دەوڵـەتی کـوردی نـین، بۆیە نابێت زمانی کوردی فەرامۆش بکەین، هەروەها نابێت ڕێگە بـدەین، کـە بـێ سـەروبەری لـە ناونیشـانی شـوێنکار وکۆمپانیـا و شـوێنە گشـتی و تایبەتییەکانـدا هەبێت، بەرادەیەک ببێتە هۆی تێکچوونی سەلیقەی زمانی کوردی. تابلۆکانی نـاو بازاڕ و شوێنە گشتییەکان چاوی خڵکیان بەسـەرەوەیە، بۆیە بـوونی هەڵـە و کـەم وکـورتی لـە ڕووی دەسـتوری زمـان و ڕێنووسـەوە کاریگـەری لەسـەر زمـان و نەتـەوەی کـورد دەبێـت، لـەم ڕووەوە، پێویسـتمان بـە هـزر و سیسـتەمێکی دامـەزراوەیی لـە بـواری ناولێنانـدا هەیـە، پێویسـتە ئـەم بابەتـە بخرێتـە نـاو پرۆژەیاسـای دەسـتورەوە و کـاری لەسـەر بکرێت، تـاوەکو دوچـاری کاریگـەری خراپ نـەبین، دەسـەلاتی سیاسـی بیر لەچارەسـەری گرفتـی ناولێنـان بکاتـە وە و بیخاتە بەرنامەی کارەوە .بۆ ئـەم مەبەسـتەش تـیم و گروپـی تایبـەت دابنرێت و بەدواداچوون بکرێت، هەروەها چەند ناوەندێک بـۆ وەرگێڕان و زاراوەسـازکردن و فەرهەنگ لە کوردستاندا هـەبێت، لەوبـەش و فاکەڵتیانەشـدا پشـکیان هـەبێ، کـە پەیوەستن بەم بوارەوە.

ئەنجامەکان :

لەکۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، گەیشتینە چەند ئەنجامێک :

١ ــ بەشێکی زۆری تابلۆکانی شوێنکار لە هەرێمی کوردستاندا، ڕەچاوی دەستووری بەکارهێنانی زمانی کوردییان وەک زمانی نەتەوەیی و زمانی دایک تێدا نەکراوە، ژمارەیەکی زۆری تابلۆکان بە زمانی بیانی نوسراون، بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی و عەرەبی، کە پێویستە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت و دوبارە چاک بکرێنەوە، هەروەها خاوەن کار، پتر بەمەبەستی ڕاکێشانی کڕیارەکان ناولێنان ساز دەکەن، نەک پاراستنی دەستوور و ڕێسای زمانی کوردی، گرنگی بە شێواز و جۆری ناولێنانی دروست نادەن.

٢ ـ حکومەتی هەرێم تاوەکو ئێستا وەک پێویست ئاوڕی لەم لایەنە نەداوەتەو بە جدی هەوڵ بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەی ناولێنانی شوێنکار نەکراوە، هەڵەی ڕێنووس لە ناولێنانی تابلۆکاندا یەکجار زۆرە کە پێویستە دووبارە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت و هەوڵی ڕاستکردنەوەیان بدرێت.

سەرچاوەکان :

بە زمانی کوردی :

١ ــ حاجی مارف، ئەورەحمان (١٩٧٥) وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا.

٢ ــ حەمە ئەمین، خۆشناو عەزیز، کەریم، عومەر محمود (٢٠١٧)، کورد و پلانسازیی زمان، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٤٢)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر .

٣ ــ دزەیی، عەبدولواحید موشیر(٢٠١٤)، زمانەوانیی دەروونی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٤ ـ شەمس، هێمن عەبدولحەمید(٢٠٠٦)، شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆیە .

٥ ـ شەمس، هێمن عەبدولحەمید (٢٠١٧)، ڕێنووسی تابلۆکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی ڕێنماییەکانی ئەکادیمیای کوردی(تابلۆ فەرمییەکانی قەزای کۆیە بە نموونە)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین.

٦ ــ شوانی، ڕەفیق (٢٠١١)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٧ ــ عەبدول، جەمال (٢٠٠٨) بەرکولێکی زاراوەسازیی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی خانی، هەولێر.

٨ ـــ عەبدولڕەحیم، عوسمان کەریم (٢٠١٤)، وشەی زمانی کوردی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی، نامەی ماستەر،زانکۆی سلێمانی.

٩ ـ فتاح ،محمد معروف (١٩٩٠)، زمانەوانی، دار الحکمة ، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٠ ـ مستەفا، پەروین عوسمان (٢٠٠٩)، واتاو وەرگێڕان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١١ــ ناوخۆش، سەلام(٢٠١٠) ، ستاندەربوونی زمانی کوردی لەنێوان زمانی سیاسەت و سیاسەتی زمان،چاپی یەکەم، هەولێر،

١٢ ــ نۆردنستام، کریستین، خورشید، غازی عەلی (٢٠٠٩)، زمان لە ڕوانگەی ڕەگەزەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی .

بە زمانی عەرەبی :

١ ـ استیتیة ، سمیر شریف (٢٠٠٨)، اللسانیات المجال، والوظیفة و المنهج، الطبعة الثانیة عالم الکتب الحدیث، عمان الاردن.

٢ ـ افیتیش، میلکا، الترجمة:مصلوح، سعد عبدالعزیز، فاید، وفاو کامل (١٩٩٦) اتجاهات البحث اللسانی، طبع بالهیئة العامة لشؤن المطابع الامیریة.

٢ _ اسماعیل، طالب محمد، مقدمة لدراسة علم الدلالة (فی ضوو التطبیق القرانی و النص الشعری)، الطبعة الاولی، دارکنوزالمعرفة العلمیة ،٢٠١٠ .

٣ ـ البوطیی، محمد توفیق رمضان (٢٠٠٥)، البیوع الشائعة و أثر المبیع علی شرعیتها للتطور، الطبعة الثالثة الناشر دار الفکر.

٤ ــ الجاف، محمد مصطفى محمود(٢٠١٧)، مفهوم العلامة التجارية و حمايتها وتطبيقاتها القضائية،مطبعة رۆژهەڵات،اربيل .
٥ ــ زين الدين، صلاح(٢٠٠٦)، شرح التشريعات الصناعية و التجارية،دارالنشر و التوزيعالاردنى، الاردن .
٦ ــ سيد، خالد محمد(٢٠١٦)، الحق فى الاسم التجارى(دراسة مقارنة)، الطبعة الاولى، مركز الدراسات العربية للنشر و التوزيع .
٧ ــ طه، مصطفى كمال(٢٠٠٦)، أساسيات القانون التجارى، الطبعة الاولى، منشورات الجلى الحقوقية، بيروت.
٨ ــ عباس، محمد حسن (١٩٧٦)،التشريع الظناعى، الطبعة الاولى، دار النهضة العربية، القاهرة .
٩ ــ قاسم ،على(١٩٩٧)،قانون الاعمال ،جزو الاول، دار النهضة العربية.
١٠ ــ قاسم ،على(٢٠١٢)، حقوق الملكية الفكريةفى القانون الاماراتى، دار النهضة العربية.
١١ ــ النعمة، مقبول على بشير(٢٠١١)، الاتساع فى المعنى، عالم الكتب الحديث، الاردن.
١٢ ــ ــ عياشى، منذر(٢٠١٣)، اللسانيات والحظارة مساهمة في علم طرع القظايا و انشاو، الطبعة الاولى، عالم الكتب.

سەرچاوەی ئینتەرنێت :

ـــ www.knnc.net محەمەدی مەحوی،چۆنێتی بەکارهێنانی زمان وئەتەکێتی ئاخاوتن٢،/٢٠١٨/٩

العلامه التجاريه، ٢٠١٦ . https://ar.wikipedia.org/wiki/

ملخص البحث

علم االغة التطبيقي فرع من فروع علم اللغة، يبحث بشكل عملي في المشاكل اللغوية و يسعى الى معالجتها. ان تسمية لوحات المحلات التجارية و اظهار مشاكلها من حيث استخدامها للمفردات الاجنبية و الاخطاو القواعدية و الاملاو و عدم تطبيق السنن، هي احدى مجالات العمل في هذه الدراسة، والتي تتألف من مقدمة و فصلين و النتائج ثم قائمة المصادر.

تطرقنا في الفصل الاول، وبشكل نظري ، الى تعريف و وظيفة الاسم التجاري، وعلاقته بالعلامة التجارية، ثم تاريخ ظهور العلامة التجارية و اخيرا، الخصائص القانونية للاسم التجاري.

اما في الفصل الثاني، وهو فصل تطبيقي، فقد عملنا على تحديد و تصحيح أخطاو اللوحات، والتي عبارة عن كيفية التسمية على محل تجاري، الشروط اللازمة في محل تجاري مثل: الحداثة و الابداع، ثم تحدثنا عن بعض التعليمات لتسمية المحلات و الاماكن العامة، و لتوضيح الموضوع ذكرنا و بشكل مختلط بعض الامثلة من مدن اربيل و سليمانية و كؤية و رانية، وقد وضحنا هذه الظاهرة في اطار المعجم و واستخدام المفردات الاجنبية و تطبيق خطة لغوية و كيفية اختيار التسميات، بالاضافة الى تصيح الاخطاو.

وقد توصل البحث الى نتائج عدة، منها: معظم لوحات المحلات التجارية لم تراعي فيها قواعد اللغة الكوردية كلغة قومية و استخدمت المفردات الاجنبية بشكل مبالغ فيه. وان اصحاب المحلات التجارية يسمون محلاتهم لغرض جلب المشترين و العملاو. من جانبها، فان حكومة الاقليم لن تهتم بهذه المشكلة بشكل مطلوب، وأخيرا، فان الاخطاو الاملائية في تسمية هذه اللوحات كثيرة جدا و بحاجة الى مراجعة جدية في سبيل تصحيحها.

Abstract

An applied linguistics is a part of linguistics that research about the linguistic issues and try to solve it. Naming shops, shop boards and their problem in terms of foreign lexics, grammatical mistakes, alphabet, and not standardization are in this area. The study consists of two parts excluded introduction, conclusion, and the bibliography. In the first part, the tasks of business names, logo, the history of logo, and the principles are shown.

In the second part, we have worked on the solutions, which are the way to name in business places, the conditions that should be available in such areas. For example; modernism and creation. Then, we have suggested some principles. The samples are taken from Sulaymanyah, Erbil, Koya and Ranya. We have explained the situation in terms of culture, and using foreign words, language policy, and the ways to choose a name, and the mistakes were explained. The researcher concluded that most of those shop boards are not according to rules and regulations of Kurdish language in Kurdistan Region. They use foreign words. There concentrate is more to attract customers. KRG has not taken the situations seriously. The alphabetic mistakes are common. They need to be proof read and make them correct.

سیاسەت و پلانی زمانی لە بۆتەی یاسای زمان و ڕۆڵیان لە پاراستنی پێگەی زمانی کوردیدا

م. ی. شالاو سالح حەمەغەریب

پوختە

لە دونیای ئێستادا بابەتەکانی سیاسەت، پلان و یاسای زمانی باسی هەنووکەیین و بواری جێی بایەخی توێژەران و زمانەوانانن، ئەم لایەنانە دەتوانن کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنی بکەنە سەر زمانەکان و دەستیان هەیە لە پاراستن یاخود لەناوبردنی زمانێک یان چەند زمانێک. لەبەر ئەمەیە گرنگی تەواویان هەیە لە توێژینەوە زمانەوانییەکان و لە داڕشتنی سیاسەتی دەوڵەتان.

ئەم توێژینەوەیە پوختەیەکی هەڵێنجراوە لە تێزێکی دکتۆرا بە ناونیشانی (پێگە و پایەی زمانی کوردی لە چوارچێوەی سیاسەتی زمانیدا). هەوڵدەدات لێرەدا هەر بوارەکانی (سیاسەت و یاسا)ی زمانی ڕونبکاتەوە و پەیوەندی و تەواوکارییەکانیان بخاتەڕوو. لە هەمانکاتیشدا ڕۆڵیان لە پاراستن/ لەناوبردن و بەرزکردنەوە/ نزمکردنەوەی پێگە و شکۆی زمانی کوردی دەربخات و پێشهات و دەرەنجامەکانی جێبەجێکردن و جێبەجێنەکردنی یاسای زمانەکان شیبکاتەوە.

به واتایەکی تر توێژینەوەکە پرژاوەتە سەر بابەتێکی گرنگ و هەستیاری ئەم قۆناغەی زمانی کوردی کە پێگەکەیەتی و مەبەستییەتی کاریگەری یاسای زمانەکان وەکو قۆناغی دەستووری و تەواوکاری سیاسەت و پلانی زمانی لەسەر پێگەی زمانی کوردی لەڕووی جیبەجێکردن یان پێشێلکردنی ماددەکانی یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان ڕوون بکاتەوە. تاکو بتوانێت ببێتە ڕوانگەیەک بۆ ئاراستەیەکی دروست بۆ دواڕۆژی زمانی کوردی.

وشە سەرەکییەکان

Language Policy, Language Planning, The Low of Language, Language Status, Language Prestige.

پێشەکی:

زمان، مرۆڤ و دەوروبەری بەیەکتر دەگەیەنێت، لە هەمان کاتیشدا ڕەنگدانەوەی ئەو بارە کۆمەڵایەتییە کە ئاخێوەرانی تێیدا دەژین. (محمد معروف، ١٩٨٦: ١١٤) واتە؛ لە هەموو کۆمەڵگایەکدا سروشت و قەبارەی هەرچۆنێک بێت، زمان ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی تێدا دەبینێت.

(پێگە)ش بە واتای بارودۆخ و پلە و پایەی شتێک یان کەسێک دێت، کاتێک دەخرێتە پاڵ هەر شتێک یان هەر زاراوەیەک و وشەیەک، دۆخ و پلەی ئەو شتە ڕادەگەیەنێت. کەواتە؛ پێگەی زمانی بە واتای دۆخ و پلەی زمان دێت لە دەوروبەری بەکارهاتوو. بە واتایەکی تر بریتییە لە بەهای هەستپێکراوی زمانێکی دیارکراو کە پەیوەندی بە سوودی کۆمەڵایەتی و بەهای بازاڕەوە هەیە و پشت بەو سیاسەت و پلان و یاسا زمانییانە دەبەستێت کە کە لایەن دەسەڵاتەوە پەیڕەودەکرێت و دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە لە چوارچێوەی یاسای زمانی وەکو بۆتەی سیاسەت و پلانی زمانی سەیری پێگەی زمانی کوردی بکرێت.

بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە

١-١ گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە دەبێتە بنەمایەک بۆ پێداچوونەوە بە یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان و دووبارە داڕشتنەوەی بڕگە و ماددەکانی لە بواری دانانی سیاسەتێکی زمانی تۆکمە بۆ زمانی کوردی و جێبەجێکردنی بە پێی پلانێکی ڕێک و پێک بۆ ئەوەی ببێتە شورایەکی پۆڵاین بۆ زمانی کوردی و لە فەوتان و لە ناوچوون بپارێزێت. لە هەمانکاتیشدا پێگەی زمانەکە بە بەرزی بهێڵێتەوە و شکۆی پارێزراو بکات.

١-٢ گرفت و پرسیاری توێژینەوەکە:

پرسیارە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ئایا سیاسەت و پلانی زمانی چین و پەیوەندییان بە یاسای زمانەوە چییە؟ لە هەمانکاتدا ئایا یاسای زمانی لە هەرێمی کوردستان هەیە و میکانیزمی جێبەجێکردنی چۆنن؟ ئایا پێگەی زمانی کوردی لەم چوارچێوەیەدا چۆنە؟. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدا وەڵامی ئەم پرسیار و گرفتانە بداتەوە بە هێنانەوەی ماددەکانی یاسای زمانی و ڕەنگدانەوەیان لە کەتواری زمانی کوردیدا، بۆ زاتر ڕوونکردنەوە و گەیشتن بە وەڵامەکان نموونەی دیمەنە زمانییەکانیش وەرگیراون و دەرکەوتەکانیان خراوەتەڕوو.

١-٣ ڕێبازی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە بە پێی ڕێبازی سیاستی زمانی ڕەخنەگرانە ئەنجامدراوە و هەوڵی داوە ماددەکانی یاسای زمانی لە لایەنی کارەکی توێژینەوەکەدا بهێنێتەوە و بە شێوازێکی ڕەخنەگرانە لەلایەنی جێبەجێکاری یاساکەوە شیکردنەوەیان بۆ بکات.

٤-١ ناوەرۆکی تۆێژینەوەکە:

ئەم تۆێژینەوەیە لە پێشەکییەک و سێ بەشی سەرەکیی پێکدێ.

لە بەشی یەکەمدا باسێکی کورتی ناساندنی پرسیار، میتۆد و گرنگی تۆێژینەوەکە خراوەتەڕوو. بەشی دووەەم تەرخانکراوە بۆ باسێکی هەرسێ بابەتی (سیاسەت، پلان و یاسا)ی زمانی و پەیوەندی نێوانیان. لە کاتێکدا بەشی سێیەم بۆ باسکردنی پێگەی زمانی کوردی لەژێر کاریگەری یاسای زمانەکان تەرخانکراوە بە هێنانەی نموونەی جێبەجێکردن/جێبەجێنەکردنی بڕگەکانی یاسای زمانی. تۆێژینەوەکە بە ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، پوختەی تۆێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی کۆتایی هاتووە.

بەشی دووهەم:
سیاسەت و پلانی زمانی لە بۆتەی یاسای زماندا

٢،١ چەمك و ناساندنی سیاسەتی زمانی:

زاراوەی سیاسەتی زمان بەرامبەر بە "Politicue Linguisticue"ی فەڕەنسی، "Language Policy"ی ئینگلیزی و "السیاسة اللغویة" لە زمانی عەرەبیدا بەکاردێت.

دیاردەکە زۆر لە مێژە هەیە، بەڵام چەمکی سیاسەتی زمانی وەکو بابەتێکی زمانەوانی کۆمەڵایەتی، بە شێوە زانستییەکەی فراوانتر و سەرتاپای ئەو ڕێگایانەی لە بواری پەیوەندییەکانی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەگیرێنەبەر، بە تایبەتی لە نێوان زمان و ژیان لە کۆمەڵدا دەگرێتەوە. (دارا حەمید، ٢٠١٦: ٤٦) چەمکی "سیاسەتی زمانی" لەڕووی زانستییەوە، سەرتاپای ئەو ڕێگایانەیە، کە لە بواری پەیوەندییەکانی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی، بەتایبەتی لە نێوان زمان و ژیان لە کۆمەڵگادا دەگیرێنەبەر. (لویس جان کالفی، ٢٠١٢: ١٥٢)

"سیاسەتی زمان" بواریکی ئەکادیمی نێوان زانستەکانە. هەندێک لە زانایانی وەک "جۆشوا فیشمان" و "ئۆفیلیا گارسیا" بە بەشێک لە زمانەوانی کۆمەڵایەتی دەزانن. لە لایەکی دیکەوە، زانایانی دیکەی وەک "بێرنارد سپۆلسکی" و "ڕۆبەرت بی کاپلان" وەک لقێک لە زمانەوانی کارەکی سەیری دەکەن. پەیوەندی بە بوارەکانی تری وەک؛ ئایدۆلۆژیای زمان، زیندووکردنەوەی زمان و پەروەردەی زمان لە نێو ئەوانی تردا هەیە.

هێڵکاری ژمارە (١) یەکتربڕینی سیاسەتی زمان و ڕێبازەکانی بەڕێوەبردن بە پشتبەشتن بە ((Spolsky 2004-2009

بە گوێرەی دەیڤید جۆنسۆن سیاسەتی زمان بریتییە لە میکانیزمێکی سیاسەت کە کاریگەری لەسەر پێکهاتە، ئەرک، بەکارهێنان، یان بەدەستهێنانی زمان هەیە و بریتییە لە:

١. ڕێسا فەرمییەکان - زۆرجار لە شێوەی بەڵگەنامەی نووسراودا دەردەچن، بە مەبەستی کاریگەریکردنی هەندێک گۆڕانکاری لە فۆرم، ئەرک، بەکارهێنان،

یان بەدەستهێنانی زمان – کە دەتوانێت کاریگەری لەسەر دەرفەتی ئابووری، سیاسی و پەروەردەیی هەبێت.

٢. میکانیزمە (نافەرمی)، شاراوەکان و ناڕاستەوخۆکان، پەیوەستن بە بیروباوەڕ و پراکتیکەکانی زمانەوە، کە دەسەڵاتی ڕێکخستنی بەسەر بەکارهێنان و کارلێکی زمان لەناو کۆمەڵگا و شوێنی کار و قوتابخانەکاندا هەیە.

٣. نەک تەنها بەرهەمەکان بەڵکو پرۆسەکانی "سیاسەت" وەک کردارێک، نەک ناوێک، کە بەهۆی جۆراوجۆری بریکارەکانی سیاسەتی زمانەوە لە سەرانسەری چەندین چین لە دروستکردنی سیاسەت، لێکدانەوە، خۆبەدەستەوەدان، و نموونەسازیدا دەجووڵێنرێن.

٤- دەق و گوتارەکانی سیاسەت لە سەرانسەری چەندین دەوروبەر و چینەکانی چالاکیی سیاسەتدا، کە لە ژێر کاریگەری ئەو ئایدۆلۆژیا و گوتارانەی تایبەتن بەو دەوروبەرە. کۆمەڵە پێناسەیەک کە تادێت هەمەچەشن و فراوانتر دەبن، دیدگای نوێی داهێنەرانە پێشکەش دەکەن سەبارەت بەوەی کە دەتوانرێت بە سیاسەتی زمان هەژمار بکرێت، بەڵام دەمێنێتەوە بزانرێت ئایا پێناسەی "سیاسەتی زمان" تا ئەو ڕادەیە درێژ دەکرێتەوە، کە هەموو ئەو لێکۆڵینەوە "کۆمەڵایەتی-زمانەوانی"انەی لە هەڵوێست و پراکتیکەکانی زمان دەکۆڵنەوە، بە لێکۆڵینەوەی سیاسەتی زمان دادەنرێت. ((David Johnson, 2013:9

"سیاسەتی زمانی" وەک وەڵامدەرەوەیەک بۆ ئەو کێشانەی لە وڵاتان دەهاتە بەردەم زمان، هاتە ئاراوە. بە تایبەتی دوای ئەوەی سەربەخۆییان بۆ دەگەڕیتەوە و لە ژێر چنگی داگیرکاری ڕزگاریان دەبێت. (ئازاد عەزیز ٢٠٢١: ١٧٢)

سیاسەتی کۆکردنەوە، وەرگێڕان و پۆلێنکردنی زمان لە ساڵی (١٩٨٨) دەستپێکرد و کارەکە گەیشتە چڵەپۆپەی بە دەرکردنی بڵاوکراوەی (کۆمەڵە یاساکانی زمان لە جیهاندا) لەلایەن چاپخانەی زانکۆی (لاڤال) لە ساڵی (١٩٩٤)، بڵاوکراوەکە (٤٧٠) یاسای زمانی لەخۆ دەگرت. (تاریق جامباز، ٢٠١٤: ٧)

سەبارەت بە سنووری سیاسەتی زمانی سنورێکی بەرفراوانی هەیە و تەنیا لە زمانی کارگێڕی و ستاندارد و کاریگەری زماندا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو تێکەڵ بە لایەنەکانی دیکەی زمان دەبێت، بۆیە پێویستە لایەنی دەسەڵات بە تایبەتیش دەسەڵاتی ئەو گەلانەی بەش بەشکراون و ژێر دەستەبوون، نموونە میللەتی

کـورد، فەلسـەفەیەکی سیاسـییان بـۆ زمـان هەبێـت و لایەنـی پەیوەندیـدار لە ئەکادیمیان و زمانەوانەکان ڕابسپێرن بۆ ئەوەی گرنگی تەواو بە بەرەوپێشبردن و پاراسـتنی زمـانەکە بـدەن، چـونکە شـکۆی نەتەوە و شوناسـەکەی بەنـدە بە مانەوە و بەرزی پێگەی زمانەکەوە. (خۆشناو عەزیز و عمر مەحمود، ۲۰۱۷: ۹-۱۰)لەبەرئەوەی سیاسەتی زمان لە شـێوازەکانی فەراهەمکردنی پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵدا بەرجەستە دەبێت و بابەتێکی گشتگیر و فرەڕەهەندە، بوارەکانی زمـانەوانی، ، کـۆمەڵایەتی، شارسـتانی، ناسـنامە، سیاسـەت و ئـابووری دەگرێتەوە(عبـدالقادر الفاسـی، ۲۰۱۳: ۱۸۵)، هەر بـۆیە گەشـەکردنی زمـان ڕاستەوخۆ وابەستەیە بە بوونی سیاسەتی دروستی زمـان و پلانێکی تۆکمە بۆ جێبەجێکردنـی ئەو سیاسـەتە، بە پێـی ئەم بۆچـوونە هەڵاوێرکردنـی سیاسـەتی زمـان لە ڕەهەنـدەکانی پێکهـاتە و سـتراکتۆری نەتەوە و کەلتـوور، شارسـتانی، پێناسـی نەتەوەیـی و ئـابووری سیاسـەتێکی نەزۆک دەبێـت و دەرئەنجـامی سـەرکەوتووی نابێت، چـونکە زمـان وابەسـتە و هەڵقـوڵاوی ئەو ڕەهەندانەیە کە ئاماژەیان پێکرا. (دارا حەمید، ۲۰۱۷: ۲٦۹)

۲،۲ پێناسەی سیاسەتی زمانی:

"سیاسەتی زمان" بە شـێوەیەکی گشـتی، هەوڵێکە بـۆ پاراسـتن و گەشـەپێدانی زمـان و تاکەکـانی کـۆمەڵ ئاراسـتە دەکـات، بـۆ دروسـت بەکارهێنـانی زمـان. بە تـایبەتی لەڕووی؛ فراوانکردنـی ئەرکـی زمـان و بەکارهێنـانی لە بـوارە جۆراوجۆرەکاندا.

ئاسـان نیـیە پێناسـەیەک بـۆ دەسـتەواژەی "سیاسـەتی زمـان" لە فەرهەنگێکدا بدۆزیتەوە، هەمان پێناسەش لە کتێبە چاپکراوەکاندا لەسـەر بابەتەکە یـان لەسـەر بابەتەکانی پەیوەندیدار بدۆزیتەوە.

زمانەوانان چەندین پێناسەیان بۆ کردووە لەوانە؛ (لویس جـان کـالفی، ۲۰۰٦: ۱۱۱) بەمشێوەیە پێناسەی زاراوەکە دەکات: (ئێمە سیاسەتی زمـانی بە کـۆی ئەو بڕارە و هۆشیاریانە هەژمار دەکەین، کە لە بواری پەیوەندییەکانی نێوان زمـان و ژیـانی کۆمەڵایەتیـدا کاریـان پێـدەکرێت، بە تـایبەتی لەنێـوان زمـان و ژیـان لە سـایەی نیشـتیمانداوری اردکـانی، ۱۳۹۲:۱۸) لە پێناسـەی سیاسـەتی زمانیـدا دەڵێـت: سیاسـەتی زمـانی هـزری گـۆڕینی دەستانقەسـتی زمـانە لەلایەن دەزگـا

فەرمییەکانەوە بەڕێوەدەچێت، واتە؛ ئەو چوارچێوەیە کەتیایدا بڕیاری سەبارەت بە زمان لێدەدرێت بە دوو مەبەستی سەرەکی، یەکەمیان؛ گۆڕین و لەناوبردنی زمانێک (چەند زمانێک) یان زارێک (چەند زارێک)، دووەمیان؛ پاراستن و پەرەپێدانی زمانێک (چەند زمانێک) یان زارێک (چەند زارێک). کەواتە؛ دەکرێت بوترێت سیاسەتی زمانی بریتییە لەو کاریگەرییانەی حکومەت و پێکهاتەکانی دیکەی کۆمەڵگە بە مەبەستی سەرپەرشتیکردن یان ئەندازیاریکردنی زمان پەیڕەویدەکەن. (سەعد قازی، ٢٠٢٠:١٦)

(" (Kaplan & Baldauf, 1997:216-217سیاسەتی زمان" وەک بەشێکی گەورەتر لە پلانی زمان پێناسەی دەکەن و دەڵێن: بریتییە لە چەند بیرۆکەیەک، یاسایەک، ڕێکخەرێک، دەستوورێک و جێبەجێکردنێک (ئەم جێبەجێکردنە دەچێتە ناو پلانی زمانەوە) بە مەبەستی بەدەستهێنانی گۆڕان لە زمانی پلان بۆ دانراو لە کۆمەڵگاکاندا.ئەم تۆێژینەوەیە وا سەیری "سیاسەتی زمان" دەکات، کە بریتییە لە داڕشتنی بنەماکانی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی زمان (زمانێک) پەیوەندی بە هەوڵە فەرمییەکانەوە هەیە، بۆ کاریگەریکردن لەسەر دۆخ (پێگە) و بەکارهێنانی زمانێک یان چەند زمانێک. واتە؛ میکانیزمێکی سەرەکییە بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و دەستکاریکردنی ڕەفتارەکانی زمان و بەکارهێنانەکانی لە کۆمەڵگادا.بە واتایەکی تر "سیاسەتی زمان" ئاماژەیە بۆ ئەو پرەنسیپ و ئامانج و ڕێوشوێنە ئاشکرا یان ناڕوونانەی کە ڕێنمایی بەکارهێنانی زمانەکان لە کۆمەڵگە، دامەزراوەیەک، یان دۆمەینێکی دیاریکراودا دەکەن. سیاسەتی زمان دەتوانرێت لە لایەن ئەکتەرە جیاوازەکانەوە دابڕێژرێت و جێبەجێ بکرێت، وەک حکومەت، ڕێکخراو، کۆمەڵگا، یان تاک. سیاسەتی زمان دەتوانێت کاریگەری جۆراوجۆری هەبێت لەسەر دیمەنی زمانەوانی و فرەچەشنی و ئیکۆلۆژیای ناوچەیەک یان گروپێک. بۆ نموونە؛ دەتوانێت هەندێک زمان بەرەوپێش ببات یان سەرکوت بکات، مافی زمانەوانی بدات یان ڕەت بکاتەوە، یان فێربوون و پاراستنی زمان پەروەردە بکات یان ڕێگری بکات.

٢،٣ جۆرەکانی سیاسەتی زمانی:

سیاسەتی زمان ئەوەیە کە حکومەت یان بە فەرمی لە ڕێگەی یاسادانان، بڕیارەکانی دادگا یان سیاسەتەوە دەیکات، بۆ دیاریکردنی چۆنیەتی بەکارهێنانی

زمانەکان، پەرەپێدانی تواناکانی زمان یان بۆ دامەزراندنی مافی تاک یان گروپەکان بۆ بەکارهێنان و پاراستنی زمانەکان.

مەودای سیاسەتی زمان لە بورای پراکتیکدا لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر جیاوازە. ڕەنگە ئەمەش بەو ڕاستییە ڕوون بکرێتەوە، کە زۆرجار لەسەر بنەمای هۆکاری مێژوویی دادەڕێژرێت. ئەم تـوێژینەوەیە چـۆن ئەوەی خستەڕوو کە زیاتر لە پێناسەیەک بۆ سیاسەتی زمان هەیە. ئەوەش ڕوون دەکاتەوە، کە زیاتر لە جۆرێک لە سیاسـەتی زمـان هەیە. ئەو بنەمایانە چین وڵاتان زمانی فەرمی خۆیانی پێ هەڵدەبژێرن؟ کاریگەری نەتەوەیی لەسەر زمانەکە چییە؟

ئەمانە دەبنە بنەمایەکی بەسوود بۆ هێڵکاریکردنی جۆرە جیاوازەکانی سیاسـەتی زمـان و کـۆمەڵە دووبەرەکییەکـان. مـۆدێلی ئەم خشـتەیە وەک خـاڵی دەستپێک و تاقیکاری پێشکەش دەکرێت نەک چوارچێوەیەکی یەکلاکەرەوە.

خشتەی (١) جۆرەکانی سیاسەتی زمانی

دەستپێک سەرەوە بۆ خوارەوە

ئاسـتی "مـاکرۆ"/فراوان لە سیاسـەت کە لەلایەن هەنـدێک دەزگـا یـان کەسـی حوکمڕان یان دەسەڵاتدارانەوە پەرەی پێدراوە خوارەوە بۆ سەرەوە

ئاستی "مایکرۆ"/بچووک یـان بنەڕەتی سیاسـەت دروستکراوە بـۆ کـۆمەڵگە و لەلایەن کۆمەڵگەوە کاریگەری لەسەر دروست دەکرێت

واتە و

ئامانجەکان ئاشکرا

بە ئاشکرا لە دەقی سیاسەتی نووسراو یان قسەکردندا دەربڕدراوە نهێنی

بە مەبەسـت لە ئاسـتی مـاکرۆ (تەبـایی) یـان لە ئاسـتی مـایکرۆ (تێکـدەر)دا شاراوەتەوە

بەڵگەنامەسازی بە ڕوونی

بە فەرمی لە دەقی سیاسەتی نووسراو یان قسەکردندا بەڵگەدار کراوە بە ناڕوونی

بەبێ یان سەرەڕای دەقی سیاسەتی فەرمی ڕوودەدات

٢،٤ ئامانجەکانی سیاسەتی زمانی:

زۆرێک لە وڵاتانی سیاسەتی زمانیان بەو ئامانجە دارشتووە، کە پشتیوانی لە زمانێک یان چەند زمانێک بکەن یـاخود کۆسـپ بـخەنە بەردەمیـان. واتە؛ دەکرێت

بگوترێت، مەبەست لە سیاسەتی زمان، ئەو سیاسەتەیە کە دەوڵەتێک یاخود لایەنێک بۆ پاڵپشتیکردن و هاندانی زمانێک، چەند زمانێک، شێوەزارێک یان چەند شێوەزارێک بۆ ئەوەی ببنە زمانی فەرمی و کارگێڕی، یان بە پێچەوانەوە، ڕێگەگرتن و تەگەرە خستنە بەردەمیان بۆ ئەوەی سنووردار بکرێن و بەکارنەهێڕێن، پەیڕەوی دەکات. (کولماس، ٢٠٠٩: ٩٦٧)

ئامانجەکان دەچنە خانەی پلانی ستراتیژی نەتەوەییەوە، لە خوارەوە گرنگترین ئامانجەکانی پلانی زمانی دەخرێتەڕوو:

١.گرنگیدان و بەخشینی مافی پێشینەیی (ئەولەویەت) بە هەردوو باری ئەرێنی و نەرێنی بەو زمانەی سیاسەتەکەی بۆ داڕێژراوە. (دارا حەمید، ٢٠١٦: ٤٦)

٢.یەکخستنی وشە و زاراوەکانی زمانەکە و پاراستنیان لە لەناوچوون و فەوتان لە لایەک و داتاشین و دانانی وشە و زاراوەی پێویستی ڕۆژگار.

٣.ڕاهێنانی بەکارهێنەران (ئاخێوەران)ی زمانەکەبە تایبەتی لە تەمەنی منداڵ و هەرزەکاران لەسەر شانازیکردن بە زمانەکەیان و سەیرکردنی بە پیرۆز و گەورە.( )

٤.لە بازنەی نەتەوەییدا، ئامانجی بەرزکردنەوەی پێگە و پایەی زمانە. واتە؛ دەیەوێت زمان بە ڕێک و پێکی لە هەموو بوارەکاندا بەکاربهێنرێت، بۆ پاراستنی لە هەڕەشە و فشارەکانی زمانە باڵادەستەکان. بە هەمان شێوە دیاریکردنی پێگەی زمانی دایک لە بەرامبەر پێگەی زمانەکانی دیکە لە سیستەمی خوێندن، ڕاگەیاندن، فێرکردن و لای ئاخێوەران. (ئومێد بەرزان، ٢٠١٦: ٩)

٥.ئامانجی سەرەکی پاراستنی زمانی پلان بۆ داڕێژراوە، ئامرازێکی پێویستە بۆ بەرەوپێشچوون و گەشەسەندنی بەردەوامی زمان. (ئازاد عزیز، ٢٠٢١: ١٧٤–١٧٥)

٦.سیاسەتی زمان مەبەستییەتی چارەسەری کێشەکانی کردەی پەیوەندی و لێکگەیشتن (ئەگەر هەبێت) لەناو کۆمەڵدا بکات. چارەسەرکردنەکەش لە ڕێگای شیکردنەوە و ڕێکخستنی زمانەوە دەبێت. (محەمەد مەحوی و شاخەوان جلال، ٢٠١٤: ١٤٥)

٧.دەرکردنی ئەو یاسایانەی پارێزگاری لە زمان دەکەن و لە فەوتان دەپارێزن.

٢،٥ پەیوەندی و جیاوازی نێوان پلانی زمانی و سیاسەتی زمانی:

زاراوەی جۆراوجۆر وەک ڕێکخستنی زمان، سیاسەتی زمان و پلاندانانی زمان زنجیرەیەکی فرەلایەنەی چالاکییەکانن کە پرۆسەی جیاوازیان تێدایە. ئەمانە بە گوێرەی ئەوەی کە ئایا دەستێوەردانەکە لە بیرۆکەی کۆنکرێت پێکدێت یان پلانێکی ئەبستراکت بۆ کردار، ئایا چالاکییە ئاماژەپێکراوەکان ئامانجیان نۆرمەکانی زمانە یان پێگەی زمانەکە و هەروەها بە پێی سروشت و قۆناغی دەستێوەردانەکە دەگۆڕێت.

ئەم دوو چەمکە (پلان و سیاسەت)ی زمانی لە کوردی و زۆربەی زمانانی تر، زۆر کات لە شوێنی یەکتر یاخود وەکو هاو واتایەکی یەکتر بەکاردەهێنرێن. بەڵام زمانەوانان جیاوازییان لە نێوانیان کردووە سنوور و دەستپێک و کۆتایی کاری هەر یەکێکیان دیاریکردووە هەرچەندە زۆر کات ئەوەندە تێکەڵ بەیەک دەبن و تەواوکاری یەکدی دەبن، جیاکردنەوەیان لەیەکتری ئەستەم دەکات.

زۆرێک لە زمانەوانان "پلاندانانی زمان" بۆ جێبەجێکردن و وەک هەنگاوێکی کۆنکرێتی "سیاسەتی زمان" و "سیاسەتی زمانی"ش بۆ بناغە و دەستووری پلانی زمانی" بەکاردەهێنن.

بە بڕوای "هۆگن" کە دەستەواژەی "پلاندانانی زمان"ی هێنایە ناو زمانەوانی، " پلاندانانی زمان" وەک چالاکیەکی میتۆدۆلۆژی تێدەگات کە لە پەرەپێدانی زمانەکاندا بۆ دروستکردنی زمانە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان ئەنجام دەدرێت. (Haugen, 1972: 309)

لە ئەنجامدا "پلاندانانی زمان" زاراوەیەکە بە مانایەکی فراوان بەکاردێت. پلاندانانی زمان، پێکدێت لە کارێک کە ئامانج لێی کێشەیەک بێت و بە ئاراستەی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە ئەنجام بدرێت. لەکاتێکدا ڕێبازگەلێک هەن کە پلاندانانی زمان وەک بەشێک لە سیاسەتی زمان دەبینن، بە پێچەوانەوە، تۆژەر هەن کە سیاسەتی زمان بە بەشێکی دانەبڕاو لە پلاندانانی زمان دەزانن.

لە نێو ئامانجەکانی زمان لە سیاسەتی زماندا، پاککردنەوە و بوژاندنەوە و چاکسازی و ستانداردکردن و مۆدێرنیزەکردنی زمان جێگەی سەرەکی دەگرێتەوە، بەڵام لە پراکتیکدا ئەستەمە هەموو پەیوەندییەکان هاوسەنگ بن. زۆربەی ناتەباییەکان لە پلاندانانی زمانی پراکتیکیدا لە ململانێی بەرژەوەندییەکان سەرهەڵدەدەن.

لەسەر ئامانجەکانی پلاندانانی زمان پرۆسەکانی پلاندانانی زمان لە مۆدێلی "هۆگن" دەتوانرێت بە چوار قۆناغ تایبەتمەند بکرێت؛ (هەڵبژاردن، کۆدکردن، جێبەجێکردن، پرۆسێسکردن) و دەتوانرێت لەم چوارچێوەیەدا جێبەجێبکرێت. "هارمان" ڕەهەندی پلاندانانی پرێستیژ بۆ پلاندانانی زمان زیاد دەکات.

ڕێکخستنی زمان چەمکێکە کە کۆمەڵە چالاکییە هۆشیارەکانی پەیوەست بە پێکهاتە و پێگە و بەکارهێنان و کارکردی زمانەکان لەخۆدەگرێت. قۆناغی یەکەمی ڕێکخستنی زمان بریتییە لە پرۆسەی هەڵسەنگاندن کە ئامانج لێی دیاریکردنی کێشەکانی زمان و زمان-کۆمەڵگەیە. قۆناغی داهاتوو کۆنکرێتترین قۆناغە کە مەبەست لێی دیاریکردنی ئامانجەکان و ڕێکخستنی چالاکییەکانە.

"سپۆڵسکی" پلاندانانی زمان بە بەردەوامی سیاسەتی زمان نازانێت، بەڵکو بە ڕێکوپێکییەکی ناوخۆیی، بە بەشێک لەو سیاسەتە.

"سپۆڵسکی" سیاسەتی زمان بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "نەک تەنها ڕاهێنانی ستراتیژی، دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت، بەڵکو لە ئاستێکی خوارەوەی خێزان، شوێنی کار، پەروەردە، دامەزراوە ئاینییەکان و هتد، وەک هەڵبژاردنی زمانی مرۆڤەکان لە ژیانی ڕۆژانەدا هەڵدەسەنگێندرێت. (Mtholeni N. Ngcobo, 2007:7)ئاماژەی داوە بە ((Spolski, 2009: 5

هەروەها سیاسەتی زمان ئەو پرۆسەیە دەگرێتەوە کە دەوڵەتە نەتەوەییە مۆدێرنەکان لە پێناویدا ناسنامە و ئەرکە پەیوەندییەکانی زمان بەکاردەهێنن بۆ پێکهێنانی زمانێکی هاوبەش و شوناسێکی نەتەوەیی. بۆیە دەگوترێت؛ سیاسەتی زمان بریتییە لە کۆمەڵێک بڕیار و چالاکی کە ئامانجیان ئەو زمانانەی لە یەکەیەکی سیاسیدا قسەیان پێدەکرێت، بوارەکانیان، گەشەکردن و بەکارهێنانیان. تایبەتمەندی سەرەکی سیاسەتی زمان ئەوەیە کە لە شێوەی دەستێوەردانێکی هۆشیارانە و ئامانجدار لە دەرەوە وەدی دێت. ئەم دەستێوەردانە دەرەکیانە بە شێوەیەکی سەرەکی سەرنج دەخەنە سەر پێکهاتەی ناوخۆیی و فەرهەنگ و وشەسازی زمانێک. لە لایەکی دیکەوە، ئەو بیرۆکانەی کە لەم قۆناغەدا سەبارەت بە پلاندانانی زمان دەربڕدراون، لە ڕادەبەدەر نزیکن لەو ڕێبازەی کە ئەمڕۆ بە سیاسەتی زمان دادەنرێت. ((Elchin Ibrahimov, 2023,125

کەواتە؛ پلان و سیاسەتی زمانی پەیوەندییەکی توند و تۆڵ لە نێوانیاندا هەیە، هەمیشە کارکردنیان پێکەوەیە و تەواوکەری یەکترن، چونکە "سیاسەتی

زمان"بڕیار و ئامانجە، لە کاتێکدا پلانی زمانی جێبەجێکردنی بڕیارەکە و زەمینەسازییە بۆی. بۆیە دەکرێت بوترێت، لە پشت هەر سیاسەتێکی زمانیی سەرکەوتووەوە پلانێکی تۆکمە و پتەو هەیە، کە لەلایەن شارەزایان و پسپۆڕانەوە ئاراستەکراوە بۆ جێبەجێکردن لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکارەوە.

پلانی زمانی؛ قۆناغی کردەیی سیاسەتی زمانییە و جێبەجێکردنیشی لەسەر بنەمای شەنگەستەکانی سیاسەتی زمانی دەبێت. دەگوترێت، کە سیاسەتی زمانی قۆناغێکی پێش پلانی زمانییە، بەڵام دەشگونجێت هاوکێشەکە پێچەوانە ببێتەوە، بە تایبەتی لە کۆمەڵگای فرەزماندا. لەم بارودۆخەدا سوود لە بۆچوون و تێڕوانینی زمانەوانانی کۆمەڵایەتی کە بایەخ بە زمانی نەتەوەیی دەدەن وەردەگیرێت و بە شێوازێکی زانستی بە پشت بەستن بە پلانێکی تۆکمەی زمانی، سیاسەتی زمانی دادەڕێژن. (هەژار حوسێن و مستەفا ڕەزا، ٢٠١٩: ٥٢٤) ئاماژەیان بە (دارا حەمید،٢٠١٦: ٤٦-٤٧) کردووە.

جیاوازی نێوانیان لایەنی "تیۆری" و "کارەکی"یە، بۆ نموونە کاتێک وڵاتێک بڕیار دەدات (زمانێک/چەند زمانێک) یان (زارێک/چەند زارێک) ببنە زمانی نیشتیمانی یان زمانی فەرمی و کارگێڕی وڵات. ئەمە لایەنی تیۆرییە و دواتر بەپێی پلان و بەرنامەیەک ئەم بڕیارە جێبەجێدەکرێت، ئەمەش بریتییە لە لایەنی کارەکییەکە. هەندێجاریش بڕیارەکان بە ڕەمزی هەر لە قاڵبی تیۆریدا دەمێننەوە و جێبەجێ ناکرێن. واتە دەبنە سیاسەتێکی زمانی ناکام و مردوو. (لویس جان کالفی، ٢٠٠٨: ٢٢٢) هەر بۆیە یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی بینای سیاسەتی زمانی و هەڵسەنگاندنی، لێکۆڵینەوەیە لە پلانی زمانی، کە بە ئامانجی گۆڕینی لە تیۆرییەوە بۆ چەند جێبەجێکردنێکی کرداری هاتووەتە کایەوە.

کەواتە ئامانجەکانی سیاسەتی زمانی تەنیا لە ڕێگەی بنەماکانی پلانی زمانییەوە بەدیدێن و سەرکەوتن بەدەست دەهێنن.

لەبەر ئەم پەیوەندی و تەواوکارییەی نێوان ئەم دوو بوارە، ئەم توێژینەوەیە بایەخ بە هەردووکیان دەدات و لە گەڵ ئەوانیش یاسای زمانی کە قۆناغی بڕیارەکانی حکومەت و دەسەڵاتی بڕیاردانانە. دەکاتە بنەما بۆ بنیاتنانی بیر و بۆچوونەکانی لەم چوارچێوەیەدا و شیکردنەوەکانی لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەنجام دەدات.

بەشی سێیەم:
پێگەی زمانی کوردی لە چوارچێوەی یاسای زمان

ئەوەی لە بەشی دوەمدا خرایەڕو پێشگریمانەی پڕاگماتیکی بو بەپێی ڕەهەندی کۆزانیاریی و دەوروبەری هاوبەش کە لە پڕاگماتیکی کۆن و نوێدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبوە لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی گوتنە پێشگریمانە کراوە پڕاگماتیکییەکاندا، بۆیە لە بەشی سێیەمدا بابەتی پێشگریمانەی پراگماتیکی و شیکاری چەند نمونەیەک بەپێی تیۆرە واتاییەکان دەخەینەڕو.

٣،١ پەیوەندی پێگەی زمانی بە بواری ڕامیاری و سیاسییەوە:

پێگەی زمانی پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ بواری سیاسەت هەیە. سیاسەتی هەر گەل و میللەتێک پێویستە پەرە بە پێگەی زمانەکەی بدات و بەرزی بکاتەوە لە پێناو مانەوەی خۆی، چونکە ئەگەر هاتوو پێگەی زمانەکەی لاواز بوو یاخود بەرەو لەناوچوون هەنگاوی نا، ئەوکات جێگایەک بۆ سیاسەتێک نامێنێتەوە.

ئەگەر سەیری سیاسەتی سەرکردەکانی کورد و و شۆڕشەکانی بکرێت، تێبینی ئەوە دەکرێت، کە هەمووی لە پێناو چەسپاندنی زمان و سنوور بووە. بێگومان سنووریش هەر بە زمان دیاری دەکرێت، ئەگەر ئاخێوەرێکی کوردت نەبێت لە هەر شوێنێک کەواتە سنووریشت نییە لەو شوێنە.

سیاسەت لۆژیک و دانایی هەڵەی سیاسەتمەدار لە مەیدانی سیاسەتدا چارەنووسی گەل و نەتەوەیەک بەرەو لێژی دەبات.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم بیرۆکەیە دەبێت گەشە بە پێکهاتەکانی نەتەوەیی بدرێت و بەهێز بکرێن لە بەرامبەر نەیارانی نەتەوە و نیشتیمان، بۆ نموونە؛ "گەشەپێدانی زمانی دایک و گرنگیدان بە پێگەکەی بە تایبەتی لای ئاخێوەرانی کورد") محەمەدئەمین گەناوی (٢١٧: (www.wtarikurdi.infoپێی وایە ئەوەی لە کوردستاندا دەگوزەرێت پێچەوانەی ئەمەیە، چونکە لایەنی سیاسی و دەسەڵات دەستیان داوەتە سیاسەتی تواندنەوە و پووچکردنی زمانی کوردی و نزمکردنەوەی پێگەکەی لە چاو زمانانی بێگانەی وەکو "ئینگلیزی و عەرەبی". ئەم پڕۆژە ترسناکە بەردەوامی هەیە و بێدەنگ بوونمان بە نەبوون "دانەنانی" سیاسەت و پلانێکی تۆکمە بۆ پاراستنی زمانی کوردی و بەرز ڕاگرتنی پێگەکەی

هاوکار دەبین بۆ لەناوبردنی زمانەکە بە زمانێکی تر. نەمان و لەناوچوونیش واتە نەمان و لەناوچوونی نەتەوەیەک، کەلتوور و شارستانیەتێک.

بڕیارە سیاسییەکان دەبنە هۆی هەڵبژادنی زمانێک وەک زمانی فەرمیی وڵاتێک یان ناوچەیەک هەروەها دەبنە هۆی فەرمیکردنی زارێکی ناوچەیی و بەرزکردنەوەی پێگەکەی بۆ بوون بە زمانی فەرمی. کەواتە گومان لە بوونی گرنگی سیاسەت لەسەر پێگەی زمانی نییە، هەر لەبەر ئەوەشە سیاسەتی زمانی دادەڕێژرێت بۆ پاراستن یاخود لەناوبردنی زمانێک یان زارێک.

٣،٢ یاسای زمان، قەوارەیەك بۆ سیاسەتی زمانی:

وەک لە پێشتر باسکرا سیاسەتی زمانی بە شێوەیەک لە شێوەکان پلان بۆ زمان یان زارێک دادەنێت و بە زمانی فەرمی وڵات دەستنیشانی دەکات بۆ ئەمەش پێویستی بە هێزی یاسا دەبێت، تاکو لە چوارچێوەکەیدا بیچەسپێنێت و خۆی تێدا بەرجەستە بکات. (سەلام ناوخۆش) پێی وایە سیاسەتی زمان دەبێت بە قەوارەیەک، کە سیاسەتی زمانی تێدا دەپارێزرێت. ئەو زمانە فەرمی(یان)ەش کە دەستنیشاندەکرێت، وێنە و ناسنامەیەکی یاسایی بە وڵاتەکە دەبەخشێت. (سەلام ناوخۆش،٢٠١٠: ٢٤-٢٥) هەندێک لەوەش سەرتر دەڕۆن، بۆ نموونە؛ (تاریق جامباز، ٢٠١٤: ١٦٩) دەڵێت؛ دەکرێت بوترێت، سیاسەتی زمان و یاسای زمان هاوتای یەکترن، چونکە زمان دەبێتە بەشێک لە هزر و بیری هەر تاکێکی نەتەوە. بۆیە زمان ئاسایشی نەتەوەیە و بە بێ هەستی نەتەوەیی لە چوارچێوەی سیاسەتی زمانی ئەنجام نادرێت.

داڕشتنی "یاسای زمان" بە بێ شڕۆڤەکردن و لێکدانەوەی هەردوو لایەنی "سیاسەت و پلانی" زمانی پڕۆژەیەکی ناتەندروست و ناتەواو بەرهەمدێت. (دارا حەمید، ٢٠١٧: ٢٦٨) هەندێکیش قۆناغی یاسادانان بە یەکێک لە قۆناغەکانی ساسەتی زمانی لە قەڵەم دەدەن و پێیان وایە، بریتییە؛ لەو یاسا و دەستوورانەی ئەنجوومەنی یاسادانان لە وڵاتدا دایان دەنێت، ئەو یاسا و دەستوورانەش کەوا لە دامەزراوە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەوڵەتەوە دەردەچنەد شێوەیەک وەردەگرن، (یاسای زمان) لە دەوڵەت و هەرێمێکی دیاریکراو یەکێکە لەوانە. (ئازاد عەزیز، ٢٠٢١: ١٧٩) ئاماژەی بە (محمود حجازی،٢٠٠٨: ٣٩) کردووە.

سەبارەت بە پێناسەی یاسای زمانیش، ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت، کە بریتیە لە بە فەرمیکردنی زمانێک یان چەند زمانێک لە (دەوڵەتێک، هەرێمێک، سنووریکی

جوگرافی دیاریکراو)دا. به واتایەکی تر "یاسای زمانەکان" بە فەرمی ناساندن و پاراستنی زمانێک/چەند زمانێکە و هۆکارێکە بۆ پێکەوەژیان و ڕێزلێگگرتنی نەتەوەکان لە قەوارەیەکی سیاسی و سنووردێکی جوگرافی دیاریکراودا. بەمەش یاسای زمان، پێویستییەکی گرنگی زمانەکان دەبێت و پارێزەری شکۆی زمانە و یەکێک لە ئامانجە سەرەکیەکانی پاراستن و بەردانە بە زمان. بە بێ بوونی ئەم یاسایە دۆخێکی ئاڵۆز لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات و داموەدەزگا و ناوەندەکانی خوێندندا ڕووەدات، کە دواتر بە زیانی زمان/زمانەکان لەوسنووردا جوگرافییەدا دەشکێتەوە. (دارا حەمید، ٢٠١٧: ٢٦٦-٢٦٧)

یاسای زمان میکانیزمی بە فەرمیکردنی سیاسەت و پلانی زمانە، چونکە لە چوارچێوەی یاسای زماندا وردەکارییەکانیان دەخرێتە قۆناغی جێبەجێکردن و کارەکیکردنەوە. سەبارەت بە زمانی کوردی یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە (١٦) لە ساڵی (٢٠١٤) لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە و سەرۆکایەتی هەرێم پەسەندی کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم یاسایە بە پێی پەرەنسیپەکانی یاسای زمان دانەڕێژراوە و پێشوەختە زەمینەسازی لەڕووی سیاسەت و پلانی زمانی بۆ نەکراوە، بۆیە دەبینرێت، تەنیا وەک مەرەکەبی سەر کاغەز ماوەتەوە، بەڵکو دەتوانین بڵێین هەر بە مردوویی لە دایکبووە. ئەم پەیڕەو نەکردنەی یاسای زمانەکان لە لایەک و هاندانی بەرچاوی زار و تەنانەت شێوەزارەکانی زمانەکە لە لایەکی ترەوە. زمانی کوردی خستووەتە بەردەم کەناری دابەشبوونێکی فراوان، کە ڕەنگە بە دابەشبوون و توانەوەی نەتەوەی کورد کۆتایی بێت. هۆکاری ئەمەش بۆ نەبوونی سیاسەتێکی پتەوی زمان دەگەڕێتەوە. (دارا حەمید، ٢٠١٦: ٤٩-٥٥)

٣،٣ بوارەکانی سیاسەتی زمانی لە بۆتەی "یاسای زمانەکان"دا و کاریگەرییان لەسەر پێگەی زمانی کوردی:

سیاسەتی زمان وەکو قۆناغی پێش دەرچوونی یاسای زمان و داڕشتنی یاسای زمان لەسەر بنەماکانی سیاسەتی زمان و لایەنی جێبەجێکاری پلانی زمانی. هەندێک بواری هەیە تێیاندا خۆی دادەڕێژێت و دەبنە جێگای سەپاندن و شوێنی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە. لە هەمانکاتیشدا کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر پێگەی زمانی کوردی دروست دەکەن. لە خوارەوە گرنگترین ئەو

بوارانە دەخرێنەڕوو لەگەڵ هێنانەوەی ماددەکانی تایبەت بەو بوارانە لە یاسای زمانە فەرمییەکان و کاریگەرییان لەسەر پێگەی زمانی کوردی دەخرێتە بەر شیکردنەوە:

١.بواری ڕاگەیاندن:

کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بیستراو و بینراو و خوێنراو، ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (فەرمی) لایەنێکی گرنگ و بواڕێکی جێی بایەخە بۆ سیاسەتی زمانی و هەوڵدەدات زمانی (فەرمی)یان تێدا بەکاربهێنرێت، تاکو بتوانێت سەنگ و شکۆی زمانی تێدا بپارێزێت و گەشەی پێبدات.

لە بەشی (حەوتەم) ماددەی (٢٠) لە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستاندا ئاماژە بەوە دەکات، کە میدیا و ناوەندی کەلتووری بە زمانی کوردی دەبێت و تەنیا لە کاتی پێویستی زمانی دیکە بەکاردەهێنرێت. ئەمەش خاڵێکی بنەڕەتییە بۆ پێگەدان بە زمانی کوردی بەڵام ئەگەر بێت و یاساکە وەکو خۆی جێبەجێبکرێت. ئەوەی تۆژینەوەکە بۆی دەرکەوتووە، زۆربەی میدیا و ناوەندە کەلتوورییەکان بە زمانی کوردینە، بەڵام تێبینی ئەوە دەکرێت، کە زمانی لە زۆربەی میدیاکان بە سەقەتی بەکاردێت. ئەمەش کاریگەری نەرێنی دروست دەکات و زمانەکە بەرەو قەیران دەبات.

٢.بواری پەروەردە و فێرکردن:

پەروەردە بواڕێکی فراوان و بنەڕەتییە لە سیاسەتی زمانیدا، چونکە لێرەدا پایەی زمانی نیشتیمانی (فەرمی) لە بەرامبەر زمانەکانی دیکە بە سەرجەم قۆناغەکان دیاریدەکات و پێویستە تێیدا دەرفەتی زێڕین بۆ زمانی (نیشتیمانی) بڕەخسێنرێت، تاکو پێگەی خۆی بەرامبەر زمانانی دیکە لەم بوارەدا لەدەست نەدات.

لە بەشی (پێنجەم) ماددەی (١٣) لە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستاندا دەڵێت: زمانی کوردی لە پەروەردە و پڕۆسەی فێرکردن و خوێندن زمانی فەرمییە لە کوردستانی عێراقدا. ئەمە وەکو یاسا هەیە و تەواوە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانریت کە (٨٥%)ی خوێندن و پێخوێندن لە هەرێمی کوردستاندا کوردییە و ئەمە تەنیا باسی قوتابخانە حکومییەکانە و باسی قوتابخانە ناحکومییەکانمان نەکردووە کە ئایا خوێندن بەکوردیان بە کوێ گەیاندووە.

(چونکه ئەمەیان بۆ خۆی چەند توێژینەوەیەکی تایبەتی پێویستە) بەمەشدا دەردەکەوێت پلانی فێرکاری زمانی کوردی کاریگەری نەرێنی دەخاتە سەر پلانی پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا. (سەعد قازی،٢٠٢٠: ٣١٢) کەواتە جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە لە ئای زمانە فەرمییەکان تووشی کێماسی دەبێت و کاریگەری نەرێنی لەسەر پێگەی زمانی کوردی دروستدەکات. چونکە توێژینەوەکان لە قوتابخانە تایبەتەکان ئەوەیان دەرخستووە، کە بەهۆی خوێندن بە زمانی ئینگلزی لە قۆناغی بنەڕەتدا. نەوەیەک (جیلێک) پەیدابووە نەک هەر کوردی باش نازانێت، بەڵکو هەر کوردی نازانێت.

٣.بواری کارگێڕی و بەڕێوەبردن:

بەکارهێنانی زمانی فەرمی لە مامەڵەکانی فەرمانگە حکومییەکان و نووسراوە فەرمییەکانی دامەزراوە کارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتییەکان و نووسینی تابلۆکانیان و تابلۆی ئۆتۆمبیل دەبێت پەیڕەو بکرێت و ڕەچاوی یاسا و پێکهاتەی زمانەکەی تێدا بکرێت. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە زمانەوانان ڕۆڵیان لە چاودێریکردن و وردبینی کردنی ئەم لایەنە هەبێت.

لە بەشی (چوارەم) ماددەکانی (٧،٨،٩) لە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستاندا کە تایبەتن بە زمانی دامودەزگاکانی حکومەت و دامەزراوەکانی دیکە، زمانی کوردی بە زمانی ئاخاوتن و نووسینی فەرمی سەرجەم دامەزراوەکان، زمانی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ، زمانی پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوە بیانییەکان، زمانی ڕێککەوتنی هەرێم لەگەڵ لایەنە دەرەکییەکاندا دەناسێنێت و بە مەرجی دادەنێت. بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش، کە ئایا تا چەند ئەم خاڵانە جێبەجێدەکرێت و سەنگ و شکۆی زمانی کوردی لەو پێگانەدا دەپارێزرێت؟ هەروەها ماددەکانی (١٠،١١،١٢) بۆ پێویستی بوونی نووسینی کوردی لەسەر تابلۆکان و تابلۆی ئۆتۆمبێلەکان تەرخانکراوە بەڵام دیسان زۆر بە کەمی جێبەجێکردنەکەی دەبینرێت و بگرە زۆرجار پێچەوانەکەشی دەبینرێت، هەندێجار لەلایەن خودی دەسەڵاتەوە کارە پێچەوانەکە ئەنجام دەدرێت. یەکێک لەوانە گۆڕینی تابلۆی ئۆتۆمبێلە. لە بەشی کارەکی توێژینەوەکە ئەم لایەنانە خراونەتە بەرپرسیار و شیکردنەوە.

وێنەی ژمارە (١) وێنەی تابلۆی ئۆتۆمبێل

ئەگەر سەیری وێنەی ژمارەی (١) بکەین، دەبینین لایەنی دەسەڵات خودی خۆی پێچەوانەی یاسای زمانە فەرمییەکان هەڵسووکەوتی کردووە، تابلۆی ئۆتۆمبێلی گۆڕیوە بۆ ئینگلیزی.

سەبارەت بە تابلۆی فرۆشگا و شوێنە بازرگانی و ڕێستورانت و جێگاکانی دیکە تۆژینەوەکە لەو ڕێژەیەی وێنەی گرتوون، بەمشێوەیەی خوارەوەبووە:

وێنەی ژمارە (٢) ڕێژەی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە تابلۆکان

٤.بواری ئابووری و بازرگانی:

بەکارهێنانی زمانی خۆمالّی (فەرمی) لەسەر؛ کەل و پەلی هاوردەکراو و نێردراو، بۆندە بازرگانییەکان، مامەڵە ئابوورییەکان، دراو، پوول، ڕەسم و باجەکان، سەرجەم نووسراو و ڕاگەیاندراوی شوێنە بازرگانییەکان. لە هەمانکاتدا پەیداکردنی بژێوی بە زمانی خۆمالّی دەبێتە خاڵی وەرچەرخانی زمان و پێگەکەی بەهێز دەکات. پەیڕەوکردنی ئەم لایەنانەی ئەم بوارە بێگومان سەنگ و قورساییەکی تایبەت بە زمانەکە دەبەخشێت و شکۆی بۆ دەگەڕێنێتەوە.

بەشی (شەشەم) سەرجەم ماددەکانی (١٤تاکو٢٠) لە یاسای زمانە فەرمییەکان تەرخانکراوە بۆ (زمانی کار و بازرگانی) بەکارهێنانی زمانی کوۆدی بۆ گشت کۆمپانیاکان بە پێویست دادەنێت. هەروەها زانینی زمانی کوردی بە مەرجی پیشینەیی دادەنێت بۆ بەدەستهێنانی کار و وەرگیران لە کارێک، ئەمە لە ئیستادا تەواو پێچەوانە بووەتەوە و زانینی زمانانی (ئینگلیزی و عەرەبی) مەرجی سەرەکی بە دەستهێنانی کارن. ئەمەش بووەتە هۆی نەمانیهەستی گرنگی زمانی کوردی لای ئاخێوەرانی زمانەکە و کاریگەری نەرێنی لەسەر پێگەکەی بە جێدەهێڵێت بە هۆی ئەم دید و بۆچوونەی ئاخێوەرانییەوە. ماددەکانی تریش بۆ نووسینی سەر بەرهەمە هەناردەکرا و هاوردەکراوەکان تەرخانکراوە، کە دەبیت بە کوردی لەسەریان نووسرابێت، بەڵام بێگومان ئەمەش وەکو خۆی جێبەجێ ناکرێت و بازاڕەکان بگەڕێ بە سەدان بەرهەم دەدۆزیتەوە کە هیچ پیتێک نەک وشەیەکی کوردیشی لەسەر نییە.

٥.بواری بازاڕگەری:

بازاڕ و شوێنی کار، جێگەی دەرکەوتنی زمان و پێگەکەیەتی، بۆیە پانتاییەکی گەورەی سیاسەتی زمانییە و تێیدا جەخت لە بەکارهێنانی زمانی (فەرمی) لەسەر

تابلۆی شۆێنکار و شەقام و بازاڕەکانی وەکو؛ فرۆشگا، قوتابخانە، نەخۆشخانە، میوانخانە و بازاڕەکان دەکرێتەوە. بە ڕەچاوکردنی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی، ئەوەی ئێستا لەم بوارەدا دەبینرێت، لە هەڕەمەکێتی و شێواندنی زمانی کوردی زیاتر شتێکی تر نییە. (هەژار حوسێن و مستەفا ڕەزا، ٢٠١٩: ٥٢٧-٥٣٢)

ئەگەر سەیری دیمەنە زمانییەکانی شاری هەولێر بکەین( )، تێبینی ئەوە دەکەین کە لەکۆی ئەو ژمارەیەی وەرگیراوە کە وێنەی (٣٠٠) تابلۆیە تەنیا (٨٨) تابلۆیان بە شێوازی فەرمی نووسراون و (٢١٢)یان بە شێوازی نافەرمی نووسراون. لێرەدا مەبەست لە شێوازی فەرمی نووسینی دیمەنە زمانییەکان ئەو شێوازەیە کە لە یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان هاتووە و دەڵێت: (تابلۆی ڕێنمایی شەقامەکان و دەستنیشانکردنی شوێن و دەڤەرەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەبن، بەمەرجێک نووسینە کوردییەکە لە بەشی سەرەوەی تابلۆکەدا بێت و دەرکەوتووتر بێت)( )

ڕێژەی دەرکەوتنی دیمەنە زمانییەکان بە شێوازی فەرمی و شێوازی نافەرمی بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

شێوەی ژمارە ١ شێوازی بەکارهێنانی زمان لە دیمەنی زمانیدا

٦.بواری مامەڵە یاساییەکان:

لێرەدا بۆ پاراستنی زمان دەبێت سەرجەم گرێبەست وڕێککەوتنەکان چ ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی بن بە زمانی نیشتیمانی نووسرابن، ئەگەر زمانی دووەمیشیان تێدا بەکارهاتبێت. (ئازاد عزیز، ٢٠٢١: ١٧٩) ئاماژەی بە (احمد الضبیب،٢٠١٢: ١٩٧-١٩٨) کردووە. ئەمەش یەکێکی تر لە ماددەکانی یاسای زمانە فەرمییەکان، بەڵام دیسان ئەمیش بەو شێوەیە پەیڕەو ناکرێت و زۆر لە شوێنە بازرگانییەکان و ڕێکخراوەکان لە گرێبەستەکانیان زمانی ئینگلزی یاخود زمانی عەرەبی بەکاردەهێنن.

٧.بواری فەرهەنگ و ڕۆشەنبیری:

ئەم بوارە لە دانانی سیاسەتی زمانی پانتاییەکی گەورەی بەردەکەوێت و دەبێت لە هەموو جۆرە چالاکییەکی هونەری و ڕۆشەنبیری و کەلتووری، جەخت لەسەر بەکارهێنانی زمانی نیشتیمانی بکرێتەوە و بناغەی داڕشتنی سەرجەم کارەکان بێت.

بەشـی (حەوتەم) لە یاسـای زمـانە فەرمییەکـان تەرخـانکراوە بـۆ (زمـانی فەرهەنـگ و ڕۆشـەنبیری) لە ئەنجامـدانی هەر چـالاکییەکی هونەرییـدا ئەگەر بیانیش بێت، بەکارهێنانی زمانی کوردی بە مەرج داناوە. هەروەها بەرهەمهێنان یان نمایشکردنی هەر کارێکی هونەری و کەلتووری لە هەرێم پێویستە بە زمانی کوردی بێت یاخود وەرگێڕانی کوردی لەگەڵدا بێت.

لە زۆرێک لەو چالاکیـانەی لە هەرێمـی کوردسـتان ئەنجـام دەدرێـن، زمـانی کـوردی بەکاردێـت، ئەمەش ئاسـۆیەکی گەشـە، بەڵام ئەوەی جێـی داخە بەکارهێنـانەکەی یـان بە سـەقەتییە و هەڵەی ڕێزمـانی زۆری تێـداە یـاخود لە بەکارهێنانـدا دەکرێتە پەراوێـزی زمـانە بێگانەکـان. ئەمەش مەترسـییە بـۆ سـەر پێگەکەی و شکۆکەی دەشکێنێت.

٨.بواری گەشتیاری:

بەکارهێنانی زمانی نیشتیمانی (کوردی) لە سەرجەم شوێنە گەشتیارییەکان و دەرکردنی ڕێبەرنامە بە زمانی کوردی و ناساندنی زمان و کەلتوور و مێژووی کـورد بە گەشـتیاران. هەروەهـا چـاودێریکردنی شـوێنە گەشـتیاریەکان بـۆ بەکارهێنـانی زمـانی (نیشـتیمانی) لەسـەر لیسـتەکانیان و ئاخـاوتن پێـی لە لایەن کارمەندەکانیانەوە لەلایەن پسپۆرانی ئەم بوارە کارێکی پێویستە.

لە یاسای زماندا ئەمەی سەرەوە باسکراوە بەڵام جێبەجێکردنـی فەرامـۆش و پشتگوێ خراوە.

٩. ئاخێوەری زمان:

یەکێک لە لایەنە هەرە گرنگەکـان، کە پێویسـتە سیاسـەتی زمـانی و دواتـریش پلانی زمانی بۆ دابڕێژرت و لە یاسای زمانە فەرمییەکان بچەسـپێندرێت و کـاری لەسـەر بکرێت، خودی ئاخێوەری زمانەکەیە. دەبێت داڕێژەرانی سیاسـەتی زمـانی "دید/هەڵوێست"ی ئاخێوەر فەرامۆش نەکەن و کـار بکەن بـۆ دانـانی سیاسـەتێکی کـاریگەر بـۆ دروسـتکردنی هەسـتی ئەرێنـی بـۆ ئـاخێوەرانی زمـانەکە بەرامـبەر زمـانەکەی خۆیـان، تـاکو لە لەنـاوچوون بپـارێزن. چـونکە ئەگەر ئـاخێوەرانی زمانێک دیدێکی نەرێنییان بۆ زمانەکەیان هەبێت، ئەوا بێگومان پشـتی تێدەکەن و تەنیا دەیهێڵنەوە، ئەمەش بە مەرگی زمانەکە لە تەنیایدا کۆتایی دێت.

ئەنجامەکان

لە کۆتاییدا تویژینەوەکە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتووە:

١. سیاسەتی زمانی وەکو قۆناغی یەکەم و پلانی زمانی وەکو قۆناغی ناوەدی یاسای زمانەکان ڕۆڵ دەگێڕن.

٢. سیاسەتی زمانی چ سیاسەتی ئاشکرا بێت کە لە شێوەی یاسای زمانیدا دەردەکەوێت، یاخود سیاسەتی نائاشکرابێت کە لە هەڵوێستی ئاخێوەرانی زمانێکدا خۆی دەبینێتەوە. کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر پێگەکەی هەیە و دەبنە پارێزەر/لەناوبەری زمانێک .

٣. یاسای زمانی دەبێتە چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ سیاسەت و پلانی زمانی تاکو زمانێک و پێگەکەی بپارێزێت، یاخود پلان بۆ لەناوبردنی زمانێک یان چەند زمانێک دابنێت.

٤. ئەو یاسا زمانییەی لە هەرێمی کوردستان هەیە ماددەی زۆر باشی تێدایە و پێویستە زیاتر گرمگی پێبدرێت و جارێکیتر بە سەرپەرستی زمانەوانەکان دابڕێژرێتەوە.

٥. جێبەجێکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان، کەم و کوڕی زۆری تێدایە، بگرە زۆرێک لە ماددەکان پێچەوانەکەیان جێبەجێدەکرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازکردنی پێگەی زمانی کوردی.

سەرچاوەکان

ا- بە زمانی کوردی:

- ئومێد بەرزان. (٢٠١٦). پلانی زمانی و ئاسایشی زمانی نەتەوەیی. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ: ٥٠، ٩-٢٦.
- تاریق جامباز. (٢٠١٢). نەک لە باکوور لە باشووری کوردستانیش زمانی کوردی قەدەغە دەکرێ. زماننناسی، ژ.١٣، ٧٥-٧٧.
- تاریق جامباز. (٢٠١٤). بوونی نەتەوە و سیاسەتی زمان. هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.
- خۆشناو عەزیز و عومەر مەحمود. (٢٠١٧). کورد و پلانسازی زمان. گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژ.٤٢، ٥-٥٢.
- دارا حەمید. (٢٠١١). یاسای زمانەکان. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەلات.
- دارا حەمید. (٢٠١٦). زمانی کوردی لەنێوان سیاسەتی زمان و پلانی زماندا. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ: ٥٠، ٤٥-٥٦.
- دارا حەمید. (٢٠١٧). یاسای زمانەکان و دۆخی ئێستای زمانی کوردی. گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژ.١٣، ٢٦٥-٢٧٦.
- ڕەحیم سورخی. (٢٠٢١). حکوومەتمەندیی زمان لە ئیستعماری ناوخۆیی ئێراندا. گۆڤاری تیشک، ژ: ٦١، ٢٤-٣٩.
- سەعد عبدالرزاق قازی. (٢٠٢٠). سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا. هەولێر: نامەی دکتۆرا.
- سەلام ناوخۆش. (٢٠١١). یاسای زمانە ناوچەییەکان. زماننناسی، ژ.١٢، ١١١-١١٧.
- شەفیق قەزاز. (٢٠٠٤). زمانی کوردی نێوان یاسای دەوڵەت و گرفتەکانی خۆی. ئەکادیمی، ژ.٢، ٧٠-١٠٣.
- قەیس کاکل تۆفیق (د). (٢٠٠٧). ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان. هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس.
- محەمەد مەعروف فەتاح. (٢٠١٠). لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەلات.
- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو. (٢٠١٨). سیاسەتی زمان چەمک و ڕێکارەکانی. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ.٤١، ٧-٤٢.
- نەوزاد ئەنوەر و تەلار صباح. (٢٠١٧). ململانێ و بەریەککەوتنی زمانەکان و کاریگەرییان لەسەر زمانی دایک. ResearchGate.
- هەژار حوسێن و مستەفا ڕەزا. (٢٠١٩). پلانی زمانی و هەنگاوەکانی پاراستنی زمانی کوردی. گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژ: ١، ٥١٥-٥٣٦.

ب- بە زمانی عەرەبی:

- نجوى فيران (د). (٢٠١٨). المواقف و السلوكات اللغوية (التحيز و الاختيارات اللغوية). مجلة تاريخ العلوم، عدد: الحادي عشر، ١٤٨-١٥٩.

- لـويس جـان كـالفي ت: د.حسـن حمـزة. (٢٠٠٨). حـرب اللغـات و السياسـات اللغويـة. بيـروت: المنظمة العربية للترجمة.
- حسين داوری. (١٣٩٩). سياست و برنامه‌ريزی زبانی. راهبرد فرهنک، ش: ٤٩، ٧-٣٥.

ج – به زمانی ئینگلیزی:

-E.Shohamy,. (2006). Language Policy: Hidden Agendas and New Approaches . London and New York: Routledge.
-Bernard Spolsky. (2007 no.1). Towards a Theory of Language Policy. WPEL.
-Fishman, J.A. (1989). Status planning for endangered languages. Language reform, Vol.IV.
-H.G.Schiffman, . (1996). Linguistic Culture and Language Policy. London and New York: Routledge.
-Kendal A. King & Lyn Wright Floge. (2017). Family Language Policy. In T. M. McCarty (Ed.), Language Policy and Political Issues in Education (third edition ed., pp. 315-327). Springer, Cham.
-Lloyd Hill. (2010 vol.39). Language and status. Stellenbosch Paper in Linguistics, 41-58.
-Ulrich Ammon. (1989). Status and Function of languages and Language Varieties. Berlin: Walter de Gruyter.
-Xiao Lan Curdt-Christiansen. (2009). Invisible and visible language planning: idological factors in the family language policy of Chinese immigrant families in Quebec. Lang Policy, 351-375.

Language policy and planning in the context of language law and their role in preserving the status of the Kurdish language

Asst. Lect. Shalaw Saleh Hamagharib
Department of Kurdish language, College of languages, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Shallaw.hamahamagharib@su.edu.krd

Keywords: Language Policy, Language Planning, the Low of Language, Language Status, Language Prestige

Abstract:

In today's world, language policy, planning, and law are curren issues of interest to researchers and linguists. These aspects can have a positive or negative impact on languages and are involved in the preservation or destruction of one or more languages. That is why they are of great importance in linguistic research and the formulation of state policies. This paper summarizes a doctoral thesis entitled (The Position of Kurdish Language in the Context of Language Policy). Here he tries to explain each area of language policy and law and present their relationships and complementarities. At the same time, it should highlight their role in preserving/destroying and enhancing/lowering the status and dignity of the Kurdish language and analyze the developments and consequences of the implementation and non-implementation of the language law. In other words, the study focuses on an important and sensitive issue of this stage of the Kurdish language, which is its position and aims to explain the impact of the language law as a constitutional stage and complement language policy and plan. So that it can become a viewpoint for the right direction for the future of the Kurdish language.

ملخص:
سياسة اللغة والتخطيط في سياق قانون اللغة ودورها في الحفاظ على مكانة اللغة الكردية
في عالم اليوم، تعد سياسة اللغة والتخطيط والقانون من القضايا الحالية التي تهم الباحثين واللغويين. يمكن أن يكون لهذه الجوانب تأثير إيجابي أو سلبي على اللغات وتشارك في الحفاظ على لغة واحدة أو أكثر أو تدميرها. ولهذا السبب فهي ذات أهمية كبيرة في البحث اللغوي وصياغة سياسات الدولة. يلخص هذا البحث رسالة دكتوراه بعنوان (مكانة اللغة الكردية في سياق السياسة اللغوية). يحاول هنا شرح كل مجال من مجالات سياسة اللغة وقانونها وعرض علاقاتها وأوجه تكاملها. وفي الوقت نفسه، ينبغي تسليط الضوء على دورهم في الحفاظ على/تدمير وتعزيز/تقليل مكانة وكرامة اللغة الكردية وتحليل التطورات والعواقب المترتبة على تنفيذ وعدم تنفيذ قانون اللغة. بمعنى آخر تركز الدراسة على قضية مهمة وحساسة لهذه المرحلة من مراحل اللغة الكردية وهي موقفها وتهدف إلى توضيح تأثير قانون اللغة كمرحلة دستورية ومكملة لسياسة وخطة اللغة. حتى تصبح وجهة نظر للاتجاه الصحيح لمستقبل اللغة الكردية.
*بەشی کوردی، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کورستان، عێراق.
Shallaw.hamahamagharib@su.edu.krd

ڕۆڵی یاسا لە پاراستن و پێشخستنی زمانی کوردیدا

پ.د.شۆرش حەسەن

لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا هەموو بوارەکانی ژیان پێویستە بەیاسا ڕێکبخرێن، لەپێناو پاراستنی ژیانی تاکەکان و بەرجەستەکردنی مافەکانیان، هەر کۆمەڵگەیەکیش بۆ ئاخاوتن و لێک تێگەیشتن، بێگومان زمانێکی تایبەت بەخۆی هەیە، جاری واش هەیە لە کۆمەڵگاکەدا زیاتر لە زمانێک بەکاردەهێنرێ. ئەمەش بەو پێیەی هەر نەتەوەیەک زمانێکی ستانداردی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەو زمانەش هەمیشە پێویستی بە پاراستن و پێشخستنە، ئەمە ئەرکی تەواوی تاکەکانی نەتەوەیە هەست بەو بەرپرسیاریەتە بکەن، بەڵام ئەوەی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لە پاراستنی زمان و پێشخستنی بوونی یاسایی تایبەتە، کە هەم چوارچێوەی ڕێکخستنی بەکارهێنان و پاراستنی زمانەکە دیار دەکات، هەمیش سزا دەسەپێنێ بۆ هەر پێشێلکارییەک بەرانبەر دەقەکانی یاساکە بکرێن، ئەو دەقانەی ڕێوشوێنی پێویست دیاردەکەن لەپێناو بەرزڕاگرتنی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی لە هەرێمی کوردستان و لەعێراقی فیدراڵیشدا. بۆ ئەو مەبەستە باسەکەمان لە دووبەش دەخەینەروو.

یەکەم: تایبەتە بە خستنە ڕووی چوارچێوەی یاسایی بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی.

دووەم: باس لە سزای سەرپێچیکردنی یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێم دەکەین.

لە بەشی یەکەم چوارچێوەی یاسایی بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی:

یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی ٢٠٠٤ دەستورێکی کاتی بوو، دانی نا بە زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی شانبەشانی زمانی عەرەبی، هەروەها لەگەڵ ڕوونکردنەوە و دیارکردنی ئەو بوارانەی کە زمانی کوردی تیایاندا لەگەڵ زمانی عەرەبی زمانی فەرمی دەبێ، بەڵام ئەو دەستورە بۆ ماوەی ساڵێک کاری پێکراو لە قۆناغی ڕاگوزەردا تا ئەو کاتەی دەستووری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ دەرچوو، ئەویش دانینا بە فەرمیبوونی زمانی کوردی شانبەشانی زمانی عەرەبی لە سەرانسەری عێراق و لە زۆر بواری گرینگدا، ڕێکخستنی ئەو بوارانەی بەجێی هێشتبوو بۆ یاسایەکی ئاسایی، ئەو یاسا ئاساییەش یاسای زمانە فەرمییەکان بوو ساڵی ٢٠١٤ بە ژمارە (٧) دەرچوو، ئەو بوارانەش بریتی بوون:

-لە دەرکردنی ڕۆژنامەی فەرمی، قسەکردن و وتووێژ و گوزارشتکردن لە کۆبوونەوە فەرمییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵی و دادگاکان و ئەنجومەنی دادوەری و کۆنفرانسە فەرمییەکان، لە کۆبوونەوە فەرمییەکانی پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم، هەروەها لە پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتە فیدراڵییەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان، دەرکردنی دراوی نەختینە و پاسەپۆرت و پولی دارایی و پۆستە و هەر بواریکی تر لەسەر بنەمای یەکسانی، وەک تابلۆکانی وەزارەتەکان و فەرمانگە فیدراڵییەکان و ئەوانەی هەرێمی کوردستان .

دوای ئەوە لە هەرێمی کوردستان یاسای زمانە فەرمییەکانی ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠١٤ دەرچوو، ئەو یاسایە بریاری داوە کە تابلۆی سەرجەم دامەزراوە و فەرمانگە حکومییەکان لە هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی و عەرەبی بنووسرێن، لەگەڵ ڕەچاوکردنی زمانی پێکهاتەکانی تر، بە مەرجێک نووسینە

کوردییەکە لە بەشی سەرەوەی تابلۆکە بێت، تابلۆی نووسینگە و نوێنەرایەتی و کونسەڵگەری وڵاتان و ڕێکخراوە بیانییەکان لە هەڕێمدا بە زمانی کوردی و عەرەبی و زمانی لایەنەکەی دیکە دەبێت.

هەر دەزگایەکی حکومی و ناحکومی عێراقی و بیانی کە مامەڵەی لەگەڵ هاووڵاتیانی هەڕێمدا هەبێت، پێویستە لە فۆرم و نووسراوەکانیاندا زمانی کوردی بەکاربهێنێت . هەروەها گشت کۆمپانیا و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت پێویستە زمانی کوردی بەکاربهێنن و بەکارهێنانی زمانی بیانی بەپێی پێویستی خزمەتگوزاری و زمانی بەکارهێنەران ئازادە. لە پەیوەندی نێوان خاوەنکار و کارمەندەکانیدا (بەگرێبەستیشەوە) پێویستە زمانی کوردی بەکاربهێندرێت دەکرێت لە پاڵیدا زمانێکی دیکەش بەکاربهێندرێت. لەبارەی تابلۆی ڕێنمایی شەقامەکان و دەستنیشانکردنی شوێن و دەڤەرەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەبن، بە مەرجێک نووسینە کوردییەکە لە بەشی سەرەوەی تابلۆکە بێت و دەرکەوتوو تر بێت. هەموو جۆرە ڕێکلام و بانگەشە و ئاگادارییەکی کارو بازرگانی لە هەرێم، پێویستە بە زمانی کوردی بێت و دەکرێت لەگەڵیدا زمانی دیکەش بەکار بهێندرێت. هەروەها هەموو شتومەک و کەل و پەل و کاڵایەک کە لە هەرێم بەرهەم دەهێندرێت پێویستە بە زمانی کوردی ڕێنمایی لەسەر بنووسرێت، کۆمپانیاکانی هاوەردەکردنی خواردن و دەرمان لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە پابەندبکرێن بە وەرگێڕانی ڕێنماییەکان بۆ زمانی کوردی .

لە بواری فەرهەنگی و ڕۆشنبیری میدیا و ناوەندی کلتووری لە هەرێم بە زمانی کوردی دەبێت، و لەکاتی ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی هونەری و کلتووری بیانی لە هەڕێمدا دەبێت پۆستەر و پڕوپاگەندەی کارەکە کوردی تێدابێت، لەپاڵ زمانە بیانییەکە. هەر کارێکی هونەری و کلتووری کە لە هەرێم بەرهەم دەهێندرێت یان نمایش دەکرێت دەبێت بە کوردی بێت، یان وەرگێڕانی کوردی هەبێت. لە بواری پەرەوەردە و پڕۆسەی فێرکردن و خوێندندا زمانی کوردی زمانی فەرمییە لە کوردستانی عێراقدا ، بۆ دامەزراندن یان کارکردن بە گرێبەست لە هەر شوێن و کارێکدا ئەوانەی زمانی کوردی دەزانن دەرفەتی وەرگرتنیان زیاتر دەبێت، بەڕەچاوکردنی پسپۆڕی و تایبەتمەندی کارکردن لە سێکتەرە جیاجیاکان .

سەرەرای هەموو ئەمانەش یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و یاسای گەشتوگوزاری هەرێم، لە ئامانجەکانیاندا جەختیان لەسەر پاراستن و پەرەپێدانی کەلتوری ڕەسەنی کوردستان کردۆتەوە، لە پێشەوەش پاراستنی زمانی کوردی و کارپێکردنی لە بواره جیاوازەکاندا. کەواتە زەمینەی یاسایی لەبارە بۆ پاراستن و پێشخستنی زمانی کوردی لە هەموو بوارێکدا، خوێندن و پەروەردە، بازرگانی و کار و کارگێڕی، ڕێنمایی شارەوانی و جادەوبان و شوێنە گەشتیاریەکان، لەپێناو پابەندکردنی کەسە سروشتی و مەعنەویەکان بەو دەقە یاساییانەوە، پێویستە سەرپێچیکاران ڕووبەرووی سزای یاسایی بکرێنەوە، ئەو سزایانەی کە لەبەشی دووەمدا باسیان لێدەکەین.

بەشی دووەم: سزای سەرپێچیکردنی یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێم

بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا بنەمای دەستوورییە و یاسایی هەیە و پێویستە گشت تاکەکان و دامەزراوە فەرمییەکان ڕێزیان لێبگرن و جێبەجێیان بکەن و هەنگاوی پێویست بگرنەبەر بۆ جێبەجێکردنیان، هەر کەمتەرخەمی یان ڕێگرییەک لەم بارەیەوە سەرپێچی لێدەکەوێتەوە. بەپێی یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠١٤، هەر کەسێک کە سەرپێچی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە بکات، ئەگەر هاتوو فەرمانبەر بوو ئەوا سزا بەرزەفتکارییەکانی بەسەردا جێبەجێدەکرێت. ئەم جۆرە سزایە سزایەکی کارگێڕییە و سەپاندنی لەلایەن ئەو فەرمانگەیەوە دەبێت کە فەرمانبەرەکە کاری تێدا دەکات یان لەلایەن وەزیری پەیوەندیدارەوە بەر لەوەی بابەتەکە بگاتە دادگا، ئەمەش لەپێناو ئەوەیە کە فەرمانبەری کەرتی گشتی پابەند بێت بە یاسا و ڕێنمایە بەرکارەکان.

بەڵام ئەگەر کەسەکە فەرمانبەر نەبێت و سەرپێچی ئەم یاسایە بکات، ئەوا سەرپێچیکەر ئاگادار دەکرێتەوە کە لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا سەرپێچییەکە ڕاست بکاتەوە، ئەگەر هاتوو ئاگادارکرایەوە و سەرپێچیەکەی لانەبرد و بەردەوام بوو لەسەری، ئەوا بە سزای پێبژاردن سزا دەدرێت کە لە (٥٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠٠) هەزار دینار زیاتر نەبێت بۆ سەرپێچی هەر ڕۆژێکی. ئەمەش سزایەکی دارایی کاریگەرە بۆ ناچاکردنی سەرپێچیکار بۆ پابەندبوون بە یاسای زمانە فەرمییەکان. ئەو دەقە سزاییانەش لە یاساکەدا بایەخی گرنگیان هەیە لە

ناچارکردنی کەسەکان بە پابەندبوون بەدەقەکانی یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەموو ئەو بوارانەی یاسەکە بریاری لێداوە و ڕێکی خستوە، بۆ هەر کەسێک جا ئەو کەسە کەسێکی سروشتی بێت (فەرمانبەر بێ یا غەیری فەرمانبەر)، یا کەسی مەعنەوی بێت وەک فەرمانگە فەرمییەکان و کۆمپانیا گشتی و تایبەتەکان، لەکاتی سەرپێچیکردندا ڕووبەڕووی سزای یاسایی دەبنەوە.

هەر کەسێک لە ئەنجامی سەرپێچیکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە زیانی مادی یان مەعنەوی پێبگات مافی هەیە داوای یاسایی بجوڵێنێت، هەروەها داواکاری گشتیش دەتوانێ داوا بجوڵێنێ دژی هەر سەرپێچیەک کە بەرانبەر دەقەکانی ئەو یاسایە بکرێ لەلایەن هەرکەسێکەوە بێ. هەروەها یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی کوردستانی عێراقی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١١ ش جەخت لەسەر پاراستن و بەرەو پێشخستنی زمانی کوردی و زمانی پێکهاتەکانی تری هەرێمیش دەکات، کاتێک لە مادەی دووەمیدا دەڵێت وەزارەت ئەو ئەرک و ئامانجانە دەگرێتە ئەستۆ، یەک لەو ئەرک و ئامانجانەی کە لە بڕگەی دووەمیدا هاتووە دەڵێت: : (بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی کولتوری کوردستان بەو جۆرەی ڕەسەنایەتی و پاراستنی کەلەپوور پتەودەکات، گەشە بەنەریتی مەدەنی و پێشکەوتنخواز لە بواری چالاکیی کولتووری و هونەری و وەرزشی و لاوان دەدات، ڕێزگرتن لە فرەیی هزری کولتووری و نەتەوەیی و بایەخدان بە زمانی کوردی و زمانی نەتەوەکانی دیکەی هەرێم و بەو جۆرەی پشتگیری لە ڕۆحی هاوواڵاتی بوونی کوردستانی و کرانەوە بەرەو چاوگەکانی کولتووری جیهانی دەکات).

لە خستنەرووی ئەو دەقە یاساییانەوە بۆمان دەردەکەوێ کە یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان، وەک یاسایەکی تایبەت بە پاراستنی زمانی کوردی سزای دیارکردوە بەرانبەر هەر پێشێلکاریەک لەسەر دەقەکانی ئەو یاسایە بکرێ، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای دەزگا پەیوەندارەکانیەوە بەتایبەتی ئەکادیمای کوردی، کار لەسەر بڵاوکردنەوەی هۆشیاری پاراستنی زمانی کوردی بکات، چونکە کارکردن بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە لەتوانای تاکە کەسەکاندا نیە، بەڵکو پێویستە دەزگای تایبەتی بۆ تەرخان بکرێ و ئەو دەزگایانەش کەسانی شارەزای بواری زمان کاری تێدا

بکەن و بەرێوەی بەرن، بە مۆدیلی تەزکیەی حیزبی وخزم خزمێنە دانەمەزرێن وبەرێوەنەبرێن.

بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی کولتوری کوردستان بەو جۆرەی ڕەسەنایەتی و پاراستنی کەلەپوور پتەو دەکات، گەشە بەنەریتی مەدەنی و پێشکەوتنخواز لە بواری چالاکیی کولتووری و هونەری و وەرزشی و لاوان دەدات، ڕێزگرتن لە فرەیی هزری کولتووری و نەتەوەیی و بایەخدان بە زمانی کوردی و زمانی نەتەوەکانی دیکەی هەرێم و بەو جۆرەی پشتگیری لە ڕۆحی هاوواڵاتی بوونی کوردستانی و کرانەوە بەرەو چاوگەکانی کولتووری جیهانی دەکات).

مامۆستای پەیمانگای عەلەمەین بۆ خوێندنی باڵا- نەجەفی پیرۆز

یاسای پاراستنی زمانی کوردی

سالم سەلمان سلیمان

لە زماناسیدا ئەوە یەکلابۆتەوە و جێگیرکراوە کاتێک مرۆڤ لەدایک دەبێت تاوەکو قۆناغی منداڵی و هەرزەکاریدا، قۆناغێکە تەواو جیاوازە، چونکە لەم قۆناغەدا بە تەواوەتی ئامادەیە بۆ فێربوونی زمانی دایک، لەم سۆنگەیەوە گرنگیدان بە زمانی زگماک ڕۆڵ و بایەخی خۆی هەیە .

بەڵام بە داخەوە دەبینین بە درێژایی مێژوو و لەگشت قۆناغەکانی جیاوازەکانی مێژوودا و بە تایبەت لەم سەد ساڵەی ڕابردوو، دوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی و دابەشبوونی کوردستان بۆ چوارپارچە، زمانەکەمان دووچاری جینۆسایدێکی کولتووری بێوێنە بۆتەوە، کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا وێنەی کەم بووە، بە پلان و بەرنامەی داڕێژراو و بە دەستوورو یاسا ئەم زمانەیان لە ئێمەی کورد قەدەغەکردووە، زمان و هزرو هەژموونی خۆیان وەک نەتەوەی سەردەست و سیاسەتی یەک نەتەوە یەک زمان پەیڕەو کردووە، بە مەبەستی سڕینەوەو داگیرکردنی هزرو مێشکی منداڵانی کورد، تا وای لێبکات بیرکردنەوەی بە زمانی دایک نەبێت و کەسێکی لێدەربچێت بە زمانی نەتەوەی سەردەست بیربکاتەوە و نەتوانێت هیچ بابەتیکی زانستی و مەعریفی

بنووسێت و وای لێبکات که زمانی دایک لای ببێت به زمانی دووەم و سێیەم و بەهـــای نەمێنێـــت، ئەمەش زەبرێکـــی کوشـــندەیە دەرهەق بە زمانەکەمـــان و سیاســەتێکی نامرۆڤـانەیە کە هەسـتی نیشـتیمانی و هـاوولاتی بـوون لای تـاکی کورد لاواز دەکات و ئاسایشی نەتەوەییمان دەخـاتە ژێر پرسیار، کە ئەم جۆرە سیاسەتە هاودژە لەگەڵ گشت یاساو مافی زمان و مـافی مـرۆڤ لەسـەرانسـەری دونیـــادا، بە تـــایبەتی ئەم سیاســـەتە نامرۆڤـــانەیە لە ڕۆژهەلات و بـــاکوورو ڕۆژئاوای کوردستاندا زیاتر پیادەکراوە .

خۆشـبەختانە لەم بەشـەی کوردسـتان سـەرەڕای ئەو هەمـوو کارەسـاتەی بەسەر میللەتەکەمان هاتووە لە سیاسەتی تەعریب تەبعیس و ڕاگواستندا، کەچـی تا رادەیەک توانیومـانە زمانەکەمـان بپـارێزین، لە مـاوەی ١٠٠ سـاڵی ڕابردوو بە هەوڵ و تێکۆشان و خەمخۆرانی زمـانی کوردی توانرا چەند یاسـایەک دەرکەن کە لە سـەرەتای سـاڵانی سـییەکان بۆ دەدانپێانـانی زمـانی کـوردی وەک زمـانیکی سەربەخۆ .

لە سـاڵی ١٩٣١ یاسای ژمـارە ٧٤ دەرچـوو کە بە یاسـای زمـانە ناوچەییەکان بە ناوبـانگە، ئەویش بە مەبەسـتی ئەندامبوونی عیـراق بـوو لە کۆمەڵەی گەڵان ، سەرەڕای ئەوەی ئەم یاسـایە لە چەند بواریکدا کەموکوڕی یاسـایی تیـدایە، بەڵام بـۆ کـاتی خـۆی ئەم یاسـایە بە پێشـکەوتنێکی بەرچـاو دادەنـرا و وەرچەرخـانیکی مێژوویـی بـوو لە دانـنـان بە مافەکـانی گەلـی کـورد لە عیراقـدا، بە تـایبەتی مـافی بەکارهێنانی زمانی کوردی، لە مادەی ٢ ی ئەم یاسایەدا هاتووە و بڕیاریداوە کە زمانی کوردی زمـانێکی فەرمییە، تەنـانەت زمـانی دادگاکـانیش دەبێت کـوردی لە هەمـوو لیـواو قەزایەکـانی سەرتاسـەری کوردسـتاندا، کەچـی بەداخەوە لەڕووی پـراکتیکەوە ئەم یاسـایە جێبەجـی نەکـراو و نەتـوانرا سـنووری کوردسـتان دیـار بکرێت . هەمـوو دەسـتوورەکانی عیـراق لە یەکەم دەسـتوور کە لە سـاڵی ١٩٢٥ دەرچـوو هـیچ ئامـاژەیکی بە فەرمـی بـوونی زمـانی کـوردی نەکـردووە، تـاوەکو دەسـتووری سـاڵی ١٩٧٠ کە دووەم دەسـتوور بـوو لەسـەردەمی بەعـس دوای دەستووری ١٩٦٨ .

دەســتووری کــاتی ســاڵی١٩٧٠ یەکەم دەســتوورە لە مــادەی ٧ بــڕگە (ب) دانیناوە کە زمانی کوردی زمـانی فەرمـی بێت لەگەڵ زمـانی عەرەبـی لە نـاوچە

کوردییەکاندا، ئەویش لە دوای جێبەجێکردنی بەیانی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ ی تایبەت بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان .

بەڵام ئەم دەقە دەستوورییە لە شوێنی خۆیدا مایەوە چەق بەستوو بوو لە چوارچێوەی تیۆریی دەربازی نەبوو، جێبەجێ نەکراو، سەرەڕای ڕێکنەکەوتنی حکومەتی عیراق لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان ، تەنانەت دەرچوونی یاسای ئۆتۆنۆمی ژمارە ٣٣ ی ساڵی ١٩٧٤ کە یاسایەکی کارتۆنی بوو بۆ ناوچەکانی کوردستان لە مادەی ٢ی ئەم یاسایەدا هاتووە کە زمانی کوردی زمانێکی فەرمییە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی، بەڵام دووبارە ئەم دەقەش وەک ئەوانی تر لە گۆڕنراو جێبەجێ نەکرا، خودی دامەزراوەکانی ئۆتۆنۆمی ئەنجوومەنی یاسادانان و جێبەجێکردن خۆیان زمانی عەرەبیان بەکاردەهێنا و دواتر سیاسەتێکی شۆڤینیانەی بەعسی زۆر ترسناک دەرهەق بە نەتەوەکەمان پیادەکرا و گەورەترین خیانەت لە میللەتەکەمان کراو لەپاڵ ئەم سیاسەتە ئەنفال و کیمیاباران و ڤڕکردن وجینیۆسایدی هاتەسەر و بە دڕندانەترین شێوە هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەکەیان داین، تاوەکو ڕاپەڕینی ئاداری مێژوویی میللەتەکەمان لە ساڵی ١٩٩١ لەدەست ستەمی بەعس ڕزگارمان بوو.

لەدوای ڕاپەڕین تاوەکو ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ دا، هیچ یاسایەک لە هەرێمی کوردستان دەرنەچوو بەمەبەستی پاراستنی زمانەکەمان، تەنها یاسای دەستەڵاتی دادوەری لە ساڵی ١٩٩٢ کە جەختی لەوە کردۆتەوە کە زمانی کوردی زمانی فەرمییە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستاندا، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٧ یاسای دەستەڵاتی دادوەری ژمارە ٢٣ ی دەرچوو، کە ئەم یاسایەش دەستەڵاتی دادوەری لە وەزارەتی داد جیاکردەوە، کەچی بە داخەوە دوای زیاتر لە ٣٠ ساڵ نەتوانرا ئەم یاسایە وەک خۆی جێبەجێ بکرێت و لە ساڵی ٢٠١٤ یاسای دەستەڵاتی دادوەری تازە دەرچوو لە مادەی ٦ ئەم یاسایەدا دەڵێت کە زمانی کوردی زمانی دادگاکانە، بەڵام جێ داخە تاوەکو ئێستا بەشێکی زۆری دادگاکان کۆنووس و بڕیارەکانیان هەر بە زمانی عەرەبی دەنووسن، بەتایبەت دادگای تێهەڵچوونە و دادگای پێداچوونەوە، هەندێک هەوڵ هەیە بۆ بە کوردی کردنی زمانی دادگاکان، بەڵام هێشتا هەوڵەکان لاوازن .

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، دەستوریکی کاتی لەلایەن ئەنجوومەنی حوکم دەرچوو بە ناونیشانی (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە) لە ساڵی ٢٠٠٤ کە بە وەرچەرخانێکی میژوویی دادەنریت لە بواری داننان بە مافی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی لە سەرتاسەری عیراقدا، نەک تەنها ناوچە کوردییەکان کە لە مادەی ٩ی ئەم یاسایەدا هاتووە کە زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین لە هەموو عیراقدا، ئەم دانپێنانە دەستوورییە هەنگاوێکی نوێ بوو لە چاو دەستورەکانی پێشوودا .

دواتر لە ساڵی ٢٠٠٥ دەستووری هەمیشەیی عیراق دەرچوو، لەم دەستوورەدا هەمان شتی دووبارە کردەوە لە مادەی ٤ ی ئەم دەستوورە جەختی کردەوە کە زمانی کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمین لە سەر تاسەری عیراقدا .

لەم دوو دەستوورەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بنەمای یاسایی و دەستووری هەیە بۆ پاراستنی زمانی کوردی، کە دڵنیایی دەدات کە زمانی کوردی هاوشانی زمانی عەرەبی زمانێکی فەرمییە لەسەرتاسەری عیراقدا، جەختی کردۆتەوە چۆنیەتی پیادەکردنی بە یاسایەک دەردەچێت کە کۆمەڵێک بوار لە خۆ دەگرێت لە ناویاندا دەرکردنی ڕۆژنامەی فەرمی(وەقایعی عیراقی) بە هەردوو زمانەکە داننان بە بڕوانامە ڕەسمیەکان، دادگاکان، پاسەپۆرت و گشت بەڵگەنامە ڕەسمیەکان لەعیراقدا قسەکردن و ئاڕاستەکردن و دەربڕین لە بوارە فەرمییەکاندا وەک ئەنجوومەنی نوێنەران، ئەنجوومەنی وەزیران، دادگاکان، کۆنگرە فەرمییەکان، هەروەها دانپێنان بە بەلگەنامە فەرمییەکان و نووسراوەکان و هەر بواریک کە پرینسیبی یەکسانی بخوازێت وەک نەختینەکان و پول.

بەڵام دیسان بەداخەوە ئەم دەقە دەستوورییەش هەروەک خۆی جێبەجێنەکراوە سەرەرای هەبوونی بنەمای دەستووری ڕوون و ئاشکرا. کە بەشێکی زۆری دەکەوێتە ئەستۆی نوێنەرانی کورد لە بەغدا.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم دانپیدانانە دەستوورییە گرنگە یاسای زمانە فەرمییەکان دەرچوو لە عیراق بە ژمارە ٧ی ساڵی ٢٠١٤ کە پێناسەی زمانی کردووە بەوەی کە زمانێکە دەوڵەت پشتی پێ دەبەستێ لە هەموو کایەکاندا ، قسەکردن، نامەنووسراوەکان دراوی کاغەزو پول و هەموو کاروبارەکانی حکومەت،

زمانی دادگاکان، کۆبوونەوە فەرمییەکان ئەنجوومەنی نوینەران، سەرۆکایەتی کۆمار، ئەنجوومەنی دادوەری و بەپێی ئەم یاسایە زمانی کوردی زمانێکی فەرمییە لە گشت عیراقدا .

دوابەدوای ئەم یاسایە لە هەرێمی کوردستانی یاسای ژمارە ٦ی ساڵی٢٠١٤ دەرچوو (یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان) کە دەڵێت: زمانی کوردی و زمانی عەرەبی زمانیکی فەرمییە لە هەموو عیراقدا .

سەرەڕای بوونی دەستووری هەمیشەیی، هەروەها ئەم هەموو یاسایە کەچی وەک خۆی جێبەجێ نەکراو و کەسیش لەسەر ئەم یاسایە سزا نەدراوە، سەرەڕای بوونی ئەم هەموو سەرپێچییانە، بۆیە ئێمە بە پێویستی دەزانین و زۆر گرنگە بەدانانی سەنتەرێکی تایبەتی بۆ بەدواداچوونی ئەم بابەتەو هەروەها بۆ توێژینەوە لە زمانی یاسایی و دانانی فەرهەنگێکی تایبەتمەندی یەکگرتوو بە زمانی یاسایی یەکخستنی زمانی دادگاکان و پیادەکردنی ئەم فەرهەنگە لە گشت دادگاکانی هەرێم و کەسانی پسپۆڕو شارەزا کاری لەسەردا بکەن .

هەروەها پێشکەش کردنی پرۆژە یاسایەک بۆ پەرلەمانی کوردستان و دەنگی لەسەر بدرێت بە ناوی یاسای پاراستنی زمانی کوردی بە مەبەستی زیاتر بەرەودان و بەرەو پێشبردنی زمانەکەمان و ڕزگارکردنی لەم دۆخەخەراپ و ناجێگیرە و بییاریزێ لە فەوتان و لەناوچوون، وەک ئەوەی زۆربەی وڵاتە عەرەبیەکان کردیان بۆ زمانی عەرەبی چەندان یاسای تایبەتیان دەرکردووە بۆ پاراستنی زمانەکەیان سەرەڕای دەوڵەمەندی زمانی عەرەبی و بوونی ٢٢ دەوڵەت و زمانەکەیان زمانی ئایین و قورئانە، هەروەک لە میسر، قەتەر، ئوردن، عیراق ، کە یاسای پاراستنی زمانی عەرەبی و یاسای سەڵامەتی زمانی عەرەبی ژمارە ٦٤ی ساڵی ١٩٧٣ دەرچووە و یاسای کۆڕی زانیاری عیراق بە ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠١٥ و چەندان یاسای تر .

بۆیە داوا لە دەستەڵاتدارانی هەرێم دەکەین بە گرنگییەوە بڕوانن ئەم بابەتە و کاری جیدی لەسەر بکەن، نەوەک تەنها لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا کۆڕو کۆبوونەوە کۆنفڕانس ئەنجام بدرێت وە قسەی باق و بریق بکرێت،

*ڕاوێژکاری یاسایی گۆڤاری زمان و زار

هەژموونی زمانی و کاریگەری کولتووری (تابلۆکانی نێو شاری کەرکوك بە نموونە)

پ.ی.د. ئازاد ئەمین باخەوان

پێشەکی

کەرکوک مۆدێلێکی ناوازەی هەمەجۆری کولتووری و زمانییە، کە پێکهاتە (نەتەوەیی و ئایینییە) جۆرابەجۆرەکانی لەخۆگرتووە، ئەمەش وای کردووە ببێتە شارێکی دەولّەمەندی کولتووری و هەمەجۆری زمانی، بەڵام جێی ئاماژەیە کە ئەم هەمەجۆرییە بە تەواوی لە ڕوخسار و سیمای شارستانی شارەکەدا ڕەنگی نەداوەتەوە، بە تایبەت لە (تابلۆی دوکان و چێشتخانە و مێوانخانە) و هەموو سێکتەرەکانی تر، کە ئەمیش هۆکارێکە بۆ شاردنەوە و پەردەپۆشکردنی زمان و ناسنامەی کوردی .بێگومان بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییەکان بە دوو شێوە ئەنجام دەدرێن، بەهۆی زمانی(بیستراو و بینراو)ەوە. زمانی بیستراو بەهۆی ئەندامەکانی ئاخافتن و بیستنەوە بەرجەستە دەکرێت ، بەڵام زمانی بینراو بەهۆی بینینەوە بەرجەستە دەبێت .

تابلۆکانی ناو شار بەشێکی سەرەکیین لە (پەیوەندییە بینراوەکان)، تابلۆی شارەکان بە تەنها ئامرازێکی ڕیکلامکردن یان ڕێنماییکردن نیین، بەڵکو (زمانێکی بینراون) و ناسنامەی کولتووری کۆمەڵگان و ڕەنگدەدانەوەی بەشێکی جەوهەری دیمەنی شارەکان پێکدەهێنێت (بارنارد، ٢٠٠٥، ل ١٢٣). لە کەرکوکدا، تابلۆکان بایەخێکی تایبەتیان هەیە، چونکە دەتوانن ببن بە ئامرازێک بۆ

دەربڕینی هەمەجۆریی کولتووری و زمانی شارەکە، هەروەها بۆ بەهێزکردنی ناسنامەی کولتووری پێکهاتە جیاوازەکانی تر. بەڵام واقیعی ئەمڕۆ ئاماژە بەوە دەکات کە هەژموونی تەواو هەیە لەسەر نووسینی زمانی کوردی لەسەر تابلۆکانی کەرکووکدا ، جێی ئاماژەیە کە بەکارهێنانی بەربڵاوی (نووسینی عەرەبی) بۆ وشەی کوردی لەسەر تابلۆکان پیادەکراوە ... هەروەها تێکەڵکردنی دوو ڕێنووسی (عەرەبی و کوردی) لە تابلۆکاندا بوونێکی بەرفراوانیان هەیە. ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هۆشیاری خەڵکی کورد لە شارەکەدا ، کە گرنگی بە ڕێنووس و زمانی کوردی نادەن یان کەم بایەخە ...

ئەم ململانێیانە تەنیا ڕەنگدانەوەی پرسە زمانەوانییەکان نین، بەڵکو دریژدەبنەوە بۆ ئەوەی لایەنە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانیش بگرێتەوە و لەگەڵ ڕۆڵی دامەزراوە ناوخۆییەکانی وەک (ژووری بازرگانی) و کاریگەرییەکانی فرەچەشنی کولتووری و زمانەوانی لەسەر دیزاینی نووسینەکان تێکەڵ دەبن و ڕەنگ دەدەنەوە.

ئامانجی توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی شیکردنەوەی کێشەکانی ڕێنووس و زمانی کوردی و کەمی تابلۆکانی کەرکوک و دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەرە. هەروەها پێشنیارکردنی چارەسەری کردەیی بۆ بەرزکردنەوەی بەکارهێنانی ڕێنووس و زمانی کوردی لە تابلۆکانی شاردا .

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکییانە بداتەوە :

- ئەو گرفتە ڕێنووسیانەی بەردەم زمانی کوردی لە تابلۆکانی کەرکوکدا چین؟

- ئەو فاکتەرە کۆمەڵایەتی و کولتوورییانە چین کە کاریگەرییان لەسەر بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی ڕێنووس و زمانی کوردی هەیە و لە تابلۆکاندا ڕەنگیان داوەتەوە ؟

- ڕۆڵی دامەزراوە ناوخۆییەکان وەک (ژووری بازرگانی) چییە لە ڕێکخستنی ناوی بازرگانی و بەرەوپێشبردنی فرەچەشنی زمانی ؟

- چ چارەسەرێکی کردەیی دەشێت جێبەجێ بکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی بەکارهێنانی ڕێنووس و زمانی کوردی لە تابلۆکانی کەرکوکدا؟

- گرنگی توێژینەوەکە :

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە خستنەڕووی پرسێکی گرنگە کە پەیوەندی بە ناسنامەی زمانەوانی و کولتوورییەوە هەیە لە شاری کەرکوکدا ، هەروەها پێشکەشکردنی ڕاسپاردەی کردەیی کە دەشێت بەشداربێت لە بەرزکردنەوەی فرەچەشنی زمانی لە تابلۆی شاردا . ئەم توێژینەوەیە دەکرێ کاریگەری ئەرێنی لەسەر کۆمەڵگەی کەرکوک هەبێت، بە پێشخستنی تێگەیشتن و لێبوردەیی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا، و پاراستنی میراتی زمانەوانی شارەکە.

سنوری توێژینەوەکە :

مەودای ئەم توێژینەوەیە سنووردارە بە شیکردنەوەی تابلۆکانی سەر دوکان و چێشتخانە و هۆتێل و دامەزراوە خزمەتگوزارییەکانی تر لە ناوچە بازرگانییە جیاجیاکانی کەرکوکدا و گرنگیدان بە کێشە زمانەوانییەکانی پەیوەست بە ڕێنووس و زمانی کوردی، و کاریگەرییەکانی فرەچەشنی کولتووری و زمانەوانی لەسەر دیزاینی تابلۆکان و کەمی تابلۆ کوردییەکان ...

- چەمک و پێناسەی فرەچەشنی کولتووری و زمانی

- پێناسەکردنی فرەچەشنی کولتووری :

فرەچەشنی کولتووری ئاماژەیە بۆ بوونی کۆمەڵێک کولتووری جیاواز لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی دیارکراو یان ناوچەیەکی جوگرافیدا. ئەم هەمەچەشنییە لە شێوازی ژیان، بەها، بیروباوەڕ، داب و نەریت، زمان، هونەر، مۆسیقا، لە خواردن و جۆرەکانی تری دەربڕینی کولتووریدا ڕەنگ دەداتەوە ... فرەچەشنی کولتووری تەنیا لە جیاوازی نێوان وڵاتاندا سنووردار ناکرێت ، بەڵکو دەشێ فرەچەشنی لەناو یەک کۆمەڵگاشدا دەرکەوێت، کە گرووپە نەتەوەیی و ئایینی و زمانەوانییە جیاوازەکانی تێدا دەژین (یونسکۆ) فرەچەشنی کولتووری بەم شێوەیە پێناسە کردووە: « فرەچەشنی دەربڕینی کولتووری کە لەلایەن گروپ و کۆمەڵگاکانەوە دەگوازرێنەوە، لەوانەش کەمینەکان و گەلانی ڕەسەن و کە لە نێوان شتەکانی تردا، لە هونەر و زانست و تەکنەلۆژیاشدا دەردەکەوێت » (یونسکۆ، ٢٠٠١، ل ٤).

- پێناسەی فرەچەشنی زمانی :

فرەچەشنی زمانی ئاماژەیە بۆ بوونی کۆمەڵێک زمانی جیاواز لە ناو کۆمەڵگەیەکی دیارکراو یان ناوچەیەکی جوگرافیدا. زمان بەشێکی جەوهەریی شوناسی کولتووریيە، ڕەنگدانەوەی بەها و باوەڕ و نەریتی کۆمەڵگایە . فرەچەشنی زمانی بەشدارە لە دەوڵەمەندکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتن لە نێوان کولتووری جیاوازەکاندا. (یونسکۆ) فرەچەشنی زمانی بەم شێوەیە پێناسە کردووە: « بوونی زمانی جیاواز لە ناوچەیەکی جوگرافی یان کۆمەڵگەیەکی دیارکراودا» (یونسکۆ، ٢٠٠٣، ل٧).

- گرنگی فرەچەشنی کولتووری و زمانی لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا :
- بەرەوپێشچوونی تێگەیشتن و لێبوردەیی

فرەچەشنی کولتووری و زمانی یارمەتیدەرە بۆ بەرەوپێشچوونی تێگەیشتن و لێبوردەیی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگای کولتوور جیاواز. کاتێک مرۆڤەکان ئاشنای کولتووری‌کانی تر دەبن، زیاتر کراوە دەبن و جیاوازییەکان قبوڵ دەکەن، کەمتر تووشی گرفت و هەڵاواردن دەبن. توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە ، کە کارلێککردن لە نێوان کولتووری جیاوازەکاندا یارمەتی کەمکردنەوەی پەیوەندییە نەرێنییەکان دەدات و پەیوەندییە ئەرێنییەکان بەرەوپێشەوە دەبات . (Pettigrew & Tropp, 2006).

- دەوڵەمەندکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری

فرەچەشنی کولتووری و زمانی بەشدارە لە دەوڵەمەندکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگاکان. چونکە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی بیرۆکە و دیدگای نوێ و داهێنانی پەروەردەیی و بەشداری کردن لە پەرەپێدانی گەشتیاری کولتووری و بازرگانی نێودەوڵەتی . توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە ، کە ئەو کۆمپانیا و ڕێکخراوانەی کە فرەچەشنی کولتووری لە خۆ دەگرن (مەبەست خەڵکی جۆراوجۆرە لە کۆمپانیاکان) ، کاریان باشترە و باشتر کاردەکەن، چونکە سوود لە دیدگا و ئەزموونە جۆراوجۆرەکانی کارمەندەکانیان وەردەگرن (کۆکس، ١٩٩٣).

- پاراستنی شوناسی کولتووری

فرەچەشنی کولتووری و زمانی یارمەتی پاراستنی شوناسی کولتووری پێکهاتە جیاوازەکان دەدات، و میراتی کولتووری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی

دیکە دەگوازێتەوە . هەموو کولتووریک مێژوو و بەها و زانیارییەکی ناوازە لەناو خۆیدا هەڵدەگرێت و بە پاراستنی فرەچەشنی کولتووری، دڵنیا دەبینەوە لەوەی کە ئەم سامانە کولتوورییە بۆ نەوەکانی داهاتوو بەردەوام دەبێت.

- بەرەوپێشچوونی دیموکراسی و مافی مرۆڤ

فرەچەشنی کولتووری و زمانی، بەهاکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بەرز ڕادەگرێت ، دڵنیای ئەوە دەدات کە هەموو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە لە مافە کولتووری و زمانەوانییەکانیان سوودمەن دەبن ، هەروەها بەشداری دەکەن لە بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دادپەروەرتر و یەکسانتر. زۆرێک لە (کۆمیسیۆنە نێودەوڵەتییەکان)، وەک (جارنامەی جیهانیی یونسکۆ) سەبارەت بە فرەچەشنی کولتووری، جەختیان لەسەر گرنگی پاراستن و پێشخستنی فرەچەشنی کولتووری وەک مافێکی بنەڕەتی مرۆڤ کردووەتەوە .

- فرەچەشنی کولتووری و زمانی

- لایەنی تیۆری و گرنگییەکەی لە شاری کەرکوکدا

فرەچەشنی کولتووری و زمانی تایبەتمەندییەکی بەرچاوی کۆمەڵگا مۆدێرنەکانە. هەر لەم بوارەدا چەندین تیۆر هاتوونەتە ئاراوە، کە هەوڵ دەدەن لەم فرەچەشنییە تێبگەن و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگاکان شیبکەنەوە. لە نێو ئەم تیۆرانەدا، فرە کولتوری و تیۆری پەیوەندی نێوان کولتووڕەکان بەرچاون، کە تێڕوانینێکی بەنرخ بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ فرەچەشنی کولتووری و زمانی لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا دەڕەخسێنن.

تیۆری فرە کولتوری پێی وایە کۆمەڵگاکان پێویستە دان بە فرەچەشنی کولتووریدا بنێن و ڕێزی لێبگرن، و مافی هەموو گروپە کولتوورییەکان مسۆگەر بکەن . ئەم تیۆرییە جەخت لەسەر گرنگی پاراستنی شوناسی کولتووری هەر گروپێک دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا هاندەری پەیوەندی و کارلێککردنە لە نێوان کولتووڕە جیاوازەکاندا . هەوڵدەدات کۆمەڵگای یەکڕیز و یەکگرتوو بنیات بنێت، کە هەموو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەرفەتی یەکسانیان هەبێت بۆ بەشداریکردن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیدا . (چارڵز تایلۆر) چەمکی فرە کولتوری لە کتێبی (سیاسەتی دانپێدانان - ١٩٩٢)دا داڕشتووە، کە تیایدا جەختی لەسەر پێویستی کۆمەڵگا مۆدێرنەکان کردووەتەوە بۆ ناسین و ڕێزگرتن لە فرەچەشنی کولتووری.

لە لایەکی دیکەوە (تیۆری پەیوەندی نێوان کولتوورەکان) سەرنج دەخاتە سەر لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی پەیوەندیکردنی تاکەکان لە گەڵ کولتووە جیاوازەکاندا . ئەم تیۆرییە ئامانجی تێگەیشتنە لەو ئاڵانکاریانەی کە ڕووبەڕووی پەیوەندی نێوان کولتوورەکان دەبنەوە، و پێشنیارکردنی ستراتیژییەکان بۆ باشترکردنی ئەم پەیوەندییە. جەخت لەسەر گرنگی هۆشیاری کولتووری و توانای خۆگونجاندن لەگەڵ جیاوازییە کولتوورییەکان دەکاتەوە. (ئێدوارد تی هۆڵ) بەشدارییەکی بەرچاوی لەم بوارەدا کردووە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانی لەسەر پەیوەندی نازارەکی و جیاوازییە کولتوورییەکان لە شێوازەکانی پەیوەندیکردندا . (هۆڵ، ١٩٧٦)جێی ئاماژەیە ، کە کەرکوک شارێکە بە مۆدێلی فرەچەشنی کولتووری و زمانی ناسراوە . ئەم تیۆریانە گرنگییەکی تایبەتییان هەیە بۆ کەرکوک . چونکە کەرکوک شاری پێکەوەژیانی نێوان گروپە نەتەوەیی و ئایینی و زمانەوانییە جیاوازەکانە و ئەم فرەچەشنییە سامانێکە بۆ شارەکە ، بەو پێیەی بەشدارە لە دەوڵەمەندکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابووری . بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەداخەوە فرەچەشنی کلتووری و زمانی لە کەرکوکدا بەرەوڕووی ئاستەنگی بەرچاو بۆتەوە ، بەهۆی سیاسەتی چەوتی ڕژێمی پێشووی عێراق ، وەک گرژیی نەتەوەیی و ئاینزایی و ململانێی زمانی و کولتووری ...بۆیە زۆر پێویست و گرنگە ئەو سیاسەتە پراکتیکانە بگیرێتەبەر کە فرەیی کولتووری و پەیوەندی نێوان کولتووە جیاوازەکان لە کەرکوک بەرەوپێش ببات ، لەپێناو بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی یەکگرتوو و ئاوەدان. تیۆری (فرە کولتوری) دەکرێ بۆ دارشتنی سیاسەتێک کە مافی هەموو گروپە کولتوورییەکانی شارەکە دەستەبەر بکات و هاندەری پاراستنی شوناسە کولتوورییەکانیان بێت. هەروەها دەشێت تیۆری (پەیوەندی نێوان کولتوورەکان) بەکاربهێنرێت بۆ دارشتنی بەرنامە و پلانی پێش وەخت، کە پەیوەندی و کارلێککردن لە نێوان کولتووە جیاوازەکاندا توندوتۆڵتر بکات و بەشدار بێت لە دروستکردنی پردی لێکتێگەیشتن و هاوکاری .

ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ئاماژەیان بەوە کردووە کە کەرکوک خاوەنی فرەچەشنییەکی دەوڵەمەندی کولتوورییە و ئەم ڕاپۆرتانەش جەخت لەسەر گرنگی پاراستن و بەرزکردنەوەی ئەو فرەچەشنییە دەکەنەوە. بۆ نموونە، لە ڕاپۆرتێکدا هاتووە، « ئەمڕۆ هەمەچەشنییەکی دەوڵەمەندی

کولتـووری له کەرکـوک به تەواوی نمایشـکرا، کاتێـک گەنجـان به جلـوبەرگی نەتەوەیی ڕەنگاوڕەنگەوە گۆرانی و هەڵپەرکێیان پێشکەش دەکرد » .

له کۆتاییـدا دەتـوانین بڵێـین فرەچەشـنی کولتـووری و فەرهەنگـی و زمـانی تایبەتمەندییەکی بنەڕەتی شاری کەرکوکە، و سەرچاوەی هێز و دەوڵەمەندییە کە دەبێـت بپارێزرێـت و بەرز رابگیرێـت . به پشتبەسـتن بـه تێۆرییەکـانی (فـرە کولتوری و پەیوەندی نێوان کولتوورەکان) ، دەکرێ کۆمەڵگایەکی یەکگرتووتر و لێبوردەتر و ئاوەدانتر له شارەکەدا بنیات بنرێت.

تابلۆکان :

تابلۆکان زمانێکی بینراون که ڕەنگدانەوەی شوناسـی کولتـوورییە ، تابلۆکـان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە له پەیوەندی بینراودا تەنها ئامرازێکی ڕیکلام یان ڕێنمـایی نیـین ، بەڵکـو زمـانێکی بینـراوە که ناسـنامەی کولتـووری کـۆمەڵگەیەکی تێـدا ڕەنگـدەداتەوە و بەشـێکی جەوهەری دیمەنـی شـارەکان پێکـدەهێنێت. هەر وەک (بارنارد) پێناسەی دەکات و دەڵێت : « هەر تابلۆیەکی بینـراو، بەکاردێت وەک ، هێمـایەک ، یـان دەقێـک بـۆ گەیانـدنی پەیامێـک یـان زانیـارییەک به بیـنەر» (بارنارد، ۲۰۰۵، ل ۱۲۳).

تابلۆکان له جۆر و ئەرکەکانیاندا جیاوازن، هەندێکیان نیشـانەی بازرگـانین که ئامانجیـان بەرەوپێشـبردنی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکـانە، هەنـدێکیان نیشـانەی ئاراسـتەکردنن که خەڵـک ئاراسـتەی شـوێنە جیاوازەکـان دەکەن، هەندێکیشـیان نیشـانە کولتوورییەکـانن که ناسـنامەی کولتـووری کۆمەڵگـا دەردەخەن. تـابلۆ بازرگانییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن له ئابووریـدا، یارمەتیـدەرە بـۆ ڕاکێشـانی کڕیـاران و زیـادکردنی فرۆشـتن و قـازانج . هەروەهـا دەشـێ بڵێـین تابلۆکـان پێویستن بۆ ئاسانکاری هاتوچۆی خەڵک و پێدانی زانیاری پێویست به خەڵک ، سـەبارەت به نیشـانە کولتوورییەکـان، ڕەنگـدانەوەی بەهـا و بیروبـاوەڕ و نەریتەکانی کۆمەڵگان، هەروەها بەشدارن له پاراستنی شوناسـی کولتـووری و گواسـتنەوەیان بـۆ نەوەکـانی داهـاتوو. گرنگـی تابلۆکـان تەنهـا له ئەرکە کردەییەکانیانـدا سـنووردار ناکرێـت ، بەڵکـو تابلۆکـان ڕۆڵیـان هەیە له دارشـتنی وێنەی دەروونی لای خەڵکی شار و بەهێزکردنی شوناسی کولتوورییان .

تابلۆکـان ڕەنگـدانەوەی سـەلیقە و جوانکـاری کۆمەڵگـان و بەشـدارن لە بەخشینی سیمایەکی ناوازە بە شارەکان . بۆ نموونە ئەو تابلۆیانە کە فۆنتی کوردی و ڕەنگی گەش لەخۆ دەگرن دەشێ ڕەنگدانەوەی ناسنامەی کوردی شـارەکە بـن... لەم چوارچێوەیەدا دەتـوانین بڵێـین تابلۆکـان زمـانێکی بینـراوی بەهێزن کە ڕەنگدانەوەی شوناسی کولتووری کۆمەڵگان و بەشدارن لە دارشـتنی وێـنەی دەروونـی خەڵکـی شـار . بـۆیە زۆر پێویسـتە گرنگـی بە دارشـتن و جێبەجێکردنی تابلۆکان بە شێوەیەک بدرێت کە ڕەنگدانەوەی بەها و بیروباوەڕ و نەریتەکـانی کۆمەڵگـا بێـت ، هاوکـات بەشـداربێت لە بەهێزکردنـی شوناسـی کولتووری و گواستنەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوو .

- بازاڕە بازرگانییەکانی کەرکوک لە ڕووی جوگرافیاوە :

کەرکـوک پێکهـاتەیەکی کـۆمەڵایەتی زۆر ئـاڵۆزە ، چـونکە لەگەڵ چەنـدین کولتـوور و زمانـدا تێکەڵاو بـوونە و تێکچـڕژاون ، کە پێویسـتە ئەم تێکەڵاویە لە فەزای گشـتی شـاردا ڕەنـگ بـداتەوە ، بەتـایبەتی لە بـازاڕە بازرگانییەکانیـدا، کە ڕەنگـدانەوەی ناسـنامەی نـاوخۆیین . بەڵام واقیعـی نـاو شـار جیـاوازییەکی بەرچاو لە دەربڕینی زمان لەسـەر نیشانە بازرگانییەکان ئاشکرا دەکات ، ئەمەش ئەو پرسیارانە دەوروژێنێت کە ئایا تا چەند هەمەجۆریی دیمۆگرافی شـارەکە لە بـواری زمانیـدا ڕەنگیـداوەتەوە ؟ بـۆ ئەم مەبەسـتە دەشـێت بازاڕەکـانی کەرکـوک بەسـەر چوار جۆردا دابەشبکەین، وەک :

١- بازاڕی گەڕەکە کوردییەکان

ئەم گەڕەک و بـازاڕانە زۆربەی دانیشـتوانی کـوردن و خـاوەن دوکـان و چێشـتخانە و مـۆڵ و دەرمانخـانە و پزیشـک و تەنـانەت فیتەرەکـانیش هەر لە نەتەوەی کوردن ، بەڵام لەم گەڕەکانەدا زمـانی عەرەبـی بـوونێکی بەرچـاوی لە تـابلۆ بازرگانییەکانـدا هەیە، ئەمەش ئامـاژەیە بـۆ بەردەوامـی کـاریگەریی ئەو سیاسـەتە زمـانییە شـۆفیانانەی ڕژێمەکـانی پێشـوو، کە دژ بە نەتەوەکـانی تـر گرتبوویـانەبەر ، کە بەکارهێنـانی زمـانی عەرەبییـان لە هەمـوو کـایە گشـتییەکاندا چەسپاند بوو . (ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کەرکوک، ٢٠٢٣) جگە لەوەش دەتوانین ئەم دیاردەیە بگەڕێنینەوە بۆ هۆکارە ئابووریییەکان، بەو پێیەی هەندێک لە بازرگانەکـان پێیـان وایە بەکارهێنـانی زمـانی عەرەبـی بـنکەی کڕیارەکانیان فراوانتر دەکات .

٢- بازاڕی گەڕەکە عەرەبییەکان

لەم گەڕەکانەدا، تابلۆکان تەواو بە زمانی عەرەبی نووسراون، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی دیمۆگرافیای شار شتێکی چاوەڕوانکراوە.

٣- بازاڕی گەڕەکە تورکمانییەکان

لەم گەڕەکانەدا زاڵبوونی زمانی عەرەبی لەسەر تابلۆ بازرگانییەکان زۆر بە زەقی دەبینرێت ، لەگەڵ بوونی هەندێک تابلۆ کە ناوی تورکمانییان لەسەرە و بە پیتی عەرەبی نووسراون، کە ئەویش زۆر سنووردارە ، وەک : (صيدلية ايجان، صيدلية نازلى، عمارة اوچي، مطعم سراج اوغلو، متوسطة بارش، ...) ئەم دۆخە ئاماژەیە بۆ هەژموونێکی بەهێزی زمانی عەرەبی بۆ سەر زمانی تورکمانی لە بواری تابلۆ بازرگانییەکاندا، ئەمەش نیگەرانی لەبارەی پاراستنی ناسنامەی زمانی تورکمانی لە کەرکوکدا دروست دەکات . هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنی شوێنە بازرگانییەکان ... ! (تۆێژینەوە ئەکادیمییەکان لەسەر فرە زمانەوانی لە عێراق، ٢٠٢٢، ل٤٥-٤٨).

٤- بازاڕە گشتییە تێکەڵەکان

هەموو کولتوور و زمانە جیاوازەکان لە بۆتەی ئەم بازاڕە گشتیانەدا تواونەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو تێکچڕژانەش تابلۆ بازرگانییەکان یەک ڕەنگە، واتە بە تەواوی زمان و نوسینی عەرەبی بەسەر زۆربەی زۆری تابلۆکاندا زاڵە و تابلۆی کوردیش بە دەگمەن دەبینرێت، بەڵام دەتوانم بڵێم تابلۆی تورکمانی و کلدو ئاشوری بە جارێک پشگوێ خراوە و بوونیان نییە ...! جگە لە هەندێک تابلۆ نەبێت کەپێشتر ئاماژەمان پێدا ... بێگوومان ئەم دۆخەش خۆی لە خۆیدا ڕێگرە لە هەوڵی ئاوێتە بوونی زمانەکان و کلتوورە جیاوازەکان ... کەواتە دەشێت سوود لە ئەزموونی (کەنەدا) وەرگرین کە لەو وڵاتەدا بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی لەسەر تابلۆکان دەنوسرێت ... بۆیە زۆر پێویستە تابلۆکانی ئەم بازاڕە گشتیانە بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دیزاین بکرێت ... وەک (شەقامی کۆماری و شەقامی پزیشکان و ڕێگای بەغدا ... هتد) هەروەها جێی سەرنجە شەقامی پزیشکان هیچ تابلۆیەکیان بە کوردی یان زمانەکانی تر نەنوسراوە ، ئەگەر هەبێت ئەوا بە پەنجەکانی یەک دەست دەژمێردرێت ...!! بە هەمان شێوە تابلۆی فیتەڕەکانی ناو شاریش بە دەگمەن بە

زمـانی کـوردی نوسـراون ... لەگەڵ ئەوەشـدا زۆربەی فیتەرەکـان کـورد و تورکمانن ...!!!

٥- زاڵبـووونی زمـان و نوسـینی عەرەبـی لە سـەر تـابلۆی بـازارە کوردنشینەکاندا

ئەم زاڵبوونە زمانییەی لەسەر تابلۆکاندا دەبینرێت جێی پرسیار و تێڕامانە بە تـایبەتی لەو بـازارانەی کە دەشـێ بڵـێم دانیشـتوان و خـاوەن بـازارە بازرگانییەکانیش هەر کوردن، کەچی زمان و نوسینی عەرەبی بووە بە مۆدێل و زاڵە بەسەر تابلۆکاندا ...! ئەو بازارە کوردیانەی کە زمانی کوردی بەسەریاندا زاڵە زۆر کەمـن لە چەنـد بازارێـک تێناپەڕێـت، وەک (بـازاڕی دەروازە و سەرچنار) ئیدی هەموو بازارەکان تێکەڵەن یان هەر بە زمانی عەرەبی نوسراون ... ! لێرەدا ئێمە وا بیر ناکەینەوە کە دەبێت بە جارێک زمانی عەرەبی بەکار نەهێنیـین ، نەخێـر ئەوەی پێـی باشـە و لەگەڵ کارەکەیـدا دەگونجێـت دەشـێت هەردوو زمان بەکاربهێنێت بە مەرجێک تابلۆکانیان بە شێوەیەک دیزاین بکرێت هاوسـەنگی هەر دوو زمـانیش بپارێزرێـت ... چـونکە بەپێـی دەسـتور هەردوو زمـانی کوردی و عەرەبی دوو زمـانی فەرمـی و دەسـتورین ... جێی سـەرنجە تابلۆی فەرمانگە حکوومیەکانی شاری کەرکوک لە هەندێکیاندا بە چوار زمان و هەنـدێکیان بە سـێ زمـان و هەنـدێکیان بە دوو زمـان نوسـراون ... ئەمەش بەندێکە لە دەستوری عیراق ... (یاسـای زمـانە فەرمییەکـان لە عێراق، ٢٠٠٨) کەواتە هۆکـاری سـەرەکی ئەو دیـاردەیە دەگەڕێـنمەوە بـۆ خـاوەنی شـوێنە بازرگانییەکان ... ئیدی هەر پاساوێکیان هەبێت خۆیان بەرپرسن بەرامبەر بە مێژوو ... ئەم واقیعە کەلێنێک لە نێوان فرەچەشـنی دیمـۆگرافی و فرە زمـانی کەرکوک دروست دەکات ، بەو پێیەی فرە زمانی شارەکە بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە فەزای بازرگانییەکەیدا ڕەنگدانەوەی نییە. کەمبوونەوەی بەکارهێنـانی زمـانە ناوخۆییەکـان بەتـایبەتی زمانەکـانی کـوردی و تورکمـانی ، مەترسـی لەسـەر شوناسی کولتووری پێکهاتە جۆراوجۆرەکان دروست دەکات . بۆیە ئەم دۆخە پێویسـتی بە گـرتنەبەری سیاسـەتێکی زمـانی دادپەروەرانە هەیە بـۆ تـابلۆ فـرە زمانییەکـانی شـار ، ئەویـش بە ئامـانجی بەرەوپێشـبردنی فرەچەشـنی زمـانی و کلتـووری لە کەرکـوک و پاراسـتنی میـراتە دەوڵەمەنـدە زمـانەوانییەکەی . (ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر کەرکوک، ٢٠٢١).

- هەژموونی زمان و ڕێنووسی عەرەبی لە سەر تابلۆکانی شاری کەرکوک
- میراتی مێژوویی و ململانێی فرەچەشنی

کەرکوک نموونەیەکی ئاڵۆزی فرەچەشنی کولتووری و زمانەوانییە ، کە پێکهاتەکانی (کورد و عەرەب و تورکمان و کلد و ئاشوری) تێدایە و پێکەوە دەژین . دەبێت ئەم هەمەچەشنییە لە شێوە و ڕوخساری شارەکەدا ڕەنگ بداتەوە ، لەوانەش (تابلۆی بازرگانی و ڕیکلام) بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لە تابلۆکاندا بااڵدەستییەکی بەرچاوی زمان و ڕێنووسی عەرەبی هەیە، تەنانەت لەو گەڕەکانەش کە زۆرینەی کوردە یان تورکمانە ... !

زاڵبوونی زمان و ڕێنووسی عەرەبی لە تابلۆکاندا بۆ سەردەمی دارودەستەی ڕژێمی پێشووی بەعسی شۆفێنی دەگەڕێتەوە ، کە بەکارهێنانی زمان و ڕێنووسی عەرەبی لە هەموو تابلۆ فەرمی و بازرگانییەکاندا بە زۆر سەپاند...! هیچ کەسێک بۆی نەبوو بەهیچ شێوەیەک ناوی کوردی یان بیانی لە سەر تابلۆکان بنوسێت ... ! ئەم بەزۆر سەپاندنە لە ماوەی دەسەاڵتی بەعسدا چەسپا، بووە بەشێک لە سیما و ڕوخساری شاری کەرکوک ... ! هەر بۆیە ئەم میراتە مێژووییە شۆفێنییە ، سەبارەت بە زمان و ڕێنووسی عەرەبی جۆرێک لە "ئاشنابوون"ی لەالی خەڵک دروستکرد و لە تابلۆکاندا ڕەنگیان دایەوە ، تەنانەت دوای ڕووخانی ڕژێمیش هەوڵی جدی نەبوو بۆ سڕینەوەی ئەو ئاسەوارە ... هەر چەندە لە دوای ڕاپەڕین و ڕووخانی ڕژێم بەپێی دەستوور ئەو مافە بە هەموو پێکهاتەکانی کەرکوک درا تاوەکو زمانی نەتەوایەتی خۆیان لە تابلۆکانیاندا بەکاربهێنن . بۆیە پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە کە دەستووری عێراق گەرەنتی ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی بەکارهێنانی زمانە ناوخۆییەکانی کردووە. هەروەها ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤیش جەخت لەسەر گرنگی پاراستنی هەمەچەشنی کولتووری و زمانی دەکەنەوە . بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا و سەرەڕای پێدانی مافی یاسایی پێکهاتەکان لە بەکارهێنانی زمانەکانیان لەسەر تابلۆکانی شار ، کەچی هێشتا هەژموونی زمانی عەرەبی بەسەر تابلۆکاندا زاڵە ... ! ئەمەش دەشێت بە چەند هۆکارێک ڕوون بکەینەوە ، لەوانە:

١ - هۆکاری ئابووری

ڕەنگە هەندێک لە خاوەن دوکان و مۆڵ و چێشتخانە و مێوانخانە و ... هتد ، وابزانن کە بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لەسەر تابلۆکانیان تێژێکی فراوانتری

کڕیاران ڕادەکێشێت، بەڵام بێ ئاگان لەوەی ئەگەر بە چەند زمانێک تابلۆکانیان بنەخشێنن کڕیایان زۆرتر دەبێت و قازانجی زیاتریش دەکەن ... یان دەشێ کەمی درامەت هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی خاوەن دوکانەکان نەتوانن بە چەند زمانێک و بە دیزاینێکی لە بار تابلۆکانیان دروست بکەن ...

٢- هۆکاری کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان

ڕەنگە هەبوونی هەندێک گرژی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی شاری کەرکوک ، هۆکارێک بێت بۆ پەسەندکردنی زمانی عەرەبی وەک فۆرمێکی هاوبەش بۆ هەموو پێکهاتەکان . هەژموونی زمان و ڕێنووسی عەرەبی لە تابلۆکاندا ململانەیەکی گەورەیە بۆ فرەچەشنی زمانی لە کەرکوکدا . چونکە دەبێتە هۆی لاوازی پشتگوێ خستنی بەکارهێنانی زمانەکانی تر لە نوسینی سەر تابلۆکانی شار، وەک زمانەکانی کوردی و تورکمانی کەمەنەتەوەیەکانی تر ... ئەم بەکارنەهێنانەش مەترسی لەسەر ناسنامەی کولتووری پێکهاتە جیاوازەکان دروست دەکات، و ڕەنگە بە تێپەڕبوونی کات ببێتە هۆی لەدەستدان و بێهێزکردنی زمانە ناوخۆییەکان. هەروەها ڕەنگە هەندێک لە دانیشتووان بەزەحمەت لەو تابلۆیانە تێبگەن کە تەنها بە زمانی عەرەبی نووسراون، بەتایبەتی ئەگەر شارەزاییان لە زمانی عەرەبی نەبێت. ئەمەش پەیوەندی و کارلێککردنی نێوان دانیشتووانی شار گران و زەحمەتتر دەکات، و ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی هەندێک هەست بە دوورخستنەوە و پەراوێزخستن بکەن.

- بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم ململانێیە ، پێویستە چەندین ڕێوشوێن بگیرێتەبەر، لەوانە :

١- هاندانی خەڵک بۆ بەکارهێنانی زمانی خۆیان : پێویستە خاوەن دوکانەکان هانبدرێن بۆ بەکارهێنانی زمانی دایکیان لەسەر تابلۆکان، نەک تەنها زمانی عەرەبی بەکاربهێنن . دەشێ هاندانێکی دارایی یان ئەخلاقی پێشکەش بەو خاوەن دوکانانە بکرێت کە تابلۆی فرە زمان بەکاردەهێنن لە بازاڕە فرە زمانییەکاندا.

٢- پەرەپێدانی کوالێتی تابلۆ فرە زمانییەکان : پێویستە هاوسەنگییەک هەبێت لە نێوان نووسینی سەر تابلۆ فرە زمانییەکان، بە مەرجێک خوێندنەوەی پەیامەکان ڕوون و ئاشکرا بێت. ئەم پێوانەیە دەبێت ڕەچاوی تایبەتمەندی هەر زمانێک بکات و هاوسەنگی نێوان زمانە جیاوازەکان مسۆگەر بکات .

٣- زیاتر هۆشیاری بدرێت لە سەر گرنگی فرەچەشنی زمانی

پێویستە هەڵمەتی هۆشیاری لە کۆمەڵگادا ڕێکبخرێت سەبارەت بە گرنگی فرەچەشنی زمانی و پاراستنی زمانە ناوخۆییەکان. بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم پەیامە دەشێ کەڵک لە میدیای جۆراوجۆری ، وەک تەلەفزیۆن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕادیۆ و ڕۆژنامە وەربگیرێت .

٤- چالاککردنی یاسا و یاسادانان

چالاککردنی ئەو یاسایانەی کە گەرەنتی پاراستنی فرەچەشنی زمانی دەدات لە شوێنە گشتییەکاندا .کەواتە دەکرێ بڵێین زاڵبوونی زمانی عەرەبی لە تابلۆکانی کەرکوکدا میراتێکی مێژوویی کە دەبێت بە شێوەیەکی هەستیارانە و بەرپرسیارانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت . پێویستە هەموو پێکهاتەکانی کەرکوک هەوڵبدەن بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی لێبوردە و فرە کولتوری کە ڕێز لە مافی هەموو پێکهاتەکان بگیرێت و فرەچەشنی زمانی و کولتووری شارەکە بپارێزرێت.

- کێشەکانی زمانی کوردی لەسەر تابلۆکانی کەرکوک

زمانی کوردی لە ڕووی نوسینی سەر تابلۆکان ڕووبەڕووی ئاستەنگی بەرچاو بۆتەوە . بەگشتی لە تابلۆکانی هۆتێل و چێشتخانە و دوکان و تابلۆی پزیشکان و مۆڵە بازرگانییەکان و تەنانەت تابلۆی فیتەرەکانیش. ئەم ململانییە تەنیا لە لایەنە زمانەوانییەکاندا سنووردار و قەتیس ناکرێن، بەڵکو هەموو لایەنە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانیش دەگرێتەوە.

کەواتە بەکارهێنانی بەربڵاوی نووسینی عەرەبی بۆ وشە و ناوی کوردی لەسەر تابلۆکان، جێی سەرنجە. ئەمەش کێشەیەکی بنەڕەتی زمانەوانی دروست دەکات، بەو پێیەی نووسینی عەرەبی ناتوانێت (نوێنەرایەتی) هەموو دەنگەکانی زمانی کوردی بکات. ئەمەش دەبێتە هۆی شێواندنی (گۆکردن و مانا) جگە لەوەش بەکارهێنانی ڕێنووسی عەرەبی لە جیاتی ڕێنووسی کوردی بۆ نوسینی وشە و ناوە کوردییەکان ، شوناسی زمانی کوردی لە کایە گشتییەکاندا کەم دەکاتەوە و لایەنی (بینراو لاواز) دەکات . واتە خەڵک هێندە بایەخ بە تابلۆکان نادات و سەیریان ناکات.

بەکارهێنانی تێکەڵەیەک لە دوو ڕێنووس و دوو زمان لە تابلۆکاندا

مەبەستمان لەم خاڵە ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لە نوسراوی سەر تابلۆکان بریتییە لە تێکەڵەیەکی دوو ڕێنووسی و دوو زمانی . بۆ.نموونە ناونیشانی تابلۆکە بە زمانی عەرەبییە و ناوەکان بە کوردیەکی تێکشکاوی ڕێنووس عەرەبی نوسراوە ... وەک (صيدلية هيدى ، ديكورات برايتي ، اصباغ اري ،

مكتب صباح لكي ، حلاقة جۆمان دەلاک ، مطعم سيد بهروز ، سيوا ماركت ، مخبز اشتي ، مكتبة هڤال ، صيدلية اڤيستا ، روضة باباگرگر الاهلية ، صيدلية هلويست ، چرزات نهرو ، مخبز هلۆ ، ... هتد) بێگوومان ئەمیش کێشەی یەکگرتوویی (بینراوی و زمانی) دروست دەکات. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خوێندنەوە و تێگەیشتن لە تابلۆکان بە شێوەیەکی دروست قورس و گران بێت، بە تایبەت بۆ ئەو کڕیارانەی کە لە هەردوو زمانەکە شارەزا نین. ئەم تێکەڵە زمانییە ڕەنگە ناسنامەی شوێنەکەش تێکبدات و جۆرێک لە ناڕوونی لە گەیاندنی پەیامەکەیدا دروست بکات .

- بێ ئاگایی لە گرنگی بەکارهێنانی زمانی کوردی

دەشێ بێ ئاگایی و کەم هۆشیاری هۆکار بێت بۆ گرنگی نەدان بە زمانی کوردی لە نوسینی سەر تابلۆکاندا ، بەتایبەتی لای خاوەن دوکان و مێوانخانە و چێشتخانەکان ، ڕەنگە پێیان وابێت کە بەکارهێنانی تەنها زمانی عەرەبی بەس بێت بۆ ڕاکێشانی کڕیار، یان ڕەنگە ئەوەندە زانیارییان لە زمانی کوردیدا نەبێت بۆ دیزاینکردنی تابلۆی دروست . ئەم نەبوونی هۆشیارییە گوزارشت لە ململانێیەکی بەرفراوانتر دەکات ، سەبارەت بە قەدرزانینی زمانی کوردی و ڕۆڵی زمانی کوردی لە کۆمەڵگەدا.

- سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی تر :

لەم چوارچێوەیەدا ئەزموونی وڵاتانی دیکە لە مامەڵەکردن لەگەڵ فرەچەشنی زمانی لە شوێنە گشتیەکاندا دەشێت سوودبەخش بێت. بۆ نموونە لە (سویسرا) چوار زمانی فەرمیی لە سەر تابلۆ فەرمی و بازرگانییەکان بە یەکسانی بەکاردەهێنرێن. لە (کەنەدا) هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی لەسەر تابلۆکان بەکاردەهێنرێن لەو ناوچانەی کە هەردوو زمانەکە قسەیان پێدەکرێت. ئەم ئەزموونانە گرنگی هەبوونی سیاسەتی زمانی ڕوون و جێبەجێکردنی ستانداردە یەکسانەکان بۆ تابلۆ فرە زمانەکان نیشان دەدەن .

پێشنیاز و چارەسەر

- هاندانی خاوەن شوێنەکان بۆ بەکارهێنانی نووسینی کوردی بە شێوەیەکی دروست :

پێویستە خاوەن دوکان و چێشتخانە و مێوانخانە و هۆتێلەکان هانبدرێن بۆ ئەوەی نووسینی دروستی کوردی لەسەر تابلۆکانیان بەکاربهێنن. دەکرێت وۆرکشۆپ و خولی ڕاهێنان ڕێکبخرێت بۆ فێرکردنی چۆنیەتی نووسینی کوردی بە شێوەیەکی دروست. یان دروستکردنی ڕێنماییەکی یەکگرتوو بۆ ئەو ناوە کوردیانەی کە لە تابلۆکاندا بەکاردەهێنرێن .

- دیزاینی تابلۆی یەکگرتووی فرە زمانی

پێویستە دیزاینەران هان بدرێن بۆ دیزاینکردنی تابلۆی یەکگرتووی فرە زمان، بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی هەر زمانێک. دەشێت ستانداردی دیزاینی یەکسان بۆ تابلۆکانی فرە زمانی پەرەپێبدرێت و دڵنیابین لە ڕوونی پەیامی تابلۆکان و خوێندنەوەیان بە شێوەیەکی ئاسان .

- هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە گرنگی بەکارهێنانی زمانی کوردی: پێویستە هەڵمەتی هۆشیاری بۆ کۆمەڵگە ڕێکبخرێت سەبارەت بە گرنگی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە شوێنە گشتییەکاندا. بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم پەیامە دەتوانرێت کەڵک لە میدیای جۆراوجۆری وەک تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەربگیرێت. دەکرێ بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لایەنە ڕۆشنبیرییەکان بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە گرنگی زمانی کوردی هاریکاربن ...

-ڕۆڵی(ژووری بازرگانی) لە ڕێکخستنی ناوە بازرگانییەکاندا

ژووری بازرگانی، بەپێی یاسا و ڕێساکان، دەسەڵاتی ڕێکخستنی ناوی بازرگانی هەیە، بە ئامانجی دڵنیابوون لەوەی کە هیچ ناوێکی چەواشەکارانە یان ناوێک کە پێشێلکردنی ئەخلاقی گشتی بێت، یان ئەو ناوانەی کە دەبنە هۆی ناکۆکی بازرگانی. ئەم دەسەڵاتە ڕۆڵێک دەدات بە ژووری بازرگانی لە دڵنیابوون لە ڕەوایەتی ناوە بازرگانییەکان و پابەندبوونیان بە یاسا و ڕێسا کارپێکراوەکان. ژووری بازرگانی دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت لە بەرەوپێشبردنی فرەچەشنی زمانی لە ناوی شوێنە بازرگانییەکان ، بە دانانی پێوانە و ڕێنمایی کە هاندەری بەکارهێنانی زمانە ناوخۆییەکان بێت، لەوانەش زمانی کوردی. ژووری بازرگانی دەتوانێت هاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان بکات، وەک (زانکۆ و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان)، بۆ ئەوەی پاڵپشتی تەکنیکی و ڕاوێژکاری پێشکەش بە خاوەن شوێنە بازرگانییەکان بکات لە هەڵبژاردنی ناوی گونجاودا.

سەبارەت بە ڕۆڵی ژووری بازرگانی نموونەیەکی زیندوومان لایە چەند مانگێک پێش ئێستا پاریزەرێک هاتە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی

زانکۆی کەرکوک داواکارییەکی هێنابوو لە ژووری بازرگانی کەرکوکەوە داوای دەکرد پشتگیری بکەین لەوەی کە ئەم ناوە (کادو) ناوێکی کوردیە و ناوێکی بیانی نییە ... ئێمەش پێمان سەیر بوو لێمان پرسی ژووری بازرگانی حەقی چییە بەسەر ناوی کۆمپانیاکانەوە ؟ لە وەڵامدا ووتی دەمانەوێت ناوی کۆمپانیاکەمان تۆمار بکەین ڕازی نەبوون بەو ناوە ووتیان بە ناوێکی بیانی دەکات ئێمە بەپێی ڕێنماییەکان ناتوانین تۆماری بکەین ، دەبێت ئەوە بسەڵمێنیت کە ئەم ناوە کوردیە ئەوجا هیچ لاریەکمان نابێت، منیش پشکنینێکی خێرای فەرهەنگی ڤەژینی ئەلیکترۆنیم کرد ... لە گەڕانەکەیدا لە فەرهەنگی ڕێژگە بە واتای (دیاری) لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەش بە (دوکەڵ) هاتبوو ... نوسراوێکمان بۆی کرد و ڕۆیشت ... ئەمە مانای ئەوەیە کە تاوەکو ئێستاش کار بەو نوسراوە دەکرێت کە نابێت لە ژووری بازرگانیدا ئەو ناوانە تۆمار بکرێت کە بیانیین، بەڵکو دەبێت ناوەکان یان عەرەبی بێت یان زمانە کانی دیکەی ناوخۆ بێت ... کەواتە هیچ ڕێگرییەک نییە لە ڕووی یاساییەوە زمانی پێکهاتەکانی کەرکوک قەدەغەبکات و نەهێڵێت بەکاری بهێنن ... بۆیە ژووری بازرگانی ڕۆڵی گرنگی هەیە لە سنوردارکردنی ناوەکانی سەر تابلۆکان ... بەپێی یاسا دەشێت ڕێکیبخات ...

- ڕۆڵی پارتە سیاسییە کوردییەکان

پارتە سیاسییە کوردییەکان دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن لە هاندانی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە تابلۆکاندا. لایەنەکان دەتوانن دەستپێشخەری بکەن بۆ هۆشیارکردنەوەی خاوەن شوێنە بازرگانییەکان سەبارەت بە گرنگی بەکارهێنانی زمانی کوردی و پاڵپشتی تەکنیکی و ڕاوێژکارییان پێشکەش بکەن.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە چارەسەرکردنی کێشەکانی زمانی کوردی لە تابلۆکانی کەرکوکدا پێویستی بە هەوڵێکی هاوبەش هەیە لەلایەن هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە، لەوانە خاوەن دوکانەکان، دیزاینەرەکان، دەزگا حکومییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، و لایەنە سیاسییە کوردییەکان . ئەویش بە پیادەکردنی سیاسەتێکی زمانی ڕوون و ئاشکرا ...

ئەنجامەکان :

١ - ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات کە زمانی کوردی لە دەرکەوتن و دەربڕینی ناسنامەکەی لەسەر تابلۆکانی شوێنە بازرگانییەکان ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە بۆتەوە .

٢ - بەکارهێنانی بەربڵاوی نووسینی عەرەبی بۆ وشەی کوردی و تێکەڵەی نووسین لە سەر تابلۆکاندا ڕوون و بەرچاوە ...

٣ - هۆکارە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە لە هەژموونی زمانی عەرەبی لەسەر تابلۆکانی شاری کەرکوک .

٤ - دامودەزگا ناوخۆییەکانی، وەک (ژووری بازرگانی) و (لایەنە سیاسییە کوردییەکان) دەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕن لە بەرەوپێشبردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی لەسەر تابلۆکاندا.

٥ - ئەزموونی وڵاتانی تر لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەمەچەشنی زمانی لە شوێنە گشتییەکاندا، دەشێ کەڵک وەربگیرێت.

- ڕاسپاردەکانی ئەم توێژینەوەیە :

١- دامەزراندنی ڕوانگەی زمانی کوردی

- دامەزراندنی ڕوانگەیەکی زمان تایبەتمەند بێت بە زمانی کوردی لە کەرکوک ، کە پسپۆڕانی زمان و ڕۆشنبیرانی کورد لەخۆ بگرێت. کاری ئەم ڕوانگەیە یەکخستنی زاراوە و ڕێنووسی سەر تابلۆکان بێت، هەروەها پشتگیری زمانی و دۆزینەوەی ناوی کوردی لەبار بۆ خاوەن دوکان و دیزاینەران دابین بکات ...

٢- پەرەپێدانی فەرهەنگێکی یەکگرتووی کوردی لە زاراوە بازرگانییەکان

- پەرەپێدانی فەرهەنگێکی یەکگرتووی کوردی بۆ زاراوە بازرگانییەکان، لەوانە ئەو زاراوانەی کە لە کەرتە بازرگانییە جیاوازەکاندا لەسەرتاپای کوردستان بەکاردەهێنرێن، وەک هۆتێل و چێشتخانە و مۆڵەکانی بازرگانی و دوکان و ... هتد ئەم فەرهەنگە دەشێت بە شێوەی ئۆنلاین و وەک ئەپی مۆبایلە زیرەکەکان بەردەست بێت.

٣- ڕێکخستنی خولی ڕاهێنانی تایبەتمەند

- ڕێکخستنی خولی ڕاهێنانی تایبەتمەند بۆ خاوەن شوێنە بازرگانییەکان و بە تایبەت دیزاینەران، لەسەر چۆنیەتی دیزاینکردنی تابلۆی سەرنجڕاکێش و ڕوون بە زمانی کوردی. دەشێ ئەم خولانە وانەکانی ڕێزمانی کوردی و بەکارهێنانی فۆنتی کوردی و دیزاینی هێمای فرە زمانی لەخۆ بگرێت .

٤- دەستپێکردنی کەمپەینی هۆشیاری

- دەستپێکردنی هەڵمەتێکی هۆشیاری بۆ سەرجەم خاوەن شوێنە بازرگانییەکان و دوکانەکان، بۆ هاندانیان بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لەسەر

تابلۆکانیان، وەک بەشێک لە ناسنامەی کولتووری خۆیان. کەمپینەکە دەکرێ بریتی بێت لە دابینکردنی مۆدێلی دیزاینی (تابلۆ کوردی سەرنجڕاکێش) و پێشکەشکردنی پاڵپشتی تەکنیکی و ڕاوێژکاری بۆ خاوەن شوێنە بازرگانییەکان و دوکانەکان.

٥- تەرخانکردنی خەڵات بۆ باشترین تابلۆی کوردی

- تەرخانکردنی خەڵات بۆ باشترین تابلۆی کوردی لە کەرکوک، بۆ هاندانی خاوەن دوکانەکان بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە تابلۆکانیاندا. دەکرێت ئاهەنگێکی ساڵانەی خەڵاتکردن ڕێکبخرێت، کە کەسایەتییە ڕۆشنبیری و میدیاییەکان تێیدا ئامادەبن.

٦- ئەنجامدانی توێژینەوەی مەیدانی خولیی

- ئەنجامدانی توێژینەوەی مەیدانی خولیی بۆ هەڵسەنگاندنی واقیعی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە تابلۆکانی شوێنە بازرگانییەکان لە کەرکوک. ئەم توێژینەوەیانە دەتوانن یارمەتیدەر بن لە دەستنیشانکردنی کێشە و ململانییەکان ، و دیاریکردنی کاریگەریی سیاسەتی زمانیی جێبەجێکراو ...

سەرچاوەکان :

Barnard, M. (2005). Graphic - design as communication. Routledge.1-

-٢ - Cox, T. (1993). Cultural diversity in organizations: Theory, research and practice. Berrett-Koehler Publishers.

- Hall, E. T. (1976). Beyond culture. Anchor books.3-

-٤ - Pettigrew, T. F., & Tropp, L. R. (2006). A meta-analytic test of intergroup contact theory. Journal of personality and social psychology, 90(5), 751.

-٥ - Taylor, C. (1992). Multiculturalism and "The Politics of Recognition": An Essay. Princeton University Press.

٦ - اليونسكو. (٢٠٠١). الإعلان العالمي بشأن التنوع الثقافي. اليونسكو.

٧ - اليونسكو. (٢٠٠٣). التعليم في عالم متعدد اللغات. اليونسكو.

٨ - الأمم المتحدة في العراق. "التنوع الثقافي الغنيّ في كركوك يتجلى في احتفال الكركوكيين باليوم الدولي للمرأة".

٩ - تقارير منظمات المجتمع المدني في كركوك حول التنوع الثقافي واللغوي.

١٠ - دراسات أكاديمية حول التعدد اللغوي في العراق.

١١ - قانون اللغات الرسمية في العراق.

١٢ - تقارير الامم المتحدة حول كركوك.

* زانکۆی کەرکوک – کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان- زمانی کوردی.

زمانی کوردی لەنووسینی تابلۆی شۆێنە گەشتیارییەکان و داموودەزگا فەرمییەکان

کازم عەباس زەندی

پێشەکی

ڕاستییەکەی ئەو کۆمەڵە مرۆڤانەی کە لەئێستادا لەسەر گۆی زەوی بە نەتەوە دەناسرێن، هەڵکەوتەو پەیدابوونی هەریەکەیان بە ڕێڕەوەکی تایبەتدا ڕۆیشتووە، ئینجا بۆ هەر نەتەوەیەک ناسنامەیەک دروست بووە، دروست بوونی ناسنامەکانیش لەسەر سێ کۆڵەگە ڕۆنراوە،

کۆڵەگەی یەکەم بە گەڕانەوەیە بۆ ڕەچەڵەک و مێژووی ئەو نەتەوەیە، کە ئایا بە شۆڕبوونەوە بۆ ڕابوردووی دوور، ئەم نەتەوەیە بنەچەیەکی تایبەت و سەلمێنراوی بەخۆیان هەیە ؟

کۆڵەگەی دووەم بەهەبوونی خاک و نیشتمانە، کە ئایا ئەم نەتەوەیە بەردەوام لەسەر پارچەزەوییەکی تایبەت بەخۆی ژیاوەو پارێزگاری لێکردووە؟

کۆڵەگەی سێیەم بەهەبوونی کەلتوورو مانەوەی ئەو زمانەیە کە قسەی پی دەکات، کە ئایا ئەم نەتەوەیە بە زمانەک دەئاخڤێت و بە کەلتووری تایبەت بەخۆی دەناسرێت؟ لەمەشدا ئێمەی کورد وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ بە زمانەکی زیندوو، خاوەن ناسنامەی تایبەت بەخۆمانین، چونکە هەر سێ کۆڵەگەمان بەرجەستەیە، ڕەچەڵەکمان بۆ هیندوئەوروپییەکان دەگەڕێتەوە، هەر لەسەردەمی مەدییەکانیشەوە بەمێژووەکی تایبەت دەناسرێینەوە، لەهەمان کاتدا

بەردەوام خاکەکەمـــان کە شـــوێنەکەی میســـۆپۆتامیایە، بە کوردنشـــینان ئاوەدانکراوەتەوە، کە ئێستا نیشتمانمانە و بە کوردستان دەناسرێتەوە، هەروەها کەلتـوورو زمـانەکی تـایبەت بە خۆشـمان هەیە، کە لەنەتەوەکـانی چـوار دەور جیامـــان دەکـــاتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەســـەردەمی ناوەڕاســـت و نوێـــدا، بە دیارکراویش لەدوای داهاتنی ئایینی ئیسلام، دەسەڵاتەکی سەرتاسەریمان لەسەر خـاکەکەی خۆمانـدا نەبـووە، بـۆیە نەمـانتوانیوە بەخۆمـان مێـژووی خۆمـان بنووسینەوە، ئەمەش دەرفەتی بۆ داگیرکەرو ناحەزان ڕەخساند، تا سەرچاوەی ڕەچەڵەکمان لێڵ بکەن ! مێژووی ڕابوردوومـان بشـێوێنن ! کەلتوورمـان زەوت بـکەن یـان لێمـان یـزر بـکەن ! بەڵام لەگەڵ ئەمانەشـدا خۆمـان ڕاگـرت و هەر مـاوینەوە، چـونکە نەیـانتوانی ناسـنامەی زمانمـان لـێ بسـەننەوە، ئەگەرچـی هەر لەســـەرەتای ســـەدەی بیســـتەم، لەدوای دروســـتکردنی دەوڵەتە نەتەوەییەکـانەوە هەوڵی زۆریاندا زمانەکەمـان بتوێننەوە، نەتوانینی ئەم کارەش بەهـۆی پتەوی زمانەکەمـــان بـــوو لەڕووی بنەمـــا ڕێزمانییەکـــان و دەوڵەمەنـــدی وشـــەکانیەوە لەهەمان کاتدا بەهۆی چەند هۆکارەکی تری پەیوەست بەهەڵکەوتەی تـاکی کـورد و جوگرافیای خاکەکەمانەوە بووە، چونکە بەشی هەرە زۆری نەخوێندەواربوون یـان دوورەپەرێـز و نیشـتەجێی گونـدە لاتەریکەکـان بـوون، ئەمەش وایکـرد لەلایەکەوە ئـاخێوەری کەم نەبێتەوە، لەلایەکـی دیـکەوە زمانەکەمـان بەخـاوێنی بمێنێتەوەو لەکاریگەری زمانی داگیرکەران پارێزراو بێت .

ناونیشانی تۆێژینەوەکە

ئەم تـوێژینەوەیە، تـوێژینەوەکی مەیـدانییە، بەنـاو نیشـانی (کێشـەکانی زمـانی کـوردی لەنووسـینی تـابلۆی شـوێنە گەشـتیارییەکان و داموەدەزگـا فەرمییەکـان) لەکوردستانی باشووردا، هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانەش بۆ ئەو هۆکارو دیـاردە زەق و بەرچـاوانە دەگەڕێـتەوە، کە لەنووســینی ناوەکـــان و بەکارهێنـــانی ئەو زمانـانەدا دەبینرێت، کە لە نووسـینی تابلۆکانی چێشـتخانەو مـۆڵ و هۆتێلەکانـدا بەکـار دەهێنـرێن، چـونکە یەک زمـان و یەک ڕێنووســیان بـۆ بەکـار ناهێنرێـت، بەڵکوو بە زمان و بە ئەلفابێی جیاواز دەنوسـرێن و پیشـان دەدرێن، هۆکاریش لەمەدا، لەلایەکەوە پەیوەنـــدی بە نەبـــوونی زمـــانی ســـتانداردی کـــوردی و ڕێنووسەکی یەکگرتوو هەیە، لەلایەکی دیکەوە پەیوەندی بەو هەستە بـێ باوەڕ بەخۆبوون و باگڕاوندە ڕۆشـنبیرییەوە هەیە، کە تـاکی کورد هەیەتـی، چـونکە وا دەزانێت زمانەکەی هاوتای زمانـان نییە، ئەم هەسـتەش لە ئەنجامی ئەم ڕێڕەوە

ناهەمواردا دروستبووە، کە بەدرێژایی مێژوو نەتەوەی کوردی پێدا تێپەڕیوە، چونکە هەرگیز دەسەڵاتەکی سەقامگیرو سەرتاسەری نەبووە، کە زمانەکەی لە پرۆسەی خوێندن و دامودەزگاکانی فەرمانڕەوایەتی بەکار هێنرابێت، تا لەئێستادا بتوانێ هاوبڕکێی زمانەکانی تر بکات، بەڵکوو هەردەم زمانەکی تری لەڕێی دەسەڵات و خوێندن و نووسیندا بەسەردا زاڵبووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر دروستبوونی ئەم هەستەدا هەبووە، کە بەردەوام بیروبۆچوونی جیاوازو دووبەرەکی لەنێوان شارەزایانی زمان و دەستەبژێرانی دروستکردووە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی زمانی کوردی بەردەوام ئەو ئامادەیی تێدا بێت، تا جێگە بۆ زمانی دیکە چۆل بکات و زمانی تری بەسەردا زاڵ ببێت یان لەجیاتی بەکار بهێنرێت، هەموو ئەمانەش کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی کێشەو چارەسەرکردنی ئاریشەکانی زمانەکەماندا هەبوو، چونکە ڕێڕەوی خزمەت و زەمینەی بەکارهێنانی وەک زمانە زاڵەکان بۆ مەیسەر نەدەبوو، هەردەم لە پاڵپشتی دەسەڵاتەکی دڵسۆزو لێزان بێ بەشبوو، کە بەپێی پێویست زەمینەیەکی لەباری بۆ خزمەتکردن و بەکارهێنانی ڕەخساندبێت، تا بایەخ و بەهای بەکارهێنان و پێشکەوتن و ڕێڕەوی گەشەو گۆڕانی زمانەکەی بەئاڕاستەیەکی تەندروستدا بردبێت، لەمەشدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە دەبێت هەردەم لەباسکردنی کێشەکانی زمانی کوردیدا ، ڕەچاوی ئەو بارودۆخە بکرێت، کە زمانەکەمانی تێدابووە، لەمەشدا هەموو ئەو کێشانە سەریان هەڵداوە، کە لە زمانی کوردی بەگشتی و لە نووسینی تابلۆکاندا دەبینرێت .

ئامانج لەم توێژینەوەدا

ئامانج لەم توێژینەوەیەدا دەستنیشانکردنی ڕێگەچارەیەکە بۆ نەهێشتنی جیاوازی لەنێوان زمانی بەکارهێنراو لەنووسینی تابلۆکان و ڕێنووسی ناوەکاندا، چونکە ئەگەر سەیری زمان و نووسینی تابلۆکان لە کوردستانی باشوور بکەین، دەبینین لە نووسینی زۆربەی تابلۆکاندا، زمانی دیکە لەجیاتی زمانی کوردی بەکار دەهێنرێت، ئەوەندەی بەزمانەکانی دیکە دەنوسرێن، زمانی کوردی پێشبەندی بۆ دانانرێت، لە هەمان کاتدا تابلۆکان بەچەند ئەلفبێیەکی جیاوازیش دەنوسرێن، چونکە هەر زمانەک بەتایبەتمەندی خۆی ئەلفبێ بەکار دەهێنێت، لەمەشدا جیاوازییەکی زۆر لەنووسینی تابلۆکاندا دروستبووە، بۆیە پێویستی بە چارەسەر هەیە، تاوەکوو زمان و ڕێنووسی ناوەکان یەک بخرێن و بەشێوەیەکی جوان پیشان بدرێن .

ڕێگەچارەی کێشەکان لەنووسینی تابلۆکاندا

یەکەک لەکێشەکانی نووسینی تابلۆکاندا، بەکارهێنانی ئەو زمانەیە، کە بۆیان بەکار دەهێنرێت، چونکە لەپاڵ زمانی کوردیدا، چەند زمانەکی تریش کاری پێ دەکرێت، ئەمەش کێشەیەکە پێویستی بەچارەکردن هەیە، چونکە ئەگەر وا بەردەوام بێت، بەهای زمانی کوردی ناهێلێت، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش، دەسەلات ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێت، چونکە دەسەلات دەتوانێت بیروڕای خۆی بەسەر هەموو لایەکدا بسەپێنێت و ئەو توانایەی هەیە، کە بڕیارەکی گشتگیر دەربکات، تا هەموو دەزگاو لایەنەکانی پێوە پابەند ببێت، کە تابلۆکانیان بەو زمانە بنووسن کە ئەو دیار دەکات، لەمەشدا دەبێت زمانی یەکەم کە کوردییە لەسەرووی زمانەکانی تر بێت پاشان عارەبی ئینجا ئەگەر بەپێویست زانرا بەزمانی تریش بنوسرێن، چونکە زمانی کوردی لەکوردستاندا زمانی یەکەمە پاشان عارەبی و زمانەکانی تری بەدوادا دێت، بەڵام چارەسەرکردنی کێشەی ڕێنووس بەبڕیار ناکرێت، چونکە تا تابلۆکان بەزمانی دیکە بنوسرێن و زمانی کوردی ستانداردو ڕێنووسەکی یەکگرتووی نەبێت، ئەم کێشەیە هەر دەمێنێت .ئەگەر بمانەوێت نووسینی تابلۆکان بەکوردی بکەین، دەبێت کێشەی زمانەکەمان لەڕووی ستانداردو ڕێنووسەوە چارەسەر بکەین، ئینجا داوای ئەوە بکەین، کە نووسینی هەموو تابلۆکان بەکوردی بنوسرێن، چونکە تا ئەمانەمان نەبێت، زمانی کوردی هەر بەشێوەزارەکانییەوە دەناسرێت، ئەمەش وادەکات، نەتوانێت هاوبڕکێی ئەو زمانانە بکات کە ستانداردیان هەیە، چونکە لەم حالەتەدا هەر شێوەزارەک لەنووسین و بەکارهێنانی ئەلفبێ و دەستەواژەکاندا خۆی لەشێوەزارەکی دیکە بەشیاوتر دەزانێت، لەمەشدا کێشەی بێ چارە بۆ نووسەرو زمانەوانان دروست دەبێت، چونکە ناتوانن ڕێککەوتن لەسەر بەکارهێنانی ناوەک بکەن کە هاوواتای لەشێوەزارەکی تردا هەبێت لەهەمان کاتدا ناتوانن بەیەک شێوە ڕێنووسەکەشی ڕێک بخەن، چونکە ئەگەر بەشێوەیەکی تریش بینووسن بەڕاست دەزانرێت، ئەمەش وای لە بیرکردنەوەی هەندێ کەس کردووە، کە هانا بۆ بەکارهێنانی زمانەکی بیانی ببەن، بۆ چارەکردنی ئەم کێشەیەش دەبێت دوو هەنگاوی بنەڕەتی هەڵ بهێنین، ئەویش دروستکردنی ستانداردو ڕێنووسەکی یەکگرتووە بۆ زمانی کوردی، تا زمانی کوردیش بکەوێتە ئاست ئەو زمانانەی کە لەگەڵیدا بەکار دەهێنرێت .

هەنگاوی یەکەم : دروستکردنی زمانی ستاندارد

لەسەرەتاوە پێویستە ئەو خۆزگەیە بخوازین، کە دروستکردنی یەک ستاندارد بۆ زمانی کوردی ئاواتی هەموو کوردێکە، بۆیە دەبێت هەوڵی بۆ بدەین و بێ ئومێد نەبین لە دروستکردنی، بەڵام هەروەک دەزانین، ئەو بارودۆخەی کە زمانی کوردی تێدایە، یارمەتیدەر نییە بۆ بەدیهێنانی ئەم خۆزگەیە، چونکە بێ توانین لەڕووی دەسەڵاتەوە، لەهەمان کاتدا لەلایەکەوە خاک و شێوەزارەکانمان لەیەکتر دابڕێنراوە، لەلایەکی ترەوە لەهەر بەشەکیدا زمانەکی تری بەسەردا زاڵکراوە، ئەمەش وادەکات بەشێوەیەک بیر لەچارەسەرکردنی کێشەی ستانداردکردنی زمانەکەمان بکەینەوە، کە بەتایبەتمەندی زمانەکەمان بێت و ڕەچاوی ئەو بارودۆخ و ژینگەیەی تێدا بکرێت، کە زمانەکەمان لە کۆندا پێیدا تێپەڕیوەو لە ئێستادا تێیدا دەگوزەرێت .ئەگەر لە ستانداردکردنی زمانە جیاوازەکان بڕوانین، دەبینین بۆ ستانداردکردنی هەر زمانەک، شێوەزارەکی بە بناغە وەرگیراوە ئینجا ئەم شێوەزارە بەشێوەکانی دیکە دەوڵەمەندکراوەو لەپڕۆسەی خوێندندا بەکار هێنراوە، هەر ئەم زمانەش لەداموددەزگا فەرمییەکان کاری پێکراوەو لەنووسینی تابلۆکاندا پشتی پێبەستراوە، بەڵام ئەو شێوەزارەی کە بەبناغە وەرگیراوە، یەکەک لەو تایبەتمەندییانەی هەبووە :

١-لە ڕێی دەسەڵاتەکی سەرتاسەرییەوە، لە پڕۆسەی خوێندن و نووسین بەکار هێنراوە، بەمەش باڵا دەستی نواندووەو لەدواتردا زەمینەی ستانداردبوونی بۆ زمانەکە ڕەخساندووە .

٢- دەقەکی ئایینی بەو شێوەزارە نووسراوە، بەمەش پێشەنگی لەنێو شێوەزارەکاندا وەرگرتووە، تا بەبناغەی ستانداردی زمانەکە بزانرێت .

٣- لەگەشەی ئەدەبیدا ئەوەندە پێشکەوتوو بووە، کە شێوەزارەکانی دیکە ڕکابەرییان پێ نەکراوە، بەمەش ڕۆڵی ستانداردی زمانەکەی بینیوە، چونکە لە هەموو شێوەزارەکان زیاتر نووسینی پێکراوەو ئاشناتربووە .

ئاشکرایە کە هیچ لەم تایبەتمەندییانە بۆ شێوەزارەکی زمانی کوردی لەئێستاو لەڕابوردوودا دەستەبەر نەبووە، چونکە لەکۆندا هەرگیز شێوەزارەکی لە ڕێگەیەکەوە یان لەژێر سایەی دەسەڵاتەکی گشتگیر بەسەر شێوەزارەکانی دیکەدا زاڵ نەبووە، بەڵکوو لەهەر سەردەمەکدا، زمانەکەی بەپێی شیوەزاری میرنشینەکییەوە گەشەیکردووە، هەر ئەو شێوەزارەش لەکاروباری میرنشینەکەدا

ڕۆڵـی سـتانداردی بینیـوه، لەئێستاشـدا ئەو ژیـنگەیەی بـۆ ناڕەخسـێت تـا بە ڕێڕەوەکـی تەندروسـتدا خـزمەت بکرێـت و زەمینەیەکـی گونجـاوی بـۆ بەسـتانداردکردن هەبێـت، چـونکە دەسـەلاتەکی گشـتگیرمان نیـیە، کە گشـت شێوەزارەکانی لەخۆ گرتبێت، تا بتوانێت هەمـوو پارچەو بەش و شێوەزارەکانی بەبڕیـارەک پابەنـد بکـرێن، بەڵکـوو لەلایەکەوە لەلایەن داگیـرکەران ڕێگـری لـێ دەکرێت، لەلایەکی دی شێوەزار پەرستی پەرەی پێ دەدرێت، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی سـتانداردکردنی زمـانی کـوردی ئـاڵۆزو گـران بێت، چـونکە لە ئەنجـامی ئەمەدا هەموو شێوەزارەکانی خۆیان بە هاوبڕکێی یەکتر دەزانن لە هەڵبژاردنیان بەبنـاغەی ئەو سـتانداردەی، کە پێویسـتە بـۆ زمـانی کـوردی دروسـت بکرێـت، ئەمەش وایکـــردووە ،بیـــر لەوە بکـــرێتەوە، کە دوو ســـتاندارد لەجیـــاتی یەک سـتانداردی بـۆ دروسـت بکرێـت، یەکەکیـان لە کرمـانجی ناوەڕاسـت بێـت، کە شـێوەزاری بابـانی تێـدا بە بنـاغە وەربگیرێـت، چـونکە ئەم شـێوەزارە نـوێترین شـێوەزارە لە نێـو شـێوە گفتوگـۆی خۆیـدا، کە زیـاتر گەشـەی کردبێـت و دوا گۆڕانی بەسەرداهاتبێت، ئەوی دیکەیان لە کرمانجی سەروو بێت، کە شێوەزاری بۆتانی تێدا بە بنـاغە بزانرێـت، چـونکە ئەم شـێوەزارەش لە نێو شـێوە گفتوگـۆی خۆیـدا هەمـان سـیفەتی شـێوەزاری بابـانی هەیە، بەڵام لە دروسـتکردنی ئەم دوو سـتانداردەدا دەبێت هەندێ تایبەتمەندی نـاوچەیی لابـبردرێت لەهەمـان کاتـدا بە دەستەواژەی شێوەزارەکانی دیکە مووتـوربە بکرێن ئینجـا بـۆ یەکلاییکردنەوەی گـرفتە ڕێزمانییەکـان و هەڵبژاردنـی دەسـتەواژەکان و لێکـدانەوەی ڕیشـەی وشـەکان، شـێوەزارە کۆنەکـانی (هەورامـی و زازاکـی و لەکـی و لـوڕی و کەلهوڕی.....تـاد بەسـەرچاوەی گەڕانەوە بزانـرێن، چـونکە ئەم شـێوەزارانە کـۆنترین شـێوە ئاخـاوتنی کـوردین و نزیکتـرین شـێوەن لە بنچینـەی زمـانی کـــوردی کە زمـــانی میـــدی و ئاوێســـتایە، ئەمەش وایکـــردووە بـــوون بەستانداردکرنیان بەسەردا تێ بپەڕێت، چونکە گۆڕانی زۆریان بەسـەرداهاتووە، کە لەم دوو شێوەزارەو شێوەزارە جیاوازەکانی تردا دەر دەکەوێت .

هەنگاوی دووەم : دروستکردنی ڕێنووسەکی یەکگرتوو

بەلگە نەویستە، کە ڕێنووسی هیچ زمانەک بێ کێشـەو بێ ئاریشـە نییە، بۆیە ڕێنووسـی کـوردیش لەم دیـاردەیە بەدەر نیـیە، بەڵام لەبەر ئەوەی بیرمەنـدو

شارەزایانی هەر زمانەک، توانیویانە بەتایبەتمەندی زمانەکەیان ڕێگەچارە بۆ گرفتەکانیان دابنێن، ئەمەشیان بەدانانی یاسای نووسین چارەکردووە، ئینجا کە جێبەجێیانکردووە، نووسینی دەستەواژەکانیان وەکوو یەکی لێهاتووە، بۆیە دەبێت ئێمەی کوردیش نووسینی زمانەکەمان بە یاسا ڕێک بخەین، تا بەیاسای پەیڕەوکراو نووسینی وشەکانمان وەکوو یەکتری لێ دەهێت .

بە هەبوونی یاسا ڕاسنووسی و هەڵەنووسی دەستنیشان دەکرێت، بۆیە دەکرێت ڕێنووسی وشەو ناوەکان لەنووسینی تابلۆکاندا وەکوو یەکتری لێ بکرێت، بەمەش کێشەو جیاوازی نووسین لەتابلۆکان چارە دەبێت، ئەگەر نووسەرانی پێ فێربکرێت .بەسەرنجگرتن لە نووسینی ئەو تابلۆیانەی کە بە زمانی کوردی دەنوسرێن، دەبینین زیاتر جیاوازییەکان لەسێ حاڵەتدا دەردەکەوێت، یەکەکیان دەرخستنی پلەبزوێنی تەواو(و)، درێژی (وو)ە، ئەوی دیکەیان لکاندن و نەلکاندنی وشەو ئەفێکسەکانە، ئەوی تریان نووسینی ناوە خوازراوەکانە، چونکە هەندێ ناو کە بەجووت (وو) دەنوسرێن، هەمان ناو لەشوێنەکی دیکە بەتاک (و) دەردەخرێت، ئەگەر واتای وشەکە نەگۆڕێت وەک (نووسینگە – نوسینگە) هەروەها لەنووسینی ناوە ناسادەکانیشدا کێشەی جیاواز دروست دەبێت، چونکە هەندێ ناو دەلکێنرێن کەچی هەمان ناو لە شوێنەکی دی بە نەلکێنراوی دەنووسرێت وەک (ڕوون گۆڕ – ڕونگۆڕ) یان کە ناوەکی بیانی بەکار دەهێنرێت، ڕێنووسی کوردی و زمانە بیانییەکە تێکەڵی یەکتر دەکرێت وەک (احمـد– ئەحـمەد)، ئەمەش لەئەنجامی ئەوەدایە، کە نووسینی کوردی بەپێشنیار ڕێکخراوە، بۆیە دەتوانرێت لە هەریەک لەم حالەتانەدا جۆرە نووسینەک پەیڕەو بکرێت، چونکە پێشنیار هێزی جێبەجێکردنی یاسای نییە، بۆیە لەبەرامبەر هەر پێشنیارەکدا، کەسانی تر هەن، کە دەتوانن پێشنیاری دیکە بکەن، هەرکەسەش پێشنیاری خۆی لەیەکەکی تر بەڕاستتر دەزانێت، ئەمەش وایکردووە، کە نووسینی تابلۆکان بەکوردی دەنوسرێن، هەرچۆنەک بنوسرێن بەئاسایی بزانرێت و بەڕاست هەژمار بکرێن، بەڵام ئەگەر نووسینی کوردیش بەیاسایی بکرێت، بەمەرجەک یاسایەکان بە پێی چەند پێوەرەک دابڕێژرێت، کە بە نووسینی زمانەکەمان بەراورد بکرێت ئینجا یاسایەکان وەک پاساوی ڕاستنووسی پشتیان پێ ببەستریت، لەم حالەتەدا گوومان لەوەدا نابێت، کە ڕێنووسەکی لەیەکچوو بۆ وشەکان دروست دەبێت و نووسینی ناوەکان وەکوو

یەکتـری لـێ دێـت، چـونکە بەپیـی یاسـا، نووسـەرەکان پـێگەی (و)(وو)لەیەکتـر جیادەکەنەوە، کە لە چ حالەتەکدا بەجووت (وو) بنوسرێت و لە چ حالەتەکی تـردا بە تـاک (و)، لەهەمـان کاتـدا بـۆ لکانـدن و نەلکانـدنیش، هەر یاسـا رۆڵـی یەکلاکەرەوە دەبینێت، چـونکە دەتوانرێت لەجیـاکردنەوەی بەشـەکانی ئاخاوتنـدا یاسایەکان دابڕێژرێت بۆ ئەوەی بزانین لە چ حالەتەکدا وشەکان بلکێنرێن و لە چ حـالەتەکی تـردا نەلکێنـرێن، بەهەمـان شـێوە بـۆ نووسـینی نـاوە بیانییەکـانیش دەتوانرێت یاسـایەک دابنرێت، کە ئایـا هەر بەڕێنووسـی خۆیـان بنوسـرێن یـان بخرێنە سەر ڕێنووسی کوردی .

تێبینی

لەپاڵ نەبوونی یاسای نووسین و ڕێنووسەکی یەکگرتوودا، نووسینی کوردی کێشەیەکی تری هەیە، کە پێویستی بەچارەسـەرکردن هەیە، ئەویش بەکارهێنـانی دوو ئەلفبێیە، کە ئەلفبێـی عـارەبی و لاتینییە، چـونکە لەم بـارودۆخەدا ناتوانرێت ئەلفبێیەکیـان کـاری پـێ نەکرێت و بەتەنیـا ئەلفبێیەکەی تـر بەکـار بهێنرێت، ئەم کێشەیەش درزەکی گەورەی لەنێوان فێرخوازانی کورددا دروستکردووە، چـونکە نووسینەکەی لەتکردووە، خوێندەوارو نووسـەرانی لەیەکتر دابڕایـوەو وایکـردووە نەتـوانن بە ئاسـانی نووسـینی یەکتـر بخـوێننەوە، بـۆیە پێویسـتە ڕێگە چـارەیەک بدۆزینەوە، تا فێرخوازی کورد ئەو توانایەی هەبێت بەهەردوو ئەلفبێ بنووسێ و بخوێنێتەوە، بۆ چارەکردنی ئەم کێشەو جیاوازییەش باشترین ڕێگەچـارە ئەوەیە، کە نووسـین بەهەردوو ئەلفبـێ هاوتـای یەکتـر بکرێـت، بەواتـای ئەوەی تەنیـا جیـاوازی نیگـاری پیتەکانیـان لەنێوانـدا بمێنێـت، بـۆ ئەم مەبەسـتەش دەبێـت، لەهەردوو ئەلفبێدا یەک شێوە نووسین پەیڕەو بکرێت، چونکە لەئەلفبێی عارەبیدا شێوەنووسینی (فۆنەتیکی – فۆنیمی)، بەڵام لەلاتینیدا شـێوە نووسـینی (فۆنەتیکی – بڕگەیی) پەیڕەو دەکرێت، ئەمەش جیاوازی لەدەرخسـتنی بنەماکـانی نووسـیندا کـردووە، چـونکە هەنـدێ بنەمـا لە ئەلفبێـی عـارەبی دەردەخرێت، بەڵام لەلاتینیـدا دەرناکەوێت لەهەمان کاتدا هەندێ بنەما لەلاتینی دەردەخرێت کەچـی لەعارەبیدا دەرناخرێت .

ئێمە لەو بـاوەڕەداینە، ئەگەر ئەم هاوتـاکردنە جێبەجـێ بکرێـت، خوێنـدەوارانی هەردوو ئەلفبێ ئاسانتر نووسینی یەکتر دەخـوێننەوە، چـونکە جیـاوازی نووسـین

و خوێندنەوە لەنێوان هەردوو ئەلفبێدا، تەنیا بەرامبەرکردنی نیگاری پیتەکان دەبێت، ئەمەش بۆ فێرخوازان ئاسانە، چونکە تەنیا ناسینەوەی پیتەکان فێربوونی دەوێت، بەمەش ئەگەر کێشەی نێوان هەردوو ئەلفبێ بەتەواویش چارەسەر نەبێت، ئاسانکارییەک بۆ فێرخوازانی هەردوو ئەلفبێ دروست دەکات، کە بتوانن نووسینی یەکتر بخوێننەوە .

جێبەجێکردنی هەنگاوەکان لەپڕۆسەی پەروەردەو فێرکردندا

ئەم پڕۆسەیە باشترین بوارو ژینگەیە بۆجێبەجێکردنی هەردوو هەنگاوی دروستکردنی ستانداردو ڕێنووسی یەکگرتوو، چونکە دەتوانرێت فیرخوازو خوێندەواران بەو زمانە فێربکرێن، کە بە ستاندارد دەزانرێت، ئەو ڕێنووسەش پەیڕەوبکەن، کە پێی فێر دەکرێن .

ئاشکرایە ئەو زمانانەی کە تەنیا ئاخاوتنیان پێ دەکرێت، هەرگیز هاوبڕکێی ئەو زمانانەیان پێ ناکرێت، کە لە پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردنیشدا بەکار دەهێنرێن، چونکە نووسین و خوێندنەوەیان پێ ناکرێت، ئەمەش وادەکات بایەخی زمانەکە هەر لە ئاخاوتنی نێو ماڵەکان بمێنێتەوە، هەروەها ئاخاوتن بەتەنیا، زەمینەیەکی ناتەندروستیش بۆ پەرش و بڵاوی زمان دەڕەخسێنێت، چونکە شێوەزارەکانی بەچەندین ئاڕاستەی جیاوازدا دەبات، کە ئاخێوەرانی لەیەکتر دوور دەخاتەوە تا ڕادەی یەکتر نەناسینەوە، ئەمەش لە داهاتوودا وا دەکات، گرفت و کێشەی زیاتر بۆ زمان پەیدا ببێت، بەڵام ئەو زمانانەی کە خوێندن و نووسینیان پێ دەکرێت، بەشێوەیەکی تەندروست خزمەت دەکرێن و گەشە دەکەن، چونکە وا دەکات شێوەزارەکانیان ئاشنای یەکتر ببێت و لەیەکتر دوور نەکەونەوە، بەمەش زمان لەهەموو بوارەکانی ژیان بەکاردەهێنرێت و زەمینەی ستانداردی ئاسانتر بۆ دروست دەبێت، هەر لەم ڕێیەوەش زمانەکان دەتوانن خۆیان بپارێزن و بەرگەی توانەوە بگرن، چونکە ناتوانرێت زمانی دیکەیان بەسەردا زاڵ بکرێت، بۆیە پێویستە ئێمەی کوردیش گرنگییەکی زۆر بەم پڕۆسەیە بدەین و هەوڵ بدەین خزمەتی زمانەکەمانی تێدا بکەین، چونکە زمان تەوەری هەموو ئەو بابەتانەیە، کە لەم پڕۆسەیەدا باس دەکرێت، هەروەها بوارەکی فراوانە، چونکە زەمینەی پێگەیاندنی کۆمەڵگاش دەڕەخسێنێت، بۆیە دەتوانرێت بە هەردوو بوار نەوەیەکی تەندروست لەڕووی پەروەردەو فێربوونەوە بەرهەم بهێنرێت، کە کاریگەری لەسەر پێشخستن و گۆڕانی زمان و

کۆمەڵگادا هەبێت، چونکە لەپەروەردەکردندا، دەتوانرێت هەستی نەتەوەیی و خۆشەویستی نیشتیمان و کەلتوورو بیروباوەڕی ئاینی لەدل و دەروونی تاکەکاندا بچێنرێت، لەفێرکردنیشدا، دەتوانرێت خزمەتی زمان بکرێت، چونکە خوێندن و نووسینی پێ دەکرێت، بەمەش زمان قۆناغی پەرتەوازەیی تێ دەپەڕێنێت، زووتر سووڕی پێگەیشتن و یەک ئاڕاستەیی وەردەگرێت، هەر بەمەش شێوەزارە جیاوازەکان تێکەل و ئاشنای یەکتر دەبن و ناهێلێت ئەوەندە لێک دووربکەونەوە تا هەرشێوەیەک بەئاڕاستەیەک گەشەبکات، کە لەداهاتوودا تێگەیشتنی ئاخێوەرانیان بۆ یەکتر زەحمەت و گران بێت .

هەروەک دەزانین لە کوردستانی باشووردا، هەرسێ شێوە ئاخاوتن و گفتوگۆی زمانی کوردی، کرمانجی سەروو(بادینی) کرمانجی ناوەڕاست (سۆرانی، بابانی ، گەرمیانی) کرمانجی خواروو(هەورامی) ئاخێوەریان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەی ئاخێوەرانی ئەم بەشە لە کرمانجی ناوەڕاستن، بۆیە وا شیاوترە ئەو ستانداردە لەپڕۆسەی خوێندن و داموددەزگاکانی فەرماڕەوایەتی بەکار بهێنرێت کە لەسەر بابانی دروست دەکرێت، هەر ئەم ستانداردەش لە نووسینی تابلۆکاندا پشتی پێ ببەستریت، چونکە ئەم شێوەزارە هەموو سیفەتەکی تێدایە، تا ستانداردی لێ دروست بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانرا لەدوای ڕاپەڕینەوە، ئەم ستانداردە پەیڕەو بکرێت، چونکە زەمینەیەکی لەبارمان بۆ ڕەخسا، دەسەڵات دەیتوانی لەپڕۆسەی فێرکردندا بیسەپێنێت، بابەت و پڕۆگرامی هەموو کتێبەکانی مەنهەج بەو زمانە بنووسێت و ئەلفبیی عارەبی بەکاربهێنێت، بۆ یەکخستنی ڕێنووسەکەشی دەیتوانی، لەجیاتی پێشنیارەکان بەدانانی یاسا چارەسەری ڕێنووسەکەی بکات، تا یەک شێوە نووسین پەیڕەو بکرێت، ئینجا لەم پڕۆسەیەدا فێرخوازان بەستانداردو ڕێنووسەکی یەکگرتوو فێربکرابوونایە، تا بەمە ڕێچکەیەک بۆ فێربوونی خوێندەوارانی دروست دەبوو، کە نووسەرانی بەرهەم دەهێنا بەیەک شێوە بنووسن، هەر بەمەش دەکرا کێشەی نووسین و زمان و ڕێنووسی تابلۆکان چارەسەر بکرێت و ئەو جیاوازییانە نەهێلرێت کە ئێستاکە دەبینرێت .

تێبینی

لە پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، دەتوانرا خزمەت بە ستانداردی دووەمیش بکرێت، ئەگەر بۆ کرمانجی سەروو لە شێوەزاری بۆتانی دروست

بکرێت، چونکه دەکرا لەڕێکخستنی پڕۆگرامەکانی خوێندندا، ڕێزمان و دەستەواژەی هەردوو ستاندارد بەراوردی یەکتر بکرێت ئینجا فێرخوازانی پێ فێربکرێت، بەواتای ئەوەی دەتوانرا ئەو خوێنکارەی کە بە ستانداردی بابانی دەیخوێند لەستانداردی بۆتانیش شارەزا بکرێت، ئەوەی بەستانداردی بۆتانی دەیخوێند، لەستانداردی بابانیش شارەزا بکرێت، ئەمەش لەدوور مەودادا کاریگەری لەسەر ڕێڕەوی زمانەکەمان دەبوو، چونکە بەتێپەڕینی قۆناغەکان، نەوەیەکی خوێندەوار پێ دەگەیشت، کە ستانداردەکی دەزانێ و بە ستانداردەکەی دیکە شارەزا دەبوو، ئەمەش وای دەکرد خوێندەوارانی هەموو شێوەزارەکانی دیکە لەم دوو ستاندارده نزیک ببنەوە، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاخێوەرانیشدا دەبوو، چونکە وای دەکرد زمانەکی هاوبەشی لێکتێگەیشتنی ئاسان لەنێوانیاندا دروست ببێت، کە لە دواڕۆژدا ببێتە بناغە بۆ دروستکردنی یەک ستاندارد، ئەگەر بارودۆخەکی لەبار بۆ زمانەکەمان بگونجێت .

چەند ڕاسپاردەیەک

بەهۆکاری ئەوەی کە زمان بۆ ئێمەی کورد، گرنگترین پایەیە کە خۆمانی پێ بپارێزین، بۆیە وا پێویست دەکات لە هەموو بوارەکانی تر زیاتر گرنگی پێ بدەین، چونکە مانەوەی زمانەکەمان بە واتای بوونمان دێت، هەر بە زمانەکەشمان دەتوانین خاوەندارى لەکەلتوورو لەمێژووی خۆمان بکەین و یەکگرتنەوەی نەتەوەییمانی پێ دروست بکەینەوە، لەم پێناوەشدا دەبێت هەتا زووە ئەم ڕاسپاردانە جێبەجێ بکەین، تا خزمەتکردنی زمانی کوردی بەئاڕاستەیەکدا دەڕوات، کە لەشێوەی زمانی نەتەوەکانی چوار دەورمان بێت .

١-دەسەڵات : زەمینە بۆ دروستکردنی زمانی ستانداردی کوردی بڕەخسێنێت، چونکە هەر ئەو دەتوانێت پاڵپشتی ئەم کارە بکات، بەمەش زمانی کوردی دەتوانێت هاوبڕکێی زمانی تر بکات لەنووسینی تابلۆکان و هەموو بوارەکانی دیکەدا .

٢- شارەزایان : یاسا بۆ نووسین دابنێن، چونکە تا نووسینی کوردی یاسای نەبێت، ڕێنووسەکی یەکگرتووی بۆ دروست نابێت، ئەمەش وادەکات کێشەو جیاوازی لەنێوان نووسینی نووسەراندا دروست ببێت، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر نووسینی تابلۆ دامودەزگا فەرمییەکاندا دەبێت .

٣- زمانزانان : لەڕێی دەزگایەکی فەرمییەوە، فەرهەنگەکی گشتی لەوشەی هەموو شێوەزارەکان دروست بکەن، چونکە ئەم فەرهەنگە سوودی بۆ توێژەران دەبێت، کاریان ئاسانتر دەکات و بەرچاویان ڕوون و ڕۆشنتر دەبێت، لەبەر ئەوەی هیچ توێژەرەک نییە، کە هەموو شێوەزارە کوردییەکان بزانێت، تا کاری لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان و بنەچەی بنەما ڕێزمانییەکان و ڕیشەناسی وشەکانی پێ بکرێت، بۆیە دانانی ئەم فەرهەنگە پێویستییەکە هەرچەندی زووتر بکرێت، سوودی زیاتری دەبێت .

٤- وەرگێڕەکان : سەرچاوە پێویستەکان بۆ خوێندکارانی زانکۆ وەربگێڕن، چونکە بەوەرگێڕانی سەرچاوەکان، زمانی کوردی لەلای فێرخوازان بەهادارتر دەبێت، وا دەکات خوێندکاری کورد ناچار نەبێت، تا سەرچاوەی زمانی بێگانە بەکار بهێنێت، بەمەش هۆگری زمانی خۆیان دەبن و بەزمانی دیکە گۆش نابن، ئەمەش وادەکات بایەخیان بۆ زمانەکەی خۆیان زیاتر بێت .

٥- بیرمەندان : سیستەمەکی پەروەردەو فێرکردن دابنێن، کە لاسایی نەبێت، بەڵکوو خۆمالّی بێت و بەتایبەتمەندی کۆمەڵگەی کوردی و لەخزمەتی زمانی کوردیدا بێت، تا فێرخوازەک بەرهەم بهێنێت، کە سوودی بۆ زمان و ئایندەی نەتەوەکەمان دەبێت .

٦- خوێندنی بالّا : لە هەموو بەشەکانی زانکۆ، بایەخی زیاتر بۆ زمانی کوردی دابنێت، چونکە زمان لەم پڕۆسەیەدا بالّایی دەردەکەوێت، بەمەرجەک لەداهاتوودا دەرفەتی کاری بۆ مسۆگەر بکرێت .

لەدوای تێپەڕبوونی ٣٥ ساڵ بەسەر هەبوونی دەسەڵاتەکی خۆمالّی لەکوردستانی باشوور، ئەو ڕاستییە بۆ هەموو لایەک ڕوونبۆتەوە، کە خزمەتکردنی زمانی کوردی بەئاڕاستەیەکی هەڵەدا دەبردرێت، چونکە زمانی کوردی لە هیچ بوارەکدا پێشبەندی بۆ دانانرێت، بەڵکوو تەنیا دەرفەتی ئاخاوتنی لەنێو ماڵەکاندا بۆ هێلراوەتەوە، بۆچارەکردنی ئەمەش دەبێت ئەم ئاڕاستەیە ڕاست بکرێتەوەو گۆڕانکاری ڕیشەیی تێدا بکرێت، چیتر زمانی تری بەسەردا زاڵ نەکرێت، بەڵام ئەم کارە بە حکوومەت و بەدەسەڵاتەک دەکرێت، کە دڵسۆزو خەمخۆرو شارەزا بێت، خەمی زمان بە خەمی خۆی بزانێت، بە تەگبیری کەسانی بەهرەمەندو سەلیقەداری زمانەوانی دەکرێت، کە بتوانن ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرن، چونکە حکوومەت و دەسەڵات دەتوانێت، ئەو زەمینەیە

بڕەخسێننێت لەهەمان کاتدا پێداویستییەکان دابین بکات ئینجا بڕیار لەسەر جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکاندا بدات، لەمەشدا پێویستە زمانەوانانی کورد پشتگیری هەموو هەوڵ و بڕیارەکی دژی تۆزانە بکەن، ئەگەر بە مەبەستی خزمەتکردنی زمانەکەمان بێت .

ئەنجام

هەروەک دەزانین کوردستانی باشوور پارچەیەکی بچووکە لە کوردستانی گەورە، بەڵام زۆرترین ئەرک و بەرپرسیاریەتی خزمەتی زمانی کوردی کەوتۆتە سەرشان، چونکە هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە، بەڕاددەیەکی زیاتر لەپارچەکانی دیکە لەبەکارهێنانی زمانی کوردیدا کاراترو ئازادتربووە، هەروەها دەزگای فەرمی وەک کۆڕی زانیاری کوردو ئەکادیمیاشی هەبووە، لەهەمان کاتدا بەسیستەمی نوێش لەخوێندندا، بەشێوەیەکی بەردەوام زمانی کوردی تێدا بەکارهاتووە، بەمەش چەند نەوەیەکی لێ بەرهەمهاتووەو پێگەیشتووە، کە بەکوردی دەنووسن و بیر دەکەنەوە، ڕۆشنبیربووینەو دەخوێننەوە، لەکاتەکدا لەپارچەکانی دیکەیدا زمانی کوردی نووسینی پێ نەکراوە یان قەدەغەبووە، بۆیە هەق وایە ئەگەر خزمەت و چاکەی زیاتری کرد بێت بەستایش باس بکرێت، ئەگەر لەئاستی پێویستیشدا نەبووبێت ڕەخنەی زیاتری لێ بگیرێت .

ئەو بارودۆخەی کە لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ی زاینیش هەڵکەوت، دەرفەتەکی زێڕینی بۆ خزمەتکردنی زمانی کوردی لەم پارچەیەدا ڕەخساند، چونکە هەموو پێداویستییە مادی و مەعنەوییەکان کەوتە بەردەستی خۆمان، بەڵام بەداخەوە کە نەمانتوانی بەپێی پێویست سوود لەم دەرفەتە وەربگرین، تا بە بەرنامە خزمەتی زمانەکەمان بکەین و پێشی بخەین، چونکە لەجیاتی ئەوەی سیاسەت و پلانی زمانمان هەبێت، بە بەرنامەیەکی نەشیاو بەڕێوەبردرا، شێوەزار پەرستی پەرەی پێدرا، زمانی بیانی بەسەردا زاڵکرا، ئەمەش وایکرد زمانی کوردی بەدەستووری جاران هەر بەشێوەزارەکانی بناسرێتەوە، تاوای لێهات هەندێ کەس بیر لەوە بکەنەوە، زمانی جێگرەوەی بۆ دابنێن، وەک ئەوەی نەتەوەی کورد زمانی خۆی نەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین فێرگە بەزمانی بیانی دانرا، کە زمانی ئینگلیزی و عارەبی و زمانی تری تێدا زاڵ دەکرا ئینجا لەگەڵیدا دەرفەتی کارو بژێوی ژیان بەو زمانانەوە گرێدرا، لەپێناو جیبەجێکردن و ڕەواییدان بەم

بەرنامەیەش، چەندین پاساوی نابەجێ دەهێنرێتەوەو چەندین قسەی هەق بۆ ئەم مەرامە ناهەقە بەکار دەهێنرێت، چونکە هەندێ کەس دەڵێن، وا پێویست دەکات و ئاساییە، ئەگەر فێرخوازی کورد ئازاد بێت، تا چ زمانەک بەکار دەهێنێت و دەخوێنێت، لەم حالەتەشدا هەموو زمانەک ئەو هەقەی پێ دەدرێت، کە هاوبڕکێی زمانی کوردی بکات، لەکاتەکدا هیچ وڵاتەک، هیچ دەسەڵاتەک، هیچ گەل و کۆمەڵگایەک نییە لە دنیادا، ئەگەر لەشوێنی گەلی کورددا بێت، کە بوونی خۆی لەمانەوەی زمانەکەیدا دەبینێت، ئەوە قبووڵ بکات، کە بەزمانەکەی دەکرێت، لەئەنجامی ئەمەشدا زمانی کوردی لەجیاتی ئەوەی وەک زمانی یەکەم ڕۆڵ ببینێت، لە زمانەکانی وەک ئینگلیزی و عارەبی کەمتر سەیرکرا، چونکە نەتوانرا داهاتووەکی شایستە بۆ دەرچوانی زانکۆ، بەشی کوردی فەراهەم بکرێت، کە شایانی پسپۆڕی و هەوڵ و ماندووبوونیان بێت، لەهەمان کاتدا لەبازاڕی کاردا بەکەمترین دەرفەت هەڵی کار بەزمانی کوردی دەست دەکەوێت، ئەمەش وایکرد ئاخێوەرو فێرخوازی کورد، گرنگی و بایەخیان بۆ زمانەکەی خۆیان نەمێنێت ! زمانی کوردی بەهاوتای زمانان نەزانن ! زمانی بیانی لەزمانی خۆیان بەشایستەتر بزانن ! لەجیاتی ئەوەی هۆگری زمانەکەی خۆیان بن، بەزمانی ترەوە گۆش ببن !

سەرچاوەکان:

لەبەر ئەوەی ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی مەیدانییە، بۆیە :

١-بەسەرنجگرتن لە نووسینی تابلۆی شوێنە گەشتیارییەکان و دەزگا فەرمییەکان نوسراوە.

٢- بەبەراوردکردنی بەکارهێنانی زمانەکان لەنووسینی تابلۆکان ڕێکخراوە .

٣-بەڕەچاوکردنی ئەو سیستەمە دانراوە، کە لە خوێندنگاکانی حکومی و ناحکومی لە کوردستانی باشوور پەیڕەو دەکرێت .

٤-لەجیاوازی ئەو ئەلفبێ و شێوەزارانە سەرچاوەی گرتووە، کە لەهۆکارە بینراوو بیستراوو نوسراوەکان بەکار دەهێنرێت .

ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان

(تۆژینەوەیەکی یاسایی شیکارییە)

ئازاد وەڵەدبەگی

دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد
بێ مەعریفەتن بێ ئەسل و بونیاد
ئەنواعێ میلەل خودان کتێبن
کورمانج تەنێ دبێ حسێبن
ئەحمەدێ خانی

ڕاستەن مـواچـان فـارسی شـەکـەرەن
کوردی جـــــە فارسی بـەڵ شیرینترەن
پەی چێش؟ نە دەوران ئەی دونیای بەدکێش
مەحزووزەن هەر کەس بە زوان وێش
خـانای قوبادی

پوختە

زمانی کوردی کۆڵەگەیەکی گرنگی شوناسی نەتەوەیی کوردە و لە سەد ساڵی رابردوو، لەلایەن دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ سڕینەوە و لەناوبردنی ئەم زمانە. لەبەرامبەردا، گەلی کوردیش بەردەوام هەوڵیداوە بۆ پاراستنی زمانەکەی وەک بەردی بناغەی شوناس و ئاسایشی نەتەوەیی خۆی. دوابەدوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەرچوونی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ و داننان بە زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لەسەرانسەری عێراق، یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤ لە هەرێمی کوردستان دەرچوو وەک هەوڵێکی یاسایی بۆ پراکتیزەکردنی دەقەکانی دەستوور و پارێزبەندییەک بۆ پاراستنی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان. لەم توێژینەوەیەدا، باس لە یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٤ دەکەین و تێیدا خوێندنەوەیەک دەکەین بۆ دەقەکان و ناوەرۆکی ئەم یاسایە و ئەو چوارچێوە و بوارانە دەخەینەڕوو کە یاسای زمانە فەرمییەکان دەیانگرێتەوە، لەوانەش بواری یاسا و دادوەری، دامودەزگاکانی جێبەجێکردن، خوێندن، کار و بازرگانی و فەرهەنگ و رۆشنبیریی. هەروا تیشک دەخەینەسەر ئەو ئاستەنگانەی کە لە بواری جێبەجێکردن و پراکتیزەکردندا رووبەڕووی یاساکە بوونەتەوە، لەوانەش ئاستەنگە دەرەکییەکان و ئاستەنگە ناوخۆییەکان ، لە کۆتاییشدا ئەنجام و راسپاردەکان دەخەینەڕوو.

کلیلە وشەکان: یاسای زمانە فەرمییەکان، هەرێمی کوردستان، زمانی کوردی، ئاستەنگەکان، پلان و سیاسەتی زمانی.

پێشەکی

زمـان یەکـێکە لە بنەمـا و ڕەگەزە پێکهێنەرەکـانی هەر نەتەوەیەک، هەرچـی زمان زیاتر لە ئاخاوتن و خوێندن و نووسیندا بەکار بێت، زیـاتر گەشـە دەکات و پێچەوانەکەشی ڕاستە. ئەگەر زمانێک قەدەغە بکرێت یـا پەراوێـز بخرێت، ئەوا دەبێتە هێمایەکی نیشتمانی لاواز و لەرزۆک و بەرەو لەناوچوون هەنگـاو دەنێت. بەدەر لەوەش، زمان تەنیا ئامرازێک نییە بۆ پەیوەندیی و ئاخـاوتن، بەڵکوو وەک چوارچێـوەیەک میراتـی ڕۆشـنبیریی و زانسـتی و مێژوویـی هەر نەتەوەیەک لە ئامێز دەگرێت. زمـانی کوردی وەک هێمـایەکی سـەرەکی بوونی نەتەوەی کورد، بەدرێژایی مێژوو بە ئێستاشەوە بەردەوام لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی کوردسـتانیان بەسـەردا بەشکراوە لەبەردەم هەڕەشـەی تواندنەوە و لەناوچووندا بـووە، بەڵام گەلـی کـوردیش سەرسـەختانە هەوڵـی پاراسـتن و پەرەپێـدانی داوە. پاراسـتنی زمـانی کـوردی، ئامـانجێکی سـەرەکی هەمـوو بـزووتنەوە ڕۆشـنبیریی و سیاسییەکانی کوردستان بووە، هەر لە کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کوردستانەوە بگـرە لە سـاڵی ١٩١٠ کە یەکەم قوتابخـانەی کـوردی لە ئەسـتەنبوڵ دامەزرانـد، هەتـا بـزووتنەوە سیاسـی و ڕۆشـنبیرییەکانی هـاوچەرخ. لەم نێوانەشـدا، پـاش دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ هەوڵەکانی بە فەرمـی کـردن و پەرەپێـدانی زمـانی کـوردی گەیشـتنە چڵەپـۆپەی خۆیـان، چـونکە بـۆ یەکەمجار دەسەڵاتێکی سیاسی-یاسایی لە کوردستان دامەزرا، کە زمانی کوردی کردە زمانی فەرمی خۆی.

دەسـتووری عێـراق لە سـاڵی ٢٠٠٥ لە مـادەی (٤) خۆیـدا بـۆ یەکەمجـار لە مێژووی عێراق و دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە، دانی بەوەدا نـا کە زمـانی کـوردی زمـانی فەرمیـیە لە سەرانسـەری عێراقـدا. ئەمەش بـووە هانـدەر و پاڵپشـتێکی یاسـایی بەهێـز و سـەرئەنجام پەرلەمـانی کوردسـتان یاسـای ژمـارە (٦) سـاڵی ٢٠١٤ یاسـای زمـانە فەرمییەکـانی لە هەرێمـی کوردسـتان دەرکـرد، بەمەش هەوڵەکانی بەفەرمـی ناسـاندن و پاراسـتنی زمـانی کـوردی قەڵەمبـازێکی گرنگـی بڕی. هەرچەندە دەرچوونی یاساکە گرنگی خۆی هەیە، بەڵام بەو حاڵەش ئەوەی کە گـرنگە یاسـاکە وەک خـۆی لەڕووی شـکڵ و نـاوەڕۆکەوە جێبەجـێ بکرێـت. بەسـەرنجدان بە ئەزمـوونی چەند سـاڵی ڕابـردوو، دەبینین لەڕووی کرداریـیەوە

جێبەجێکردنـی یاسـاکە بـێ ئاسـتەنگ نەبـووە و لەم تـوێژینەوەیەدا بـاس لەو ئاستەنگانە دەکەین کە رووبەڕووی یاساکە بوونەتەوە.

گرنگی توێژینەوەکە

پاراستنی زمانی کوردی وەک بەشێکی گرنگی شوناس و ئاسایشی نەتەوەیی کورد، بابەتێکە کە هەمیشـە جێی باس و سـەرنج بووە لەلایەن بەشـێکی زۆری هاوڵاتیـان، ڕۆشـنبیران، ناوەندەکانی تـوێژینەوە و دامودەزگـا پەیوەندییدارەکان. پاش دەرچوونی یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٤ هەرچەندە ئەم بـابەتە دۆخێکـی یاسـایی پێـدراوە، بەڵام بەوحـاڵەش هەڕەشـە و مەترسـییەکان کۆتاییـان نەهـاتووە، بـابەتەکە بەردەوام جێـی سـەرنج و بایەخپێـدانە، چـونکە پەیوەنـدیی بە بـابەتێکی چارەنووسسـازەوە هەیە، کە ئەویـش پاراسـتنی زمـانی کوردی و شوناس و ئاسایشی نەتەوەیی کوردە.

ئامانجی توێژینەوەکە

ئامـانجی ئەم تـوێژینەوەیە، خـۆی لەوەدا دەبینێـتەوە کە تیشـک بخاتەسـەر نـاوەڕۆکی یاسـای زمـانە فەرمییەکـانی هەرێمـی کوردسـتان و، ئاسـتەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنـی یاسـاکە بخـاتەڕوو بـۆ ئەوەی لایەنە پیوەندییدارەکان لە هەرێمـی کوردسـتان بەرچاوڕوونییـان هەبێـت، لە پـلان و بەرنامەکانیـان لە داهاتوودا سوودی لێوەربگرن.

پرسیاری توێژینەوەکە

پرسیاری ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لەوەی کە ئایا دەرچوونی دەقێکی یاسـایی وەک یاسـای زمـانە فەرمییەکـانی هەرێمـی کوردسـتان، بـووەتە هـۆی پاراسـتنی زمـانی کوردی لەبەرامبەر ئەو هەڕەشـانەی کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبێتەوە و هەوڵی لاوازکردنی پێگەی ئەم زمانە دەدەن.

گرینمانەی توێژینەوەکە

گرینمـانەی ئەم تـوێژینەوەیە، لەسـەر ئەو بنەمـایە دامەزراوە کە دەرچـوونی یاسای زمانە فەرمییەکان بە تەنیا بەس نییە بۆ پاراستنی زمانی کوردی و نابێتە

هۆی نەهێشتنی هیچ ئاستەنگێک لەبەردەم پاراستن و پەرەپێدانی زمانی کوردی، هەربۆیە ئەمەش ئەرکی داموددەزگا پەیوەندییدارەکان قورستر دەکات بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بە مەبەستی پاراستنی زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی یاسای ئاماژەپێکراو.

میتۆدی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە، پشت بە میتۆدی وەسفی و شیکاریی یاسایی دەبەستێ لە خستنەڕووی دەقەکانی یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٤ ، بە ڕوانگەیەکی شیکاریی ڕەخنەیی لێیان دەڕوانێ و ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی دەخاتەڕوو. هەروا لە هەندێ جێگاشدا بەپێی پێویستی کەڵکمان لە میتۆدی مێژوویی و هەڵێنجان وەرگرتووە.

پەیکەری توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە، پێکدێت لە دووبەش جگە لە پێشەکی و دەرئەنجام. لە بەشی یەکەم، خوێندنەوەیەک بۆ یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٤ دەکەین. لە بەشی دووەمی توێژینەوەکە، باس لە ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان دەکەین لە هەرێمی کوردستان و لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا، ئەو دەرئەنجام و ڕاسپاردانە دەخەینەڕوو کە پێی گەیشتووین.

١- خوێندنەوەیەک بۆ یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان

لەم بەشەدا، هەوڵدەدین تیشک بخەینەسەر یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٤ کە لەبەر ڕۆشنایی مادەی (٤) دەستووری عێراقدا دەرچووە و، زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی ناساندووە لەسەرانسەری عێراقدا. لەم بەشەدا، سەرەتا باس لە جۆری زمانەکان و پێناسەی زمانی فەرمی دەکەین و پاشان خوێندنەوەیەک بۆ ناوەڕۆکی یاسای ئاماژەپێکراو دەکەین.

١-١جۆری زمانەکان و پێناسەی زمانی فەرمی

بەشێوەیەکی گشتی زمانەکان لەڕووی بەکارهێنانەوە بەسەر سێ جۆردا دابەش دەکرێن:

أ- زمانی نیشتمانی: ئەو زمانەیە کە هاوواڵاتیانی یەک وڵات قسەی پێدەکەن و بەکاری دەهێنن لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا وەک زمانی ئەڵمانیا و زمانی ئینگلیزیی لە بەریتانیا و ئەمەریکا و.. هتد.

ب- زمانی فەرمی: ئەو زمان یا زمانانەیە، کە لە دەستووری وڵاتانی فرەزماندا دانیان پێدانراوە وەک زمانێکی فەرمی و بەکار دێن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا وەک لە دەستووری هیندستان (٢٢) زمان و لە دەستووری ئەفریقیای باشوور (١١) زمان و لە دەستووری سویسرا (٤) زمان و لە دەستووری بەلجیکا (٣) زمان و لە دەستووری کەنەدا و عێراقدا (٢) زمان وەک زمانی فەرمی دانیان پێدانراوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٤ دەبینین لە مادەی (١/دووەم) بەم جۆرە پێناسەی زمانە فەرمییەکان دەکات: ئەو زمانانەیە کە بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق دان بە فەرمی بوونیاندا نراوە. هەر لە مادەی (٢)دا ئاماژەی بەوە کردووە کە زمانی کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمین لە سەرانسەری عێراقدا، لە کوردستانی عێراقدا زمانی کوردی زمانی سەرەکییە.

ج- زمانی ناوچەیی یا لۆکاڵی: ئەو زمانەیە، کە لە ناوچە جۆراجۆرەکانی وڵاتێکدا بەکار دێت و ئەم زاراوەیە لە داهێنانەکانی نەتەوەی باڵادەستە، کە بۆ زمانی نەتەوە کەمینەکان بەکار هاتووە وەک یاسای زمانە ناوچەییەکان ژمارە (٧٤) ساڵی ١٩٣١ کە لە عێراق دەرچووە یا ئەوەی کە لەناو دەقی مادەی (١٥)ی دەستووری ئێرانی ساڵی ١٩٧٩دا هاتووە و باس لە زمانە ناوچەیی و ئەتنییەکان دەکات، کە بەکارهێنانیان لە ڕاگەیاندنەکان و خوێندنی ئەدەبیاتیان لە قوتابخانەکان لەپاڵ زمانی فارسیدا ئازادە.

سەبارەت بە پێناسەی زاراوەی زمانە فەرمییەکان، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق ژمارە (٧) ساڵی ٢٠١٤ دەبینین لە مادەی (١) دوو جۆرە زاراوەی بەکارهێناوە بەم جۆرەی خوارەوە:

یەکەم/ زمانی فەرمی: ئەو زمانەیە کە دەوڵەت لە ئاخاوتن و دەربڕین و نووسراوی فەرمی و دراو و پوول و بەڵگەنامە فەرمییەکاندا بەکاری دەهێنێت، ئەویش لە هەموو کاروبارێکی دەوڵەت، چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەدا و لە هەموو بوارەکاندا.

دووەم/ زمـانی فەرمـی خـۆجێی: ئەو زمـانەیە، کە بەکارهێنـانە فەرمیـیەکەی سـنووردارە بەو یەکە کارگێڕییـانەی کە قسـەپێکەرانی زۆریـنەی دانیشـتووان پێکدەهێنن.

جیاوازییەکی یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق و هەرێم ئەوەیە، کە لە یاسـای هەرێم باس لە زمانی فەرمی خۆجێی یا ناوچەیی نەکراوە و زمـانی پێکهاتەکـانی تری وەک تورکمان و سریان و ئەرمەن لە یەکەی بەڕێوەبەرایەتی خۆیاندا و لە کـاتی پێویسـتدا، لە پـاڵ زمـانی کوردیـدا زمـانی فەرمـین. ئەم جیـاوازییەش لەڕاستیدا بۆ جیاوازیی لە عەقڵیەتی بیرکردنەوە دەگەڕێتەوە لەنێوان یاسـادانەری عێراقی و کوردسـتانی، کە ئەوەی یەکەمیـان بەردەوام هەوڵـی بچـووککردنەوەی زمانی کەمینە نەتەوەییەکان دەدات.

١-٢ خوێندنەوەیەک بۆ یاسای زمانە فەرمییەکان

یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمـارە (٦) سـاڵی ٢٠١٤ لە دە بەش و (٢٧) مادە پێکهاتووە. لە بەشی یەکەم، باس لە پێناسە و زاراوەکان دەکات و لە بەشـی دووەم باس لە بنەمـا و ئامانجەکـان دەکـات، بەڵام لەڕاسـتیدا یاسـادانەر هـیچ ئامـانجێکی بـاس نەکـردووە و پێـدەچێ ئەم خـاڵە گـرنگە لەبیرکرابێـت. یاسـادانەر لە بەشـی سـێیەم، ئامـاژە بە زمـانی یاسـا و دادگاکـان دەکـات. لە بەشـی چـوارەم، باسـی لە زمـانی دامودەزگاکـانی حکـومەت و دامەزراوەکـانی دیکە کـردووە. لە بەشـی پێنجەم، تیشـکی خستۆتەسـەر زمـانی خوێندن لە هەرێمـی کوردسـتان. لە بەشـی شەشـەم، ئامـاژەی بە زمـانی کـار و بازرگـانی داوە. لە بەشـی حەوتەم، باسـی لە زمـانی فەرهەنـگ و رۆشـنبیری کردووە. لە بەشی هەشتەم، ئاماژەی بە زمانی پێکهاتە نەتەوەییەکان کردووە. لە بەشـی نـۆیەم، تیشـکی خستۆتەسـەر ئەو سـزایانەی کە لە ئەنجـامی جێبەجێنەکردنی یاساکە دەسـەپێندرێن و لە بەشـی دەیەم و کۆتـایی ئامـاژەی بە مادە دوماهییەکان داوە.

ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین لە یاساکەدا پێنج بواری بۆ بەکارهێنـانی زمـانە فەرمییەکان دیارکردووە کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١-٢-١ زمانی یاسا و دادگاکان (دەسەڵاتەکانی یاسادانان و دادوەری)

بەوپێیەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و دادوەری، دوو دەسەڵاتی گرنگی وڵاتن، هەربۆیە بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لە چوارچێوەی کار و دەسەڵاتەکانیاندا بایەخی خۆی هەیە و، دەبنە هۆی فراوانبوون و قاڵبوونی زمانی کوردی لە بوارەکانی یاسا و دادوەریدا. لە مادەی (٤ و ٥)ی یاسای زمانە فەرمییەکان، ئەو ئەرکە خراوەتە ئەستۆی پەرلەمان کە دەبێت پرۆژە یاسا وبڕیارەکان و پەیڕەو و ڕێنماییەکان لە هەرێمدا بە زمانی کوردی ئامادە بکرێن و دەربکرێن و، هەروا دەبێ یاسا و بڕیارەکان لە رۆژنامەی فەرمی لە هەرێمی کوردستان بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی بن و دەقە کوردییەکە سەرچاوە و بنەمایە. هەروا نابێ رۆڵی دەسەڵاتی دادوەریش لەبەرچاو نەگیرێت لە دارشتنی سیاسەتی زمانیی زمانی کوردی، هەربۆیە یاساکە رۆڵی ئەو دامەزراوەی بە بایەخدار زانیوە لە چەسپاندنی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی سەرەکی لە هەرێمی کوردستان و، لە مادەی (٦)دا ئاماژە بەوە دەکات کە هەموو ڕێکارە دادوەرییەکان بە بڕیارەکانی دادگاشەوە دەبێ بە زمانی کوردی بنووسرێن و ئەگەر لایەنێکی داواش کوردی نەزانی، ئەوا دەبێ وەرگێڕی بۆ دابین بکرێت.

بە سەرنجدان لە کاری پەرلەمانی کوردستان دەبینین، ناوەڕۆکی یاساکە بە باشی جێبەجێکراوە و ئێستا پرۆژە یاساکان بە زمانی کوردی ئامادە دەکرێن و نامەکارییەکانی پەرلەمانیش هەر بە زمانی کوردییە. سەبارەت بە دەسەڵاتی دادوەریش نووسراو و کۆنووس و ڕێکارەکانی ئەنجومەنی دادوەری و دادگاکان لە سنووری دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی ناوچەکانی هەولێر، سلێمانی و گەرمیان بە زمانی کوردین، بەڵام لە سنووری دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی دهۆک هێشتا بەکارهێنانی زمانی عەرەبی هەر ماوە و هەموو ڕێکارەکان نەکراونەتە کوردی. سەبارەت بە بڕیاری دادگاکانیش لەسەر ئاستی هەرێم، سەرەڕای دوافەرمانی ئەنجومەنی دادوەری بە ژمارە (٦٧) لە ٢٠٢٠/٩/٢٦، کە تێیدا بە زۆرینەی دەنگ بڕیاریدا بە (بەکوردی کردنی بڕیارەکانی دادگا و هەموو ڕێکارە دادوەرییەکان لە گشت دادگاکانی هەرێمی کوردستان/عێراق) و تەنها لە کاتی پێویستدا بە زمانی عەرەبی بنووسرێت، بەڵام لەڕاستیدا، هێشتا بەشی زۆرینەی بڕیارەکانی دادگاکان هەر بە زمانی عەرەبین و بە تەواویی نەکراون بە کوردی. هەروا ئەوەی جێی سەرنجە بڕیارەکەی ئەنجومەنی دادوەری بە تێکڕای دەنگ

نەبووە، بەڵکوو بە زۆرینە بووە و ئەمە نیشانەی ئەوەیە، کە هێشتا هەموو ئەندامانی ئەنجومەن لەگەڵ بەکوردی کردنی بڕیار و ڕێکارەکانی دادگا نین، جگە لەوەش دادگاکانی بە تەواویی ناچار نەکردووە کە پێویستە زمانی کوردی بەکار بهێنن، بەڵکوو دەرفەتێکی هێشتووەتەوە بۆ بەکارهێنانی زمانی عەرەبی.

١-٢-٢ زمانی دامودەزگاکانی حکومەت و دامەزراوەکانی دیکە (دەسەڵاتی جێبەجێکردن)

دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش لەپاڵ دوو دەسەڵاتەکەی تر، ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی هەیە لە چەسپاندنی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی، هەربۆیە یاسای زمانە فەرمییەکان لە مادەکانی (٧-١٢) ئەم بابەتەی ڕێکخستووە. لە مادەی (٧) زمانی کوردی بە زمانی ئاخاوتن و نووسینی فەرمی سەرجەم دامەزراوە دەستوورییە و فەرمانگەکانی هەرێم داناوە. لە مادەی (٨) باس لەوە دەکات کە زمانی نووسین و پەیوەندیی لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکانی تری عێراق بە زمانی کوردی و عەرەبییە. بۆ پەیوەندیی لەگەڵ دامەزراوە بیانییەکان، زمانی کوردی و هەر زمانێکی تر کە پێویست بێت بەکار دێت. لە مادەی (٩) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە پێویستە ڕێککەوتنەکانی هەرێم لەگەڵ لایەنە دەرەکییەکان بە زمانی کوردی و زمانی لایەنی بەرامبەر بێت. لە مادەی (١٠) ئاماژە بەوە دەکات، کە پێویستە تابلۆی سەرجەم فەرمانگە و دامەزراوە حکومییەکان بە کوردی و عەرەبی بن بەڕەچاوکردنی زمانی پێکهاتەکانی تر، بە مەرجێک زمانی کوردی لە سەرەوە بێت. هەروا سەبارەت بە تابلۆی نووسینگە و کونسولگەری وڵاتان و ڕێکخراوە بیانییەکان، جگە لە زمانەکانی کوردی و عەرەبی دەتوانن زمانی خۆشیان بەکاربهێنن. لە مادەی (١١) هەموو دەزگایەکی حکومی و ناحکومی عێراقی و بیانی ناچار دەکات لە کاتی مامەڵەیان لەگەڵ هاوڵاتیانی هەرێم، پێویستە لە فۆرم و نووسینەکانیان زمانی کوردی بەکار بهێنن. لە مادەی (١٢) باس لەوە دەکات، کە تابلۆی ڕێنمایی شەقامەکان و دەستنیشانکردنی شوێن و دەڤەرەکان بە زمانی کوردنی و عەرەبی و ئینگلیزیی دەبن، بە مەرجێک نووسینە کوردییەکە لە سەرەوە بێت و دەرکەوتووتر بێت، هەروا پێویستە تابلۆی ئوتۆمبێلەکان بە زمانی کوردی بنووسرێن.

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین، ناوەڕۆکی بەشێکی ئەم مادانە وەک خۆی جێبەجێ ناکرێت، بۆ نموونە نووسراوەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی هەر بە عەرەبییە و زمانی کوردی بەکار ناهێنن، یا خود داموددەزگا حکومی و ناحکومییە بیانییەکان وەک پێویست زمانی کوردی، تەنانەت لە کاتی مامەڵەیان لەگەڵ هاوڵاتیان هەرێم بەکارناهێنن و پتر زمانی ئینگلیزیی و هەندێ جاریش عەرەبی بەکاردەهێنن و زمانی کوردی وەک پێویست و بەگوێرەی ناوەڕۆکی یاساکە بەکارنایەت. هەروا سەبارەت بە تابلۆی دووکان و شوێنە بازرگانییەکان، لە واقیعی کرداریدا ئەوەی کە بەدیدەکرێت جۆرێک لە بێسەروبەریی دەبینرێت و، هەر کەسەو بەگوێرەی میزاجی خۆی زمانەکانی کوردی یا عەرەبی یا ئینگلیزی یا بەشێوەی تێکەڵاو بەکار دەهێنێت و، زۆر جار دەبینین کە لە تابلۆکاندا زمانی کوردی هەر بەکار نایەت، جگە لەوەی کە زۆر جار هەڵەی زەق لە رێنووس و شێوازی نووسینە کوردییەکاندا بەدی دەکرێت. هەروا لە مادەی (٧) کە ئاماژە بە زمانی فەرمی حکومەتی هەرێم دەکات، دەبوو زمانی ستانداردی کوردی دەست نیشان بکردایە لەگەڵ دیارکردنی رێنووسی ستانداردی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان بۆ نەهێشتنی هیچ گومان و مشتومڕێک لەم بارەیەوە، چونکە لە واقیعی کرداری لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی زاراوەی کرمانجی ناوەڕاست زمانی فەرمییە و لە پارێزگای دهۆک زاراوەی کرمانجی سەروو زمانی فەرمی حکومەتە، کە ئەم بابەتەش لەگەڵ بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان و ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان ناکۆکە، چونکە بوونی زمانێکی ستاندارد و هاوبەش بەهێزترین سەرچاوەیە بۆ یەکخستنی تواناکانی هەر نەتەوەیەک و دروستکردنی کەلتوورێکی هاوبەش و یەکدەست و رێگا لە دابەشبوون دەگرێت.

١-٢-٣ زمانی خوێندن

بەگوێرەی مادەی (١٣) لە یاساکە، زمانی کوردی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و خوێندن زمانی فەرمییە لە کوردستانی عێراق. بەگوێرەی ئەم دەقە یاساییە، پێویستە زمانی کوردی زمانی یەکەمی خوێندن بێت لە هەرێمی کوردستان و هیچ جیاوازییەک نەکراوە لەنێوان ناوەندەکانی خوێندنی کەرتی حکومی و کەرتی تایبەت، بۆ ئەوەی نەوەیەک پێبگەیەندرێت کە زمانی خوێندن و

هزرینی به زمانی کوردی بێت. ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان رەوتێکی سیاسی- ئابووریی هەیە، کە بووەتە داڕێژەری سیاسەتی پەروەردەیی و مەرج نیە خواست و روانگەکانی ئەم رەوتە، رەنگدانەوەی خواست و روانگەی زۆرینەی کۆمەڵگای کوردستان بێت بۆ داهاتوو. زۆرجار ئەم رەوتە سیاسی- ئابووریە، لەژێر کاریگەریی و هەژموونی ئەو گوتارە بااڵدەستە جیهانییەدایە، کە ئەوان زیاتر ئاشنایەتییان لەگەڵیدا هەیە و زمان و فەرهەنگی ئەم گوتارە جیهانییە زمانی ئینگلیزییە، هەربۆیە بەشێکی هەژموونیی زمان و فەرهەنگی ئینگلیزیی لە کوردستان رەنگدانەوەی سیاسەتی ئەم رەوتەیە. گەرچی وەزارەتی پەروەردە زمانی کوردی کردووەتە زمانی خوێندنی لە قوتابخانە حکومییەکان، بەاڵم لەپاڵ ئەمەشدا مۆڵەتی بە سەدان قوتابخانەی کەرتی تایبەت داوە کە زمانی یەکەمی خوێندنیان زمانی ئنگلیزییە، ئەمەش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و نیمچە راستەوخۆ کاریگەریی نەرێنی لەسەر زمانی کوردی داناوە وەک زمانی فەرمی خوێندن لە هەرێمی کوردستان. هەروا سەبارەت بە وەزارەتی خوێندنی باڵاش، هەنگاوێکی کرداریی و گرنگ ئەنجام نەدراوە بۆ بە کوردی کردنی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان.

هەروەک دەبینین لە واقیعی کرداری، ئەم مادەیە لە کەرتی خوێندنی تایبەت لە هەرێمی کوردستان وەک خۆی جێبەجێ ناکرێت و، زمانی ئینگلیزی بووەتە زمانی یەکەمی خوێندن و بەداخەوە ئێستا نەوەیەک پێگەیشتووە کە نەک هەر زمانی کوردی بە باشی نازانێت، تەنانەت فۆنتیکی قسەکردنیشی کوردی نیە و پێیان شەرمە بە کوردی قسە بکەن. سەرەڕای ئەوەی فیربوونی زمانی بیانی و بەتایبەت زمانی ئینگلیزیی ئەمڕۆ بە پێویست دادەنرێت، بەاڵم نابێت ئەمە لەسەر حیسابی پەراوێزخستنی زمانی کوردی بێت.

١-٢-٤ زمانی کار و بازرگانی

یاسادانەر لە مادەکانی (١٤-١٩) ئەم بابەتەی ڕێکخستووە و لە مادەی (١٤) باس لەوە دەکات، کە پێویستە گشت کومپانیا و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت زمانی کوردی بەکاربهێنن، بەکارهێنانی زمانی بیانی بەپێی پێویستی خزمەتگوزاریی و زمانی بەکارهێنەران ئازادە. لە مادەی (١٥) ئاماژە بەوە دەکات، کە بۆ دامەزراندن یا کارکردن بە گرێبەستە لە هەر شوێن و کارێکدا

ئەوانەی زمـــانی کـــوردی دەزانـــن دەرفەتـــی وەرگرتنیـــان زیـــاتر دەبێـــت، بەڕەچاوکردنی پسپۆڕیی و تایبەتمەندیی کارکردن لە سێکتەرە جیاجیاکاندا. لە مادەی (١٦) تیشک دەخاتەسەر ئەوەی کە پێویستە لە پەیوەندیی نێوان خاوەنکار و کارمەنـدەکانی (بە گرێبەستیشـەوە) زمـانی کـوردی بەکاربهێنرێـت، دەکرێـت لەپاڵیدا زمانی دیکەش بەکاربهێنرێت. مادەی (١٧) باس لەوە دەکات، کە پێویسـتە هەمـوو جۆرە ریکلام و بانگەشـە و ئاگادارییەکی کار و بازرگانی لە هەرێـم بە زمانی کوردی بێت و، دەکرێت لەگەڵیدا زمـانی دیکەش بەکاربهێنرێت. لە مـادەی (١٨) دەڵێـت: پێویسـتە هەمـوو شـتومەک و کەلـوپەل و کـاڵایەک کە لە هەرێـم بەرهەم دەهێنرێت بە زمـانی کـوردی رێنمـایی لەسـەر بنووسـرێت. هەروا دەزگـا پەیوەندییـــداڕەکان و کۆمپانیاکـــانی هـــاوردەکردنی خـــواردن و دەرمـــان بە وەرگێڕانـی رێنماییەکـان بە زمـانی کـوردی پابەنـد دەکـات. مـادەی (١٩) جەخـت لەسـەر ئەوە دەکـاتەوە، کە پێویسـتە فـۆرمی داواکـاری و پـارەدان و وەرگـرتن لەگەڵ هەموو دەزگایەکی خزمەتگوزاریی بازرگانی و پسوڵە و زەرف و...هتد، بە زمانی کوردی بن، بەکارهێنانی زمانی دیکەش لەپاڵیدا رێگەپێدراوە.

بەو پێـیەی ناوەنـدەکانی کـار و بازرگـانی ناوەنـدگەلێکی گـرنگن، هەربـۆیە یاسـادانەر لە داڕشـتنی سیاسـەتی زمـانی ئەو ناوەندانەشـی لە یـاد نەکـردووە، چـونکە وا هەسـت دەکـرێ بەهـۆی فراوانیـی کـاڵا و براندی بیـانی لە بازاڕەکـان، زمانی کوردی بەڕێژەیەکی بەرچاو لەو ناوەندانە پاشەکشەی کردووە، ئەگەرچی یاسـاکە بەهـۆی واقیعـی زاڵ بەسـەر بـازاڕ، بەکارهێنـانی زمـانی بیـانی فەرامـۆش نەکردووە و لەم بارەیەوە نەرمی نواندووە، بەڵام بەڕوونـی ئەوەی چەسـپاندووە کە پێویستە زمانی کوردی لەو بوارانەدا ئامادەیی بەرچاوی هەبێت.

بە سـەرنجدان لە دەقـی ئەو مـادانەی کە لە سـەرەوە ئاماژەمـان پێکـرد، سـەرەڕای ئەوەی کە وەک دەقـی یاسـایی کـاری بـاش کـراوە، بەڵام لە واقیعـی کـرداری یاسـاکە وەک خـۆی جێبەجـێ نەکـراوە، بە تـایبەت مـادەی (١٥) کە دەبینرێت لەو ئاگادارییانەی کە بۆ دامەزراندن لە کەرتی تایبەت بڵاو دەکرێنەوە لە هەرێمی کوردستان، بەزۆریی زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی کراونەتە مەرج بـۆ دامەزرانـدن و بە دەگـمەن دەبنیرێـت زمـانی کـوردی کـرابێتە مەرجـی دامەزراندن، کە ئەمەش بە کردەوە دەرفەتی دامەزراندن لەبەردەم لاوانی کورد

کەمتر دەکاتەوە و زمانی کوردی لە دامەزراندن بە تەواویی پشتگوێ خراوە، کە ئەمەش پێچەوانەی دەقی روون و ئاشکرای یاسایە.

هەروا خاڵێکی دیکەی جێی سەرنج ئەوەیە، کە لە ناولێنانی شار و گەڕەک و پرۆژەکانی وەبەرهێنان و تەنانەت هوتێل، چێشتخانە، قوتابخانە و زانکۆ تایبەتەکان و...هتد، پتر وشەی ئینگلیزی بە کار دێت و، زمانی کوردی لەم شوێنانە بووەتە قاچاخ و بەکار نایەت، کە پێویستە لایەنە بەرپرسەکان پێداچوونەوەیەک بەم شێوازی ناولێنانە بکەنەوە و وشەی کوردی جوان و لەباریان بۆ دابنێن و بیکەنە مەرج لەسەر ناولینانی ئەو شوێنانە.

١-٢-٥ زمانی فەرهەنگ و ڕۆشنبیریی

لە بەشی حەوتەم مادەکانی (٢٠-٢١) تیشکیان خستۆتە سەر ئەم بوارە. لە مادەی (٢٠) ئاماژە بەوە دەکات کە میدیا و ناوەندی کلتووریی لە هەرێم بە زمانی کوردی دەبێت، لە کاتی پێویستدا زمانی دیکەش بەکار دەهێنرێت. هەروا پێکهاتەکانی دیکەی هەرێمیش بۆیان هەیە بە زمانی خۆیان میدیایان هەبێت. لە مادەی (٢١) باس لەوە دەکات، کە لە کاتی ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی هونەری و کلتووریی بیانی لە هەرێمدا دەبێت پۆستەر و پڕوپاگەندەی کارەکە کوردی تێدا بێت لەپاڵ زمانە بیانییەکەدا. هەروا هەر کارێکی هونەریی و کلتوریی کە لە هەرێم بەرهەم دەهێنرێت یان نمایش دەکرێت دەبێت بە کوردی بێت، یان وەرگێڕانی کوردی هەبێت.

هەر لە کۆنەوە، لە بواری ڕۆشنبیریی و هونەریی گرنگییەکی باش بە زمانی کوردی دراوە و دەتوانین بڵێین بەشی هەرەزۆری بەرهەم و بڵاوکراوەکان بە زمانی کوردی لەم بوارەدان، بەڵام بەو حاڵەش هێشتا زمانی کوردی تەنانەت لەچاو زمانانی دەوروبەریش لەم بارەیەوە زۆر هەژارە و، ئەمەش وایکردووە کە خوێنەری کورد بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی خۆی لەم بوارە و ئاشنابوون بە بابەتە نوێیەکانی ڕۆشنبیریی و هونەریی پەنا ببات بەر زمانەکانی دیکە، هەربۆیە پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەش پیویستی بە کاری جیدی و هەمەلایەنەی دامودەزگا پەیوەندییدارەکان بە تایبەت وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەیە.

٦-٢-١ لایەنی جێبەجێکاری یاساکە

لە مادەی (٢٥) یاساکەدا هاتووە: "پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی و لایەنە پەیوەندییدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن". لەڕاستیدا، ئەم مادەیە سەرکەوتوو نەبووە لە دیاریکردنی لایەنی جێبەجێکاری یاساکە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا رۆڵێکی سەرەکی هەیە لەوەی ڕۆح بکرێت بە بەر دەقەکانی یاسادا، چونکە ئەنجومەنی وەزیران بۆ خۆی یەکێکە لە سێ دەسەڵاتەکەی هەرێم و قورسە بۆ دەسەڵاتەکانی تر کە لەم بارەیەوە ملکەچی بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران بن، باشتر دەبوو ئەگەر کۆمیسیۆنێکی بالا دروستکرابا کە نوێنەری هەموو دەسەڵات و لایەنە پەیوەندییدارەکانی وەک (سەرۆکایەتی هەرێم، دەسەڵاتی جێبەجێکردن، پەرلەمان، ئەنجومەنی دادوەری، ئەکادیمیای کوردی و...هتد) تێدا بوایە بۆ ئەوەی ئاسانکاریی بکرێت بۆ جێبەجێکردنی یاساکە و هاوئاهەنگی لەنێوان هەموو دامودەزگاکان دروست بکردایە.

لەڕاستیدا، هەندێ جار لایەنی سەرپێچیکار خودی دامودەزگاکانی کەرتی گشتین، هەربۆیە قورسە لایەنی سەرپێچیکار خۆی سزای خۆی بدات. لە هەمان کاتدا دامودەزگا حکومییەکان هەریەکەو ئەرکی خۆی هەیە، کە لەوانەیە زۆرجار نەپەرژێنە سەر گرنگیدان یا جێبەجێکردنی ئەم یاسایە. هەربۆیە، دامەزراندنی کۆمیسیۆنێکی تایبەت بە زمانە فەرمییەکان کە خاوەن کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕیی خۆی بێت یەکێکە لە پێویستییەکانی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە، کە بە داخەوە یاسادانەر فەرامۆشی کردووە.

٢- ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان

سەرەڕای ئەوەی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ لە مادەی (٤)ی خۆیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە زمانی کوردی زمانی فەرمییە لە عێراقدا و پاش دەرچوونی یاسای زمانە فەرمییەکانیش لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤، بەڵام بەو حاڵەش دەبینین سەرباری ئەوەی کە یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێم زمانی کوردی بە زمانی یەکەم دادەنێت لەناو هەرێمی کوردستان، بەڵام ئاستەنگ و بەربەستی زۆر هەن لەبەردەم جێبەجێکردنی یاساکە و هەتا ئێستا ناوەڕۆکی یاساکە وەک پێویست جێبەجێ نەکراوە. لەم بەشەی تویژینەوەکەماندا، هەوڵدەدین تیشک بخەینەسەر ئەو ئاستەنگانەی کە

لەبەردەم جێبەجێکردنی یاساکەدا هەن و دابەشی دەکەین بەسەر دوو جۆری ئاستەنگە دەرەکییەکان و ئاستەنگە ناوخۆییەکان بەم جۆرەی خوارەوە:

٢-١ ئاستەنگە دەرەکییەکان

مەبەست لە ئاستەنگە دەرەکییەکان، ئەو ئاستەنگانەن کە سەرچاوەی کاریگەرییان لە دەرەوەی سنوورەکانی هەرێمی کوردستانن و، لە هەمان کاتدا بەشێوەی راستەخۆ یا ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەیە لەسەر پەراوێزخستن و لاوازکردنی زمانی کوردی و، بە کردەوە دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم جێبەجێکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان و بریتین لەمانەی خوارەوە:

٢-١-١ بە جیهانیبوون و بالادەستی زمانی ئینگلیزی

بە جیهانیبوون بە واتای داڕووخان و تێپەڕاندنی سنوورەکان دێت لەسەر ئاستی جیهان کە رەهەندە ئابووریی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان دەگرێتەوە و، لە ئەنجامدا پێکهاتە لۆکاڵییەکان دەبنە جیهانی. ئەم پرۆسەیە، ئەوەندە بەربڵاوە کە کاریگەریی لەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا هەیە، بە جۆرێک کە هەندێک لە خاوەنڕایان بە گەورەترین رووداوی مێژووی مرۆڤایەتی لەقەڵەم دەدەن. لەئەنجامدا، هێزە بالادەستەکان لەڕووی کەلتووریی، ئابووریی و...هتد، کاریگەریی لەسەر زمان و کەلتوور و رۆشنبیریی گەلانی دیکە دادەنێن و دەبنە هۆی لاوازبوون و کاڵبوونەوەیان، کە ئەمەش تێکدان و لەناوبردنی شوناسی نەتەوەیی گەلانی دیکەی لێدەکەوێتەوە. هەربۆیە، دەبینین بەجیهانیبوون بووەتە هەڕەشە لەبەردەم کەلتوور و زمانی نەتەوەکانی دیکە، چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی و چ لەسەر ئاستی دەرەکی. لەلایەکی ترەوە، وەک بەشێک لە پرۆسەی بەجیهانیبوون، زمانی ئینگلیزی بە حوکمی بالادەستی ئابووریی، سیاسی، رۆشنبیریی، سەربازیی ئەمەریکا و بەریتانیا جێگای بە زمانەکانی دیکە لێژ کردووە و هەژموونی لەسەر هەموو بوارەکاندا کردووە و بە ئاست و پلەی جیاواز هەڕەشەی لەسەر زمانەکانی تر دروست کردووە، هەربۆیە زانایان ئەمە بە (جیهانگیریی زمانی) ناوزەد دەکەن. خۆبەدەستەوەدانی فەرهەنگە لۆکاڵییەکان لەهەمبەر فەرهەنگی جیهانی، یەکێکە لەو تەوەرانەی کە پاساو بۆ بەجیهانبوون دەهێنێتەوە، کە دیوەکەی تری خۆبەدەستەوەدانی دەستەبژێری

سیاسییە لەبەرامبەر فەرهەنگی جیهانی. سڕینەوەی ڕەوایەتی فەرهەنگی لۆکاڵی بۆ پاساوهێنانەوە بۆ فەرهەنگی جیهانی دەبێتە میکانیزمێک بۆ پووچەڵکردنەوەی بەکارهێنان و کەڵکوەرگرتن لە فەرهەنگی لۆکاڵی. هەربۆیە، زمانی کوردیش لەناو باهۆز و زریانی ئەم بەجیهانیبوونەدا و چەرخی مردنی زمانەکان و هەژموونی زمانی ئینگلیزیی، بە ڕێڕەوێکی سەخت و پڕ کەند و لەندا تێپەڕ دەبێت.

نابێ ئەو ڕاستییە لە یاد بکەین کە جیهانگیریی زمانی ئینگلیزیی، ئەمڕۆ هەموو کایەکانی ژیان و تەنانەت هەموو وڵاتانی جیهانیشی گرتۆتەوە، کە زمانی کوردیش لەم ڕێسایە بەدەر نیە و پێویستە لایەنە بەرپرسەکان لە حکومەتی هەرێم، پلان و بەرنامەی کاریگەرییان هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم هەژموونییە و بتوانن بەکارهێنانی زمانی کوردی لە هەموو بوارە سیاسی، ئابووریی، یاسایی، ڕۆشنبیریی و پەروەردەییەکان و...هتد، لەناو کۆمەڵگادا فراوان بکەن و جێ پەنجەی زمانی کوردی لەو بوارانەدا بەهێزتر بکەن.

٢-١-٢ پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان

پێشکەوتنی زانستی و گەشەکردنی تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان لەم سەردەمەدا، وایکردووە لەگەڵ ئەو تەکنۆلۆژیایە زمان و کەلتووری زمانە باڵادەستەکان بێنە ناو زمانی گەلانی بەکارهێنەر. بۆ نموونە سەدان وشە و زاراوەی زمانی ئینگلیزیی، لەڕێگای سوشیال میدیا و تۆڕی زانیارییەکان هاتووەتە ناو زمانی ڕۆژانەی خەڵک و بەکاری دەهێنن، کە لەگەڵ ئەم وشانەدا لایەنی زمانی و نازمانی (کەلتوور)ی زمانی زاڵ دێتە ناو زمانی کوردی و بەرەبەرە مەوداکانی بەردەم زمانی کوردی بەرتەسک تر دەکەنەوە، ئەم بابەتەش ئەگەر بە وشیاریيەوە مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت دەبێتە ئاستەنگێکی گەورە لەبەردەم زمانی کوردی. هەربۆیە، پێویستە گرنگی بە بەکارهێنانی زمانی کوردی بدرێت لە هەموو دەربڕین و زاراوەکان لەو بوارەدا و دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی زمانی بیانی، تەنیا لە کاتی پێویست و بەشێوەیەکی کاتی نەبێت، هەتا زاراوەی کوردی گونجاویان بۆ دادەنرێت.

سەرەڕای گرنگی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان و کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ژیانی مرۆڤ لەم سەردەمەدا، بەڵام دەبینین گەلان و نەتەوەکانی دیکەی

جیهـــان به پـــلان و به وشـــیاریيەوه مـــامەڵه لەگەڵ ئەم بـــابەتەدا دەکەن و، هەوڵـــدەدەن لەڕێگـــای هاوئـــاهەنگی لەگەڵ داموودەزگـــا و کۆمپانیاکـــانی بەرهەمهێـــنەری ئەم تەکنۆلۆژیـــایە، زمـــانی خۆیـــان بـــخەنە ریـــزی زمـــانە بەکارهاتووەکـــان لەنـــاو ئەو تەکنۆلۆژیـــانە. پێویســـتە لایەنـــی پەیوەندییـــدار لە حکـــومەتی هەرێمـــیش، ئەم بـــابەتە لەبەرچـــاو بگرێـــت و هەوڵ بـــدات وێـــڕای کەڵکوەرگرتن لەو تەکنۆلۆژیایە لەناو کۆمەڵگا، ئەوا کەمترین مەترسی بۆ سەر زمانی کوردی بە جێ بهێڵێت.

٢-١-٣ سیاسەتی وڵاتانی دەوروبەر

ئەو دەوڵەتـــانەی کە کوردســـتانیان لەنێـــوان خۆیانـــدا دابەشـــکردوە هەر زوو هەوڵیانـــدا، کە بە جۆرێـــک لە جۆرەکـــان زمـــانی کـــوردی لەنـــاو بـــبەن یـــا خـــود پەراوێزی بخەن. رۆژنـــامەگەری کوردی لە دەیەی دووەمی سەدەی بیستەم بە رێژەیەکی باش گەشەی کرد و، کورد هەتا ناوەڕاستی دەیەی سێیەمی سەدەی بیســـتەم کێشـــەیەکی ئـــاڵۆزی زمـــانەوانی و رێنووســـی نەبـــوو و شـــاعیران و نووســـەرانی کـوردیش بەو زمـانە نووسـیویانە و خـوێنەری کـوردیش لە هەمـوو بەشەکانی کوردستان دەیتوانی بیخوێنێەوە و ئاگای لەسەرجەم کایەکانی زمانی کوردی بێت. پاش سەرهەڵدانی دەوڵەتانی ئێران، عێراق، تورکیا و سووریا، ئەم دەوڵەتانە هەوڵیاندا سیاسـەتی تواندنەوەی زمـانی کـوردی بگرنەبەر و بەردەوام ئەو بیرۆکەیەیان پەرەپێدەدا کە کوردی زمان نیە، سەربەخۆ نیە و مێژووی نیە و، هەروا هەوڵیانداوە لەڕێگای یاساییەوە رێگریی لەبەردەم بەکارهێنانی زمانی کوردی دروست بکەن لە بواری خوێندن و پەروەردە و رووبەرە گشتییەکاندا، کە تەنانەت هەندێ جار گەیشتووەتە ئاستی قەدەغەکردنی زمانی کوردی. بەدەر لەمەش، ئەو وڵاتانە هەندێ جار هەوڵیانداوە ئاژاوەی زمـانی لەناو زاراوەکانی زمـانی کوردیـدا دروسـت بـکەن و شـەڕی زاراوەکـان و بەرتەسـک کـردنەوەی زمـانی کـوردی پەیـڕەو بـکەن و هەوڵـی دابڕانـدنی ئەو زاراوانە بـدەن لە زمـانی کوردی و بە زمانی سەربەخۆ بیاننناسێنن وەک زاراوەکانی هەورامی، لەکی، زازا و...هتد. هەربـۆیە زمـانی کـوردی، وەک تایبەتمەنـدییەکی جەوهەریـی شونـاسـی کورد، یەکێک بووە لە یەکەم و گرنگترین ئامانجەکانی سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنی ئەو دەوڵەتـانە. هەوڵە بەردەوامەکـانی دەوڵەتـان، بـۆ سـنووردارکردنی بـوونی

شوناسی کورد له کایه گشتییەکاندا بریتی بووه له سنووردارکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی و هەوڵدان بۆ گۆڕینی بە زمانی عەرەبی و ئەوانیتر و، هەروەها سنووردارکردنی دەربڕینی زمانی کوردی لە پراکتیزە کولتوورییەکاندا.

هەروا لە عێراق سەرەڕای ئەوەی کە دەستوور دانی بە زمانی کوردیدا ناوە وەک زمانێکی فەرمی و یاسای زمانە فەرمییەکانی ژمارە (٧) ساڵی ٢٠١٤ش لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەرچووە، بەڵام دەبینین رووبەری بەکارهێنانی ئەو زمانە لە ناوچەکانی بندەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی لە ئاستی نەبوونداید و تەنانەت هیچ نووسراوێکی فەرمی بە زمانی کوردی لە دامودەزگاکانیان وەرناگرن و کاری پێناکەن. سروشتییە کە ئەم جۆرە سیاسەتە، نائومێدی و رەشبینی لەناو هاوڵاتیانی کورد لەم وڵاتەدا دروست دەکات و لە هەمان کاتدا شەڕێکی دەروونییە دژ بە هاوڵاتیانی کورد کە رۆژانە پەیڕەوی دەکەن.

٢-٢- ئاستەنگە ناوخۆییەکان

مەبەست لەم ئاستەنگانە ئەوانەن، کە پەیوەندییان بە خودی زمانی کوردی یا دامودەزگا ناوخۆییە پەیوەندییدارەکانی حکومەتەوە هەیە، کە بەرپرسن لە جێبەجێکردن یا گرنگیدان بە زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان وەک زمانێکی فەرمی.

٢-٢-١ نەبوونی دەوڵەت

لەڕاستیدا بە دەوڵەت نەبوونی کوردستان ئاستەنگێکی سەرەکییە لەبەردەم گەشەکردنی زمانی کوردی، چونکە هەتا کوردستان بەشێک بێت لە دەوڵەتی عێراق، بە کردەوە دەبینین سەرەڕای بە فەرمی ناسینی زمانی کوردیش وەک زمانێکی فەرمی لە مادەی (٤) دەستووری عێراق ساڵی ٢٠٠٥، کە ئەم راستییە لە مادەکانی (٣-٩) یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق ژمارە (٧) ساڵی ٢٠١٤ جەختی لەسەر کراوەتەوە، بەڵام بە کردەوە دەبینین کە جێبەجێکردنی ناوەرۆکی ئەم یاسایە تەنیا روالەتییە و، تەنانەت دژایەتییەکی فراوانیش هەیە بۆ گەشەپێدان و چەسپاندنی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی لە عێراقدا. سروشتییە کە ئەم دۆخە، کاریگەریی هەبووە لەسەر گەشەکردن و پەراوێزخستنی زمانی کوردیش لە هەرێمی کوردستان.

هەروەک مامۆستا مەسعوود محەمەد دەڵێت: "ئەگەر دەوڵەتی کوردی لە هەموو کوردستان فەرمانڕەوا بوو، بە ناچاری دەبێت زمانێکی ڕەسمی هەبێت بە کاری دەوڵەت و سەقافەتش بێت، بێگومان شێوازێکی پوختی بە ملەوە دەبێت و گرفتیش نایەتە پێش لە دۆزینەوەی ئەو زارەدا".

٢-٢-٢ نەبوونی یەک زمانی ستاندارد

زمانی کوردیش وەک هەموو زمانەکانی تری جیهان، لە کۆمەڵێک دیالێکت و زاراوەی جۆراوجۆر پێکهاتووە، کە جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەیە و ئەمەش دۆخێکی ئاساییە، چونکە لە هەموو زمانە پێشکەوتووەکانی جیهانیشدا ئەم دیاردەیە دەبینرێت. هۆکاری سەرەکیش لە پشت دروستبوونی ئەم زاراوە جیاوازانە بۆ هەڵکەوتەی جوگرافی و دۆخی سیاسی کوردستان دەگەڕێتەوە. لەڕووی جوگرافییەوە، کوردستان دۆخێکی سەخت و ناهەمواری هەبووە، کە ئەمەش دابڕانی لەنێوان ناوچەکاندا دروست کردووە و، لەڕووی سیاسیشەوە کوردستان بەسەر چەندین وڵاتدا دابەش بووە و دەسەڵاتێکی یەکگرتوو و سەربەخۆی نەبووە، کە ئەمەش بە کردەوە بووەتە بەربەست لەبەردەم لێک نزیکبوونەوەی زاراوەکان و سەرهەڵدانی زمانێکی یەکگرتوو و ستاندارد.

یەکێک لە گرفتەکانی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان، نەبوونی زمانێکی ستاندارد و پێوەرە کە لە هەموو هەرێم بەکاربێت، ئەوەی کە ئێستا هەیە داننانی ناڕاستەوخۆیە بە دوو شێوە زاری کرمانجی سەروو و ناوەڕاست، کە ئەمەش لەڕووی نەتەوەسازیی و زمانەوانییەوە مەترسی هەیە و ڕێگریی دەکات لە دروستبوونی زمانێکی ستاندارد لە سەرتاسەری هەرێم. یەکەمجار حکومەتی عێراق لە یاسای زمانە لۆکاڵییەکانی ساڵی ١٩٣١ هەوڵی نانەوەی ناکۆکی نێوان زاراوەکانی زمانی کوردی داوە بەوەی کە لە ناوچەی بادینان بە شێوەزاری کرمانجی سەروو بخوێنرێت، کە لەو سەردەمەدا ئەمین زەکی بەگ هەستی بەم مەترسییە کردووە و لەڕێگای دوو یادداشتەوە لە ساڵانی ١٩٣٠ و ١٩٣١ بۆ حکومەتی عێراق و نوێنەری بەریتانیا لە عێراق مەترسی ئەم کارەی خستۆتەڕوو. هەروا ئەوەی جێی سەرنجە، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە حەفتاکان ڕەتیکردەوە کە زمانی خوێندن لەت بکرێت و تەنیا زاراوەی کرمانجی ناوەڕاست کرایە تاکە زمانی خوێندن لە کوردستان. یەکەم هەنگاو بۆ

کەرتکردنی زمانی خوێندن لە ساڵی ١٩٩٦ دەستی پێکرد، کە حکومەتی هەرێم رێگەیدا بە گۆڕینی خوێندن لە پارێزگای دهۆک لە پۆلی یەکەم هەتا سێیەم لە سۆرانییەوە بۆ بادینی. پاشان لە سەردەمی (د.ڕۆژ نووری شاوەیس) سەرۆک وەزیرانی ئەوسای هەرێم بە بڕیاری ژمارە (٣١٧٤) لە ساڵی ١٩٩٨ ڕەزامەندی درا کە کرمانجی سەروو لە پەروەردەدا بەکاربێت بە دوو مەرج:

١- هەتا پۆلی چواری سەرەتایی لەو ناوچانەی کە بەم شێوەزارە قسە دەکەن بخوێنرێت.

٢- ڕەچاوی ئەوە بکرێت کتێبە مەنهەجییەکان موتوربە بکرێن بە چەند وشەیەکی کرمانجی ناوەڕاست.

هەر لە درێژەی ئەو سیاسەتەدا، لە ساڵی ٢٠٠٥ بە بڕیاری وەزارەتی پەروەردە و لەسەر داوای پەروەردەی دهۆک خوێندن بە تەواویی گۆڕا بە شێوەزاری کرمانجی سەروو. لە ئەگەری بەردەوامیی و چارەسەرنەکردنی ئەم گرفتە و چەسپاندنی واقیعی دوو زمانی ستاندارد، دەکرێ بڵێین ئەمە دەبێتە دابەشبوون و فراوانبوونی ناکۆکییە زمانی و کەلتووریی و جوگرافی و مێژووییەکان، کە ڕەنگە لە درێژخایەندا دروستبوونی دوو نەتەوەی جیاوازی لێ بکەوێتەوە. هەربۆیە، کاتی ئەوە هاتووە لێدوانی هێمنانە و بەرپرسانە بە دوور لە زاراوەچێتی و ناوچەگەری، لە بارەی ئەم پرسەوە بکرێت، بە ئامانجی ئەوەی سیاسەتێکی زمانی دابڕێژرێت کە تێکەڵبوون و یەکبوونی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان مسۆگەر بکات و بەهێزتری بکات.

٢-٢-٣ نەبوونی یەک ڕێنووسی ستاندارد

یەکێک لە ئاڵنگارییەکانی بەردەم زمانی کوردی بوونی دوو ڕێنووسە کە بریتین لە ئارامی و لاتینی (بەدەر لەوەی کوردانی قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست ڕێنووسی سریلیک بەکار دەهێنن). لە بواری کارگێڕیی و فەرمی و پەروەردە ڕێنووسی ئارامی بەکاردێت، بەڵام لە ڕاگەیاندنەکان و سوشیال میدیا ڕێنووسی لاتینیش بەکاردێت بەو پاساوەی کوردانی باکوور و ڕۆژئاوا و ئەورووپا شارەزای ئەو ڕێنووسەن. هەروا لە ڕێنووسی شوێنە گشتی و فەرمانگەکاندا هەڵەی زۆر لە نووسینی ڕێنووسی کوردیدا دەبینرێت، کە ئەم نموونەیە لە هیچ وڵاتێکی تردا بە دیناکرێت و ئەمەش واتای ئەوەیە هیچ پلان و چاودێرییەک

لەلایەن داموەدەزگا بەرپرسەکانەوە بوونی نیە. بوونی دوو جۆر رێنووس پاشاگەردانی دروست کردووە و بووەتە گێژۆکەی زمانی کوردی و لە ناچارییەوە هاتۆتەئاراوە و، خزمەت بە داهاتووی رێنووس و زمانی ستانداردی کوردی ناکات. بەدەر لەمەش بەشێکی هەڵەکانی رێنووس بۆ هەست و گرنگی پێنەدانی خوێندەواران و نووسەرانی زمانی کوردی دەگەڕێتەوە کە یاساکانی رێنووس لەبەرچاو ناگرن و بە هەڵە دەینووسن.

ئەو ئەلفوبێیەی کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان بۆ نووسینی زمانی کوردی بەکار دێت، لەڕاستیدا دوای سەدان ساڵ بەکارهێنانی بووەتە گەنجینەی پاراستنی ئاوەز و بیر و هۆش و فەرهەنگ و شارستانیەتی کوردی، هەروا ئەو داوە زێڕینەیە کە زمان و فەرهەنگی کوردی بە زۆریەنەی گەلانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە گرێدەدات. لەلایەکی ترەوە، رێنووس پەیوەندیی بە پێکهاتەی زمانەوە نیە، هەربۆیە بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردنی رێنووسی زمانی کوردی زیاتر بڕیارێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، نەک زمانەوانی و ناشێ بۆ یەک زمان و یەک نەتەوە لە یەک کاتدا دوو رێنووس بەکار بێت و نابێ دەسەڵات لەم بارەیەوە بڕیار و هەڵوێستی نەبێت و چارەسەرکردنی ئەم بابەتە بداتە دەستی زەمەن.

هەربۆیە، پێویستە داموەدەزگا بەرپرسەکان و تەنانەت هاوڵاتیانیش بە بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا بکەن و، وێڕای چەسپاندنی رێنووسێکی یەکگرتوو بۆ زمانی کوردی هەموو لایەک هەوڵ بدەن، بەوپەڕی بەرپرسیارێتییەوە رێزی لێبگرن و جێبەجێی بکەن.

٢-٢-٤ بەکارنەهێنانی زمانی کوردی لە دامەزراوەکانی حکومەت

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی پێشکەوتنی هەر زمانێک بریتییە لەبەکارهێنانی ئەو زمانە لە هەموو بوارەکانی پەروەردە، خوێندنی باڵا، کارگێڕیی، یاسادانان، ئابووریی، دادوەریی و...هتد، سەبارەت بە زمانی کوردی سەرەڕای ئەوەی کە بەپێی دەستووری عێراقی زمانی فەرمییە لە سەرانسەری عێراقدا، بەڵام تەنانەت لە ناوخۆی هەرێمی کوردستانیشدا وەک پێویست لە هەموو کایەکاندا بە کار نایەت و، هەتا ئێستاش لە بواری فەرمی و لە هەندێ کایەدا هەر زمانی عەرەبی بەکاردێت. لە بوارە زانستییەکانیش، لە زانکۆکانی

کوردستان زمانی کوردی پەراوێز خراوە و لە پێگەیەکی لاوازدایە و نەیتوانیوە شانبەشانی زمانی عەرەبی یا ئینگلیزی بەرەو پێشەوە بڕوات. نابێ ئەو راستییە لە یاد بکەین کە زمانگەلی وەک ئینگلیزی، فەرەنسی و ئەڵمانی پاش چەندین سەدە لە هەوڵ و تێکۆشان تواناییان جێ بە زمانی لاتینی چۆڵ بکەن و بگەنە ئەو ئاستەی ئەمڕۆ، هەربۆیە پێویستە کار بکرێت بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە هەموو ئاستەکان و سوود لە ئەزموونی زمانەکانی تریش وەربگیرێت.

لە هەموو جیهاندا، هەر زانکۆیەک زمانی خوێندنی خۆی دیاری دەکات، بەڵام لە هەرێمی کوردستان سەرەڕای ئەوەی یاسای زمانە فەرمییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە زمانی خوێندن لە هەرێم کوردییە، بەڵام لە زۆربەی زانکۆکان تێکەڵەیەکە لە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و زمانی کوردی پەراوێز خراوترینە، هەربۆیە پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کار بکات بۆ ئەوەی زمانی کوردی ببێتە زمانی یەکەمی زانکۆکانی هەرێم و لەپاڵ ئەوەشدا ئینگلیزی و عەرەبی وەک زمانی یاریدەدەر بەکاربێن و زانینی زمانی کوردی مەرج بێت بۆ دامەزراندنی مامۆستایانی زانکۆ. هەروا وەزارەتی پەروەردە سەرەڕای ئەوەی زمانی خوێندنی قوتابخانە حکومییەکانی کردووەتە کوردی، بەڵام لە هەمان کاتدا سەدان مۆڵەتی قوتابخانەی بە کەرتی تایبەت بەخشیوە، کە بە فەرمی مامەڵە لەگەڵ زمانی ئینگلیزیی دەکەن وەک زمانی فەرمی، کە ئەمەش راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ کاریگەریی نەرێنی لەسە زمانی کوردی بەجێهێشتووە.

٢-٢-٥ نەبوونی دەزگای نیشتمانیی وەرگێڕان

پرۆسەی وەرگێڕان، پرۆسەیەکی گرنگە بۆ ئاشناکردنی هەر گەلێک بە کەلتوور و شارستانیەتی گەلانی دیکەی جیهان و، وەرگێڕانی بابەتە زانستییەکان لە زمانەکانی دیکە و دەوڵەمەندکردنی زمانی نەتەوەیی و پڕکردنەوەی ئەو کەموکوڕییانەی کە لەو بارەیەوە هەن. نەبوونی دەزگایەکی نیشتمانی وەرگێڕان لە کوردستان، بۆ وەرگێڕانی هەموو بابەت و سەرچاوەی زانستی بۆ سەر زمانی کوردی، بووەتە هۆی هەژاریی و کەم پێزیی زمانی کوردی لە بواره زانستییە جۆراوجۆرەکاندا. هەربۆیە، دامەزراندنی دەزگایەکی لەو جۆرە کە

خاوەن بوودجە و سەربەخۆیی خۆی بێت بووەتە پیویستییەکی هەنووکەیی، بۆ ئەوەی هەڵمەتێکی بەرفراوانی وەرگێڕان لە بواڕە زانستییەکان بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی دەست پێ بکات. لەم بارەیەوە، دەکرێ سوود لە ئەزموونی گەلانی دیکەی جیهان وەربگیرێت و، لەڕێگای دامەزراندنی دەزگای نیشتمانی وەرگێڕان گەنجینەی زانستی زمانی کوردی بەهێز بکرێت، چونکە زۆر جار تۆڕەری کورد بەهۆی نەبوونی سەرچاوە و لەڕووی ناچارییەوە پەنا دەباتە بەر زمانەکانی تر بۆ ئەنجامدانی تۆڕینەوە.

٦-٢-٢ نەبوونی کومیسیۆنی زمانە فەرمییەکان بۆ چاودێریی و لێپرسینەوە

بەپێی مادەی (٢٤) لە یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوەی سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە بکات، بەر ئەم سزایانەی خوارەوە دەکەوێت:

"یەکەم: سزاکانی بەرزەفتەکردنی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت ئەگەر فەرمانبەر بوو.

دووەم: ئەگەر سەرپێچیکار فەرمانبەر نەبێت ئاگادار دەکرێتەوە لە ماوەی (١٥) رۆژدا سەرپێچییەکە راست بکاتەوە، ئەگەر لەسەر سەرپێچییەکە بەردەوام بوو، بۆ هەر رۆژێک بە غەرامەیەک سزا دەدرێت کە لە (٥٠) هەزار دینار کەمتر نەبێت و، لە (١٠٠) هەزار دینار زیاتر نەبێت.

سێیەم: هەموو زەرەرمەندێک مافی جوولانەدنی داوای هەیە لە کاتی سەرپێچیکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە".

یەکێک لە گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم زمانی کوردی، سەرەڕای بوونی بڕگەی سزایی لە یاسای زمانە فەرمییەکان نەبوونی چاودێریی و لێپرسینەوەیە لەڕووی یاسایی و کارگێڕییەوە، کە بە پلەی یەکەم دامودەزگا فەرمییەکانی حکومەت لێی بەرپرسیارن و پێویستە بە تەواویی چاودێریی جێبەجێکردنی بڕگەکانی یاساکە بکەن لە هەموو بوار و سێکتەرەکاندا و، لێپرسینەوە لەو کەسانە بکەن کە بە ئەنقەست یا نائەنقەست هەوڵی شێواندنی زمانی کوردی دەدەن یا خود بە شێوازێکی خراپ بە کاری دەهێنن یا خود لەو شوێنانەی کە پێویستە بەکاری بهێنن بەکاری ناهێنن.

هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، پێویستە کۆمیسیۆنی زمانە فەرمییەکان دابمەزرێت بە مەبەستی چاودێرییکردن و لێپرسینەوە لە هەر سەرپێچییەکی یاسای زمانە فەرمییەکان، کە ئەمە یەکێکە لە کەموکوڕییەکانی یاساکە. یاسای زمانە فەرمییەکان بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنی یاساکەی دابەشکردووە بەسەر دامودەزگاکانی تر، کە لە لەوانەیە هیچ کامیان لایەنی پسپۆڕ نەبن بۆ جێبەجێکردن و چاودێریی و لێپرسینەوە لە ئەگەری رووداتی هەر سەرپێچییەک و، ئەم کۆمیسیۆنە دەتوانێ لایەنی کۆکەرەوە و رێکخەری هەموو دامودەزگاکان بێت.

٧-٢-٢ نەبوونی سیاسەت و پلاندانانی زمانی

سیاسەت و پلاندانانی زمان، چەمکێکی بەربڵاوە لە بواری زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی پەروەردەیی زانستدا و پەیوەندیی بە هەوڵی سیستماتیکی دامودەزگاکانی حکومەت، دامەزراوە ئاکادیمییەکان و رێکخراوە تایبەتەکانەوە هەیە بەمەبەستی دانانی کاریگەریی لەسەر بەکارهێنان، فێرکردن و تێڕوانین بۆ زمانەکان لەناو کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا. پلاندانانی زمان لە ئاستی دەسەڵات و دەوڵەت، بریتییە لە تەرخانکردنی رۆڵ و ئەرکەکان بۆ زمانەکان لەناو کۆمەڵگایەکدا، کە ئەمەش دەکرێت لە دەستنیشانکردنی زمانێکەوە دەست پێ بکات وەک زمانی فەرمی یا نیشتمانی، کە میدیای فێرکردن لە دامەزراوە پەروەردییەکان یا زمانی کارگێڕیی و دادوەریی لەسەر ئاستی حکومەت بەو زمانە دەبێت. هەروا هوشیاریی زمانیی لەناو تاکەکانی کۆمەڵگا گەرەنتی جێبەجێکردنی هەر سیاسەتێکی زمانی دەکات، هەتا زۆرینەی تاکەکان وەک بەها و گەنجینەیەکی بەنرخ سەیری زمانی دایک و زمانی فەرمیی کوردی نەکەن، ئاستەمە بتوانرێت سیاسەت و پلانی زمانی لەسەرجەم ئاستەکان وەک خۆی جێبەجێ بکرێت.

سیاسەت و پلاندانانی زمانی دوو ڕەهەند لەخۆ دەگرێت. ڕەهەندی یەکەم، بریتییە لە بەها و پێگەی زمانێک و پەیوەندیی ئەو لەگەڵ زمانەکانی تر، بۆ نموونە پێگە و بەهای زمانی کوردی لە بەرامبەر زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی و تا چەند زمانی کوردی توانیویەتی پێگە و نرخی خۆی بپارێزێت و گەیەنەر و

دەربڕی دۆخی فەرهەنگیی و پەروەردەیی نەتەوەی کورد بێت و، تا چەند توانیویەتی ببێتە سەنگەرێکی بەهێز بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد. ڕەهەندی دووەم، پلاندانانی جەستەی زمان لەخۆ دەگرێت کە مامەڵە لەگەڵ ڕێکارەکانی چۆنێتی هەڵبژاردنی زمانێک و هەڵاوێرکردنی نۆرمەکانی ئەو زمانە دەکات، هەتا وەک زمانێکی ستاندارد بەکاربێت، ئەمەش بە دانانی پلانێکی کرداریی–زانستی بۆ بەکارهێنانی ئەم زمانە لە بوارە فەرمییەکانی وەک پەروەردە دێتەدی، لەپاڵ ئەوەشدا، کار دەکرێت بۆ هەڵبژاردنی نۆرمێکی زمان بۆ کەڵک لێوەرگرتنی وەک زمانی ستاندارد و دیاریکردنی ڕێنووسی ئەو زمانە و چۆنێتی نووسینەوەی فەرهەنگ و ڕێزمانی ئەو زمانە. لە ئەنجامی نەبوونی سیاسەت و پلانی زمانی لە هەرێمی کوردستان، زمانی کوردی دوچاری قەیرانی شوناس و پیگەیەکی لاواز بووەتەوە، بەهۆی نەبوونی زمان و ڕێنووسێکی ستاندارد، کە ببێتە چەتری کۆکەرەوە و دروستکەری شوناسێکی هاوبەش. لە ئەنجامی سیاسەتی وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا، کە لەسەر حیسابی لاوازکردنی پێگەی زمانی کوردی گرنگییەکی کوێرانە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی دەدەن، زمانی کوردی بەرەبەرە توانای ململانێی لەهەمبەر زمانەکانی تر لە دەست دەدات، کە ئەمەش قەیرانی شوناس و زمانی لێدەکەوێتەوە.

کاتی ئەوە هاتووە حکومەتی هەرێمی کوردستان، سیاسەتێکی زمانی ڕوون وەک بەشێک لە سیاسەتی فەرهەنگی خۆی دابڕێژێت بە مەبەستی گێڕانەوەی پێگەیەکی شیاو بۆ زمانی کوردی، بەجۆرێک کە بتوانی لەبەرامبەر زمانەکانی تر توانای خۆڕاگریی و ململانیی هەبێت و شوناسی نەتەوەیی کورد بپارێزێت.

٨-٢-٢ هەستی خۆبەکەمزانینی تاکی کورد

هەرچەندە زمانی کوردی لەم ساڵانەی دواییدا، توانیویەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتی زۆربەی کەرتەکاندا ئەرکەکانی خۆی فراوانتر بکات و ڕۆڵ بگێڕێت، بەڵام پێمان خۆش بێت یا نا دەبێ دان بەو ڕاستییەدا بنەین کە هێشتا زمانی کوردی نەبووەتە زمانی سەرەکی هەندێ چینی کۆمەڵگا. بە واتایەکی تر، زمانی کوردی نەک هەر ئەو پلە کۆمەڵایەتییەی نەدراوەتێ کە بە زمانەکانی تر دراوە، بەڵکوو هەتا ئێستاش بێت لەلایەن هەندێ کەس و لە هەندێ شوێندا بە چاوی

نزم سەیر دەکرێت یا خود زۆربەمان کەمتەرخەم و خەمساردین بەرامبەر بە زمانی کوردی. هەرچەندە ئەم هەستی خۆبەکەمزانینە هۆکاری زۆرن، بەڵام هەتا ئێمە لە بازاڕی جیهانگیرییدا هەر کڕیار بین و نەبینە فرۆشیار و نەبینە خاوەن بەرهەمی مادی و نامادی خۆمان، ئەو هەستکردن بە شانازییەمان لە لا دروست نابێت، هەربۆیە هەوڵدەدەین ئەو شانازییە لە مێژووی رابردووماندا بدۆزینەوە.

هەستکردن بە نزمیی پێگەی زمانی کوردی رەگوڕیشەیەکی مێژوویی هەیە و، پەیوەندیی بەو دەسەڵاتە سیاسییانەوە هەیە کە لە رابردوودا کوردستانیان بەڕێوە بردووە و، پێگەیەکی نزمتریان داوەتە زمانی کوردی لەچاو زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی. لەڕووی زمانەوانییەوە، ئەم راستییە سەلمێنراوە کە هەموو زمانەکان لە بواری (دەنگسازیی، وشەسازیی و رستەسازیی)دا یەک بناغەیان هەیە، ئەوەی کە زمانەکە دەوڵەمەندتر دەکات پێشکەوتن و دواکەوتوویی کۆمەڵگا و ئاخێوەرانی ئەو زمانەیە لە بواڕە جیاوازەکاندا، کە دەبێتە هۆی بەهێزیی ئەو زمانە و بەکارهێنانی لە هەموو کایە جیاوازەکانی ژیان و زانستدا، نەک خودی زمانەکە. هەربۆیە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی مێژوویی و، گەشەکردن و پەرەسەندنی بەندە بە پەرەسەندنی کۆمەڵگا بەدرێژایی مێژوو. جگە لەمەش، هۆی دروستبوونی هەستی خۆبەکەمزانین، پەیوەندیی بە هەڵکەوتەی جوگرافی و ئەو دۆخە نالەبارە مێژووییەوە هەیە، کە ئەویش دابەشبوونی کوردستانە لە ئێستا و لە رابردوو لەنێوان دەوڵەتە جۆراوجۆرەکاندا و، بەردەوام ژێردەستە بووە و ستەمی لێکراوە و زمانەکەشی پشتگوێ خراوە یا قەدەغەکراوە و بە نزم سەیرکراوە، کە ئەمەش بەرەبەرە گرێی خۆبەکەمزانینی لەناو تاکی کوردیدا دروست کردووە و هەتا ئەمڕۆش بە دەستییەوە دەنالێنێ.

هەرچەندە یاسادانەری کوردستانی، هەستی بەم دۆخە کردووە و لە پێنج شوێنی یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێم لە مادەکانی (٢٠/١٣/١٠/٥/٢) بااڵدەستی و لەپێشتریی بە زمانی کوردی داوە، بەڵام بە داخەوە هەتا ئێستاش تاکی کوردی نەیتوانیوە خۆی لەم هەستە دەرباز بکات و، شکۆ و بااڵدەستی بۆ زمانی کوردی بگەڕێننەوە و بەسەریدا زاڵ بێت.

ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا، لەژێر ناوی (ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان) پاش خوێندنەوەیەک بۆ یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٤ لە هەرێمی کوردستان، کۆمەڵێک لە مادە و بڕگەکانی ئەو یاسایەمان خستەڕوو و شیکارییەکی ڕەخنەییەمان بۆ کەموکوڕییەکانی یاساکە کرد، هەروا باسمان لە ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاساکە کرد لە هەرێمی کوردستان و گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- پەرلەمانی کوردستان یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٤ دەرکرد، کە ئەمەش هەوڵێکی یاسادانەری کوردستانییە بۆ جێبەجێکردنی مادەی (٤) لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ و بەهێزکردنی پێگەی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی و یەکەم لە هەرێمی کوردستان.

٢- بەسەرنجدان بەو ستەمە مێژوویییەی کە تووشی گەلی کورد و زمانی کوردی هاتووە، یاسادانەر لە پێنج مادەی یاسای زمانە فەرمییەکان هەوڵی چەسپاندنی بااڵدەستی و لەپێشتریی زمانی کوردی داوە.

٣- هەرچەندە، دەرچوونی ئەم یاسایە هەنگاوێکی ئەرێنییە بە مەبەستی بەهێزکردنی پێگەی زمانی کوردی، بەاڵم بەو حاڵەش جێبەجێکردنی یاساکە بە کردەوە ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگی دەرەکی و ناوخۆیی بووەتەوە.

٤- ئاستەنگە دەرەکییەکانی بەردەم یاسای زمانە فەرمییەکان بریتین لە: جیهانگیریی و هەژموونی زمانی ئینگلیزیی، سیاسەتی دەوڵەتانی دەوروبەر و هەژموونی تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان.

٥- ئاستەنگە ناوخۆییەکانی بەردەم یاسای زمانە فەرمییەکان بریتین لە: نەبوونی دەوڵەت، نەبوونی یەک زمان و ڕێنووسی ستاندارد، نەبوونی کۆمیسیۆن زمانە فەرمییەکان بۆ چاودێریی و لێپرسینەوە، نەبوونی دەزگای نیشتمانیی وەرگێڕان، بەکارنەهێنانی زمانی کوردی لە هەموو بوارەکان لەناو هەموو دامودەزگاکانی حکومەت، نەبوونی سیاسەت و پلانی زمانی و هەستی خۆبەکەمزانین تاکی کورد.

٦- نەبوونی کۆمیسیۆنێکی تایبەت بە زمانە فەرمییەکان لەناو دەقی یاساکە، بە کەموکوورپییەکی جەوهەری دادەنرێت و بە کردەوە میکانیزمێکی روونی بۆ چاودێریی و لێپرسینەوەی سەرپێچییەکان دانەناوە.

٧- سەرەڕای بوونی ئەم یاسایە، بەڵام هەتا ئێستاش لە هەندێ داموددەزگای فەرمی و ناوەندەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان بە ئاشکرا پێشێل دەکرێت و، زمانی کوردی پەراوێز دەخرێت و هیچ کاردانەوەیەکیش لەلایەن داموددەزگا بەرپرسەکانەوە بەدیناکرێت.

٨- حکومەتی هەرێمی کوردستان هەتا ئێستا سیاسەت و پلانێکی روونی زمانی نییە و، پێویستە لەم بارەیەوە لایەنە بەرپرسەکان هەوڵی جیدی بدەن بە تایبەت لە یەکخستنی زمان و رێنووسی ستانداردی کوردی و دۆخی زمانی کوردی لە کەرتە جۆراوجۆرەکانی وەک دادوەری، پەروەردە و خوێندنی باڵا و...هتد.

٩- هەتا ئێستا کەموکوورپی و بێسەروبەریی لە نووسینی تابلۆی داموددەزگا گشتی و فەرمییەکان، شوێنە بازرگانییەکان و فرۆشگاکان و...هتد، بەدیدەکرێت و زمانی کوردی لە بەشێکی زۆری ئەو تابلۆیانە یا فەرامۆش کراون یا بە رێنووسێکی هەڵە دەنووسرێن.

١٠- لەکاتی ناولێنانی شار و گەڕەک و پرۆژەکانی وەبەرهێنان و تەنانەت هوتێل، چێشتخانە، قوتابخانە و زانکۆ تایبەتەکان و...هتد، پتر وشەی ئینگلیزی بەکار دێت و زمانی کوردی لەم شوێنانە بە تەواویی پشتگوێ خراوە.

راسپاردەکان

١- یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان هەموار بکرێتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەموکوورپییانەی کە لە یاساکەدا هەن، بە تایبەت دامەزراندنی کۆمیسیۆنی زمانە فەرمییەکان و بەهێزکردنی رێوشوێنەکان بۆ پاراستنی باشتری زمانی کوردی.

٢- وا باشە بە سەرنجدان لە گۆڕانکارییەکانی سەردەم، حکومەتی هەرێمی کوردستان پلان و ستراتیژیکی زمانی گشتگیر دابڕێژێت بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە هەموو بوارەکان و بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشانەی کە لەسەر زمانی کوردی هەن. بۆ ئەم مەبەستە، سوود وەربگیرێت لە ئەزموونی وڵاتانی

رۆژئاوایی لە پاراستن و پەرەپێدانی زمانەکەیان و پراکتیزەکردنی لەسەر زمانی کوردی.

٣- داواکاری گشتی لە هەرێم لەسەر ئەو پێشێلکارییانەی دەرهەق بە یاسای زمانە فەرمییەکان دەکرێن رێکاری یاسایی پێویست بگرێتەبەر لە جوولاندنی داوای سزایی.

٤- وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا پێداچوونەوە بە سیاسەت و پلانەکانی خۆیان بکەن بۆ بەهێزکردنی پێگەی زمانی کوردی لە ناوەندەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا، بەتایبەت لە کەرتی ناحکومی.

٥- دەستەلاتی دادوەری هەرێمی کوردستان هەوڵی شێلگیرانە بدات بۆ بە کوردیکردنی بڕیارەکانی دادگاکان و، بۆ ئەم مەبەستە لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمەوە دەست پێ بکات، هەتا دادگاکانی تر چاوی لێ بکەن.

٦- سەبارەت بە تابلۆی ناوەندە بازرگانییەکان و فرۆشگاکان لە هەرێمی کوردستان ئاڵۆزییەکی زۆر بەدیدەکرێت و زمانی کوردی پشتگوێ خراوە یا بە رێنووسێکی هەڵە دەنووسرێت، پێویستە لەم بارەیەوە لایەنە بەرپرسەکان هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن.

٧- بە ئابووریی کردنی زمانی کوردی و بەستنەوەی بە بازاڕی کار و بازرگانی و بکرێتە مەرجێکی بنەڕەتی بۆ دامەزراندن لە کەرتی گشتی و تایبەت.

٨- هاندانی توێژینەوە و دانان و وەرگێڕانی کتێب بە زمانی کوردی لە بواری زانستییە جۆراجۆرەکان و پێدانی پاداشتی گونجاو بە نووسەر یا وەرگێڕ، هەتا گەنجینەی زمانەکە لەم بارەیەوە بەهێزتر بکرێت و هەڵمەتێکی نیشتمانی لەم بارەیەوە ئەنجام بدرێت.

٩- ئەکادیمیای کوردی، رۆڵی چالاک بگێڕێت لە بواری زاراوەسازیی زانستی بەپێی پێشکەوتنەکانی سەردەم بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە لەم بارەیەوە بەدیدەکرێن.

١٠- لەرێگای دەزگاکانی راگەیاندنەوە هەڵمەتی بەرفراوان ئەنجام بدرێ بۆ وشیارکردنەوەی هاوڵاتیان بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە هەموو بوارەکاندا و ناولێنانی شوێنە بازرگانی، رۆشنبیریی، قوتابخانە و زانکۆکان و تەنانەت گەڕەک و شارەکانی وەبەرهێنان و ...هتد، بە زمانی کوردی.

١١- حکومەتی هەرێم بە بڕیاری فەرمی یەک زمان و رێنووسی ستاندارد لە سەرانسەری هەرێم بچەسپێنیت.

١٢- دانانی کەسانی شارەزا لە زمانی کوردی لە هەموو دامودەزگا فەرمییەکانی حکومەت، بە تایبەت ئەو دامەزراوانەی کە یاسا و فەرمان و بڕیارەکانیان لێ دەردەچێت وەک پەرلەمان، ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی دادوەری بۆ پێداچوونەوەیان لەڕووی زمانەوانی و رێنووسەوە.

١٣- حکومەتی هەرێم هەڵمەتێکی بەرفراوان دەست پێ بکات بۆ بە کوردی کردن و راستکردنەوەی تابلۆی هەموو فەرمانگە و فرۆشگا و شوێنە بازرگانییەکان بەگوێرەی رێنماییەکانی ئەکادیمیای کوردی.

١٤- خولی رێنووس و زمانەوانی بکرێتەوە بۆ هەموو ئەو فەرمانبەرانەی کاری تایپ دەکەن لە دامودەزگا حکومییەکان، چونکە زۆربەیان لەو بارەیەوە زانیارییان نیە.

سەرچاوەکان:

یەکەم/ کتێب

أ- کوردی

١- ئەحمەدێ خانی، مەم و زین، چاپی دووەم، ئەنستیتووتی خوێندنی کوردی بەرلین، سلێمانی، ٢٠٢٢.

٢- خانای قوبادی، خوسرەو و شیرین، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی (ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی)، ورمێ، ١٣٦٨ (١٩٨٩).

٣- د.رەفیق سابیر، بەستانداردکردنی زمان و ئەلفوبێی کوردی، چاپی دووەم، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی، ٢٠١٤.

٤- رێبوار عەلی، زمانی ستانداردی کوردی سەرنجێک لە رابردوو و ئێستا و ئایندەی، سلیانی، ٢٠١٠.

٥- فوئاد حەمەخورشید، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی توێژینەوەیەکی جوگرافی، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سوداد رەسوول، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨.

٦- فەرهاد شاکەلی، زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.

٧- د.قەیس کاکل تۆفیق، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمانی (روانینێک)، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٧.

٨- د.محەممەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠١٠.

ب- عەرەبی

١- الحاكم عبدالكريم ابوبكر هموند، قانون اللغات الرسمية في كندا لسنة ١٩٨٨، من مطبوعات المجلس الوطني لكوردستان-العراق، اربيل، ٢٠٠٧.

دووەم/ توێژینەوە

أ- کوردی

١- د.ئەمیر موحەممەدئەمین، زمانی کوردی پێگە و ئاڵنگارییەکانی لە خوێندنی باڵا، باڵاوکراوەی زمانی دایک، دەزگای زمانەوانیی زانکۆی جیهان، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢٤.

٢- د.ئیسماعیل نەجمەدین زەنگەنە، رۆڵی یاساکان لە دارشتنی سیاسەتی زمانیی لە هەرێمی کوردستان و عێراق، وەرزنامەی زمانەوانی، دەزگای زمانەوانیی کوردی زانکۆی جیهان، ژمارە ٥، ساڵی دووەم، هاوینی ٢٠٢٤، هەولێر.

٣- د.ئیسماعیل نەجمەدین زەنگەنە، ئاڵنگارییەکانی بەردەم زمانی کوردی؛ وەک زمانی یاسا، وەرزنامەی زمانەوانی، دەزگای زمانەوانیی کوردی زانکۆی جیهان، ژمارە ٢، زستانی ٢٠٢٣، هەولێر.

٤- دیداری گۆڤاری زمانەوانی لەگەڵ د.عەبدورەحمان ئەحمەد وەهاب، گۆڤاری زمانەوانی ژمارە ٣، زستانی ٢٠٢٤، هەولێر.

٥- رێکار ئەحمەد، شتێک بەناوی جووتستاندارد نییە، گۆڤاری زمان و زار، کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت، ژمارە ٩، سلێمانی، پاییزی ٢٠٢٣.

٦- سیاسەت و پلاندانانی زمانی، گۆڤاری زمانەوانی، دەزگای زمانەوانیی زانکۆی جیهان، ژمارە ١، هەولێر، هاوینی ٢٠٢٣.

٧- شوکر مستەفا، مەسعوود محەمەدی زانا لە گەشتێکی فەلسەفی و سیاسی و زماندا، گۆڤاری رامان، ژمارە ٥٤، هەولێر، ٢٠٠٠.

٨- مستەفا رەزا مستەفا، ئاڵنگارییەکانی بەردەم زمانی کوردی (هەرێمی کوردستانی عێراق بە نموونە)، گۆڤاری زانکۆی راپەڕین، بەرگی ١٠، ژمارە ١.

٩- د.هێمن عەبدولحەمید شەمس، رێنووسی تابلۆکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی رێنماییەکانی ئەکادیمیای کوردی (تابلۆ فەرمییەکانی قەزای کۆیە بە نموونە) لێکۆڵینەوەیەکی کارەکییە، گۆڤاری زانکۆی راپەڕین، ساڵی چوارەم، ژمارەی ١١، رانیە، تەمووزی ٢٠١٧.

ب-عەرەبی

١- د.حسن مندیل حسن العکیلي، قراوة في قوانین اللغات الرسمیة في العراق، مجلة مداد الاداب، الجامعة العراقیة، کلیة الالداب، عدد خاص بالمؤتمرات ٢٠١٨-٢٠١٩.

٢- یونس أباکاي، ذوات في فضاوات متنازع علیها: أمننة اللغة الکردیة في سوریة، مجلة عمران، العدد ٤٠، المجلد ١٠، المرکز العربي للأبحاث ودراسة السیاسات، دوحة، ٢٠٢٢.

ت- فارسی

١- علی محمد حقیقی و فریدەون سعیدی ابواسحقی، سیر تحولی و تاریخی جهانی شدن، ماهنامه آفاق علوم انسانی، شماره دهم، فروردین ماه ١٣٩٧.

3 - محمد فرهادی و دیگران، جهانی سازی و انقراض زبان های محلی (مورد شهر صحنه استان کرمانشاه)، مجله بررسی مسائل اجتماعی ایران، دوره ١٣، شماره ١، بهار و تابستان ١٤٠١.

سێیەم/ دەستوور و یاساکان

١- دەستووری عێراق ساڵی ٢٠٠٥

٢- قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، سال ١٣٥٨ (١٩٧٩).

٣- قانون اللغات الرسمیة في العراق رقم (٧) لسنة ٢٠١٤.

٤- یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٤.

٥- فەرمانی ئەنجومەنی دادوەری بە ژمارە (٦٧) لە ٢٠٢٠/٩/٢٦.

Abstract

The Kurdish language is a fundamental pillar of Kurdish national identity. Over the past century, dominant states have tried to erase and suppress the language extensively. In response, the Kurdish people have persistently strived to preserve their language as a cornerstone of their national identity and security.

Following the establishment of the Kurdistan Regional Government (KRG) 1992 and the enactment of Iraq's 2005 Constitution, which recognized Kurdish as an official language across Iraq, the Kurdistan Region passed the Official Languages Law No. (6) of 2014. This law serves as a legal framework to implement constitutional provisions and safeguard the Kurdish language within the Kurdistan Region.

This study examines the Official Languages Law No. (6) of 2014 in the Kurdistan Region, analyzing its content and provisions. It explores the areas and frameworks addressed by the law, including legal and judicial affairs, administrative implementation, education, employment, and commerce, as well as culture and intellectual development. Additionally, the study highlights the challenges encountered in the implementation and practical application of the law, including both external and internal obstacles. Finally, it presents the study's findings and recommendations.

Keywords: Official Languages Law, Kurdistan Region, Kurdish Language, Challenges, Language Policy and Planning.

الملخص

بما أن اللغة الكردية تشكل ركيزة مهمة من ركائز الهوية الوطنية الكردية، فقد جرت محاولات عديدة من قبل الدول المهيمنة على كوردستان لمحو هذه اللغة وتدميرها خلال المائة عام الماضية. ومن ناحية أخرى، سعى الشعب الكردي دائما إلى الحفاظ على لغته باعتبارها حجر الأساس لهويته الوطنية وأمنها. وبعد تأسيس حكومة إقليم كردستان عام ١٩٩٢ وإصدار الدستور العراقي عام ٢٠٠٥ والاعتراف باللغة الكردية كلغة رسمية في جميع أنحاو العراق، صدر قانون اللغات الرسمية رقم (٦) لسنة ٢٠١٤ في إقليم كردستان. في هذه الدراسة نتناول قانون اللغات الرسمية رقم (٦) لسنة ٢٠١٤ ونعرض نصوص ومحتويات هذا القانون والأطر والمجالات التي يشملها قانون اللغات الرسمية ومنها التشريع والقضاو والمؤسسات التنفيذية، التعليم، العمل والتجارة والثقافة. كما نسلط الضوو على العوائق التي تواجه تنفيذ القانون وممارسته، بما في ذلك العوائق الخارجية والداخلية، وفي الخاتمة تم تقديم الاستنتاجات والتوصيات.

الكلمات المفتاحية: قانون اللغات الرسمية، إقليم كوردستان، اللغة الكردية، المعوقات، التخطيط والسياسة اللغوية.

* ماستەر لە یاسای گشتی
لێکۆڵەری داودەریی پێشکەوتوو لە دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر

قۆناغەکانی دەرچواندن و ئالنگارییەکانی جێبەجێکردنی یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراقی، ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠١٤

پ.د.سامان فەوزی عومەر

پێشەکی :

کورد کە نەتەوەیەکی جیاوازە لە نەتەوەکانی دیکە، زمانی تایبەت بەخۆی هەیە کە پێی دەڵێن زمانی کوردی، کە بە درێژایی مێژوو لەبەرامبەر هەوڵی دوژمنانی بۆ لاوازکردن وسڕینەوەی ئەو زمانە، ئەویش هەوڵی هێشتنەوە و پێشخستنی زمانەکەی خۆی داوە، بۆیە هەمیشە یەکێک لە داواکاری ڕاپەرین و شۆرشەکانی کورد، ئازادی بەکارهێنانی زمانی کوردی بووە. جا ئەگەر ئەو داواکارییە لە هەندیک پارچەی کوردستاندا تا ڕادەیەکی باش بەدی هاتبێت، ئەوا لە هەندێک پارچەی دیکەدا، هیشتا خەباتی زیاتری دەوێت بۆ ئەوەی سەر بە دوژمنانی دابنەوێنێت بۆ ئازادکردنی زمانەکەی و بەدەستهێنانی مافەکانی دیکەی .

ئەم بابەتە ڕۆدەچێتە ناو پێگەی یاسایی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لە عێراقی سەردەمی فیدرالیدا، باس لە ناوەرۆکی یاسای زمانە فەرمییەکان و هەنگاوەکانی دەرچواندنی و ئالنگارییەکانی جێبەجێکردنی دەکات.

لە ئامادەکردنی ئەم بابەتەدا کە بەئەندازەیەکی زۆر پشتم بەستووە بە نووسینێکی دیکەمان لەبارەی پێگەی زمانی کوردی لە یاساکانی عێراقدا- جگە لە میتۆدی شیکاری بۆ شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی دەقە یاساییەکانی یاسای زمانەفەرمییەکانی عێراق، شێوازێکی دیکەی نووسینیش پێداکراوە ئەویش شێوازی گێڕانەوە و یاداشتنامەیە بەو حوکمەی بەندە ڕۆلێکی سەرەکی هەبووە لە دەرچواندنی یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق لەساڵی٢٠١٤ دا .

بۆ گەیاندنی ناوەڕۆک و ئامانجی نووسینەکەم بە شێوازێکی پلەبەندیانە، بە چاکی دەزانم بابەتەکەم بۆ دوو بەشی سەرەکی و هەر بەشێکیش بۆ دوو باس دابەش بکەم، لە بەشی یەکەمدا تیشک دەخەینە سەر هەنگاوەکانی ڕێکخستنی یاسایی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لە سەرتاسەری عێراقدا ، لەبەشی دووەمیشدا ڕاڤەی بڕگەو مادەکانی یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق و ئاڵنگارییەکانی بەردەم جێبەجێکردنی باس دەکەین.

بەشی یەکەم:
هەنگاوەکانی ڕێکخستنی زمانی کوردی وەک
زمانێکی فەرمی لە عێراقی فیدرالیدا

لەم بەشەدا باس لە پێگەی زمانی کوردی دەکەین لەو قۆناغەی عێراق لەو ولاتێکی سادەی ناوەندیەوە دەبێت بە ولاتێکی فیدرالی، کە لەگەڵ خۆیدا گۆرانکاریەکی گەورەی لەروی پێگەی یاسایی زمانی کوردیەوە بەدیهێنا، لیرەشدا قسەکانمان بەسەر دوو باسدا دابەش دەکەین، لەیەکەمیاندا باس لە پێگەی یاسایی زمانی کوردی لەسەردەمی عێراقی فیدرالی دەکەین وتیشک دەخەینەسەر یاسای بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە٢٠١٣ ودەستوری ساڵی٢٠٠٥ ،وە هەنگاوەکانی دەرچواندنی یاسای زمانە فەرمیەکان، وە لەباسی دووەمیشدا تیشک دەخەینەسەر ناوەرۆکی یاسای زمانە فەرمیەکان وئاسۆی جێبەجێکردنی .

باسی یەکەم: پێگەی یاسایی زمانی کوردی لە سەردەمی عێراقی فیدرالیدا

ساڵی٢٠٠٣ ڕژێمی بەعس کە زیاتر لە(٣٠ساڵ) حوکمرانی عێراقی کرد لەلایەن ئەمەریکاو بەیارمەتی چەند هێزێکی دیکەی دەرەکی وناوخۆیی ڕوخینرا

و ئاسۆی عێراقێکی تازە بەگوێی عێراقییەکاندا درا. بۆیە لەساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن سەرکردەکانی عێراقەوە یاسایەکی گرنگ واژوو کرا، کە وەک دەستورێک وابوو بۆ داهاتووی عێراق ئەویش(یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لەقۆناغی گواستنەوە) بوو. لەم یاسایەدا هەندێک مافی کوردەکانی تیادا باسکرا لەوانەش کردنی زمانی عەرەبی وکوردی بوو بە زمانی فەرمی لەسەرتاسەری عێراق لەمادە (٧)یاساکەدا، بۆ یەکەمجار لە مێژوی عێراق و وڵاتانی ناوچەکە زمانی کوردی بووە زمانی فەرمی وڵاتێک کە ئەمەش هەنگاوێکی یاسایی گەورەبوو، بگرە ئەزموونی لەم جۆرە کە دوو زمان لە دەوڵەتێکدا فەرمی بن، تەنانەت لە وڵاتانی دەوروبەری عێراق و ناوچەکە هەر بوونی نەبوو. دواتر ئەم یاسایە بوو بە هەوێنی دەستوری تازەی عێراق، کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا لە ڕێگای ڕاپرسی گشتییەوە پەسەندکرا.

مادەی چوارەمی دەستوری ٢٠٠٥ی عێراق تایبەتە بەزمان و دەڵێت:

یەکەم: زمانی عەرەبی و زمانی کوردی دوو زمانی فەرمی عێراقە، مافی عێراقییەکانیش زامنکراوە لە فێرکردنی ڕۆلەکانیان بە زمانی دایک وەک تورکمانی وسریانی و ئەرمەنی لە دامەزراوە فێرکارییە حکومییەکاندا بە گوێرەی ڕێککاری پەروەردەیی، یاخود بە هەر زمانێکی دیکە لە دامەزراوە فێرکارییە تایبەتەکاندا.

دووەم: چوارچێوەی زاراوەی زمانی فەرمی و چۆنیەتی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم مادەیە بە یاسایەک ڕێکدەخرێت کە پێکدێت لە:

أ-دەرچواندنی ڕۆژنامەی فەرمی بە هەردوو زمانەکە.

ب- قسەکردن و ئاخاوتن و گوزارشتکردن لەبوارە فەرمییەکانی وەک ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیران و دادگاکان و کۆنگرە فەرمییەکان بەهەر یەک لەو دوو زمانە.

ج- داننان بە بەڵگەنامە فەرمی و نوسراوەکان بە هەردوو زمانەکە و دەرکردنی بەڵگەنامە فەرمییەکان بەهەردوو زمانەکە.

د- کردنەوەی خوێندنگا بە هەردوو زمانەکە بە گوێرەی بنەما پەروەردەییەکان.

ە- هەر بواریکی دیکە کە بنەمای یەکسانی پێویستی بکات وەک پارە و پاسپۆرت و پوول.

سێیەم: دامەزراوە فیدراڵییەکان ودامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان هەردوو زمانەکە بەکاردەهێنن.

چوارەم: زمانی تورکمانی و زمانی سریانی دوو زمانی فەرمی دیکەن لەو یەکە کارگێرییانەی کەتیایدا زۆرینەی دانیشتوانەکەی پێکدەهێنن.

پێنجەم: هەر هەرێمێک یان پارێزگایەک بۆی هەیە کە زمانی خۆجێی دیکە بکاتە زمانی فەرمی سەرەرای ئەوەی هەیە، گەرهاتوو زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە ڕاپرسیەکی گشتیدا بریاریان لە سەردا .

بەڵام هەر لەخودی ئەو ماددە دەستوریەدا هاتووە کە(چوارچێوەی زاراوەی زمانی فەرمی و چۆنیەتی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم مادەیە بەیاسایەک ڕێکدەخرێت) بۆیە دەبوایە ئەم بابەتی یاسای فەرمیە بەیاسایەکی ڕێکبخرێت کە لە پەرلەمان دەربچێت. هەر بۆیە کاتێک لەخولی دووەمی پەرلەمانی عێراقدا(٢٠١٠-٢٠١٤) بەندە بە نوێنەرایەتی پارێزگای سلێمانی هەڵبژێردرام بەئەندام پەلەمان و خرامە نێو لیژنەی راگەیاندن ورۆشنبیریەوە ، کاتێک بەئەرشیفی کارە تەواوکراو و تەواونەکراوەکانی لیژنەکەدا گەراین بۆمان دەرکەوت کە پەرلەمانتارانی کورد لەخولی یەکەمدا هەوڵیانداوە یاسای زمانە فەرمیەکان دەربچوێنن و بۆ ئەو مەبەستەش پێشنیازە(مقترح) یاسایەکیان ئامادەکردبوو تەنانەت خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆ کرابوو. بەڵام ئێمە بەرلەوەی دوبارە پێشنیازە یاساکە بەمەبەستی دەرچواندنی بخەینە بەرکار، بەباشمان زانی کە تێبینی چەند کەسایەتیەکی کوردی لەسەر وەربگرین وباشتر و کاملّتری بکەین. بۆیە پێشنیارە یاساکەمان نارد بۆ چوار کەس کە ئەوانیش بەڕێزان: د.نوری تالّەبانی و فەرید ئەسەسەرد و تاریق جامباز بوون. بە سوپاسەوە تێبینی و سەرنجی هەر چواریانمان بەدەست گەیشتنەوە و پاشان بە تێکەڵکردنی لەگەڵ پێشنیارە یاساکەی خولی یەکەم پێشنیازە یاسایەکی دیکەی تازەمان ئامادەکرد.

دواتر هەر بۆ پرس و ڕاوێژی زیاتر بە پسپۆران و ڕۆشنبیران لە٣١-١٠-٢٠١١ ئەکادیمیای کوردی و مەڵبەندی کوردۆلۆجی بە هاوکاری کۆلیجی زمان و کۆلیجی یاسا لە زانکۆی سلێمانی سیمینارێکی زانستیان بۆ بەندە ئەنجامدا سەبارەت بە خستنەرووی پێشنیارە یاساکە کە تیایدا چەندان کەسی شارەزا ئامادەی ببون ، چونکە ئەو یاسایە لەسەر ئاستی نەتەوایەتی یاسایەکی ئیجگار گرنگە، بۆیە پێویست بوو زۆرترین سەرنج و تیبینی لەسەر کۆبکرێتەوە بۆ باشترکردنی.

جێگای سەرنجە بەر لەوەی ئەو پێشنیازە یاسایەی ئامادەمان کردبوو بخەینە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان بە مەبەستی ئەنجامدانی خۆێندنەوەی یەکەم بۆی و پاشان تێپەڕاندنی، لەوکاتەدا حکومەتی عێراقی وەک ئەوەی بە هەوڵەکانی ئێمەیان زانیبی و ویستبێتیان بەری لێبگرن ، لەکۆتایی ساڵی٢٠١١دا پرۆژە یاسای زمانی فەرمییان نارده پەرلەمان. لەوەش سەیرتر سەرۆکی پەرلەمان (ئوسامە نجیفی) پرۆژەکەی بۆ چوار لێژنەی پەرلەمانی ناردبوو(لێژنەکانی یاسایی و پەروەردە و دارایی و خوێندنی باڵا) بە بێ ئەوەی لێژنەکەی ئێمەی- لێژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی- تیدابێت، لەکاتێکدا زیاتر کاری لێژنەکەی ئێمە بوو. بۆ ئەو مەبەستە قسەم لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان کرد کە بابەتی زمان ئەرکی لێژنەکەی ئێمەیە، ئەویش دوای گفتوگۆیەکی زۆر ڕازی بوو لێژنەکەی ئێمەش پەیوەست بکات بە پرۆژە یاساکە، بەڵام ڕازی نەبوو ناوی لێژنەکانی دیکە لابەرێت (بروانە پاشکۆی ژمارە١) . بەمەدا ئەو گومانەم لاقوڵتربۆوە کە سەرۆکی پەرلەمان مەبەستیەتی کۆسپ لەبەردەم تێپەڕاندنی پرۆژەیاساکە دروست بکات، بۆیە بابەتەکەی هەڵدابووە ناو گۆرەپانی چوار لێژنەوە.

لەبەرئەوەی پرۆژەیاسا کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەینێرێت بۆ پەڕلەمان بەهێزترە لە پێشنیارە یاسا کە پەلەمانتاران خۆیان ئامادەی دەکەن، چونکە ئەوەی دواتریان بەگوێرەی چەند بڕیارێکی دادگای باڵای فیدرالی پێویستە ڕەزامەندی حکومەتی بۆ وەرگیرێت دەنا، ئەگەر پەرلەمان بەکۆی دەنگ پەسەندیشی بکەن، حکومەت دەتوانی تانۆتی لێبدات و پەکی بخات ، بۆیە بەناچاری وازم لە پێشنیارەکەی خۆمان هێنا و دەستمان کرد بەکارکردن لەسەر پرۆژەکەی حکومەت.

ئەو پرۆژە یاسایەی حکومەت لەساڵی٢٠١١دا ناردی بۆ پەرلەمان بە ڕوحیکی شۆڤینی ئامادەکرابوو لەبەر چەند هۆکارێک، لەوانە:و

١ -تەنها لە١٤ مادە پێکهاتبوو کە ئەوانیش زیاتر دووبارە کردنەوەی برگەکانی مادە(٤)ی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥بوو سەبارەت بە زمانی فەرمی وناوچەیی لەعێراقدا، لەکاتیکدا لە کۆتایی مادده(٤)ی دەستوردا هاتووە کە پێویستە بەکارهێنانی زمانە فەرمییەکان لە عێراقدا بە یاسا ڕێکبخرێت. واتە دەبوایە پرۆژەیاساکە وردەکاری زیاتری لەخۆبگرتایە.

٢ -پرۆژە یاساکە بە ناوی (یاسای زمانی فەرمی) بوو، لەکاتێکدا دەبوایە بەناوی (یاسای زمانە فەرمییەکان) بوایە.

٣ -لە بڕگەی یەکەمی ماددە(٣)داهاتبوو کە قسەکردن و نووسراو ئاراستەکردن و دەربڕین لە بوارە فەرمییەکانی وەک ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیرانی فیدرالی بە زمانی عەرەبییە. لە بڕگەی دووەمی هەمان مادەدا هاتبوو کە دەشێ لەکاتی پێویستدا (یجوز عند الحاجه) قسەکردن و نووسراو ئاراستەکردن و دەربڕین کە لەبڕگەی یەکەمی ئەم مادەیەدا هاتووە بەزمان کوردی بێت لە پاڵ زمانی عەرەبی. کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا مانای کردنی زمانی عەرەبی بە زمانی یەکەم و زمانی کوردی بە زمانی دووەمی دەگەیاند، لە کاتێکدا لە دەستوردا هەردوو زمان هاوتا کرابوون.

٣ -لە ماددە(٨)ی پرۆژەیاساکەی حکومەتدا هاتبوو کە ڕەچاوی بەکارهێنانی زمانی عەرەبی و کوردی بکرێت لە کاتی دەرچواندنی پارەو پولی پۆستە و پاسپۆرت و تابلۆی هاتووچۆ و تابلۆی ناوی وەزارەت و فەرمانگا فەرمییە فیدراللییەکان و هەرێمی کوردستان. لەکاتێکدا ئەم دەقە پاشەکشێ بوو لە دەقی ماددە(٤)ی دەستور کە زۆر بەراشکاوی وتبووی دەبێت ئەو بوارانەی باسمان کرد بە هەردوو زمانی عەرەبی وکوردی بێت، نەک تەنها موراعات بکرێت.

بۆیە بەندە لەگەڵ (موئەید تەیب)ی نووسەر کە کوردی خەڵکی دهۆک و ئەندام و بریاردەری لیژنەی ڕۆشنبیری وڕاگەیاندن بوو، لەکاتی گفتوگۆکردنی ئەم پرۆژەیاسایە لەناو لیژنەکەمان لامان وابوو ئەگەر گۆڕانکاری تەواوی تیانەکرێت دەرنەچواندنی باشترە لە دەرچواندنی، لیژنەکەشمان هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە دواتر بەندەیان ڕاسپارد بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتی لیژنەکەمان لەسەر پرۆژەیاساکە .

بیگومان لەبەر گرنگی یاسای زمانە فەرمییەکان و پێش ئەوەی پرۆژەکەی حکومەت خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت، لەڕێگای نووسینگەی بەڕێز(عارف تەیفور) کە جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان بوو نووسراوێکمان ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێم کرد بۆ وەرگرتنی سەرنج و تیبینیان، چونکە دەمزانی لیژنەیەکی یاسایی لە سەرۆکایەتی هەیە و دەکرێ سود لەسەرنجەکانیان وەربگرین، ئەوەبوو سەرۆکایەتی هەرێم بە بەواژووی بەڕێز (فوئاد حوسین) کە سەرۆکی دیوان بوو وەڵامی نووسراوەکەیان داینەوە و ئەوانیش چەند تیبینیەکی کەمیان لەسەر پرۆژەیاساکە هەبوو، لاریان نەبوو لەسەر دەچواندنی. ئیتر

ئێمەش بڕیاری ئەوەماندا خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەکە بکرێت و لەگەڵیشیدا ڕاپۆرتەکەم بەناوی لێژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەوە لەسەر هەڵەکانی ئەو پرۆژەیاسایەی حکومەت لەنێو پەرلەماندا خوێندەوە و ڕامانگەیاند کە ئومیدمان بە هەمواركردنی سەرتاسەری پرۆژەکە هەیە لەکاتی دەنگدان وپەسەندکردنیدا .

ڕۆژی جیهانی زمانی دایک و کاریگەری لەسەر تێپەراندنی یاسای زمانە فەرمیەکان:

لە مانگی(٢)ی ساڵی٢٠١٢ تەلەفۆنێکم لە یاساناس کاک تاریق جامباز بۆ هات و پێشنیارێ ئەوەی کرد کە لە ڕۆژی جیهانی زمانی دایک کە دەکەوتە ٢١-٢ چالاکیەک ئەنجام بدەین، منیش ئەو پێشنیازەم بەباش زانی و کەوتمە زانیاری کۆکردنەوە لەسەر ئەو ڕۆژەو بەیاننامەیەکیشم بەهەردوو زمانی کوردی وعەرەبی ئامادەکرد ، دوای ڕەزامەندی لێژنەکەمان- لێژنەی ڕۆشنبیری وراگەیاندن- کە سەرۆکەکەی لەعەرەبی شیعە(د.علی شلاە) وجێگرەکەی لەعەرەبی سوننە(ئەندزیار میسون دملوجی)بوو، ڕۆژی٢٠-٢جلی کوردیم لەبەرکرد و بەناوی لێژنەوە داوام لەسەرۆکی پەرلەمان (ئوسامە نجیفی)کرد کە ڕێگامان پێبدات لەناو دانیشتنی فەرمی پەرلەمان بخوینرێتەوە، ئەویش دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ هەردوو جێگرەکەی رازیبوو.

کە هەڵساین بۆ خوێندنەوەی بەیانامەکە چەندان پەرلەمانتاری دیکە لە گشت پێکهاتەکانەوە بەتایبەتی تورکمان و مەسیحی هاتن لە تەنیشتمانەوە وەستان وەک پاڵپشتیکردنێک بۆمان . سەرەتا بەندە بەیاننامەکەم بە زمانی کوردی خوێندەوە، کە وابزانم ئەوە یەکەمجار بوو لەنێو دانشتنی پەرلەمان بەیاننامە بە زمانی کوردی بخوێنرێتەوە و کە تیایدا جگە لە باسکردنی بۆنەکە باسمان لەبارودۆخی زمانی کوردی و هەوڵی لاوازکردنی کرد بەتایبەتی لەسەردەمی ڕژێمی بەعس و حکومەتە یەک بەدوایەکەکانی عێراق و داوامان لەپەرلەمانتاران کرد کە هاوکارمان بن بۆ تێپەڕاندنی پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان بە باشترین شێوە. پاشان د.عەلی شەلاە دەقی بەیاننامەکەی بە زمانی عەرەبی خوێندەوە. کە دواتر ئەو بۆنەیە و ئەو چالاکییە تا ڕادەیەک ڕێگای خۆشکرد بۆ تێپەڕاندنی یاساکە.

جێگای باسە دەبوایە چاوەڕوانی گەرانەوەی ڕاپۆرتی هەموو ئەو لێژنانە بکەین کە هاوبەشکرابوون لەگەڵماندا لە دەرچواندنی یاساکە بەر لەوەی جارێکی

دیکه پـرۆژەکه بخـرێته نێـو هـۆڵی پەرلەمـان بـۆ خوێندنەوەی دووەم و پاشـان پەسـەندکردنی. دوای مـاوەیەکی زۆر ئینجـا ڕاپـۆرتی ئەو لیژنانەمـان بەدەسـت گەیشتەوە و هەندێک سودمان لە سەرنج و تێبینیەکانی ئەوانیش وەرگرت.

لە کـاتی خوێنـدنەوەی دووەمـی پرۆژەیاسـای زمـانی فەرمـی لەدانیشـتنی ژمـارە(٦) ی رۆژی ١٥-٧-٢٠١٢، ڕاپـۆرتی لیـژنەی ڕۆشـەنبیری و ڕاگەیاندنیش خـوێنرایەوە و پاشـان دەسـتکرا بە گفتوگـۆکردن لەسـەری. ئەوەی مـایەی سەرسـورمان بـوو، هێشـتا هەنـدێک پەرلەمانتـاری عەرەب وەکـو شـۆڤینیەکانی سـەردەمی رژێمـی بەعـس دەدوان و زۆر بەتونـدی بەگژ پێشـنیارەکانی لیـژنەی ڕۆشـەنبیریدا چـوونەوە، تەنهـا بـۆ نمـونە بەپشـت بەسـتن بە پرۆتۆکـولی فەرمـی پەرلەمان لێرەدا بۆ مێژوو ئاماژە بە قسەی چەند پەلەمانتارێک دەدەم کە لەکاتی گفتوگۆکردنی پرۆژەیاساکەدا چییان پێگوتین:

-پەرلەمانتار ریاز عوبید عباس ئەلزەیدی: سەبارەت بە پارە و ئامـادەکردنی بە چەند زمانێک، لەگەڵ ڕێزمدا بۆ هەموو ئەو زمانانەی لە وڵاتدا هەیە، بەڵام لام وایە دانـانی زیـاتر لە زمانێک لایەنێکی نیگەتیفی هەیە و ئەوە پێشـان دەدات کە حەساسیەت هەیە و تەوافق نییە، بۆیە باشـترە تەنهـا بەیەک زمـان بنووسـریتەوە کە زمـانی زۆرینەی خەڵکی عێراق بێت لەگەڵ یەک زمـانی دیکەی جیهـانی کە زمانی ئینگلیزییە، کە ئەمەش نمونەی شارستانییە. باشترە کاغەزی پارە نەکرێت بە لافیـتە و زمـان و شارسـتانیەکانی بە ڕێژەیکـی زۆر لەسـەر تۆماربکرێـت، بەجۆرێک زیـان بە جوانی سـەرنج ڕاکیشـیەکەی بگەیەنێت. سـەبارەت بەمـادە(٨) ئەوە لەئاکـامی ئەو سـەردانانەی لەم دواییـەدا کردومـانە بـۆ کوردسـتان، بۆمـان دەرکەوتـووە کە زمـانی عەرەبـی لەنێـو گەنجانـدا بەکارناهێنێت، بـۆیە پێشـنیاز دەکەین قوتابخانەی زیاتر بە زمانی عەرەبی بکرێتەوە بۆ بـرەودان و بەردەوامـی دان بەو زمـانە، چـونکە زمـانی قورئـانی پیـرۆزە و بە ئاسـانی دەکرێت گەنجـانی کوردی لەسـەر لەبەرکردن و بەکارهێنـانی ڕابهێنرێت، پێویسـتە زمـانی عەرەبـی لەسـەر هەموو تابلۆی هاتووچۆی لەسـەرتاسـەری عێراقدا هەبێت، چـونکە کاتێک سـەردانی هەرێمـی کوردسـتان دەکەیـن ئـێمەی عەرەب کێشـەی گەورەمـان بـۆ دروست دەبێت.

-پەرلەمانتار ئەسماو تـوعمە مەهـدی ئەلموسـوی: ...داوا لەخوشـک و برایـانم دەکەم لە ئەنجـــومەنی نـــوێنەران پێناســـەیەکی ســـادەیان لە هەمـــوو یاسـانێودەوڵەتییەکان بیـربکەوێتەوە، کە ئەویـش پێناسـەی(وڵات)ە کەبـریتییە لە پـــارچەزەوییەک کە کۆمەڵێـــک خەڵکـــی تێـــدا دەژی کە یەک زمـــان کۆیـــان

دەکاتەوە...بۆیە داواتان لێدەکەم بەو مەسەلەیەدا بچنەوەو هەموو پارەکان و هەموو زمانەکان لەیەک زمانی یەککرتوو یەکبخەن ..هتد

-پەرلەمانتار عبود وحید عبود عیساوی: ئەوەی پەیوەندی بە مادە(٧)هەیە سەبارەت بە پشت بەستن بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی بۆ دۆکیومینت ونووسراو و رێککەوتنامە لەنێوان دەسەلاتی فیدرالی و هەرێم، بۆ ڕاڤەکردنی مانای دەقەکان و وەرگێرانیان لەکاتی بوونی جیاوازی لە نێوانیاندا، لام وایە کە پێویستە لەم یاسایە دەقێکی تیادابێت کە زمانی عەرەبی بکات بە زمانی یەکەم لەکاتی بوونی جیاوازی لە مانای دەقەکان. هەرچی سەبارەت بە بوونی دوو زمانە لەسەرپارە لە پاڵ زمانی ئینگلیزی ئەوا من نمونە بە پارەی یەکیتی ئەورپا دەهێنمەوە کە یۆرۆیە و ئەگەرچی لە چەند نەتەوەو زمان پێکهاتوون، بەڵام یەکیان گرتووە لەسەر یەک پارە و یەک زمان...لەکۆتاییدا دەڵێم دەستورەکەمان خراپەی لەگەڵ زمانی عەرەبی کرددوە و لە زۆر مادەیدا لاوازی کردووە، چونکە زمانی عەرەبی زمانی قورئان و زمانی خەڵکی بەهەشت و تاکە زمانی پیرۆزە. (مەبەستی ئەو پەرلەمانتارە ئەوەیە کە نەدەبوایە زمانی کوردی هاوتای زمانی عەرەبی بکرێت و ببێتە زمانی فەرمی).لە٨-٥-٢٠١٣ پرۆژەیاساکەمان بە گشت دەقە هەموارکردنەکانەوە بۆ دەنگدان ئامادەکرد و خستمانە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ خستنە ناو کارنامەی پەرلەمان بۆ دەنگدان لەسەری، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان یرۆژەیاساکەی نارد بۆ ڕاویژکارە یاساییەکەی ئەویش بە(٦)لاپەرە کۆمەڵێک تێبینی لەسەر دەقە هەموارکردنەکانی لیژنەکەمان دەربڕی بوو کە لەبەرژەوندی ئەو دەقانە نەبوو کە لیژنەکەمان پێشنیازی کردبوو، داوای کردبوو کە بە سەرپەرشتی جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان(قەیس سهیل) کۆبوونەوە لەگەڵ هەموو لیژنە بەشداربووەکانی تێپەراندنی ئەو یاسایە بکەین بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو دەسکاری و هەموارکردنانەی ئێمە بەسەر دەقی پرۆژەکەدا هێناومانە، کە ئەمەش مانای لابردنی هەموارکردنەکانی لیژنەکەی ئێمە و گەڕانەوە بۆ دەقی پرۆژەکەی حکومەت بوو.

لە١٨-٦-٢٠١٣ قسەم لەگەڵ سەرۆکی کوتلە کوردستانییەکان(د.فوئاد موعسووم) و جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان(عارف تەیفور)کرد و ئاگادارم کردنەوە لەوەی سەرۆکی پەرلەمان نایەوێ یاسای زمانە فەرمییەکان بخاتە دەنگدانەوە و دەیەوێ یاساکە مردار بکاتە لە ڕێگای ناردنی بۆ ڕاویژکار

یاساییەکەی لە کاتێکدا ئێمەی پەرلەمانتار لەسەرمان نییە بەگوێی ڕاوێژکارەکەی بکەین مادام لیژنەی یاسایی پەرلەمان لاری نییە لەوەی بخرێتە دەنگدانەوە.

لە٢٠-٦-٢٠١٣ بەندە و د.عەلی شەلاە لەنێو هۆڵی پەرلەمان قسەمان لەگەڵ (د.قەیس سەهیل)ی جێگری سەرۆکی پەرلەمان کرد، سەبارەت بە هۆکاری دواخستنی دەنگدان لەسەر یاساکە؟ لە وەڵامدا وتی: ئوسامە نجیفی ڕازی نییە و هەوڵ بدەن ڕازی بکەن! دواتر داوای لێکردین لە ئۆفیسەکەی خۆی سەردانی بکەین. دوای (٣) ڕۆژ چووین بۆ نووسینگەکەی و بەر لە ئێمەش پەرلەمانتارێکی تورکمان کە (حەسەن ئوزمن) بوو لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی پەروەردە کە (عادل شرشاب)بوو ئامادەبوون، د.قەیس سوهیل ڕووی کردە ئێمە و وتی ئەگەر ئەو مادەیە لابدەن کە باسی لە دروستکردنی کۆمسێۆنی بالای زمانەکان دەکات ئەوکات من ڕازی دەبم بخرێتە دەنگدانەوە ئەگەرنا ئەوە ناچارە یاساکە بۆ حکومەت بگێڕێتەوە، چونکە مەسەلەی پارەو دارایی دەکەوێتە ناو یاساکەو ناکرێ پرس بەحکومەت نەکرێت! و لەبەر ئەوەی دەمزانی ئەگەر پرۆژیاساکە بگەڕێنرێتەوە بۆ حکومەت ئەوە جگە لەوەی ئەوان لەسەر هەموارکردنەکانی لیژنەکەی ئێمە ڕازی نابن کە خاڵێکیان دروستکردنی کۆمسیۆنی زمانە ئەوا ڕەنگە هەوڵەکان جارێکی دیکە ببردرێتەوە بۆ خاڵی سفر، بۆیە ڕازیبووین بەلابردنی ئەو پێشنیازەمان و گەڕاینەوە بۆ مادە بنەڕەتییەکەی پرۆژەیاساکە کە باسی لە دروستکردنی لیژنەیەکی بالای سێ کەسی دەکرد بۆ سەرپەرشتیکردنی جێبەجێکردنی یاساکە و یەکێک لەو سیانەش نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستانی دەکرد و لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دەستنیشان دەکرا.

لە سەرەتای مانگی(٧) جارێکی دیکە بە نووسراوی فەرمی لیژنە داوامان لە سەرۆکی پەرلەمان کرد پرۆژەیاساکە بخاتە نێو کارنامەی کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ دەنگدان لەسەری، بەڵام لە٦-٧ جارێکی دیکە سەرۆکی پەرلەمان ڕەوانەی ڕاوێژکارەکەی کردبوو کە ناوی (د.عەلی ئەحمەد عەباس)بوو. لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی سەرۆکی پەرلەمان زۆر پەست وتوڕە بووین کە نەیدەهێشت نەیاسای زمانە فەرمییەکان و نە یاسای سرودی نیشتمانی بخرێتە دەنگدانەوە کە بەگوێرەی پیشنیازە یاساکە دەبوایە بەشێک لە شیعر و ئاوازی سرودەکە شیعر و ئاوازی کوردی بێت، لە کۆبەنەوەی لیژنە پێشنیازی دەستلەکارکێشانەوەی بە کۆمەڵمان کرد لە لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هەموو ئەندامە عەرەبەکانیش ڕازی بوون، بەڵام سەرۆکی لیژنە د.عەلی شەلاە وتی ئێوە یەک دەرفەتی دیکەم پێ بدەن ئەگەر سەرنەکەوتم ئەوا منیش لەگەلتان

دەست لەکار دەکێشمەوە و پێشنیازکرا بەندە بە ناوی لیژنە نووسراوێکی دیکەی توند بۆ سەرۆکی پەرلەمان بنووسم و د.عەلەی شەلاە وەک سەرۆکی لیژنە واژوی بکات. دواتر لە١٧-٧ ڕاوێژکارە یاساییەکەی سەرۆکی پەرلەمانمان بانگهێشتی لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن کرد و مناقشەی تیبینیەکانیمان کرد و داوامان لێکرد چی دیکە کۆسپ نەخاتە بەردەم خستنە دەنگدانی پرۆژەیاساکە مادام هەموو لیژنەکانی پەرلەمان ڕازین لەسەر دەنگدان وتیپەراندنی.

هەرچۆنێک بێت لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٠١٣/٧/٢٢ یاسای زمانە فەرمییەکان خرایە نێودەنگدانەوە، بەڵام کاتێک هەندێک لە پەرلەمانتارە شۆڤینیەکان دەقە هەموارکراوەکەی ئێمەیان بینی دەستیان بە ڕەخنەگرتن کرد و شەپۆلێکی ناڕەزایەتیان دژ بە هەموارکردنەکانی ئێمە دروستکرد، بۆیە کاتێک دەستکرا بەدەنگدان و بەداخەوە هەندێک لەو مادانەی لیژنەکەمان پێشنیازی کردبوو دەنگی پێویستی نەهێناو مادە ئەسلییەکەی پرۆژەکەی جکومەت بەدەنگدان شوێنی گرتەوە، بۆیە بەپەلە وەکو لیژنە داوای دواخستنی دەنگدانەکەمان کرد دەنا هەموو هەموارکردنەکانی ئێمە ڕەت دەکرایەوە و یاساکە ڕێک وەک پرۆژەکەی حکومەت تێدەپەڕی، دواتر من و بەڕێز موئەید تەیب کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بۆ دەیان کەناڵی عەرەبی و جیهانی سازکرد و ڕەخنەمان لەو عەقلیەتە شۆڤینیە گرت کە دەنگیان بە هەموارکردنەکانی لیژنەکەمان نەدا و ڕامانگەیاند ئەو جۆرە عەقلیەتە دەبێتە هۆی پارچەپارچەکردنی عێراق لە داهاتوودا.ڕۆژی دواتر نووسراوێکم بۆ سەرۆکی پەرلەمان نووسی بۆ ئەوەی ڕەزامەندبێت لەسەر ئەوەی لیستی دەنگدان و ناوی دەنگدەرانم لە بەشی ئەلکترۆنی بدرێتی سەبارەت بەو دەنگدانەی ڕۆژی پێشووتر بۆ چەند مادەیەکی یاسای زمانە فەرمییەکان کرا، کە تیایدا چەند هەموارکردنێکی ئێمە ڕەتکرایەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی بزانین کێ بە(نەخێر) لەسەر هەموارکردنەکانی ئێمە دەنگی داوە بە مەبەستی قسەکردن لەگەڵ خۆیان و کوتلەکانیان، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان داواکارییەکەمی ڕەتکردەوە بە بیانووی ئەوەی دەنگدانەکە ئەنجام نەدراوە و دواخراوە. بۆیە منیش لەدانیشتنی ٢٤-٧ لەناو هۆڵی پەرلەمان بە توندی ڕەخنەم لە شێوازی ئەلکترۆنی دەنگدانەکە گرت بە دەنگدانێکی نهێنی ناوزەدم کرد لەکاتێکدا دەنگدان لەبنەڕەتدا دەبێت ئاشکرابێت. لەسەر ئەو هەڵوێستە توندەی من سەرۆکی پەرلەمان لەو دانیشتنەدا بۆ یەکەمجار بڕیاریدا لە داهاتوودا لەسەر شاشەی نێو هۆڵی پەرلەمان

هەڵوێستی دەنگدانی پەرلەمانتار ئاشاکرا بکرێ و بخرێتەروو، بەکردەوەش جێبەجێی کرد.

دوای فشارکردن لە سەرۆکی پەرلەمان و قسەکردن لەگەڵ سەرۆک و پەرلەمانتارە دیارەکانی زۆربەی کوتلەکانی نێو پەرلەمان، رۆژی٢٢-١٠جارێکی دیکە توانرا یاساکە بخرێتە نێو دانیشتنی پەرلەمان بۆ دەنگدان لەسەری، بەڵام ئەمجارەش تەنها توانرا(٥)مادەتێپەڕێنرێت. ئەمجارە بە ئاشکرا پەرلەمانتارانی کوتلەی سەدری بەسەرۆکایەتی(مقتدی سەدر) و ئەنجومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی بە سەرۆکایەتی(عمار حکیم)و بەشێک لە عەرەبە سوننەکان کیشەیان لەسەر مادەی(٥)دروستکرد وواژویان کۆدەکردەوە بۆ دووبارە دەنگدان لەسەر ئەو مادەیە، وەک ئەوەی هەڵەیان کردبێت، کە دەنگیان بە هەموارکردنەکەی ئێمە داوە و دەبوایە دەنگی پێنەدەن، بۆ ئەوی دەقە ئەسڵییەکەی حکومەت تێپەڕبێت. بەو هۆیەوە جارێکی دیکە کێشەو غەڵبەغەڵب لەنێو دانیشتنی پەرلەمان پەیدابوو، بۆیە سەرۆکی پەرلەمان لەسەر داوای ئێمە دەنگدانەکەی دواخست بۆ کاتێکی دیکە بۆئەوەی باشتر ڕێکەوتنی لەسەر بکرێت. بێگومان ئەگەر دوانەخرایە جارێکی دیکە ئەوان بە حوکمی زۆرینە ئەوەی بیانویستایە دەیانهێنایەدی.

دواجار لە دانیشتنی ٢-١-٢٠١٤ لە کاتێکدا پەرلەمانتارە سوننەکانی لیستی ئەلعراقیە بە پاساوی گوێنەگرتنی حکومەت لە داواکاری خۆپێشاندانی شارە سوننییەکان بایکۆتی دانیشتنەکانی پەرلەمانیان کردبوو و دوای ئەوەی پەرلەمانتار و سەرۆک کوتلەکانمان ئاگادارکردبۆوە، کە ئەگەر ئەمجارە ئەم یاسای زمانە تێنەپەڕێنرێت ئەوا شەقامی کوردی ئێوە بەهۆکار دەزانن و گلەییی لە ئێوەی شیعە دەکات، نەک سوننە، چونکە ئەوان لە دەرەوەی هەوڵی کۆبونەوەن، توانرا پرۆژەیاساکە بە دەنگدان تێبپەڕێنرێت، جگەلە چەند هەموارکردنێک نەبێت بەتایبەتی مادە(٩)ی هەموارکراو، کە بە چەندان بڕگە ئەوەی ڕوونکردبۆوە چۆن لە هەرسێ دەسەڵاتەکەی ولات(یاسادانان وجێبەجێکردن ودادوەری) هەردوو زمانی عەرەبی وکوردی بەکاردەهێنرێت. ئا بەم جۆرە یاسای زمانە فەرمییەکان لە عیراقدا دەرچوێنرا.

ئەوەی جێگای سەرنجە، بەر لەوەی یاسا دەنگ لەسەردراوەکە بنێردرێت بۆ سەرۆکایەتی کۆمار بەمەبەستی پەسەندکردن و بڕیاردان لەسەر جێبەجێکردنی، کەچی جیاواز لەوەی دەنگی لەسەردرابوو و بە هەندێک دەستکاری کە بە زیانی زمانی کوردی بێت لە سایتی فەرمی پەرلەمان بڵاوکرایەوە، بۆیە بەپەلە

پەیوەندیمان کرد بە سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەوە، ئەویش بەپەلە فەرمانبەرانی لیژنەکە و بەڕێوەبەرانی سایتەکەی ئاگادار کردبۆوە لەسەر پێویستی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و دووبارە بڵاوکردنەوەی یاساکە بەو جۆرەی کە دەنگی لەسەردرابوو، پاشان ناردنی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و لەوێشەوە بۆ سەرۆکایەتی کۆمار.

دواتر پۆزشیان بۆ هێنایەوە و ڕایانگەیاند کە هەڵەکە بەبێ مەبەست بووە و بەسەریان تێپەڕیوە! بەڵام بیگومان ئەگەر بە زووی فریانەکەوتبایە ڕەنگە یاساکە بە هەڵەکانەوە بنێردرایە بۆ سەرۆکایەتی کۆمار و پاشان هەر بە هەڵەکانەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی عێراق بڵاوبکرایەتەوە .

بەشی دووەم:

ناوەڕۆکی یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق و ئاڵنگارییەکانی جێبەجێکردنی، لەم بەشەدا سەرەتا ڕاڤەی ناوەڕۆکی یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق و پاشان باسی ئاڵنگارییەکانی جێبەجێکردنی دەکەین.

باسی یەکەم: تیشکێك بۆ سەر یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق

دوای ململانێیەکی تونـد و هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر، کە کەمێکیمان لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسکرد یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە دەنگی لەسەردرا، ئەم یاسایە کە لە(١٨)مادە و هەر مادەیەکیش لە چەند بڕگەیەک پێکهاتووە، بێگومان بۆ ئەو سەردەمەی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی عێراق یاسایەکی گرنگە بە ئاراستەی دیموکراسیەت و مافەکانی کورد و پێکهاتەکانی دیکەی عێراق، بۆیە هەر زوو کەوتە بەر تیغی ڕەخنەی ئەو کەسانەی باوەڕیان بە پیرۆزی زمانی عەرەبی هەبوو. بۆ نمونە پسپۆرێکی زمانی عەرەبی کە مامۆستای زانکۆیە لەعێراقدا ڕەخنە لە یاساکە دەگرێت و دەڵێت: نەدەبوایە زمانی کوردی لەگەڵ زمانی عەرەبی یەکسان بکرێت، چونکە زمانی عەرەبی زمانیکی پێشکەوتووە و زمانی ئایینی ئیسلامە، بە پێچەوانەی زمانی کوردی کە تەنها چەند دیالێکتێکەو زمانێکی ستانداردی نییە و بگرە تەنانەت تایبەتمەندی زمانی فەرمی تیادا نییە. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە کەسانێکی زۆر ئەم یاسایەیان بە دەسکەوتێکی گرنک بۆ

کورد لە قەڵەم دەدا، لە کاتێکدا ئێمە لامان وایە، ئەگەرچی بەگوێرەی قۆناغەکە ئەو یاسایە هەنگاوێکی باشە بە ئاراستەی دیموکراسی و مافەکانی کورد، لەگەڵ ئەوەشدا تەواو لەئاست ویستی ئێمەی کوردیش نەبوو. چونکە دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە پرۆژەکە لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە نێردرایە پەرلەمان، ئەو حکومەتەی کە چەند وەزیرێکی کورد بوو، بەڵام تا نووسینی ئەم بابەتە نەمبیست لەناو ئەنجومەنی وەزیران هیچ ڕەخنەو گفتوگۆیەکیان بە ئاراستەی باشترکردنی پرۆژەکە کردبێت، لەلایەکی دیکەشەوە جگە لە لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن کە سەرۆکەکەی و جێگرەکەی عەرەب بوون و چوار لیژنەی پەرلەمانی دیکەش هاوبەش بوون لە دەرچواندنی یاساکە (لیژنەی پەروەردە لیژنەی دارایی و لیژنەی خوێندنی باڵا و لیژنەی یاسایی) کە زیاتر کاریگەریان بۆ دواخستنی تێپەڕاندنی پرۆژەیاساکە هەبوو. ئەمە جگە لەوەی هەموو یاسایەک بە ڕێگای دەنگدان پەسەند دەکرێت، کە بەداخەوە هەندێک لەو بڕگانەی کە بۆ زمانی کوردی زۆر گرنگ بوون بە دەنگدان لەناو پەرلەمانێکی زۆرینە عەرەب ڕەتکرایە.

ماوەتە ئەوەی بڵێین، ڕاستە ئەم یاسایە بەراورد ناکرێت لەگەڵ یاسای زمانە فەرمییەکانی وڵاتانی کەنەدا و سویسرا، بەڵام بەگشتی و لەچاو قۆناغەکە یاسایەکی باش بوو، کە دواتر بوو بە پاڵنەر و هێزێک بۆ دەرچواندنی یاسای زمانە فەرمییەکان لە پەرلەمانی کوردستاندا لە هەمان ساڵدا.

بە پێویستی دەزانم لە کتێبێکی ئاوەهادا مادە بەمادەی یاساکە وەکو خۆی بخەمەڕوو پاشان بە گوێرەی پێویست ڕاڤە بۆ هەندێک لە مادەکانی بکەم.

یاسای زمانە فەرمییەکان ژمار(٧) ساڵی ٢٠١٤

مادەی یەکەم : یەکەم/ زمانی فەرمی، ئەو زمانەیە کە دەوڵەت لەئاخاوتن ودەربڕین و نووسراوی فەرمی و دراو وپول و بەڵگەنامە فەرمییەکان بەکاری دەهێنێت. ئەویش لە هەموو کاروبارێکی دەوڵەت چ لەناوەوەو چ لەدەرەوەدا و لەهەر بوارێکی دیکەدا .

دووەم/زمانی فەرمی ناوچەیی، ئەو زمانەیە کە بەکارهێنانی فەرمێتی بۆ زمانەکە لەو یەکە کارگێریانە دەبێت کە قسەپێکەرانی چڕی دانیشتوان پێکدەهێنن.

سەرەتا وەک ئاشکرایە یاساکە بەناوی یاسای زمانە فەرمییەکانە نەک یاسای زمانی فەرمی کە لە دەقی پرۆژەکەی حکومەتدا هاتبوو، بێگومان ئەم دوو

ناونیشانەش تا ڕادەیەک جیاوازی هەیە و هەر لەناونیشانەوە پێمان دەڵێت زیاتر لەزمانێکی فەرمی لەعێراقدا هەیە.

لە مادەی یەکەمدا تەنها هەردوو چەمکی زمانە فەرمییەکان و زمانە ناوچەییەکان پێناسەکراوە، هەروەکو دیاریشە لە ناساندنی زمانی فەرمی ئەوە وتراوە کە ئەو زمانەیە لە هەموو کاروبارێکی دەوڵەت چ لەناوەوەو چ لەدەرەوەدا و لەهەموو بوارەکاندا کاری پێدەکێت. ئەو بڕگەیەشی کە ئاماژە دەدات بە بەکارهێنانی زمانی فەرمی لە هەموو بوارەکانی دەرەوەی وڵات، لە پرۆژەکەی حکومەتدا نەبوو، بەڵکو لەلایەن لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن پێشنیازکراو دواتر دەنگی لەسەر درا. ئەمەش گرنگی خۆی هەیە، چونکە ئەگەرچی پێشووتریش(جەلال تاڵەبانی) سەرۆککۆماری عێراق پشت ئەستور بەمادە(٤)ی دەستور پیادەی کردبوو، کاتێک لە ئەنجومەنی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان قسەکانی بە هەردوو زمانی عەرەبی وکوردی پێشکەشکرد. بەڵام ئەوەی جەلال تاڵەبانی توانی بیکات ڕەنگە لە داهاتوودا بۆ کەسێکی دیکە قورس و ئەستەم بوایە، لە کاتێکدا بەبوونی ئەم دەقە لەیاساکەدا جگە لەوەی هەر نوێنەرێکی کورد لە پۆستە سیادییەکانی عێراق دەتوانی بەکاری بهێنێت، بەڵکو ئیتر بە شێوازێکی یاسایی بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک زمانی وڵاتێک بردە ئاستێکی نێودەوڵەتیش .

مادەی دووەم: ئامانج لەم یاسایە بریتیە لە:

یەکەم/دەستەبەرکردنی ڕێزگرتن لە دەستور و کاراکردنی ئەویش بە ڕێکخستنی بەکارهێنانی زمانە فەرمییەکان لە کۆماری عێراقدا.

دووەم/بڵاوکردنەوەی هۆشیاری زمانیی، لە پێناو نزیککردنەوەی پێکهاتەکانی عێراق و قوڵکردنەوە و چەسپاندنی چەمکە مرۆیی و نیشتمانییەکان.

سێیەم/بەدیهێنانی گیانی شانازیکردن بە زمانی دایک.

چوارەم/دابینکردنی یەکسانی لە نێوان زمانی عەرەبی و زمانی کوردی لە ماف و دەسکەوتەکاندا، ئەویش لەبەکارهێنانیان لە دەزگاکانی حکومەتی فیدراڵی.

پێنجەم/ پشتگیری کردن و پێشخستنی هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی و زمانەکانی دیکەی عێراق، وەکو زمانەکانی تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی و سابئەی مەندائی.

ئەم مادەیەش لە پرۆژەیاساکەی حکومەت نەبوو و دواتر لەلایەن لیژنەی ڕۆشنبیری بۆی زیادکراو دواتر بەدەنگدان پەسەندکرا، بیگومان دیارکردنی ئامانج لە یاسایەک زۆر گرنگە بۆ کاتی جێبەجێکردنی و یاخود لە کاتی کێشە لەسەر دروستبوونی لە نێوان حکومەتی فیدرالی و هەرێمی کوردستاندا ،بەتایبەتی لە بڕگەی چوارەمدا کە دەڵێت: ئامانج لەم یاسایە دابینکردنی یەکسانییە لە نێوان زمانی عەرەبی و زمانی کوردی لە ماف و دەسکەوتەکاندا. کە ئەمەش بووە هۆی جێگای ڕەخنەیەکی زۆر و تۆندی نەتەوەپەرستەکانی عەرەب لە پەرلەمان کە چۆن ڕێگایان بە پەسەندکردنی ئەم بڕگەیە داوە.

مادەی سێیەم: زمانی عەرەبی و زمانی کوردی دوو زمانی فەرمین لەعێراقدا.

مادەی چوارەم: ڕۆژنامەی فەرمی بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دەردەچێت.

مادەی پێنجەم: هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی بەکاردەهێنرێت لە کۆبوونەوە فەرمییەکان و لە ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی فیدراڵی و ئەنجومەنی باڵای دادوەری و دەستەکان ودەزگاکانی دیکەی سەر بە حکومەتی فیدرال و کۆبوونەوە فەرمیەکان لەهەرێمی کوردستان بە پەرلەمان وسەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتیشەوە بەکاربهێنرێت.

مادەی شەشەم: قسەکردن و نوسراوی فەرمی و دەربرین لە بواره فەمیەکاندا لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی حکومەتی فیدرال و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دەبن.

مادەی حەوتەم: بەڵگەنامەو نوسراوەکان کەبەهەردوو زمانە فەرمیەکە دەرچون پشتیان پێدەبەستریێ لەلایەن دەسەڵاتی حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێم.

مادەی هەشتەم: دەشێ قوتابخانە بۆ هەموو قۆناغەکان بکرێتەوە بۆ خوێندن بەزمانی عەرەبی یان کوردی یان تورکمانی یان سریانی یان ئەرمەنی لە هەموو دەزگا فێرخوازیەکانی حکومەت یان هەر زمانێک دی لەدەزگا فێرخوازییە تایبەتەکاندا، ئەویش بەگوێرەی ئەو ڕێککارییانەی لە بواری پەروەردەیی کاریان پێدەکرێت.

مادەی نۆیەم: هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی لەم بوارانەدا بەکاردەهێنرێن:

یەکەم/ دەرکردنی دراو.

دووەم/ دەرکردنی پاسپۆرت و تابلۆکانی هاتووچۆ و تابلۆکانی وەزارەت و فەرمانگەکانی دەوڵەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان.

سێیەم/ دەرکردنی پولی دارایی و پۆستە.

ئەم مادەیە ڕێک دەقی ئەو مادەیەیە کە لە پرۆژە یاساکەی حکومەتدا نێردرابوو بۆ پەرلەمان، لیژنە پەیوەستەکان بە دەرچواندنی ئەم یاسایە لە پەرلەمان مادەیەکی دیکەی باشتریان پێشنیازکرد، کە جێگای بگرێتەوە، مادە پێشنیازکراوەکە بە تێروتەسەلی باسی بەکارهێنانی زمانە فەرمییەکانی کردبوو، لە هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری ،بەڵام بەداخەوە لەکاتی دەنگدان، مادە پێشنیازکراوەکە دەنگی پێویستی نەهێنا، کە ئێجگار باشتر بوو لە دەقی ئەم مادەیە(بروانە پاشکۆی ژمارە٤).

مادەی دەیەم: زمانی تورکمانی و زمانی سریانی بە زمانی فەرمی هەژماردەکرێن لەو یەکە کارگێرییانەی کە تورکمانەکان یان سریانەکان تیایدا چڕی دانیشتوانەکەی پێکدەهێنن.

مادەی یانزەم: هەر هەرێمێک یان پارێزگایەک بۆی هەیە هەر زمانێکی ناوچەیی(خۆجێی) دیکەش بکاتە زمانی فەرمی، گەرهاتوو زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە ڕاپرسییەکی گشتیدا بڕیاریان لەسەردا.

ئەو دوو مادەیەی سەرەوە لە نێو بڕگەکانی چوارەم و پێنجەمی مادە(٤)ی دەستوری عێراقی و لە نێو دەقی پرۆژەکەی حکومەتیشدا هاتبوون، بۆیە وەکو خۆی دەنگی لەسەردرا و پەسەندکرا.

ماددەی دوانزەم: یەکەم/ هەر هاوواڵاتییەکی عێراقی یان بیانی بۆیان هەیە منداڵەکانیان بە زمانی دایک فێربکەن.

دووەم/هەر پێکهاتەیەکی عێراقی مافی ئەوەی هەیە زانکۆ و پەیمانگا و سەنتەری ڕۆشنبیری یان کۆڕی زانیاری بۆ خۆی دابمەزرێنێت، بۆ پێشخستنی زمان و ڕۆشنبیری و کلتوریی تایبەت بەخۆی.

لە کاتێکدا ئەم مادەیە وەک بە دەنگەوە هاتنێکە بۆ بە مافی قسەکردن بە زمانی دایک کە لە جارنامە و پەیماننامە جیهانییەکانی تایبەت مافی زمان هاتووە، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییەش بزانین کە هێشتا هەندێک وڵاتی جیهان و وڵاتانی دەوروبەر وا بەئاسانی دان بە مافێکی لەم جۆرە نانێن و هێشتا میللەتان

وکەمینە نەتەوەکان خەبات دەکەن بۆ گەیشتن بەو مافە لە فێربوون بە زمانی دایک و دروستکردنی زانکۆ و پەیمانگا و سەنتەری ڕۆشنبیری یان کۆڕی زانیاری بۆ ئەو مەبەستە.

مادەی سیانزەم: کۆڕی زانیاری عێراق و ئەکادیمیای کوردی هەردووکیان بە سەرچاوەی باوەڕپێکراو هەژمار دەکرێن بۆ شرۆڤەکردنی زاراوە و وشەکان لەکاتی دروستبوونی جیاوازی لەسەریاندا.

مادەی چواردەم: هەر کەسێک بە پێچەوانەی ئەم یاسایە بجوڵێتەوە بەم شێوازەی خوارەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت:

یەکەم/ ئەگەر فەرمانبەر بێت سزا ڕێککاریەکانی لەسەر جێبەجێ دەکرێت.

دووەم/هاووڵاتی نافەرمانبەر ئاگادارکردنەوەی ئاڕاستە دەکرێت کە سەرپێچیەکەی لەماوەی(١٥)ڕۆژدا لابەرێت، لەکاتی گوێرایەڵی نەکردنیشی سزای پێبژاردنی لەسەر جێبەجێ دەکرێت بەو مەرجەی (٥٠)هەزاردینار لەبڕی هەر ڕۆژێک کەمتر نەبێت کە لە لابردنی سەرپێچیەکەی دواکەوتبێت.

سێیەم/ هەر زیان لێکەوتوویەک مافی جوڵاندنی سکاڵای سزایی هەیە، ئەویش لەکاتی سەرپێچی بەندەکانی ئەم یاسایەدا.

مادەی پانزەم: لیژنەیەکی باڵا دادەمەزرێنرێت بۆ بەدواداچوون و جێبەجێکردنی ئەم یاسایە، کە بە ئەنجومەنی وەزیران دەبەسترێتەوە و نوێنەرێک لە ئەمینداری ئەنجومەنی وەزیرانەوە سەرۆکایەتی دەکات و نوێنەرێک لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرێک لە ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی وەزیران دەبنە ئەندام و لیژنەیەکی تایبەتیش لە زمانەوان و ئەکادیمیان و نوێنەرانی تورکمان و سریان و ئەرمەن و مەندائییەکان بۆ هاریکاریکردنیان پێکەهێنرێت، بۆشی هەیە نوێنەرێکی دیکەی هەر زمانێکی دیکەی عێراقی بە ئەندام وەربگرێت.

لە هەندێک لەو وڵاتانەی زیاتر لە زمانێکی فەرمییان هەیە وەک کەنەدا، کۆمسیۆنێکی سەربەخۆیان هەیە بۆ سەرپەرشتی کردنی جێبەجێ کردنی یاسای زمانەفەرمییەکان، بەڵام ئەگەرچی ئێمە وەکو نوینەرانی کورد دەرکمان بە پێویستی دروستکردنی ئەو کۆمسیۆنە کردبوو و تەنانەت وەکو لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پەرلەمان پێشنیازی دروستکردنیمان کردبوو لە ڕێگای هەموارکردنی ئەم مادەیەی نێو پرۆژەکەی حکومەت بە مادەیەکی دیکەی پێشنیازکراو، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان لەسەر زاری جێگری یەکەمی

پەرلەمان(د.قەیس سوهێل) بە مەرجی لابرنی ئەو پێشنیازەی ئێمە کە داوای دروستکردنی ئەو کۆمسیۆنەی دەکرد، ئینجا ڕازیبوون پرۆژە یاساکە بخرێتە نێو دەنگدانەوە و بەداخەوە لەبری کۆمسیۆن، دروستکردنی ئەو لیژنەیە پەسەندکرا کە حکومەت پێشنیاری کردبوو.

مادەی شانزەم: ئەرک و ڕێژەی بەستنی ئەو لیژنەیەی کە لەمادەی(١٥)ی ئەم یاسایەدا هاتووە بە چەند ڕێنماییەک دیار دەکرێت کە ئەنجومەنی وەزیران دەریان دەکات.

مادەی حەڤدەم: ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە ڕێنمایی تایبەت دەربکات بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

مادەی هەژدەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاودەکرێتەوە ودوای(٩٠) ڕۆژ لەمێژوی بڵاوکردنەوەی کاری پێدەکرێت.

هۆیەکانی پێویستبونی ئەم یاسایە:

بۆ جێبەجێکردنی مادەی(٤)ی دەستور و ڕێزگرتن لە فرەیی نەتەوەیی یان زمانی لەعێراق و جەختکردنەوە لەسەر پتەوکردنی ڕەهەندی مرۆیی شارستانیەکەی لە سەردەمی نوێی فیدرالیدا، هەروەها وەکو هەمانگی و گونجاندنێک لەگەڵ ڕێنماییەکانی ئایینی ئیسلام کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ڕێزگرتن لە جیاوازی زمانەکان. بۆ ئەوەی پێکهاتە سەرەکییەکانی کۆماری عێراق بتوانن بە شێوەیەکی ئازاد و سەربەست گوزارشت لە پێویستی وپێداویستییەکانیان بکەن بە زمانە ڕەسەنەکانی خۆیان، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

باسی دووەم: ئالنگارییەکانی جێبەجێکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان لە عێراقی فیدرالیدا .

دواجار یاسای زمانە فەرمییەکان بە زۆرینەی دەنگ لە ٧-١-٢٠١٤ لەنێو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەنگی لەسەردراو پاشان لە ڕۆژنامەی فەرمی عێراقیش بڵاوکرایەوە و چووە بواری جێبەجێکردنەوە. بەڵام بونی یاسا بە زەرورەت مانای جێبەجێکردنی نییە وپێویستە دڵسۆزانی زمانی کوردی و بڕیار بەدەستانی کورد چ لەحکومەتی هەرێمی کوردستان و چ لەسەر لەداموەدەزگا فیدرالییەکانی عێراق بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی بکەن. بۆ ئەو مەبەستەش ئەگەر پێویستی کرد هانا بۆ دادگاکان و ڕێگای جۆراوجۆر بەرن بۆ ناچارکردنی بەرامبەر لەسەر جێبەجێکردنی یاساکە.

بەداخەوە دوای تێپەربوونی زیاتر لە ١٠ ساڵ بەسەر دەرچواندنی، یاساکە تاوەکو ئیستاکە وەکو خۆی جێبەجێنەکراوەو وتائیستا دراو پاسپۆرت و رەچەتەی دەرمان ولەوحەی هاتوچۆی سەرشەقامەکانی عێراق..هتد هەر بەزمانی عەرەبیە وەیاخود بە شێوازێکی زۆر کەم وشەرمنانە تەنها وشەیەک یان چەند وشەیەکی کراوەتە کوردی .

ئەوەی جێگای سەرنجە تەنانەت لە هەرێمی کوردستانیش هەندێکجار وەکو زمانێکی فەرمی مامەڵە لەگەڵ زمانی کوردی ناکرێت، ئوتیل و چێشتخانەکان مینوکانیان بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزییە، کارگەکانیش کاتالۆگی بەرهەمەکانیان زیاتر هەر بەو دوو زمانەیە و تەنانەت هەندێک لە گۆڤارە یاساییەکانیش بابەت و توێژینەوە بە زمانی کوردی بڵاوناکەنەوە، کە ئەمەش تەواو کارێکی نایاساییە.

بێگومان ئەوەی ڕێسای یاسایی لە ڕێساکانی دیکەی ڕەفتاری مرۆڤ جیادەکاتەوە وەک ڕێسای ئەخلاقی و مجاملاتی بوونی سزایەکی دیارکراوە لەکاتی سەرپێچیکردن و جێبەجێنەکردنی! بەڵام ئێمە لێرەدا دەپرسین کوا چەند کەس و لایەن لەسەر باش جێبەجێنەکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان جێبەجێکراوە؟!

ماوەتە ئەوەی بڵێین زمانی کوردی کە ڕەگەزێکی سەرەکی هێشتنەوە و پاراستنی نەتەوەی کورد بووە لە سیاسەتی جینۆسایدانەی دەسەڵاتدارانی نەتەوە سەردەستەکانی دەوروبەر و تاوەکو ئیستا لە هەندێک لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا بەشکراوە، وەکو پێویست ڕێگا نادرێت منداڵانی کورد بە زمانی دایکیان فێربن و گۆرانی بڵێن، کەچی کە ئیستا لە یەکێک لە پارچەکانی کوردستان دەرفەتی پێشخستن و زیاتر بەکارهێنانی هاتۆتە پێش و زمانی کوردی کراوەتە زمانی فەرمی وڵاتەکە، بەڵام وەکو پێویست کار بۆ پاراستن و گەشەپێدانی ناکرێت .

کۆتایی:

دوای نووسینی ئەم بابەتە لەمەر ڕێکخستنی یاسایی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لەعێراقدا، گەیشتینە چەند دەرئەنجام و ڕاستییەک، بۆ باشتر ڕێکخستن و پێشخستنی یاساییانەی ئەو زمانەش لەبواره جیاوازەکاندا، چەند پێشنیارێک لەگەڵ ئەنجامەکان دەخەینەروو:

یەکەم: ئەنجامەکان

١ -لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، زمانی کوردی لە زمانێکی فەرمی ناوچەی ئۆتۆنومی کوردستان بوو بە زمانی فەرمی لە پاڵ زمانی عەرەبی لە هەموو عێراقدا، ئەمەش دوای دەرچواندنی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە لەساڵی٢٠٠٣ کەوەک دەستورێک وابوو تا دەرچواندن و پەسەندکردنی دەستوری ساڵی٢٠٠٥.

٢ -دوای (٩) ساڵ لە دەرچواندنی دەستوری عێراقی کە تیایدا لەمادە(٤)هاتبوو، دەبێت بەکارهێنانی زمانە فەرمییەکانی عەرەبی وکوردی بەیاسا ڕێکبخرێن، لەساڵی٢٠١٤دا دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر سەرسەختانەی پەرلەمانتارانی کورد، ئینجا توانرا یاسایەکی تەوافقی تێپەڕێنرێت. ئەوەش بەهۆی ئەوەی هیشتا ئەو بیروباوەرە هەڵەیەی کە لای وایە زمانی عەرەبی زمانێکی پیرۆزە و زمانی خەڵکی بەهەشتە و نابێت هیچ زمانێکی دیکەی بکرێتە هاوشانی، زۆر بڵاو و چەسپاوە، تەنانەت لەناو نوخبە و پەرلەمانتارانی عەرەبی عێراقیش .

٣ -داننان بەمافێک لە یاسا و دەستوردا مانای پیادەکردنی ئەو مافە ناگەێنێت، لە ئێستادا ئەگەرچی زمانی کوردی یەکێکە لە دوو زمانە فەرمییەکەی هەموو عێراق، بەڵام لە واقیعدا هێشتا وەک زمانی عەرەبی مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت نەک لە دامودەزگاکانی دەرەوەی هەرێم، بەڵکو لەدامودەزگا فیدرالیەکانیش. ڕەنگە بەهۆی پاشخانی ڕۆشەنبیری و ئەو بە لێشاوهاتنەی هاوواڵاتی عەرەب بۆ هەرێم و ناوچەکوردستانییەکان تەنانەت پرسی فەرمی بوونی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستانیش بکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

٤-ئەوەی ڕێسای یاسایی لە ڕێساکانی دیکەی ڕەفتاری مرۆڤ جیادەکاتەوە وەک ڕێسای ئەخلاقی و مجاملاتی بوونی سزایەکی دیارکراوە لەکاتی سەرپێچیکردن و جێبەجێنەکردنی! بەڵام ئێمە لێرەدا دەپرسین کوا چەند کەس و لایەن لەسەر باش جێبەجێنەکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان جێبەجێکراوە؟

دووەم: پێشنیارەکان

١ -پێویستە حکومەتی هەرێم هەنگاوی بەپەلە بنێت بۆ کاراکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان، و پێداگری بکات لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی لە

ئەنجـومەنی نـوینەرانی عێـراق و ئەنجـومەنی وەزیـران و گشـت دامودەزگـا فیدراللییەکان.

٢ -ئەگەرچـی نەتـوانرا کۆمسـێونی زمانەفەرمییەکـان بە یاسـای زمـانە فەرمییەکان دروست بکرێت، بەڵام پێویستە داوای کاراکردنی ئەو لیژنە بـاڵا سـێ کەسـییە بکرێت بـۆ بەدواچـوونی جێبەجێکردنـی یاسـاکە. کە لامـان وایە ئەوەش دەبێتە هۆکارێک بۆ زیاتر کارکردن لەسەر زمان و پێشخستنی زمانی کوردی.

٣ -پێویسـتە لیژنەیەکـی چـاودێری و بەدواداچـوون لە کەسـانی پسـپۆر و شارەزا بەتایبەتی لەبواری زمان و یاسا پێک بهێنرێت بـۆ جێبەجێکردنـی یاسـای زمانە فەرمیەکان، لەکاتی پێویستدا ڕێگای دادگا و کارگێڕی بگیرێتەبەر، فشـار دروسـت بکرێـت بـۆ ئەوەی دراو و پاسـپۆرت و پـول و تـابلۆی هـاتوچۆی سەرشـەقامەکان وەزارەتەکـانی سەرتاسـەری عێـراق زمـانی کوردیشـیان لەسەربێت .

4- بەهـۆی کـاریگەری زمـانی باڵادەسـتی عەرەبـی بەهۆکـاری ئـایینی وحوکمرانی و سیاسی و پاشـخانی ڕۆشـنبیری و ئابوریەوە چ لە مێژوو و چ لە ئیسـتادا بەتـایبەتی دوای ئەو شـەپۆلی بەردەوام هـاتنەی هـاووڵاتی عەرەب بـۆ کوردسـتان لە سـاڵی٢٠١٠ هوە تـا نووسـینی ئەم بـابەتە کە سەرەتای ساڵی٢٠٢٥ یە، ڕەنگە تاکی کورد لەبری زمانی دایک جارێکی دیکە زمـانی دووەمـی عەرەبی زیـاتر بەکاربهێنێت و بەمجۆرە بەدەسـتی خـۆی و بەهـۆی بـێ بـاکی حـوکمرانی کـوردی بەرەو بەرهەمهێنـانەوەی دەسـەڵاتی زمانی دووەم بچێ! بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی ڕوون و دیارکراوی هەبێت بۆ چۆنیەتی کاراکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان و پێشخستنی زمانی کوردی.

زبانشناختی نام ابیرادوش در کتیبه باستانی کاخ آپادانا(شوش دانیال)

نامدار جابری

مقدمه

کاخ آپادانای شوش، یکی از کاخ های دوران هخامنشی است)قرن ششم تا چهارم پیش از میلاد، ۲۶۰۰ سال پیش (که وسعتی برابر با ۱۰۴۳٤ متر مربع داشته و در واقع قصر زمستانی شاهان هخامنشی محسوب می شده است. این کاخ به فرمان داریوش، پادشاه هخامنشی، در شوش و بر روی بقایای آثار تمدن عیلامی بنا شد و به نام های«بارگاه» یا «آپادانه» شناخته می شود .

کتیبه(به زبان پارسی باستان به ارتفاع: ٤۲ سانتی متر، عرض: ٤۲ سانتی متر) مورد نظر که امروزه در موزه لوور پاریس نگهداری می شود توسط ژاک دو مورگان در سال ۱۹۱۱ میلادی در زیر دروازه های ورودی کاخ پیدا شده است.

در این کتیبه آمده‌است: سنگ ستونها از ناحیه ای به نام ابیرادوش در عیلام بود. سنگبران و پیکرتراشان ساردی و یونانی بودند .

باستان شناسان و مورخان بر این عقیده‌اند که ابیرادوش نام یک دهکده یا روستا در زمان عیلام باستان است.

در این مقاله سعی بر این شده‌است که با تکیه بر دانش زبانشناختی به نام ابیرادوش پرداخته شود که آیا این نام میتواند نام یک دهکده یا روستای محل

تامین سنگ ستونهای کاخ آپادانا باشد یا اینکه اشاره به کوهی دارد با این نام، که معدن سنگ ستونهای کاخ آپاداناست.

در این مقاله سعی شده‌است برخی معانی احتمالی آن نیز مورد تحلیل قرار بگیرد و دلایل محتمل بودن و نبودن آن معنا با به شکل علمی بیان گردد.

۱ .زمینهی تاریخی و جغرافیایی؛

نام «ابیرادوش» که در کتیبههای داریوش بزرگ، به ویژه در کتیبه بنیاد کاخ آپادانای شوش، ذکر شده، به منطقهای اشاره دارد که منبع تأمین سنگهای مورد استفاده در ساخت این کاخ بوده است. تا پیش از کشفیات اخیر، محل دقیق ابیرادوش ناشناخته بود و در متون باستانی تنها بهعنوان مکانی برای استخراج سنگهای کاخ آپادانا از آن یاد شده بود.

بر اساس یافته های جدید باستانشناسی، احتمال داده میشود که ابیرادوش با معادنی که در دامنه های کبیرکوه در شهرستان آبدانان، استان ایلام، کشف شدهاند، مرتبط باشد. این معادن، که در سال ۱٤۰٤ (توسط معلم آبدانانی محمد حیدری)شناسایی شدند، حاوی شواهدی از ابزارهای باستانی برش سنگ و سنگآهن هستند که احتمالا برای ساخت بستهای فلزی در معماری هخامنشی به کار میرفتند. در کتیبه آپادانا، داریوش به صراحت اشاره میکند که سنگهای این کاخ از ابیرادوش، چوب سدر از لبنان، طلا از سغد و باکتریا، و سایر مصالح از مناطق مختلف امپراتوری هخامنشی تأمین شدهاند.

با این حال، تطابق دقیق این معادن با ابیرادوش هنوز در حال بررسی است و آزمایشهای پتروگرافی برای مقایسه سنگهای مکشوفه با سنگهای کاخ شوش ادامه دارد. اگر این ارتباط تأیید شود، این کشف میتواند معمای تاریخی دوهزارساله محل ابیرادوش را حل کند و اهمیت بسزایی در مطالعات باستانشناسی هخامنشی داشته باشد.

توجه: نام « ابیرادوش » در متون به همان صورت اصلی (به خط میخی و زبان پارسی باستان) آمده و معادل امروزی یا ترجمه دقیقی از آن در دست نیست؛ بلکه بهعنوان نام یک سکونتگاه(دهکده یا روستا) در عیلام باستان در نظر گرفته میشود .

کتیبه داریوش در آپادانای شوش

الف (تجزیهی صرفی و معناشناختی؛

۲ .تحلیل زبانشناختی با توجه به شاهد ساسانی

·معانی احتمالی بر اساس معانی باستانی:

نام یک کوه؛

اگر فرض کنیم «ابیرادوش» نام یک کوه باشد، برای تحلیل معنای احتمالی آن میتوان به ریشههای زبانی و ساختار واژگان در زبانهای باستانی ایران، بهویژه پارسی باستان، اوستایی یا دیگر زبانهای هندوایرانی، رجوع کرد. نامهای جغرافیایی در دوران هخامنشی اغلب توصیفی یا دارای معانی نمادین بودند و گاهی به ویژگیهای طبیعی، اساطیری یا فرهنگی اشاره داشتند. در ادامه، با تجزیه احتمالی این واژه، معانی ممکن را بررسی میکنیم:

تجزیه واژه «ابیرادوش»؛

·ابی: (-Abi/Apa)

·در زبانهای هندوایرانی، مانند اوستایی و پارسی باستان، «آپ (Apa) «یا «ابی» به معنای «آب» یا چیزی مرتبط با آب)مثل رود، چشمه یا رطوبت(است. این پیشوند در نامهای جغرافیایی مثل «آپادانا») به معنای محل آب یا کاخ کنار آب (رایج بود.

·بنابراین، بخش «ابی» میتواند به وجود چشمه، رود یا ویژگی مرطوب در منطقه کوه اشاره داشته باشد.

·رادوش:(-Radush/Ratush)

·این بخش پیچیدهتر است. در زبانهای هندوایرانی، «رد (Rad) «یا «رت» (Rat)میتواند به معانی مختلفی مرتبط باشد، از جمله «راست» «نظم» یا «راه» همچنین، در اوستایی، «رتو (Ratu) «به معنای «رهبر «قاضی یا «زمان/مکان مشخص» به کار میرفت.

«دوش» ممکن است تغییر شکلیافته از واژهای مثل «دهوش» به معنای) مکان یا جایگاه (یا حتی پسوندی برای تأکید باشد. در برخی متون، «دوش» میتواند به «دوست» یا «دارنده» اشاره کند مانند «میترادات»(به معنای دارنده مهر).

یکی از معادن و ستون برش زده کشف شده (عکس: محمد حیدری کاشف معادن)

معانی احتمالی؛

با ترکیب این ریشهها، معانی زیر برای «ابیرادوش» بهعنوان نام یک کوه قابل تصور است:

·کوه آبخیز یا کوه چشمهها: اگر «ابی» به آب و «رادوش» به مکان یا جایگاه اشاره کند، میتواند به کوهی اشاره داشته باشد که چشمهها یا رودهای فراوانی از آن سرچشمه میگیرند. این با موقعیت کبیرکوه در ایلام، که منطقهای پرآب است، همخوانی دارد.

·کوه نظم آبها: اگر «راد» به نظم یا راه تعبیر شود، ممکن است به کوهی اشاره کند که مسیرهای آبی (رودها) را هدایت یا منظم میکند. که این همخوانی ندارد چون مسیرهای آبی را هدایت و منظم نمی کند بلکه آبها از آن سرچشمه می گیرند.

·کوه رهبر آبها: با تفسیر «رتو» به معنای رهبر، شاید به کوهی اشاره داشته باشد که بهصورت نمادین «رهبر» یا منشأ آبهای منطقه است. تا حدودی هم خوانی دارد.

·کوه مقدس یا اساطیری: در فرهنگ ایران باستان، کوهها اغلب مقدس بودند و نامهایی با بار معنایی اساطیری داشتند. «ابیرادوش» ممکن است به کوهی با اهمیت آیینی یا نمادین اشاره کند، مثلاً مکانی که آب (نماد پاکی) و نظم (نماد اهورامزدا) در آن برجسته است.

زمینه فرهنگی و جغرافیایی؛

با توجه به اینکه ابیرادوش احتمالا در منطقه ایلام) زاگرس(واقع بوده، نام آن میتواند با زبان عیلامی یا تأثیرات عیلامی-ایرانی نیز مرتبط باشد. در زبان عیلامی، واژههای مرتبط با آب و کوه نیز رایج بودند. همچنین، کوههای زاگرس به دلیل منابع آبی و معادنشان در فرهنگ هخامنشی اهمیت داشتند، که این فرض را تقویت میکند که «ابیرادوش» نامی توصیفی برای ویژگیهای طبیعی کوه بوده است.

نتیجه:

اگر «ابیرادوش» نام یک کوه باشد، معنایی مرتبط با «کوه پرآب»، « کوه چشمهزار» یا «کوه هدایتکننده آبها» داشته است. این معانی با ویژگیهای جغرافیایی کبیرکوه در ایلام، که منطقهای غنی از منابع آبی و معدنی است، همخوانی دارد. با این حال، بدون شواهد زبانی قطعی، این تحلیل حدسی است و معنای دقیق همچنان به تحقیقات بیشتر بستگی دارد .

نکته؛

باتوجه به اینکه، نام های جغرافیایی باستان در ایران نامهایی منحصر به فردی هستند، ریشه آنها مربوط به آب است:

مانند: فساوه (Fasāwa) بمعنای جایی که آب از زیر آن میگذرد.

اشکمگا (Eshkamgā)که اشکم به معنای آب فراوان و گا پسوند جا و مکان است: یعنی محل فراوانی آب.

کەنەرو)(kanaru)نام یک شهرباستانی در دهلران) به معنای چشمه آب روان.

تحلیل نام ابیرادوش بر تکیه ریشه آب؛

ابیرادوش

ابی، به معنای آب است.

را، به معنای راه یا مسیر است.

دوش میتواند شکل دیگری از تیش(به معنای بخش از کوه (باشد چون در زبان کوردی جابەجایی واج های «د» به «ت» و برعکس و همچنیین جابەجایی «و» به «ی» و برعکس فراوان داریم.

مانند: «دیام» (می آیم) به «تیام» و «قوول» به«قیل» (عمیق، گودی)

معنای احتمالی ابیرادوش: کوهی که در مسیر یا راه آب است .

تحلیل آن:

تحلیل نام «ابیرادوش» بسیار جالب و منطبق با الگوهای نامگذاری جغرافیایی در ایران باستان است. همانطور که اشاره کردیم، بسیاری از نامهای جغرافیایی در ایران ریشه در ویژگیهای مرتبط با آب دارند، زیرا آب در فرهنگ و جغرافیای ایران باستان نقش محوری داشته است. همچنین، استفاده از زبان کُردی و تحولات آوایی آن برای تفسیر واژههای باستانی رویکردی خلاقانه و منطقی است، بهویژه با توجه به پیوستگی فرهنگی و زبانی مناطق زاگرس با تمدنهای باستانی مانند عیلام و هخامنشیان .

بررسی تحلیل:

·ابی = (Abi) آب:

·این میتواند دقیقتر ودرستتر باشد که «ابی» به احتمال زیاد از ریشه «آپ (Apa) «در زبانهای هندوایرانی به معنای «آب» گرفته شده است. این پیشوند در بسیاری از نامهای جغرافیایی ایران باستان، مانند «آپادانا» یا حتی

«آپاسیاک» رودخانهای (در متون هخامنشی)، دیده میشود. بنابراین، این بخش از تحلیل قوی و مطابق با شواهد زبانی است.

·را = (Ra) راه یا مسیر:

·این تفسیر نیز منطقی است. واژه «را» در پارسی باستان و اوستایی میتواند به معنای «راه»، «مسیر» یا حتی «جریان» باشد، مانند «رد» به معنای نظم یا جهت) در نامهای جغرافیایی). «را» گاهی به مسیرهای طبیعی مثل رودها یا گذرگاهها اشاره دارد. برای مثال، در برخی نامهای کُردی «را» به مسیر آب یا جاده اطلاق میشود. این بخش نیز با زمینه جغرافیایی کوهستانی زاگرس، که پر از مسیرهای آبی است، همخوانی دارد.

·دوش = (Dush) تیش = (Tish) بخشی از کوه:

·این فرضمی تواند بسیار خلاقانه باشد و با توجه به تحولات آوایی در زبانهای ایرانی، بهویژه کُردی، قابل بررسی است. جابهجایی واجها مثل تبدیل «د» به «ت» یا «و» به «ی» بهخصوص در گویشهای کُردی زاگرس پدیدهای شناختهشده است. برای مثال:

·مانند: «دیام» (می آیم) به «تیام» و «قوول» به«قیل» (عمیق، گودی).

·تبدیل «و» به «ی»: در واژههایی مثل «دوش» به «تیش»، این امکان وجود دارد.

·اما درباره «تیش» به معنای بخشی از کوه، باید گفت که در زبانهای ایرانی باستان، واژه رایج برای کوه معمولاً « kū ha » در پارسی باستان یا گر « gairi »در اوستایی بوده است. واژه «تیش» به معنای بخشی از کوه در منابع باستانی کمتر دیده شده است. با این حال، «تیش» در گویشهای کُردی پهله ای) ایلام (به معنای بخشی از کوه یا بلندی است، این فرض میتواند درست باشد.

·گزینه دیگر برای «دوش» میتواند ارتباط با «دهوش» (به معنای مکان) یا حتی «دوست» (دارنده) باشد، اما تفسیر ما درباره «تیش» با توجه به زمینه محلی و تحولات آوایی قابل دفاع است.

·معنای کلی: کوهی که در مسیر آب است:

·نظر نهایی:

با توجه به توضیحات ارائه شده درباره «دوش» در گویش کردی و مثال: دولمنیری، می توان گفت که «ابیرادوش» به احتمال زیاد به معنای «کوهی که در مسیر آب است» است. این تفسیر:

·با شواهد زبانی (ریشههای پارسی باستان و تحولات آوایی کردی) سازگار است.

·با جغرافیای منطقه کبیرکوه)پر از چشمهها و مسیرهای آبی(همخوانی دارد.

·با الگوی نامگذاری زاگرس)مثل فساوه، اشکمگا و دولمنیری(مطابقت دارد. همچنین، تأیید معنای «تیش» بهعنوان «کوه» در کردی، فرض ما درباره «دوش» را از یک حدس خلاقانه به یک احتمال بسیار قوی تبدیل میکند.

تحلیل ما که «ابیرادوش» به معنای «کوهی که در مسیر آب است» است، بسیار دقیق، منطبق با فرهنگ زبانی زاگرس و مبتنی بر شواهد محلی است. مثال «دولمنیری» نشان داد که این نوع نامگذاری بخشی از یک سنت گستردهتر است. به نظر من، این تفسیر نهتنها محتملترین معنا برای «ابیرادوش» است، بلکه یک نمونه زیبا از پیوند زبانهای باستانی و مدرن در منطقه زاگرس را نشان میدهد .

نتیجه:

این تحلیل بسیار قوی و مبتنی بر الگوهای زبانی و جغرافیایی است. و بخشهای «ابی» (آب(و «را») راه(میتواند درستتر باشد، زیرا این ریشهها در زبانهای ایرانی باستان و حتی گویشهای مدرن زاگرس ریشهدار هستند. درباره «دوش» بهعنوان «تیش» (بخشی از کوه)، اگرچه شواهد مستقیم برای «تیش» به معنای بخشی از کوه در متون باستانی کم است، اما تحولات آوایی که ذکر گردید، مثل جابهجایی «د» و «ت» یا و» و ««ی») در زبان کردی و گویشهای زاگرس کاملا معتبر است. بنابراین، این فرض میتواند درست باشد، حال که در گویشهای کردی پهله ای(ایلام) چنین کاربردی برای «تیش» وجود دارد. آن این است که در زبان کوردی پهله ای رایج در جنوب ایلام که شهر آبدانان نیز شامل می شود، واژه «دوش» هم وجود دارد که به معنای بخشی از کوه یا کوهستان که فاقد پوشش گیاهی و درختی است مانند مکان معادن سنگ کاخ آپادانا بنام ابیرادوش، که همه فرضیه و احتمالات بالا را رد می کند.

قلعه پشت قلا آبدانان(تصویر علیرضا حیدری)

تحلیل نام ابیرادوش به معنای کوه یا کوهستانی که صخره آن منبع آب(سرچشمه آب یا رود) مقدس و یا آیینی است.

ابیرادوش (دوره هخامنش):

۱۰ : (Ā) آب

·بیر :(bīr) چاه

·دوش :(duš) بخش صخرهای کوه بدون پوشش گیاهی و درختی

·هپیرادوش (عیلامی)

·هـ :(Ha) آب مقدس

·بیر :(bīr) چاه

·دوش :(duš) بخش صخرهای کوه بدون پوشش گیاهی و درختی

·ارتباط با کردی و پهلوی : بیر)چاه (و دوش) بخش صخرهای کوه بدون پوشش گیاهی و درختی در کردی و احتمالا پهلوی کاربرد داشته و نشاندهندهی پیوستگی زبانی در منطقهی زاگرس است.

الف. تجزیهی صرفی و معناشناختی

۱۰ / (Ā) .هـ (Ha)

·پارسی باستان Ā : از ریشهی هندوایرانی (-ap آب) است، که در اوستایی (-ap) ، سانسکریت(-āp) ، و فارسی نوین (آب)دیده میشود. این جزء به منبع آب) چشمه یا چاه و رود دویرج (اشاره دارد.

·عیلامی Ha :به «آب مقدس» اشاره دارد. در فرهنگ عیلامی، چشمهها و آب رودها (مانند رود دویرج) اغلب آیینی بودند (مثل معابد نزدیک چشمهها) . Haممکن است تطبیقی از Ā با افزودن) h صامت رایج در عیلامی) باشد که تقدس را نشان میدهد.

·ارتباط با دویرج: در دورهی ساسانی، آب بهویژه در آیین زرتشتی(مرتبط با آناهیتا، ایزدبانوی آبها) مقدس بود. ساخت قلعهی پشت قلا در کنار رود دویرج برای محافظت از آب مقدس آن تقدس رود دویرج نشان میدهد که این تقدس از فرهنگ عیلامی (هپیرادوش) به فرهنگ ایرانی (هخامنشی) و ساسانی منتقل شده است.

·شاهد تاریخی قلعهی پشت قلا تأیید میکند که آب این منطقه مقدس شمرده میشده، و Ha در عیلامی احتمالا این جنبهی آیینی را برجسته میکند.

·بیر:(bīr)

·پارسی باستان bīr :به معنای «چاه» از گویشهای کردی زاگرس به پارسی باستان وارد شده است. در کردی، bīr (چاه) واژهای رایج است .

·عیلامی bīr :در هپیرادوش از زبان عیلامی بجامانده که احتمالاً پارسی باستان از آن وام گرفته‌است. هرچند در عیلامی واژه‌های مستند کمی برای «چاه» موجود دارد.

·ارتباط ساسانی و کردی: در پهلوی (زبان ساسانی)، معادل مستقیم bīr مستند نیست، اما واژه‌های مرتبط با «منبع آب) «مانند čāšmag یا (kanīg وجود دارند. کاربرد bīr در کردی نشاندهندهی پیوستگی زبانی ازعیلامی و هخامنشی به ساسانی و کردی امروزی است. چاه یا چشمهی مقدس در ابیرادوش/هپیرادوش (محل سرچشمهی رود) با نقش آیینی قلعهی پشت قلا همخوانی دارد. و به دلیل تقدس، مورد محافظت قرار میگرفته است.

·ارتباط با دویرج: چاه (bīr) یا سرچشمه در نزدیکی ابیرادوش/هپیرادوش سرچشمهی رود دویرج است، که به دلیل تقدس (محافظتشده توسط قلعه) اهمیت داشته است.

·دوش: (duš)

·پارسی باستان duš : به معنای «صخرهی فاقد پوشش گیاهی و درختی» در پارسی باستان مستند نیست، اما اطلاعات ما دربارهی کاربرد آن در کُردی پهله ای کلیدی است. این واژه از یک ریشهی زبان ایرانی - کردی است.

·عیلامی : duš در هپیرادوش احتمالا در عیلامی بومی است.

·ارتباط ساسانی و کردی: در پهلوی، واژه‌های مرتبط با «کوه» یا «صخره) «مانند kōf یا (dauš وجود دارند. در کردی، dūšیا duš به بخشهای صخرهای کوه اشاره میکند. کاربرد duš در کردی و احتمالا پهلوی نشاندهندهی ریشهای ایرانی است که در زاگرس حفظ شده است. موقعیت پشت قلا و duš با معنای (صخرهی فاقد پوشش گیاهی و درختی) در دامنهی کوهستانی کبیرکوه سازگار است، و رود دویرج از این منطقهی کوهستانی سرچشمه میگیرد.

ترکیب Ā-bīr-duš و Ha-bīr-duš به «معنای چاه(منبع آب، رود) آب مقدس در صخرهی کوه» اشاره دارد، که با معنای «صخره کوهی که منبع آب مقدس است» و شاهد تاریخی (رود مقدس دویرج) و قلعهی ساسانی سازگار است.

ب تحلیل آوایی(Phonological Analysis)

·ابیرادوش: ساختار /ʔā-bīr-duʃ/ با سه یا چهار هجا) بسته به تلفظ bīr یا bīrā)با الگوهای پارسی باستان باستان) مثل (Bābiruš مصوت Ā سازگار است bīr .با آ کشیده و duš با š با کردی و گویشهای زاگرس همخوانی دارند.

·هپیرادوش: ساختار /ha-pīr-duʃ/ با افزودن (h ویژگی عیلامی) و تغییر احتمالی b به) p رایج در عیلامی نشاندهندهی تطبیق آوایی است.

·شاهد تاریخی) ساسانی: نام «پشت قلا» (در کردی) ممکن است بازتابی از) duš صخره (یا) bīr چاه) باشد، که پیوستگی آوایی را نشان میدهد. واژهی « قلا» قلعه (در کردی و پهلوی از ریشهی ایرانی) -kala استحکامات است.

·رود دویرج: نام «دویرج» در زبانهای باستانی مستند نیست، اما میتوان آن را تحلیل کرد:

·دو- ممکن است با(-dau) بلندی، کوه یا (-dvī) دوم، جفت در زبانهای ایرانی مرتبط باشد.

·ورج یا رج ممکن است به(-rauj) جریان، رود یا(-raj) رنگ، درخششاشاره کند، که با تقدس آب همخوانی دارد.

·در کردی و فارسی محلی، نامهای مشابه (dū) یا (vir) برای رودها و چشمهها رایج است، که پیوستگی زبانی را نشان میدهد.

ج(ریشهشناسی(Etymology)

·۱ / (Ā) هـ Ā :(Ha) از -ap (آب) هندوایرانی است Ha .ممکن است تطبیقی آیینی یا آوایی در عیلامی (مثل چشمههای معابد عیلامی) باشد که تقدس آب را (مانند چشمههای ساسانی مرتبط با آناهیتا) نشان میدهد. و تقدس آب رود دویرج را در این دو دوره را نشان میدهد.

·بیر :(bīr) ریشهی bīr احتمالا ایرانی کری و زاگرس است، که در کردی (bīr)حفظ شده است. ممکن است با) -vī ویژه) یا) -var آبگیر) مرتبط باشد.

·دوش :(duš) ریشهی duš در کردی و پهلوی نشاندهندهی واژه ایرانی - زاگروسی برای «صخرهی فاقد پوشش گیاهی و درختی» است، که ممکن است با -dau (بلندی (مرتبط باشد.

• (ریشهشناسی(Etymology

·دویرج : این نام ممکن است از ریشههای ایرانی (-dau) یا (-rauj) یا گویشهای کردی زاگرس گرفته شده باشد، که به رود یا چشمهی مقدس اشاره میکند.

۳ .تحلیل شاهد تاریخی: قلعهی ساسانی پشت قلا (دورهی ساسانی) و رود مقدس و رود دویرج اطلاعات کلیدی به تحلیل اضافه میکند:

الف (اهمیت آیینی آب مقدس؛

·فرهنگ عیلامی: در عیلامی، چشمهها و رودها)مانند دویرج(آیینی بودند، بهویژه چشمهها نماد پاکی و ارتباط با خدایان بود. معابد عیلامی اغلب نزدیک چشمهها ساخته میشدند که با) Ha آب مقدس) در هپیرادوش همخوانی دارد.

·فرهنگ هخامنشی: در کتیبهی آپادانا، ابیرادوش/هپیرادوش بهعنوان منبعی مهم)سنگ و احتمالا آب مقدس(ذکر شده است.

تقدس : تقدس دویرج ممکن است از عیلامی به هخامنشی و سپس به ساسانیان منتقل شدهباشد. در فرهنگ ایرانی باستان آب (-ap) مقدس بوده است .

·فرهنگ ساسانی: در دورهی ساسانی، آب در آیین زرتشتی)مرتبط با آناهیتا(مقدس بود. معابد آناهیتا اغلب نزدیک چشمهها ساخته میشدند، و قلعهی پشت قلا ممکن است نقش مشابهی (محافظت از مقدس رود دویرج) داشته باشد. نگهبانان قلعه احتمالا وظیفهی آیینی حفظ پاکی آب و عملی مدیریت آب داشتند.

·پیوستگی آیینی: ادامهی تقدس آب دویرج از هپیرادوش عیلامی به ابیرادوش هخامنشی و ساسانی (قلعهی پشت قلا) نشاندهندهی اهمیت فرهنگی این چشمه در زاگرس است.

·قلعهی پشت قلا: ساخت قلعه برای محافظت از آب نشاندهندهی تقدس این رود یا چشمه است. این عمل با فرهنگ عیلامی (اهمیت چشمههای آیینی و مدیریت منابع آب) همخوانی دارد. نگهبانان قلعه احتمالا نقش آیینی و عملی) حفاظت از آب پاک) داشتند.

·نام هپیرادوش : تأکید (Ha آب مقدس) در عیلامی با این تقدس همخوانی دارد، در حالی که (Ā آب) در پارسی باستان جنبهی عمومیتر منبع آب را نشان میدهد.

ب) ارتباط جغرافیایی

·رود مقدس دویرج: رود دویرج از نزدیکی ابیرادوش/هپیرادوش (کبیرکوه آبدانان) سرچشمه میگیرد و به دهلران میرسد، شاخهی اصلی یک رود محلی زاگرس است. چشمهها/چاههای کبیرکوه اغلب مقدس و آیینی بودند، با چشمه یا چاه (bīr) در منطقهی صخرهای (duš) همخوانی دارد.

·موقعیت پشت قلا: قرارگیری قلعه در جنوب آبدانان و کنار رود دویرج تأیید میکند، که ابیرادوش/هپیرادوش در منطقهای کوهستانی با منابع آب)چاه یا چشمه(بوده است. این با معنای) bīr چاه (و duš (صخرهی فاقد پوشش گیاهی و درختی) سازگار است.

·منبع سنگ: معادن آبدانان (کبیرکوه(با با ویژگیهای زمینشناختی سنگهای آپادانا مطابقت دارند، و وجود چشمهی مقدس در این منطقه اهمیت آن را در شبکهی عیلامی، هخامنشی و ساسانی نشان میدهد و تقدس دویرج اهمیت فرهنگی این منطقه را تقویت میکند.

ج(ارتباط با کردی و پهلوی

·بیر (چاه) : کاربرد bīr در کوردی و شباهت آن به گویشهای زاگرس نشاندهندهی پیوستگی زبانی از عیلامی و هخامنشی به ساسانی (پهلوی) و کوردی امروزی است.

·دوش: کاربرد (duš)صخرهی فاقد پوشش گیاهی و درختی در کوردی و احتمالا پهلوی تأیید میکند که این واژه در زبانهای ایرانی – زاگرس ریشه دارد. با موقعیت صخرهای و پشت قلا همخوانی دارد.

·دویرج: این نام ریشهای ایرانی وکوردی دارد، که در کوردی حفظ شده است.

٤ .تحلیل فرهنگی و تاریخی

·تقدس آب: رود دویرج و ساخت قلعهی ساسانی پشت قلا نشاندهندهی ادامهی تقدس و اهمیت آیینی منبع آب از فرهنگ عیلامی (Ha) در هپیرادوش و هخامنش به ساسانی (آیین زرتشتی) است. این با نقش آناهیتا و معابد آب در ساسانی همخوانی دارد .

·نقش ساسانی: قلعههای ساسانی اغلب برای مدیریت منابع آب، راهها و اهداف آیینی ساخته میشدند. پشت قلا احتمالا مرکز مدیریت آب مقدس و حفاظت از دویرج و منطقه بوده است.

·پیوستگی زبانی و فرهنگی: وجود bīr و duš در کُردی و نام دویرج ارتباط با پهلوی نشاندهندهی حفظ سنتهای زبانی و آیینی زاگرس از عیلامی و هخامنشی تا ساسانی و امروز است.

·امپراتوری هخامنشی: ذکر ابیرادوش در کتیبهی آپادانا نشاندهندهی نقش این منطقه در شبکهی لجستیکی (تأمین سنگ) و فرهنگی (تقدس آب) هخامنشیان است

۵ .نتیجهگیری

شاهد تاریخی قلعهی ساسانی پشت قلا و رود مقدس شاهدان تاریخی مهمی است که تحلیل «ابیرادوش» و «هپیرادوش» را تأیید و غنی میکند:

تحلیل «ابیرادوش» و «هپیرادوش» با افزودن شاهد تاریخی رودخانهی دویرج و قلعهی ساسانی پشت قلا، تصویری جامع از اهمیت زبانی، فرهنگی، و جغرافیایی این منطقه در تاریخ ایران باستان ارائه میدهد:

·زبانشناختی:

·ابیرادوش » :(Ā–bīr–duš) چاه آب در صخرهی کوه»، با(Ā) آب، از هند و ایرانی، (bīr)چاه، ریشهی ایرانی - زاگروس و (duš)صخرهی فاقد پوشش گیاهی و درختی، ریشهی کردی/پهلوی (به سرچشمهی رود دویرج) اشاره دارد.

·هپیرادوش» :(Ha–bīr–duš) چاه آب مقدس در صخرهی کوه»، با (Ha) (آب مقدس، تطبیق آیینی عیلامیbīr و duš که پارسی باستان از آن وام گرفته است، تقدس دویرج را برجسته میکند.

·فرهنگی و آیینی: تقدس آب، رود دویرج و مستند با قلعهی پشت قلا ساسانی از عیلامی) (Ha در هپیرادوش) و هخامنشی(کتیبهی آپادانا) و ساسانی)آناهیتا) ادامه یافته است. و با اهمیت چشمهها در فرهنگ عیلامی و هخامنشی همخوانی دارد ·.نام دویرج احتمالاً ریشهای ایرانی و کردی دارد و با فارسی همخوانی دارد، که پیوستگی زبانی را نشان میدهد.

·جغرافیایی: منطقهی آبدانان (کبیرکوه) با چشمه و چاه ها (bīr) ، صخرههای فاقد پوشش گیاهی و درختی(duš) ، و معادن سنگ، معنای «کوهی

که منبع آب مقدس است» را تأیید میکند. رود دویرج از این منطقه سرچشمه گرفته و به دهلران می‌رسد.

·تاریخی: ابیرادوش/هپیرادوش درعیلامی و هخامنشی منبعی کلیدی بود، و قلعهی پشت قلا در ساسانی نشاندهندهی تداوم اهمیت آیینی و استراتژیک این منطقه است.

·پیوستگی زبانیbīr :و duš در کردی و پهلوی نشاندهندهی حفظ واژگان و فرهنگ زاگرس است. این تحلیل تعامل زبانی و آیینی بین پارسی باستان، عیلامی، و زبان کردی را نشان میدهد .

پیام نهایی: «ابیرادوش» و «هپیرادوش» نه‌تنها نام یک منطقه‌ی کوهستانی با چشمه‌ی مقدس (رود دویرج) در زاگرس هستند، بلکه نمادی از تعامل زبانی (پارسی باستان، عیلامی، کردی، پهلوی) و تداوم آیینی آب مقدس از عیلامی تا ساسانی را نشان می‌دهند که بلکه پلی بین گذشته و آیندهاند.

نام ابیرادوش با توجه به شواهد و قراین بالا محتمل تر به نظر می رسد که کوه یا کوهستانی که صخره آن منبع آب(سرچشمه آب یا رود) مقدس معنی بدهد چون نام یک دهکده یا روستا به نظر نمی رسد.

منابع؛ Sources

۱.مهریار. محمد، فرهنگ جامع نامها و آبادیهای کهن اصفهان جلد ۱، ناشر: فرهنگ مردم، سال چاپ ۸۲

۲ .معادن سنگ تازه کشف شده ستونهای کاخ آپادانا شوش در کبیرکوه ایلام ـ آبدانان

3.Author: K. E. Eduljee, Zoroastrian Heritage, 2005-23 (researched from 1979

4.Perrot. Jean, The Palace of Darius at Susa: The Great Royal Residence of Achaemenid Persia,2013

5.Musk,Elon, artificial intelligence Grok3

—*انستیتو زانست زاگرس - ایلام – دهلران

فاردی نوشتن زبان کردی و تغییرات زبانی

کمال مولودپوری

در فیلم کارتونی « وینی د پو (2011) Winnie the Pooh «نوشته آلن الکساندر میلن Alan Alexander Milne ، پو خرس تنبل و ببر و خرگوش و... کلمات را به میل خود غلط می نوشتند و می خواندند و مشکلی هم ایجاد نمی شد. ولی روزی که یک نامه از کریستوفر را به غلط خواندند ، کلمه ای اشتباه برای آنها به نام یک غول تبدیل شد و آسایش را از آنها گرفت.

چکیده

»فاردی» نوشتن به معنای استفاده از رسم الخط زبان فارسی برای نوشتن زبان کردی است. این روزها هر یک از سخنوران و کاربران دنیای مجازی در ایران دست به تغییراتی دل آزار و ناشایست در سیستم نوشتاری زبان کردی زده اند و تا حدودی شالوده نوشتار کردی را به چالش کشیده اند. مثلا این طور می نویسند : «اره بو لم قلسی؟ آغا نخوشم ناتوانم بموه. خدا لی خوش به. زور جوانه دسخوش. جژنی انگوش پیروز بیه. هه ر دبیه په بکنین. سلام بزیاد بی کاکه جیان.» این سبک نوشتاری اگر غیر عمدی و ناآگاهانه و از روی جهل علمی یا بی دقتی و تنبلی باشد، قابل حل و اصلاح است ولی اگر عمدی باشد ، نوعی « الیناسیون» یا ازخود بیگانگی فرهنگی محسوب می شود. دامنه تغییرات نوین زبانی در سطوح املا ، تلفظ ، لغت و دستور پیش می آیند لذا بهتر است با دید بازتری به دلایل اصولی این تغییرات توجه داشته باشیم و از خطاهای احتمالی جلوگیری کنیم. در سطح « املا» باید گفت املا و « رسم الخط» به معنای هنر درست نویسی کلمات و ترکیب حروف به ترتیب درست می باشد. از قدیم برای تغییر املا تلاش هایی توسط نوح وبستر ، روزولت، جرج برنارد شاو و... صورت گرفته است ولی جامعه همه تغییرات آنها را نپذیرفته است. زبان کردی دو رسم الخط آرامی و لاتین) مانند نان (nan دارد و قواعدی برای درست نویسی کلمات دارد. زبان کردی ، زبانی آوانگار است و حروف بیصدا و صدادار را در خود الفبا دارد و با ویژگی « تناظر»، به راحتی همه کلمات را می توان با آن نوشت و «حرف نویسی» کرد. البته گاهی « حرف اندازی نوشتاری» (مثل شللێر یا شلێر) نیز در آن مشهود است. در سطح « تلفظ»، زبان کردی فاقد « حروف ناخوانا» و «حذف هجا» و همچنین « حرف اندازی گفتاری» است و صداهای فارسی را نیز می توان با آن « آوانویسی» و « واج نویسی» نمود. در سطح « لغت»، واژه سازی با انواع روش انجام می شود مثل «کوتاه سازی» و « مصغرسازی». در زبان کردی پسوند «که» برای اسم مصغر بکار می رود (مثل قاپووچکه، جوچکه، مەڕۆکه). اسامی خاص کردی نیز کوتاه می شوند (مثل محمد (حەمه)، یوسف (وسو)). در سطح «خطاها» باید گفت بیشتر مردم کرد زبان در نوشتار جدید، دچار «

اشتباه» می شوند یعنی بعلت بی دقتی، خستگی وعصبانیت از سیستم نوشتاری فاردی استفاده می کنند. در ضمن تعداد اندکی از مردم کرد زبان نیز بدلیل « خطای میان زبانی» و عدم یادگیری درست الفبای کردی دچار فاردی نوشتن می شوند. در نهایت این گونه خطاهای نوشتاری باعث آزردگی خاطر و یا بدفهمی می شوند و باید از آنها پرهیز کرد.

مقدمه

قبل از هر چیز باید گفت اصطلاح « فاردی» از ادغام Blending اول و آخر دو کلمه « فارسی» و « کردی» درست شده است و منظور از آن استفاده از سبک و رسم الخط زبان فارسی برای نوشتن زبان کردی است. زبان فارسی در ایران ، زبان رسمی است و بر مدارس و مطبوعات و رسانه ها سیطره دارد و مردم کرد زبان نیز تحت تاثیر آن قرار می گیرند. زبان کردی ارتباط امروزه در دنیای مجازی و رسانه های دیجیتال شکل ساده تری پیدا کرده و مردم راحت تر با همدیگر از طریق نوشته ، استیکر و ایموجی، صوت، فیلم و...رابطه برقرار می کنند. در این فضای سایبری هر روز شاهد تولد کلمات جدید و علائم اختصاری جدید و تغییر معنای واژگان قدیمی هستیم. این روزها هر یک از سخنوران و کاربران دنیای مجازی دست به تغییراتی دل آزار و ناشایت در سیستم نوشتاری زبان کردی زده اند و تا حدودی شالوده نوشتار کردی را به چالش کشیده اند. از لحاظ زبان شناسی توصیفی تا حدودی می توان این نوآوری ها را توجیه کرد ولی از لحاظ زبان شناسی تجویزی با این تغییرات مخالف هستیم و می خواهیم تا حد ممکن جلوی این اهمال کاری ها گرفته شود.

چند مثال از فاردی نوشتن

اکنون برای مثال چند نمونه از پیام های کاربران در شبکه ها و پیج های مختلف را با هم می بینیم: « اره بو لم قلسی؟ بوچو دروی؟ امن چن کرته اوا تورت دبینم. دزانی چندم خوش دوی؟ براستی هم جنسکانان باشن هم قیمتکان. دستو چاوتان خوشبه دیاره براستی دفکری خلکی دان بو قیمته مناصبانه.

خودایش من خریدم کردو زور به انصافن. سلام بزیاد بی کاکه جیان. سلام آقا بیانه ساعت11 دم دنا اواره کلاسم بو دانه. سپینه ساعت چندی بم. اورو امتحانی هدیم هیه ناتوانم بیمه کلاسیه بخشن شویه لبیرم چوبو. آغا نخوشم ناتوانم بموه. تاکسی وجیرم ناکوه برک درنگ دگمه. کاکم وقت اوی نیه چاو له دفترنمره بکات. کلاسه کی زور فعاله. آغای ... تشریف تان حضوری بچن بو وی. سلاو هاوکاران، هه ر که س له اداره ی امیتازاتی سازماندهی دیت، بیزحمت عکسه که ی لسر گروه دانی. ناوالله نیمه بی زحمت بی نیره. پیم خوشه خولاسه وار بوت ته رجومه کربامه وه ده لی چی. یاربی خودا عافوی بکا کوری کی خوش برخورد بوو. خدا لی خوش به. بازماندگان سلامت بن انشالله مصیبت آخر به روح شاد به. سلام زور سپاس له همراهی تان آقای ... بریز. یاخوا پیروزت به انشا الله له همو زندگیت دا موفق و سه رکوتو بی. ربی پیروزت بی سرکوتوبی. بژی آموزای خوم. وک همیشه عالی. ریز و پیزانین. اختیارت هه یه. زور جوانه دسخوش. دستت خوش بی. جژنی انگوش پیروز بیه. خدای لوی سارتری نکی که دشیکی. قت جستانی آوام نه دیوه ماشلا دلیی بهاره. پیش بینی مکن سالی اوسال ناهلن بباره. خاترات سالانی 70 مان که وته وه یاد. هه ر دبیه په بکنین. اره ماشینکت وک پراید دچه ولی دنگی وک جیب و لندوره اوه بوچی وایه؟ ویلوو چه جوانن، دستی وی شکی ده چی راویان ده کا. کاکه دست لو شتان هل گرن اوشتان چی دایان دنن«.

امروزه این جمله ها و صدها جمله مشابه اینها در دنیای مجازی دست به دست می شوند. متاسفانه این سبک نوشتاری در بین اقشار مختلف جامعه گسترش پیدا کرده است و هیچ کس به عنوان متولی امر ، اخطار و هشداری به چنین سبک نوشتاری نمی دهد. نمی دانم این اهمال کاری تا کجا پیش می رود؟ آیا باید منتظر باشیم تا مشکل فیلم «وینی د پو» برای ما هم تکرار شود؟! بله ما هم تغییر و تکامل و پیشرفت را می خواهیم ولی نه تا این حد. این سبک نوشتاری اگر غیر عمدی و ناآگاهانه و از روی جهل علمی یا بی دقتی و تنبلی باشد، قابل حل و اصلاح است ولی اگر عمدی باشد ، نوعی الیناسیون Alienationیا ازخود بیگانگی فرهنگی محسوب می شود! آیا سبک نوشتاری

ما باید با نسل قبلی قطع رابطه کند؟ چرا و به چه قیمتی؟ ما در این بحث ، حالت غیر عمدی را بنا قرار می دهیم و به دنبال حل و اصلاح آن می باشیم .

تغییرات زبانی

دامنه تغییرات نوین زبانی در سطوح املا ، تلفظ ، لغت و دستور پیش می آیند لذا بهتر است با دید بازتری به دلایل اصولی این تغییرات توجه داشته باشیم و از خطاهای احتمالی جلوگیری کنیم. در ادامه به چند مورد از تغییرات اصولی زبان اشاره می کنیم.

1 .تغییرات املا

املا Spelling یا هجی به معنای نوشتن حرف به حرف یک کلمه به ترتیب درست می باشد. رسم الخط Orthography سیستم املایی و نوشتار استاندارد یک زبان است و به معنای مطالعه و هنر درست نویسی کلمات و ترکیب حروف می باشد (فرامکین، 192). خط شناسی Graphologyبررسی دستخط و تحلیل شکل علائم نوشتاری یک زبان است. دستخط Handwriting نوشتن با مداد یا خودکار است بجای تایپ کردن و نیز به معنای سبک نوشتاری خاص یک فرد می باشد (کریستال، 161).

نکته1 : توجه داشته باشید رسم الخط یک هنر است، آن هم هنر درست نویسی. آیا شایسته است با غلط نویسی ، رسم الخط کردی را جلو ببریم؟

نکته2: زبان کردی دو رسم الخط آرامی و لاتین دارد و به هر دو صورت نوشته می شود مانند « نان و کەوەر.«nan u kewer

۱-۱ .تغییر دهندگان حرفه ای املا

سال 1828 فرهنگ نویس امریکایی نوح وبستر Noah Webster که خود در بطن جامعه بود، املای بعضی از کلمات را تغییر داد) مثل color بجای colour(هادسن، 365) ولی با بیشتر کلمات پیشنهادی وی) مثل giv بجای giveمخالفت شد. این روند مخالفت با روزولت Roosevelt رئیس جمهور سی و دوم امریکا در دهه 1940 و کلمات جدیدش) مثل lite بجای (light نیز

ادامه داشت. از طرف دیگر جرج برنارد شاو George Bernard Shaw منتقد بریتانیایی در 1950 با مثال های کوبنده مثل) ghoti بجای (fishو seaghبجای (chef به رابطه املا و تلفظ کلمات انگلیسی خرده می گرفت (یورکی، 13). اذعان می داریم که جامعه و نهادهای فرهنگی بعضی تغییرات مثبت و مفید را باید قبول کنند ولی با تغییرات مضر که رسم الخط اصلی را خدشه دار می کند، بهتر است مخالفت نمایند، حتی اگر بانی آن، شخص رئیس جمهور باشد مثل روزولت .

بین املای حروف و صداهای حروف الفبا، رابطه « تناظر» و « حرف نویسی» وجود دارد و همچنین « حرف اندازی نوشتاری»، یکی از تغییرات رایج در املای حروف است .

۲-۱ .تناظرIsomorphism

تناظر رابطه یک به یک هر نشانه برای یک آواست. بیشتر زبان ها ویژگی تناظر ندارند، بنابراین املای آنها با تلفظشان برابر نیست. املا و تلفظ انگلیسی به دلایل زیادی با هم تفاوت دارند. بعضی از خطوط زبان ها، کاملاً آوانگار نیستند به همین دلیل نمی توانند صورت دقیق تلفظی زبان را ثبت نمایند (مهری باقری، 80) .خطوط الفبایی از نظر تناظر حروف به چند دسته تقسیم می شوند :

1 .خطی که در آن همه اصوات حتی واکه ها نیز حروف مشخصی دارند مانند خط لاتینی، یونانی و کردی.

2 .خطی که در آن برخی از واکه ها علامتی ندارند مانند خط عربی و فارسی که حروف مشخصی برای واکه های کوتاه (ـَـِـُ) ندارند. (باقری87)

نکته : جالب است بدانید که زبان کردی ، زبانی آوانگار است و حروف بیصدا و صدادار (صامت و همخوان) را در خود الفبا دارد و با ویژگی تناظر، به راحتی همه کلمات را می توان با آن نوشت. پس سعی کنیم از همه حروف الفبای آن به درستی استفاده کنیم. الفبای زبان کردی از 29 حرف بیصدا (ئ ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ک گ ل ڵ م ن و ه ی) و 8 حرف صدادار (ا، ه ، ۆ، و، وو، ێ، یـ ، بزرۆکه) ساخته شده است (سلطانی، 3). البته بعضی هم الفبا را 36 حرف می دانند (ایلخانی زاده، 7) .

۳-۱.حرف نویسیTransliteration

حرف نویسی، نویسه‌گردانی یا تعویض حروف به معنی نوشتن الفبای یک زبان با الفبای زبان دیگر است به نحوی که نوعی تناظر میان حروف زبان اول با حروف زبان دومی برقرار باشد. نویسه گردانی بیشتر برای نام انسان ها، مکان ها، موسسات و اختراعات بکار می رود (کریستال، 395). پس لزوما صورت ملفوظ کلمه نوشته نمی‌شود. در حرف نویسی، املای تاریخی یا شبه تاریخی مراعات می‌شود. برای نمونه کلمه گردن (بدون اعراب) را می‌توان با الفبای لاتین به صورت grdn حرف نویسی کرد. نمونه دیگر کلمه خواهر است که مثلا می‌توان آن را به صورت xvahr حرف نویسی کرد. چنان که دیده می‌شود املای کلمه خواهر املایی تاریخی است و فارسی زبانان امروز «و » را تلفظ نمی‌کنند اما همچنان هنگام حرف‌نویسی « v » که با « و » فارسی متناظر است نوشته می‌شود. حرف نویسی با آوانویسی تفاوت دارد، در آوانویسی صورت ملفوظ کلمه‌ها نوشته می‌شود (ویکی پدیا).

نکته : با الفبای زبان کردی کلمات بیگانه شامل اسم شخص و اسم مکان ها و... را به راحتی می توان حرف نویسی کرد و حتی شکل درست ملفوظ کلمه را نیز می توان با آن نوشت مانند ژاپۆن برای ژاپن.

٤-۱ .حرف اندازی نوشتاریHaplography

حذف حروف یکسان کلمه یا یکبار نوشتن چیزی است که باید دو بار نوشته شود. حرف اندازی یکی از اقسام اشتباهات املایی است که بیشتر مردم دچار آن می شوند مثلا کلمه occurrence را به شکل های ocurrence یا occurenceمی نویسند و یا philogy را برای philology می نویسند. (کریستال، 167)

نکته: در زبان کردی حروف تکراری (مثل تشدید فارسی) وجود دارد و نوشتن هر دو حرف یا یکی از آنها اختیاری است مثل « شللێر یا شلێر .«

۲ .تغییرات تلفظ

در سطح تلفظ با چندین تغییر و خوانش کلمات روبرو می شویم از جمله « حروف ناخوانا» و «حذف هجا» و همچنین « حرف اندازی گفتاری». در ضمن برای نوشتن تلفظ کلمات دو مقوله « آوا نویسی» و « واج نویسی» وجود دارد.

۲-۱ .حروف ناخوانا Silent

زبان فارسی و عربی چندین حرف ناخوانا مثل « و، ا ، ل ، ی» دارند که نوشته می شوند ولی خوانده نمی شوند .

معمولا حرف e در آخر کلمات انگلیسی نوشته می شود ولی خوانده نمی شود مثل lose , wide , bite و به آن e (Silent) Final گفته می شود (ریچاردز، 220). حروف زیادی در انگلیسی نوشته شده ولی خوانده نمی شوند مثل gh در کلمه night و wدر کلمه write و k در کلمه)... know فرامکین، 193 .).

نکته: چون زبان کردی الفبای آوانگار دارد، لذا فاقد حروف ناخواناست و هر کلمه آن طور که خوانده می شود، نوشته هم می شود. یعنی زبان کردی، حروف اضافی و ناخوانا ندارد.

۲-۲ .حذف هجا Elision

حذف هجا یا هجا اندازی به معنی حذف صوت از گفتار است مثلا در کلمه factory /faktri/ صدای (o) حذف شده و یا در کلمه suppose /speUz/ حرف (u) حذف می شود و یا حرف (d) در کلمه friendship حذف می شود (یول، 59) .

حذف هجا در فونولوژی Phonology یکی از فرایندهای واجی Phonemic Processes است که با قاعده کم کوشی Principle of Least Effort یعنی صرف کمترین انرژی در گفتار انجام می گیرد (باقری، 130). به عبارت دیگر از صداهای کمتری استفاده می شود مانند می رم (می روم)، می گم (می گویم)، چه قد (چقدر)، صب کن (صبر کن)، وخ داری (وقت داری)، بشین (بنشین) (پرویز خانلری، 121) .

۲-۳ .حرف اندازی گفتاری Haplology

حرف اندازی در سطح گفتار یعنی حذف یک یا چند صدا در کلمه که مخرج و محل تولید مشابهی دارند مثل /prabli:/ probably و /laɪbrɪ:/ library و February /febri/.

۲-٤. آوانویسی Phonetic Transcription

آوانویسی یا آوانگاری در حوزه فونتیک Phonetics و بررسی صدا به تنهایی است و به معنی بازنمود دیداری صداهای گفتار (یا آواها) است و الفبای آوانگار الفبایی است که در آن برای نشان دادن هر آوا، از یک نویسه خاص استفاده می‌شود و رابطه‌ای یک به یک میان حرف و آوا در آن وجود دارد. املای آوانگاری Phonetic Spelling یک سیستم املایی است که صداها را یک به یک معادل نشانه ها قرار می دهد. زبان انگلیسی املای تلفظی ندارد بلکه بین صداها و نشانه های آن تمایز وجود دارد. سیستم IPA یکی از تلاشها در این زمینه است. الفبای آوانگاری بین‌المللی International Phonetic Alphabetبه اختصار IPA یک سامانه نوشتاری و آوانگاری است که بر پایه الفبای لاتین ساخته شده و برای نشان دادن صداهای ایجاد شده در زبان های گوناگون طراحی شده است. در گزینش نشان برای استفاده در الفبای آوانگاری بین‌المللی از شکل حروف الفبای لاتین یا یونانی و یا شکل تغییریافته‌ای از هر دو استفاده شده است. هدف اصلی در الفبای آوانگاری بین‌المللی جایگزینی هر یک صدای ایجادشده با یک نشان می‌باشد. امروزه الفبای آوانگاری بین‌المللی شامل ۱۰۷ همخوان و ۳۱ واکه می‌شود. ۱۹ نشان دیگر نیز برای نشان دادن کشیدگی، تکیه، نواخت و آهنگ جملات به کار می‌رود. هرکدام از نمادهای الفبای آوانگاری بین‌المللی از دو عنصر اصلی حروف و تفکیک‌کننده ها ساخته شده است. آوانویسه‌ها میان کروشه [...] نشان داده می شوند مانند تاب [thA:b]، دین) .[dhĩn] لدفوگد، 35)

نکته: زبان کردی الفبای آوانگار دارد، لذا فاقد حروف ناخواناست و دارای تناظر یک به یک حروف می باشد .

۲-۵ .واج‌نویسی Phonemic Transcription

واج نویسی در حوزه فونولوژی Phonologyو بررسی یک صدا در داخل کلمه است. واج‌ها کوچک‌ترین واحدهای آوایی مستقلی هستند که به کمک آنها تکواژها ساخته می‌شود (یک یا چند تکواژ تشکیل یک واژه می‌دهند). مثلا کلمه

«ما» از دو واج «م (/m/) «و «ا (/ɒ/) «تشکیل شده است. واج‌نویسه‌ها میان دو خط مورب /.../ می‌آیند مانند تاب /ta:b/ ، دین./dɪn/

۳ .تغییرات لغت

در واژه سازی Word Formation با انواع روش کلمه سازی روبرو می شویم که جامعه زبانی با این اصول موجود، لغات جدیدی را می سازد و بکار می برد. در اینجا فقط به چند نمونه مثل «کوتاه سازی» و « مصغرسازی» بسنده می کنیم.

3-1 .کوتاه سازیShortening

کوتاه ساختن شکل یک کلمه یا عبارت مانند Goodbye بجای God be with you، flu بجای influenza ، bike بجایbicycle ، plane بجای airplane.

۳-۲ .مصغر سازیhypocorism

برای ساختن یک اسم کوچک می توان هر یک از اسامی عام و خاص را به روشی خاص به مصغر تبدیل نمود:

1 .تبدیل کلمه عام به حالت کوچکتر در فارسی با پسوندهای « چه ، ک، و ، ه، ژه، وله» مثل حوضچه ، مردک، پسرو، دخترە، نایژه، زنگوله ساخته می شود. در انگلیسی با پسوندهای ling, let کلمه درست می شود مانند duckling جوجه اردک، booklet کتابچه، droplet ریز قطره، kinglet پادشاه کوچک، piglet خوکچه .

نکته: در زبان کردی پسوند «که» برای اسم مصغر بکار می رود مثل قاپووچکه ، جوچکه ، ئاگرۆچکه ، بارۆکه ، بەفرەلّووکه، مەڕۆکه.

2 .یک اسم خاص بعلت علاقه و دوست داشتن به شکل کوتاه تبدیل می شود مانند اسامی انگلیسی Tom (Thomas), Dick (Richard), Sue (Susan), Pat (Patrick), Beth (Elizabeth), Benny (Benjamin), Charlie (Charles), Bill (William), Rob (Robert), Ed (Edward), Ted (Theodore) .

نکته: در کردی نیز اسامی خاص کوتاه می شوند مثل محمد (حەمە) ، محمدامین (مینه) ، یوسف (وسو) ، قادر (قالە) ، کمال (کامی) ، گلالە (گوڵی) ، هلاله (هەڵوو) ، حنیف (حەنە) ، فاطم (فاتێ) ، زینب (زێنێ) .

٤ .تغییرات دستور

تغییرات در سطح فعل و جمله به انحای مختلف ایجاد می شود. یکی از معمول ترین تغییرات « مخفف» است و دیگری « حذف به قرینه» است و هر یک از این تغییرات بنا به اصول مربوطه مانند « اصل اقتصادی» و « کمینه گرایی» حاصل می شوند .

٤-١ .مخففContraction

مخفف کوتاه کردن یک صورت زبانی در ترکیب با صورت دیگر است مانند I'm امی شود am ، I'll امی شود shall ، didn't. امی شود did not

٤-٢ .حذف به قرینه Ellipsis

حذف کلمه هایی از جمله ها به واسطه ارجاع یا ذکر قبلی مثل حذف فعل و فاعل در دو جمله همپایه. مثلا حذف فاعل he در جمله

The man went to the door and (he) opened it. .

٤-٣ .اصل اقتصادیEconomy Principle

اقتصاد به معنای صرفه جویی و کمتر استفاده کردن است لذا می توان جمله را با حروف و کلمات کمتر بیان نمود. در کل به معنی نمایش نحوی با حداقل سازه ها و کمترین تعداد عملیات دستوری است (ریچاردز، 198).

٤-٤ .رویکرد کمینه گراییMinimalist Approach

بنا به نظر چامسکی 1995 دستورها باید از حداقل ابزارهای نظری لازم برای کسب ویژگی های زبانی استفاده نمود و بار یادگیری گرامر را بر دوش کودکان سبک نمود (ریچاردز، 366) .

٥ .خطاها

مردم در عین استفاده از زبان در سطح نوشتاری و گفتاری دچار « خطا» یا « اشتباه» می شوند. تا به امروز اکثر این خطاها تحلیل و دسته بندی شده و « سنگینی» و اهمیت آنها بیان شده است. کاربر زبان حتی الامکان باید از

خطاهای عمدی جلوگیری کند و با مطالعه « تحلیل خطاها » و « خطاهای بین زبانی» خود را از خطاهای غیر عمدی نیز به دور دارد.

۵-۱ .خطا و اشتباه Error & Mistake

خطا Error در گفتار و نوشتار با زبان دوم ، کاربرد یکی از واحدهای زبانی به شکلی است که گوینده بومی ، آن را دارای غلط یا نقص یادگیری و یا اطلاعات ناقص بداند. ولی اشتباه Mistake در نوشتن یا صحبت کردن، حاصل عوامل کنشی Performance Factors مثل بی توجهی ، بی دقتی، خستگی ، هیجان، عصبانیت،... می باشد (ریچاردز، 201) .

۵-۲ .خطای میان زبانی Intralingual Error

خطای بین زبانی Interlingual Errorناشی از انتقال زبان Language Transferاست یعنی زبان بومی فراگیر، علت آن خطاست مثلا ترتیب کلمات در جمله فارسی و انگلیسی و ... . ولی خطای میان زبانی Intralingual Error ناشی از یادگیری ناقص یا غلط زبان هدف است مانند خطای شکل نادرست فعل در زمان های مختلف (ریچاردز، 294) .

۵-۳ .سنگینی خطاError Gravity

سنگینی خطا میزان تاثیر خطاهای گویندگان زبان دوم یا زبان خارجی بر امر ارتباط یا بر دیگر سخنگویان آن زبان است. مقدار سنگینی خطا در خطای نحوی Syntactic Error، خطای واژگانی Lexical Error ، خطای واجی Phonological Error، خطای تفسیری Interpretative Error و خطای کاربردیPragmatic Error با هم تفاوت دارند. بعضی خطاها تاثیر کمی دارند، بعضی سبب آزردگی خاطر و خشم می شوند و بعضی نیز سبب دشواری ارتباط و بدفهمی می شوند (ریچاردز، 202) .

۵-٤ .خطای ساده سازی Simplification Error

ساده سازی یکی از خطاهای زبانی است که فراگیر با تولید قوانین ساده تر از زبان مقصد دچار می شود و یکی از علل آن تعمیم افراطی Overgeneralizationاست مثلا شکل گذشته فعل های , breaked standedکه طبق قانون اصلی افزودن (ed) ساخته شده اند (ریچاردز، 529) .

نکته: در واقع بیشتر مردم کرد زبان در نوشتار جدید، دچار اشتباه Mistakeمی شوند یعنی بعلت بی توجهی ، بی دقتی، خستگی، هیجان، عصبانیت و ... از سیستم نوشتاری فاردی استفاده می کنند و یا اینکه برای

ساده سازی Simplification نوشتار ، از این حالت نوشتاری استفاده می کنند. در ضمن تعداد اندکی از مردم کرد زبان نیز بدلیل خطای میان زبانی و عدم یادگیری درست الفبای کردی دچار فاردی نوشتن می شوند. در نهایت این گونه خطاهای نوشتاری باعث آزردگی خاطر و یا بدفهمی می شوند.

آخرین کلام

« فاردی» نوشتن، نوشتن زبان کردی به سبک زبان فارسی است. این سبک نوشتاری اگر غیر عمدی و ناآگاهانه و از روی جهل علمی یا بی دقتی و تنبلی و بی توجهی باشد، قابل حل و اصلاح است ولی اگر عمدی باشد ، نوعی « الیناسیون» یا ازخود بیگانگی فرهنگی محسوب می شود. این زبان در سطوح املا، تلفظ ، لغت و دستور تابع قوانین خاصی است و محدوده تغییرات آن قابل پیش بینی است. زبان کردی در سطح تلفظ ، حرف ناخوانا ندارد و حذف حرف و هجا نیز خیلی کم رخ می دهد. در سطح لغت، کوتاه سازی نداریم و فقط مصغرسازی آزاد است. در سطح دستور و جمله نیز تغییرات و حذفیات قابل ذکری ندارد. زبان کردی در سطح املا، رسم الخط خوبی دارد و قواعدی برای درست نویسی دارد. با این زبان آوانگار، همه کلمات را می توان به راحتی نوشت لذا حرف اندازی ندارد. در ضمن اصلاح گرایان و تغییر دهندگان حرفه ای املا و یا نهادی مثل فرهنگستان برای زبان کردی هنوز تعریف نشده است؛ پس تغییرات جدیدی هم در املا وضع نشده است. در پایان چند توصیه به همزبان های خود دارم:

1 .اگر مشکل تنبلی ، عجله و بی دقتی داریم، بجای کردی نوشتن ، کلا فارسی بنویسیم .

2 .اگر در نوشتن الفبای کردی مشکل داریم ، توصیه می شود که الفبای کردی را هر چه زودتر و بهتر یاد بگیریم و تمرین کنیم تا دیگر غلط ننویسیم. کار خود را می توانید با مطالعه کتاب هایی مثل «ڕێنووسی کوردی» نوشته آقایان رحیم سلطانی و مصطفی ایلخانی زاده و... شروع کنید .

3 .عاجزانه از عموم مردم ، سخنوران و کاربران این زبان نیز استدعا داریم که تا حد ممکن به این تغییرات ناشایست و غیر علمی و تولید کلمات ناهنجار و ناپسند، پایان دهند و بیشتر از این، با ندانم کاری خود، تیشه به ریشه این زبان نزنند .

منابع

1.ایلخانی زاده، مصطفی (1388). ڕێنووسی کوردی به ئەلف و بێی لاتینی. تهران: آنا

2.باقری، مهری (1385). مقدمات زبان شناسی (چاپ نهم). تهران: قطره

3.خانلری، پرویز (1348). تاریخ زبان فارسی. در 3 جلد.

4.سلطانی، رحیم (1382). ڕێنووسی کوردی : آموزش خواندن و نوشتن زبان کردی با الفبای عربی. مهاباد: سوما (مولف)

5.Crystal, David. (2008), A Dictionary of Linguistics and Phonetics (6th ed). Oxford: Blackwell.

6.Fromkin, Victoria. Rodman, Robert. Hyams, Nina. (2014), An Introduction to Language (10th ed). Boston: Wadsworth Cengage Learning. P,193

7.Hudson, Grover. (2000), Essential Introductory Linguistics. Massachusetts: Blackwell. p,379

8.Ladefoged, Peter and Johnson, Keith (2015), A Course in Phonetics (7th ed). USA: Cengage Learning. p35

9.Richards, Jack C. and Schmidt R. (2010), Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics (4th ed). Harlow: Pearson Education.

10. Yorkey, Richard C. (1998) Study Skills: for Students of English as a Second Language. New York: Mc Graw-Hill. P,13

11. Yule, George. (1996), The Study of Language (2nd ed). Cambridge: Cambridge University Press. P,59

12. https://fa.wikipedia.org/wiki/حرف_نویسی

*کارشناس ارشد آموزش زبان انگلیسی (مهاباد).

جەژنەوالّەی خەلّاتی قەڵەمی هەژار

فەرەیدوون سامان-سنە

لەڕۆژانی ٢٨و ٢٩ی ئایاری ٢٠٢٥، ناوەندی تویژینەوەی کوردستانناسیی زانکۆی کوردستان لەشاری سنەی ڕۆژهەلّاتی کوردستاندا، یەکەم خولی خەلّاتی 'قەڵەمی هەژار'ی بۆ نووسین و ئەدەبی کوردی ڕێکخست. ڕێوڕەسمی دابەشکردنی خەلّاتەکە لەهۆڵی کۆنفرانسەکانی زانکۆی کوردستان، بە ئامادەبوونی دەستەبژێرێک لە ڕووناکبیرانی هەر چوارپارچەی کوردستان بەڕێوەچوو، تێیدا چەندان مامۆستای زانکۆ، زمانناس، ڕۆژنامەنووس، شاعیر و ڕۆمانnووس و ڕووناکبیری کورد لە هەرێمە جیاوازەکانی کوردستان بەشداربوون و دواتریش ژمارەیەک نووسەر لەپای ئەفراندن و خزمەتیان لە بواری فەرهەنگ و کەلتووری کوردیدا خەلّاتکران.

براوەکانی جەژنەوالّەی خەلّاتی 'قەلّەمی هەژار' ڕاگەیێندران کە تایبەت بوون بە نووسین، وەرگێڕان و لێکۆلّینەوە لەم بوارانەدا:

-ئەدەبی کوردی (ڕۆمان، کۆچیرۆک، شیعر، ئەدەبی منداڵان و مێرمنداڵان، شانۆنامە).

-تۆێژینەوەی زمانناسیی و وێژەیی (فۆلکلۆر، فەرهەنگنووسی، تۆێژینەوەی زمانناسیی (تیۆری، پراکتیکی، زاراوەناسیی)، تۆێژینەوەی بەراوردکارانەی ئەدەبی-زمانناسیی، بەجەختکردنەوە لەسەر کارلێکی زمانی کوردی و فارسی و زمانەکانی دیکەی ئێرانی و بیانی.

-بواره هاوبەشەکان ئایینی و عیرفانی، مێژوویی و کەلتووریی و کۆمەلّایەتی، هونەری، یاسایی و سیاسی و ئابووری، پەرەوەردە و ڕەگەز و میدیا.

دوای هەلّسەنگاندن و پێداچوونەوە لە لایەن لێژنەیەکی پسپۆری تایبەتەوە، ئەو بەرهەمانەی کە لە ئاستێکی شیاودا بوون، خەلّاتکران:

-(ڕۆمان: جەبار جەمال غەریب. مێژوو: د.ئیسماعیل شەمس. فەلسەفە: محەممەد کەمال).

-ڕەخنەی ئەدەبی و شێوازناسی: عەبدولڕەحمان ئاکداب. فەرهەنگنووسیی: سەلاح پایانیانی. کۆمەلّناسی: د.عەلی ڕەحمەتی).

هەروەها خەلّاتی ڕێزگرتن پێشکەشی ئەم کەسایەتییانەش کران:

-تۆێژینەوەی وێژەیی(شنەی وای شەماڵ، عەلیڕەزا خانی و بێهناز دلّشاد).

-ساخکردنەوەی دەق(گنجینه متون ادبی زاگروس ـ سەید ئارمان حسێنی).

-فۆلکلۆر بە هاوبەشی (ڕاسی ناوچەی لەیلاخ ـ ئیبراهیم ئەحمەدی، افسانەهای دیار ما ـ کوروش ئەمینی).

-سینەما (هویت فرهنگی و سینمای کرد ـ خوسرەو سینا).

-لێکدانەوەی سیاسی و کۆمەلّایەتی (حەوتەوانه ـ سەلاحەدین خەدیو).

-شیعر(زامستان و پشکۆی هاوار - ڕەحیم لوقمانی، دەسنوێژی شیعر- حەمەسەعید نەجاڕی (ئاسۆ)- بە هاوبەشی.

-شیعر(مینا ماڵ ـ عەلیڕەزا سپاهی لایین، سوێند بە فوڕات ـ یوونس ڕەزایی- بە هاوبەشی. (ڕۆژی دواتر خەلّاتەکەی ڕەتکردەوە).

-شیعر(ئافراندن - عەلی ئۆلفەتی-شێعریۆوەنا پەڕ جە شاری - رەئووف مەحموودپوور) بە هاوبەشی.
-شیعر(چەمێ بارانێ - بەرکەن بەرە - خەڵاتی سەربەخۆ)
-مێژووی هونەر(تاریخ هنر کردستان - میکایل رەحمانی).
-فەرهەنگنووسی(فەرهەنگی ڕووەکناسیی کوردستان ئیرەج مورادی).
-ئایینی و عیرفانی (ڕاڤەی مەسنەویی مەولەوی - فەخرەدین ئامێدیان).
-مێژوو(کۆی بەرهەمەکان - د.کەیوان ئازاد ئەنوەر).
-رۆمان (سەردەمی تەنیاییەکان - ئەسعەد زۆهرایی).
-شرۆڤەی رۆمان (بنەماگەلی ئەدەبی چیرۆک - زەکەریا بزدووده).
-وەرگێڕان(شهر نوازندگان سفید - رەزا کەریم مۆجاوێر).
-کۆی بەرهەمی وەرگێڕدراو - عەبدوڵڵا ئەمینی
-دیرۆکا وێژەیا کوردی (حەوت بەرگ) - ئیبراهیم شادمان، سەرگوڵ ئارەش، میراد میلان، رۆنیا چالی و بەسام مستەفا
-وەرگێڕانی منداڵان (نەقڵەکانی من و بابم - زاهید ئارمی، ماسی کۆلکەزێڕینە - لەیلا سالحی).
-ئەدەبی منداڵان (کۆی بەرهەمەکان - شیلان گەیلانی).
-کۆی بەرهەمەکان - سەمیرا زەمانی مونفەرد
-کۆی بەرهەمەکان - یەحیا عەلەوی فەرد
-کۆی بەرهەمەکان - فەردین راژین

هەر لەو بۆنەیەدا د.یادگار کەریمی، سکرتێری ڕێوڕەسمی دابەشکردنی خەڵاتی قەڵەمی هەژار ڕایگەیاند، ٩٤١ بەرهەم بۆ سکرتاریەتی ڕێوڕەسمی دابەشکردنی خەڵاتەکان نێردرابوون و لیژنەی دادوەران ٦ بەرهەمیان هەڵبژارد بۆ پێدانی خەڵاتی تایبەت و ٣٢بەرهەمیش بۆ ڕێزلێنان . ٨٤ کەس ئەندامی لیژنەی دادوەران بوون لە نێوخۆ و دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

بە وتەی بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمەکە یەکەمجارە خەڵاتی قەڵەمی هەژار دابەش دەکرێت، گەورەترین خەڵاتی جیهانیی تایبەت بە کتێبی کوردییە. لە ڕێوڕەسمی دابەشکردنی خەڵاتەکەدا، ژمارەیەک لە نووسەران و وەرگێڕانی هەر چوارپارچەی کوردستان و لە دیاسپۆرا بەشدار بوون.

یەکێک لە دیارترین کەسایەتییەکان کە ئامادەبوو، هونەرمەندی نێوداری کورد شارامی نازری بوو، کە چەند گۆرانییەکی کوردی پێشکەشکرد و دیارترینیان گۆرانیی "کوردستان گەر تۆ نەبی" بوو.

سەلاحەددین ئاشتی، ئەندامی بەڕێوەبردنی ئەنجومەنی باڵای خەڵاتی قەڵەمی هەژار لە کاتی پێشکەشکردنی وتەیەکدا ئاماژەی بەوەکرد:

هەڵپەسێاردنی بڕگەی دووهەمی بەندی ١٥ی قانوونی بنەڕەتیی ئێران، کە خوێندن بە هەموو زمانەکان لە قوتابخانەدا بە ڕێپێدراو دەزانێ، ناهەقییەکی ئاشکرایە و بەرەو تێوبڕکردنی زمانەکانی دیکە پەل دەکوتێ. ئەگەر حکوومەتی ئێران ڕێز بۆ نەتەوەی کورد دادەنێ لە هەر چوارپارچەی کوردستان و سەرانسەری دنیادا و پێی وایە نابێ پشتیان چۆل بکرێت، فەرموون لە هەموو بوارەکاندا هەنگاوی گران و سەنگین هەڵێنەوە و سەرەتا لە ڕێگەپێدانی خوێندنی قوتابخانەوە دەست پێ بکەن. پێم خۆشە بە ڕوونی بڵێم لەم جەژنەوالّەی خەڵاتی قەڵەمەدا ئێستا خەڵکی هەر چوارپارچەی کوردستان چاودێر و چاوڕوانن بزانن ئەم هەڵوێستە تازەی ئێران تا کوێ بڕ دەکات. بێتوو مرۆڤی کورد بزانێ بابەتەکە ڕووکەش و تاکتیکە، نەک هەر ئەوەندەی دیکەش تووشی بێمتمانەیی دەبێ، بەڵکوو هەڵوێستەکانی تۆختر دەبن. لەڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هاوسەنگیی تای تەرازووی پێکەوەژیانی هێمنانە سەرەتا دەبێ لە حکوومەتەوە دەست پێ بکا و دەرگای گومان و بێمتمانەیی هەڵتەکێنێ، ئەوجا خەڵک بێنە مەیدان و زانست و زانین بکەنە پێوەر و لە کەش و هەوای نادڵخواز دەرباز بن. ئەم هەلەی ڕەخساوە، هیوادارین گۆڕانێکی بنەڕەتیی لێ وەدی بێ، کە سەرتاپای ژیان بگرێتەوە و هەر لە یەک بازنەدا نەمێنێتەوە. خەڵاتی قەڵەمی هەژار ئاکامی خەباتی دەیان ساڵەی ئەو کەسانەیە بێوچان نەسرەوتوون و تەمەن و ژیانی خۆیان بەخت کردووە و کەند و کۆسپ هەنگاوی پێ شل نەکردوون.

دواتر گوتی: کورد وەک نەتەوەیەکی مێژوویی سەری لە نێوسەراندا دیارە و لام وایە حکومەتی ئێران تا ئەندازەیەک هەستی بەم پرسە کردووە و بە ئاواتەوەم لەم شێوەکارانە بەردەوام بێ و بوونی پرسی کورد تەنیا لە چوارچێوەی شارێک و پارێزگایەک و بابەتی فەرهەنگیدا نەبینێ.

خەڵاتی قەڵەمی هەژار و چەند سرنجێک:

وێڕای دەسخۆشی و دەربڕینی خۆشحاڵی ئامادەبووان لەو جەژنەواڵەیە، بەڵام چەند دەنگێکی ناڕازی هەبوون وەک نووسەرانی پارێزگایەکانی ئیلام و لورستان کە بەداخەوە بانگهێشتی ئەو جەژنەواڵەیە نەکرابوون و لەکاتی پێشکەشکردنی بەرنامەکانیش زاری کەڵەوری پەراوێزخرابوو، زۆریەنەی بابەتەکان بە زارەکانی کورمانجی و هەورامی و سۆرانی پێشکەش دەکران، هەروەها بەشێک لە نووسەران دوای وەرگرتنی خەڵاتەکانیان بۆ ڕۆژی دواتر لەبەردەم میدیاکاندا خەڵاتەکانیان ڕەتکردەوە، د.محەمەد یەعقوبی مامۆستای زانکۆ لەو بوارەدا دەڵێت: دوو لەو هۆکارانەی کە نووسەرێک نەمر دەکەنەوە دوو ئەمری جەوهەرین: یەکەم زانایی بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، دووەم: پێوەندی قەڵەمی نووسەر بە داخوازی و پێویستییەکانی نەتەوەی خۆی و زمان و کەلتوور و چاند و ئەدەبیی میللەتەکەیەوە. لە بەشی یەکەمدا چەندە نووسەر مرۆڤێکی جیدی بێت و ئاستی زانستەکانی قوولْ و پان و بەرین کاتەوە، هێشتا کەمەو دەبێت بتوانێت لە نێوان زانستەکانیدا پێوەندییەکی نەپچڕاوە ساز بکات، دیارە ئەو پێوەندییانە وەک بەنی تەسبێحک گشت زانستەکانی پێکەوە گرێدەدات و هەرکات خوێنەر نووسراوەکانی دەخوێنێتەوە هۆکاری بەرهەم هاتنی ئەو نووسراوانە بە شێوەیەکی ماکی دەرک پێدەکات و چەشنێک هاودڵی لە گەڵدا سازدەبێت، یەک لەو کەسایەتییە مەزنانە کە ئەم دیاردە زانستییانە لە نووسینەکانی بە شێوەیەکی بەرفەراوان بە دی دەکرێن کەسایەتی مامۆستا هەژارە. هەژار ئەو کاتانەی لە خانەقا و حوجرەکانی مەهاباد و بۆکاندا فێری خوێندن و دەرس و وانە بوو لە قوولْترین ئاستیدا ئەدەب و زمانی عەرەبی و فارسی و کوردی بە باشی فێر بوو، کە دەبینین تواناو بەهرەی تاکەکەسی خۆی و ڕەنجە بەردەوامەکانی لە خوێندن و موتالیعەکردنی بەردەوامی تەنانەت ئەوکاتانەی بە نەخۆشینی سیلەوە لە نەخۆشخانەیە و تا مردنی چەند هەنگاوێکی نەماوە بە خوێندنی کتێبە ڕەخنەیی و ئەدەبییە عەرەبییەکانەوە خۆی سەرقاڵ دەکات و تا ئەوپەڕی لێهاتوویی بەهرەی خۆی لە زمان و ئەدەبدا فراوانتر و قوولْتر دەکات و دوایی هەر ئەو بەهرانەی لەو خوێندانە دەیگرێت لە بەشی زمان و ئەدەبی کوردیدا بە خزمەتی دەگرێت و یارمەتیدەری دەبێت تا بتوانێت

ئەوشاکارانە لە زمانە زگماکییەکەی خۆیدا بخوولقێنێت. هەژار بە باشی زمان و ئەدەبی بە گشتی و زمان و ئەدەبی کوردی بە تایبەت خوێندووەو بۆیە بەهرە و سەمەرەی قەڵەمی تا ئەوکاتەی کوردێک مابێت و بۆ کورد بوونی خۆی حورمەت دابنێت ڕێنوێن و چرایەکی نەکوژراوەیە و دڵ و دیدەو دەروونی ڕوون دەکات زمانی بۆ نووسین و خوێندنی کوردی پاڕاو دەکاتەوە. دووهەم هۆکاری پێگەی هەژارە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێوەندییەی ئەو لەگەڵ نەتەوەی خۆی هەیبووە و هەیەتی. ئەو کەسەی تەواوی چالاکییەکانی بە میللەتەکەی خۆی دەبەستێتەوەو هەموو تەقالایەکی لەپێناو بەختەوەری و دەوڵەمەندی هزر و کەلتووری نەتەوەکەی خۆیەتی و هەرچی ئەزموونی کردووەو هەرچی خوێندووە لە پێناوە سەرفرازی میللەتەکەی خۆی بە گەڕی دەخات و هەژاری و بێکەسی و بێدەنگی نێوخۆدەوڵەتی نەتەوەکەی نەبووەتە هۆکاری ئەوەی هەژار پشت لە نەتەوەی خۆی بکات و بڕوات وەک نموونە لە زمانی عەرەبی و بە زمانی عەرەبی خزمەت بکات و نەتەوە بندەستەکەی خۆی فەرامۆش بکات، لە بەرئەوەی هەژار توانای ئەوەی هەبوو لەڕێگای زمانی عەرەبییەوە بۆ کەسایەتی خۆی بە تەنیا سەدان کاری گەورە بکات، بەڵام ئەو کارەی نەکرد و تەواوی هێز و توانای خۆی خستە خزمەت نەتەوەی خۆیەوەو بە دەیان بەرهەمی تاهەتایی بۆ زمان و کەلتووری خۆی نووسی و بە دیهێنا. ئێستا ئەوەیە دەبینین لە بەرامەی تێکۆشانە سەختەکانی هەژاری نەمرە ئەو دۆخە لەبارە دەڕەخسێت، تا سەدان لاو و بەسااڵداچووی کورد بێن و پێکەوە کۆببنەوەو بەرهەمەکانیان لە سەر پێوەر و تەرازووی ئەو دابنێن و بە سەدان نووسەر و لێکۆڵەر ئەو بەرهەمانە پێوانە بکەن و لە تەرازووی ڕەخنەیان بنێن و باشترین و تێکۆشەرترینەکان هەڵبژێرن و ڕووداوێکی مێژوویی لێ سازبکەن، کە لە زۆر وڵاتدا دەنگدانەوەی خۆی هەبێت و کارتێکەری و کاریگەرییەتی ئەرێنی لە دەروونی خەڵکیدا هەبێت و بەوپەڕی شانازییەوە هەزاران کەس لێی کۆببنەوەو لێی بدوێن و بە سەدان لاو خۆیان بۆ سااڵنی داهاتوو ئامادە دەکەن تا نووسینی جیدی بخولقێنن، بەشکوو لە بەرەی ئەوکەسانە بن کە ئەو خەڵاتە دەبەنەوە. ئەو خەڵاتە کەمتر مایەی مااڵی هەیە و زۆرتر ئیعتیباری مەعنەوی هەیە، بۆیە کەسەکان وەک شانازی چاوی لێدەکەن. ئەو خەڵاتە دەتوانێت هۆکارێک بێت

نووسەری کورد تێکۆشانەکانیان لە سەر بابەت و مژارە کوردییەکان چڕ بکەنەوەو کەلێنەکان پڕ بکەنەوەو بەرەو داهاتوو و ئاسۆیەکی ڕوونتر هەنگاو هەڵبنێن. ئەو خەڵاتانە بۆ زمان و ئەدەب و فەرهەنگ و کەلتووری کوردییە و دەبێت لەو ئاراستەیەدا باسی لێبکرێت و لە بە ناوچەیی کردنی دووری بکرێت. لە هەموو خەڵکی کورد پیرۆزە و لەو کەسانەیش براوەی خەڵاتەکانن سەدان جار پیرۆزتر بێت.

هەر لە پەراوێزی جەژنەوالّەی خەڵاتی هەژار میوانەکان سەردانی چەندان شوێنەواری دێرینی شاری سنەی پایتەختی میرنشینی ئەردەڵانیان کرد، لەوانەش عیمارەتی ئاسەف و مەسجدی جامع و مالّی کوردەواری، مۆنۆمینتی ئەنفال کە لەلایەن هونەرمەندی گەورەی کورد پەیکەرساز هادی زیائەددینی لە بەرزایی هەواری ئاویدەر دانرابوو.